# ڕەخنەی ئایرۆنی

**لەشیعری نوێی کوردیدا**

١٩٧٠-١٩٢٥

# ڕەخنەی ئایرۆنی

## لەشیعری نوێی کوردیدا

## ١٩٢٥-١٩٧٠

د.ئەحمەد قەرەنی

هەولێر-٢٠١٢

* ناوی کتێب: ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا ١٩٢٥ـ ١٩٧٠

* نووسەر: د. ئەحمەد قەرەنی

* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .

* نەخشەسازی: عیسام موحسین.

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (١٥٦).

* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

* تیراژ: ٥٠٠ دانە.

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٣٤٧ )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

پێشکەشە بە :

گیانی پاکی خوالێخۆشبووی دایکم

## نیشانە کورتکراوەکان

**بە کوردی**

ئا : ئامادەکردن

ئەس : ئەستوون

ب : بەش

بر : بەرگ

ب.م : بێ مێژوو

ب.ش : بێ شوێن

پ : پەرەگراف

پەر: پەراوێز

پەن: پەند

چ : چاپ

دێش : دێڕەشیعر

ڕ: ڕۆژنامە

ز: زایینی

ژ: ژمارە

ك : كۆچی

كۆ: كۆپلە

گ : گۆڤار

ل : لاپەڕە

س : ساڵ

و : وەرگێڕان

**بە عەرەبی**

ت : ترجمة

ج : جزء

د. ت : دون تأريخ

د. م : دون مكان الطبع

ع : عدد

عم : عمود

ص : صفحة

ف : فقرة

ط : طبعة

هـ : هامش

هج : هجري

م : ميلادي

مج : مجلد

**بە ئینگلیزی**

Ed. : Edition
P. : Page
Par. : Paragraph
Vol. :Volume
Ver.: Verse

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | ١٣ |
| **دەروازە:** زاراوەو چەمکی ئایرۆنی | ١٧ |
| زاراوەی ئایرۆنی | ٢١ |
| چەمکی ئایرۆنی | ٢٦ |
| پێگەی ئایرۆنی لە ئەدەبی کوردیدا | ٢٩ |
| **بەشی یەکەم:** مێژووو توخم و تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنی | ٣٧ |
| **باسی یەکەم:** مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی ئایرۆنی | ٣٩ |
| **تەوەری یەکەم:** لایەنی فەلسەفی | ٤٠ |
| **تەوەری دووەم:** لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی | ٤٨ |
| **باسی دووەم:** توخم و تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنی | ٥٩ |
| **تەوەری یەکەم:** توخمەکانی ئایرۆنی | ٥٩ |
| **تەوەری دووەم:** تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنی | ٧١ |
| یەکەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و ساتیر | ٧١ |
| دووەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و پارادۆکس | ٧٥ |
| سێیەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و نوکتە | ٨٠ |
| چوارەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و فانتازیا | ٨٦ |
| پێنجەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و سارکازم | ٩٠ |
| **باسی سێیەم:** ڕۆڵی ئایرۆنی لە بنیاتی شیعری نوێی کوردیدا | ٩٥ |
| یەکەم: ئایرۆنی وشەیی | ١٠٢ |
| دووەم: ئایرۆنی سوقراتی | ١٠٩ |
| سێیەم: ئایرۆنی ڕۆمانسی | ١١٩ |

چوارەم: ئایرۆنی بارودۆخ ........................... ١٢٣
پێنجەم: ئایرۆنی دراماتیك ............................ ١٣٦
شەشەم: ئایرۆنی تراژیك ...............................١٢٩
حەوتەم: ئایرۆنی كۆمیك ...............................١٣٢
هەشتەم: ئایرۆنی بنیاتی .............................. ١٣٣
نۆیەم: ئایرۆنی جیهانی .............................. ١٣٥
دەیەم: ئایرۆنی چارەنووس .............................١٣٨
یازدەیەم: ئایرۆنی لەوچوون ........................... ١٤٠

**بەشی دووەم**: بوارەكانی ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی كوردیدا.................. ١٤٥
**باسی یەكەم:** ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری هزردا.................................... ١٤٧
**تەوەری یەكەم:** هۆكارەكانی دروستبوونی ڕەخنەی ئایرۆنی............. ١٤٧
**تەوەری دووەم:** ڕەخنەی ئایرۆنی لە بواری سیاسەتدا.............. ١٥٢
**تەوەری سێیەم:** ڕەخنەی ئایرۆنی لە زەمان ........................... ١٧٩
**تەوەری چوارەم:** ڕەخنەی ئایرۆنی لە (بوون) ............................ ١٨٦
**باسی دووەم:** ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری كۆمەڵایەتیدا ...........................١٩٣
**تەوەری یەكەم:** لە بواری جیاوازی چینایەتیدا ..........................١٩٦
**تەوەری دووەم:** لە بواری گەندەڵی سیستەمی كۆمەڵایەتیدا ........... ٢٠٢
**تەوەری سێیەم:** لە بواری كێشەكانی ئافرەتدا ..........................٢١٤
**تەوەری چوارەم:** لەبواری پشتگوێ خستنی مافی منداڵدا..............٢٢١
**تەوەری پێنجەم:** لە بواری هەندێك نەخۆشییە كۆمەڵایەتییەكاندا.........٢٢٥
**باسی سێیەم:** ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری ڕەوشت و خەوشە دەروونییەكاندا..........٢٣٤
**تەوەری یەكەم:** لە بواری ڕەوشتی شێخ و كۆلكە مەلایان...............٢٣٤
**تەوەری دووەم:** لە بواری ڕەفتاری قەرزداران.............................٢٤٤
**تەوەری سێیەم:** لە بواری هەندێك خەوشە دەروونی و...................٢٥٢

**لێکدانەوەی بوارەکانی ڕەخنەی ئایرۆنی** ........................................ ٢٥٦
**بەشی سێیەم: تەکنیکەکانی ئایرۆنی و جێبەجێ کردنیان و**........................ ٢٥٩
**باسی یەکەم:** تەکنیکەکانی ئایرۆنی ........................................ ٢٦١
**تەوەری یەکەم:** ڕۆنانی تەکنیکی ئایرۆنی ........................................ ٢٦١
**تەوەری دووەم:** تەکنیکی پرسیارکردن ........................................ ٢٦٧
**تەوەری سێیەم:** تەکنیکی قوفڵی قەسیدە ........................................ ٢٩٢
**تەوەری چوارەم:** تەکنیکی وێنەی هونەری ........................................ ٣١٢
**تەوەری پێنجەم:** تەکنیکی دەقئاوێزان ........................................ ٣٢٤
**تەوەری شەشەم:** تەکنیکی ڕیتم ........................................ ٣٣٩
**باسی دووەم:** پراکتیزەکردنی تەکنیکەکانی ئایرۆنی ........................................ ٣٤٤
**تەوەری یەکەم:** تەکنیکی ئایرۆنی قەسیدە ........................................ ٣٤٥
**تەوەری دووەم:** تەکنیکی قەسیدەی ئایرۆنی ........................................ ٣٥٥
**تەوەری سێیەم:** تەکنیکی کورتە شیعری ئایرۆنی ئامێز ........................................ ٣٧٠
**تەوەری چوارەم:** ڕۆڵی ئاماری ئەدەبی لە........................................ ٣٨٠
**ئەنجام** ........................................ ٣٨٧
**سەرچاوەکان** ........................................ ٣٨٩
**پاشکۆ** ........................................ ٤٠٧
**في هذا الكتاب**........................................ ٤١٣
Abaut This Book ........................................ ٤١٥

# پێشەکی

لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئایرۆنی وەکو ئامرازێکی شێوازگەرایی کاریگەر ڕۆڵێکی جوانکاری - هۆشیارکەرەوەی لە نێو بەرهەمەکانی شاعیرانی کورددا بینیوە، بە تایبەتی لە ساڵانی (١٩٢٥–١٩٧٠) دا، کە ببووە کرۆکی شیعری نوێی کوردی، بەڵام لە ڕووی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە، ئایرۆنی چەمکێکی نوێیە و هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە لە دووتوێی کتێبێکدا لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵکو لە پاڵ هونەرەکانی دیکەی ئەدەبییەوە لێرە و لەوێ بە کورتی باس دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم چەمکە بە تەواوەتی پشتگوێ خراوەو لە نێو بابەتە ڕەخنەیی و شێوازگەراییەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگیر نەبووەو بە شێوەیەکی زانستی شی نەکراوەتەوە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر چەمك و تەکنیکەکانی ئایرۆنی و هۆی پەیدابوون و گەشەکردنی ڕوون بکرێتەوە.

سنووری لێکۆلینەوەکە لە ڕووی مێژووییەوە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٥–١٩٧٠) دەگرێتەوە، کەواتە بە چەند ساڵێك لەدوای سەرەتای قۆناغی شیعری نوێی کوردی دەستپێدەکات و تا پەیدابوونی (گرووپی ڕوانگە) بەردەوام دەبێت، ئەگەر لە سەرەتاوەش نموونەی ڕەخنەی ئایرۆنی هەبووبن ئەوە نیشانەی ڕێخۆشکردنەوە بوونە بۆ ئەوەی لەم دەستپێکردنەدا ئەم جۆرە ڕەخنە شیعرییە ببێتە دیاردەیەکی باو و فرەوان و لە بەرهەمی زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمەدا جێگیر ببێت. لەڕووی جوگرافیشەوە هەموو پارچەکانی کوردستان وەکو یەکەیەکی نەتەوەیی - ڕۆشنبیری وەرگیراوەو جەخت لەسەر ئەو ناوچانە کراوە کە چالاکی هزری - ئەدەبی تێدا هەبووە.

ئـايرۆنی ئـەمڕۆ بووەتـە ئـامرازێکی گرنگـی ڕەخنـەگرتن و شـێوازێکی پێشکەوتووی گفتوگۆکردن و هەموو لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزادی گرتۆتەوەو لە شیعریشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆیە بە پێویست زانرا لەم لێکۆڵینـەوەدا، بـە پێـی هێڵەگـشتییەکانی جیهانییـەوە تایبەتمەنـدێتی ئـایرۆنی کـوردیش دەستنیـشان بکرێـت و لـە ڕێگـەی شـیعرەوە تـوخم و جـۆرو بنـەما سەرەکییەکانی ڕوون بکرێنەوە.

یەکێ لەو گیروگرفتانەی کە لە کاتی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەدا هاتۆتە پێشەوە، کەمی سەرچاوەی کوردی بوو، بۆیە بە ناچارییەوە پشتمان بە سەرچـاوە عـەرەبی و ئینگلیزییـەکان بەسـت. ئەمـەش کـاتێکی زۆری بـە وەرگێڕانەوەی برد. هەروەها دەستنیشانکردنی دەقە شیعرییەکانی ئـایرۆنی ئامێزیش گرفتێکی دیکە بوو، چونکە بابەتەکە نوێ بوو و هیچ بنـەمایێکی زانستیی ڕێخۆشکەر لەم بوارەدا لەبەردەست نەبوو.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی وەسـفی ـ شیکاری پێڕەوکراوە. میتـۆدی وەسفی بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی زانستیانە هونـەری ئـایرۆنی لـە لایـەنی تیۆرییەوە بە هەردوو تەوەری فەلسەفی و ڕەخنەییەوە بخرێتەڕوو و هەروەها هۆکارەکانی دروستبوون و توخمە بنەڕەتییەکانیشی دەستنیشان بکرێن. بۆ لێکدانەوەی تەکنیکەکانی ئایرۆنی و بوارەکانی بەکارهێنانیـشی لـە ڕەخنـەدا پشت بە مێتۆدی شیکاری بەستراوە.

لێکۆڵینەوەکـە لـە پێـشەکی و دەروازە و سـێ بـەش و ئـەنجام و سەرچاوەکان و کورتەی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە:

لە پێشەکیدا ناونیشان و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەو سنوور و ئامانج و ئەو گیروگرفتانەی هاتوونەتە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەو ئەو ڕێبازەی کە پێڕەوی کردووە خراونەتەڕوو.

لەدەروازەشـدا، زاراوەو چـەمکی ئـایرۆنی شـیکراونەتەوەو پێگـەی لـە ئـەدەبی کوردیـدا باسـکراوە. ئـەو بابەتانـەی لـەبارەی ئایرۆنییـەوەش لـە ئەدەبیاتی کوردیدا بلاّوکراونەتەوە بەکورتی هەڵسەنگێنراون.

بەشی یەکەم، بۆ لایەنی تیۆری تەرخانکراوەو لە سێ باس پێکهاتووە:

لە باسی یەکەمدا، مێژووی ئایرۆنی و قۆناغەکانی پەرەسـەندنی لـە نێـو تەوەری فەلسەفی و تەوەری ڕەخنەی ئەدەبیدا لێکدراونەتەوە.

لە باسی دووەمیشدا، توخمەکانی ئایرۆنی بـە هـەردوو لایـەنی گـشتی و تایبەتییەوە خراونەتەڕوو. لەبارەی تایبەتمەندییەکانیشی جەخت لەسەر خاڵە جیاوازییەکانی ئایرۆنی لەگەڵ ساتیرو پارادۆکس و نوکتە و فانتازیاو سارکازم کراوە.

لە باسی سێیەمدا، ڕۆڵی ئایرۆنی لە بنیـاتی شـیعری نـوێی کوردیـدا بـە هەر یانزە جۆرییەوە لێکدراوەتەوە، کە هەر یەکێکیان وزەیەکی شێوازگەرایی و توانـاییێکی ڕەخنــەیی بــە بابەتــەکانی شــیعری نــوێی کــوردی داوە، کــە هەموویان پێکـەوە یارمەتیـدەر بـوون بـۆ چەسـپاندنی بنـەماکانی ئـایرۆنی و گەشەکردنی سیماکانیشی.

لە بەشی دووەمدا، کـە لـە سـێ بـاس پێکهـاتووە، بوارەکـانی ڕەخنـەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا خراونەتەڕوو.

لە باسی یەکەمدا، ڕەخنەی ئایرۆنی لە بواری هزردا بە هـەردوو لایـەنی سیاسی و فەلسەفییەوە لێکدراوەتەوە.

لە باسی دووەمیشدا، بوارەکانی کۆمەڵایەتی کە پێنج لایەن دەگرێتەوە: جیاوازی چینایەتی و گەندەڵی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی ئافرەت و پشتگوێ خستنی مـافی منـداڵان و هەنـدێك لـە نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییـەکان باس دەکرێن.

له باسی سێیەمیشدا ڕەخنەی ئایرۆنی لە بواری ڕەوشت و خەوشە دەروونییەکاندا باسکراوە، کە لایەنەکانی ڕەوشتی هەندێك لە شێخ و کۆلکە مەلایان و هەروەها ڕەفتاری قەرزداران و هەندێك لە خەوشە دەروونی و ڕەوشتییەکان دەگرێتەوە. لە کۆتاییشدا ئاکامی هەر سێ بواری ڕەخنەی ئایرۆنی لەچەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە.

بەشی سێیەم، بۆ تەکنیکەکانی ئایرۆنی تەرخانکراوە، کە پێنج جۆر دەستنیشانکراون و بە نموونەی پێویست شیکراونەتەوە، کە تەکنیکەکانی پرسیارکردن و قوفڵی قەسیدەو دەقئاوێزان و وێنەی هونەری و ڕیتم دەگرێتەوەو دواتر چەند نموونەیەك لە ئایرۆنی قەسیدە و قەسیدەی ئایرۆنی و کورتە شیعری ئایرۆنی پراکتیزەکراون و گرنگی ڕۆڵی ئاماری ئەدەبیش لە دەستنیشانکردنی ئاستی ئایرۆنیدا بە نموونەو خشتەی پێویست ڕوونکراوەتەوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامە گشتییەکانی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێك و پاشکۆ و پوختەی نامەکەش بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕو.

# دەروازە

## زاراوەو چەمکی ئایرۆنی و
## پێگەی لە ئەدەبی کوردیدا

# دەروازە

ڕەخنە پرۆسەیەکی داهێنانە و مەرج نییە تەنیا بە پەخشان دەرببڕدرێت، بەڵکو بە شیعریش ئەنجام دەدرێت، لە دێرزەمانەوە دیاردەیەکی باوبووەو لە نێو قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی زۆربەی گەلاندا ڕەخنەگری شاعیر هەبوونە، تەنانەت هەندێکیان وەکو (هۆراس ٦٥–٨پ. ز) ی ڕۆمانی[1] هەروەها (نیکۆلاس بۆیلۆ ١٦٣٦–١٧١١ز) ی فەرەنسی[2] و (ئەلکساندەر پۆپ ١٦٨٨–١٧٤٤ز) ی ئینگلیزی[3] شاکارە ڕەخنەییەکانیان بە شیعر نووسیوە.

ئەگەر چی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کاری ڕەخنەیی وا تەواو بەدی ناکرێت، بەڵام نموونەی جیا جیا لە شیعرێك یان لە چەند دێڕەشیعرێکدا

---

[1] هۆراس لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر - Arts poetica) کە بۆ ( پیسۆ - Piso ) و کوڕەکانی ناردبوو ، لە دێڕە شیعری (١-٢٩٤) دا باس لە ( هونەر ـ Arts ) و لە دێڕە شیعری ( ٢٩٥-٤٧٦) دا باس لە ( هونەرمەند ـ Artifex ) دەکات. بڕوانە: (د.أحمد عتمان ، الادب اللاتيني و دوره الحضاري، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب ، كويت ١٩٨٩ ، ص٢١٧، ف٣-٤).

[2] بۆیلۆ لە کتێبی (هونەری شیعر) کە لە سالأنی (١٦٦٩-١٦٧٣) دا نووسیبووی، باسی جۆرەکانی ئەدەب دەکات ، بە تایبەتی داستان و تراجیدیا و کۆمیدیا ، هەروەها باسی ئەدگارە ڕەوشتییەکانی ئەو کەسانە دەکات کە خەریکی کاری ئەدەبیاتن./ بڕوانە: (د. علي درويش، دراسات في الأدب الفرنسي، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة١٩٧٣، ص١٢٣).

[3] پۆپ یەکەم نووسەری ئینگلیز بووە کە هەوڵی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرو تەواوی لە بارەی بابەتی ڕەخنەی شێوازگەرایی دابێت . لەم بارەوە شیعرە بەناوبانگەکەی (گوتارێك لەبارەی ڕەخنەوە An Essay on Criticism ) هۆنیوەتەوە . هەر چەندە ئەم شیعرە لە ڕووی هونەرییەوە لە ئاستێکی یەکجار بەرزە، بەڵام بابەتەکەی ڕەخنەیە، چونکە توانیویەتی لە چوارچێوەی ئەم دەقەدا کاریگەرییەکانی ئەرەستۆ و بیرو ڕاکانی لانگنیۆس و بن جۆنسۆن و درایدن و هەروەها توانا ژیرییەکانی خۆی و پەندە ناسکەکانی فەرەنسی و لۆژیکی ڕێبازی دیکارتی هەموویان تێدا کۆبکاتەوە و شاکارێکی دەگمەن بەرهەم بێنێت ./ بڕوانە: (لاسل ابر كرومبي ، قواعد النقد اللأدبي ، ت: د. محمد عوض محمد، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد د.ت، ص ١٦٣-١٦٤).

هـەن[1]، بـە تایبـەتی لـە شـیعری نـوێی کوردیـدا، بـۆ نموونـە (پیرەمێـرد) بارودۆخی پێگەیشتنی شاعیرو پرەنسیپەکانی ڕەخنـەگرتن لـە هۆنراوەیـەکی بیست و یەك دێڕەشیعریدا ڕوون دەکاتەوە، ئەگـەر بـە درێـژی شـیبکرێتەوەو لەگەڵ ڕێبازە ڕەخنەییەکانی ئەو سەردەمە لێك بدرێتەوە، ئـەوە پرۆژەیـەکی ڕەخنەیی تەواو لێ دەردەچێت، کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێت:

دەردی گرانە تووشـی ئـەوەی نەخوێندەوار ئـەبێ
مێردەزمەیەکە سـواری کوڕانی بەکار ئەبێ
بەرزی خەیاڵە کە هەڵی ئەبرێت بـۆ کەمەندی بەند
زهنی تەڕو جوانە کە بە شیعر ئیختیار ئەبێ[2]

لە کۆتاییدا بۆچوونە ڕەخنەیەکانی لەم ئەنجامەدا لێکدەداتەوە کە دەڵێت:

**هاتم بە قافیەو بە قسەی قۆڕو لەنگ و درێـــژ**
**نووسـیم نە وەك بڵێن کە تەلآکەم کەم عەیار ئەبێ**
**خۆزگە ئەوانەی وا بە فەساڵ و فیشاڵ ئەدوون**
**لەو تیرەیە دەبوون کە تیرو کەوانیان دیار ئەبێ[3]**

جگە لە باسکردنی شیعرو چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی شـیعرییەت، گـەلێك لـە شاعیرانی کورد بەرهەمەکانیان بۆ ڕەخنـەگرتن لـە لایەنـەکانی ژیـان تـەرخان دەکـردو ڕەخنـە لـە بابـەتێك یـان ڕووداوێـك یـان دیاردەیـەك دەگـرت و لـە هەڵسەنگاندنێکی چاکسازی ئامێزدا کەموکوڕییەکانیان دەستنیـشان دەکـرد. زۆرجـاریش لـە ڕووی تـەکنیك و مەبەسـتەوە لـە هونـەری ئـایرۆنی نزیـك دەبوونەوەو ڕەوتێکـی ڕەخنـەییان پێـك دەهێنـا. لـەم لێکۆڵینـەوەدا هـەوڵی

---

[1] د. عزالدين مصطفى رسول ، أحمدي خاني شاعراً و مفكراً فيلسوفاً و متصوفاً ، ط١، مطبعة الحوادث ، بغداد١٩٧٩، ص٢٣٤-٢٣٥.

[2] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی (العاني)، بەغدا ١٩٧٠، ل٢٨٣، دێـش ١-٢.

[3] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥، دێش ٦-٧.

سەلماندنی ئەوە دەدرێت کە ئەم ڕەوتە بە ڕەخنەی ئایرۆنی دابنرێت و لە ڕووی ناوەرۆك و ڕوخسارەوە لە سنوورێکی زانستیدا شیبکرێتەوە.

ڕەخنەی ئایرۆنی دەستەواژەیەکە لە دوو زاراوە پێك هاتووە: (ڕەخنە)، کە بەشێکە لە ئەدەب و هەر لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کوردیدا زۆر نامەی ئەکادیمی و کتێبی تایبەت لە بارەی زاراوەو چەمکی ڕەخنە، یان مێژوو و پەیڕەوکردنی ڕەخنە یان قوتابخانەکانی ڕەخنە، یان پەیوەندی ڕەخنە بە مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعرەوە، یان پراکتیزەکردنی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا نووسراون، بۆیە بە پێویست نەزانرا لێرەدا دووبارە زاراوەی ڕەخنە شێبکرێتەوە، بەڵام (ئایرۆنی) زۆر کەم باسکراوەو بە شێوەیەکی تەواو تا ئێستا لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕوون نەکراوەتەوە، بۆیە ئەم دەروازەیە بۆ شیکردنەوەی زاراوەو چەمکی ئایرۆنی و پێگەی لە ئەدەبی کوردیدا تەرخان دەکرێت:

## زاراوەی ئایرۆنی

وشەی ئایرۆنی لەبنچینەدا لە وشەی(Eronia )ی یۆنانی وەرگیراوە کە بۆ وەسفکردنی شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرێکی کۆمێدی دێرینی یۆنانی بەکاردەهات، کە ناوی ( Eiron ) بووەو خاوەن کەسایەتییێکی لاواز و بێتوانا و پیسکە و فیڵباز بووە. چونکە زاراوەی (ئایرۆنیك -Ironic)ی لەناوی ئەوەوە دروستبووە بۆیە گوزارشتی لە هەموو هەڵوێست وحاڵەتەکانی هاوشێوەی ڕەفتارو ئاخاوتنەکانی ئەو دەکرد[1]. دواتر هەر ((لە زاراوەی یۆنانییەوە زاراوەکانی ئەورۆپاییشی لێ وەرگیراوە، کە وەسفێك بوو بۆ ئەو شێوازەی لە ئاخاوتنی کارەکتەرە کۆنەکانی یۆنانیدا بە ناوی (ئایرۆن —

---

[1] مجدي وهبة و كامل المهندس ، معجم المصطلحات العربية في اللغة و الأدب ، دار الكتب العلمية ، بيروت ١٩٧٩، ص١٩٨.

Eiron) بەکار دەهات))[١]. ( ئایرۆنیك) یش لە ڕووی ڕێزمانەوە ئاوەڵناوەو بۆ پەسندکردنی ناوی (ئایرۆنی ـ Irony) دێت[٢]. ئێستاش ئایرۆنی زاراوەیەکی ڕەخنەییە و لە ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتان بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکاندا بووەتە ڕەوتێکی دیار و لە قاڵبێکی هونەریدا داڕێژراوە[٣]. بۆ نموونە: لەفەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانی ئینگلیزیدا (Irony)[٤]، لەفەرەنسیدا (Ironie)[٥]، لەعەرەبیشدا هەندێ جار( المفارقة)[٦] و هەندێ جار( السخرية)[٧] بەکاردێت. ئەم تێکەڵبوونە لە ئەدەبی عەرەبیدا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە بەشی چوارەمی کتێبی (الدراما و الدرامية)ی (س. و. داوسن) کە لەبارەی ئایرۆنی درامایییە، لە وەرگێڕانەکەی (جعفر صادق الخليلي) دا بووەتە (السخرية الدرامية)[٨] و لە وەرگێڕانەکەی (د. عبدالواحد لؤلؤة)دا بووەتە (المفارقة الدرامية)[٩]. لەئەدەبی کوردیشدا هەوڵدراوە، بەڵام هێشتا زاراوەیەکی

---

١ مجدي وهبي، معجم مصطلحات الأدب الأنكليزي، مكتبة لبنان، بيروت١٩٧٤، ص٢٦٢-٢٦٣.

2- A.S.Hornby, Oxford Advanced Learner's Dictionary ,Oxford University Press, P.687, Par.5

٣ د. محمد التونجي ، المعجم المفصل في الأدب ، ج٢ ، دار الكتب العلمية ، بيروت ١٩٩٩، ص٥٢٢-٥٢٣.

4 - Kathleen Morner , NTC's Dictionary of Literary Terms, P.113, Par.3.

٥ د. سهيل ادريس، المنهل الوسيط ، قاموس فرنسي ـ عربي، دار الآداب، ط١٤، بيروت ٢٠٠٩، ص٦٠٤، ف٢١.

٦ د.س . ميويك ، المفارقة ، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد١٩٨٣ ، ص٥، هـ١.

٧ د. جبور عبدالنور ، المعجم الأدبي ، ط١، دار العلم للملايين ، بيروت ١٩٧٩. ص١٣٨، عم٢، ف٤.

٨ س. و. داوسن، الدراما و الدرامية، ت: جعفر صادق الخليلي، ط٢، منشورات عويدات، بيروت — باريس١٩٨٩، ص٥٨.

٩ س. و. داوسن، الدراما و الدرامي، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد١٩٨١، ص٦٦.

پێوانەیی بەرانبەر ئایرۆنی جێگیر نەبووە بەڵکو وشە فەرهەنگییەکان بەکاردێن. تا ئێستا چەندین وشەی فەرهەنگی هەن و بۆ ئەم مەبەستە لە نێو فەرهەنگە زاراوەکانی ئەدەبدا بەکارهاتوون و هیچیان بەتەواوەتی ڕامانی ئایرۆنی بەخۆوە هەڵناگرن:

– لە( فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ) دا کە زاراوەی ( تەوس ) ی بۆ داناوەو جۆرەکانیشی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و ئەویش لەڕووی پراکتیکەوە زاراوەیێکی پێوانەیی و باو نییە[1]. هەروەها لە کتێبی (زاراوەی ئەدەبی )دا کە فەرهەنگێکی زاراوەیی کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزییە، لە بەرانبەر زاراوەی ئینگلیزی (Irony) زاراوەکانی (تەوس، یاری پێکرن ) بەکارهاتوون[2]، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ (satirical، تەوساوی ـ سڤکاتی، الاستخفاف ـ استهزائي ) تێکەل بووە، لە بەشی عەرەبیشدا (تەوس ـ یاری پێکرن) بووەتە (السخرية ـ Irony)[3].

– دانەرانی فەرهەنگە زمانییەکانی کورد، لە بارەی وشەی ئایرۆنییەوە پتر پشت بەو وشە فەرهەنگیانەوە دەبەستن کە ڕامانیان پەیوەندی بە گاڵتەپێکردن و پێکەنینەوە هەیە، بۆنموونە: لە(فەرهەنگی سەلاحەدین)دا کە فەرهەنگێکی ئینگلیزی ـ کوردییە بەرانبەر بە وشەی ( lronist ) و (lronical)

---

1 بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، کوردی ـ ئینگلیزی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٤٠، پ٢./ هەروەها لە (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی)یشدا، وشەی (تەوس) بەرانبەر (Irony) دانراوە./ بڕوانە: بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢، (بەشی ئینگلیزی)، ل٤٧، پ٢١.

2 لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان ، زاراوەی ئەدەبی ( کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠٤، (بەشی ئینگلیزی ل٥٢، پ٧).

3 لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی ( کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠، پ١٠ و ل١٤٧، پ٣.

(ترانەیی، ترانەکەر)[1] دانراوە. لەفەرهەنگی شارەزووردا کە بەپێچەوانەوە کوردی ـ ئینگلیزییە بەرەو لای (Irony) نەچووەو بەرانبەر وشەی (تەوس) (Sardonic) و بەرانبەر وشەی ((گاڵتە)) (joke) و ( kidding ) و بەرانبەر وشەی (گەپ و گاڵتە) (Light,Talk,Chat) بەکارهاتووە[2]. لە (فەرهەنگی زاراوە) دا (تیز، تەشەر) بەرانبەر زاراوەی ( السخرية ) دانراوە[3]. لە (فەرهەنگی مهاباد) دا کە فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبییە بەرانبەر ((گاڵتە)) وشەی ( لعب، مزاح )دانراوە[4]. لە (فەرهەنگی کامیران)دا کە کوردی ـ کوردییە بەرانبەر ((گاڵتە)) (حەنەك، یاری، گەڵە، ترانە) بەکارهاتوون[5]. تەنانەت لە فەرهەنگی (الهدية الحميدية في اللغة الكردية) (ترانە) و (حەنەك) بەرانبەر (الطنز ) و (الطرافة) نووسراونەتەوە[6]. لەفەرهەنگە فارسی ـ کوردییەکانیشدا بەهەمان شێوە وشەی (طنز کردن) بووەتە ( تەعن لێدان،

---

1- Saleh Saadalla, Sela Din's English-Kurdish Dictionary, 1998,P.444-445.

بەڵام لە (فەرهەنگی ئازادی) دا، بەرانبەر وشەی (Irony) دوو وشەی (لاقرتێ ، تەوس)ی داناوە./ بڕوانە: (د. حەمە ڕەشید قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی ـ کوردی، چ١، دەزگای چاپ و نەشری إحسان، ب. ش ٢٠٠٩، ل٤٩٣، ئەس١، پ١١). لە (فەرهەنگی جاف)دا، بەرانبەر (Irony) گاڵتە، سوعبەت دانراوە. بڕوانە: (ئیحسان عەلی عەبدولکەریم، فەرهەنگی جاف، چ١، سلێمانی ٢٠٠١، ل٣٠٥).

٢ د. شەفیق قەزاز، فەرهەنگی شارەزوور ( کوردی ـ ئینگلیزی) ، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس ، هەولێر٢٠٠٠ ، ل٤٨٢، ل٤٦٩، ل١٧٤.

٣ بەدران ئەحمەد حەبیب ، فەرهەنگی زاراوە ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر٢٠٠٠، ل٦٩.

٤ گیو موکریانی ، فەرهەنگی مهاباد ، چ١ ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر١٩٦١، ل٥٠٧، پ٨.

٥ کامیران سلێمان بۆتی ، فەرهەنگا کامیران/کوردی ـ کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر٢٠٠٦، ل٢٦٠، پ٤.(بە ڕێنووسی لاتینی).

٦ يوسف ضياء الدين باشا الخالدي المقدسي، الهدية الحميدية في اللغة الكردية، حققه و قدم له : د. محمد موكري، ط٢، بيروت١٩٧٨، ص٣٨، ف٦ و ص٦٥، ف٩.

**ترِانەکەر)[١]. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەرانبەر (طنز)ی فارسی: تەوزەو حەنەك، قسەی گاڵتە، بەرانبەر (الطعنة) یش: تەوس و قسەی بە تێکوڵ و تیز، تانە دانراوە[٢]. لە کتێبی (شیوەهای نقد ادبی)دا، کە لە زمانی ئینگلیزییەوە کراوەتە فارسی زاراوەی ئایرۆنی (Irony) بە (عمل طعن و کنایە) داناوە[٣]. تەنانەت ئەو بابەتانەی لەبارەی (ئایرۆنی سوکراتی) یشیان نووسیوە، هەر بە (تەنزی سوقراتی)یان ناوبردووە[٤]. تەنها لە فەرهەنگی تورکی ـ کوردیدا: لە بەرانبەر(Ironic)ی تورکی هەردوو وشەی( Ironic ـ پێکەنۆك) بەکارهاتوون[٥]. شتی سەرنجراکێش ئەوەیە کە نووسەرانی کورد لە نێو کتێبە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانیاندا پێگیری بە فەرهەنگەکانی زاراوە ئەدەبییەکان و تەنانەت بە فەرهەنگە زمانییەکانیشەوە نەکردووە، بۆ نموونە لە کتێبی (درامای کوردی) دا باس لە ئایرۆنی کراوەو نموونەی بۆ**

---

١ مەسعود گولی ، فەرهەنگا گولی(فارسی ـ کوردی) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر٢٠٠٢، ل٢٧٤، ئەس١، پ٤.

٢ هەژار، هەنبانە بۆرینە ـ فرهنگ کردی ـ فارسی (ئ تا س)، انتشارات صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، چ١، تهران١٣٦٨، ل١٧٠.

٣ بڕوانە: (دیوید دیچز، شیوەهای نقد ادبی، ترجمەء: محمد تقی صدقیانی و د. غلامحسین یوسفی، چ٥، انتشارات علمی، تهران ١٣٧٩، ص٢٤٨، پ٢). / لەو فەرهەنگانەی کە (ئینگلیزی ـ فارسی)ن، بایەخیان بە وشەی (Irony) نەداوە، جەختیان لەسەر ئاوەڵناوی (Ironic) یان کردووەو بەرانبەریشی وشەکانی (طنز آلود، طعنە آمیز، مسخرە ، عجیب و غریب) دانراوە. بەرانبەر (Ironically) دەستەواژەی (از قضای روزگار، از بازی روزگار، عجیب آن کە، بە مسخرە، بە طعنە، بە طنز، بە تعریض) بەکارهاتوون. بڕوانە: (علی محمد حق شناسی و...، فرهنگ معاصر هزارە ـ انگلیسی ـ فارسی، جلد اول، چ٦، واحد پژوهش فرهنگ معاصر، تهران١٣٨٥، ص٨٥٠).

٤ ڕۆیا سەدر، تەنزی سوقراتی، و: ج. قەقنەس، گ: کاروان، (هەولێر)، ژ١٨٠ ئاداری ٢٠٠٤، ل٧٣.

5- Zana Farqini,Türkçe-Kürdçe Sözlük,Stenbol 1992, s602, Par.24-25.

هێناوەتەوەو جارێك بە (لێك دابڕان) و جارێك بە (لێكپچڕان) ناوی دەبات[١].

لەم ڕووەوە چەند لیستی ناوی فەرهەنگەکان ڕیزبکرێت وشەکان زۆرتر دەبن و تێکهەڵچوونیان ئاڵۆزتر دەبێت و ڕامانەکانیش پتر دەبن، بۆیە بە پێویست نەزانرا ئاماژە بەهەموویان بکرێت. هەر چەندە ئەو زاراوانە هەموویان شێوازەکانی ئایرۆنی بەرجەستە دەکەن و ئەوە ڕێڕەوە، کە شێوازێك لە شێوازێکی تر جودا دەکاتەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی زاراوەیەکی دەستنیشانکراوی تایبەت بەم چەمکە لەنێو فەرهەنگە زاراوە ئەدەبییەکانی کوردیدا، هەر زاراوەی ئایرۆنی لەم لێکۆڵینەوەدا بەکار دەهێنرێت، چونکە بووەتە زاراوەیەکی پێوانەیی جیهانی[٢].

## چەمکی ئایرۆنی

چەمکی ئایرۆنی گەلێك لایەنی مەعریفی دەگرێتەوە، لە ئەدەبیشدا لە چوارچێوەیەکی ڕامانی - ڕەخنەیی - ستاتیکیدا دەستنیشانکراوەو لەژێر چەتری ئەودا چەندین لایەنی شاراوەی دەروونی تاك و بیرکردنەوەی دەستە جەمعی کۆمەڵ ئاشکرا دەکرێن، یانیش بە ڕێگەیەکی تەوس ئامێز و پێکەنینەوە چاکسازی لە کارەکاندا دەکرێت و زۆرجار ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری ئینسانیش دەستنیشان دەکرێت.

---

[١] حەمە کەریم هەورامی ، دراماى کوردی لە ناو دراماى جیهاندا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل٤٩، پ٣ و ل٥١، پ٢.

[٢] زاراوەی (ئایرۆنی) لە ئەدەبی زۆربەی گەلاندا بەکاردێت وەکو: ( چیکی ironie، دانیمارکی ironi، هۆڵەندی ironie ، ئاستۆنیا iroonia ، فنلەندیironia ، ئەڵمانیironie ، یۆنانی διρωνδα ، هەنگاری ironia، ئیتاڵی ironia، لیتوانیا ironija، پۆڵەندی ironia، پورتوگالی ironia، ڕۆمانیا ironie، ڕووسی ирония ، ئەسپانی ironia، ...) بڕوانە: Kernerman English Multilingual- Dictionary(Beta version) 2000-2006 K Dictionaries Ltd.).

لـه ئـەدەبیاتی گـەلانی جیاجیـادا لێـك نزیكبوونەوەیـەك لـە شـیكردنەوەی چەمكی ئایرۆنیدا هەیە (ئەم نزیكبوونەوەیە بە پێی قۆناغە مێژووییـەكانی لـە باسـی یەكـەم - بەشـی یەكـەمی ئـەم لێكۆڵینـەوەدا ڕوونكراوەتـەوە) و بۆچـوونەكانیان لـە تێگەیـشتنی ڕامـان و ئەركـە هونەرییەكەیـدا یەكـدی دەگرنـەوە كـە ئـایرۆنی شـێوازێكی تـەوس ئـامێزە، مانـایێكی پێـچەوانەی ئاخاوتنەكە دەپێكێت[1]، یانیش ((خۆدەرخستنی مرۆڤێكە كـە لـە ڕواڵەتـدا پێچەوانەی ئەوەیە كە تێدایە))[2] بۆیـە نووسـەرو شـاعیران وەكـو هۆكـارێكی هونەری لەدروستكردنی وێنە شـیعرییەكان و ڕووداوە وەسـفییەكاندا بـەكاری دێنن، چونكە لەلایێكەوە گوزارشت لەوردەكارییەكانی دەروونی مرۆڤ دەكات، لەلایێكی دیكەشەوە ئەوەی بەرانبەر ( خوێنەر ــ بیسەر ) بێزار ناكات، بەڵكو دڵخۆش و پتر سەرنجی بۆ مەبەسـتە دەستنیـشانكراوەكە ڕادەكێـشێت. لـەم ڕوانگەیـەوە ئـایرۆنی لـە شـیعردا دەربڕینێكـی شارسـتانی پێـشكەوتووە، لەڕێگـەی ئـەوەوە شـاعیر دەتوانێـت ڕەخنـە لەهـەموو كـەموكوڕی و كێـشە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان بگرێت و هـەڵیان بسەنگێنێت و ئەگـەر پێویـست كـرا ڕیـسواشیان بكـات بـەبێ ئـەوەی پـەنا بـۆ شـێوازی تـان و داشـۆرین و جنێـودان ببـات، بـەڵكو لەڕێگـەی جۆرێـك لـە جۆرەكـانی ئایرۆنییـەوە خـۆ لەهەموو شێوە بێنرخ و كـارە چـەپەڵ و قـسە ناشـرینەكان دەپارێزێـت. بـەم شـێوەیە دەتـوانین ڕامـانی ئـایرۆنی لـە دەیـان ڕامـانی دیكـەی گاڵتـەجاڕی و پێكەنین و ڕیسواكردنەوە جودا بكەینەوە. كاتێك ئایرۆنی دوو واقیعـی هـاودژ لەپێناو یەك مانا دروست دەكات و بەهایێكی ستاتیكی پێ دەدات، وەرگر لـە بەرانبەریانـــدا واقـــی وڕ دەمێنێـــت و لەوانەیـــە سەرســـوڕمانەكەی بـــە زەردەخەنەیـەك بڕەوێنێتـەوە. ئەگـەر پانتـایی لـە نێـوان هـەردوو واقیعـدا

---

1-Webster's Thirt New International Dictionary of English, Vol.2, U.S.A 1966, P.1195, Par.12.

2- D.C. Muecke, Irony, 1st ed., London, 1970, P.25, Par.3.

خەسترو کاریگەرتر بوو، دوور نییە زەردەخەنەکە بەرەو پێکەنین بڕوات. ئەو پێکەنینەش لە پێناو ڕابواردن نییە، بەڵکو مۆرکێکی ڕەخنەیی پێوە دیارە. ئـایرۆنیش چـەمکێکی سـەرەکی ڕەخنەیـەو جـەخت لـە سـەر ڕاسـتی و بنیاتنانـەوە دەکـات، هـەر وەکـو ژۆن درایـدن (١٦٣١-١٧٠٠) دەڵێـت ((مەبەسـتی ڕاسـتەقینەی ڕەخنـەلێگرتن، ڕاسـتکردنەوەی خـەوش و کەموکوڕییەکانە))[١]، چونکە زۆر جار لە نێو ساتیرەکانیدا پەنای بۆ ڕەخنەی ئـایرۆنی دەبـرد[٢]. بـەپێی بۆچـوونی ئەرسـتۆش ئـایرۆنی ((بەشـێکە لەڕەوانبێژی، چونکە ڕاستەوخۆ بە ناوی هاودژەکەیەوە گوزارشت لە شتەکە دەکـات))[٣]. لێـرەدا بۆچـوونەکانی درایـدن و ئەرسـتۆ یـەکتر دەگرنـەوە کـە جۆرێکی داشۆرین هەیە ناگاتـە ئـەو سـنوورانە کـە هەسـتی بەرانبـەر برینـدار بکات، ئەم جۆرە ئایرۆنییەش ئەوەیە، کە هەمیشە ((گوزارشت لەو جیاوازییە دەکات کە لەنێوان واقیعدا کە هەیە و ئەو واقیعەی کـە دەبوایـە هـەبێت))[٤]. ئەمە کرۆکـی تێگەیـشتنی کلاسـیکەکانە لـەبارەی ئەدەبـەوە، بۆیـە هونـەری ئایرۆنی لەنێو بەرهەمەکانیاندا زۆرە. ئەرستۆ لەبارەی هۆمیرۆسـەوە دەڵێـت: ((یەکەم کەس بوو کە بنەما سەرەکییەکانی کۆمێدی، بە تـاوتوێکردنی شـتی پێکـەنیناوی بـە شـێوەی درامـی نـەك بـە نووسـینی داشـۆرینی کەسـێتی بـۆ ئێمەمان پوخت کردۆتەوە. بۆیە پێوەندی (مارگیتس)ەکەی بە کۆمێدی وەکو پێوەندی (ئیلیـادە) و (ئۆدیـسە) وایـە بـە تراجیـدی))یـەوە[٥]. نۆڤـالیس کـە

---

١ ارثر بولاد ، الهجاء ، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد١٩٧٩، ص١٢، ف١.

2- Julie Scott Meisami and Paul Struey, Encyclopedia of Arabic literature,Vol.1, London1999, P.34.

٣ جبور عبدالنور ، المعجم الأدبي ، ص١٣٨،عم٢، ف٤.

4- Kathleen Morner, NTC's Dictionary of Literary Terms, P.113, Par.3.

٥ ئەرەستۆ ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی لـە ئینگلیـزی و پێـشەکی و پـەراوێزی : عـەزیز گـەردی، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی٢٠٠٤، ل٢٣، پ١.

شاعیرێکی ڕۆمانسی ئەڵمانییە[١] ئایرۆنی بە ((هۆشیارییەکی ڕەسەن و ئامادەبوونێکی ژیری ڕاستەقینە))[٢]دادەنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر هەست بەوە دەکات کە ناکرێ ئەدەب بە ساویلکەیی و بێ تێڕامان بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بە هۆشیارییەوە سروشتی پڕ هاودژییەکان پێشکەش بکات، بۆیە ((ئای. ئەی. ڕیچاردز پێناسەی ئایرۆنی لە شیعردا وەك تەرازوویەك بۆ بۆچوون و هەڵسەنگاندنە هاودژەکان دەکات))[٣]، بەم پێیە ئامادەبوونی ژیری دانەر ڕەگەزێکی سەرەکییە لە کارەکەیدا.

## پێگەی ئایرۆنی لە ئەدەبی کوردیدا

بەپێی کاریگەری چەمکی ئایرۆنی لە شیعردا، پێگەی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیشدا جێگیر دەبێت. ئەم هاوکێشەیەش لەو هەنگاوەوە دەست پێ دەکات، کاتێك هاوسەنگی ژیان لەنێوان ماندووبوون و پشوودانداا تێك دەچێت، یانیش کاتێك لایەنی خەفەت و کێشەکان پتر دەبێت، نووسەرو شاعیر پەیدادەبن کە ناکەونە ژێر باری لایەنە خەفەتبارو ناخۆشەکان، بەڵکو

---

١ نۆڤالیس (١٧٧٢-١٨٠١) ناوی خوازراوی (فریدریش ڤون هاردنبرگ)ە. هەندێ غەزەلاتی گوتووە کە بەهۆی بێ گەردی قوڵی مەزهەبی و عیرفانی و بەهۆی بە ئایدیالی کردنی ڤیانەوە بە ناووبانگن./ بڕوانە: (بوکنەر ب. تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ـ ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین، و: لە فارسیەوە: حەمە کەریم عارف، چ١، چاپخانەی خانی ، دهۆك٢٠٠٨، ل٣٢٩، پ١).

٢ د.س. میویك ، المفارقة، موسوعة المصطلح النقدي — ١٣، مج٤، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، بیروت١٩٩٣، ص١٠٩، ف٢./ هەرچەندە ئەم کتێبە لە چاپی یەکەمیدا (دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣) هەڵەی زۆری تێدا بوو و لە چاپی دووەمیدا ( ١٩٨٧) وەرگێڕ داوای لێبووردن دەکات و چاپێکی دیکەی بژارکراوی نوێی ئینگلیزی دووبارە بە ناوی(المفارقة و صفاتها)، کە تەواوکاری چاپی یەکەمە لە هەمان دەزگە چاپ دەکاتەوەو دواتر = =هەردووکیان لە یەك بەرگدا لە( المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، بیروت١٩٩٣) دووبارە چاپ دەکرێتەوە. لەم لێکۆڵینەوەدا، بەپێی پێویست، پشت بە هەردوو چاپ بەستراوە.

3- M.H.Abrams, A Glossary of Literary Terms, 1999, P.138, Par.1.

بەشێوەیەکی تـەوس ئـامێز و پێکەنینـەوە نارێکییـەکانی ژیـان دەردەبـڕن و هەوڵ دەدەن سـاتە هەسـتیارەکانی ڕێـڕەوی مرۆڤایـەتی بـە نـەمری لـە نێـو داهێنانەکانیانـدا بهێڵنـەوە. ئەمـەش ئامـانجێکی ڕێـچکە کراوەیـە و تێکـەڵی بـەهرەیان دەبێـت و پـەنا بـۆ بـەکارهێنانی هونـەری ئـایرۆنی دەبـەن، وەکـو ئـامرازێکی گۆڕانکـاری بـەکاری دێـنن، بـۆ ئـەوەی لاسـەنگییەکان ڕاسـت بکەنـەوەو هێزێکـی هیمـەت بەخـشیش بەخەڵکـە بێزارەکـە بـدەن. خـەڵکی کوردستانیش قوربانیی مێژوویەکی ڕیزبەندکراوی چەندین جـەنگ و پـەیمانی زلهێزەکـانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا بـووە، بـە تایبـەتی کـە دەرهاوێـشتەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی کەشێکی نالـەباری پـڕ مەینـەتی بـۆ کـورد دروسـت کردبوو. شاعیرانی کوردیش بە گەرمی مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە تازەیە دەکـردو ڕۆڵێکـی کاریگـەریان لـە هۆشـیارکردنەوەی خـەڵك بەرانبـەر مەترسـییەکاندا هـەبووە. بـە شـێوەیەکی ئاسـایی شـیعری کـوردی بـەرەو قۆناغێکی نوێخوازی پڕ بەرهەم هەڵکشاو شاعیرانیش چـەندین ئـامرازی نـوێی ئەدەبییان بەکاردەهێناو دەیانکردە ئەڵقـەی بەسـتنەوە لـە نێـوان هەڵـچوونە سۆزییەکانیان و ورووژاندنی هەستی جەماوەر. یەکێك لەو ئامرازانە، هونەری ئـایرۆنی بـوو. هـەر چـەندە شـاعیرانی کـوردو ئەوانـەی لـە بـارەی ئـەدەبی کوردییان دەنووسی باسی زاراوەی ئایرۆنییان نەکردووەو لەوانەیـە هەسـتیان بـە هـەبوونی چەمکەکەیشی نـەکرد بێـت، بـەڵام بـە چـڕوپڕی ئاماژەیـان بـە هەندێك بابەت کردووە، کە ناوەرۆکیان ئایرۆنی بـووەو بـە قـووڵی مامەڵـەیان لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو جۆرە ناوەرۆکانە کردووە. ئەم مامەڵەکردنـەش هـەر لـە ناوەڕاسـتی دەیـەی دووەمـی سـەدەی بیـستەمەوە و دواتـر بووەتـە دیاردەیـەکی ڕەخنـەیی لـە شـیعری کوردیـدا، بـەڵام لـە لایـەن لێکۆڵـەر و ڕەخنـەگرانی کـوردەوە (لـە سـەرەتای پەیـدابوونی ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردییەوەو تا ئەمڕۆ) بە دروستی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو ئەو هەوڵانـەی کـە

ئەنجامیش دراون سیفەتێکی سەرەتایی و ناتەواوی پێوە دیارە، بۆیە بە پێویست زانرا کە هەندێك لەو هەولانە وەکو نموونە دەستنیشان بکرێن، کە لە ڕووی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییەوە دەبنە چوار بەش:

١- ئەو بابەتانەی بە کەموکووڕییەوە باسی ئایرۆنییان کردووە، وەکو:

* محەمەد فەریق حەسەن لە کتێبی ( هێمن و بۆنی غەریبی)دا، بەم شێوەیە (شۆرتیز - چیڕچیرۆك) پێناسە دەکات ((کە لە چەند ڕستەیەکدا شکڵگیر دەبن، یان لە وتەی فەلسەفە ئامێزی پیاوە ناودارەکانی مێژوو نزیکن))[1]. ئەمە بۆچوونێکی ڕێکە لەبارەی ستایل و ناوەڕۆکی ئەم ژانرە ئەدەبییە، بەلام پێکهاتەکانی لە جۆرە گریمانەیەکدا دادەنێت ((خۆ ئەگەر (ئیرۆنی)* واتە (پلار، تەوس، تیز، گاڵتە، توانج و جەفەنگ) ی تێدا بێ، ئیدی لە ساتیر نزیك دەبێتەوە..))[2] بەلام ئایرۆنی وەکو هونەرێکی ڕەخنەیی مانای ئەو هەموو وشە فەرهەنگی و زاراوەیانە هەڵناگرێت. دواتر بە جوانی جۆری (ئایرۆنی بارودۆخی) لەژێر ناوی (المفارقة) شرۆڤە دەکات، ئاماژە بەوە نادات کە چ پێوەندییەك لە نێوان (المفارقة) و (ئایرۆنی)دا هەیە. لەبارەی کەسێتی مەلا نەسرەدینەوە دەڵێت: ((بە سەرهاتەکانی ئەم کەسێتییە میللییە لە خۆیدا تژییە لە ئیرۆنی..))[3]. بەم شێوەیە سوود لە شیکردنەوەی زاراوەی ئایرۆنی وەرگرتووەو وەکو چەمکێکی ڕەخنەیی بەکاری هێناوە، بەلام زاراوەی ئایرۆنی ئەو هەموو جیاکردنەوەیە هەڵناگرێت.

---

[1] محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چ١، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر٢٠٠٨ ، ل٢١، پ٢.

* لەبارەی زاراوەی (ئایرۆنی) یشەوە نووسەر (ئیرۆنی) بەکارهێناوە، بەلام یەکەمیان پتر بەکاردێت و پەسەندترە.

[2] محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١، پ٢.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣، پ٢.

٢- ئەو بابەتانەی کاتێك لە دەقێکیان کۆڵیوەتەوە، ئایرۆنییان فەرامۆش کردووەو جەختیان لەسەر هەندێك هونەری ئەدەبی کردووە کە کاریگەرییان لە نێو دەقە شیکراوەکەدا کەمتر بووە، وەکو:

* شەعبان چالی لە کتێبی ( شێوازی شیعری جزیری )دا، هەموو ئەو هونەرە ئەدەبیانەی وەکو ئایرۆنی، پارادۆکس، ساتیر ... کە جزیری (١٥٦٧-١٦٤٠) بەکاری هێناون لە چوارچێوەی هونەری (تەنز) دا شیدەکاتەوە، مەبەستی جزیریش لە پەیڕەوکردنی ئەو هونەرە ئەدەبییانە دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری هەمەجۆر (تنوع) و بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە کە ((جزیری ... ئەم لایەنەی بەکارهێنانی تەنزی لەبەر چاوبووە، هەر بۆیە جێجێ لە دیوانەکەیدا وێستگەی پشوودانی دامەزراندووەو دێڕە شیعری وای گونجاندووە کە خوێنەر لە سەریان دەوەستێ و بە زەردەخەنەیەك لە قوڵایی بابەتە (جدی)یەکانی سۆفیگەری و فەلسەفەی بوون دێتە دەرەوەو پشوویەك دەدات))[1]. ئەم تێکەڵکردنەش لە دوو لایەنەوە زیان بە شیعرەکە دەگەیەنێت: لە لایەنی یەکەمەوە بەهای ستاتیکی شیعر کەم دەکاتەوە، چونکە چەندین هونەری ئەدەبی پشتگوێ دەخات. لە لایەنی دووەمیشەوە ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ناتوانێت لە مەبەستی ڕاستەقینەی شاعیر نزیك ببێتەوە، چونکە لە هەندێك شیعردا ژمارەی ئەو دێڕەشیعرانەی تەنز ئامێزن بەقەد یان زیاترن لە دێڕەشیعرە بێ تەنزەکان[2]. ئەم هەڵسەنگاندنەش لە

---

١ شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر٢٠٠٨، ل١٨٨، پ٢.

٢ بڕوانە : أحمد بن الملا محمد الزفنگی، العقد الجوهري في شرح ديوان الجزيري، ط٢، مطبعة الصباح، د.م ١٩٨٧، ل٢٩٢./ لەم شیعرەدا مەلایی جزیری لە ئاستێکی عیرفانی بەرزدا خۆشەویستی پەروەردگار وەسف دەکات و لە هەمان کاتدا ڕەخنەیەکی توند لە غافڵبوونی ئەو کەسانە دەگرێت کە بەهای عیشقی خودایی نازانن. ئەگەر ئەم شیعرە لە ڕووی سۆفیگەرییەوە شیبکرێتەوە بەهایێکی بالاّی مەعریفی هەیە، ئەگەر لە لایەنی ڕەخنەی ئایرۆنییەوە هەڵبسەنگێنرێت، بەهاکەی هێشتا گەورەتر دەبێت. لە هەردوو حاڵەتدا پێوەندی بە پاکژی گیانی و چاکسازی ژیریی و هەستییەوە هەیە نەکو بە پشوودانی هزری و خۆشگوزەرانی وەخت بەسەربردن.

سەر کەسایەتی مەلایی جزیری پراکتیزە ناکرێت، چونکە نە (مەلێ) شاعرێکی زێدە کۆمێدی بووەو نە خوێنەرانی شیعری ئەویش ئەوەندە تەمبەڵ و بێ سەلیقەن کە لە نێوان خوێندنەوەی هەر دوو دێڕەشیعرێکدا پشوویەك بدەن.

* ئەحمەدی خانی لە بەکارهێنانی هونەری ئایرۆنی، بە تایبەتی لە شاکاری (مەم و زین )دا، شاعیرێکی بالادەست بووە، بەهۆی بەکارهێنانی چەندین وێنەی ئایرۆنییەوە، گرێچنییەکانی نێو ململانێی پاڵەوانەکانی دەوڵەمەند کردووەو گەیاندوویەتیە ئاستی بەرهەمی شاعیرە بەناوبانگەکانی جیهان. بۆ نموونە لەم دوو سەد ساڵەی ڕابردوودا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی هونەری ئایرۆنی لە بەرهەمەکانی ئەدیبێکی وەکو سۆفۆکلیس[1] یان شکسپیر[2] ئەنجام دراون، بەڵام لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانی کورد هێشتا ئاوڕیان لەم لایەنە هونەرییە نەداوەتەوە، هەر چەندە هەندێکیان باسی هونەری ساتیریان کردووە[3]، کە لە هونەری ئایرۆنییەوە نزیکەو زۆر کەمتر لە بەرهەمەکانی (ئەحمەدی خانی)دا بەکارهاتووە.

٣- ئەو بابەتانەی لە بۆچوونەکانیاندا، وەکو هونەرێکی بیانی باسی ئایرۆنییان کردووەو بەئەدەبی کوردییەوە نەبەستراوەتەوە، وەکو:

* حەمە کەریم هەورامی لە کتێبی (درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا) و لە بابەتی (دەرکەوتن ـ الاستكشاف) لە تراژیدیای یۆنانیدا باسی زاراوەو جۆرو پێگەی ئایرۆنی لە تراژیدیادا دەکات و کاریگەری ئایرۆنی لە دروستبوونی دەرکەوتندا شیدەکاتەوەو بە نموونەی کۆن وەکو (ئیفجینیا تورس) ی یۆریپیدیسی یۆنانی هەروەها بە نموونەی نوێیش وەکو (نەفامی ـ

---

1- D.C. Muecke, Irony, P.83, Par.3.

٢ د. خالد سليمان، المفارقة و الأدب ـ دراسات في النظرية و التطبيق، ط١، دار الشروق للطباعة و النشر، عمان ١٩٩٩، ص١٠٣، ف٨.

٣ د. عزالدين مصطفى رسول ، أحمدي خاني شاعراً و مفكراً فيلسوفاً و متصوفاً ، مصدر سابق، ص٢١٥، ف١.

سوء التفاهم)[١]ی ئەلبیر کامۆی فەرەنسی بنەماکانی ئایرۆنی ڕوون دەکاتەوە[٢]. بەڵام لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا کە بۆ درامای کوردی تەرخان کردووە، بە هیچ شێوەیەك باس لە چەمك و کاریگەری هونەری ئایرۆنی لە درامای کوردیدا ناکات نە لەو دەقانەی بە شیعر هۆنراونەتەوەو نە ئەوانەی بە پەخشانیش نووسراون.

* لە(فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی)[٣]دا، بە جوانی زاراوەو جۆرەکانی ئایرۆنی شیکراونەتەوە، بەڵام لە ڕووی پراکتیك و ڕوونکردنەوەی نموونەکانەوە، تەنیا پشت بە دەقەکانی ئەدەبی بیانی بەستووە، بە هیچ شێوەیەك لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی یان بۆچوونی ڕەخنەگرانی کورد نزیك نەبۆتەوە.

* ئەبوبەکر خۆشناو کتێبی (شیعر چییە؟)ی لۆرانس پیرین[*]لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە نێو بابەتی {خوازە (مەجاز) پارادۆکس (دژەیەك)، گەورەکردن، بچووککردنەوە}دا، بە ڕێکوپێکی ئایرۆنی و هەندێك لە جۆرەکانی باسکراوەو لەگەڵ (گەورەکردن، بچووککردنەوە) جیاکراوەتەوە، بەڵام کە لەگەڵ پارادۆکس بەراورد دەکات، تێکەڵییەك پێوە دیارە بە تایبەتی لەم پەرەگرافەدا ((ئایرۆنی پارادۆکس (دژە گوتن) بەهۆی

---

[١] نووسەر (نەفامی)و (بێ ئاوەز) لە جیاتی (لێکنەگەیشتن)ی بەکارهێناوە./ بڕوانە: (حەمە کەریم هەورامی ، درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩، ف٤).

[٢] سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١-٥٣.

[٣] بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی ، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٠-١٤٥.

[*] لۆرانس پیرین (١٩١٥-١٩٩٥) یەکێك لە پرۆفیسۆرە دیارەکانی زانکۆی ( Southern Methodist University ) بووە لە کالیفۆرنیا. کتێبەکانی لەبارەی ئەدەبەوە وەرگێڕاوەنەتە سەر چەندین زمانانی دیکە وەکو عەرەبی و فارسی..../ بڕوانە: (مجلة واتا للترجمة و اللغات، السنة الأولى، ع٤ خریف ٢٠٠٧، الجمعية الدولية للمترجمين و اللغويين العرب – لندن). هەروەها:
سایتی ئەلکترۆنی (Wapedia-Wiki:Laurence Perrine).

جۆری بەکارهێنانیان دەتوانن بە شێوازگەلی بەهێز یان لاواز لە قەلەم بدرێن))[1]. لەوانەیە ئەمە بۆچوونێکی کۆن بێت و لە لایەن نووسەرەوە دووبارە کرابێتەوە، لەوانەیشە هەڵەیەکی وەرگێڕان بێت کە لە نێوان زمانی یەکەم و دووەم یان سێیەمەوە ڕوویدابێت. لە هەردوو حاڵەتدا پێویست بوو وەرگێڕ پەراوێزێکی ڕوونکردنەوەی بۆ تەرخان بکردایە.

٤- ئەو بابەتانەی بە چەوتی لە هونەری ئایرۆنییان کۆڵیوەتەوە، وەکو:

* لە ماستەرنامەی (ڕۆلێ "پارادۆکس" ێ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا - کرمانجییا سەری وەك نموونە)[2] دا، لێکۆڵەر پشتی بە سەرچاوەی بیانی بەستووەو بە ڕێکوپێکی پێناسەی ئایرۆنی کردووە، لە مێژوویەکەیشی کۆڵیوەتەوە. بەلاّم لە هێنانەوەی نموونەکان و دەرخستنی ئەنجامەکاندا مانای ئایرۆنی بە چەوتی لێکداوەتەوە:

ئا- لە نموونە ڕوونکراوەکاندا، هەر چەندە دەقی شیعری نین، بەڵکو ڕستەی ساکارن و لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییەوە وەرگیراون، بۆیە شتێکی ئاسان نییە لەگەڵ ئەو نموونە شیعریانەی پارادۆکس بەراورد بکرێن، کە لە ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکاندا شیکراونەتەوە. هەروەها لەڕووی واتاشەوە مەبەستی ئایرۆنی ناپێکن، بەڵکو کەموکوڕی جەستەیی یان ژیریی بەرامبەر دەردەخەن، یانیش دەربڕینێکی توندن و سەرزەنشتی بەرامبەر دەکەن کە ئەوەش سیمایێکی سەرەکی هونەری سارکازم یان ساتیرە نەك ئایرۆنی.

ب - لە ئەنجامەکانیشدا دەڵێت: ((ئایرۆنی ب چەندەها شێوە دەربڕینێ ژ هزرێن ئاخفتنکەری دکەت کو بو گوهدێران تێگەهشتنا مەرەما سەرەکییا وێ تا ڕادەیەکی یا ب زەحمەتە، ژبلی وی کەسی یێ شێوازێ (ئایرۆنی)

[1] لۆرانس پیرین، شیعر چییە؟، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، ب.ش ٢٠٠٨، ل٧٠، پ١.

[2] حسێن ئوسمان ئەبدولڕەحمان، ڕۆلێ "پارادۆکس" ێ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا " کرمانجیا سەری" وەك نموونە ، نامەی ماستەر، زانکۆیا دهۆك، کۆلیژا ئاداب، ٢٠٠٧، ل٥٦-٥٨.

لسەر دهێنە چەسپاندن، چونكی ئەو زویتر هەست ب واتایێ ناڤەكییێ ویێ ـ واتایی سەرەكی ـ دكەت و مەرەما سەرەكی پتر ژ دەورو بەران، بـو وی ییێ ئاشكرایە))[١]. بەلاّم ئەمە پێچەوانەی ئـەو ڕاسـتییەیە كـە ((خـاوەنی ئایرۆنی چ بە ڕۆڵی هەڵخەڵەتێنەر یان خۆگیڤكردنـەوە هەڵبـستێت، ئـەوە هەڵخەڵەتاندنەكەی یان خۆدەرخستنەكەی بۆ ئەوە نییە كە بـاوەڕی پـێ بكرێت، وەكـو جـاران دەگـوترا، بـەڵكو بـۆ ئەوەیـە لێـی تـێ بگـەن))[٢]. كەواتە جەماوەر بنـەمای سـەرەكی دروسـتبوونی ئایرۆنییـە، كـە جـاران دەبوایە باوەڕی بـە كارەكـە بێنێت و ئێـستاش دەبێت لـە كارەكـە تـێ بگـات[٣]. هــەروەها ( د. هـ. گـرین D.H. Green ) لــەو بڕوایەدایــە كــە ((ئەوانی دیكە، كە بینەرن، یان ئەوانـەی بەشـداری لـە دروسـت كـردن و ئاراسـتەكردنی ڕووداوەكانـدا ناكـەن، بـە شـێوەیەكی تـەواو لـە دۆخـی ڕاستەقینەی كەسایەتی غافڵبووەكە ئاگادارن. لە كۆتاییـدا بینـەران یـان ئەوانی دیكە زانیارییان لەبارەی هۆی دارِمـانی كەسـایەتی غاڵبووەكـەوە هەیە، ئەو كەسایەتییەی نەیدەزانی چ لە دەوروبەری ڕوو دەدات))[٤].

بەپێی هەڵسەنگاندنی ئـەو هەوڵانـەی سـەرەوە، دەركـەوت كـە بۆشـاییەكی ناهاوسـەنگ لـەبارەی هونـەری ئایرۆنییـەوە لـە نێـوان دەقـە شـیعرییەكان و بابەتە ڕەخنەییەكاندا دروست بووەو پێویـست بـە لێكۆڵینەوەیـەكی زانستی هەیە، بۆیە ئەم لێكۆڵینەوە هەوڵ دەدات ئـەركی پڕكردنـەوەی ئـەم بۆشـاییە لەئەستۆ بگرێت.

---

[١] حسێن ئوسمان ئەبدولڕەحمان، ڕۆلێ "پارادۆكس" ێ د پێكهاتا وێنێ هۆزانێـدا " كرمانجیـا سـەری" وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩، پ١.

[٢] د. سی. میویك، المفارقة و صفاتها، ت: د. عبدالواحد لؤلـؤة، (موسـوعة المـصطلح النقـدي١٣ آ)، مج٤، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت١٩٩٣، ص١٦٦، ف٢.

[٣] نبيلة إبراهيم، المفارقة، مجلة فصول ( القاهرة)، مج٧، ع٣-٤، ١٩٨٧، ص١٣٣، عم٢، ف٦.

[٤] د. خالد سليمان، المفارقة و الأدب — دراسات في النظرية و التطبيق، مصدر سابق، ص٣٠، ف٨.

# بەشی یەکەم

# مێژوو و توخم و
# تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنی

**(( چوارچێوەی مەعریفی ))**

**باسی یەکەم: مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی ئایرۆنی**

تەوەری یەکەم: لایەنی فەلسەفی

تەوەری دووەم: لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی

**باسی دووەم: توخم و تایبە تمەندییەکانی ئایرۆنی**

**باسی سێیەم: ڕۆڵی ئایرۆنی لە بنیاتی شیعری نوێی کوردیدا**

باسی یەکەم

## مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی ئایرۆنی

ئایرۆنی ئاستێکی بالای ئاخاوتنی مرۆڤە، دەربڕینی جوان ناسکتر دەکات و تێگەیشتنی قووڵیش ڕێکتر دەخات، بۆیە گرنگیەکەیشی لەوەدا دەردەکەوێت کە ((پلانێکی وردی ستراتیژییەتی هۆشیارییەو لە هەمان کاتیشدا هێزێکی نەرێنییە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە خاوەنی ئایرۆنی لە ئەزموونەکانی خود و تەنانەت لە کۆت و بەندەکانی زمانیش ڕزگار دەبێت))[1]. زمانی ئایرۆنیش پەیامێکی جوفرەکراوە لە نێوان قسە گوتراوەکانی نێرەرو ئەو مانا شاراوانەی وەرگر دەیانکاتەوە. لە نێو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و زمانییەکانیشدا بایەخی پێ دەدرێت و بووەتە هونەرێکی هاوبەش لە نێوان ڕەخنەسازی و شێوازگەراییدا. زۆرجاریش پێوەرێکی راستەقینەیە بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دیاردە ڕۆشنبیرییەکان بە تایبەتی ئەوانەی پشت بە بیری ڕەخنەیی دەبەستن. بۆ ڕوونکردنەوەی بنەماو ڕەهەندەکانی ئەم هونەرەو دەستنیشانکردنی شوێنی لە نێو ڕەخنەی ئەدەبیدا، بە پێویست زانرا سەرەتاکانی پەیدابوون و پەرەسەندنی لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا باس بکرێت.

هەرچەندە ئایرۆنی زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە، بەڵام مێژوویەکی دێرینی هەیەو هەنگاوە سەرەتاکانیشی لە نێو کارە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی چەندین نووسەرو بیرمەندانی یۆنانی دێرینەوە دەستپێدەکەن. جێگیربوونی لەسەر ئاستێکی بالای ڕەخنەییدا ((دەگەڕێتەوە بۆ سالانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم، کاتێک

[1] د. نبيلة إبراهيم، فن القص في النظرية و التطبيق، دار قباء للطباعة - مكتبة غريب، القاهرة د. ت، ص٢٠٦، ف١.

پێشەنگەکانی ڕێبازی ڕەخنەی نوێ بایەخێکی باشیان پێ دەداو بنەماکانی چەمکەکەی لە نێو کارەکانیاندا گەیشتبووە ڕادەیەکی باشی گەشەکردن))[1].

لە نێوان ئەم جێگیربوونەو ئەو سەرەتایەدا کەڵەکەبوونێکی مەعریفی فرە لایەنی لەبارەی چەمکی ئەم زاراوەیە دروست بووە، کە ڕاستەخۆ پێوەندی بە جۆرو ئەرك و کاریگەرییەکانییەوە هەیە، بۆیە بە پێویست زانرا ڕوونکردنەوەیەکی کرۆنۆلۆژی لەبارەی وێستگە گرنگەکانییەوە بکرێت.

لە دەستنیشانکردنی بنەما مێژووییەکانی ئایرۆنی و گەشەکردنی لە هەر قۆناغێکدا پێویستە ئەم دوو خاڵەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

ئا- دۆزینەوەی وشەی ئایرۆنی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی یۆنانی کۆن. دواتر لێکدانەوەی ماناو جۆرەکانی لە نێو ئەدەبیاتی ئەوروپاییدا گەشەی کردووە، بۆیە پێویست ناکات ئەو هەموو زاراوەو دەستەواژانەی پێوەندییان بە ئایرۆنییەوە هەبووە باس بکرێن و لە نێو تەوەرەکانی فەلسەفی و ڕەخنەییدا لێك بدرێنەوە.

ب - تێکەڵ نەکردنی فۆرم و ئەرك و کاریگەرییەکانی ئایرۆنی لەگەڵ هونەرەکانی دیکەی ئەدەبی، بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی لێك بدرێتەوە.

بەپێی ئەم هەردوو خاڵەی سەرەوە تەنیا مێژووی ئایرۆنی لەبەرچاو دەگرێت و بەپێی پێویستیش خاڵە گرنگەکانی لە نێو دوو لایەندا شیدەکرێنەوە، کە ئەوانیش لایەنی فەلسەفی و لایەنی ڕەخنەی ئەدەبییە:

## تەوەری یەکەم: لایەنی فەلسەفی

لە سەرچاوە فەلسەفییەکاندا، ڕاستەوخۆ باس لە مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی ئایرۆنی ناکرێت، بەڵام لە میانی کارەکانی چەندین بیرمەندو

---

1 D.C. Muecke, Irony, 1st ed., London, 1970, P.19, Par.1.

فەیلەسوفدا هونەری ئایرۆنی وەکو ئـامرازێکی ڕوونکردنـەوە یـان شـێوازێکی گفتوگۆکردن بەکارهاتووە.

ئـەفلاتوون (٤٢٨-٣٤٨پ.ز) وشـەی (ئایرۆنیـا – Eironeia) لـە کتێبـی (کۆمار)دا بەکارهێناوە[١]، کە تێیدا ئەم وشەیە وەکو نازناوێـك* تراسـیماخس کە ((یەکێك لە قوربانییەکانـەو دەداتـە پـاڵ سـوقرات))[٢]. لـە((گفتوگۆکـانی ئەفلاتووندا سـوقرات خـۆی ڕۆڵـی ئـایرۆن دەگێڕێـت و هەڵوێـستێکی نـەزان و گەمژە وەردەگرێت. لـە سـەرەتاوە بـە پاکانـە هەنـدێك پرسـیاری سـاویلکەو سادە دەکات بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی تووشی هەڵوێستێکی لاواز بکـات و لـە کۆتاییـــدا ئـــەو ڕاســـتییەی کـــە دەیـــەوێت بـــسەلمێنێت بـــە ســـەریدا دەسەپێنێت))[٣].

کەواتــە وشــەی ئایرۆنیــا وەکــو دیاردەیــەکی دەربــڕین لــە نێــو کــارە فەلسەفییەکانی یۆنانیدا هەبووە پێش ئەوەی زاراوەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت یان لە نێو چەمکێکی تایبەتدا پێناسە بکرێت. ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیـەنێت کــە نووســەر و فەیلەســووفەکانی یۆنــان هەســتیان بــە کاریگەرییەکــەی نەکردبێت. هەرچـەندە ((لەسـەردەمی (ئارسـتۆتالیس ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) ئـەم

---

١ أفلاطون، الجمهوريـة ، ت: حنـا الخبـاز، مطبعـة بابـل، بغـداد ١٩٨٦، ص٢١، ف٣./ لـە زمـانی عەرەبیدا وشـەی (Eironeia) بـە (الـتهكم) دانـاوە، بـۆ نموونـە (إنهـا إحـدى مظـاهر الاتـضاع التهكمي..). بەڵام لە چاپە ئینگلیزییەکاندا وەکو ئەوەی لـە لایـەن (Benjamin Jowett) یـان (G.M.A.Grube) ئـەنجامیان داوە، وشـەی ( Eironeia)ی یۆنـانی هـەر بـە وشـەی (Irony) وەگێڕاوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی بۆ نموونە:
لەم ڕستەدا(that's your ironical style!...). بڕوانە:
.(Plato, The Republic, http://www.idph.net, P.188,Par.7 )

* زۆر جاریش ئەم نازناوە (ئایرۆنیا)، گوزارش لە نیازپاکی ئەو خەڵکە دەکات کە بە بێ ئاگادارییـان کەوتوونەتە نێو کێشەیەکەوە.

2- Claire Colebrook, Irony, Routledge, New York 2003,P.2,Par.1.

3- J.A. Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books ,1997, P.335-336.

حاڵەتـە بـە مانـای ئـایرۆنی وشـەیی هـاتووە))[1] و هـەر خـۆی لـە کتێبـی (دوانده‌ری)دا بە درێژی بۆچوونەکانی لەبارەی مەبەست و شێوەکانی ئایرۆنی باس کردووەو لە نێو زاراوە ڕەوانبێژییەکانی وەکو "ستایش و خوازە و توانج پۆشی و تەشـەرە" دا شـیکردۆتەوەو بـۆ هـەر یـەکێکیان چـەند نموونەیـەکی هێناوەتـــەوە[2]. لـــە کتێبـــی "هونـــەری شـــیعر" یـــشدا و لـــە ناســـاندن و شیکردنەوەی تراژیدیادا باس لە حاڵەتێکی هونەری دەکـات کـە بـە (ئـایرۆنی ڕووداو) دەچێت و بە کرۆکی ئەنجامدانی کاری تراژیدی دایدەنێت بـێ ئـەوەی بە ئایرۆنی ناوییبـات. زاراوەی (وەرچـەرخان) یـش بـە ڕەگـەزێکی سـەرەکی تراژیدی دادەنێت و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و نموونەیشی بۆ دێنێتەوە ((وەرچـەرخان گۆڕانــە لـە بارێکـەوە بـۆ بـارێکی پێـچەوانە کـە... لەگـەڵ دەستووری شیان، یان ناچاریدا بگونجێ. بـۆ نموونـە لـە (ئۆدیپـۆس) دا ئـەو تەتـەرەی هـات بـۆ ئـەوەی خۆشـی بخاتـە دڵـی ئۆدیبـوس و ئـەو ترسـەی لا بڕەوێنێتــەوە کـە بەرانبـەر بـە دایکـی هـەیبوو، کـاتێ ئۆدیپۆسـی لـەبارەی لەدایکبوونی ئاگادار کردەوە، کارێکی تەواو پێچەوانەی لێ کرد))[3].

ئەگەر ئایرۆنی بۆ کۆمـەڵێکی وەکـو یۆنـانی کـۆن - کـە شـارە بـچووکەکانی خۆیـان لـە هێـزە گـەورەکانی دەوروبـەر دەپاراسـت - شـێوازێکی پێویـست و گرنگ بوو بێـت، بـە هـەمان شـێوە ئـەم حاڵەتـە بـۆ هـەر کۆمەڵگەیـەکی کـە چـاوەڕوانی ئاڵۆزییـە ناکاوەکـان دەکـات، بـە شـتێکی گـرنگ و پێویـست دەزانرێت[4].

---

[1]- D.C. Muecke , Irony , P.14.Par.2.

[2] أرسطو، الخطابة، ت: د، عبدالرحمن بدوي، مطابع الرسالة، بغداد ١٩٨٠. / لـەبارەی ستایـشەوە بڕوانە: ( ل١٧٥، پ٣) و لە بارەی خوازەوە (ل١٧٦، پ٤) و لەبارەی تـوانج پۆشـییەوە (ل٢٢٦، پ٢) و لەبارەی تەشەرەوە(ل٢٥٥، پ١).

[3] ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٤٣، پەر١.

[4]- Claire Colebrook, Irony, P.2 ,Par2, .

لەسـەردەمی ڕۆمانییەکانیـشدا دوو بیرمەنـدی گـەورە (مـارکۆس شیـشرۆن ١٠٦-٤٣پ.ن) و (کوینتیلیانۆس ٣٥-٩٥ن) ڕۆڵیان لە پەرەسـەندنی ئایرۆنیـدا هەبووە، وەکو لایەنێکی گرنگی ڕەوانبێژیی بایەخیان پـێ دەدا، ڕەوانبێـژیش کرۆکی هونەری دواندەری بوو، دواندەریش سیمای بـیری ڕۆمـانی بـووە. لـەم ڕووەوە ئـایرۆنی ((سـێ ئـەرکی هـەبووە: ڕوون و ئاشـکرایی یاسـایی لـە بـارودۆخی سیاسـیدا، جـوانکردنی وشـەکان بـە مەبەسـتی بـەکارهێنانیان لـە بەرگری کردندا، ستایشی باش بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵکەکە بهێنن))[1].

لەسـەدەکانی ناوەڕاسـت و دواتـر لەسـەردەمی ڕێنیسانسیـشدا هـزری ڕۆژئـاوایی لـەژێر کاریگـەری بۆچـوونەکانی کوینتیلیانۆسـدا بـوو. لایـەنی ڕەوانبێژی زاڵ بـوو. جـەخت لەسـەر فـۆرم دەکـرا. لـەو ماوەیـەدا ((ئـایرۆنی مـۆرکێکی سـادەی وەك نموونـەکانی هـۆمیرۆس و ڤـەرجیل و کوینتیلیـانۆس وەرگرتبوو. دواتر بەرهەمە فەلسەفییەکانی یۆنـان بڵاوکراونـەوەو کارەکـانی شیشرۆن بە تەواوەتی کەوتنە بەر دەست، ئایرۆنی سوقراتیش سـەری هەڵدا کـە ڕاسـتەوخۆ پێوەنـدی بـە چـۆنیەتی بـەکارهێنانی زمانـەوە هەیـە کـە بـە شێوەیەکی وردو بلیمەتانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت))[2].

لـەدوای سـەردەمی ڕێنیسانسیـشدا، چـەمکی ئـایرۆنی پـەرەی سـەندو جۆرەکانیـشی بـەپێی جیاوازییـەکانی دیدگـەو سەرچـاوە فەلـسەفییەکانەوە پەیدا دەبوون. بۆ نموونـە ((بۆچـوونەکانی (ئیمانۆییـل کانـت- Emmanuel Kant) ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پەیدابوونی ئایرۆنی ڕۆمانسیدا هەبووە، چونکە کاری لەسەر بیرۆکەی کێشەی کۆتاییـەکان و ناکۆتاییـەکانی دەکـرد، هـەوڵی سەلماندنی دیالێکتیکی وێنە ژێرییـەکانی دەدا))[3]. ئەمـەش کـارێکی ئاسـان

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل٧، پ٢.

[2] . Claire Colebrook, Irony, P .7,Par.1.

[3] م. روزنتال و ب. يودين، الموسوعة الفلسفية، ت: سمير كرم، ط٣، دار الطليعة للطباعة والنشر، ١٩٨١، ص٣٨٨.

نییــە، چــونکە دەکەوێتــە نێــو بــەراوردکردنێکی دوو لایەنــەی (ژیــر) و (سروشت)داو ((بەکارهێنانی تیۆرییانەی ژیر (ئەقڵ)، سەبارەت بە سروشـت، بوونی هۆکارێکی بالأی ئەوپەڕی ناچارەکیی جیهانی لێدەکەوێتەوە. هەروەها بەکارهێنانی پراکتیکییانەی ژیر، سـەبارەت بـە ئـازادی، ناچـارییەکی ڕەهـای لێدەکەوێتەوە))[1] کە هەردووکیان هاوکێشەیەکی دژیەك دروست دەکەن و لە هاوسـەنگی ڕاگرتنیانـدا پـشت بـە لێکدانەوەیـەکی ئـایرۆنی دەبەسـتن، بـەم شێوەیە دیار دەبێت کە ((هونەری ئایرۆنی پێوەنـدی بـە فەلـسەفەوە هەیـە، زاراوەکەشـی لـە چوارچـێوەیەکی فەلـسەفیدا پەیـدابووەو گەشـەی کـردووە. فەلسەفەی نوێی تیـۆری (کانـت) و هـەروەها ڕەخنـەی نـوێش لـە بنـەماکانی ئایرۆنییان دەکۆڵییەوە))[2]. هەر لەم ڕووەوە (دیڤید ئالیسۆن) نوێخـوازی لـە ئایرۆنیـدا دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ((ڕۆمانـسییەتی ئـەڵمانی کـە لـەژێر کاریگـەری فەلسەفەی ئیمانۆییـل کانـت (١٧٢٤-١٨٠٤)ەوە پەیـدابووەو جـەخت لەسـەر چۆنیەتی گواستنەوەی ڕۆمانسییەت لە قۆناغە یەك لە دوا یەکـەکانی دەکـات بە تایبەتی لە ئایدیالیستییەوە بەرەو میتـافیزیکی، بـەو پێیـەی کـە ئـەوەی پێمان دەگوت ئایدیالیست ناکرێت بەرەو ڕێبازێکی ستاتیکی بڕوات ، ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەزموونگەری لە گێڕانـەوەدا یـان بیرکردنەوەیـە لـە کاتی هۆشیاریدا))[3].

---

[1] ئیمانۆییل کانت، دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار، و: د. حەمید عەزیز، چ١، چاپخانەی ئـاراس، هەولێر ٢٠٠٧، ل١٢٧، پ٢.

[2] أمل نصير، المفارقة في كافوريات المتنبي – قرأءة في نصوص مختارة، مجلة أبحاث اليرمـوك، مـج١٥، ع ٢، ١٩٩٧، جامعة اليرموك، اربد، ص١٢، ف٢.

[3] - Dived Elison, Ethics And Aesthetics In European Modernist Literature – From the Sublime to the Uncanny, Cambridge University Press,UK, 2004.

فریدریك هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) ئەو بیرمەندە بوو کە ((سنوورەکانی لە نێوان ژێرخـان و سـەرخاندا لابـرد))[١]. پوختـەی بۆچـوونە فەلسەفییەکانیـشی لـە دیالێکتیکدا کۆدەبێتەوە، کـە ((دیالێکتیـك وەکـو تەوەرێکـەو هـەموو بابەتـە فەلسەفییەکانی دیکە لە دەوری دەسـوورێنەوە، هـەر بابـەتێك پێـچەوانەکەی هەیەو هەر کێشەیەکیش پێچەوانەی خۆی هەیە، بەڵام ئەم هەردوو پێچەوانانە بەرەو یەکگرتن و تێکەڵبوون دەچن بۆ ئەوەی لە کێشەیەکی سـێیەمدا یـەکتر بگرنــەوەو هــەڵگری پێــچەوانییەکانیان بــن))[٢]. هیگـڵ لــەبارەی ئایرۆنییــە پێویـستییەکانی مێژووییـەوە لـەو باوەڕەدایـە کـە ((هـەر کاکڵـە ناوەکییـەك خراوەتەڕوو وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ڕۆشنبیرییە پێـشکەوتووەکان لـە خستنەڕوو و دۆزینەوەی ئەو کاکڵەدا پێویستیان بە گۆڕانکاری لە دەربـڕین و شێوەدا هەیە))[٣].

هــەر بــەردەوام بــوون لــەژێر کاریگــەری (کانــت)دا، گرووپــی پێــشەنگە ئەڵمانییەکانی فەلـسەفەی ڕۆمانـسی، برایـانی (فریـدریك شـلیگێل و ئۆگـست ڤیلـهم شـلیگێل) و( لـدفیك تیـك) و (کـارل زولگـەر) بۆچـوونی وردو قووڵیـان لەبارەی ئایرۆنی ڕۆمانـسییەوە دەربـڕی[٤]. ئـەم بۆچـوونەش دەمانگەیەنێتـە ئـەو ئاکامـەی کـە ((لـە کۆتـایی سـەدەی هەژدەهــەم و سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەمــــەوە، زاراوەی ئــــایرۆنی ڕۆمانــــسی لەلایــــەن فرێــــدریك شلیگێل(١٧٦٧-١٨٤٥) و نووسەرە ئەڵمانییەکانی دیکـەوە ناسـرا بـۆ ئـەوەی

---

١ هەمان سەرچاوە ، ل٣، پ١.

٢ د. نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث – دراسة في مذاهب نقدية حديثة و اصولها الفكرية، جمعية عمال المطابع التعاونية، ط١، عمان١٩٧٩، ص١١٨، ف١.

٣ جورج لوكاش، الرواية التأريخية، ت: د. صالح جواد الكاظم، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت ١٩٧٨، ص٧٥، ف٢.

4- Lilian R. Furst, Fictions of Romantic Irony, Harvard University Press,1984, P.23-48.

ئاماژه به جۆرێك له نووسینی شانۆیی یان چیرۆكی بكەن))[1]. به تایبەتی كه (( فریدریك شلیگێل بۆچوونەكەی بەپێی دیدگەیەكی فەلسەفی بنیات نابوو و لەو باوەڕەدا بوو كه سروشت تەنیا بوونێك نییه و بەس، بەڵكو دروستبوونێك و كردەوەیەكی جەدەلییە. قانوونەكەیشی دروستبوونێكی بەردەوام و لە هەمان كاتیشدا لەناوچوونێكی بەردەوامە. مرۆڤیش شێوەیەكی خولقێنراوەو دەكەوێتە ژێر ئەم قانوونە كه لەسەر خولقاندن و لەناوچوون بنیاتنراوە))[2]. گرنگترین شتیش له مرۆڤدا ئەقڵ و زمانە، كه دوو كردەوەن و له یەكتر جیاناكرێنەوەو ئەوەندە تەبا و هاوجووتن، كه دەكرێت زمان به بەشێكی ڕەسەن له بنیاتی بیركردنەوە دابنرێت[3]، بۆیە ئەو بایەخەی به ئامرازی دەربڕین دەدەین پترە له بەها بنەڕەتییەكەی خودی هزرەكان[4].

لەگەڵ بۆچوونەكانی (سۆرین كیركیگورد)[*] ئایرۆنی بێهودەیی پەیدابوو، كه به ڕاشكاوی ڕەخنەی له هیگڵ دەگرت و هەوڵەكانیشی لەبارەی لێكدانەوەی مانای (بوون) ڕەت دەكردەوە. ستایشی كارەكانی سوقراتی دەكرد كه دامەزرێنەری خود و تیۆری ئاكاری بوو[5].

---

1- H.Abrams, A Clossary of Literary Terms, P.137, Par.3.

٢ خالد سليمان، نظرية المفارقة، مجلة أبحاث اليرموك، اربد، مج٩، ع٢، ص٦٣، ف٣.

٣ ويليام. ك. ويمزات و كلينث بروكس، النقد الأدبي ـ تأريخ موجز، ت: د. حسام الخطيب و محي الدين صبحي، المجلس الأعلى لرعاية الفنون و الآداب و العلوم الإجتماعية ، مطبعة جامعة دمشق، دمشق ١٩٧٤، ص٣٦٢، ف١.

٤ سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٣، پ١.

(*) سۆرین كیركیگورد (١٨١٣- ١٨٥٥) فەیلەسووفێكی دانیماركی بوونگەرایی بوو. زۆربەی بەرهەمەكانی بۆ شیكردنەوەی بوون تەرخان كردبوو. (مجموعة مؤلفين، المنجد في الأعلام، ط١٢، دار المشرق، بيروت١٩٨٦، ص٦٠٣، عم٢، ف٥).

٥ صالح محمد عبدالله محمد، المفارقة الروائية — الرواية العربية نموذجاً، (اطروحة دكتوراه)، كلية التربية ـ جامعة الموصل، ٢٠٠١، ص٢٦، ف٦.

گەلێك لە نووسەران لەو باوەڕەدان کە لە سەدەی نۆزدە و بیستەمیشدا ، کەسایەتی مرۆڤی ڕۆژاوایی خۆی لە نێو ئایرۆنی سوکراتیدا دەدۆزییەوەو توانای ئەوەی هەبوو کە بەها و چەمکەکانی ڕۆژگار قەبوول نەکات و بەردەوام لە پرسیارکردندا بێت، بۆیە لەو سەردەمەدا فەلسەفەو ئاکارو هۆشیاری تاکیش بە دیدگەیەکی سوقراتییەوە لەدایك دەبوونەوەو لەم سۆنگەیەوە زاراوەی ئایرۆنی گرنگی و کاریگەری خۆی هەبوو و بە کرۆکی هۆشیاری ڕۆژاوایی دادەنرا[1]. لە میانی سەدەی بیستەمدا بۆچوونە مارکسییەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە چەسپاندنی بنەما فەلسەفییەکانی ئایرۆنیدا، بە تایبەتی کە جەختیان لەسەر لایەنەکانی ماتیریالیزمی دیالێکتیکی و ماتیریالیزمی مێژوویی دەکردەوە، کە هەردووکیان پشت بە قانوونەکانی جوولانەوەو هاودژی دەبەستن[2]. ئەم بۆچوونەیان لەو سەرچاوەوە هاتووە، کە ((هونەر خۆی دابەشکاریی کارە، دابەشکارییەك کە لە قۆناغێکی تایبەتی کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی جیابوونەوەی کاری مادی لە کاری هزری و هەر بۆیە تاقمێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەند بەدی دەهێنێت کە تا ڕادەیەك لە ئامرازی مادیی بەرهەم هێنان جودا کەوتوون))[3]. ئەم بۆچوونەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەبوونی مادە لە پێش هۆشیاری ئینسان دێت. کەواتە چالاکییەکانی هەمیشە لەژێر کاریگەری پەرەسەندنی ماددەدایە. ئەم حاڵەتەش پڕە لە هاودژەکان کە پانتاییەکی لەبار بۆ گەشەکردنی هونەری ئایرۆنی دروست دەکات.

---

1- Coire ColeCebrook, Irony, P.7,Par.2 .

٢ صالح محمد عبدالله محمد، المفارقة الروائية – الرواية العربية نموذجاً، مصدر سابق، ص٢٧--٢٨.

٣ تیری ئیگلتۆن، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨، ل١١٤، پ٢.

## تەوەری دووەم: لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی

ئایرۆنی وەکو دیاردە لە نێو داستانە کۆنەکانی یۆنان، بە تایبەتی داستانی ئۆدیسەی هۆمیرۆس(ناوەڕاستی سەدەی نۆیەم پ.ز) دەبینرێت ، کە لە زۆر شوێنی داستانەکەدا ئایرۆنی وشەیی یان ئایرۆنی بارودۆخی بەکارهاتووە[1]. دواتر وەکو تەکنیکێکی گرێچنی بووەتە بنەمایەکی سەرەکی لە شانۆنامەکانی سۆفوکلیس(٤٩٦-٤٠٦پ.ز) و یۆربیدس(٤٨٠-٤٠٦پ.ز) دا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ((لە نێوان دانەرانی شانۆی کۆن و نوێدا، کەس نەبووە بتوانێت وەکو سۆفوکلیس بە شارەزایی ئەم شێوازە تەنز ئامێزە لە نووسینە درامایییەکانیدا بەکاربێنێت. مەبەستمان نەخشەکێشانی دیمەنەکانە کە بە تەواوەتی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئایرۆنییە تراژیدییەکانەوە ناواخن کرابن))[2]. بەڵام تا ئەو کاتەش هونەری ئایرۆنی لە چوارچێوەی هیچ دەستەواژەیەکدا ناونەنرابوو.

شانۆنامە کۆمێدییەکانیش بەدەر نەبوون لە بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەت و دەربڕینە ئایرۆنییەکاندا. بۆ نموونە (ئەرەستۆفانیس ٢٥٨-١٨٠پ.ز)[3] یەکێك لەوانە بووە کە ((لە شانۆنامە کۆمێدییەکانیدا وشەی ئیرۆنییا لە جیاتی درۆکردنێکی ئاوێتەیی دووڕوویی بەکارهاتووە، دواتر بۆ دۆخێکی دووڕوویی پێگێریکراوی هاتووە کە هەڵخەڵەتاندنی تێدا نەبێت ،

---

[1]-D.C ,Muecke Irony ,P.13, Par.4.

[2] د. أحمد عتمان، الشعر الأغريقي ـ تراثاً إنسانياً و عالمياً، مطابع الرسالة، الكويت ١٩٨٤، ص٢٧٥، ف٢.

[3] ئەرەستۆفان لە ڕەخنە داشۆرینەکانی میانڕەو بوو، تەنیا لە داشۆرینی (کلیۆن)ی سیاسی و (یۆریپیدیس)ی شاعیر نەبێ. لە سیاسەتدا لایەنگری ئورستوکراتیەت بوو، زۆر بەرگری لە ئاشتی دەکرد. هەمیشە داوای ئاشتبوونەوەی ئاتین و ئەسپرتەی دەکرد، لە سیاسەت و ئەدەب و ئایین و مۆسیقادا پارێزگار بوو، دژی نوێخوازەکان بوو./ بڕوانە: (ئەرەستۆ، هونەری شیعر ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢، پەر٤، پ٢).

بەڵكو بە ڕاشكاوی دەربڕێت و تێكەڵكێشی گیروگرفتێكی سیاسی بووبێت و مانایەكی مرۆڤایەتی ببەخشێت. كێشە ئایرۆنییەكانیش كە تێكەڵی كێشە سیاسییەكان دەكران لە پێناوی ئەوە بووە كە: چۆن بزانین مەبەستی ئەوانی بەرانبەر چییە؟ لەسەر چ بنەمایەك دەتوانین ڕاستی و دروستی ئاخاوتنەكانیان بسەلمێنین ؟))[1].

لە ئەدەبی ڕۆمانیشدا ماركۆس شیشرۆن لە كارە ڕەوانبێژییەكانیدا بە شێوەیەكی وردو فراوان باس لەم لایەنە گرنگە دەكات و سروشتی پێچەوانخوازی ئایرۆنی دەستنیشان دەكات. لەم بارەوە ((ماریك فینلی (Marike Finley) بیروڕاكانی شیشرۆن لە سێ شێوەدا كورت دەكاتەوە: شێوەی یەكەم شێوەیەكی ساكارەو لەو دۆخەدا خۆی دەنوێنێت كە گۆڕان لە ڕامانی قسەكردندا دەكرێت. شێوەی دووەمیش ـ تا ڕادەیەك ـ جەخت لەسەر مانایێكی جیاواز لە تێگەیشتنی وەرگردا دەكات. شێوەی سێیەمیش شێوەیەكی ئاڵۆزترەو ڕاستەوخۆ ئەركی ئایرۆنی دەستنیشان دەكات و هەموو لایەنە مەبەستدارەكانی خاوەنی ئایرۆنی دەخرێنەڕوو، ناكرێت ئایرۆنی بە شێوەیەك كورت بكرێتەوە كە تەنیا پێچەوانەیەكی بنیاتی بێت لە پێكهاتەی ڕستەدا))[2]. دواتر مانای ئایرۆنیا لە مانا یۆنانییەكەی جودا بووە كە زیاتر جەختی لەسەر دادپەروەری و شتە پیرۆزەكان دەكرد. كوینتیلیانۆس مانایەكی هاوبەشی لە نێوانیاندا زیادكرد كە شێوازێكی ڕەوانبێژییە و هەموو لایەنەكانی گفتوگۆ دەگرێتەوەو بەو چەمكەی شیدەكاتەوە، كە گفتوگۆیەكەو بە وێنە ڕەوانبێژییەكان ڕازاوەتەوە[3]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە ((ئایرۆنیا قسەیەكەو ئاماژە ڕاستەقینەكەی خۆی لە ژێر وشەكانییەوە هەڵدەگرێت. كوینتیلیانۆس زیرەكانە باس لەم لایەنە دەكات و پەیڕەوكردنیشی بۆ سێ

---

[1]- Cloire Colebrook , Irony,P.1, Par.2.

[2] خالد سليمان، نظرية المفارقة، مصدر سابق، ص٥٩-٦٠.

[3]- D.C.Muecke,Irony,P.15, Par.3.

هۆكار دەگەڕێنێتەوە: كاتێك بە ڕاشكاوی لە ئەنجامەكانی قسەكردن دڵنیا نەبێت، یان ئەنجامدانی ئەو كارە شتێكی ماقووڵ نەبێت ، یانیش تەنیا بۆ ڕازاندنەوە بێت. ڕەوانبێژی ئەندێشەیی لە دوانددەریدا هۆكاری یەكەم پەسەند دەكات و نموونەكەشی ئەوەیە كاتێك قسەكەر لەگەڵ دكتاتۆرەكان دەدوێت، بەڵام كۆینتیلیانۆس یەكسەر ئاماژە بەوە دەكات كە ئەو دەسەڵاتەی قسەكەر لێی دەترسێت هەست بەو نهێنییە دەكات، بەو تەمومژاوییە ڕازی نابێت هەر وەكو چۆن بە ڕەخنەی ڕاشكاویش ڕازی نییە))[1].

بۆ ماوەیەكی درێژ تا دەگاتە سەدەكانی ناوەڕاست سەرچاوە كۆنەكان لە بەردەستدا نەمابوون، بۆیە ئایرۆنی زیاتر لەنێو دواندن و گوتارە سیاسییەكاندا بەكاردەهات[2]. لە سەردەمی ڕێنیسانسیشدا نووسەران گەڕاونەتەوە بۆ بەرهەمە یۆنانی و لاتینییەكان و سوكراتیان بە (Ironist) وەسف دەكرد. دواتر مانای ئەم وشەیە فراوانتر بوو تا گەیشتە ئەوەی كە گوزارشت لە كەسایەتییەك بكات[3].

تا سەرەتای سەدەی هەژدەم وشەی ئایرۆنی بە شێوەیەكی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا بەكارنەدەهات، هەرچەندە لە ڕووی وشەییەوە زمانێكی دەوڵەمەند بووەو چەندین وشەی دیكەی بەكاردێنا كە هەمان مانای (ئایرۆنی) یان هەبوو، وەكو: ((تەوس لێدان* – fleer، گاڵتەپێكردن ـ flout ، قسەی بێ

---

[1] إلين فانثام، النقد اللاتيني في العصر الامبراطوري المبكر، ت: ماجدة النويعمي، بحث منشور في موسوعة كمبريدج في النقد الأدبي (١- النقد الآدبي الكلاسيكي ) ، تحرير جورج كينيدى ، ت: منيرة كروان و آخرون ، المجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة ٢٠٠٥، ص٥١٦، ف٣.

[2].Cloir Colebrook,Irony , P.1, Par,2.

[3].Cloir Colebrook,Irony , P. 8.

* جگە لە وشەی (تەوس لێدان ـ fleer) كە لە نێو (فەرهەنگی ئازادی)دا نەبوو، ئەوانی دیكە بەپێی ڕیزبەندی وشەكان لەو فەرهەنگەوە وەرگیراون. / بڕوانە:

(د. حەمە ڕەشید قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی ـ كوردی، چ١، دەزگای چاپ و نەشری إحسان، ب. ش ٢٠٠٩، ل٣٩٥، ئەس١، پ٣/ ل٤٩٨، ئەس٢، پ٢٣/ ل٥٩٥، ئەس٢، پ١٦/ ل٨٧٠، ئەس١، پ٢٢/ ل٨٧١، ئەس٢، پ٧،/ ل١٠٤٨، ئەس١، پ٨).

مانا – gibe، هووها لێ کێشان – jeer ، پێ پێکەنین ـ mock، لاقرتێ– scoff، بە چاوی نزم سەیرکردن– scorn ، تیزپێوەکردن ـ taunt ))[١].

جگە لە ئەدەب ، ((هەر لە ساڵی (١٥٠٢)ەوە ، وشەی (yronye ) لە لایەن شارەزایانی زمانیشەوە لە ڕێزماندا بەکارهاتووە، لە ساڵی (١٥٧٩)دا وشەی ئایرۆنی لە دێڕە شیعرێکی چامەی (ئۆکتۆبەر لە ساڵنامەی شوانەکە)ی E.K دا، بەم شێوەیە هاتووە:

an <u>ironical</u> sarcasmus spoken in derision))[٢]

دواتر لە کتێبی ( پوتەنهام ) بە ناوی " هونەری شیعری ئینگلیزی"دا، کە لە ساڵی (١٥٨٩) دەرچوو بوو، وشەی"ئایرۆنیا Ironia" بە دەستەواژەی (توانج لێدانی ڕەق) لێکدراوەتەوە**.

بە پێی بۆچوونی نۆرمان نۆکس ئایرۆنی لە کلاسیکییەتی ئینگلیزیدا بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە:

١ـ لە سەدەی شازدە، کەم جار ئایرۆنی لە نێو فەرهەنگ و لە ڕەوانبێژی کلاسیکی ئینگلیزیدا بەکارهاتووە، کاتێك بەکاریش هاتووە، لە ڕێگەی زاراوە فەرەنسیەکەیەوە "Ironie" مانا لاتینیەکەی ڕوون دەکرایەوە.

٢ـ لەسەدەی (١٧)یەمدا ، ئەم وشەیە لە سیاقدا بەکاردەهات ، بەڵام وشەیەکی میللی باو نەبوو، تەنانەت لە گوتارە ئەدەبییەکانیشدا نەدەبینرا.

---

[1] D.C.Muecke, Irony ,P.15-16.

(لێرەدا ئەوە تێبینی دەکرێت، کە ئەو سەروبەندەی لەبارەی ئایرۆنییەوە ، لەو سەردەمەدا لە زمانی ئینگلیزیدا هەبووە. ئێستا حاڵەتێکی هاوشێوەی ئەو لە نێو زمان و ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت ، کە هێشتا لە ڕووی زاراوەو چەمك و کاریگەرییە ڕەخنەییەکانییەوە بە دروستی لێك نەدراوەتەوە. کەواتە ئیش و کارێکی زۆری دەوێت تاکو ئایرۆنی لە نێو ئەدەبی کوردیدا جێگیر ببێت).

[2] J.A. Cuddon, A Dictionary of Literary Terms P.336, Par.3.

** بڕوانە: (D.C.Muecke, Irony, P.16, Par.1.).

٣ـ له سەرەتای سەدەی هەژدەمەوە ئایرۆنی بە شێوەیەکی فراوان هاتۆتە نێو ئەدەبی ئینگلیزیەوە، لە نێوان سالآنی (١٧٢٠–١٧٣٠) لە نێو ئەدەبیات و لێدوانە گشتییەکان و بلآوکراوەو فەرهەنگەکانیشدا بەکاردەهات[1]. بەلآم تا ئەو کاتەش زاراوەی ئایرۆنی لەگەلّ زاراوەکانی دیکە (ساتیر، نوکتە...) جیانەکرابووەو بۆ هەندێك مەبەستی هاوشێوەی ئەوان بەکاردەهات[2]، لەوانە (جۆن . درایدن) وەکو داشۆرینێکی ئەرێنی بەکاری دەهێنا[3].

لە کۆتایی سەدەی هەژدەم ئۆگست شلیگێل سروشتی ئایرۆنی بارودۆخی دۆزیوەتەوەو جەختی لەسەر هاوسەنگی نێوان پێداگرتن و کۆمێدییەکاندا دەکرد، نموونەکانیشی ئەو گرێچنییە لاوەکییانە بوون کە لە سەردەمی ئەلیزابێس و بە تایبەتی لە شانۆنامەکانی شکسپیردا هەبوون و بە هۆی هاودژییەکانی نێو کۆمیدییەکاندا رۆلّی ئایرۆنی بارودۆخی پتەوتربوو[4].

بەپێی بۆچوونی ئالیسۆن ئەم یەکتربڕی و تێکهەلّکێشییە لە دەقەکاندا، کە لەنێوان ئەوانەی لە لایەنی فەلسەفی و تیۆرییەوە بالآدەستن وەکو( کانت، نیتشە، فرۆید) و ئەوانەی لە بوارەکانی ئەدەب و خەیالّدا کاردەکەن وەکو

---

[1] Norman Knox , The Word Irony and It's Context 1500-1755 , Duke University Press Durham, North Carolina 1961, P.24, Par.2

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٣٨، پ١.

[3] D.C.Muecke, Irony,P.15, Par.3.

[4] J.A.Cuddon, , A Dictionary of Literary Terms, P. 337, Par.2.

Dived Elison, Ethics and Aesthetics in European Modermist Literature,P.i, Par.1.

لەمیانی بەراوردکردنی ژیان و بەرهەمەکانی هەردوو گرووپ، ئەم ڕاستییە زیاتر ئاشکرا دەبێت، کە بە کورتی باس دەکەین: کانت (ئیمانۆئیل کانت١٧٢٤-١٨٠٤) فەیلەسووفێکی ئەلّمانی بووەو، لە فەلسەفەکەیدا (ئەقلّ لە ناوەندی بوون دا) دادەنێت و، لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەقلّ لە چوارچێوەی تیۆری و پراکتیکی ئاکاردا کاردەکات. / نیتشە (فردریك نیتشە ١٨٤٤-١٩٠٠) فەیلەسووفێکی ئەلّمانی سەر بە ڕێبازی پەرەسەندن بووەو، ژیان لای ئەو ململانێیەکە لە پێناو مانەوەداو، مانەوەش بۆ باشترینیانە./ فرۆید (سیگمۆند فرۆید

(بۆدلێر ، پرۆست، گۆته، کۆنراد، وولف، کافکا) پەرِینەوەیە بۆ بوارەکانی ستاتیکی و ئاکاری، کە دوو ئەرکی سەرەکی ئایرۆنین[1] .

فۆرمالیستە ئینگلیزەکان وەکو ئازرا پاوەند و ئەلیوت و ئەمەریکییەکانیش وەکو کرۆ رانسوم و ئالن تیت و برۆکس نەیانتوانی تیۆرێکی تەواو یان ڕێبازێکی ڕەخنەیی دارێژن ، دواتر (ئای. ئەی. ڕیتشاردز) توانی لە ئەزموونەکانی لە نێوان ئەدەب و دەروونناسیدا بنەماکانی ڕەخنەی نوێ دابنێت و ئەوەش بسەلمێنێت کە ئایرۆنی کرۆکی شیعری سەرکەوتووە ، چونکە ئاماژە بە ئاستەکانی مانا دەکات و بوار بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێت کە بگاتە حاڵەتی هاوسەنگی دەروونی و کێشەکانیشی دەخاتەڕوو[2] . بەپێی بۆچوونی (پۆل دی مان) یش (( دەبێت بیرۆکەی ئایرۆنی بە خوێندنەوەیەکی بنیاتگەرایی و مێژوویی بخوێنرێتەوە، هەروەکو دواخستنی مانایەکە لە نێوان دوو ناسنامەدا))[3] .

لە قۆناغی دوای بنیاتگەراییدا یەکێك لە کارە گرنگەکانی (جاك دریدا) ئەوە بووە کە دەروازەیەك لەنێوان دوو شێوازی ئایرۆنیدا بکاتەوە : ئایرۆنی ساتیری دژ بە ڕێککەوتنێکی ڕێچکەیی دەستنیشانکراوو ئایرۆنی ڕۆمانتیکی

---

[1] پزیشکێکی نەمساوی بوو(١٨٥٦ -١٩٣٩) . قوتابخانەی شیکاری دەروونی دامەزراندووە. / بۆدلێر (شارل بۆدلێر ١٨٢١-١٨٦٧) نووسەر و شاعیرێکە فەرەنسی بوو. توانیویەتی قووڵایی شاعیرییەت و مۆسیقای هۆنینەوە تیکەڵکێشی یەکدی بکات. / بۆست (مارسیل پرۆست ١٨٧١-١٩٢٢) ڕۆمانووسێکی فەرەنسی بووو، لە بەرهەمەکانیدا بایەخ بە لایەنی دەروونی ەدا، شاکارە هەرە گەورەکەی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا)یە. / وولف (تۆماس کلایتۆن وولف ١٩٠٠-١٩٣٨) ڕۆماننووسێکی ئەمریکی بوو، بەرهەمەکانی مۆرکێکی ژیاننامەیی پێوە دیارە. / گۆتە (جۆهان ڤۆن گۆتە ١٧٤٩-١٨٣٢) نووسەرو شاعیرو سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانی بوو. ڕێبازەکەی لەنێوان ڕۆمانسییەتێکی چەپانراو و کلاسیکییەتێکی لۆجیکی هێمندا بوو.

[2] د. میجان الرویلي و د. سعد البازعي، دلیل الناقد الأدبي، ط٤، المرکز الثقافي العربي، الدار البیضاء ٢٠٠٥، ص٣١٣، ف٣.

[3] ولیم راي، المعنی الأدبي من الظاهراتیة الی التفکیکیة ، ت: د. یؤئیل یوسف عزیز، ط١، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد١٩٨٧، ص٢٠٨، ف٣.

کە مەبەستی بیرکردنەوەیە لە دەرەوەی ڕێچکەدا. ئامانجی ئەم دەروازەیەش پەیوەندی بەستنە لەنێوان نووسین و بیرکردنەوەدا، ئینسان ناتوانێت بیر لە ڕاستی بکاتەوە ئەگەر هەست بە سیستەمی ناکۆکییەکان( دژەکان) نەکاتەوە، ئایرۆنیش چەندین دژ دەگرێتە خۆی[1].
بەم شێوەیە لە ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژئاواییدا ، بەپێی پەیدابوون و پەرەسەندنی قوتابخانەو ڕێبازە ئەدەبییەکان بایەخ بە ئایرۆنی دراوەو شوێن و کاریگەرییەکانی لە بڕەودان و فراوانبووندا بووە، هەر وەکو لە لێکۆڵینەوەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و بنیاتگەرایی و هەڵوەشاندنەوە گەراییدا بەدی دەکرێت، کە بە کورتی لە سەرەوە شیکراونەتەوە. دەکرێت ئەم بۆچوونە لە چوارچێوەیەکی تۆکمەتردا لێك بدرێتەوە، کە ئایرۆنی ئامرازێکی گرنگی چاکسازی کۆمەڵایەتییەو بۆ نموونە ((لە ئەدەبی ئینگلیزیدا پانتاییێکی فراوانی هەبووەو ئەدیبانی ئینگلیزیش لە نواندن و گێڕانەوەکانیاندا وێنەی کۆمەڵیان پێشان دەداو ڕەخنەشیان لێ دەگرت، چونکە لە کۆمەڵی ئینگلیزیدا ڕەخنەی نیاز پاك شتێکی پەسەند بووەو ڕای گشتیش قسەی یەکلاکەرەوەی لەمەڕ ڕژێمی حوکمڕانی و داب و نەریتەکان هەبووە))[2]. ئەوەی ئەم بۆچوونەیش زیاتر پەسەند دەکات ئەوەیە کە ((لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە زۆرانەی، کە لە میانی ئەم دوو سەدەیەی دواییدا لەسەر بابەتەکە نووسراون گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ڕامانی زاراوەکەدا دروست کردووە. بۆیە ئایرۆنی وەکو ئامرازێکی زانستی (device) نەماوەتەوە، کە دەربڕینێك بێت لە ماناییێك یان هەڵوێستێك، بەڵکو بووەتە ڕێبازێك(methodology) و هەموو سیماو بنەماکانی ڕێبازێکی زانستیشی

---

[1] Coire ColeCebrook , Irony, P.95.

[2] فخری أبو السعود، في الأدب المقارن و مقالات أخرى، إعداد: جيهان عرفة، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٩٧، ص٦٣، ف٤.

هەیـە))[1]. ئـەم لێكدانەوەیـەش دەمـان گەیەنێتـە ئـەنجامێكی وردتـر كـە: چەمكی ئایرۆنی رۆمانسیی لە سەدەی هەژدەهەمـدا پـەرەی سـەندبوو، و لـە سەدەی نۆزدەهەمدا چەمكی ئایرۆنی بێهوودەیی باو بوو، بەڵام ئەو چەمكەی لە سەدەی بیستەمدا پتر باوبوو دیارە چەمكێكی ئایرۆنی رێـژەیی و نـاجێگیر بـووە و لـەو دیدگەییـەوە سـەیری ژیـانی كـردووە، كـە شـارەزایی ئینـسان دەكەوێتـە بـەر چـەندین شـیكردنەوەی هەمـەجۆر، ناكرێـت تـەنیا یـەكێكیان بەدەر لەوانی دیكە بەدروست بزانرێت[2].

لەئەدەبی عەرەبیدا، ئەم رووبەرەی دەربڕین نابینرێت و كەم جار نموونـەی ئایرۆنی ئاسا لە بەرهەمی هەنـدێك كەڵـە ئـەدیبانی عەرەبـدا بـەدی دەكرێـت، وەكو (مەقامات)ی بەدیعولزەمانی هەمـەدانی[3] و دیـوانی(لـزوم مـا لایلـزم)ی ئـەبوو عـەلای مەعـەڕی[4] و (التوابـع والزوابـع)ی ئـیبن شـەهید[5] و بەرهەمـە داهێنراوەكانی (جاحظ)[6].. هۆی ئەم قەیرانەش دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەوەی كـە كەم جار ئەم هونەرە رەخنەییە ((بـەرەو ئاراسـتەیەكی كۆمەڵایـەتی چـووەو وەكـو مەبەسـتەكانی دیكـەی ئـەدەبی پـەرەی نەسـەندووە، بـەڵكو هـەر لـە بۆچوونێكی تاكە كەسیدا ماوەتەوە، چونكە ئەو حوكمڕانییە تاكڕەوییەی كـە لە دەوڵەتی عەرەبیدا پەیڕەو دەكرا یارمەتیدەر نەبوو كە رەخنە گەشە بكات

---

[1] خالد سليمان، نظرية المفارقة، مصدر سابق، ص٢١، ف٣.

[2] د. سى. ميويك، المفارقة و صفاتها، مصدر سابق، ص١٦٠، ف٢.

[3] تغريد ضياء مشفي الفخري، المفارقة في مقامات العصر العباسي، (رسالة ماجستير)، كليـة الآداب – جامعة المستنصرية، بغداد ٢٠٠٣. ص٥، ف٣.

[4] هيثم محمد قاسم عبدالوهاب، المفارقة في شعر أبي العلاء المعري – دراسة تحليلية في البنية و المغزى، (رسالة ماجستير)، كلية الآداب – جامعة اليرموك، أربد – الاردن ٢٠٠٠م، ص٥٤، ف١.

[5] د. هاشم العزام، المفارقة في رسالة التوابع و الزوابع ـ دراسـة نـصية، مجلـة جامعـة أم القـرى لعلـوم الشريعة و اللغة العربية و آدابها، مج١٦،ع٢٨، شوال١٤٢٤هـج، ص١٠٢١، ف٢.

[6] محمد إبراهيم خالد الخوجة ـ المفارقة في أدب الجاحظ ـ البخلاء نموذجاً، (رسالة ماجستير)، كليـة الاداب ـ جامعة اليرموك، اربد ٢٠٠٢، ص٥٨، ف٢.

و ڕای گشتیش بەهێز ببێت))[1]. بەم شێوەیە ڕەخنەی ئایرۆنی لە ئەدەبی عەرەبیدا بە گشتی و لە شیعردا بە تایبەتی بە پێی زنجیرەبەندێکی بەردەوام گەشەی نەکردووە، وەکو دیاردەیەکی پچڕپچڕ و لە چوارچێوەدراو ماوەتەوەو لەژێر چەندین ناو و زاراوەدا وەکو( السخرية، المفارقة، التهكم، الهجاء، الفكاهة..) لێکدراوەتەوە. تا وەختێکی درەنگ وەکو زاراوەیەکی ئەدەبی و چەمکێکی ڕەخنەیی ڕوون نەکرابووە. یەکەمین لێکۆڵینەوەش لەم بارەوە ئەنجامدرا بێت ( بە پێی ئەو زانیارییانەی تا ئێستا لە بەردەستدان) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٢)[2]، یەکەمین لێکۆڵینەوەی زانستیش کە لە زمانێکی بیانییەوە وەرگێڕابێتە سەر زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٣)[3]. تا ئێستاش تێکەڵییەکی زاراوەیی لە نێوان ( المفارقة) و (السخرية)دا هەیە، هەر جارێ لە نێو چوارچێوەی یەکێکیاندا شیدەکرێتەوەو لەڕووی جۆرو ئەرك و کاریگەرییەکانیشەوە ئایرۆنی لەگەڵ پارادۆکسدا تێکەڵ دەکرێت و لە ئەنجامدا جیاوازی لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی لێکۆلەرەکانیشدا پەیدا دەبێت.[4] بۆ نموونە محەمەد تۆفیق بجیرمی ناوی کتێبی(The Paradox of American Power ) بە( مفارقة القوة الأمريكية) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی[5]. عەبدولواحید لوئلوئەش (Irony) بە (المفارقة) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی[6]. کەواتە جیاوازی لە نێوان

[1] فخري أبو السعود، في الادب المقارن و مقالات أخرى، مصدر سابق، ص٦٣، ف٤.

[2] سيزا قاسم ، المفارقة في القص العربي المعاصر، مجلة فصول (القاهرة)، مج٢، ع٢، ١٩٨٢، ص١٤٣-١٥١.

[3] د. سي. ميويك، المفارقة، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد ١٩٨٣.

[4] د. عدنان خالد عبدالله، النقد التحليلي التطبيقي، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد١٩٨٦، ص٢٦-٢٧.

[5] س. ناى جوزيف، مفارقة القوة الأمريكية ، ت: محمد توفيق بجيرمي، مكتبة العبيكان، الرياض٢٠٠٣.

[6] د. س. ميويك، المفارقة، مصدر سابق، ص٥، هـ١.

ئایرۆنی و پارادۆکسدا نەکراوە. بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەیان کتێب لەبارەی ئایرۆنی دەرچووبوون و لە هەموو ڕوویەکەوە لێی کۆڵرابۆتەوە[١]، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا (بەپێی ئەو زانیارانەی تا ئێستا لەبەر دەستدا هەن) هیچ کتێبێك یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی سەربەخۆ لەبارەی ئایرۆنییەوە دەرنەچووە.

ئەم ئاڵۆزییەی لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر کاری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیش کردووە، ئەمە لە لایێکەوەو لە لایێکی دیکەیشەوە ((گەلاڵە نەکردنی تیۆرێکی تایبەت بە شیعری کوردی، بۆ خۆی هۆکارێکی سەرەکییە لەو هۆکارانەی وای لە ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوەو تەنانەت شاعیرانی کوردیش کردووە، زۆرجار لەبەر ڕۆشنایی تیۆری شیعری میللەتانی تردا مامەڵە لەگەڵ شیعری کوردیدا بکەن، لە ئەنجامی ئەم چەشنە مامەڵە کردنەش گەلێ لە سیما تایبەتییەکانی شیعری کوردی ون بکرێت و پەی بە بنەما ڕەسەنەکەی نەبرێت))[٢]. هەر چەندە شاعیرانی کورد لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و باکگراوەندی ڕۆشنبیریی و بەکارهێنانی زمانەوە جیاوازییان لەگەڵ شاعیرانی عەرەب هەبووە، بەڵام هۆکاری هاوولاتیبوون و سەرچاوەی ئایینی بازنەی جیاوازییەکانیان تەسکتر دەکردو کاریگەرییەکانیش بەهێزتر دەبوون. شاعیرانی کورد تایبەتمەندێتییە کەسایەتییەکانیان دەپاراست و لە داهێنانەکانیشیاندا شارەزاییەکی باشیان لە بەکارهێنانی ئایرۆنی و چۆنیەتی

---

١ لە سایتی ئینترنێت (http:/www.amazon.com/) کە سایتێکی تایبەتە بە ناونیشانی کتێب، تا ڕۆژی (١٩٩٨/٢/٢٥) دوو ملیۆن و نیو ناونیشانی کتێب لە هەموو بوارەکانی مەعریفیدا لەسەری تۆمارکرابوون، لەوانە دوو سەد و دوانزە ناونیشان لە بارەی ئایرۆنی لە ئەدەبدا بوو. (بڕوانە: د. سعيد شوقي، بناء المفارقة في الدراما الشعرية، إيتراك للنشر و التوزيع، د. م ١٩٩٥، ص٦، ف٢.).

٢ د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٧، ل٤٤، پ٢.

هەڵبژاردنی جۆرەکانی هەبووە، تا ڕادەیەکیش مامەڵەیان لەگەڵ شێوازی دەربڕین و چنینی ڕووداو و ڕازاندنەوەی وێنە شیعرییەکاندا کردووە، نموونەکانیش لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زۆرن[1]، بەڵام تا ئێستا دەرفەتێکی فراوان بۆ ڕەخنەگرانی کورد نەڕەخساوە، کە بایەخ بە شیکردنەوەی ئەم لایەنانە بدەن، بۆیە دیدگەیەکی ڕەخنەی ئایرۆنی بە ڕوون و گشتگیری نەهاتووەتە ئاراوە، هۆکارو مەوداکانی ئەم حاڵەتەش لە باسی سێیەمی ئەم بەشەدا ڕوون کراونەتەوە.

[1] کرۆکی سەرکەوتنی ئەحمەدی خانی لە (مەم و زین) دا بۆ بەکارهێنانی هونەری ئایرۆنی دەگەڕێتەوە کە لە زۆر شوێندا کارامەیەکی باڵا هاوشێوەی تەکنیکی (ڕۆمیۆ و جۆلێت)ی شەکسپیری ئینگلیزی نواندووە ، بەڵام چەندین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئایرۆنی لای شەکسپیر نووسراون و بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی لەم بارەوە وەکو کەرەستەی خاو ماونەتەوە.

باسی دووەم
# توخم و تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنی

## تەوەری یەکەم: توخمەکانی ئایرۆنی

شیعری ئایرۆنی، وەکو هەر دەقێکی دیکەی ئەدەبی دەبێت سێ توخمی سەرەکی هەبێت، ئەویش (نێرەر، پەیام، وەرگر)ن. ڕ. جاکۆبسۆن (Roman Jakobson) ئەم پێکهاتەیە لە وێنەیەکی ڕوونکەرەوەدا دەستنیشان دەکات، کە دواتر بووەتە بنەمای زۆربەی تیۆرەکانی زمانی و هێماگەرایی و ڕەخنەیی و شێوازگەرایی ، وێنەکەش بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:

ڕێچکە

نێرەر　　　　پەیام　　　　وەرگر

پێوەندی

سیستەمی هێماکان[1]

ئەوەی زیاتر پێوەندی بەم لێکۆڵینەوەوە هەیە لایەنی ڕەخنەییەو ((هەر تیۆرێکیش لە ڕەخنەدا دەبێت لەسەر دوو کۆڵەگە بنیات بنرێت، ئەوانیش شیکردنەوەی بەهاکان و شیکردنەوەی پرۆسەی گەیاندنە))[2]، لەبارەی کردەوەی گەیاندنیش بەپێویست دەزانرێت، بەپێی ((توخمەکانی پێکهاتەی دەق پێگەو ئەرکەکانیان ڕوون بکرێنەوە:

---

[1] جورج مولينيه ، الاسلوبية، ت: د. بسام بركة، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت١٩٩٩، ص١٤، ف٢.

[2] إ. إ. رتشاردز، مبادىء النقد الأدبي، ت: مصطفى بدوي، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر، القاهرة ١٩٦٣، ص٦٤، ف١.

- نێرەر سەرچاوەی پەیامەو پەیامەکە لەسەر بنەمای سیستەمی هێماکان پێك دێنێ کە لەکەڵەکەبوونێکی زمانەوانی هاوبەش لە نێوان ئەو و وەرگردا پێکهاتووە.
- پەیام لەو کەڵەکەبوونە زمانەوانییە پێکهاتووە کە لە لایەن نێرەرەوە پەخش دەکرێت و لە لایەن وەرگرەوە وەردەگیرێت و لە رێی چوار هۆکارەوە لێك دەدرێتەوە: رێچکەی قسەکردن، کەرەستەی نێردراو، کەناڵی پێوەندی کردن، سیستەمی هێماکان.
- وەرگر بتوانێت کود (جوفرە) ی پەیامەکە شیبکاتەوەو لێی تێبگات))[1].

هەر یەکێك لەم توخمانەی سەرەوە پێگەی خۆی لە نێو کاری ئەدەبیدا هەیەو لەهەمان کاتیشدا ((پێوەندی بە چەندین ئەرکی زمانییەوە هەیە، وەکو:

١ـ ئەرکی دەربڕین یان هەڵچوون، کە لەنێو پەیامەکەدایەو پێوەندی بە هەڵوێستی نێرەرەوە هەیە.
٢ـ ئەرکی بانگەوازی، لەو پەیامەدا هەیە کە نێرەر بۆ وەرگر دەینێرێت بۆ ئەوەی بە ئاگای بێنتەوە، یانیش داوای ئەنجامدانی کارێکی لێ دەکات.
٣ـ ئەرکی پێوەندی پێوەکردن، ئەویش هەوڵدانی نێرەرە بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان ئەوو وەرگر بەردەوام بێت.
٤ـ ئەرکی پۆست زمانییە، ئەویش لە پەیامەکەدا دەردەکەوێت، کە زمان خۆی تێدا دەبێتە کەرەستەیەکی لێکدانەوەو سەرچاوەیەکی مانادراری ئەو.
٥ـ ئەرکی سەرچاوەگەرایی، کە نێرەر پێوەندییەکانی نێوان پەیام و ئەو شتانەی کە هەن یانیش ئەوانەی لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردوون دەستنیشان دەکات.

---

[1] د. عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والاسلوب، ط٥، دار الكتب الجديدة، بيروت ٢٠٠٦، ص١٠٧، ف١.

٦ـ ئەرکی شیعرییەت کە جەخت لەسەر دەق دەکات بۆ ئەوەی درك بە وشە بکات))[1].

بەم شێوەیە ((دەکرێت توخمە گشتییەکانی دەق بۆ توخمە ئایرۆنییەکانیش بگوازرێنەوە:

نێرەر  خاوەن (دروستکەر)ی ئایرۆنی
وەرگر  وەرگرێکی هۆشیار و بە ئاگا لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیامەکە
پەیام  بنیاتی ئایرۆنی / کە دووبارە شی دەکرێتەوە))[2].

توخمە ئایرۆنییەکانیش پێوەندییان بە تیۆری شیکاری وتارەوە هەیە، کە ((پشت بە شیکارییەکی شەش قۆڵی دەبەستێت، کە هەر شەش توخمەکان لە نێو وتاردا جیادەکرێنەوە: نێرەر، وەرگر، کەناڵی پێوەندی ، پەیام، سەرچاوە، کود))[3]. ئەم پرۆسەیەش بە پێی ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی - ڕۆشنبیریی لە هێڵکارییێکی ڕوونکەرەوەدا خراوەتەڕوو، کە لە پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم نامەیەدا هەیە.

توخمە گشتییەکان، کە هەبوونیان لە هەر کارێکی ئەدەبیدا پێویستە. هەر جۆرێکی ئەدەبیش چەندین توخمی دیکەی تایبەت بە خۆ هەیەو هەر یەکێکیان ((ڕۆنانێکی ئاوێتەیی لە تێکهەڵچوونێکی ناوخۆییدا دروست دەبێت و لەسەر بنەما نالۆژیکییەکان دەڕوات))[4]. ئەوەی پێوەندی بە هونەری ئایرۆنییەوە هەیە ئەم توخمانەی خوارەوەن:

---

[1] جورج مولینیه ، الاسلوبیة، مصدر سابق، ص١٥.

[2] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث (أمل دنقل، سعدي یوسف، محمود درویش نموذجاً)، ط١، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت٢٠٠٢، ص٥٢، ف٤.

[3] د. حسني عبدالجلیل یوسف، المفارقة في شعر عدي بن زید ـ الموقف و الأداة، ط١، دار الوفاء لدنیا الطباعة و النشر، الأسكندریة ٢٠٠٩، ص٢٠، ف٣.

[4] د. نصرت عبدالرحمن، في النقد الحدیث، مصدر سابق، ص٦١، ف٤.

**یەکەم: توخمی هاودژی لەنێوان ڕوو دیارو ڕووی ڕاستەقینەدا**

لە ئایرۆنیدا، پێکهاتەیەکی زمانەوانی فرەڕامان دروست دەبێت کە زۆربەی جاران هاودژییەك یان لێکترازانێك لەنێوانیاندا هەیەو((ئەگەر یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی ئەوە بێت کە دەبێت هەست بە هێزی هەردوو ڕامانی دیارو ڕاستەقینەی ئایرۆنی بکەین))[1]، ئەوە بۆچوونێکی دیکە دێتە پێشەوە، کە چەند هاودژی لە نێوان هەردوو ڕاماندا توندتر بێت، کاریگەری ئایرۆنی پتر دەبێت و وەرگری هۆشیاریش باشتر هەست بە جیاوازیی لە نێوان ڕوخساری دیارکراوو مەبەستی ڕاستەقینەی نادیاردا دەکات، هەروەکو ئایرۆنی ((زمانێکی نهێنی پێوەندی پێوەکردن بێت لە نێوان نووسەر و خوێنەردا))[٢] و ئەگەر هات و ئەو پەیامەی ئایرۆنی مەبەستێتی بەپێی پێویست شی نەکرایەوە، وەکو ئەوەی لێ دێت کە بە یەك دەست چەپڵە لێ بدرێت[٣]، کەواتە لە ئایرۆنیدا ڕاستییەکانی ناوەڕۆك کەموکوڕییەکانی ڕووخسار چاك دەکەنەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕاستی لە روخسارەکەدا نییەو تەنیا ڕووی ناوەوەی ئایرۆنی ڕاستییەکان دەخاتەڕوو، بەڵکو لەوانەیە ڕاستی لە هەردوو ڕوودا هەبێت و هاودژییەکیش لەنێوانیاندا دروست ببێت، بەلاّم ئەو ڕاستیانەی لە ڕووی دووەمدا دەگەیەنرێن زاڵترن و لە ئەنجامی هاوکێشەکەشدا هەر ئەو لە مێشکی وەرگردا دەچەسپێت. لە پرۆسەی چەسپاندنی ڕاستییەکانیشدا ( شوێن ) و ( زەمەن ) ڕۆڵێکی یارمەتیدەر لە دروستبوونی ئایرۆنیدا دەبینن، هەر وەکو چۆن ((کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ئەنجامدانی ئایرۆنییە گێڕاوەکانیشدا هەیە))[٤].

---

1- D.C.Muecke,Irony, P.51, Par.2.

٢ نبيلة إبراهيم، فن القص بين النظرية و التطبيق، مكتبة غريب، القاهرة د.ت، ص١٩٨، ف٢.

٣ د. سی. میويك، المفارقه و صفاتها، مصدر سابق، ص١٧١، ف٢.

٤ تغريد ضياء مشفي الفخري، المفارقة في مقامات العصر العباسي، مصدر سابق، ص٨٥، ف٢.

**دووەم: توخمی ئەپستراکت**

کاتێـك شـاعیر ڕووبـەڕووی پرسـیارگەلێکی بـێ وەڵام دەبێتـەوە، پـەنا بـۆ هەندێك دەستەواژەی ئەپستراکت دەبات وەکو: ئازادی ، ڕوونی ، بابەتکاری، خۆنەبەسـتنەوە ، ڕەهەنـدگیری ، گـەپ ، کارامـەیی ، دڵنـەرمی ، شارستانیەت[١]، لە ڕێگەی ئەوانەوە خەسڵەتێکی ئـایرۆنی ڕوون دەکاتـەوە ، کە هەندێ جار لە شێوازەکەیدا دەردەکـەوێت و هەنـدێك جـاریش لـە ڕێگـەی هەڵوێستە ڕاستەقینەکەیدا بەرجەستە دەبێت.

ئەو شاعیرەی هەڵوێـستێك یـان ڕووداوێکـی ئـایرۆنی بکاتـە دیمـەنێك و لـە دوورەوە چـاودێری بکـات ، ((هەسـت بـە ئازادییـەکی پـتر دەکـات و دڵشادییەکیشی بۆ فەراهەم دەبێت و بـە جـوانی درك بـە بـێ ئاگـایی کەسـی دۆڕاوی نێـو ڕووداوەکـە دەکـات و وەکـو قوربانییـەکی بەنـد و تووشـبووی سەیردەکات))[٢]، بە تایبەتی ئەگەر قوربانییەکە لە بارەی هێز و زیرەکییەوە لە کەسانی دەوروبەری کەمتر بێت و ((خەریکە خـۆ بەدەسـتەوە بـدات، ئـەو هێزەش چ سیستێمی ژیان بێت یانیش سیستێمی گەردوون بێت))[٣].

**سێیەم: توخمی تێڕامان و هاوسەنگی کردن**

لـە میـانی تێڕامـانی وەرگـر لـەو پەیامـەی شـاعیر دەینێرێـت ، هێماکـانی دەخوێنێتـەوەو ڕامانـەکانیان لێکدەداتـەوەو هاوسـەنگییەك لـە نێـوان پەیڤـە گۆکراوەکان و مانا هەڵگیراوەکانیان دروست دەکات کە لە ئـەنجامی ڕێچکەدا ڕوون دەکرێتەوەو لەگەڵ مەبەستی شاعیر یەکدی دەگرنـەوە[٤]. بـەهۆی ئـەم تێکەڵاوییـەش زۆربـەی شـاعیران هـەوڵی پاراسـتنی هاوکێـشەی نێـوان

---

[١] دی. سی. میویك، المفارقة، مصدر سابق، ص٥٨، ف١.

[٢] هەمان سەرچاوە ، ل٦١، پ١.

[٣] نبيلة إبراهيم، المفارقة، مجلة فصول مج٧، ع٣-٤، القاهرة ١٩٨٧، ص١٣٣عم٢، ف٥.

[٤] سيزا قاسم ، المفارقة في القص العربي المعاصر، مصدر سابق، ص١٤٤، ف٤.

دەربڕینـەکان و مەبەسـتی ڕاسـتەقینەی نـاوەڕۆکی شـیعرەکانیان دەدا، بـۆ ئـەوەی شـیعر نەبێتـە پـەیامێکی ڕووکەشـی ڕاپـۆرت ئاسـاو لـە پاشـکۆی سیاسەتیشدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنی نـەبێت، چـونکە ((شـیعر ڕەنگدانـەوەی واقیـع نییە، بەڵکو هەر کارێکی هونەری واقیعێکی فرە توانـایی هەیـەو نوێکردنـەوە بێکۆتاییـەکانیش لـە خـۆ دەگرێـت، بۆیـە لـە دروسـتکردنی واقیعـدا بەشـدار دەبێت))[1]کەواتە لایەنێکی ئەو واقیعە پێك دێنێت.

ئـەو شـاعیرەی لەسـەر هاوسـەنگی کردنـی نـاوەڕۆك و شـێوە کـار بکـات، پێویـستی بـە تێڕامـانێکی وردە، بـۆ ئـەوەی لـە نێـو تێڕامانـە وردەکانیـدا ((ئەرکێکی هەڵچوونی بە زمـان بـدات و هەسـت و هەڵوێـستە سـۆزدارییەکانی خۆی تێدا دەربڕێت، بۆ ئـەوەی کـار لـە بەرانبەرەکـەی بکـات))[2] و هەسـتی جوانکاری بوروژێنێت و لە نێو هەستە وروژاوەکانیدا هـەوڵ دەدات ڕووداوە مەترسـیدارەکانی سـەردەم هەڵبـسەنگێنێت و ڕەخنـە لـە کەموکوڕییـەکانی کۆمـەڵ بگرێـت، چـونکە تێڕامـانی وردو لەسـەرخۆ نـاوەڕۆکێکی شـیعری هاوسەنگ دروست دەکات و هاوسەنگی کردنەکەیش لە سەر چەند بنەماییێکی هونەری دەبێت، کە شاعیرانی کورد هەوڵیان دەدا پەیڕەوی بکەن، بۆ ئەوەی پەیامەکـەیان بخەنـە بەردەسـتی وەرگـرو ئـەوانیش دەرفـەتی تێڕامـان و ڕادەربڕینیان بۆ فەراهەم بێت و لـە هـەردوو پرۆسـەی تێفکرین و هاوسـەنگی کردنی شێوەو ناوەڕۆکدا لە گەڵ شاعیر کۆك بن، یانیش لە هەندێك ڕوویـەوە جیاواز بن، شتی گرنگ ئەوەیە کە پرۆسەی هەڵچوونێك لە نێوانیانـدا ئـەنجام بدرێت، چونکە ئەم تێڕامان و هاوسەنگی کردنە دوو لایەنی سەرەکی شـیعری نوێ بوون، لە هـەمان کاتیـشدا دوو تـوخمی هونـەری ئـایرۆنین، کـە بـۆ ئـەو سەردەمە هونەرێکی ڕەخنەیی کاریگەری هێنایەکایەوە، چ وەکو مامەڵەکردن

---

[1] روجیە غارودی، مارکسیة القرن العشرین، ت: نزیە الحکیم، دار الاداب، بیروت١٩٧٢، ص٢٣٦.
[2] إ. ا. رتشاردز، مبادیء النقد الادبي، مصدر سابق، ص٧، ف٢.

لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی لای وەرگرو چ لە بایەخدانی شاعیر بە جوانکاری شیعر بووبێت.

**چوارەم: توخمی کۆمێدی**

هونەری ئایرۆنی پێوەندی بە گاڵتەجاڕییەوە هەیە. یەکێك لە شێوەکانی گاڵتەجاڕیش پێکەنین و زەردەخەنەیە، کە هەردووکیان سەر بە دیاردە دەروونییەکانی یەك گرووپن و لە ئادەمیزادێکی سروشت هاودژەوە دەردەچن، کە لە ژیانی پڕ جدییەت و ڕاشکاوێتی بێزار بووەو لەڕێگەی گەمە و گاڵتەوە خۆی دڵخۆش دەکات[1]. شیکردنەوەی هۆیەکانیان کارێکی ئاسان نییە، تا ئێستاش فەیلەسووف و دەروونناسەکان لەم بارەوە نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی گومانبڕو باوڕپێکراو، بەڵام ئەوەی هەموو لایەك لە سەری ڕێککەوتوون ئەوەیە کە لەحاڵەتی پێکەنین و ئایرۆنیدا ، هەندێك پاڵنەری سەرەکی هەن کە وا لەقسەکەرو گوێگر دەکەن، لەڕووی دەربڕینی ئەدەبی و ئامادەباشی دەروونییەوە هاوبەش بن و لەسەر شتێکی گرنگ یەکدی بگرنەوە. هەرچەندە کاریگەری ئەو پاڵنەرانە لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە جیاوازە، بەڵام لەلای هەندێك لەشاعیران دەگاتە ڕادەیەکی هەستیاری زۆر بەرزو وەکو هونەرێکی ستاتیکی بەکاری دێنن ، بەتایبەتی ئەوانەی بیردەکەنەوەو بەباشی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لێکدەدەنەوەو بە قووڵی لە بنج و بنەماکانیان دەکۆڵنەوە ، بۆیە ((کاردانەوەی مرۆڤی مەزن بەرانبەر قەدەر و ستەمی زەمان و توندی سروشت و خەوشەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی جنێودان و هەڵچوون و یاخیبوون و هەڵپەڕینەوە نابێت، بەڵکو هەمیشە بە تێڕامانێکی سەرخۆ و هێمنەوە توڕاهاتە بێ بەهاکانیان لێك دەداتەوەو لە

---

[1] ابتسام عبدالستار ، النقد الإجتماعي الساخر في الشعر العراقي الحديث١٩٠٠- ١٩٥٨، (رسالة دكتوراه)، كلية الآداب – جامعة بغداد ١٩٨٩،ص١٥- ١٦.

ئاستێکی باڵاتر خۆی دادەنێت و بە زەردەخەنەیێکی ڕووگەشەوە باسیان دەکات))[1].

لە ئایرۆنیدا سۆز بەگژ یەکدا دەچن و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەنوێنن. بۆ ئەوەی مرۆڤ لێی تێ بگات، دەبێت لە دوورەوەو بە هێمنی چاودێرییان بکات. ئەگەر ئەم بەگژداچوونە سۆزییە یان هزرییە ببێتە هۆی لە دەستدانی کەسانێکی خۆشەویست یان لەناوچوونی شتێکی ئازیز تا ئەو ڕادەیە کە هەستی شاعیرو وەرگریش ئازار بدات ، بەڵام لەبەر ناشارەزایی و بێ ئاگایی لایەنێکی نێو ئایرۆنییەکە و ناهاوسەنگی هاوکێشەکە خاوەنی ئایرۆنی (شاعیر_ وەرگر) حەسرەتێکی سارد هەڵدەکێشێت و زەردەخەنەیەك لەسەر لێوی دەنیشێتەوە[2]، لەوانەشە هەندێ جار بگاتە ڕادەی پێکەنین ، ئەگەر هاتو ئاستی بێ ئاگایی کابرای نێو ئایرۆنییەکە خۆی لە سنووری گەمژەیی نزیك بکاتەوە. لەو کاتەدا هاوکێشە سۆزییەکە توندتر دەبێت کە هەستی بەرانبەر دەوروژێنێت و کاریگەرییەکی ئازار بەخش بەجێ دێڵێت، لەوانەشە بەرانبەرەکە هەر بۆ ڕابواردن پێیدا بچێتەوە و چێژێکی کۆمێدی بەخشی لێ وەربگرێت، لەم حاڵەتەدا سەرچاوەی ئازارو ڕابواردن هەمان شت نییە، بەڵکو ڕەگەزی کۆمێدی زیاتر لە خەسڵەتە ڕوخسارییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

### پێنجەم: توخمی پێداگری و ڕاستگۆیی لە هەڵوێستدا

ئایرۆنی لە جدییەتەوە سەرچاوە دەگرێت، جدییەتیش کاکڵی عەقڵی لێکۆڵەرەو ((عەقڵی لێکۆڵەریش ئامرازێکە یارمەتی ئینسان دەدات کە جێگا و ئەرك بۆ هەموو ئەزموون و چالاکییەکانی خۆی بدۆزێتەوە))[3]. لەبەر

---

[1] محمد النويهي ، ثقافة الناقد الأدبي، مطبعة لجنة التأليف و الترجمة و النشر، القاهرة ١٩٤٩، ص٣٣٣.

[2] دى. سى. ميويك، المفارقة، مصدر سابق، ص٥٤، ف٢.

[3] إ. ا. رتشاردز، مبادئ النقد الأدبي، مصدر سابق، ص٣٣١، ف٢.

نەدرکاندنی ڕاستی مەبەستەکە پەنا بۆ دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ دەبات بۆ ئەوەی وەرگریش لە پرۆسەیەکی تێفکریندا مەبەستەکە شیبکاتەوەو لێی تێ بگات. ئەم کارەش ئەرکە سەرەکییەکەی ئایرۆنی جێبەجێ دەکات، کە گەیاندنی پەیامێکی چاکسازییەو لایەنگیری لە سەرکەوتنی بەها بالآکانی مرۆڤایەتی دەکات ، تەنانەت ئەگەر قوربانییەکە بەزی بێت و شکستیشی خواردبێت ئەوە دانەر و جەماوەر بایەخ بە بەهای شکستەکە نادەن، بەڵکو بیر لە چۆنیەتی لەدەستدانی بەهایەکی مرۆڤایەتی دەکەنەوە، ((تەندروستترین عەقڵیش ئەوەیە کە گەورەترین بەهاکانی دەسکەوتووە))[1].

لێرەدا ڕاستگۆیی وەکو بەهایەکی بالآ دەبێتە پردی پەیوەندی لە نێوان دەربڕینی شاعیر کە شیعرەکەی ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەکەیەتی و لە نێوان وەرگر کە لە میانی مانا شاراوەکەی شیعرەکەوە، مەبەستی شاعیرەکەش تێدەگات. دەتوانرێت ئەم جۆرە پرۆسەیە لە نێوان نێرەرو پەیام و وەرگرەوە لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا ڕوون بکرێتەوە:

+ واقیع + باوەڕی = ڕاستگۆیی

− واقیع + باوەڕی = درۆ

+ واقیع ـ باوەڕی = ناڕاستگۆیی و نادرۆ

− واقیع ـ باوەڕی = ناڕاسگۆیی ونادرۆ

لێرەدا دەردەکەوێت کە ڕاستگۆیی و ناڕاستگۆیی و بێلایەنی لە نێو دەستەواژە ئەدەبییەکاندا هەن و زۆر جاریش وا تێکەڵ دەبن کە لەیەک جوداکردنیان کارێکی ئاسان نەبێت[2]. بەلآم ئەوەی ڕاستگۆیی دەستنیشان

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل٧٥، پ٢.

[2] نجوى صابر، النقد الأخلاقي — أصوله و تطبيقاته، ط١، دار العلوم العربية للطباعة و النشر، بيروت ١٩٩٠، ص٦٩، ف٢.

دەکات و لە هەردوو حاڵەتی ناڕاستگۆیی و بێلایەنییەوە جیایدەکاتەوە دوو مەرجی سەرەکین:

یەکەمیان، ئەوەیە کە دەکرێت لە واقیعدا جێبەجێ بکرێت.

دووەمیانیش، دەبێت وەرگر باوەڕی بەو جێبەجێکردنە هەبێت.

ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا ئەڵقەی ڕاستگۆیی لە نێوان واقیع و باوەڕیدا توندتر دەکات ڕێژەی وەسفکردن و ڕادەی شیکردنەوەی بابەتە باسکراوەکەیە لە دەقدا، کە ئەوانیش کرۆکی هونەری ئایرۆنین و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خاڵی یەکەم و دووەمی هاوکێشەکە هاوتا دەبن. بە پێی بۆچوونی ڕەخنەگرە فۆرمالیسەکان ((ڕاستگۆیی لە ئەزموونی هەر شاعیرێکدا، پەیوەستە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی هاودژ و جیاوازەکان لە نێو بەرهەمەکانیدا، کە هونەری ئایرۆنی بنەمایەکی سەرەکییە لەم پرۆسەیەدا))[1]. ئەم بۆچوونەش تا ڕادەیەك قەوارەی ئەزموونی هەر شاعیرێك دەستنیشان دەکات، کە تا چەند توانیویەتی ڕاستگۆیی لە بۆچوونەکانی و تەکنیکی هونەری لە دەربڕینەکانیدا هاوسەنگ بکات.

**شەشەم: توخمی بێ ئاگایی و غافڵبوونی دڵنیا**

شاعیر جەخت لەسەر لایەنی بێ ئاگایی دەکات و غافڵبوونی کەسی ڕەخنەلێگیراو بە شێوەیەکی ستاتیکی دەخاتەڕوو. وەکو قوربانییەك پیشانی دەدات، کە لەخاڵە لاوازەکەی بێ ئاگایە و لەو زانیارییانەی بێ بەش دەکات کە بۆ خوێنەران لە گۆشەنیگایەکی ناسکدا ڕوون کراونەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە خۆیان مانا شاراوەکەی ئایرۆنی بدۆزنەوەو لە بارودۆخی ئەو کەسەی بووەتە قوربانی تێدەگەن و(( هەڵوێستەیەکی پشتگیری وەردەگرن یانیش

[1] د. نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث ، مصدر سابق، ص٦١-٦٢.

گاڵتەیان پێ دێت و لەوانەشە هەردوو حاڵەتیان هەبێت))[1]. لێرەدا خوێنەری دووربین دەگاتە ئاستێکی هۆشیاری بەرزو باوەڕی بەو مەبەستە دێت، کە پێچەوانەی بۆچوونی قوربانییەکەیە. غافڵبوونەکەیشی دەکاتە پێوەرێك بۆ ئەوەی ڕەوشتی کەسایەتییەکەی پێ هەڵ بسەنگێنێت.

توخمی غافڵبوونیش لە ڕۆنانی دەقە شیعرییەکاندا دەبێتە دوو بەش:

ئا- غافڵبوونی تەواو: ئەویش لە ئەنجامی گەمژەیی و کاڵفامی کەسێکەوە دروست دەبێت، کە ڕاستی و ناڕاستییەکان لە یەکدی جیاناکاتەوە. نازانێت بڕیاری دروست بدات و لە دەربڕینەکانیشیدا شێوازێکی ڕێك و پێك پەیڕەو ناکات. ئەم جۆرە کەسانە هەست بە بێ ئاگایی خۆیان ناکەن، لەوانەیە وا هەست بکەن کە لە ڕادەبەدەر شارەزاو ئاقڵمەندن و ئەو خەڵکەی بە ئەوان پێ دەکەنن گێل و گەمژە و بێ ئاگان[2].

ب - خۆ غافڵکردنی ئەنقەست: خاوەنی ئەم ڕەفتارە لەوانەیە کەسێکی ژیرو لێزان بێت، بەلاّم لە بەر مەبەستێکی تایبەتی، خۆی گێل دەکات. خەڵکەکەش وا دەزانن کە بە ڕاستی گەمژەو بێ ئاگایە. لە ململانێ و ڕکابەرییەکاندا، کەسی شارەزاو بیرمەند ئەم ڕەفتارە وەکو شێوازێکی پێشکەوتوو لە مامەڵەکردن و دروست کردنی پەیوەندییەکان بەکاردێنێت، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت ، یان خۆی لە گرفتارییێك رزگار بکات ، یانیش بیرو بۆچوونەکانی دەشارێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕاونان و سزادان قوتار ببێت و لەوانەیە بە ڕێگەی گاڵتەو گەپەوە خۆی لای خەڵکەکە خۆشەویست بکات و لێیان نزیك ببێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت مەرامەکانی جێبەجێ بکات[3].

---

[1] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٥٣، ف٣.

[2] أحمد محمد الحوفي ، الفكاهة في الأدب ـ أصولها و أ نواعها، ج١، مطبعة الرسالة ، القاهرة د.ت ، ص٢٢، ف٢.

[3] أحمد محمد الحوفي ، الفكاهة في الأدب ، مصدر سابق، ل٢٣، ف٣-٤.

لێـرەدا زێـدەباری توخمــەکانی ســەرەوە خــاڵێکی دیکــەی گــرنگ دێتــە پێشەوە، کە ئەویش پرۆسەی ستاتیکی گەیاندنە لە نێـوان نێـرەرو وەرگـردا، بە تایبەتی لە شیعری سادەدا، کە لە دوو کەناڵەوە ئەنجام دەدرێت:

ـ ئەگەر شیعر بیری وەرگر هۆشیار نەکاتەوە، بەڵکو تـەنیا لـە نێـو چـەندین وێنــەی هــاودژ و ناهاوتــادا هەســتی بورووژێنێــت و بــە ئاســانی پەیامــە سۆزدارییەکەی بخاتە بەر دەستی بۆ ئەوەی ناسکترینیان هەڵبـژێرێت، ئـەوە تەنیا شیعرێکی سادەیەو بەس.

ــ ئەگــەر وێنــە شــیعرییەکان بــیری وەرگــر هۆشــیار بکەنــەوەو دوای پەسەندکردنی مەبەسـتە هزرییـەکانی ئەوسـا بـەرەو هەسـتی بـڕۆن و سـۆزی بورووژێنن ، ئەوە شیعرێکی ئایرۆنییە.

لە لێکدانەوەی هەردوو لایەنی هاوکێشەی سەرەوەدا، ئەنجامێکی نوێی لێـك جیاکـەرەوە دێتەکایـەوە کـە شـیعری سـاف و شـیعری ناسـاف دەستنیـشان دەکـات. ئـەم پرۆسـەیە لـە بۆچـوونی (روبـەرت بـون وان) نزیـك دەبێتـەوەو لایـەنێکی مەبەستەکەیـشی شـی دەکاتـەوە کـە تێیـدا جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کە ((نابێـت شـیعر، بـیرو بـاوەڕە سـۆزدارییەکانی خاوەنەکـەی لـە چەند وێنەیەکی گشتگیری سادەو ئاساندا بڵاوبکاتەوە، بەڵکو دەبێـت لەگـەڵ هەموو شـوێنگرەکانی دیکـەی دژی بـیرو بـاوەڕە سـۆزدارییەکانی خـۆی ڕێـك بکەوێت و بیخاتە نێو چوارچێوەی دەربڕینە شیعرییەکانیەوە))[1]. ئەم هەمـە جۆرییە لە وێنە شیعرییەکان و فـرە لایـەنی هـاودژی لـە بـیرو بۆچـوونەکاندا، پێگەی ئایرۆنی لە نێو شیعردا موکوم دەکەن و دەبنە لایـەنێکی کاریگـەر لـە پێکهاتەکەیدا.

---

[1] ديڤد ديتشس، مناهج النقد الادبي بين النظرية و التطبيق، ت: محمد يوسف نجم، مؤسسة فـرنكلين للطباعة و النشر، دار صادر، بيروت١٩٦٧، ص٢٤٦، ف٢.

## تەوەرەی دووەم : تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنی

بۆ ئەوەی ئایرۆنی لەگەڵ هونەرەکانی دیکەی وەکو (ساتیر، پارادۆکس، نوکتە، فانتازیا...) و چەندین هونەری دیکەی نزیك ئەوەوە تێکەڵ نەکرێت و تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێکیان لە نێو خەسڵەتەکانی ئایرۆنیدا ون نەکرێن، هەوڵ دەدرێت خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی هەر یەکێکیان لەگەڵ توخم و خەسڵەتەکانی ئایرۆنی بەراورد بکرێن، لە میانی ئەم بەراوردکردنەشدا تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنی دەستنیشان بکرێن. هەرچەندە (( کاتێك ئایرۆنی پێویستی بە بەشێکی هەر یەك لەو هونەرانە دەبێت، ئەو هونەرە لە سەربەخۆییەکەی دووردەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوی دیکە ڕۆڵێکی نوێ بگێڕێت))[1]. بۆ نموونە لێرەدا پێنج لەو هونەرانە لەگەڵ ئایرۆنی بەراورد دەکرێن:

### یەکەم : جیاوازی نێوان ئایرۆنی و ساتیر

شیعری ساتیری یان ڕیسواکردن ئەو ((شیعرەیە کە خەوشەکانی ئەو کەسە دەژمێرێ و پیشانیان دەدات کە شیعرەکەی ئاراستە دەکرێ. ئەوەش لە ئەنجامی ڕق و کینە لای شاعیر لەدایك دەبێت))[2]. زاراوەی ساتیر لە ناوی ساتیرەکانەوە هاتووە کە ((لەلای ڕۆمانەکان شەیتانی سروشت و هاوڕێی (باخۆس)ی خواوەندی مەی بوون. نیوەی سەرەوەی جەستەیان مرۆڤ بوو، بەشی خوارەوەیان لەسەر شێوەی ئەسپ یان سابرێن بووە))[3]. بۆیە قسە ناشیرینەکانیش لەشێوەی ئەوان ناشیرینن. ئەوەی ئەم هونەرەش لە ئایرۆنی جیادەکاتەوە ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

---

[1] نبيلة إبراهيم، المفارقة، مصدر سابق، ص١٣٢، عم١، ف٨.

[2] د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی (التعليم العالي)، هەولێر١٩٨٩، ل٤٦، پ٣.

[3] د. محمد التونجي، المعجم المفصل في الأدب، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٩٩، ص٥١٤، ف٥.

١ـ هەردووکیان پێوەندییان بـە پێکەنینـەوە هەیـە ، بـەڵام ئـایرۆنی هەسـتی بەرامبـەر برینـدار ناکـات، بەپێـچەوانەوە سـاتیر هـەوڵ دەدات چ ئـازارێکی دەروونی هەیە بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت، کاتێك ((مەسەلە گـەورە دەکـا و وشەو ڕستەی جنێوکاری بەکاردەهێنێ))[1].

٢ــ ئـایرۆنی زیـاتر پێوەنـدی بەلایـەنی عەقڵییـەوە هەیـەو لەئـەنجامی بیرکردنەوەیەکی وردەوە دەردەبردرێت، بـەڵام سـاتیر پێوەنـدی بەهەسـت و سۆزەوە هەیەو ((لەئەنجامی گرێیەکی دەروونی پەیدا دەبێت))[2].

٣ــ سەرچـاوەی ڕاسـتەقینەی ئـایرۆنی لـە ڕەخنەگرتنـەوە هەڵـدەقوڵێت کەخاوەنەکەی قۆناغی هەڵچوونی دەروونی تێپەڕاندووەو لەقۆناغێکی تێڕامان و بیرکردنەوەدا بەرهەمەکەی ئـەنجام دەدات. بەپێـچەوانەوە سـاتیر لـە ڕق و کینێکی کپکراوەوە سەرچـاوە دەگرێـت و لـەقۆناغێکی دەمارگرژیـدا دروسـت دەبێت، بۆیە خاوەنەکەی زێدەڕۆیی لەدەربڕینەکانیدا دەکـات[3]. بـۆ نموونـە (بێکـەس) لـەبارەی ئەوانـەی لـە گەمـژەیی خۆیانـەوە ڕێـز لـە کاربەدەسـتە دڵڕەقەکانی میری دەگرن، دەڵێت:

میللـــەت ئەوەنـــدە نـــەفام و کـــەرن
بێ عەقڵ و جاهیل، زۆر بێ جەوهـەرن
هەرچی مەئموور بوو حورمەتی ئەگرن
داوای ژنیـان کـەن، ڕەنگە بۆی بەرن[4]

---

[1] د. مـارف خەزنـەدار، مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، بـر١، چ١، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێر٢٠٠١، ل١٧٦، پ٣.

[2] د. محمد محمد حسين، الهجاء و الهجاءون في الجاهلية، مطبعة أحمد نجم، الأسكندرية١٩٤٧، ص٢٧، ف٢.

[3] د. لويس عوض، دراسات عربية و غربية، دار المعارف بمصر، القاهرة١٩٦٥، ص٢٢٣، ف١.

[4] دیوانی بێکەس ، ئا: ئومێد ئاشنا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥، ل٤٣، دێش٩-١٠.

٤ ـ ئایرۆنی لەسەر ئاگرێکی هێدی و لەسەرخۆ دەکوڵێت و بە نەزاکەتەوە مەبەستەکەی دەپێکێت، بەڵام ساتیر هەمیشە لە ڕێچکەیەکی هێرش بردندا دەردەبڕێت. بۆ نموونە (هەژار موکریانی) بەم شێوەیە باسی ڕەفتاری داگیرکەری ئینگلیز دەکات:

**هاتن فێرمان کەن چۆن مەدەنی بین     چۆن نانبڕاوی دەستی دەنی بین**

**چ زوو مامۆستای سپی دز دەرچوو     زگپڕی درۆ درۆی لەبەر چوو**[1]

٥ ـ ئایرۆنی هونەرێکی بەرزە و پتر لە کۆمەڵە شارستانییەکاندا پەیڕەو دەکرێت ، بەڵام ساتیر هونەرێکی سەرەتایی و هێرشبەرە و پتر لە نێو کۆمەڵە کۆچەری و گوندنشینەکاندا بەکاردێت، بۆیە ساتیر ((لەگەڵ سەردەمدا لە شیعر دوور دەکەوێتەوەو بەرەو پەخشان دەڕوات))[2].

٦ـ ساتیر یەك لایەنی هەیەو ئەویش ڕاستەخۆ ئاراستەی بەرانبەر دەکرێت، بەڵام ئایرۆنی دوو لایەنی هەیە: یەکەمیان، دیارەو ئەوەیە کە باس دەکرێت، ئەوی دیکەی شاراوەیە و مەبەستەکە هەڵدەگرێت و لەمیانی ئاخاوتنەکەدا دەردەکەوێت .

٧ـ ئایرۆنی لایەنی دیار لەوانەیە بە ناشرینی و پێکەنینەوە پێشان بدات ، بەڵام ڕووی ناوەوەی کە شاراوەیەو ڕووی ڕاستەقینەی مەبەستەکەیە گوزارشت لە نیازێکی پاك و کارێکی چاکسازی دەکات. بەپێچەوانەوە ساتیر هەوڵدەدات هەموو ناشرینی و خراپەکان پێشان بدات و ئەگەر لەڕووی ناوەوەی مەسەلەکە چاکەو جوانیشی هەبێت دەیانشارێتەوەو بەوێنە ناشرینەکان دایان دەپۆشێت. بۆ نموونە ئەسعەد مەحوی دەڵێت:

---

[1] هەژار، بۆ کوردستان، چ٦، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی (انتشارات هەژار)، سنندج ١٣٨٥ك، ل٣٤، دێش٦-٧. / چاپی یەکەمی ئەم دیوانە لە چاپخانەی عیتانی، بەیروت ١٩٦٦ چاپبووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە چاپی نوێ بەسترا، چونکە شیعرەکانی تا ساڵانی (١٩٦٧-١٩٧٠)یش لە خۆ دەگرێت.

[2] د. محمد محمد حسين، الهجاء و الهجاؤون في الجاهلية، مصدر سابق، ص٤٥، ف٣.

**کەر لە بەحرا بوو کە تێفکری نەویم**
**گوێ درێژە، ناوی خۆی ناوە کەریم[1]**

٨ ـ ئـایرۆنی لـە چواچـێوەیەکی ڕەوشـتی بـەرزدا جـەخت لەسـەر لایـەنی ستاتیکی دەق دەکات ، بە پێچەوانەوە سـاتیر ((هـەموو جـۆرێ وردەکـاری و جوانکـاری (ئیـستێتیکی) تێدایـە))[2]، بـەڵام لایـەنی ڕەوشـتی پـشت گـوێ دەخات. بۆ نموونە (زێوەر) ئەم ساتیرە ناشرینە لەنێو ئەم هونـەرە جوانـەدا هۆنیوەتەوە:

**ڕەفیقی حیزە، خۆی بێ هێزە، مانەندی کەری دێزە**
**بەتۆپینیش ڕەزایە مەرگی هـاوەڵ بوو بەسـەرباری[*]**

٩ـ ئـایرۆنی مامەڵـە لەگـەڵ کۆمـەڵ دەکـات و ئەگـەر ئاراسـتەی تـاکێکیش بکرێت، ئەوە ڕۆڵی ئەو کەسە لە چوارچێوەی پێوەندییـەکانی بـە کۆمەڵـەوە باس دەکات، بەڵام ساتیر زیاتر لەبارەی خـەوش و هەڵـەو کەموکووڕییـەکانی کەسێك دەدوێت، ئەگەر باسی کۆمەڵێکیش بکات، ئەوە وەکو یـەك گـرووپ و تـاقمێکی هاوشـێوە باسـی دەکـات کـە هـەڵگری هـەمان خـەوش و هەڵـەو کەموکوڕییـەکانن. بـۆ نموونـە (قـانع) لـەم پێـنج خـشتەکییەیدا کـە لەسـەر شیعرێکی حەمدی هۆنیوەتەوە، خزمانی خۆی ڕیسوا دەکات:

---

[1] دیوانی ئەسعەد مەحوی، کۆکردنـەوەو ئامـادەکردن و لەسەرنووسـینی د. عەبـدوڵڵا ئـاگرین، چ١، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هـەولێر٢٠٠٤، ل٣٣١، دێـش١. مەبەسـتی لـە (کـەریم)، عەبدولکەریم قاسمە، کە بە گوێ پان و گوێ درێژ ناسراوەو بە کەسێکی نەزان لە قەڵـەم دەدرێـت، چونکە سوور ئەیزانی کێ دوژمنیەتی لەخۆی نزیك دەخستەوەو ئـازاری دۆستەکانیـشی ئـەدا.../ بڕوانە: پەراوێزی (١)ی ل ٣٣١ی هەمان سەرچاوە.

[2] د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦، پ٣.

(*)دیوانی زێـوەر، مـەحموود زێـوەر کـۆی کردووەتـەوەو پێـشەکی و پـەڕاوێزی بـۆ نووسـیوە، چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨، ل٧٦.

قــەت نــەبوو لــەم هــۆزەدا هــەرگیز نیــشانەی مەکرەمــەت
گشت بەجاریْ غەرقی حرس و بیْ دڵی و پڕ مەشغەڵەت
کۆمــەڵی خزمــانی مــن، بــیْ جەوهــەر و بــیْ مەعریفــەت
لاتــن و لــوّتی و نەفامـــن بـــۆ نیــشـات و مەنفـــەعەت
دەبنـــە قوربـــانی ســـەگیْ بێـــشك بـــە بـــاب و داکـــەوە[1]

دووەم : جیاوازی نێوان ئایرۆنی و پارادۆکس

پارادۆکس پێکهاتووە لـە ((ڕسـتەکا هـەواڵی کـو د واتایـا سـەرڤەییدا ڕەددا خوە دکەتن، لیْ د ناڤەرۆکێدا دەربڕینیْ ژ ڕاستییْ دکەتن))[2]. لەم ڕووەوە لە ئایرۆنی نزیك دەبێتەوەو هەردووکیان مێژوویەکی کۆنیان هەیە. پەیدابوونیان بۆ ئەدەبی کۆنی یۆنانی دەگەڕێتەوە[3]. لە نێو بەرهەمـە ڕەوانبێژییەکانیانـدا باسـکراون و ئـەرك و کاریگەرییەکانیـشیان بـە نموونـەی سەرنجڕاکێـشەوە ڕوونکراونەتــەوە[4]. کلیــنس بــرۆکس جــەخت لەســەر ئــەوە دەکــات کــە

[1] دیوانی قانع ـ شاعیری چەوساوەکانی کوردستان ، کۆکردنـەوەی: بورهـان قـانع، چ۲، چـاپخانەی دالاهو، تەهران۱۳۸٥، ل۲٤٥، کۆ٤. / ئەم دیوانە زۆربەی شیعرەکانی لە خۆ دەگرێت، کە بەشی زۆریان لە دووتوێی دوو کۆشیعردا بلاوکراوبوونەتەوە. یەکەمیان: گوڵاڵـەی مـەریوان، چـاپخانەی مەعارف، بەغدا ۱۹٥۱. دووەمیانیش: دەشتی گەرمیان، چاپخانەی مـەعارف، بەغـدا ۱۹٥٥. ئەوانی دیکەش زۆربەیان لە نامیلکە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاْوکراوبوونەتەوە، یانیش لە کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا دەخوێندرانەوە.. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا پشت بە دیوانە گـشتییەکەی بەسترا.

[2] حسێن ئوسمان ئەبدولڕەحمان، ڕۆلیْ "پارادۆکس" یْ د پێکهاتا وێنیْ هۆزانێدا " کرمانجیـا سـەری" وەك نموونە، ، نامەی ماستەر، زانکۆیا دهۆك، کۆلیژا ئاداب، ۲۰۰۷، ل ۱۳۹، پ۱.

[3] إلهام مكي عبدالكريم المواشي، المفارقة في الشعر العربي المهجري الشمالي – شعر الرابطة القلمية أنموذجاً - ، (رسالة ماجستير)، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد ۲۰۰۱، ص٦، ف۲.

[4] جبور عبدالنور(الدكتور)، المعجم الأدبي ، ط۱، دار العلم للملايين ، بيروت ۱۹۷۹، ص۱۳۸ع م۲، ف٥، و ص۲٥۹ع م۱، ف۱۰.

((لێکچواندنێك له نێوان ئایرۆنی و پارادۆکسدا هه‌یه، ئایرۆنی به به‌هایێك داده‌نێت و بۆ هونه‌ر ده‌یگه‌ڕێنێته‌وه، چه‌مکه‌که‌ی له‌وه ڕزگار کرد، که ته‌نیا فۆرمێکی ساکارو سنووورداره له فۆرمه‌کانی ئاخاوتن))[1]. به شێوه‌یه‌کی گشتی هه‌ندێك له جیاوازییه سه‌ره‌کییه‌کان که له‌نێوان ئایرۆنی و پارادۆکس دا هه‌ن ئه‌مانه‌ن:

١ـ پارادۆکس هه‌وڵ ده‌دات بۆچوونێك بسه‌لمێنێت پێچه‌وانه‌ی ئه‌و ڕاستییه بێت که خه‌ڵك باوه‌ڕیان پێ هه‌یه، به‌ڵام ئایرۆنی به ڕێگه‌یه‌کی ناڕاسته‌وخۆ ڕاستییه‌ك ده‌خاته‌ڕوو که خه‌ڵکی دیکه هه‌ستی پێ ناکه‌ن و پێیان خۆشه گوێیان لێ بێت.

٢ـ له پارادۆکسدا، هه‌ردوو بۆچوونه هاودژه‌کان ڕاستییه‌کانیان له یه‌ك سه‌رچاوه وه‌رده‌گرن، بۆ نموونه (خادیم) له‌م پارادۆکسه‌ی خواره‌وه‌دا دوو هاودژ به‌راورد ده‌کات، که سه‌رچاوه‌یان ڕێنماییکردنێکی ئایینی پاکانه‌یه:

**تالیبی دونیا له عوقبا بێ به‌شه**

**تالیبی عوقبا له دونیا دڵ ڕه‌شه**[2]

به‌ڵام له ئایرۆنیدا سه‌رچاوه‌کانیان جیاوازن و هه‌مان مه‌به‌ست ناپێکن.

٣ـ له پارادۆکسدا هاودژه‌کان له ڕواڵه‌تی ده‌ربڕینه‌که‌دا ده‌رده‌که‌ون، ئه‌گه‌ر به وردی سه‌یر بکرێت هاوئاهه‌نگییه‌کیش له نێوانیاندا هه‌یه، بۆ نموونه، که به شۆفێره‌که ده‌گوترێت: له‌سه‌رخۆ بڕۆ تا زوو بگه‌ین. لێره‌دا دوو شتی هاودژ پێکه‌وه ده‌رده‌بڕدرێن.. له سه‌ره‌تاوه وا ده‌رده‌که‌وێت که ئه‌مه هاودژییه‌کی ته‌واوو پێچه‌وانه‌ی یه‌کترن، چونکه زوو گه‌یشتن پێوه‌ندی به خێراییه‌وه هه‌یه نه‌ك به هێواشییه‌وه. به‌ڵام ئه‌گه‌ر وردتر سه‌یر بکرێت دوا

---

[1] د. بسام قطوس، المفارقة في متشائل أميل حبيبي – الوقائع الغريبة في إختفاء سعيد أبي النحس، مجلة جامعة دمشق مج١٠/ع ٣٩-٤٠، ص١٢٢، ف٢.

[2] دیوانی خادیم، بر٢، جه‌ماڵ محه‌مه‌د محه‌مه‌د ئه‌مین ئاماده‌و ساغی کردۆته‌وه، چاپخانه‌ی (دار الحرية) ژماره /٢/، ل٢٧٢، دێش١.

ئەنجامەکە ئەوەیە کە لەسەرخۆ لێخۆرین دوورکەوتنەوەیە لە ڕووداوی لەناکاوو خراپبوونی ئۆتۆمبێلەکە، ئەوانیش دوو هۆکاری دواکەوتنن لە گەیشتن[1].

لە ئایرۆنیشدا، هاودژی هەیە، بەڵام یەکێکیان دەردەبڕێت، ئەوی دووەم کە مەبەستی قسەکەرە لە ڕووی ناوەوەی دەقدا شاراوەیە، وەرگر دەیدۆزێتەوە. بەم شێوەیە کرداری دیارو مەبەستی نادیار دەبنە هاودژو لە لای قسەکەرو وەرگرەوە ڕوون و ئاشکران. کەواتە ((ژ لایێ پێکهاتا سیمانتیکیڤە، ئایرۆنی و پارادۆکس وەکو یەک نینن، چونکی پارادۆکس دروست ئەو تشتێ دبێژیت دگەهینیت، لێ ئایرۆنی پێچەوانەی وێ چەندێ دگەهینیت))[2].

٤- پارادۆکس زیاتر بەرەو کێبڕکێی ژیری دەچێت، لە شیکردنەوەکەیدا پشت بە لۆژیک دەبەستێت ، بۆ نموونە: لە پارادۆکسی زینۆنی ڕەواقی یۆنانیدا بە جوانی پرەنسیپەکانی دەخاتەڕوو کاتێك ئەوە دەسەلمێنێت کە کیسەڵ لە ئەخیل خێراترە[3]. لەم دواییەدا پارادۆکسە ماتماتیکییەکانی فەیلەسووف و ئەدیبی ئینگلیزی ( برتناند راسیل ١٨٧٢- ١٩٥٠) کە بەپێی لۆژیك شییان دەکاتەوە[4] و شوێنێکی بەرزیان لە نێو بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکانیدا هەیە، بەڵام لە ئایرۆنیدا شاعیر لە کاتی قسەکردندا پشت بە هونەرە ڕەوانبێژییەکان دەبەستێت و لە داڕشتنی ڕووداوەکانی نێو کارە ئەدەبییەکانیشدا بە شێوەیەك گرێچنییەکان دەهۆنێتەوە کە لەوانەیە لە

---

[1] د. نصرت عبدالرحمن ، في النقد الحديث ، مصدر سابق، ص٦٢-٦٣.

[2] حسێن ئوسمان ئەبدولڕەحمان، ڕۆلێ "پارادۆکس" ێ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا " کرمانجیا سەری"وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩، پ٧.

[3] عبدالرحمن بدوي، ربيع الفكر اليوناني، ط٥، وكالة المطبوعات – الكويت، دار القلم – بيروت١٩٧٩، ص١٢٩، ف٣.

[4] هانز ميرهوف، الزمن في الأدب، ت: د. أسعد رزوق، مطابع سجل العرب، القاهرة ١٩٧٢، ص٢١.

واقیعدا ڕوودەدەن. لە ئەدەبی کوردیشدا نموونە لە بارەی پارادۆکسەوە زۆرن، دەتوانین لە ئایرۆنی جیای بکەینەوە، وەکو: (قانع) لە شیعری (ماڵ بەش کردن لە گەڵ براکەم) دا، باس لە ویژدانی برایەکی چاوبرسی دەکات کە لە دوای کۆچی دوایی باوکی چۆن کەلوپەلی ناوماڵ لە هەشت خاڵدا کۆدەکاتەوە و لەگەڵ برا تاقانەکەیدا دابەشی دەکات:

**باوك بۆ هیچ کەس نامێنێ تا سەر**

**کوڕ ئەو کوڕەیە لە کڵ بێتە دەر**

**مەسەلەی مەشوور برامان برایی**

**بەڵام بەو شەرتە کیسەمان جیایی**

**ماڵەکە بەش کەین، بێ مەلا و قازی**

**یەك لە یەکتری چاك ببین ڕازی**[1]

لەم پێشەکییە کورتەدا، شاعیر بارودۆخی ماڵەکەو کێشەی دوو برا بە جوانی دەخاتەڕوو، ڕێگەش بۆ برا فێڵبازەکە خۆش دەکات کە بەم شێوەیە دەست بە دابەش کردنی میراتەکە بکات:

**ئەو هێسرە شێتەی جووتەوەشێنە**

**دابنێ بۆ من هیچ دامەمێنە**

**ئەو پشیلە جوانەی پڕ خەت و خاڵە**

**چش با بۆ تۆ بێ، ڕەونەقی ماڵە**[2]

بە پێویست نازانرێت هەموو هەنگاوەکانی دابەشکردنەکە باس بکرێن، چونکە لە دەربڕینی هەر یەکێکیاندا مەبەستێکی دیکەی نادیار هەیە، خوێنەریش بە ئاسانی هەست بە کرداری هەڵخەڵەتاندنی لایەنی یەکەم و بێ

---

[1] دیوانی قانع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧، دێش ١-٤.

[2] دیوانی قانع ، سەرچاوە پێشوو، ل٣٣٧، دێش ٥-٦.

ئاگایی لایەنی دووەم دەکات، بەلاّم شتی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بە وردی هەر هەشت حاڵەتەکە شی بکرێنەوە ئەوە حەوتیان بە پێی هونەری ئایرۆنی لێك دەدرێنەوە، تەنیا یەکێکیان پارادۆکسییەکی ڕوونی پێوە دیارە، کە هەمان سەلیقەو دەربڕینی هەیە، بەلاّم لە مانا شاراوەکەیدا جودایە:

**لە دەرگای حەوشە تا وەکو سەربان**

**دابنــێ بــۆ مــن ســەرپاك هۆدەكــان**

**ئەمما لە ســەربان هەتا ئاســمان**

**هەمووی بۆ تۆ بێ، بێ کەسری و نوقسان**[1]

جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەم حاڵەتەی پارادۆکس لەگەڵ حەوت حاڵەتەکانی دیکەی ئایرۆنیدا ئەوەیە، کە حاڵەتە ئایرۆنییەکان لە ڕووی دەربڕینەوە دروستن و لە ڕووی جێ بەجێکردنیشەوە ئاسانن، بەلاّم لە حاڵەتی پارادۆکسیدا لە ڕووی لۆجیکەوە دروستە، بەلاّم زەحمەتە لە واقیعدا جێ بەجێ بکرێت. لە شیعری کوردیدا نموونەی هاوشێوەی پارادۆکسە ماتماتیکییەکانیش هەن، بۆ نموونە (ئەسعەد مەحوی) دەڵێت:

**دوو(١٠) و (٢٠) بیســتێکە یارم ئیدعــای چــواردە ئەکا**

**ڕاستە چواردەی ئەو ئەڵێ: بیست و شەش و چواردە ئەکا**[2]

لێرەدا شاعیر دەزانێت تەمەنی یارەکەی چل ساڵە، بەلاّم کە دەڵێت کچی چواردە ساڵم، شاعیر لە دڵی نایەت پێ بڵێت ڕاست ناکەیت، بەڵکو لە ڕێگەی پارادۆکسی ماتماتیکییەوە ئەنجامەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە، کە لە ڕواڵەتدا وا نیشان دەدات، بەلاّم ڕاستییەکە ئەوە ناسەلمێنێت.

---

[1] دیوانی قانع ، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٣٨، دێش ٥-٦.

[2] دیوانی ئەسعەد مەحوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩، دێش١.

**سێیەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و نوکتە**

هونەری ( نوکتە) یان گەپ ((دەستەواژەیەکی ڕووگەش و بابەتێکی وردە لە دوای تێڕامان و بیرکردنەوەیەك دروست دەبێت و ڕستەیەکی ڕوح سووکە و کاریگەرییەکەیشی دڵخۆشییەك لە دەروونـدا دەورووژێنێت ))[1]. هەر بەم مانایەش ڕامانی نوکتە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەگی داکوتاوە. بۆ نموونە (نالی) بەم شێوەیە بۆی دەچێت:

**نوکتێکی زەریفە بە نصیبی زورەفا بیٚ**
**تەعریفی دەکەم ، بەڵکو لە بۆ دەرد شیفا بیٚ**[2]

ئەمەش شتێکی ئاساییە، کە لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی وەکو شاری سلێمانی، بەم گرنگییەوە باسی بەهای ئەم هونەرە ئەدەبییە بکرێت، چونکە نوکتەی ئەدەبی لە نوکتەی میللی بەوە جیا دەکرێتەوە، کە ((دیاردەیەکە لە دیاردەکانی پێشکەوتنی ئاکاری و بەڵگەیەکە لەسەر بێگەردی هزر و ڕۆشنی بیرکردنەوە، بۆیە نوکتەی ئەدەبی ـ هەروەکو لە نێو کۆمەڵاندا زانراوە ـ تەنیا لەو شوێنانەدا پەیدا دەبێت کە ئاستێکی هزری و ڕوحی باڵایان هەیە و خۆشی ژیانیان چێشتووە))[3]. لەو بارودۆخانەدا نوکتەی پێکەنین ئامێز دەبێتە پێویستییەکی دەروونی ئەو خەڵکە، وەکو هۆیەکی دڵخۆشکەرەوەی ئامانجداریش سەیر دەکرێت و ((ئەو پێکەنینەی هۆیە، ئەوە لە کۆڕی ئەدەبیاتدا ئەبێتە ژانرێکی تایبەتی. ئەبێتە هۆی ڕەخنەگرتن لە هەموو

---

[1] د. جبور عبدالنور، المعجم الأدبي، مصدر سابق، ص٢٨٥، ع٢، ف٢.

[2] نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس ـ و فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم پیاچوەتەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل٦٠٧، دێش١./ ئەم دێڕە شیعرەش بەم مانایە دێت کە ((بابەتێکی یان شتێکی زۆر خۆش و باشە، خوا بە نسیبی باشانی کا!. بۆتی باس ئەکەم و لێکی ئەدەمەوە، بەڵکو ببیٚ بە دەرمانی دەرد...)). بڕوانە: (دیوانی نالی، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، پەر٥).

[3] علي مروة، طرائف الشعراء و الأدباء، ط٢، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت ٢٠٠٥، ص٧، ف٣.

دیمەنێکی ناهەموار و خوارو چەوت لە ژیاندا ئەبێتە هۆیەکی تیژی گەڕان و پشکنین لە هەموو لا، لە هەموو جێیەك، لە هەموو کاتێکدا بە دوای کەم و کووڕی و باری نالەبارداو لە شێوەی گاڵتەدا بەو دیمەنە پەردە لە ڕووی ئەو کەم و کووڕییە لا ئەدرێ))[1]. لەم ڕووەوە هونەری نوکتە لە هونەری ئایرۆنی نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەم لێکۆڵینەوەیە هەیە ئەو نوکتە ئەدەبییانەیە، کە بە شیعر هۆنراونەتەوەو لە ڕووی تەکنیکەوە لەگەڵ ئایرۆنی تێکەڵبووە و چەندین توخمیشی هەلگرتووەو ئەوەی لێی جیادەکاتەوە، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

١ـ نوکتە گوزارشت لە هەڵوێستێکی گاڵتەجاڕی دەکات و لەوانەیە ((مانا وێ ژ بۆنا هەرکەسی نە کفشە. تێگەهشتنا وێ هنەك دشوارە. ب ئاواکی وەلێ لهەڤهاتیە کۆ مانا وێ یەکجار ڕاست مەبە ژی دیسان کێفا مرۆڤ ژێ رە تێت. ژ خوە سپەهیتییا وێ ژی د وێ دە یە))[2]. بەڵام هەڵوێست وەرگرتن لە ئایرۆنیدا گاڵتەجاڕی نییەو لەوانەیە ئەنجامەکەشی پێکەنیناوی نەبێت و ئەوی بەرامبەر بە زەردەخەنەیەکی بچووکەوە هەڵوێستی قوربانییەکە هەڵبسەنگێنێت.

٢ـ شوێنی ڕاستەقینەی نوکتە شیعر نییە، بەڵام لەو کۆمەڵانەی ڕێژەی نەخوێندەواری تێدا بەرز بێت، نوکتە سوود لە جوانکاریی شیعر وەردەگرێت و لە قاڵبێکی سەرنجڕاکێشدا دادەڕێژرێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەزبەر بکرێت و هەموو کەسێك چێژی لێ وەربگرێت. بۆ نموونە ساڵانی (١٩٢٥–١٩٧٠) سەردەمی زێڕینی گەشەکردنی نوکتە بوو لە نێو شیعری نوێی کوردیدا. دواتر بەرەو کزی ڕۆیشت و زیاتر لە نێو پەخشانی ئەدەبی جێگیر بووە. نوکتە

[1] د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٩، ل١٦١-١٦٢.

[2] نوکتەزان . نوکتەبێژ، گ: هاوار، شام ژ٣ ـ ١٥ حزیران ١٩٣٢، ل٦، ئەس ١-٢.

زیاتر ((بە رێگەی هونەری نیگارو بە وێنەی کاریکاتێری هێڵکارییەوە ئەنجام دەدرێت و گەورەترین ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەڕازێنێتەوە))[1]. بە پێچەوانەوە شیعر بە یەکێك لە شوێنە ڕاستەقینەکانی ئایرۆنی دادەنرێت، کە بە بەردەوامی تێیدا گەشەدەکات و لە نێو شاکارە ئەدەبییەکانی جیهانیشدا جێگەی کردۆتەوە[2].

٣- لە زۆر ڕووەوە نوکتە لە هونەری ساتیرەوە نزیکترە لەوەی پەیوەندی لەگەڵ هونەری ئایرۆنییەوە هەبێت، چونکە تەنیا یەك ڕووی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە باس دەکرێت و لەوانەیە ناخی بەرانبەر ئازار بدات. لە ئایرۆنیدا خوێنەریش وەکو دانەری بابەتەکە ئاگاداری ناوەرۆکی بابەتەکەیەو مانا نادیارەکەشی دەزانێت، بەڵام لە نوکتەدا شاعیر هەواڵێکی سەیر یان دیاردەیەکی نائاسایی لە قاڵبێکی شیعری کێش سووك و سەروا ئامێزی پێکەنیناویدا دادەڕێژێت و تەنیا وەکو سەربوردەیەك دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لە شیعری (قافیەی بە جڕت) دا، ڕووداوێکی پێکەنیناوی دەکاتە دەقێکی شیعری نوکتە ئامێز:

دوێنێ لە بازاڕ لەناو گوزەردا
جاڕی (دوخانی شەرقیان) ئەدا
کوڕێك بە سیماو چاکەت و پەنتۆڵ
سەرێکی ڕووتی بە زوڵف و کاکۆڵ
بە عارەبی صاف بە دەنگێکی ڕەق
ئەی ووت (ادخنوا من دخان الشرق)
لەگەڵ ووتی شەرق، شرق شرق لە دواوە
یەکێك جرتێکی وای بۆ بەرداوە[3]

---

[1] جبور عبدالنور، المعجم الأدبي، مصدر سابق، ص١٩٥، عم١، ف٢.
[2] د. سی. میویك، المفارقة، مصدر سابق، ص٨، ف١-٢.
[3] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی (العاني)،بەغدا ١٩٧٠، ل٣٨٩، دێش ١-٤.

ئەم سەربوردەیە ـ تا ئێرە ـ ڕووداوێکی گاڵتەجاڕییە و نابێتە بابەتێکی نوکتەبازی کە لەناکاوەوە زیرەکی و بیرتیژی کەسایەتیی کارەکتەرێك دەردەخات، بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشەوە کۆتایی بە بابەتەکەی دێنێت، جا چ بە قسەیەکی کورتبڕی پڕ مانا بێت ، یانیش بە نواندنی هەڵوێستێکی ئەنتیکە بێت، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا ئەنجامێکی پێکەنیناوی دەخاتەڕوو. لە بەشی دووەمی ڕووداوەکەدا، (پیرەمێرد) گرێچنییەکەی دەخاتە نێو کرداری ڕاونان، دەیکاتە ململانێیەکی توند لە نێوان کابرا جگەرە فرۆشەکەو منداڵەکەدا:

**ئەفەندی ئاوڕی دایەوەو منالْ**

**ڕای کردو کابراش لە دووی کەوتە بالْ**

**ئەم خەڵکە هەموو کردیانە هەرا**

**پێچە بە دەوری کرد لە گوزەرا**[1]

ڕووداوی دوای گرێچنییەکە، هەنگاوەکانی ململانێ لە نێو کردارێکی دیکەدا گرژتر دەکات و بەرەو ئەنجامی کۆتایی دەبات:

**قوڕ گیرابووەوە بۆ سواغی دوکان**

**کەوتبووە سووچێك نەیاندی هیچیان**

**منالی پێ خاوس هیچ باکی نەبوو**

**نەچەقیە ناو قوڕ سووکی بۆی دەرچوو**

**بەڵام ئەفەندی بە قوندەرەوە**

**چەقی و نەیتوانی بێتە دەرەوە**[2]

ئەم دیمەنە تەواوکاری دیمەنی یەکەمەو پێکەنینی بابەتەکە خەستتر دەکات و بەرەو لووتکەی دەبات، کە ئەم ئەنجامەی خوارەوەیە:

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٩، دێش ٥-٦.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٣٨٩، دێش ٧-١٠.

تەکانی خۆیدا لە پەوڕوو بۆی کەوت

هاتە دەرەوە وەك دەعبای ئەشکەوت

هەمــوو دوکانــــدار ئاویان پیـائەکرد

هەرچەندێکیـان کرد قوڕیـان لانەبرد[1]

شاعیر وێنەی ڕووداوێکی ئالۆزی گرتووە، بە زمانێکی ئاسـانەوە گوزارشـت لە ڕەفتارێکی پێکەنیناوی دەکات، کـە سـەرنجی بەرامبـەر ڕادەکێـشێت، بـۆ ئەوەی بە پێی بۆچوونی خۆی لێکی بداتـەوە، ئەمـەش خـاڵێکی سـەرەکییە کە نوکتە لە ئایرۆنی جیا دەکاتەوە.

٤- نوکتە یان گەپ بابەتێکی کورتکراوەو ((زمـانێکی سـاکارو بـێ گـرێ و بـێ پێچ و پەنایە، هەموو هونەرو تـەکنیکێکی گـەپ لـە شـێوازی گێڕانـەوەدا چـڕ دەبێتــەوە))[2]. لــە خــاڵی گرێــچنییەکەیدا پێوەنــدی بــە گاڵتــەجاڕی و پێکەنینەوە هەیە. بەڵام بابەتی ئایرۆنی لەوانەیـە ئەوەنـدە کـورت بێـت، کـە جێگەی لە ڕستەیەکدا بکرێتەوە وەکو ئایرۆنی وشەیی، یانیش ئەوەندە درێـژ بێت کە جێگەی لە کتێبێکدا بکرێتەوە وەکـو ئـایرۆنی تراژیـدی. بـۆ نموونـە (گۆران) لە شـیعری (سـەگوەڕ)دا پێکـەنینی بـە هەنـدێك کـەس دێـت کـە لـە ناحەق دەگەفن، خۆیان کردۆتە ئۆرگان و داردەستی ناحەزانی شـاعیر، بۆیـە ئەویش بە شیعرێکی گەپ ئامێزەوە گاڵتەیان پێ دەکات و ڕەخنە لەو دیاردە ناشرینە دەگرێت:

تووڵەی دەرگای ئاغایان گشت،

کلکی نایە نەڕەی پشت!

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، هەمان سەرچاوە، ل٣٨٩، دێش ١١.

[2] نەجات حەمید ئەحمەد، پێکەنینێك لە ئازار ـ شیکردنەوەیەکی تیـۆری و پراکتیکـی، گ: ئاسـۆی فۆلکلۆر، هەولێر ژ٩ساڵ ٢٠٠٥، ل٢٢، ئەس٣، پ٤.

**سەری کێشا، دی: بنی ئاو**
**تووڵەی تیایە : سەرداکێشاو!**
**گوێچکەی قوت کرد.. گوێچکەی قوت بوو.**
**کە بۆی مڕان .. بۆی مڕان ، زوو**[1]

دواتر شاعیر ئەو جنێودان و شەڕەقسەی کە لە نێوان هەردوو سەگەکەدا ئەنجام دەدرێت ، لە نێو چەندین وێنەی گاڵتەپێکردن و حەپە حەپی پڕ گەف و گوڕ و گەپ ئامێزەوە بەرجەستەدەکات. (گۆران) داهێنانێکی نوێی لە داڕشتنی گفتوگۆیەکەدا کردووەو گرێچنییەکەی گەیاندۆتە لووتکە، چونکە هەردوو لایەنی شەڕکەر یەك سەرچاوەیان هەیە، وێنەی سەگی دووەم هەر ڕەنگدانەوەی سەگی یەکەمە، حەپەحەپەکەیشی هەر دەنگدانەوەی خۆیەتی. ئەم سیناریۆیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە:

**ئەوەن وەڕی .. ئەوەن وەڕی**
**تا لە کاسە چاو دەرپەڕی ..**[2]

شاعیر خۆی ناکاتە لایەنێك لەم ململانێیەدا، ناوی کەسیش نایەنێت و هەستی بەرانبەریش بریندار ناکات، چونکە لەوانەیە ئەم حاڵەتە زۆرجار دووبارە ببێتەوە، بۆیە پەنا بۆ هونەری ساتیر نابات، خۆی لە هاودژییە ڕامانیەکانی ئایرۆنیشەوە دووردەخات و بە ڕێگەی هونەری نوکتەوە ڕەخنە لە دیاردەیەکی ناشرین دەگرێت و ئەنجامەکەشی بەم شێوەیە بەدەستەوە دەدات:

**منیش هەندێ کەس ، پاشملە،**
**لێم کەوتوونە تەقەی زلە،**

---

[1] دیوانی گۆران، بر١، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٠، ل٣٩٢، دێش ١-٦.
[2] هەمان سەرچاوە ، ل٣٩٣،دێش ٦-٧.

بەڵام ، من وەك حەوزێكی مەنگ،
هەرگیز لێیان نایەمە دەنگ!
با بۆ خۆیان هەر بگەفن،
هەر خۆیان هەردوو تەرەفن!..[1].

بابەتی ئەم شیعرە یەك ڕووی هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی كە هەندێك كەس بێ ڕێزییان بەرانبەر شاعیر كردووە، ئەویش ڕاستەوخۆ وەڵامیان نەداتەوە ، بەڵكو لە میانی نوكتەیەكی گاڵتەجاڕییەوە هەڵوێستیان بە خاڵێكی ناشرین پیشان دەدات كە ناتوانێت كار لە جیهانی مەنگ و جوانی ئەو بكات.

چوارەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و فانتازیا

گرنگی فانتازیا (Fantasy) لە ئەدەبدا لەوێوە دەردەكەوێت كە ((پرسێكی بێ ئاگاییە و تایبەتمەندییەكی كەسێتی هەیە، بەرهەمەكانیشی یەكبوون و گشتگیری و هاوسەنگییان تێدا نییە، بۆیە لە زیندەخەون نزیك دەبنەوە))[2]. زیندە خەونیش (Daydream) لە فەرهەنگی دەروونناسی كوردیدا هەر بە فانتازیا ناودەبرێت و كاریگەرییەكەشی بە شێوەیەك لێكدەداتەوە كە ((بیركردنەوەیەكی بە ئارەزوو لە كاتی بەخەبەری، زنجیرەیەك ئەندێشە و بیری سەیر سەیر لە كاتی زیندەخەوندا بە بیری یەكێكدا تێپەڕ ببێ كە خۆی مەبەستی بێ. بەم جۆرە ئارەزووە چەپاندراوەكانی تێر ئەكا، كە لە ژیانی ڕاستەقینەی نەیتوانیوە تێریان بكا))[3]. ئەمەش وای كردووە كە ((نووسەران هەستیاربن و گرنگی بە خەون بدەن و سنوورەكانی حەقیقەت و ڕاستی بۆ

---

[1] دیوانی گۆران ، هەمان سەرچاوە ، ل٢٩٣، دێڕ ٨-١٣.

[2] ت. ي. أپتر، أدب الفنتازيا مدخل الى الواقع، ت: صبار سعدون السعدون، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٩٠، ص١٦، ف١.

[3] د. عەبدولستار تاهیر شەریف، قاموسی دەروونناسی ـ ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ كوردی، چ١، چاپخانەی (علاء)، بەغدا ١٩٨٥، ل ٥٤-٥٥.

ناو وەهم و خەیاڵ دووربخەنەوە))[1]. وەهم و خەیاڵیش لە ئەدەبدا دوو شتی جیاوازن و بە پێی بۆچوونی (درایدن) ئەوەیە کە ((خێرایی خەیاڵ لە داهێناندایە، بەڵام وردبینی دەربڕین و پیتاندنیشی لە وەهمدا دەردەکەوێت))[2]. کەواتە جیاوازییەك لە نێوان ئەوەی لە خەیاڵدا ڕێك دەکەوێت و ئەوەی بە وەهم دروست دەکرێت هەیە. یەکەمیان ئەدەب هەمووی دەگرێتەوە و ئەوەی دووەمیش زیاتر لە نێو حیکایەت و حیکایەتی خرافیدا بەدی دەکرێت و بە شێوەیەکی کەمتر لە شیعردا هەیە. ئەگەر هەشبێت، ئەوە لە نێو وێنە ئەفسانەییەکاندا ڕێك دەخرێت، بەو پێیە کە ((هەموو وێنەیەکی ئەفسانەیی واتایەکی نوێ لە ناو دووتوێی ڕەمزێکدا دەبەخشێت. ئەفسانە ڕووبارێکی لە بن نەهاتووە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی بیری مرۆڤەوە هەتا ئێستا بەردەوامەو سروشتێکی نەمری وەرگرتووە، بۆیە شاعیری هاوچەرخیش ڕەمزو ڕووداوی ناو ئەفسانەکان لە بنیات کردنی وێنەی هونەریی تازەدا بەکار دێنێ))[3]. لەم سۆنگەیەوە ئایرۆنی لە فانتازیای ئەدەبی نزیك دەبێتەوە، بەڵام هەر یەکێکیان ئامراز و مەبەستی جودای خۆی هەیە، دەتوانین هەندێك لە تایبەتمەندییە جیاکانیان لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١ـ ئەو ڕامانەی ئایرۆنی دروستی دەکات پێچەوانەی دەربڕینەکەیەتی و ئەو ئەنجامەی بە دەستەوە دەدات لەگەڵ یاسا و پرەنسیپەکانی واقیعدا یەك دەگرنەوە ، بەڵام ئەو ئەنجامەی فەنتازیای ئەدەبی پێیدەگات واقیعی نییە، بە پێی یاسا و ڕێساکانی جیهانێکی جودا و دوور لە ژیانی ئاسایی مرۆڤەو

[1] د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەنتاستیك، گ: ڕامان ژ١٣٢، ٢٠٠٨/٥/٥، ل١٥٧، ئەس١، پ٣.

[2] ت. س. أليوت، فائدة الشعر و فائدة النقد، ت: د. يوسف نور عوض، دار القلم، بيروت ١٩٨٢، ص٣٦، ف٢.

[3] د. سەردار ئەحمەد حەسەن، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٤، ل٨٥، پ١.

زیاتر بە پێی دەستوورێکی ئەفسووناوی یان یاساکانی جیهانێکی غەیرە ئینسانی کاردەکات. بۆ نموونە (فەرامەرز) بۆ ڕزگارکردنی بەرانبەر، پلانێك دادەنێت، کە لە واقیعدا نییەو بە پێی هیچ پرەنسیپێکی باو جێبەجێ ناکرێت:

گەر نەمزانیایە خەڵوەتگەی یاری
وەیا زامـــاری چـــاوی بیمـــاری
ئێستا ئەمناردی بۆ شاری عەدەم
نەجاتم ئەدای لە دەست دەرد و خەم[1]

٢ـــ ئـــایرۆنی پـــشت بـــە ئەندێـشەی خۆلقێنـــەر دەبەســـتێت کـــە وێنـــەو دەربڕینەکانی لە دونیای بەرینی بینراو و ئەپستراکت وەردەگرێت، بەڵام وێنەو کەرەستەو سۆمبولەکانی فانتازیا لە ناخی مرۆڤدان. (کامەران موکری) وێنەی ئەم شیعرەی خوارەوە لە ناخی مرۆڤێکی زۆردەست وەرگرتووە کە بەسەر مرۆڤێکی لە خۆ بێهێزتر زاڵ بووە:

ئەگەر ژێرکەوتوو ئەسـرین نەڕێژێ
سەرکەوتوو تامی زاڵ بوون ناچێژێ[2]

---

١ ئومێد ئاشـنا، ڕەشـید نـەجیب - ژیـان و بەرهـەمی، (ئامـادەکردن) چ١، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر٢٠٠١، ل٢٢.

٢ دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین و پەراوێز لێدان: عەبـدوڵڵا عـەزیز خالیـد، چـاپخانەی (الثقافة والـشباب)، هەولێر١٩٨٧. ل٢٤١، دێش٤./ ئەم دیوانە بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دانـرا بۆ دەستنیشان کردنی نموونە شیعرییەکانی کە لە نێـو ئـەم لێکۆڵینـەوەدا بـەکارهاتوون، چـونکە زۆربەی کۆشیعرە بڵاوکراوەکانی پێش ساڵی (١٩٧٠) لەخۆ دەگرێت، وەکو: (دیـاری، چـاپخانەی مەعارف، بەغدا١٩٥٧م). / هەروەها: (ئاگرو ژیلە، چاپخانەی کامـەران، سـلێمانی١٩٥٨م)./ و (گوڵاڵە سوورە، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٥٨)./ و(گوڵ ئەستێرە، چـاپخانەی کامـەران، سلێمانی١٩٥٩). / هەروەها: (ئاوات و ڕەنج، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٦٨).

٣ـ ئایرۆنی باسی پەیوەندییە وردەکانی نێوان ڕووداوەکانی واقیع و ئەو کردارانە دەکات کە لە وانەیە ڕووبدەن ، بەڵام کارە فانتازییەکان پەیوەندییان بە سەربوردە ئەفسانەیی و حیکایەتی جنۆکەو شتە لەڕادەبەدەرەکانەوە هەیە، ئەگەر لە واقیعیش نزیك ببنەوە باس لەو شتانە دەکەن کە زۆر زەحمەتە لە واقیعدا ڕووبدەن. بۆ نموونە (قانع) لە شیعری (گەشتێك لە بەهەشتا)دا، کە وەکو دەقئاوێزانێك وەریگرتووەو بە شێوەیەکی فانتازی لە نێو دەروونی کوردێکی هەژاری لێقەوماودا شۆڕ دەبێتەوەو باسی ژیانی دوای مردن دەکات و لە یەکێك لە وێنەکانیدا دەڵێت:

بە چنگ و ناخون بە سەد دەردی سەر

گۆڕم هەڵدڕی و لە گۆڕ هاتمەدەر

ڕوانیم خەلایق ڕیز و قەتار

ڕێك ڕاوەستاون هەزاران هەزار

پرسیم لە پیاوێ، ڕێی بەهەشت کامە؟

نیشانم بدە زۆرم مەرامە

پردی سەراتیش هێشتا نەمدیووە

ڕاستم پێ بێژە لەسەر کام شیوە؟[1]

٤– ئایرۆنی دژی لۆژیك و بۆچوونە باوەکان نییە و ڕکابەرییان ناکات، بەڵام فانتازیا خۆی بەرپەرچدانەوەی سروشتی ئاسایی ئینسانە وکارەکانی بەپێی بنەما لۆژیکییەکان لێك نادرێنەوە ، بەپێچەوانەوە دەکرێت لۆژیك بەپێی بۆچوونە فانتازییەکان لێك بدرێتەوە. بۆ نموونە (ئەحمەد هەردی) لە شیعری (تەپڵی بەتاڵ) دا، کە لە ساڵی (١٩٥١)داو لەسەر زاری کابرایەکی ڕووخاو هۆنیوەتەوە، کە لە واقیعی خۆی دوورکەوتۆتەوەو هەموو بیرو بۆچوونەکانی بەرەو جیهانێکی فانتازی شۆڕبوونەتەوە:

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٦، دێڕ٣-٦.

وەمزانی: کە ناموس و حەیا نرخی کوڕانە
ڕاستگۆیی و ولأت پەروەری، ئەنجامی ژیانە
نەمزانی براکـــەم، هەمـــوو ئەم نـاوە زلانـە
وەك تەپڵی بەتاڵ، گەرچی زل و گەورەیە، دەنگیان
دەســـکردی خــەیاڵن، لە ژیـانا: نییـە ڕەنگیان![1]

٥ـ فانتازیا هاودژەکان دەستنیشان ناکات ، بـەڵکو چـەمکە بنەڕەتییـەکانی مەعریفـە بـە شـێوەیەکی وا شـیدەکاتەوە کـە شـتە ئاسـاییەکان بـەو پـەڕی سەرسووڕماوییەوە پێشان بدرێن ، بۆ نموونە : کـاتێ ئـەو جێگایانـەی لێمـان ئاشنان و بە جوانی دەیانناسین بە شێوەیەك دەیانگۆڕێت کە وەکو شوێنێکی نامۆ و سەرسووڕهێنەر دەرکەون، بەڵام ئایرۆنی، هاودژەکان دەخاتەڕوو، لەم بارەوە هەوڵ دەدات شتە نادیارو ونبووەکانی نێـو دیاردەیـەکان بدۆزێتـەوەو لەگەڵ لایەنە ئاشکراو زانراوەکانیاندا بەراورد بکات.

**پێنجەم: جیاوازی نێوان ئایرۆنی و سارکازم**

سارکازم ـ Sarkasm ((لە گفتوگۆی ئاساییدا، هەندێك جار وەکو بەدیلێك بۆ هەموو شێوەکانی ئایرۆنی بـەکاردێت، بـەڵام بـە سـوودترە ئەگـەر بێـت و بـە تــەنیا بـۆ قــسەی ڕەق و سەرزەنـشتکردن لــە پیاهەڵـدان و ڕەخنـەلێگرتنی ئاشکرا بەکاربهێنرێت:" ئۆه ، تۆ بەخشـشی گـەورەی خـودای بـۆ ئافرەتـان، تۆ! "))[2]. سارکازم لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانی کۆنە و بـە مانـای " کـاری ناشرین " دێت و بۆ سەرزەنشت کردنی بەرانبەر بەکاردێت، کەواتە گوزارشت لە تەوس لێدان و گاڵتەپێکردن دەکات. زۆرجار لە ئـایرۆنی نزیـك دەبێتـەوە،

---

[1] ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر١٩٨٥، ل٧٢، کـۆ١./ چ١ی لە (چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٥٧) دەرچووبوو.

[2]- M.H.ABRAMS, A Glossary of Literary Terms, P.136. Par.3.

بەتایبەتی لە چۆنیەتی دەربڕینی ستریسی دەنگی قسەکەردا*، بەلام لەزۆر ڕووی دیکەوە جودایە ، وەکو:

١- لە ئایرۆنی دا، هێزی مانای ڕوودیار و مانای ڕاستەقینە لە ڕێگەی ستریسەوە یان لە ڕێچکەی ئاخاوتنەکەدا هەست پێ دەکرێت ، بەلام لە (تەوس ـ سارکازم)دا تەنیا لە میانی ((گۆڕینی ڕادەبەدەری تۆنی دەنگی قسەکەردا دەردەکەوێت کە مەبەستەکەی گاڵتەپێکردنە))[1].

٢- کاریگەری ئایرۆنی جیایە لە کاریگەری سارکازم، چونکە یەکەمیان لە ڕێگەی زمانێکی ڕاستەوخۆ و ئەقڵمەندییەوە دەربڕدرێت و دووەمیان بە هێمایەکی ناڕاستەوخۆ و هەڵچوونییەوە دەنوێنرێت. بۆ نموونە لە گفتوگۆیەکی سارکازمی خێزانیدا، دایکێك و باوکێك بە پەرۆشەوە باس لە چارەنووسی کچە جحێلەکەیان دەکەن. دایکەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ سەرزەنشتی هاوسەرەکەی دەکات. ڕووی ناوەوەی دەربڕینی وەلامەکەی ئەوەندە توندە، کە ئەگەر باوکەکە مانا شاراوەکەی لێك بداتەوەو بە دروستی مەبەستی هاوسەرەکەی تێ بگات، ئەوە مسۆگەر هەستی بریندار دەبێت:

((ـ باوك: کەسم لەم کچەمان کەرتر نەدیوە لەم هەموو خوازبێنی، کە ڕازی دڵی بەو هەتیوە بێکارە گەوجەدا چووە.

– دایك: گوناهی خۆی نیە کچی دایکیەتی))[2].

٣- سارکازم لە دەمەقاڵییە گەرمەکانیشدا، ئەرکێکی دەستنیشانکراوو ڕەوای لە ئەدەبدا نییە، هەرچەندە دەربڕینەکان توندترو دەوڵەمەندتر

---

* بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە: (د. سی. میویك، المفارقة وصفاتها، مصدر سابق، ص١٣٩، ف٢).

1- M.H.ABRAMS, A Glossary of Literary Terms, P.136. Par.3.

٢ گ: گەلاوێژ (بەغدا)، ژ١ س١٠ کانوونی دووەمی ١٩٤٩، ل٦١، پ١.

دەكات، بەڵام ئەركەكانی ئایرۆنی لە ئەدەبدا دیارن چ وەكو هۆكارێكی فەلسەفەی كەسایەتییەكانی ناو دەق و چ وەكو ڕەگەزێكی سەرەكی لە ڕەخنەی شیكاری پراكتیكدا.

٤- لە سارکازمدا گاڵتە بە بەرانبەر دەكرێت، لەوانەیە سنووری ڕێزگرتن و بەزەیی ببەزێنێت و هەستیشی بریندار بكات، بەڵام لە ئایرۆنیدا جەخت لەسەر بەرژەوەندی بەرانبەر دەكرێتەوەو هەمیشە لایەنی پەروەردەیی و چاكسازیش لەبەر چاو دەگیرێت.

شاعیرانی كوردیش زۆرجار لە شوێنی پێویستدا سارکازمیان بەكارهێناوە، بۆ نموونە (قانع) لەسەر زاری شۆخێكەوە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ سەرزەنشتی پیاوێك دەكات، كە وەسفی چاوەكانی كردووە:

**بە عەقڵی خۆم قیاسی چاوی ئەو شۆخەم، بە ئەختەر كرد**

**بە عیشوە چاوی بەرزۆ كرد هەزار جوێنی بە ئەختەر دا**[1]

كەواتە قسە ناشرینەكان لە ڕێگەی وەسفكراوەكەوە ئاراستەی وەسفكەر كردووە، بەڵام بەو پەری ڕێزگرتنەوە، بۆیە لە ساتیرەوە دووركەوتووەو نەگەیشتۆتە ئاستی ئایرۆنی.

جگە لەم هونەرانەی سەرەوە، زۆرجار ئایرۆنی نزیك یان تێكەڵاوی هەندێ هونەری دیكەش دەبێت، وەكو: (ئێیۆفێم Euphemism)[2] و (ناشرینی Grotesque)[3] و (سمبۆلیزم Symbolism)[4] یان (كوێرەگرێ- Aporia)[5]

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٥، دێش٣.

[2] د. ربحي كمال ، التضاد في ضوء اللغات السامية ، دار النهضة العربية للطباعة و النشر ، بيروت١٩٧٥، ص٢٩-٣٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٢٠٢.

[4] د. محمد فتوح أحمد، الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر، ط٢، دار المعارف، القاهرة ١٩٧٨، ص١١٩، ف٢.

[5] د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الأدبي، ط٤، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء ٢٠٠٥.ص٢١٨.

یان (سەرزەنشت ـ Litotes)[1] یـانیش (میۆسـس– Meiosis)[2]... کـە هـەر یەك لەمانە سیما و ئەرك و کاریگەرییەکانی خۆی هەیە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا.

لە ئەنجامی بەراوردکردنی هونـەری ئـایرۆنی لەگـەڵ هونـەرەکانی (سـاتیر، پارادۆکس، نوکتە، فانتازیا، سارکازم)دا چەند ڕاستییەك دەردەکەون :

١ـ دەکرێت هەر یەکێك لەم هونەرانەی سەرەوە، وەکو ئـامرازێکی ڕەخنـەیی لە دەقی شیعریدا بەکاربهێنرێت و لـە پێکهاتـەو ئـەرك و کاریگەرییـەکانیان بکۆڵرێتەوە. بۆ نموونە ئەم نامەیە بۆ ڕەخنەی ئایرۆنی تەرخانکراوە.

٢ـ لێك نزیکبوونەوەیەك لە نێوانیانـدا هەیـە، تـا ڕادەیـەك کـە لای خوێنـەری ئاسایی تێکەڵ دەبن، بەڵام لێکۆڵـەری ئـەدەبی لـە یـەکیان جیادەکاتـەوەو دەتوانێـت ئـەرك و کاریگەرییـەکانیان دەستنیـشان بکـات، ڕۆڵـی هـەر یەکێکیان لە پرۆسەی گواستنەوەی پەیامدا لێك بداتەوە.

٣ ــ ڕەگـەزی هاوبـەش لـە ڕۆنانیانـدا هەیـە، بـۆ نموونـە کۆمیـك ڕەگـەزێکی سـەرەکییە لـە پێکهاتـەی زۆربەیانـدا، بـەڵام لـە چـۆنیەتی دروسـتکردن و کاریگەرییەکانیاندا جودان، بۆ نموونە:

– ئەگـەر مەبەسـتی هۆنینـەوەی وێنـە پێکەنیناوییـەکان لـە داهێنانـە ئەدەبییەکاندا، تەنیا ڕیسواکردنی بەرانبەر بێت، ئەوە دەبێتە(ساتیر).

– ئەگەر لە گێڕانەوەیەکی ئەدەبیدا، ڕەخنـە لـە نـەریتێك بگیرێـت و لـە کردنەوەی گرێچنییەکەیدا نهێنییەکی مەزندەنەکراو لـە دەربڕینێکـی سـۆزو خرۆشدا ئاشکرا بکرێت ئەوە دەبێتە نوکتە.

ــ ئەگـەر دوو ڕووداوی نائاسـایی لـە هزرێکـی سەرنجڕاکێـشدا ڕۆشـن بکرێنەوەو هەستی بەرانبەر بورووژێنن ئەوە دەبیتە پارادۆکس.

---

[1] Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary Terms, New York 1998,P.125, Par.2.

[2] J.A . Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books ,1997, P.386-387.

٤- له هەر دوو هونـەری سـاتیر و نوکتـەدا، نووسـەر خـاڵی گاڵتـەجاڕی بـە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەخاتـەڕوو، بـەڵام لـە هونـەری ئایرۆنیـدا دەبێـت خوێنەر ئەو خاڵە پێکەنیناویانە بدۆزێتـەوە، بۆیـە زۆرجـار لـە تراژیـدیای شـاکارە کلاسـیکییەکاندا ئـایرۆنی دەبینرێـت، لـە ئـەدەبی مۆدرێنیـشدا بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت.

٥- کاتێـك لـە بـەراوردکردنی دوو حاڵەتـدا جیهـانێکی نەناسـراوی دوور لـە یاساو ڕێساکانی ژیانی ئادەمیزاد دەرببڕێت، ئەوە دەبێتە فانتازیاو مەرج نییـە لـەو بەراوردکردنـەدا سـۆزی وەرگـر بورووژێنێـت، کـە هەسـت بـە نیـشانەیەکی گاڵتـەجاڕی یـان کاریگەرییـەکی پێکـەنیناوی بکـات. بـە پێچەوانەوە لە ئایرۆنیدا ـ تەنانەت لە ئایرۆنی تراژیکیشدا ـ لەبەر کاڵفامی یەکێك لە لایەنەکانی ڕووداوەکە زەردەخەنەیەك یان دیـدێکی گاڵتـەئامێز لای وەرگر دروست دەبێت.

## باسی سێیەم

# ڕۆڵی ئایرۆنی لە بنیاتی شیعردا

لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا سەری هەڵداو گۆڕانکارییەکانیشی لە ناوەرۆکەوە دەستی پێکردن و ئەم لایەنانەی دەگرتەوە:

١- دەستکاری لە ڕیزبەندی ڕەگەزەکانی هەڵبەست کرا، پتر بایەخ بە ناوەرۆك دراو ((ئاشکرایە ناوەرۆکی هەڵبەستێك لەم گەوهەرانە پێك دێت: بیر، ئەندێشە"خیال"، هەست "عاطفة" هەرچی هەڵبەستی کۆنە، لە بایەخ دا، هەست و ئەندێشە ئەخاتە پێش بیر، لە کاتێکا هەڵبەستی هەرە تازە "ڕیالیزم" پایەی یەکەمی بە بیر ئەدات))[1]. لەم ڕووەوە شاعیرانی کورد (( تا ڕادەیێك وەزعی کوردو ئامانجی نەتەوەکەیان لە شیعرا دەربڕیبوو، بەمە کارێکی گەورەیان کرد، بووە سەر مشتوماڵ کردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی ژینی بەختیارییان بە گەل پیشان دابوو))[2].

٢- جەخت لەسەر یەکێتی بابەتی کرا، بەپێچەوانەی شیعری کۆن کە ((لە غەزەل یان قەسیدەیەکا بەیت لە واتا(معنى)دا ئەوەندە سەربەخۆیە کە پیاو ئەتوانێ بەیتەکانی بە هەوەسی خۆی پاش و پێش بخات بە بێ ئەوەی هەست بە جیاوازییەك بکرێ))[3].

٣- تەنانەت ئەو شاعیرانەی لەسەر ڕێچکەی کلاسیکیش مابوونەوە، توانییان نوێبوونەوەیەك لە شیعردا دروست بکەن، بۆ نموونە شاعیرێکی وەکو

---

[1] د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر١٩٨٩، ل٣٥، پ٢.

[2] د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة)، بەغدا ١٩٨٤، ل١٢٩، پ٣.

[3] د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤، پ٥.

ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ (حەمدی) (( هەر چەندە لەسەر ئسوولی كۆن شیعری داناوەو لە فنونی شیعردا زۆری ئەهمییەت بە صنایعی لەفزییە داوەو لەم لایەنەوە پەیڕەوی شاعیرە كۆنەكانی كردووە بەلاْم ئەگەر لە شیعرەكانی باش وردببینەوە بۆمان دەرئەكەوێت كە دیسانەوە ڕێگەیێكی جیاوازو سەربەخۆی گرتوەتەبەرو لە زۆر جێگەدا ژوور شاعیرە بە ناوبانگە كۆنەكانیش كەوتوە))[1]. كەواتە شیعری تازەی كوردی لە(( ناو جەرگەی شیعری كلاسیكیی تەقلیدی هاتە دەرەوە، بەلاْم هەر لەناو جەرگەی ئەو شیعرەشدا (شیعری كلاسیكی تازە) سەری دەرهێنا. مەبەس لەم شیعرە (بە ڕوخسار كلاسیكی و ناوەڕۆك تازە) شیعری سیاسی ـ كۆمەلاْیەتییە))[2]. نموونەكانی ئەم ڕەوتەش كەم نین، بۆ سەرڕاستكردنی ئەم بۆچوونەیش پێویست بە لێكۆلْینەوەیەكی زانستی هەیە.

ئەوەی پێوەندی بەم لێكۆلْینەوەوە هەیە ئەوەیە، كە لەنێو هەولْە نوێكارییەكانی شاعیراندا پانتاییێكی لەبار بۆ بەكارهێنانی ئایرۆنی فەراهەم بوو، تەكنیكێكی ئەدەبی پێویستیش بوو، بەلاْم دەستنیشانكردنی جۆرەكانی ئایرۆنی كارێكی ئاسان نییە، چونكە بە پێی قۆناغەكانی مێژوو پەرەی سەندووە، لق و پۆپی زۆری لێ بۆتەوە، سەرباری ئەوەش هەندێك لە جۆرەكانی وا تێكەلاْوی یەكدی دەبن كە لە زۆر ڕووەوە لە یەكدی دەچن وەكو ئایرۆنی گشتی و ئایرۆنی چارەنووس، یان خۆیان یەك جۆرن بەلاْم لە سیمای ڕۆنانەوە میكانیزمێكی جیاوازیان هەیە، بۆیە وا مەزندە دەكرێت كە چەند جۆرێكی جودان وەكو ئایرۆنی چارەنووس و

---

[1] ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی كوردی، بر/ ١، چاپخانەی (التعلیم العالي)، هەولێر ١٩٨٨، ل٨، پ٢.

[2] د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی كوردییەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠، پ١.

ئایرۆنی قەدەر. هەندێکی دیکەیشیان ((ناکرێت بە جۆرێکی ئـایرۆنی دابنـرێن وەکو ئایرۆنی ناکۆکی یان ئایرۆنی هاودژی، چونکە ئەمە دوو سـیفەتن وەکـو میکانیزمێکی کارکردن و بەرهەمهێنانی مانـای ئـایرۆنی لـە پێکهاتـەی هـەموو جۆرە ئایرۆنییەکدا هەنە))[1]. ئەرستۆ یەکەم کەس بووە لە ڕووی بنـەماییێکی تیۆرییەوە باس لە جۆرەکانی ئایرۆنی بکات و زیاتر جـەختی لـە سـەر دۆخ و ڕووداوەکـانی نێـو شـانۆنامە تراژیدییـەکان کردووەتـەوە. ئەوانـەی لـە دوای ئـەویش (هـەر وەکـو لـە باسـی یەکـەمی ئـەم بەشـەدا ڕوون کراوەتـەوە) بـە شێوەیەکی گشتی ئایرۆنییان بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرد: (( ئایرۆنی وشەیی و ئـایرۆنی هەڵویـست، لـە جـۆری یەکەمـدا ئـایرۆنی لەسـەر بنـەمای سـیفەتێك دروسـت دەبێـت کـە خاوەنەکـەی پـێ لەسـەر ئەنجامـدانی ئـەو سـیفەتە دادەگرێت. دووەمیشیان لەسەر بنەمای دۆخێك یان ڕووداوێك دروست دەبێـت کە لە چوارچێوەی ئایرۆنیـدا دەبینرێـت))[2]. ئەگـەر هـەموو لایەنـەکانی ئـەم هــەردوو جــۆرە شــی بکرێنــەوەو لەگــەڵ قۆناغــەکانی پەرەســەندنیان لێــك بدرێنەوە، ئەوە دەتوانرێت ئەنجامەکانیان لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێنەوە:

١- ئایرۆنی وشەیی هەندێ پرسیار لە بواری ڕەوانبێژی و شێوازگەرایی و شــێوەکانی گێڕانــەوەو ســاتیردا دەورووژێنێــت، بــەڵام ئــایرۆنی هەڵویست، کێشە مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەکان دەورووژێنێت[3].

٢- لە ئایرۆنی وشەییدا وەرگر گوێ لە قسەکردنێك دەگرێـت بـۆ ئـەوەی مانای پێچەوانەی ئەو بزانێت[4]، بەڵام لە ئـایرۆنی هەڵویـستدا وەرگـر لە ڕووداوێك ورد دەبێتەوە بـۆ ئـەوەی مەبەسـتێکی پێـچەوانەی ئـەو حاڵەتە تێ بگات.

---

[1] صالح محمد عبدالله محمد، المفارقة الروائية ـ الرواية العربية نموذجاً ـ ، مصدر سابق، ص٩٥، ف١.

[2] D.C.Muecke, Irony, P.49, Par.1.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٥٠-٥١.

[4] د. سی. میویك، المفارقة و صفاتها، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، مصدر سابق، ص١٤٦، ف٤.

٣- ئـايرۆنى هەڵويست ((وەرگەڕانێكـە لەگـەڵ ڕۆيشتنى زەمەنـدا ڕوودەدات، بـەلاٚم ئـايرۆنى وشـەيى وەرگەڕانەكـەى لـە ڕامانـدا ڕوودەدات))[1]، بۆيە يەكـەميان وەرگـەڕانێكى زەمەنييـەو دووەميـان وەرگەڕانێكى نازەمەنييە.

د. سى. ميويك هەمان ڕێچكەى (نۆرمـان نـوكس) دەگرێتەبـەرو لـە پـۆلێن كردنى جۆرەكانى ئايرۆنيدا پشت بە هەنـدێك پێـوەر دەبەسـتێت و لـەم سـێ خاڵەدا كۆيدەكاتەوە:

١- هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر قوربانييەكە: ئەم هەڵويستەش لـە نێـوان پلەيەكى زۆرى بێ لايەنى بۆ پلەيەكى بەرزى لايەنگيرى دەگۆڕێت.
٢- چارەنووسى قوربانييەكە: ئەويش سەركەوتنە يان لەناوچوونە.
٣- چەمكى ڕاستى: ئەگەر چاودێرى(*) خاوەنى ئايرۆنى لەو باوەڕەدا بێـت كە بەهاكانى ئەو لەم ڕاستييەدا ڕەنگدەدەنەوە، يانيش ئـەم ڕاسـتييە دژى هەموو بەهاكانى مرۆڤايەتييە.

لە ئەنجامى ئەم ڕاستييەشدا چوار ئايرۆنى پەيدا دەبن:

١- ڕاستييەك كە بەهاكانى چاودێرەكە تێدا ڕەنگ بداتەوە:

ئا - ئايرۆنى كۆمێدى( كۆمێدى بە ڕامانى كۆتاييەكى بەختـەوەر)، كـە ئەو قوربانييەى لايەنگيرى دەكرا سەردەكەوێت.

ب - ئـايرۆنى سـاتيرى، كـە لەناوچـوونى ئـەو قوربانييـەى لايـەنگيرى نەدەكرا دەردەخات.

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٧، پ١.

* چاودێر بە مانای وەرگر دێت، چ ( خوێنەر، بینەر، بیسەر) بێت. جاری وا هەیە لە یـەك ئایرۆنیـدا دوو قوربانی هەن و چاودێر بە هەمان ئاست لایەنگیری هەردوویان دەکات. لـە ئەنجامیـشدا هـەر لەناوچوونێك سـەرکەوتنێکە، چـونکە یـەکێك لـە قۆربانییـەکان تـووش دەبێـت و ئـەوی دیکـە سەردەکەوێت. / بڕوانە: (د. سی. میویك، المفارقة و صفاتها، مصدر سابق، ص١٨٩، ف٣).

٢ـ ڕاستییەك كە دژی هەموو بەهاكانی مرۆڤایەتییە( بۆیە لەناچوونی شتێكی مسۆگەرە).

پ - ئایرۆنی تراژیدی، لایەنگیری قوربانییەكەی تێدایە.

ج - ئایرۆنی بێهوودەیی، لایەنگیری نەكردنێكی ساتیری تێدایە كە لەگەڵ هاوخەمی چاودێرەكە هاوسەنگ دەبێت، چونكە وا پێویست دەكات كە لە كارەساتی قوربانییەكەدا بەشداری بكات[1].

زۆربەی جۆرەكانی ئایرۆنی كە نۆكس و میویك باسی دەكەن پێوەندییان بە كارە درامییەكانەوە هەیە، چونكە ئایرۆنی پشت بە ڕووداوەكان دەبەستێت كە هەندێك كەسایەتی ئەنجامی دەدەن و بە جوانی لای جەماوەرەوە دیارن. ئەم حاڵەتەش كەم جار لە نێو شیعردا هەیە، بە تایبەتی لە شیعری لیریكیدا، كە ئەم جۆرە شیعرە زیاتر بە سۆزەوە پەیوەستەو ئایرۆنیش زیاتر مامەڵە لەگەڵ بیری هۆشیاردا دەكات، لە شیعری نوێی كوردیشدا، بە تایبەتی لەو ماوەیەی كە بۆ لێكۆڵینەوەی ئەم نامەیەدا دەستنیشانكراوە، شاعیران پتر بایەخیان بە بیرو ڕووداوەكان دەدا لەوەی كە گیرۆدەی سۆز بن.

بیروڕای جیاواز لەبارەی فۆرم و ئەرك و كاریگەرییەكانی هونەری ئایرۆنییەوە هەن، لە ڕووی فۆرمەوە زۆربەی لێكۆڵەران لەو باوەڕەدان كە ((شێوەیەكە لە شێوە ڕەوانبێژییەكان، كە دەكرێت لە دوو ئاستی دەلالی هاوبەشدا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، كە هەر یەكێكیان ئەوی دیكە نەسڕێتەوە))[2]. لە ڕووی ئەركیشەوە وەكو ئامرازێكی هاوسەنگكردنەوە لە چوارچێوەیەكی چاكسازی نیازپاكدا دەخولێتەوەو(( ژیان بە هاوسەنگكراوەیی دەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر هێڵێكی ڕاست بڕوات و هاوسەنگییە لەدەستدراوەكەیشی دەگەڕێنێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٨-١٨٩.

[2] سیزا قاسم، المفارقة في القص العربي المعاصر، مصدر سابق، ص١٤٤عم٢، ف١.

تێکچوونەکەی لە ئەنجامی بایەخپێدانێکی زۆر بوو بێت، یانیش وەکو پێویست بایەخی پێ نەدرابێت))[1]. بەلاّم کاریگەرییەکان بە ئاسانی سنووردار ناکرێن، چونکە ((فرە لایەنن و بەهۆی تێکهەڵچوونی ڕۆشنبیرییە جۆربەجۆرەکانەوە گەلێ لق و پۆپی لێ دەبنەوە، ئەمەش حالّەتێکی بەردەوامەو لەگەڵ هەبوونی میللەت و ئەدەبیاتیەکانیاندا هەبووە))[2]، بۆیە دەتوانرێت بە ئاسانی ئایرۆنی لە شیعری دێرینی کوردیدا بدۆزرێتەوە، بەلاّم مەرج نییە مەبەستی شاعیر داهێنانی ئایرۆنی بێت، بەڵکو وەکو هونەرێك بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونێك یانیش جوانکردنی وێنەیەکی شیعری بەکاریهێناوە. لە شیعری نوێی کوردیشدا هونەری ئایرۆنی بووەتە کەرەستەیەکی پێویست لە ڕۆنانی زۆربەی هۆنراوەکاندا، چونکە سروشتی ژیانی نوێ ئەم جۆرە دەربڕینانە دەخوازێت، مەبەست لە سروشتی ژیانیش ئەوەیە کە ((ئەگەرەکان زۆر بوون و پێچەوانەکان لێکدراونەتەوەو هاودژەکان هاوتەبابوون و لێکچووەکان ململانێی یەکدی دەکەن و سەرەداوی هۆکارەکانیش ون بوون، بۆیە هیچ پێوەندییەك لە نێوان هۆکارو هۆکارسازێك یان هۆکارو ئەنجامێك یانیش کارو کاردانەوەیەکدا نەماوە، چونکە هەموو شتەکانی نێو ئەم جیهانە لێك نزیك بوونەتەوەو لەڕووی یەکترەوە کراونەتەوەو هاوژیانێکی هەماهەنگیش لە نێوانیاندا دروست بووە))[3]. لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێت چەندین جۆری ئایرۆنی لە نێو شیعری نوێی کوردیدا دەستنیشان بکرێت، کە وەکو ئامرازێکی ڕەخنەییان بەکارهێناوە، هەر چەندە لێکۆڵەران بیروڕای جیاوازیان لەبارەی ژمارەی جۆرەکانیان هەیە، لەوانەیە ئەم جیاوازییەش بۆ دوو هۆی سەرەکی بگەڕێتەوە:

---

[1] دی. س. میویك، المفارقة وصفاتها، مصدر سابق، ص١٢٥. ف٢.

[2] د. عبدالواحد لؤلؤة، البحث عن معنى ـ دراسات نقدية، دار الحرية للطباعة، بغداد١٩٧٣، ص٥٨، ف٤.

[3] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٨٧، ف٣.

- یەکـەمیان، بـۆ بنـەما هـزری و خەسـڵەتە هونەرییـەکانی ئـەو ئەدەبـە دەگەڕێتەوە کە تا چ ڕادەیەك هونەری ئایرۆنی تێدا بـەکارهاتووە، بۆیـە لێکۆڵـەر تــەنیا باســی ئــەو جۆرانــە دەکــات کــە لــە ماوەیــەکی دەستنیشانکراودا لێی دەکۆڵێتەوە.
- دووەمیــان، لێکۆڵــەر چــەند جــۆرێکی ئــایرۆنی لــەژێر یــەك چــەمکدا لێکدەداتەوەو وەکو جۆرێك شیدەکاتەوە.

لەبەر ئەم دوو هۆیەی سەرەوە هەندێك لە لێکۆڵەران هونەری ئایرۆنی دەکەنە سێ جۆر[1]، هەندێکیان بـە پێـنج جـۆری دادەنـێن[2]، هەنـدێکیان بـە حـەوت جۆر[3]، هەندێك بە هەشت جۆر[4]، هەندێك بە دە جۆر[5]، هەندێك بە سـێزدە جۆر[6]، هەیەش دەیگەیەنێتە چـواردە جـۆر[7]، بـەڵام ئـەوەی لـەم نامەیـەدا ڕەچاو دەکرێت و بە گرنگ دەزانرێت ئەوەیە، کە هەوڵ بدرێت بەپێی هەبوون و چـۆنیەتی بـەکارهێنانی هونـەری ئـایرۆنی لـە نێـو شـیعری نـوێی کوردیـدا جۆرەکـانی دەستنیـشان بکرێـت و بنـەماو خەسـڵەتە جیهانییـەکانی هـەر یـەکێکیان لەگـەڵ تایبەتمەندییـە خۆجێیـە کوردییەکانـدا بـاس بکرێـت، بـۆ ئــەوەی وەکــو یەکەیــەکی هونــەری ڕەســەن و بەســتراو بــە ئــەدەبیاتی جیهانییەوە لێی بکۆڵرێتەوەو چەند جۆرێکی بنەڕەتیش دەستنیـشان بکـەن، لەوانە:

---

[1] خالد سليمان، نظرية المفارقة، مصدر سابق، ص٦٨-٧٦.

[2] M.H.Abrams, A Glossary of Literary Terms, P.134-138.

[3] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٦٤-٧٢.

[4] د. عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي، مصدر سابق، ص٢٧-٢٩.

[5] صالح محمد عبدالله محمد، المفارقة الروائية، مصدر سابق، ص١٠١-١٧٤.

[6] بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ب١،چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٤١-١٤٥.

[7] دی. سی. میویك، المفارقة و صفاتها، مصدر سابق، ص١٣١-١٣٧.

## یەکەم: ئایرۆنی وشەیی Verbal Irony

ئایرۆنی وشەیی لە هەموو جۆرەکانی دیکەی ئایرۆنی بەرچاوترە، لە نێو لێکۆڵینە ئەدەبییەکاندا ڕووبەرێکی فراوانی گرتۆتەوەو لە دەربڕیندا ڕاستەوخۆ لە هونەری ڕەوانبێژییەوە نزیکە، چونکە شێوەیەکە لە شێوەکانی قسەکردن و مەبەستەکەی ((ئەو گوزارەیەیە کە تیایدا ئەو مانایەی بێژەر ئاماژەی پێ ئەکا زۆر لەو مانایەی بە ڕواڵەت دەربڕاوە جیاوازە))[١] و هەندێ جار لەژێر کاردانەوەیەکی دەروونیدا دەردەبڕێت و((بەپێی تۆنی دەنگیی بێژەرەوە پێکهاتەی ئاخاوتن بە جۆرێك دەگۆڕێت کە مانای دەربڕینەکە جیاوازە لەو مانایەی بیسەر لێی تێدەگات. بۆ نموونە کاتێ قسەکەر بە جۆرێکی سەرسوڕمانەوە بڵێت: " چەند جوانە ! " ئەوانەی دەوروبەر کە لە مەسەلەکە ئاگادارن یەکسەر تێدەگەن کە مەبەستەکەی " ئەو پەڕی ناشرینی"یە))[٢]. ئایرۆنی وشەیی تەنیا بە زاراوە مەبەستەکەی ناپێکێت، بەڵکو لەوانەیە خاوەنی ئایرۆنی هەندێ ئامرازی دیکەش بەکاربێنێت، دەتوانێت لە چوارچێوەیەکی ئایرۆنیدا خۆ بچەمێنێت یان زەردەخەنەیەك بنوێنێت یان وێنەیەك بکێشێت یانیش پارچە مۆسیقایەك بژەنێت[٣]. ئەوەی پێوەندی بەم لێکۆڵینەوەوە هەیە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئایرۆنییەیە لە شیعردا، هەرچەندە بە ئاسانی جێگەی لەنێو شیعردا نابێتەوە، چونکە بە ئاسانی ناکرێتە بنەمایێك کە هۆنراوەی لە سەر بینابکرێت، بەڵکو مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئایرۆنییە زیاتر ئەوەیە کە ((دەقەکەی پێ دەوڵەمەند بکات بۆ ئەوەی بە بچووکترین ئامرازی دەربڕین

---

١ بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤، پ٤.

2- Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary terms,New York 1998, P.113, Par.5.

3- D.C.Meucke, Irony, P.49, Par.2.

گەورەترین کاریگەری لە وەرگر بکات))[1]، بۆیە کەم جار شاعیر پەنا بۆ ئەم جۆرە هونەرە دەبات و لە کاتی پەیڕەوکردنیشیدا هەوڵ دەدات وەرگر بکێشێتە نێو هاوکێشەیەکی مانادار کە بتوانێت بەکاردانەوەیەکی سۆزدارییەوە مەبەستە ڕەوانبێژییەکەی شاعیر وەربگرێت. ئایرۆنی وشەیی لە ڕستەیەکی بەرپەرچدانەوەدا دادەڕێژرێت بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکی ڕامانی بەرانبەر هەڵوێستی وەرگر بنوێنێت، بۆ نموونە، دایکێك بە گلەییەوە ئامۆژگاری کچەکەی دەکات:

- تۆ کچێکی زیرەکی نابێ ......!

- کە دەزانی من کچێکی زیرەکم بۆ نایەڵیت بڕیاری زیرەکانە بدەم! ؟[2]

بەم شێوەیە ئایرۆنی وشەیی ((لە دوو ڕامانی پێچەوانەی یەکدی پێك دێت: یەکەمیان نزیکەو بەپێی ئەنجامی شیکردنەوەی ڕۆنانی زمانی ئاخاوتنەکە دەزانرێت، ئەوی دیکەیش لەڕێچکەیەکی نادیاردایە و دەبێت خوێنەر لێی بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بیدۆزێتەوە))[3]. بە پێی لێکدانەوەی(د. سی. میویك) ئایرۆنی وشەیی دەبێتە دوو جۆر: ((ئایرۆنی ئامانجدارو ئایرۆنی تێبینیکراو، لە جۆری یەکەمدا خاوەنی ئایرۆنی شتێك دەڵێت بۆ ئەوەی ڕەت بکرێتەوە کە شتێکی ساختەیە و لە یەك لایەنییەوە بە خراپی بەکارهاتووە، بەڵام خاوەنی ئایرۆنی تێبینیکراو شتێك دەردەخات کە ئایرۆنی تێدایە، بۆ ئەوەی وا تێبینی بکرێت کە لە کاتی خستنەڕوودا سەربەخۆیە))[4]. بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ((خاوەنی ئایرۆنی تێبینیکراو ئەو کەسەیە کە

---

[1] د.خالد سليمان، المفارقة و الأدب - دراسات في النظرية و التطبيق، ط١، دار الشروق للنشرو التوزيع، عمان١٩٩٩، ص٥١، ف٤.

[2] Jennifer Jones and Laurie Kaplan, Examples of Irony in Everyday Life.\ www. Cvco.org\ education\etohc\ irony.

[3] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٦٤، ف٥.

[4] دی. سی. ميويك، المفارقة وصفاتها، مصدر سابق، ص١٩٥، ف١.

بارودۆخەکە ناچاری کردووە شتێك بڵێت و خۆی مسۆگەر دەزانێت کە ئەوانی بەرانبەر بە هەڵە لێی تێدەگەن و بەرەو ئەنجامێکی خراپیشی دەبەن))[1]. لە میانی دەستنیشان کردنی خاڵە جیاوازییەکانی نێوان هەردوو جۆری ئایرۆنی وشەییدا، چەندین تایبەتمەندی دیکەی هەردووکیان ڕوون دەبنەوە:

١- زمان ئامرازی سەرەکییە، کە لە ئایرۆنی وشەیی ئامانجداردا بەکاردێت، بەلاّم لە ئایرۆنی وشەیی تێبینیکراودا هەڵوێستێك، زنجیرە ڕووداوێك، کەسایەتییەك یان بیروباوەڕێك بەکاردێت[2].

٢- لە ئایرۆنی وشەیی تێبینیکراودا خۆبایيبوون و دەرخستنی کەسایەتی هەیە، بەلاّم لە ئایرۆنی وشەیی ئامانجداردا خۆبەکەمزانین و خۆهەڵخەڵەتاندن هەیە[3].

٣- لە ئایرۆنی وشەیی تێبینیکراودا زۆربەی ئایرۆنییەکان بە تەواوی و کامڵی پێشکەش دەکرێن، هەروەکو لە دراماو ڕۆمان و فیلم و وێنەو پەندی پێشینان‌دا هەیە، بۆیە ڕۆڵی وەرگرو جەماوەر کەمە، بەلاّم لە ئایرۆنی وشەیی ئامانجداردا جەماوەر ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە شیکردنەوەو دۆزینەوەی ماناکاندا[4].

ئایرۆنی وشەیی بەهەردوو جۆرییەوە ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەبووە لە بنیاتی شیعری نوێی کوردیدا. بۆ نموونە (گۆران) بۆ دەوڵەمەندکردنی پەیسی یەك پەردەی (خۆزگەی هەژار)دا، پەنا بۆ ئایرۆنی وشەیی تێبینیکراو دەبات. لەدوای ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ژیانی (بارامەگول)ی هەژار، باسی هەڵویستێکی ئەو بەستەزمانە دەکات، کە لە بن سێبەری درەختی شەقامدا چیچکەی کردووە..لەنگەری لەشی خستووەتە سەر گۆچانە لارو گێڕەکەی.

---

[1] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٦٥، ف١.

[2] د. سی. میویك، المفارقة و صفاتها، مصدر سابق، ص١٩٥، ف١.

[3] هەمان سەرچاوە، ل١٦٨،پ٢.

[4] هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٦، پ٢.

له دوورەوە سەیری بەیتاڵخانەیەك دەكات، كە چۆن بە جوانی پشكنین بۆ ئەسپی ئاغا و توولەی پیرەژنێكی دەوڵەمەند دەكەن. ئەویش بەدەم گڕی تاوە، دەڵێت:

**ئەم كۆشكە، كۆشكی چوارپێی نەخۆشە،**
**بۆیە وا بەرزە و گەورەیەو خۆشە!**
**تفاقی و دەرزی و دەواو دەستووری**
**پڕ فەرشیی و پاكیی تەوێلە و ژووری**
**مایەی حەسرەتی دووپێی هەژارە**
**كە دوكتور دەوای ناكا بێ پارە!**
**سا خۆزگەی هەژار: بە گاجووتی بەگ،**
**بە ئەسپی ئاغا، بە تانجی، بە سەگ!..**(١)

ئایرۆنی وشەیی ئامانجداریش ڕۆڵی لە بنیاتی شیعری نوێی كوردیدا هەبووە، بۆ نموونە (مەلا مارفی كۆكەیی) بەم شیعرە وەڵامی سەرۆكی عولەمای مەهاباد (مەلا حوسەینی مەجدی) دەداتەوە كاتێ بۆی دەگێڕنەوە كە جەنابی مەلا حوسەین قسەی پێ دەڵێت:

**خوواهیش دەكەم بلێن بە جەنابی مەلا حوسەین**
**زۆر عەیب و حەیفە لە بۆ مە كە بەعزی قسان بكەین**
**ئەو زەممی من بكات و من مەتحی ئەو بكەم**
**تێكیش بگەین كە هەردووكمان درۆ ئەكەین**(٢)

بە شێوەیەكی گشتی، نموونەی ئایرۆنی وشەیی لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەیە، هەر میللەتێكیش بەپێی ئاستی پێشكەوتنی خۆی بایەخی پێ دەدات، بە تایبەتی ئەگەر تێگەیشتنی خوێنەر لە ئاستێكی نزیك ڕامانی دەقەكە بێت،

---

١ دیوانی گۆران، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٨، دێڕ١-٤.

٢ دیوانی مەلا مارفی كۆكەیی، كتێبفرۆشی سیدیان، مەهاباد ب- م، ل٩٧-٩٨.

ئەوە بە ئاسانی لە مانا شاراوەکەیشی تێدەگات: (ئەلیکساندەر پۆپ)* لە یەکێ لە دێڕە شیعرەکانی بەشی یەکەمی هۆنراوەی(هەتك کردنی کەزییێك) دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی ناڕێکی پێوەندی دوو لایەنی خانەدان و خاوەن دەسەلاّت دەکات:

**بلێ ئەوە چی پاڵنەرێکی غەریبە وا لە پەرییەکان دەکات بەگژیەکدا بچن**

**میرزاییێکی بە ناوبانگ پەلاماری شۆخێکی پایەدار دەدات**(1)

خوێنەری هۆشیار یەکسەر ئەم ناڕێکییە تێدەگات، چونکە دەزانێت نابێت لەو پایە کۆمەڵایەتییەدا کوڕ دەست بۆ کچ بەرێت.

یانیش کاتێك ئۆلیڤەر گۆڵدسمیز لە هۆنراوەی (گوندە وێرانەکە)یدا، دەڵێت:

**هێشتا لێی وردبوونەوە و هێشتا سەرسوڕمانەکەیان گەورەتر بوو**

**کە سەرێکی بچووك دەتوانێت هەموو ئەو شتانەی دەزانێت هەڵبگرێت**(2)

لە شیعری نوێی کوردیشدا ئەم نموونانە زۆرن .. هەر لە نزیك نموونەی سەرەوەی ئۆلیڤەر، (ئەسیری) دەڵێت:

**بوون بەسەرگەورە بە عیلمە نەك بەبالاّ و جەمال**

**عیلم کەسبی پێ دەوێ مومکین نییە بوونی بەمال**(3)

(بەختیار زێوەر) یش وێنەیەکی ئایرۆنی هاوشێوەی وێنەکانی سەرەوە لە هەڵبەستی (ئەی پەپوولە)دا باس دەکات:

---

* ئەلیکساندەر پۆپ (١٦٨٨-١٧٤٤) بە بۆیلۆی ئینگلتەرا و دانەری ڕێساکانی شیعری ئینگلیزی ناودەبرێت./ بڕوانە: (جبور عبدالنور، المعجم الادبي، مصدر سابق، ص٣٥٥، ف٢.

1- Alexander Pope , The Rape of the Lock, Pennsylvania State University's ECS, 1988, P.5.

2- Oliver Goldsmithe, The Deserted Village,P.177.

3 دیوانی ئەسیری، ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٦، ل١٠٧، دێش١.

**بیری گەورەت هەیە و سەرێکی بچووک**

**فەلسـەفەی ژین لـە تۆ بووە مـەعلووم**[١]

(کامەران موکری) لە دەربڕینی دەستەواژەیەکدا مانای ڕاستەقینەی قسەکەر دەردەخات کاتێك سەربوردەی پەلاماردانی هێزێکی لەشکری بیانی بۆ سەر گوندێکی کوردستان دەگێڕێتەوە:

**دوو سێ منالّیان گرت خرپن**

**کە جێ مابوون لە ڕاکردن**

**کردیانن بە دیاری مردن**

**وتیان: (وا ئەبێ سەرکەوتن)**[٢]

ئەم دەربڕینە ئایرۆنییەی سەرەوە نزیکە لەو ((دروشمەی کە یەکێك لە تیمەکانی سوپای ئەمریکا لە جەنگی ڤێتنامدا بەرزیکردبووەوەو دەیگوت: " ئەمڕۆ لە پێناو مەسیحدا کۆمەنیستێك بکوژە" ئەم دروشمەش گوزارش لە ئایرۆنیکێکی کۆمێدی دەکات))[٣].

(شێخ نووری شێخ سالّح) لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا باس لە حالّەتێك دەکات، بەلاّم خوێنەر مەبەستی شاعیر تێدەگات کە پێچەوانەی ئەوەیە کە دەگوترێت:

**یا پڕە لە شت ئەم هەمانەیە**

**ڕوو لە سەردەشتە و مەبەس بانەیە**[٤]

---

١ دیوانی، بەختیار زێوەر کۆکردنەوەی: مەحموود زێوەر، چاپخانەی ( الزمان)، بەغدا ١٩٨٩، ل١٥١، دێش٦-٧.

٢ دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥، دێش ٥-٦.

٣ د. سی. میویك، المفارقة وصفاتها، مصدر سابق، ص١٧٠، ف١.

٤ دیوانی شێخ نووری شێخ سالّح، ب١، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨، ل٥٢١، دێش٢.

(هەژار موکریانی) کێشەو پێوەندییەکانی نەتەوەی کوردی ساڵی (١٩٦٨) بە میللەتانی دراوسێوە، بە سەربوردەیەکی[1] کەلەپووری میللییەوە دەبەستێت و خوێنەری شارەزا لە مەبەستە سەرەکییەکە تێدەگات:

ئەگەر کوردیش ببن بە پیاو — وەك گەلانی خوداپێداو
هیچ زیانی بۆ پەز نابیٚ — قەت لەلای خوا ناحەز نابیٚ[2]

(قانع) دەڵێت:

دۆستی بە ئومێد سێبەری دارە
سەد جیٚ ئەگۆڕیٚ، هەتا ئێوارە[3]

(پیرەمێرد) نزیکەی (٦٩٢) پەندی بە زنجیرە لە هەردوو ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)دا بڵاوکردووەتەوەو ((هەمیشە ئەوەی ڕەچاو کردووە کە پەندەکە لە تەك بارودۆخدا بگونجیٚ، بۆیە هەر پەندەی وێنەیەکی کاریکاتۆریی سەربەخۆیە))[4]، هەموویان بە شیعر هۆنراونەتەوەو ((گرنگی ئەو پەندانە لەوەدا دەردەکەویٚ کە "پیرەمێرد" بە شیعرێکی سادەو ڕەوان قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و توانج و پلار لە هەموو کردارێکی نالەبار دەخاتە پێش چاو))[5]، لەم سونگەوە دەتوانرێت بە فەرهەنگێکی گشتگیری ئایرۆنی وشەیی بە هەردوو جۆرەوە ئامانجدارو تێبینیکراو دابنرێت.

---

[1] شوانێکی کورد جارێك پەز (ڕانەمەڕ) ئەکەی دێنێتە نزیك شارێك لە دوورەوە گوێی لە دەنگی بانگی مزگەوت و زەنگڵی کڵێسەو دەنگی دیکەی ئەنتیکە دەبیٚ. شوانەکە دەترسێت و وا دەزانێت کە تووشی مەترسییەکی چاوەڕوان نەکراو بووە. کابرایێك دەبینێت و پرسیاری سەرچاوەی ئەم دەنگانەی لێی دەکات. ئەویش هەموویانی بۆ شیدەکاتەوە، بەڵام شوانەکە تێناگات و بە کورتی دەیبڕێتەوەو لێی دەپرسێت کە ئەم دەنگانە زیانی لە پەزەکەی دەدات یان نە. کابراش دەڵێت نەخێر. شوانەکەش سوپاسی دەکات، چونکە هەر سوودو زیانی پەزەکەی لای گرنگە.

[2] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣، دێش ٨-٩.

[3] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٨، دێش ١.

[4] فائق هوشیار و ئەوانی دیکە، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، بر١-٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٥، پ٢.

[5] هەمان سەرچاوە ، ل٦، پ١.

## دووەم: ئایرۆنی سوکراتی Socratic Irony

ئەم جۆرە ئایرۆنییە سەرچاوە لەبۆچـوونەکانی ئەفلاتوونـەوە دەگرێـت ، کـە لەگفتوگۆکانیـدا بـاس لـەڕەفتاری سـوکرات دەکـات کـە بـەردەوام ڕۆڵـی مرۆڤێکی گێل و نەزان دەگێڕێت و پتر خەریکی پرسین و حـەز دەکـات شـتی نـویٚ فێـر ببێـت . بـەم پێیـە ئـایرۆنی سـوکراتی ((دوو مانـای هەیـە لـە پێشبینیکردنی وەستانێك لە نەفامی، پەرۆشییەك بۆ فێربوون و ئامادەییەکی مامناوەندی بۆ وەرگرتنی بۆچوونی ئەوانی دیکـە، کەچـی ئـەوان ، بـە پـشت بەستن بە پرسیارەکانی دەبنە هۆی ئەوەی کە وا بە نادروستی گەشـە بکـەن یان ئەنجامی بێهوودەیان لیٚ بکەوێتـەوە))[1]. لـەدوای سـوکراتیش ((چـەندین نووسەری دیکەش هەمان ڕێـچکەیان پـەیڕەودەکرد وەکـو باسـکال لـە" نامـە هەرێمییەکان" و ماسیۆ ئارنۆڵد لە"دەستە گوڵی دۆستایەتی" یدا کە خۆیـان بـە گەمـژە و زووبـاوەڕو بـیٚ ئاگـا دادەنـا))[2]. ئـایرۆنی سـوکراتی لایـەنێکی دیکـەش دەگرێتـەوە، کـە لـە ڕێگـەی نەشـارەزاییەوە کەسـانێك بـیرورِاو بۆچوونەکانی بەسەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنێت.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەش بە پێویست دەزانرێت کە لێرەدا بەکورتی لایەنێك لە گفتوگۆی (ئایۆن) ی ئەفلاتوون باس بکرێت، چـونکە لـە لایێکەوە شێوازی سوکرات لە چۆنیەتی خستنەڕووی بیروبۆچوونەکانی بەدیار دەخات، لـە لایێکـی دیکەشـەوە گوزارشـت لـە گاڵتـەپێکردنی سـوکرات و بـە خۆباییبوونی ئـایۆن دەکـات، سـەرەڕای ئـەوەش ئـەم گفتوگۆیـە ڕاسـتەوخۆ پێوەندی بە شیعرو ڕەخنەوە هەیە:

((ئایۆن گەنجێکی یۆنانی بوو، خۆی بە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی دەزانێت، بـە سوکرات دەڵێت کە ئەو دەتوانێت باشتر لە هەر کەسێکی دیکە لە هـۆمیرۆس

---

[1] M.H.ABRAMS, A Glossary of Literary Terms, P.136, Par.5.

[2] D.C.Muecke,Irony, P.26, Par.3.

بگات و شیعرەکانیشی شی بکاتەوە. کاتێك سوکرات پرسیاری شاعیرەکانی دیکەی لێ دەکات. ئایۆن دان بەوە دادەنێت کە بایەخ بەو شاعیرانە نادات کە لە ئاستی هۆمیرۆس کەمترن. سوکرات وەڵامی دەداتەوە: ئەوەی باشترین شت دەزانێت، چاوەڕوانی لێ دەکرێت کە شتی کەمتر لەویش بزانێت. شیعر پێکهاتەیەکی تەواوەو هەر کەسێك پێکهاتەیەك بزانێت، دەبێت زانیاری لەبارەی هەموو بەشەکانی ئەو پیکهاتەیە هەبێت، هەر چەندە هەندێك بەش لە ئاستی بەشەکانی دیکەدا نەبن. بەم شێوەیە گاڵتەجاڕی و خۆبەگەمژە زانینی سوکرات بەسەر ڕۆشنبیری و خۆباییبوونی ئایۆن زاڵ دەبێت))[1].

لە بارەی (سروش)ەوەش هەر لە هەمان گفتوگۆدا ((ئایۆن دان بەوە دادەنێت، کە ئەو لە هۆش خۆ دەچێت کاتێك شیعرەکانی هۆمیرۆس پێشکەش دەکات و هەندێك سۆزی گێڕانەوەیشی دەیگرێت کە بۆ جەماوەر پەخشی دەکات، تا ڕادەیەك کە چاوی پڕ فرمێسك دەبن و مویی لەشیشی لە ترسان گرژ دەبن))[2]. لە بەرانبەر ئەو بۆچوونەش((سوکرات دەڵێت: ڕەخنەگر بنەماکانی ڕەخنە پەیرەو ناکات، بەڵکو ئەویش وەکو شاعیران سروشی لە خواوەندەوە بۆ دێت، شاعیر ئەو سروشە شیدەکاتەوە، دواتر ڕەخنەگر بە ڕێگەی هێزێکی نهێنییەوە لە شاعیر وەریدەگرێت، بەم شێوەیە ڕەخنەگر دەبێتە ئەڵقەی دووەم لە نێوان خواوەندو جەماوەردا. ئەم بۆچوونە زۆر بە دڵی ئایۆن بوو، دان بەوەدا دەنێت کە کاتێك شیعرەکانی هۆمیرۆسی بۆ خەڵك دەخوێندەوە هەست بە شتێکی وەکو شەیدابوون دەکات. سوکرات پێی دەڵێت: لەو کاتەدا دەتوانی هەموو شتەکان لە شیعری هۆمیرۆسدا هەن شی بکەیتەوە؟ ئایۆن دەڵێت: ـ بەڵێ. سوکرات لێی دەپرسێت:

[1] د. عبدالواحد لؤلؤة، البحث عن معنى — دراسات نقدية، مصدر سابق، ص٢٨-٢٩.

[2] ج. ر. ف. فيراري، أفلاطون والشعر، ت: السيد عبدالسلام البراوي، بحث منشور في موسوعة كمبريدج في النقد الأدبي (١- النقد الأدبي الكلاسيكي )، تحرير جورج كينيدى، ت: منيرة كروان و آخرون، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة ٢٠٠٥، ص١٩١، ف١.

ـ کاتێك ڕەخنەگرێك بتوانێت هەموو شتەکانی نێو شیعری شاعیرێك شی بکاتەوە، دەبێت شارەزاییەکی تەواویشی لەبارەی ئەو شتانە هەبێت کە لە نێو شیعرەکەدا هەیە بۆ ئەوەی بۆ خەڵکەکەی ڕوون بکاتەوە بۆ نموونە شیعری هۆمیرۆس بە وردی باس لە چۆنیەتی لێخوڕینی گالیسکە و پزیشکی و دەریاوانی دەکات..

ئەم وەڵامدانەوەی سوکرات وای لە ڕەخنەگرە گەنجەکە کرد، کە دان بەوەدا بنێت کە هەر کەسانێکی پسپۆر لە پیشەکەیدا دەتوانێت باشتر لە ڕەخنەگر باس لەو پسپۆرییە یان ئەو هونەرە بکات))[1]. لێرەدا، بەپێی گفتوگۆکەی ئەفلاتوون ئێمە ((لە هەڵسەنگاندنی شیعردا، مەیلداری ئەوە دەبین کە بەهاکانی نواندن و بەهاکانی تێگەیشتن تێکەڵی یەکدی بکەین، بە بێ ئەوەی کە درك بەوە بکەین کە بەهای نواندن لە بەهای تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێت))[2]. ئایۆن لە وەڵامەکانیدا سەرکەوتوو نابێت و ((هەر فریای ئەوە دەکەوێت کە خۆی بە شارەزایەکی هونەری جەنگ دەربخات، کە بەقەد سەردارێکی لەشکری لەو هونەرە تێدەگات. سوکرات پێی دەڵێت:

ــ بۆچی نەبوویتە جێگەی ڕەزامەندی خەڵکی ئەسینا و نەیان کردییە سەرداری لەشکرێك؟

ـ چونکە من خەڵکی ئەسینا نیم، ئاوارەم!!

ــ گەلێك خەڵکی ئەسینا نەبوون، بەڵام لە هونەری جەنگدا پسپۆرو شارەزابوون و لە بەرزترین پلەو پایەی لەشکریدا دامەزران.

لێرەشدا جارێکی دیکە ئایۆنی ڕەخنەگر دەستەوەستان دەمێنێتەوە، ناچار دەبێت دان بەوەدا بنێت کە ڕەخنەکانی بە ڕێگەی سروشەوە ئەنجام دەدات))[3].

---

[1] د. عبدالواحد لؤلؤة، البحث عن معنى – دراسات نقدية، مصدر سابق، ص٢٩، ف٢.

[2] ج. ر. ف. فيراری، أفلاطون و الشعر، مصدر سابق، ص١٩٢، ف١.

[3] د. عبدالواحد لؤلؤة، البحث عن معنى – دراسات نقدية، مصدر سابق، ص٣٠، ف١.

ئـەم ئەنجامانـەش مەبەسـتی سـەرەکی ئـەفلاتوون بـوون کـە بـە ڕێگـەی گفتوگۆکـانی سـوکراتەوە پێـی دەگـات، کـە ئـەویش ((جیـاوازی لـە نێـوان هەڵوێـستی شـیعرو هەڵوێـستی زانـست و ئەقڵـە لـەبارەی شـتەکانەوە. لـە گفتوگۆی سەرەوەدا سـوکرات هـەوڵ دەدات کـە ئـایۆن بـەرەو ئـەو بیروڕایـە ڕابکێشێت، کە هۆمیرۆس هەڵوێستەکانی تایبەت لەبارەی پیـشەی پزیـشکی، دەریاوانی، گالیسکە سواری و ڕاوە ماسی هەبووە، بەڵام ئـەوەی شـیعرەکان دەلاوێنێتەوە هیچ شارەزاییێکی ئەوتۆی لەبارەی ئەو پیشەکاریانە نییە))[1].

لە شیعری نوێی کوردیشدا چەندین نموونەی هاوشێوەی ڕەفتاری سـوکرات لـە هەڵوێـست وەرگرتنـداو پـێچ و پـەنای ئـەو لـە قـسەکردندا هـەن، وەکـو لەڕێگـەی پرسـیارکردنەوە بـیرو بۆچـوونەکانی خـۆی بەسـەر بەرانبـەردا دەسـەپێنێت، یـانیش بـە ڕێگـەی نەشـارەزایی خۆیـەوە ئـەوی بەرانبـەر دەکێشێتە نێو دۆخێکی هەڵخەڵەتاندنەوە بۆ ئەوەی ملکەچی بۆچوونی خۆی بکات، یانیش خۆی بەکەم دەزانێت و لە پلـەو پایەیـەکی نـزم دایـدەنێت کـە ئەوانەی بەرانبەر مسۆگەر بزانن ئەو حاڵەتە پێچەوانەی ڕاسـتییەو بـەرەواژی ئەو دروستە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوەش پێویستە بۆ هەر یەك لەم حاڵەتانە چەند نموونەیەك دەستنیشان بکرێن:

### ١- گفتوگۆ لە پێناو سەپاندنی بۆچوونەکانی

لەم جۆرە ئایرۆنییەدا قسەکەر ئاستی زانستی خۆی دەشـارێتەوەو لاسـایی فەیلەسووفی یۆنانی سوکرات دەکاتەوە، کە ئەفلاتوون ڕەفتارەکانی لـە نێـو گفتوگۆکانیـدا بـاس دەکـات کـە چـۆن ((خـۆی دەکـردە نێـو دەمەتـەقێی ڕکابەرییەکانداو لە ڕێگەی پرسیارە سـادەو هەڵخەڵەتێنەرەکانییـەوە هـەموو چـەمکە سـاختەکارییەکانی نێـو کۆمـەڵی شـەرمەزار دەکـردو هۆکارەکـانی

[1] د. محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، دار العودة، بيروت ١٩٧٣، ص٣١، ف٣.

شلەژانی خەڵکیشی دەستنیشان دەکرد))[1]. بە هەمان شێوەی ئەفلاتوونەوە (هەژار موکریانی) لە ڕێگەی دەمەتەقێیەکەوە لە نێوان دوو کەسدا (پـیرۆت و بـایز)* بـە ناوونیـشانی (دەمەتەقـەی پـیرۆت و بـایز) بابەتـە هـزری و ئایدیۆلۆجییەکانی سەردەمی خۆی باس دەکات. پیرۆت کەسێکی بـێ ئاگایـە و پرسیار لە بەرانبەرەکەی(بایز) دەکـات کـە ئـەو شـت و کارانـەی سـەری لێ دەرناچـێت بـۆی ڕوون بکاتـەوە. بـایزیش وەکـو شـارەزا و بیرمەنـدێك خـۆی دەردەخات، بەڵام لە ئـەنجامی وەڵامەکانیـدا دەردەچـێت کـە خـۆی زانیـاری تەواوی نییەو ملکەچی ئەو بۆچوونانە دەبێت کە پیرۆت دەیـەوێت بەسـەریدا بسەپێنێت. هەڵبەتە ئەم بۆچوونانەش بابەتی سـادەو لابـەلای ژیـانی ڕۆژانـە نـین، بـەڵکو زیـاتر لایـەنی فەلـسەفی و بیرکردنـەوە دەگرنـەوە، لـەم دەمەتەقێیەی خوارەوەدا لە سـەرەتاوە، پـیرۆت بـە ناشـارەزاییەوە پرسـیار دەکات:

| | |
|---|---|
| پ: پێم ناڵێی مانای کمۆنیست چیە؟ | ب بەبێ جیـاوازی خێرو خۆشـیە |
| گـش ڕزگـار دەبن گـەلانـی زەوی | فـەرقـی نامێنـێ بڵنـدو نـەوی |
| دەبنە برای یەك سپی و زەرد و ڕەش | هیچ گەلێ ناکرێ لە ژیان بێ بەش[2] |

پیرۆت بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت:

| | |
|---|---|
| پ: ئۆخەی مام بایز بۆ موژدەت ئۆخەی | ئەو دەورە خۆشەی کەی دەبینم کەی؟ |
| ئەوسا لە سـایەی ئێوە کۆمنیسـتان | سـەربەخۆ دەبێ خاکی کوردسـتان[3] |

ئەم ئەنجامەی پیرۆت لەگەڵ شیکردنەوەی بایز ناگونجێت:

| | |
|---|---|
| ب: چت وت کوردستان؟ تۆ گەلپەرستی | ڕێگەی پێشکەوتن لە خۆت دەبەستی؟ |
| نیـزاڵ و کفـاح نازانـی چیـە؟ | دەیالـەکتیکـت ئاگـا لێ نیـە؟[4] |

---

1 Academic American Encyclopedia, Vol.11,P.279.

* لەنێو دەقدا، پیتی (پ) کورتکراوەی ناوی (پیرۆت) ە، (ب) کورتکراوەی ناوی (بایز) ە.

٢ هەژار، بۆ کوردستان، چ١، چاپخانەی عیتانی، بەیروت ١٩٦٦، ل٤٣، دێش٢-٤.

٣ هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣، دێش ٧-٨.

٤ هەمان سەرچاوە ، ل٤٣، دێش ٩-١٠.

بایز بە پێی تێگەیشتنی خۆی لە تیۆری مارکسی، کێشەی نەتەوایەتی لێك دەداتەوەو ئامۆژگاری پیرۆت دەکات کە ئەگەر کورد سەربەخۆ بێت ئەوە گەف لە هەبوونی گەلانی دیکە دەکات لەوانەش عەرەب! ؟

**پ: باشە مام بایز! ئەوە نەوت و ڕۆن      با بۆ عەرەب بێ جەهەننەم بیخۆن**

**ئەی بۆ ئازادی بەرگ و زمانم      دەڵێی چی بایز؟ تاعوونی گیانم![1]**

بایز باسی پاشکەوتنی گەلان دەکات، کە هزرە کۆنەکانی ئیستیعمار و دابونەریتە دواکەوتووەکانی کورد نابێ بمێنێت. بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن، باشتر وایە کورد لە نێو یەکێك لە میللەتە بالا دەستەکاندا بتوێتەوە. لێرەدا پیرۆت دەزانێت بایز هیچی پێ نەماوە، بە ئاسانی بیرە پەسەندکراوەکەی بەسەریدا دەسەپێنێت:

**یاری نەیاران دەکەی خۆت بخۆن      کێ بیستی لەناو چەرخی تازە و کۆن**

**مەڕ لە بەرخۆڵەی خۆیان نەبان بن      بچن شیردەری بیچووە گورگان بن**

**بۆ کورد بیری تۆ و بەیار هەریەکە      بەلام تۆ بێ چەك ئەو خاوەن چەکە**

**لەناو عارەبا ئەمتاوێنیەوە؟      سەلا لە عەقڵت بە چاوێنیەوە![2]**

(هەژار) بۆ شیکردنەوەی بابەتە هزری و کۆمەڵایەتییەکان، بەهەمان شێوەی ئەفلاتوون ڕێچکەی گفتوگۆی نێوان دوو کەسایەتی پەیرەو دەکات. ئەو کەسەی خاوەن بیرو بۆچوون و هەمیشە تامازرۆی فێربوون و پرسیارکردنە لای ئەفلاتوون (سوکرات)ە، لای هەژار موکریانیش (پیرۆت)ە. هەرچەندە شیکردنەوەی بابەتەکانی پیرۆتی هەژار بەو قووڵی و وردبوونەوەی سوکراتی ئەفلاتوون نییە، بەلام لە چەندین خاڵی وێکچوودا هاوتا دەبن:

ئا- ئەو بابەتەی هەردوو لایەن دەیخەنەڕوو، پێشوەخت نووسەر ڕێکی خستووە کە لە مێشکیاندا گەلاڵەبووە، بە پرۆسەیەکی لێکدانەوەو

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل٤٤، دێش ٨-٩.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٤٤، دێش ١٨-٢١.

شیکردنەوەدا تێپەڕیوەو گەیشتووەتە ئەنجامێکی پەسەندکراو.

ب- مەبەستی سەرەکی گفتوگۆکە ڕەخنەگرتنە لە هزرێك یان دیاردەیەك و ئەو کەسەی ئەم ئەرکەی پێ دەسپێردرێت (سوکرات، پیرۆت) لە سەرەتاوە خۆی بەناشارەزا دەردەخات و دەست بەپرسیارکردن دەکات.

پ- لەدوای هەر وەلامدانەوەیەکدا پرسیارێکی وردتر دەکرێت و دانوستاندنەکە بەردەوام دەبێت، تا بەو ئەنجامە دەگات کە نووسەر دەیەوێت پوختەی هزری خۆی تێدا بسەپێنێت.

جگە لە خاڵە وێکچووەکان چەندین خاڵی جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە، وەکو:

ئا- ئەفلاتوون وەکو فەیلەسووفێك بەرهەمەکانی داڕێشتووەو بۆ توێژێکی خوێندەواری نووسیوە، بۆ ئەوەی لێی وردببنەوەو مەودای بیرکردنەوەیان فراوانتر بکەن، بەلام هەژار موکریانی وەکو شاعرێك بەرهەمەکانی هۆنیوەتەوە، بۆ گشت توێژەکانی کۆمەڵ ئاراستەکراوە، بە تایبەتی کە لە گۆڤارەکاندا بلاوکراونەتەوە یان لە کۆڕ و بۆنەکاندا پێشکەش کراون یانیش لە ئێزگە پەخشکراونەتەوە.

ب- مەبەستی ئەفلاتوون لەو گفتوگۆیانەدا داڕشتنی بنەماکانی چەند تیۆرێکی فەلسەفی بووە، بەلام هەژار بۆ پرۆپاگەندەی سیاسی(١) یان بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر(٢) یانیش بۆ ململانێی ئایدیۆلۆجی(٣) بەکاری هێناوە.

---

[١] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦-٩٧.

[٢] هەمان سەرچاوە ، ل١٧٣-١٧٤.

[٣] هەمان سەرچاوە ، ل١٠٠-١٠١.

پ ـ کاریگەری بۆچوونەکانی ئەفلاتوون کاردانەوەیەکی جیهانییان هەبووە، لە سنووری یەك ولاتدا نەماوەتەوە، بەلام بۆچوونەکانی هەژار لە بازنەیەکی تەسکی نەتەوەییدا ماونەتەوەو دوور نییە تەنیا بۆ سەردەمێکی دیاریکراو دەست بدەن.

لەوانەیە چەندین خالی دیکەی وێکچوو، و جیاوازیش لە نێوانیاندا هەبن، بەلام ئەوەی لێرەدا پێوەندی بەم لێکۆڵینەوەوە هەیە لایەنی تەکنیکییە کە چۆن هونەری ئایرۆنییان لە دارشتنی دەقدا بەکارهێناوە.

**٢- خۆ هەلخەلەتاندن**

هەلخەلەتاندن، خوو و رەوشتێکی پەسەند نییە و ((هەموو چەواشەکردنێکیش وەکو درۆ و فریودان و دووڕوویی و درۆ سپییەکان و لەخشتەبردنەکان کە راستییەکی بێ بنەما دەردەبڕن و کردەوەیان نییە، دەکرێت بە شێوەیەك سەیر بکرێن کە هاودژێکیان لەنێوان رووکەش و راستیدا هەیە، بەلام ناکرێت بە نموونەیەکی ئایرۆنی دابنرێن))[1]. ئەو هەلخەلەتاندنەی ئایرۆنی پەسەندی دەکات ئەوەیە، کە جەخت لە سەر راستییەك بکات بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی لێی تێ بگات. بۆ نموونە (بێکەس) لە سالی (١٩٢٨)دا رەخنە لە کاری دختۆرێکی کەم شارەزا و بەدرەفتار دەگرێت. لەدوای خستنەرووی بیرورای خەلکی شار و نارازیبوونیان لەو بارودۆخە، بە رێگەیەکی ناراستەوخۆ جیاوازی لە نێوان دوو حالەتدا دەکات. یەکەمیان خەلکی شاری سلێمانی زۆر لە رەفتاری ئەو دختۆرە بێزار بوونە، دووەمیان تکا لە حکوومەت دەکات کە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازرێتەوە. لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا پەنا دەباتە بەر هونەری ئایرۆنی، لەنێو چەند وێنەیەکی ئایرۆنیدا داوا لە بەرپرسانی حکومەت دەکات، کە خەلکی ئەم

---

[1] دي. سی. میویك، المفارقة و صفاتها، مصدر سابق، ص١٦٦، ف٢.

شـاره زۆر سـوودیان لـە خزمەتگوزارییـە تەندروسـتییەکانی وەرگرتـووە، بـۆ ئەوەی لیواکانی دیکەی عیراقیش لەم دەستکەوتە گەورەیە بێبەش نەبن، تکا دەکات بە نۆرە بگوازرێتەوە شارەکانی دیکەش:

**ئەمان حکومەت هاوار بەماڵمان**

**ڕەحمێ بکە بە ماڵ و منـاڵمان!**[1]

لە کۆتایی خستنەڕووی دیوی یەکەمی ئەم واقیعەدا، دەڵێت:

**هێند دختۆرێکی بە بێ ویجدانە**

**حاصڵی عـاڵەم لێی هەراسـانە!**[2]

لە دیوی دووەمی بۆچوونەکانیدا دەگەڕێتەوە حاڵەتێکی کۆمێدی ئامێزدا کە پێچەوانەی ئەو واقیعە ڕاستەقینەیە کە هەیە:

**نەخێر سەهووم کرد حەمدی هەر چاکە**

**دختـۆرێـکی زۆر مـاهیرو تاکە!**

**فائیــدەی زۆرە بـۆ سـلێمانــی**

**بە هۆی خزمـەت و کردەوەی جوانی**[3]

لـە نێـو دیـوی دووەمیـشدا پێـشنیازی حاڵـەتێکی دیکـەی پێـچەوانەی ئـەو بۆچوونە دەکات کە بۆچوونی یەکەمی پێی ڕاستکردووەتەوە:

**بەڵام بۆ ئـەوەی سـائیر لیواکـان**

**لێی موستەفید بن وەك ئێمەو مانان**

**لوتفــەن تەحویلی بکـەن لێرانە**

**ئێمە لێی تێر بووین نۆرەی ئەوانە!!**[4]

---

[1] دیوانی بێکەس، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤، دێش١.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٨٤، دێش٥.

[3] هەمان سەرچاوە ، ل٨٤، دێش٦-٧.

[4] هەمان سەرچاوە ، ل٨٤، دێش٨-٩.

**٣- خۆ بەکەم زانین**

لـە ڕووی خۆبەکـەم زانینـەوەش، شـاعیر هـەبووە لـە ئاسـتێکی مـەعریفی بەرزدابووە و لە هونەرەکانی ئەدەبیشدا شارەزاییێکی باشی هـەبووەو هـەموو ژیـانی خـۆی لـە خزمـەتکردن و بەخـشیندا بردۆتەسـەر، بـەڵام لـە بەرانبـەر گەورەیی کێشەکانی گەلەکەیدا خـۆی بـە کـەم تەرخـەم و نەشـارەزا زانیـوە. خەڵکەکەش لە میـانی کـار و خـەبات و بەرهەمـەکانی شـاعیرەوە پێـچەوانەی ئەویان بیرکردۆتەوە و پلە و پایەیەکی بەرزیان بۆ داناوە، بـۆ نموونـە (قـانع) لە نێوان زانین و خزمەتکردنـدا هەمیـشە لـە دڵەڕاوکێـدا بـووە، لـە وێنەیـەکی ئایرۆنیدا دەڵێت:

**تاویٚ وەکو فەرهاد و دەمیٚ هەر وەکو مەجنـــوون**
**گەه ڕەندی خەرابات و گەهیٚ چەشنی فەلاتـــوون**
**گەه حاتەمی دەوران و گەهیٚ سواڵکەری مەمنوون**
**گەه لاڵی بە بیٚ زمان و گەهیٚ شـاعیری مـەوزوون**
**تەنیـا و بەبیٚ یاوەر و بیٚ پشـــت و پەنـا خــۆم**
**بیٚ جەوهەر و بیٚ قیمەت و پڕ جورم و خەتا خۆم**[1]

لە شوێنێکی دیکەشدا شاعیر نـە بـە ڕوخـسار و نـە بـە بیرکردنـەوەو زانـین شایستەی ئەوە نییە عیشق بکات. لە ڕاستیدا خۆی لە پلە و پایەیەکی بەرزی تێگەیشتندا بووە و هەموو وردەکارییەکانی عیشقی زانیوە، بەڵام لەم ڕووەوە خۆی بەکەم زانیوە، هەنـدێك سـیفەتی ناشـرینیش دەداتـە پـاڵ خـۆی، بۆیـە دەڵێت:

قانعــا ڕەندی بەجیٚ بێڵە، لە بۆ گـەنجی وەتەن
تۆ لە عیشقت چی بە کەللەی پووچەڵ و گوێی پڕ لە تووك[2]

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠، کۆ٢.
[2] هەمان سەرچاوە ، ل١٤١، دێش٤.

(ئەسیری) هەمان ڕێچکەی گرتووەو لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

**بێتو ئەگەر ئەم جیهانە بڕوا**
**کۆتایی نەبێ، وەها وەهادا**
**ئەستێرەو مانگ و خۆر و پڕ با**
**لەم کارە وڕو نەزان و گێژم**
**ئەم بیرە لە کێشی من نییە دەبەنگم**[١].

جگە لەم شاعیرانەی سەرەوە (بێکەس)[٢] و (پیرەمێرد)* یش... بەکاریان هێناوە.

لە ئەنجامدا ئەو ڕاستیە سەرهەڵدەدا، کە شێوازی سوقراتی بەهەر سێ شێوەیەوە وەکو دیاردەیەك لە نێو شیعری نوێی کوردیدا بەکارهاتووە.

## سێیەم: ئایرۆنی ڕۆمانسی Romantic Irony

ئایرۆنی ڕۆمانسی زاراوەیەکە و بەو مەبەستە لە نێو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەکاردێت کە((جۆرە نووسینە گێڕانەوەیی و شانۆییەیە و تێیدا دانەر یا نووسەر وەهمی نواندنەوەی واقیع ساز دەکات، بەڵام هەر ئەم وەهمەشە لەڕێگەی ئاشکراکردنی ئەو خاڵەوە هەڵدەوەشێنێتەوە کە نووسەر وەکو هونەرمەندێکی سازکەر و بەڕێوەبەری دەست والای کەسایەتییەکان و کردەوەکانیانە))[٣]. کەواتە شاعیر پەیکەربەندێکی هونەری دروست دەکات، پاشان تێکی دەدات بۆ ئەوەی ((بسەلمێنێت کە خۆی ئەو کارە هونەرییە بە

---

١ دیوانی ئەسیری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦، کۆ٢.
٢ دیوانی بێکەس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢، دێش٣.
* پیرەمێرد چەندین شیعری لەم بارەوە هۆنیوەتەوە. بۆ نموونە، بڕوانە: محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤-٢٥.
٣ بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی ، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٣، پ١.

کارەکتەرو کردەوەکانیانیشەوە دروست کردووەو هۆنراوەی " دۆن جوان " ی شاعیری ئینگلیزی بەیرۆن ** نموونەیەکە لەم جۆرە ئایرۆنییە کە باوەڕی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت و دوایی بێ ئومێدی دەکات کە ناتوانێت بەردەوام بێت))[1]. خالید سلێمان لە (تیۆری ئایرۆنی)دا هەمان بۆچوونی (دی. سی. میویك) پەسەند دەکات، کە هۆی ڕەفتاری شاعیرە ڕۆمانسییەکان لەو دیدگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ((جیهان خۆی لە کۆمەڵە هاودژییەك پێکهاتووە، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتنی ئەم هاودژییانە ئەوەیە کە بە دیدێکی ئایرۆنییەوە بیاندۆزییەوەو لێیان تێ بگەیت))[2]. هەر لەم بارەوە (ئان. ك. میللەر ـ Anne. K. Mellor) هەوڵ دەدات دیاردەی ئایرۆنی ڕۆمانسی بە شێوەیەکی قووڵتر شی بکاتەوە و بە دیاردەیەکی ڕادیکاڵی سەرەتای سەدەی نۆزدەی دادەنێت، کەچی تا ئەو کاتە چەمکی گەردوون لە سنووری سیستەمێکی ڕێکخراوی ورددا پێناسە دەکرا. نووسەرە ڕۆمانسییەکان بۆچوونیان جودا بوو، گەردوونیان بە هیۆلییەکی فراوانی بێ کۆتایی دەدیت و لەو باوەڕەدا بوون کە تێگەیشتنی مرۆڤ بەرانبەر ئەم حاڵەتە سنووردارە. لە نێو ئەم کێشەیەدا مرۆڤ هەوڵ دەدات هاوسەنگییەك لە نێوان خۆداهێنان و خۆ ڕووخاندندا دروست بکات، بۆیە ئەم ئەزموونە

** جۆرج گوردۆن بەیرۆن(١٧٨٨- ١٨٢٤) دەرچووی زانکۆی کەمبردج بوو ١٨٠٥. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوو بیست ساڵی، یەکەمین کۆمەڵە شیعرییەکانی چاپ کردبوو، کە تەمەنی یاسایی خۆی تەواو کرد بووبووە ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردان، لە شاکارە گەورەکانیشی سروودەکانی " چیڵد هارۆڵد" و سروودەکانی " دۆن جوان " ن . بەیرۆن بە کارو کردەوە شاعیرێکی پڕ بەرهەم بوو، ئەو توندو تیژییەی لە ڕەفتاری کارەکتەرەکانی نێو بەرهەمەکانیدا دەبینرێت ڕەنگدانەوەی ڤۆڵکانە دەرپەڕیوەکەی دەروونی خۆی بووە. لە ساڵی ١٨٢٣ بۆ پشتگیری لە جەنگی سەربەخۆیی یۆنان چووەتە ئەوێ. لە نیسانی ١٨٢٤ دا بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی دەکات./ (جبور عبدالنور، المعجم الادبي، مصدر سابق، ص٣٦٦- ٣٦٧.

[1] د. عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي، مصدر سابق، ص٢٨-٢٩.

[2] خالد سليمان عبدالله، نظرية المفارقة، مصدر سابق، ص٧٥، ف٣.

دەگرێتەبەر و بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی دروست بکات و لە هەمان کاتیشدا خۆی بڕووخێنێتەوە[1]، لەم سۆنگەیەوە ((ئایرۆنی ڕۆمانسی دوو شتە لە لایێکەوە چەمکێکی فەلسەفیی گەردوونییە و لە لایێکی دیکەشەوە پرۆگرامێکی ستاتیکییە))[2]. لێرەدا مەبەستی شاعیر زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە لەو باوەڕەدایە مرۆڤ دەتوانێت پلان بۆ خەونە جوانەکانی دابنێت و نیازە پاکەکانیشی ڕێك بخات، بەڵام ناتوانێت کارە نەخشە بۆکێشراوەکانی و ئەنجامەکانیان هاوسەنگ بکات. لە نێوان ئەم هەردوو بۆچوونانەدا ڕاستییەکی دیکە سەرهەڵدەدات کە ئایرۆنی ڕۆمانسی هاوسەنگییەك لە نێوان بایەخدان بە مانای ناوەڕۆکی هۆنراوەکەو جەخت کردن لەسەر ستاتیکی ڕوخسارەکەی دروست دەکات، بۆیە شاعیری ڕۆمانسی ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە کە خۆی ئایرۆنی دروست دەکات و دەشزانێت کە نابێت ئەدەب دوورە پەرێز بێت و بێ تێڕامان بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بە هۆشیارییەوە سروشتە هاودژییەکەی پێشکەش بکات[3]. لەم بارەوە (کامەران موکری) لە شیعری (تەلار)دا، وەهمێکی وا دروست دەکات، کە وەهمەکە هەڵدەوەشێتەوە، جارێکی دیکە هەوڵدەدات سەرلەنوێ بینای بکاتەوە:

**من ئاواتێکم هەبوو زوو**
**وەك خەوی خۆش لە دەستم چوو**
**یارێکم هەبوو وەك باڵدار**
**فڕی بۆ ناو کۆشك و تەلار**
**مەل بۆم گریا نەگریام خۆم**
**سەرم نەنایە سەر ئەژنۆم**

---

[1] Anne K. Mellor, English Romantic Irony, Harvard University Press, 1980,P.5, Par.2.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٤.

[3] D.C.Muecke,Irony,P.78, Par.1.

**ئەی گوڵی گەشاوەی بەهار**

**با تۆ ماچ کەم لە جیاتی یار**[1].

شاعیر ئاواتێکی هەبووە، لەبەر کەمتەرخەمی یانیش لە نەشارەزاییەوە لەدەستی دەدات. ئاواتەکەی کە شۆخێکی ناسك بووە، وەك مەل دەفڕێت و لەناو تەلارێك دەگیرسێتەوە. ژیانی ئەو شۆخە لەناو تەلارەکەدا هەروەکو بەخێوکردنی مەلێکە لەنێو قەفەزدا. شۆخەکە هەست بە ئەسارەتی کۆت و بەند دەکات، بەڵام ئەو درەنگتر پەشیمان دەبێت. دەیەوێت دووبارە ئەوەی لەدەست دابوو، جارێکی دیکە بگەڕێنێتەوە. ناتوانێت، پەنا بۆ گوڵ دەبات و وەکو خوازە بەکاردێنێت. شۆخ و شەنگی یارەکەی لە جوانی ئەودا دەبینێت و لە باتی یارەکەیشی هەر ئەو ماچ دەکات.

ئەم جۆرە دەقانە لە شیعری نوێی کوردیدا زۆرن. بۆ نموونە (هێمن موکریانی)یش لە قەسیدەی (خۆبەخت کردنی خۆڕائی)دا، کە لە (٣٩) دێڕە شیعر پێکهاتووە هەمان شێوازی هۆنینەوەی پێڕەو کردووە. لە سەرەتاوە بە (١٢) دێڕەشیعر تەنیا وەسفی جوانی و شۆخ و شەنگی کچێك دەکات. هەموو کوڕەکانی ئاوایی بۆی شێت و شەیدا بوونە. لە ئەنجامدا دڵی بە لاوێك دەدات و وەهمەکە لە یەکەم ژوانیانەوە دەست پێ دەکات:

**لەنێو مێرگێکدا لە تەنیشـــت گوڵان**

**دلبەر و دڵدار بوون دەســـتە مـلان**

**دەیان کرد یاری و دەسبازی و گەنکەڵ**

**یەکتریان دەگرت توند: توند لە باخەڵ**[2]

---

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

[2] م. هێمن، خۆبەخت کردنی خۆڕائی، گ: کوردستان، ژ٦-٧، س١، پوشپەرو گەلاوێژ١٢٢٥، مهاباد- چاپخانەی کوردستان، ل٤٩، دێش٧-٨.

هەردوو عاشق لە یاریکردن و دەسبازی خۆشی تێر دەبن و دەچنە قەراغ ڕووبارەکەو دەست و چاویان دەشۆن، بەلاّم لەو ئان و ساتەدا ڕووداوەکە دەقەومێت:

**زیڕاندی و گوتی ئای ڕۆ بازنەکەم**

**ئاو بردی و منی بێ چارە چبکەم**

**دلبەر قسەکەی نەکردبوو تەواو**

**کە دلّداری شێت خۆی خستە نێو ئاو[١]**

قەسیدەکە بە بینای وەهمێکەوە دەست پێ دەکات، دواتر ئەو وەهمە هەلّدەوەشێتەوە و خاوەنەکەی تووشی شکست دەبیت، لەسەر پاشماوەکانی ئەو دارمانە دووبارە هەولّدەدات بینا بکاتەوە، بەلاّم بە دروستیی بۆی ڕێك ناکەوێت، بۆیە بەو ئومێدەوە چاوەڕێی بەجێ گەیاندنی خەونەکانی دەبێت.

## چوارەم: ئایرۆنی بارودۆخ Situational Irony

ئایرۆنی بارودۆخ یان (ئایرۆنی ڕووداو) پشت بە ڕووداوەکانی نێو کارە هونەرییەکە دەبەستێت و ((ئاماژە بەو جیاوازییە دەکات کە لەنێوان ئەوەی مەبەستە یانیش لەوانەیە بکرێت و لە نێوان ئەوەی لە ڕاستیدا دەردەکەوێت))[٢]. لە نێو ڕووداوەکانی ئایرۆنی بارودۆخدا ((خوێنەر چاوەڕوانی شتێکە و لە ئاکامدا ڕووبەڕووی شتێکی دیکە ئەبێتەوەو... وەك کەسایەتییەکان لە ئاکامدا تووشی هەمان بێ بەختی و نادیاری ئەبن))[٣]. چونکە کەسایەتییەکەی نێو بەرهەمەکە ئامانجێکی دەستنیشان کردووەو بۆی دەچێت ، بەلاّم بە بێ ئاگایی یانیش لە نەشارەزاییەوە ڕێگەیەك

---

[١] هەمان سەرچاوە ، ل٥٠، دێش ٤-٥.

[2] Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary terms, P.113, Par.6.

[٣] بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی شیکاری زاراوەی ئەدەبی،ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١، ف٢.

دەگرێتەبەر کە لە ئامانجەکەی دوور دەخاتەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەو هۆکارانەی خۆی لێ دەپارێزێت و بەکاریان ناهێنێت هۆکاری ڕاستەقینە و گەیەنەری ئەو ئامانجەن. لەدوای ئاشکرابوونی ئەنجامەکە دەزانێت خاڵە لاوازەکانی چین و لە چ هەڵوێستێکدا هەڵەی کردووە. (د. سی. میویك) نموونەی قوتابییەك دێنێتەوە کە لە پێش مامۆستای خۆی و خەڵکەوە وا خۆ دەردەخات کە پلەی نایاب بەدەست دێنێت و خەڵکەکەش بڕوا دەکەن، بەڵام ئەنجامی ڕاستەقینە لای مامۆستاکەیە. لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕوانامەکاندا قوتابی و ئەوانەی دەوروبەریش لەبەر ئەو ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوە تووشی بێ ئومێدی دەبن. بەم شێوەیە مامۆستا ڕاستییەکە دەزانێ، بەڵام ڕەفتاری قوتابییەکە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە بوو کە تا ڕۆژی ئاشکراکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لێی بێ خەبەر بوو[1]. لە شیعری نوێی کوردیشدا نموونەی وا هەن. . (قانع) لە شیعری ( خزمەتکاری خراپ)دا باسی کابرایەکی هەژار دەکات، کە دەیەوێ بارێ کاڵەك بۆ ئاغای دێ ببات، بەڵکو خەڵاتێکی چاکی بداتێ، بەڵام ئاغا قاپیوانێکی خراپی هەبوو، و نەیهێشت بچێتە ژوورێ:

**قاپیوان وتی بە کابرای فەقیر**

**لە ڕێی خودادا بۆت ئەکەم تەگبیر**

**سەنەد بنووسە خەڵات و بەرات**

**ئاغا هەرچی دا نیوەی بە من گات[2]**

بە ناچاری کابرای هەژار سەنەدی بۆ نووسی و چووە لای ئاغا کاڵەکی دانا. ئاغا چوار دینار خەڵاتی داێ، نەیویست و داوای کرد هێشتا بۆی زیاد بکات، کردییە دە دینار هەر ڕازی نەبوو.:

---

[1] خالد سليمان، نظرية المفارقة، مصدر سابق، ص٧٤، ف١.

[2] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٨، دێش٥-٦.

**کابرا عەرزی کرد نامەویٚ قوربان**

**ئەم چوار دینارە ئەکەم بەسنان**

**هەتا دە دینار ئاغا هەر بۆی چوو**

**فەقیر هەر نەیویست ئاغا تووڕە بوو**

**کابرا عەرزی کرد بۆیە هاتمە لات**

**سەد شەقم ئەویٚ لەجیاتی بەرات**[1]

ئاغا ئەمری کرد وەرن تێی هەڵدەن و ڕەحمی پیٚ مەکەن، دوای پەنجا شەق هەژار وتی بەس، ئەوانی دیکە لە بۆ قاپیوان، چونکە لە بەینی خۆمان سەنەدمان نووسیوە:

**ئاغا تەماشای سەنەدەکەی کرد**

**قاپیوانی گرت زوو بە دەست و برد**

**پەنجای تیٚ هەڵدا لەباتی حەق خۆی**

**پەنجای زیادەی حەواڵە کرد بۆی**

**لە پاش سەد شەقە، لەویٚ دەرکرا**

**قاپیوانی تر لەجێی دانرا**[2]

شاعیر ئاماژەیەك دەدات کە ناوەڕۆکی ئەم شیعرە لە فارسییەوە وەرگیراوە، لەوانەیە خوێنەری کوردیش ئەم چیرۆکەی وەکو سەربوردەیەکی فۆلکلۆری بیستبێت، بۆیە لەڕووی تەکنیکی شیعرییەوە دەقئاوێزانێکی جوانە. ئەو جیاوازییەی لەنێوان هەڵوێستەکانی کابرا هەژارەکەو قاپیوانەکەیشدا هەیە، کە هەرجاریٚ یەکێکیان بووەتە قوربانی کردەوەی ئەوی دیکەو لە بەراوردکردنی هەردوو حاڵەتدا دەقێکی ئایرۆنی بارودۆخ دروست بووە، بە تایبەتی کە قاپیوانەکە ئەو وەختە ئاگاداری ئەنجامەکە

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤٨-٥٤٩.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٥٤٩، دێش ٦- ٨.

دەبێت کە سزا دەدرێت. مەبەستی سەرەکی شاعیریش ڕەخنە گرتنە لەوانەی جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، کە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانانێن، بۆیە هەمیشە لە نێوان شتە زانراو نەزانراوەکاندا کەلێنێك هەیە.

ئایرۆنی بارودۆخ نزیکە لە ئایرۆنی دراماتیك، جیاوازی لە نێوانیان هەر ئەوەیە کە لە یەکەمدا ئەنجامی کۆتایی بۆ قوربانییەکە ئاشکرا دەبێت، بەڵام لە دووەمدا قوربانییەکە ئاگای لە ئەنجامی ڕووداوەکە نییە.

## پێنجەم: ئایرۆنی دراماتیك Dramatic Irony

ئەم هونەرە ، لەوانەیە ، لە هەر کارێکی ئەدەبیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام زیاتر لە میانی ڕووداوەکانی نێو شانۆنامەدا بەدی دەکرێت، بۆیە هەندێك جار بە (ئایرۆنی سۆفۆکلیس ـ Sophocleas Irony) یش ناودەبرێت، چونکە زۆربەی بەرهەمەکانی شانۆکاری گەورەی یۆنانی سۆفۆکلیس لەسەر بنەمای ئایرۆنی دارێژرابوون و بوونەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ شیکردنەوەی کەسایەتیی ئەو کارەکتەرانەی ئایرۆنی دروست دەکەن. یەکەم لێکۆڵینەوەش لەم بارەوە کرابێت (( لێکۆڵینەوەی " کۆنۆپ تیرلۆڵ ـ Connop Thirlwall " بوو کە لە ساڵی ١٨٣٣ لەبارەی ئایرۆنی لای سۆفۆکلیس نووسیبووی))[1]، جگە لەم لێکۆڵینەوە درێژەی کۆنۆب گەلێ لێکۆڵینەوەی دیکەش کرابوون، بەڵام کاری کۆنۆپ بە ((بەردی بناغەی پێناسەکردن و چەسپاندنی چەمکی ئایرۆنی دراماتیك دادەنرێت، لەم لێکۆڵینەوەدا تیرلۆڵ جەخت لەسەر ئەو ناکۆکییە دەکات کە لە نێوان مرۆڤ بە هەموو ئومێد و ترس و کارەکانییەوە و لە نێوان ئەو قەدەرە دڵڕەق و بێزارکەرەوەدا هەیە. ئەمەیە بوارێکی فراوان بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە

[1] .J.A . Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, P.337, Par.3.

ئایرۆنییه فەراهەم دەکات))[1]. هۆی بەستنەوەی ئەم جۆرە ئایرۆنییە بە شانۆوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ((کاتێک کەسایەتییەک بە شێوەیەکی نائەنقەستەوە کارێک دەکات بۆ ئەوەی سەرنجی جەماوەر ڕابکێشێت و لێی تێبگەن کە ئەمە پێچەوانەی ڕێچکەی ڕاستییەکانی شانۆنامەیە و بۆ مەبەستێکی ئایرۆنی دروستکراوە))[2]. بۆ نموونە کاتێک لە فیلمێکی توندو تیژ ئامێزدا بکوژێکی ترسناک لە نێو دارستانێکدا دێتە پێشەوە، بینەران بیر لەوە دەکەنەوە کە نابێت درەنگی شەو مێردمندالآن لە نێو دارستانەکاندا پیاسە بکەن، کاتێک مێردمنداڵێک لەوێوە دەردەچێت و بێ خەبەرە لە مەسەلەکەو نازانێت کە مردن چاوەڕێی دەکات. بینەران دەزانن کە ئەوە قوربانیی ئایندەیە !.. ئەگەر بکوژەکە لە نێو دارستانەکەدا نەبوایە ئەوە ئایرۆنی دروست نەدەبوو، دەرچوونی مێردمنداڵەکەش تەنیا گەشتێکی خۆشگوزەرانی ڕۆمانسی دەبوو. لێرەدا چەند بێ ئاگایی قوربانییەکە پتر بێت ئاستی ئایرۆنی دراماتیکیش بەهێزتر دەبێت. لە نموونە بە ناوبانگەکانی ئایرۆنی دراماتیک چیرۆکی (یووسف و زولەیخایە) بە تایبەتی کاتێک یووسف میواندارییی براکانی دەکات، چونکە دەیانناسێتەوە و ئەو و خوێنەر- گوێگر لە وردەکارییەکانی مەسەلەکە ئاگادارن، بەلآم براکانی لە مەبەست و سەروبەندی ئەو میوانداریییە بێ خەبەرن:

وان دی مەرڤەك د نیڤ سەرایی
ئەو ڕوونشتی یە ددە جەلایی
وان ژی کو نەناسی ماهی کەنعان
تەسکین کری یە ب عزز و عونوان

[1] خالد سليمان، نظرية المفارقة، مصدر سابق، ص٧٢. ف٣.

[2] Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary terms, P.59, Par.3.

**یووسف کە نەزەر دکر نهانە**

**تەحقیق کرە کو ئەو برانە**

**یووسف وەها گۆتە پیشەکاران**

**تەفتیش بکن گەلی نگاران**[(١)]

هەروەها ئاخاوتنی "ئایگێستۆس" لە شانۆنامەی "ئەلیکترا"دا کاتێ لە هنداو تەرمی هاوسەرەکەی ڕاوەستاوە، وا دەزانێت تەرمی دۆژمنەکەیەتی:

**خودایە بێ گۆمان ئەمە نموونەیەکە**

**لە سزای دادپەروەرانە.**[(٢)]

لە شیعری نوێی کوردیشدا نموونەی ئەم جۆرە ئایرۆنییە زۆرن، (کامەران موکری) لە هۆنراوەی (بووکی لادێ)دا، باس لە خۆشەویستی کوڕێك و کچێکی لادێ دەکات. جوانی و ڕازاندنەوەی بووکەکە لەگەڵ شۆخ و شەنگی زاواکە بەراورد دەکات. ئەم دیمەنە قەشەنگە ئاغای گوند دڵگیر دەکات. پیلانێك بۆ کوشتنی کوڕەکە دادەنێت بۆ ئەوەی بکوژرێت و کچە نازدارەکە هەڵبگرێت:

**لە نیوە شەودا، کتوپڕ**

**دەست ڕێژێکیان لێکرد لەپڕ**[(٣)]

ئاغا بە نهێنییەوە پیلانەکەی جێ بەجێ کرد، هەڵوێستێکی پێچەوانەی تاوانەکەی نواندو گەف و هەڕەشەی لە بکوژەکانی دەکرد:

**کوشتیان... ئاغاش فرمێسکی ڕشت!!**

**بمزانیایە کێ بوو... ئەمکوشت!!**

**کێ بوو، کوشتی جوتیاری من**

**وادیارە، وێڵە بۆ مردن!!**[(٤)].

---

[١] سەلیمێ هیزانی، یووسف و زولەیخا، ڤەوژارتن و بەرهەڤکرنا: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر٢٠٠٤، ل٢٢٩، دێش ٧-١٠.

[٢] دی. سی. میویك، المفارقة و صفاتها، مصدر سابق، ص١٥٨، ف١-٢.

[٣] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣، دێش٩.

[٤] هەمان سەرچاوە ، ل٤٣، دێش ١٠-١١.

ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لەم خاڵەدا بەکۆتا نایەن، بەڵکو شاعیر نیوەی دووەم بەم شێوەیە بەکۆتا دێنێت:

**دوای فرمێسکی درۆ، ڕشتن**

**بەڵێنی (تاوانبار) کوشتن**

**ژنی جوتیاری مارەکرد**

**خونچەی (تازە پشکوتوی) برد!**[١].

گرێی ئایرۆنی دراماتیکی ئەم شیعرە لەوەدایە:

- بووکەکە نازانێت کە مێردە نوێیەکەی خۆشەویستەکەی کوشتووە، بە هاوخەمی خۆی دەزانێت، چونکە باوەڕی بە فرمێسکە درۆکانی هاتووە.
- بووکەکە بووەتە قوربانی هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگ لە نێوان تێگەیشتنی ڕوودیاری حاڵەتێکی لە ڕوخسارەوە ڕێکوپێك و لە نێوان بێ ئاگابوون لە دیوی ناوەوەی حاڵەتێکی ناپاك و ستەمکاری و پیلانگێڕی.

ئایرۆنی دراماتیك دوو جۆری دیکەی لێ جیا دەبێتەوە کە هەر یەکێکیان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەویش: ئایرۆنی تراژیك و ئایرۆنی کۆمیکە.

## شەشەم: ئایرۆنی تراژیك Tragic Irony

ئایرۆنی تراژیك لە ئایرۆنی دراماتیکییەوە نزیکە و ئەوەی لێی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ((خوێنەران لە کەسایەتییەکان بە ئاگاترن و لە وردەکارییەکانی نێو بەرهەمە ئەدەبییەکەشدا شارەزاترن))[٢]. ئەم جۆرە ئایرۆنییە گوزارشت لە ڕەوشی کەسایەتییەك دەکات کە بێ ئاگایە لەو حاڵەتەی تێیگلاوە. شتێك دەڵێت، یان کارێك دەکات کە پێچەوانەی ئەو ڕاستییەیە کە بۆ جەماوەر

---

[١] هەمان سەرچاوە ، ل٤٣، دێش ١٢-١٣.

[2] Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary terms, P.114, Par.1.

ئاشـكرابووەو دەیزانێـت[1]. کەواتـە((ئایرۆنییـە تراژیدییـەکانی ئـەزەل لـە (مەرگەسـاتی ژیـان)دا ئەوانـەن، کـە خەڵکەکـە جـار لـەدوای جـار هـەموو تواناکانیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بە دەستی خۆیان، خۆیان لەناو ببەن یـان ئەو شتەی زۆر خۆشـیان دەوێـت بکـوژن))[2]. لـە ئـایرۆنی تراژیکـدا پـەیڤ و کردەوەکـانی کەسـایەتییەکان ڕاسـتی ڕووداوەکـە بـەدرۆ دەردەخـەن، کـە بینەران بەدروستی لێی ئاگادارن[3]، بۆ نموونە ((لە "شـانۆنامەی ئۆدیـب" ی "سۆفۆکلیس"دا، ئۆدیب بڕیار دەدات کە دەبێت بکوژی بـاوکی بدۆزێتـەوە و دادگـایی بکرێـت ـ جـەماوەر ئاگـاداری هـەموو ڕاسـتییەکانن ـ تـەنیا ئـەو بـێ خەبەرەو نازانێت کە خۆی تاوانبارە . هەر وەهـا لـە شـانۆنامەی "ئۆتیلـۆ"ی شکسپیردا: ئۆتیلـۆ بـێ خەبـەرە لـە حەقیقـەتی خیانـەتکاری "ئیبـاگۆ" لـە "دیزدەمونە" بۆیە هەر بە ئیباگۆی بەڕێز بانگی دەکات))[4].

لە شیعری نوێی کوردیشدا کامەران موکری باس لـە بـێ ئاگـایی ئاغایـەکی کورد دەکات کە چۆن بە شێوەیەکی ئەتکبەرەوە شەوێکی سـووری سێکسـی لەگەڵ کچەکەیدا بردووەتەسەر، لـە گێڕانـەوەی باسـەکەدا خوێنـەر ئاگـاداری سەرەتا و وردەکارییەکانی ڕووداوەکانە، تەنیا ئاغایەکە بـێ خەبـەرە. ئەگـەر لە بەراییەکانی ئەم تاوانە ئاگادار بوایە، نە لە خۆی و نە لە کەسێکی دیکـەی قـەبووڵ دەکـرد، بـەڵکو ئـەم کارەسـاتە بـە کارەسـاتێکی گـەورەتر بـەکۆتا دەهات:

کچی هەژاری بێ نان
بەجێی هێشت تەلاری جوان

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧.

[2] كليفورد ليچ، المأساة، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي، مـج١، ط٢، دار الرشيد للنشر، بغداد١٩٨٢، ص١١٨-١١٩.

[3] Irony, Wikipedia, The free encyclopedia,P.3. \ ne: wikipedia. org \wiki\Irony

[4] Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary Terms, P.227, Par.3.

**دوای ئەوە گوڵی... گەنجی**
**لەناو، نوێنێکا وەری**[1].

لە بەردەوامبوونی کردەوە بەدڕەفتارەکانی ئاغاکەدا، شاعیر باسی ڕووداوێکی دیکەیشی پێوەندی بە ڕووداوی یەکەمەوە هەیە دەکات کە لەگەڵ کچی ژنە هەژارەکەی پێش پانزە ساڵ ئەنجامداوە:

**لە شەوا... دوای پانزە ساڵ**
**کچێکی جوانی چاو کاڵ**
**نیگای، تا بڵێی شیرین**
**قژی زەردی ئاگرین**
**هەر ئەو کوڕە، ئەو دڵە**
**ئەو دەروونە... بەکوڵە**
**ئەو شەیتانە، دەس دارە**
**ئەو ڕاوچی، پارەدارە**
**کچی گەیاندە تەلار**
**ناو ژووری بریسکەدار**[2].

ئەم کابرا دەوڵەمەندە دەستی تاوانی گەیاندە نێچیرەکەی، بەڵام نەیدەزانی کە ئەم تاوانە لەگەڵ کچەکەی دەکات، کە قیزەوەنترین تاوانی مرۆڤایەتییە:

**بەسەری برد، شەوی سوور**
**بەبێ شەرمی، بێ... سنوور**
**"بەڵام ئەی پرشنگی کاڵ"**
**"ئاگات لێ بێ لە قەدپاڵ"**
**کچی خۆی بوو... نەیزانی**
**هی دۆستەکەی جارانی!**[3].

---

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠، دێش ٥-٦.
[2] هەمان سەرچاوە ، ل٨٠، دێش ٧-١١.
[3] هەمان سەرچاوە ، ل٨١، دێش ٥-٧.

## حەوتەم: ئایرۆنی کۆمیك Comic Irony

ئـایرۆنی کۆمیـك نزیکـە لـە ئـایرۆنی تراژیـك و ئـەوەی لێـی جیادەکاتـەوە ئەوەیـە، کـە ئـایرۆنی کۆمیـك ((ئـەو سـاتەوەختەی گەلاڵـەی بەرهـەم، کـە کەسایەتییەکی سووك هەوڵ دەدا کارێکی باش بکات سـزا ئـەدرێ))[1]. هـۆی ئەم سزادانەش دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی دوو کەسانی ناو بەرهەمەکە کە یەکەمیان مەبەستی ئـەوی دیکـە نازانێـت یـانیش بـە شایـستەی ئـەو کـارەی نابینێت کە پێشنیاز دەکات ئەنجامی بدات، بۆیە بەدحاڵیبوونێك لە نێوانیاندا دروست دەبێت و لە ئاکامدا سـووکایەتی پێکردنێـك یـانیش لێپێـچینەوەیەکی لەگەڵدا دەکرێت. ڕەگی ئەم ئایرۆنییە دەگەڕێتەوە بۆ ((کۆمیـدیای یۆنـانی و بەو ئەکتەرانەی کە دووڕوو بوون و قسەی ناڕاستیان دەکرد پێیـان دەگـوت" ئێیرۆن" کە زیاتر خۆهەڵخەڵەتێنەرو لووت بەرزو گەمژەبوون))[2].

لە ئەدەبی کوردیـشدا نموونـەی وا زۆرن، (کامـەران مـوکری) لـە یـەکێ لـە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی کۆمیدی باسی سەپانێکی کورد دەکات کـە چـۆن بەڕۆژ لە نێو باغ و بیستانەکانی ئاغادا بە هیلاك چووە و شەوان دەچێتە بـەر کۆشك و سەرای ئاغا دەوەستێت بۆ ئەوەی هێشتا خزمەتی بکات:

**کاتێ زەردە توایەوە ناو ئەو دیو شاخ**
**تاریك داهات دارستان و چەم و باخ**
**گەڕایەوە بۆ بەردەمی دیوەخان**
**تا بزانێ چی هەیە کار و فرمان**[3].

---

[1] بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤، پ٣.

[2] M.H.Abrams, A Glossary of Lliterary Terms, P.134-135.

[3] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣، دێش ٧-٨.

بەم شێوەیە خۆی هاتووە بۆ ئەوەی ئیشێکی زیاتر و باشتر بکات، بەڵام ئەوەی بەرانبەر کە کوڕی ئاغایە، ئەم هەڵوێستە بە شایستەی ئەو بەستەزمانە نابینێت و بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە:

کوڕی ئاغا پێی وت: بۆچی وەستاوی
لە جێی خۆتا وشك ئەڵێی ڕاوی
ڕاکە خێرا مەسینەو لەگەن بێنە
تەمەڵ مەبە چالاکی خۆت بنوێنە [1].

## هەشتەم: ئایرۆنی بنیاتی Stractural Irony

ئایرۆنی بنیاتی نزیکە لە ئایرۆنی وشەیی و جیاوازییەکەیشی لەوەدایە کە ((خوێنەر تیایدا بەشدارە بەڵام بێژەر وەها قەستێکی نییە))[2]، کەواتە ئەم جۆرە ئایرۆنییە ((پشت بە مەبەستێکی گاڵتەجاڕی دانەر دەبەستێت، کە گوێگرەکە تێدا هاوبەشە، بەڵام لەلای قسەکەرەکەوە زانراو نییە))[3]. هۆی ئەم جیاوازییەش لە نێوان تێگەیشتنی جەماوەر و سادەیی بیرکردنەوەی قسەکەری نێو بەرهەمەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ((ئەو ساتەوەختەی ئایرۆنی تێدا پێچەوانەی ئاراستەکردنی ڕووداوەکە دروست دەکرێت))[4]. بەم جۆرە قارەمانێکی ساویلکە یان گێڕەوەیەکی گێلۆکە بەردەوام لەبارەی بابەتەکانی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣-٢٨٤.

[2] بەختیار سەجادی و محەمد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

[3] د. محمد العبد، المفارقة القرآنية، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة ١٩٩٤، ص١٤١، ف٣./ هەروەها بڕوانە:

M.H.Abrams, A Glossary of Lliterary Terms , P.135, Par.4.

[4] صالح محمد عبدالله محمد، المفارقة الروائية، مصدر سابق، ص١٠١، ف٢.

ناو بەرهەمەکە بیروڕا و لێکدانەوەی خۆی هەیە، بەڵام خوێنەری شارەزا هەست بە هەڵەکانی دەکات و (( بەردەوام ئەو لێکدانەوەو بیروڕایانەی بۆ دەگۆڕێت و ڕاست دەکاتەوە))[1].

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە ئایرۆنی بنیاتی لە نێو نواندنی شانۆنامە و گێڕانەوەی چیرۆکدا دروست دەبێت. شیعری نوێی کوردیش بایەخێکی زۆر بە چیرۆکە شیعرو شیعری شانۆگەری دەدا. شاعیرانی کورد هەندێ لە بابەتەکانیان لە ئەدەبی میللەتانی دیکە یانیش لە حیکایەت و بەیتی فۆلکلۆری وەردەگرت یاخود لە داهێنانی خۆیان بووە، لەم بارەوە (نالبەند) دەڵێت:

**چوومە زاخۆ بۆ تەماشە من نەزەرکر بوون دوو داخ**
**تاخەکی کانوون و سارە تاخەکی گەرم و تەباخ**
**تاخەکی هەڤڕان نەهێران، تاخەکی ئاش لێ نەبوون**
**هەر شەڤ و ڕۆژان دگەڕهان دائیما پڕ بوون مزاخ**
**چوومە تاخێ ساخ تژی لێ عەقلێ وان هەمیای مری**
**چوومە تاخێ کێم مری لێ عەقل و عالەم هەردووساخ**[2]

شاعیر چەند بۆچوونێکی فەلسەفی ئالۆز بە ڕێگەی هەندێك وێنەی ئایرۆنییەوە شی دەکاتەوە، بەڵام هەموویان بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و پێچەوانەی لۆژیکێکی ڕوون و بنەما ئاشکرا ڕێك دەخات، کە خوێنەری هۆشیار ناچاردەبێت زۆربەی شتەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە، لەوانەیە ئەم

---

[1] M.H.ABRAMS, A Glossary of Lliterary Terms, P.135-136.

[2] ئەحمدێ نالبەند، باغێ کوردا، ب١، کۆمکرن و تویژاندنا تاها مایی، چ١، چاپخانا خەبات، دهۆك١٩٩٨، ل١٢٧، دێش ١-٣.

سەرئێشە و لەدواگەڕانەیش یەکێك لە مەبەستەکانی شاعیر بێت. لە کۆتاییدا شاعیر هەردوو جیهانان ئەوەی مردوو تێیدا ئیش دەکەن و ئەوەی زیندوو تێیدا ڕەنج دەکێشن بەراورد دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر دوا ئەنجامی لێ دەربکات:

من نەزەرکر هو بتەفەکور ئەو چ حال بوو مونعەکس؟
من ب ئیلهامێ وە زانی هێژ نەکر ساخا کەزاخ
لەو ڕەزێ مریا تری دا ژێ بڕی بوون دەحل و دڕ
ساخ لسەر ئاخێ نقستن سووت لوان پشت و کماخ[1]

## نۆیەم: ئایرۆنی جیهانی Cosmic Irony

ئەم جۆرە ئایرۆنییە وەکو ((چەمکێك لەلایەن "کارل سۆلجەر Karl Solger "ەوە لێکدراوەتەوەو لەو باوەڕەدا بوو کە ئایرۆنی ڕاستەقینە لەو کاتەدا دەست پێ دەکات کە لە قەدەری دەڕوانین ، بۆیە بە ئایرۆنی گشتی یان ئایرۆنی گەردوونی یانیش ئایرۆنی فەلسەفی ناودەنرێت))[2]. کاتێ ئایرۆنی بۆ مەبەستێکی چاکسازی یان پێوانەیی بەکاردێت ((قوربانییەکە بە شێوەیەکی وا دەخرێتەڕوو کە کردەوەکەی ئاشکرا بکرێت و خۆیشی لە ناوببرێت. ئەم کریارەش ئەوە دەگەیەنێت کە کابرایەکە هەڵەی کردووە و ئەوانەی هەڵەکەیان دۆزیوەتەوە یانیش لەبەرچاویان خراوەتەڕوو ڕاستن، یانیش هەر هیچ نەبێت دڵنیان کە لەو هێرشە پارێزراون))[3]. ئەمە لایەنە ئاساییەکەی ئایرۆنییە و لەوانەیە نەچێتە نێو ئایرۆنی جیهانییەوە و وەکو

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٧، دێڕ٤-٥.

[2] J.A.Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, P.337, Par.2.

[3] D.C.Meucke, Irony, P.67. Par.1.

جۆرێکی دیکـەی ئـایرۆنی مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێت. ئەگـەر ئـەم ئایرۆنییـە گـشتییە تـەنیا بـەو قوربانییـەوە تایبـەت نـەبوو کـە سـنووری دابونـەریتی کۆمەڵگەکـەی بەزانـدووە و چـووەتە نێـو بازنەیـەکی فـراوانتر و خـەڵکێکی دیکەشی گرتـەوە، ئـەوە دەکەوێتـە نێـو ((ئـایرۆنی "میتـافیزیکی" گـشتیداو خاوەنی ئایرۆنی هـەموو ڕەگـەزی بەشـەرییەت وەکـو قوربانییـەکی ئـایرۆنیی سەیردەکات کە ئەم ئایرۆنییە گشتییە هەموو ژیانی مرۆڤایەتیی لە نێو خۆیدا پێچاوەتەوە))[1]، کەواتە ئەم جۆرە ئایرۆنییە لەو ((بەرهەمە ئەدەبیانە بەکار ئەبرێ کە تیایاندا چارەنووس یان ڕەوتی جیهان بە شێوەیەك ئەنوێندرێتەوە کە ئەڵێی بە ئەنقەست هەندێ ڕووداوی کێشەسازکەر ئـەخۆلقێنێ و پاڵـەوانی سەرەکی بەرهەمەکـە بـەرەو لای هەنـدێ هیـواو خـەونی درۆیـین ئـەبات))[2]. ئـایرۆنی جیهـانی ((کەرسـتەیەکی پێکهاتەییـەو تۆمـاس هـاردی*لـە ڕۆمـانی "تێس ی دوربیرڤیل" لە سـاڵی "١٨٩١"دا بـەکاری هێنـاوە، کـە تێیـدا کـچە پاڵەوانەکە "تێس" گیانە چاکەکارییەکەی لەدەسـتداوە بـە هـۆی بـێ تـاوانی خۆیـەوە، دواتـر خۆشـییەکەی خـۆی لەدەسـت دەدات بـە هـۆی ڕاسـتگۆیی خۆیەوە، لە کۆتاییدا تەنیا لەڕێگەی کوشتنەوە بەختەوەری دەدۆزێتەوەو بۆ ماوەیەکی کورت بەختەوەر دەبێت، کە لە سێدارە دەدرێـت))[3]. ئـەم جـۆرە ئایرۆنییە نزیکە لە ئایرۆنی چارەنووس و زۆرجاریش تێکەڵاوی یەکتر دەبـن و هەمان مەبەست دەپێکن، بەڵام لە چەند خاڵێکی سـەرەکیدا لـە یەکـدی جیـا دەبنەوە، گرنگترینیان ئەوەیە کە لە ئـایرۆنی جیهانیـدا مـرۆڤ دەکەوێتـە ژێـر

---

[1] D.C.Meucke, Irony, P.67, Par.2.

[2] بەختیار سەجادی و محەمـەدی مـەحموودی، فەرهـەنگی شـیکارانەی زاراوەی ئـەدەبی، سەرچـاوەی پێشوو، ل١٤٢، پ٣.

* لەبەر بـە ناوبـانگ دەرکردنـی کـارە ئەدەبییـەکانی تۆمـاس هـاردی و پێوەنـدییان بـە ئـایرۆنی جیهانییەوە، زۆرجار ئەم جۆرە ئایرۆنییە بە(ئایرۆنی هاردی) یش ناودەبرێت. (هەروەکو لە کۆتایی ئەم باسەدا شیکراوەتەوە).

[3] M.H.Abrams, A Glossary of Literary Terms, P.137, Par.2.

کۆنترۆڵی هێزێکی میتافیزیکی و هیچ تروسکەیەکی ڕزگاربوون بەدی ناکات. بە پێچەوانەوە لە ئایرۆنی چارەنووسدا مرۆڤ شت لەدەست دەدات و دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزێکی ڕادەبەدەر لە توانای خۆی، بەڵام لە وەختێکدا شتەکان بەدەست دێنێت کە کەڵکیان نەمابێت، کەواتە کاتی دەستنیشانکراو مەرجی سەرەکییە لە ئایرۆنی چارەنووسدا، بەڵام لە ئایرۆنی جیهانیدا ئەم مەرجە ڕەچاو ناکرێت. ئایرۆنی گشتی ڕووبەرێکی فراوان لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا دەگرێتەوە و وەکو ئامرازێکی ناڕازیبوون یان ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر هێزە لەڕادەبەدەرەکانی سەرەوەی توانای مرۆڤ بەکاردێنن. لەوانەیە هۆی ئەم دەربڕینەش لەبەر بارودۆخە سەختەکە بێت کە کورد تێی کەوتووەو بەناچارییەوە ملکەچی دەبێت (ئەم بارودۆخەش لە باسی سێیەمی ئەم بەشەدا ڕوون کراوەتەوە). بۆ نموونە (ئەحمەدێ نالبەند) خۆ بە هیچ کات و زەمانێکەوە نابەستێتەوە و حاڵەتە پێچەوانە و هاودژەکانیش ڕووبەڕووی فەلەك دەکاتەوەو خوێنەری هۆشیار دەتوانێت مانا نهێنییەکانی لێك بداتەوەو لایەنە ئایرۆنییەکانیشی دەستنیشان بکات:

**ئەی فەلەك سەد ئاه ژبەر تە وەك تە زالم هەنە؟**

**بێ وەفا و عەهدن ئەڤ گەڕهان و دەور و چەرخەنە**

**دەورەکێ کەیفا مە بینی بیست چەرخا عاجزین**

**لەو ژ دەست فێعلا تە عالەم دل کول و نەدبستەنە**

**چەرخەکا تە من سەرێ خۆ ڕاکر و بستەه کەنیم**

**سەد دو سەد چەرخا گریم و هەر مە ترس و لەرزەنە**(1)

لەدوای گلەیی کردن و خستنەڕووی بێ دەسەڵاتی خۆی لە ڕابردوودا، بێ ئومێدی خۆی لە ئێستاو ئایندەشدا ڕادەگەیەنێت:

(1) ئەحمەدێ نالبەند، باغێ کوردا، ب٣، کۆمکرن و تویژاندن: تاها مایی، چ١، چاپخانا خەبات، دهۆك ١٩٩٨، ل٤٦٦، دێش ١-٣.

ما مزانی دیٚ ئەڤیٚ تیریٚ خودیٚ ل چەنگیٚ مه دەت
یان بیٚ ئیٚقبالەك وەكی مـن هندە تەحلــی بۆ هــەنه
دا شـەڤ ورۆژا لدەف بم من چـــو نەخـار و ڤەخــار
چەندی قەهر و ئیٚش و غەم ئیٚكی هەبان هەر هندەنه[١]

**دەیەم: ئایرۆنی چارەنووس Irony of Fate**

ئـایرۆنی چـارەنووس یـان ئـایرۆنی گەمــەی قـەدەر ((دەسـتەواژەیەكە بـۆ پێناسەكردنی ئەو دیدگەیە بەكاردێت كـە تیایـدا چـارەنووس، قـەدەر، خـودا لـەدوای لادانێـك یـان چـێژوەرگرتنێك دەگـەڕێت، كـە مرۆڤـان وەكـو بووكـە شووشـەیەك بـەكار بێنێـت و پلانـەكانیان پوچـەڵ بكـات))[٢]. لـەم جـۆرە ئایرۆنییەدا خاوەنەكەی لەو وەختـەدا لێبـوردن و شـتە ونبووەكـان بەدەسـت دێنێت كـە بوونیـان نییـەو بـیٚ كـەڵك ماونەتـەوە. كـورد دەڵێـت: ((زەلامـەك هەبوو، دەما نانیٚ وی هەبوو، ڕەویٚ وی تونە بوو، دەما ناڤیٚ وی هەبوو، نان تو نەبوو، دەما هەردوو هەبوون، ئەو نە ل مال بوو ))[٣].

لێـرەدا چـارەنووس بـە شـێوەیەك دەردەكـەوێت كـە گاڵتەیـەكی دڵڕەقانـە لەگــەڵ هیــوا و خەونــەكانی مرۆڤــدا دەكــات. سەرچــاوە و كاریگــەری لــە ڕووبەرێكی فراواندا دەسووڕێتەوە، بۆیە بە ئایرۆنی مێـژوویی یـان قـەدەری و هەندێك جاریش ئایرۆنی شوێنی پیٚ دەگوترێت. بۆ نموونە لە كورتە چـیرۆكی بەناوبانگی (ئۆ. هینری) بە نـاوی (دیـاری مـەگان) یـان (دیـاریفرۆش)دا ژن و

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٤٦٨، دێڕ ٢-٣.

[2] Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary Terms, P.114, Par.2.

[٣] قەناتی كوردۆ (كوردۆییێڤ)، كۆمەلە تێكستی فۆلكلۆری كوردیی، هێنانە سەر ڕێنووسی كـوردی و ساغ كردنەوەو وشە لێكدانەوە: شوكور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد، چاپخانەی كـۆڕی زانیـاری كورد، بەغدا ١٩٧٦، ل٢٣٦. پەن٢٦٦.

مێردێـك یـەكتریان زۆر خـۆش دەوێـت، بـاری ئابوورییـان بـاش نییـەو زۆر دەستكورتن و دەیانەوێ لـە جـەژنی لەدایكبوونـدا دیـاری بـۆ یەكـدی بكـڕن. پیاوەكە تەنیا سەعاتێكی بێ سێری بە میرات بۆ ماوەتەوە، چوو فرۆشتی بۆ ئەوەی چەند شانەیەكی جوان بۆ خێزانی بكڕێت، چونكە قژەكـەی زۆر جـوان بوو. ژنەكەش هیـچی لـە دەسـتدا نـەبوو، قـژە جوانەكـەی بـڕی و بردیـە لای بارۆكفرۆشێك بۆ ئەوەی بتوانێت سێرێكی سەعات بۆ مێردە خۆشەویستەكەی بكڕێت . هەردووكیان ئاگایان لە یـەكتر نـەبوو، لـە كـاتی پێـشكەشكردندا نـە سێرەكەی ژنەكە بە كەڵك هات و نە شانەكانی پیاوەكـە[1]. لـە شـیعری نـوێی كوردیشدا نموونەی ئایرۆنی چارەنووس زۆرن لەوانە (قانع) دەڵێت:

**فرسـەتم نادا زەمانە دادی بـەدبەختی بـــدەم**

**پڕ بە دڵ جارێ فوغان و شـین و گریانم نەكـــرد**

**عالەمی جاهل ئەسیری مفتە خۆری مل قەوین**

**ئافەرین بۆ خۆم بە ئەمری مامە ڕیش پانم نەكرد[2]**

شاعیر دوو جۆری پیشە دەستنیشان دەكات، هەر جارێ نیـازی یـەكێكیانی كردووە. لە ئەنجامدا هیچی بە هیچ نەكردووە، لـە نێـوان حـەزی ئیـشكردن و دووركەوتنەوە لـە گۆنـاح و تـاوان دەسـتەوئەژنۆ ماوەتـەوەو هـەردوو لایـەنی لەدەستداوە:

**مودەتێ بیرم وەها بوو، بۆ مەعیشــەت بێمە هـــەوڵ**

**ئاخری نامووس نەیهێشت، ئیشی شێخانم نەكرد**

**تا قیامەت حەسرەتە، بۆ عومری پووچ و بێ سەمەر**

**جارێ وەك هاومـاڵەكانم ســەیری لوبنانم نەكــرد**

---

[1] بڕوانە: لۆرانس پیرین، شیعر چییە؟، و: ئەبوبەكر خۆشناو، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، ب.ش ٢٠٠٨، ل٦٩، پ٢.

[2] دیوانی قانع ، كۆكردنەوەی: بورهان قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤، دێڕ١-٢.

**کاری دنیام بۆ نەهات و دینیشم بەردا لە دەست**

**خزمەتی دینم نەبینی و ئیشی نیشتمانم نەکرد**(1)

ئەم بۆچوونەی شاعیر ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆیە ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات، کە لەو کات و ساتانەدا ئەو هەموو کار و کریار و ڕەنج و خەبات پێویست بوون و دین و دنیا پێ ئاوەدان دەبوون، بەڵام هەر ئیشێك لە وەختی خۆی و هەر کەسێك بۆ شوێنی شایستەی ئەو نەبوو، بۆیە لە ئەنجامدا قەدەر گاڵتەی پێ کردن و بوونەتە پەندی زەمانە.

## یانزەیەم: ئایرۆنی لەوچوون

ئەم جۆرە ئایرۆنییە لە ئەدەبی گەلانی ڕۆژاوادا زیاتر لەنێو شانۆنامە و ڕۆماندا بەکاردێت وەکو (ئوپرای سواڵکەر)ی (جۆن گی) کە لە ساڵی (١٧٢٨)دا دەرچووبوو، و ڕۆمانی (باخچەی ئاژەڵان)ی (جورج ئۆرویل) کە لە ساڵی (١٩٤٥)دا دەرچووبوو(2). نووسەر کۆمەڵە ڕووداوێك ڕێك دەخات و گفتوگۆی کارەکتەرەکانیشی لەسەر زاری ئاژەڵان یان خەڵکێکی ئاسایی بابەتێکی جدی دەگێڕێتەوە کە خوێنەر دەزانێت مەبەستی چینێکی باڵای کۆمەڵە یانیش ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە یان هەر گرووپێکی دیکەی خاوەن دەسەڵات و بڕیار بەدەستە. بۆ نموونە مەبەستی جورج ئۆرویل لە باخچەی ئاژەڵان شۆڕشی ڕووسیا بوو، و هەروەکو لە درووشمی باخچەکەوە دیارە کە دەڵێت (هەموو ئاژەڵان یەکسانن، بەڵام هەندێك لە هەندێکیان پتر یەکسانن) و گەورەی باخچەکەیش کە ناوی (ناپلیۆن)ە ڕۆڵی (ستالین) دەنوێنێت. نووسەر لەم بەرهەمەدا ((نیگەرانی خۆی بەرامبەر

---

1 هەمان سەرچاوە ، ل١٠٤، دێڕ، ٣-٥.

2 د. سی. میویك، المفارقة وصفاتها، مصدر سابق، ص٢٥٩، ف٢.

پاشەڕۆژی ئازادییەکانی تاکی کۆمەڵ دەردەبڕێت و کۆمەڵگای ژێر ڕکێفی تاکڕەوی ڕەت دەکاتەوە))[1]. لە شیعری نوێی کوردیشدا ئەم جۆرە نموونانە هەن کە شاعیران بۆ مەبەستە سیاسی و کۆمەلأیەتییەکان بەکاریان هێناوە. (جەگەرخوین) لە شیعری (سەرخوەڕابوونا مریشکان)دا باسی کەڵەبابێکی شارەزا دەکات، کە چۆن مریشك و کەڵەبابەکانی مەملەکەتی خەرزا هان دەدات کە دژی زۆڵم ڕاپەڕن و هەموو پێکەوە ژیانێکی ئازاد و سەرفراز پێك بێنن:

ل وەلاتێ مە خەرزا،
دیکەك هەبوو شارەزا.
ڕۆکێ ئەو چوو ناڤ دیکا،
ژ وان رە گـۆ هێدیکا:
ڕابن بێژن مریشکان،
بەس خوە بدن ئەنیشکان.
دیك و مریشك بوونە کۆم
بەرێ خوە دانە جەم بووم[2]

ڕاپەڕینەکە سەرکەوت، بەڵام بەردەوامبوونی ئەوەندەی نەخایاند، چونکە نەیانتوانی ڕابەرێك دابنێن و لەگەڵ یەکتردا تەبابن، بە تایبەتی کە دەستی بێگانە لە بووم و باز و مەل و تەیرەکانی دیکە کەوتە ناویان. نەیاران نەتەبایی و پەرتەوازەی مریشکان بە هەل دەزانن و هێرشیان بۆ دێنن و ئەوانیش بێ سەرپەرشت و ڕێبەرن و ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و

[1] جورج أوريل، مزرعة الحيوان، ط٣، دار و مكتبة الهلال، بيروت ١٩٩٢، ص٥، ف١.
[2] جەگەرخوین، ئاگر و پرووسك، چ٤، چاپخانەی بەردان، ستەنبۆل٣ ٢٠٠، ل٨٤، دێش١-٤./ چاپی یەکەمی ئەم دیوانە لە شام١٩٤٥ و لە بلاۆکراوەکانی گۆڤاری هاوار بووە. و چاپی دووەم ئەپسالا ١٩٧١، و چاپی سێیەم ستەنبۆل ١٩٩٢و لە بلاۆکراوەکانی (دەنگ) بووە.

ڕاپەڕینەکـەیان شکـست دەخـوات و جـارێکی دیکـە بـە دیـل و ئێخـسیری دەگەڕێنەوە بۆ نێو گوندەکە.

هەروەها چیرۆکە شیعرییە لاساییەکەی (سەلام )ی شاعیر (ئافاتی ـ تاعوون ـ لە ناو حەیواناتا) کە بەدەستکارییەکی زۆرەوە لە عەرەبییـەوە کردوویـەتی بە کوردی، جۆرێکە لەم ئایرۆنییە و لـە پێـشەکییەکەیدا مەبەسـت لـە دانـانی باس دەکات:

لەم چیرۆکەدا بۆت دەرئەکەوێ
کە خاوەنی هێز هەر سەرئەکەوێ
بێ هێز دایم بەشی خوراوە
قانوون بۆ زەعیف دروست کراوە[1]

هـەروەها چـیرۆکە شـیعری (کـۆتر و ڕاوچـی)[2] ی قـانع، (بـەیتی مـشك و پشیلە)[3]ی پیرەمێردو... نموونەی بەرزن لە ئایرۆنی لەوچوون.

لە پۆلێن کردنی ئایرۆنی بۆ چەند جۆرێك کە دەتوانرێت لەژێر چـەتری هـەر یەکێکیاندا بەرهەمی چەندین نووسەرـ شاعیر لێـك بدرێتـەوە. جـاری وا هەیـە پۆلێن کردنێکی وردتریش دەکرێت، کـە ئـایرۆنی بـە پێـی شـێوازی بەرهـەمی هـەر نووسەرـ شـاعیرێك پـۆلێن بکرێـت، وەکـو (( ئـایرۆنی ئاریۆسـتۆیی کـە

---

[1] دیوانی سەلام، چ٢، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا ١٩٩٠، ل٢٣٥، دێش٤-٥. / ئەم چیرۆکە لاساییە لە ساڵی خوێندنی ١٩٣٧-١٩٣٨ لە سلێمانی لـە لایـەن کۆمـەڵێك لـە قوتابیـانی قوتابخانـەی (فیصلیة) یەوە و لەژێر چاودێری مامۆستا (فوئاد ڕەشید بەکر) تەمسیل کراوە (هەمان سەرچاوە) بەر١ ل٢٣٧.

[2] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٢-٤٩٤.

[3] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بـە ژیـان و بەرهەمـەکانی، بـر٢، چ١، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠١، ل٢٨-٢٩.

گوزارش لە بەرهەمەکانی "ئاریۆستۆ لۆدویکۆ١٤٧٤-١٥٣٣" دەکات، ئایرۆنی مۆلییری کە گوزارش لە ئەزموونی "مۆلییر١٦٢٢-١٦٧٣" دەکات، ئایرۆنی هاردی کە گوزارش لە ئەزموونی " تۆماس هاردی ١٨٤٠-١٩٢٨" دەکات، ئایرۆنی چوسەری کە گوزارش لە ئەزموونی "گ. چوسەر ١٣٤٠-١٤٠٠" دەکات))[1]. لەم سۆنگەیەوە ئەگەر بە وردی بەرهەمەکانی نووسەرو شاعیرانی کوردیش شی بکرێنەوەو لە ڕووی هونەری ئایرۆنییەوە لێک بدرێنەوە. ئەوە دەکرێت جۆرەکانی ئایرۆنی تایبەت بە نووسەرو شاعیرانی کوردیش دەستنیشان بکرێن.

لەبارەی ئاستی ئایرۆنیشەوە، لە ئەدەبدا بە گشتی و لە شیعردا، بە تایبەتی ئەوە بە پێی چڕی و ئالۆزی ڕەگەزەکانی ئایرۆنی و تێکچڕانی چەند جۆرێک لە یەک دەقدا، کێرڤی هێز و بێ هێزییەکەی دەستنیشان دەکرێت، کەواتە ((بە هۆی جۆری بەکارهێنانیان دەتوانن بە شێوازگەلی بەهێز یان لاواز لە قەلەم بدرێن، ئەوان لە خراپترین شێوەیاندا دەتوانن ببنە زێدەبار و ئاکاری زەینی و لە باشترین شێوەشیاندا، دەتوانن دوورایەکانی مانا لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا، زۆر فراوان بکەن))[2]. بۆ نموونە: لە خێزانێکی هەژاردا ژن و مێردێك دەیانەوێت باری ژیانیان خۆشتر بکەن. ژنەکە - بە بێ ئەوەی مێردەکەی هەست پێ بکات - پێوەندییەکی ناڕەوا لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەند دەبەستێت و کە خۆشەویستییەکەیان دەگاتە قۆناغی پێکەوەنانی خێزانی ، داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی دەکات. ئەمە ئایرۆنییە و لە ئاستێکی سەرەتاییدایە. بەڵام ئەگەر لە هەمان ڕووداوداو بۆ هەمان مەبەست مێردەکەش پێوەندی لەگەڵ ژنێکی دەوڵەمەند ببەستێت، ئەوە ئایرۆنییەکە

[1] د. خالد سليمان، المفارقة والأدب ـ دراسات في النظرية و التطبيق، مصدر سابق، ص٤٩، ف٤.
[2] لۆرانس پیرین، شیعر چییە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠، پ١.

لە ئاستێکی باڵاتر دەبێت... و ئەگەر هەردووکیان ( بەڕێکەوت شاهییان لە هەمان ڕۆژو شوێن بوو) ئەوە ئایرۆنییەکە لە ئاستێکی هێشتا باڵاترە.

بە گشتی ئایرۆنی جەخت لەسەر ستاتیك و ئاکار دەکات، بەها باڵاکان و بۆچوونە لۆژیکییەکانیش پەسەند دەکات، کە وەرگری زیرەك دەتوانێت سەرپشك بێت و ئەو هەموو لایەنانە لەناو مانا شاراوەکاندا بدۆزێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەش هەوڵدان و گەڕانێکە لە نێو قۆناغێکی هەرە گرنگی شیعری نوێی کوردیدا کە لە ڕێگەی ئایرۆنییەوە لایەنەکانی ستاتیکی و ئاکاریی بەها باڵاکانی بدۆزێتەوە.

## بەشی دووەم

# بوارەكانی ڕەخنەی ئایرۆنی
# لە شیعری نوێی كوردیدا

### باسی یەكەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری هزردا

تەوەرەی یەكەم: هۆكارەكانی دروستبوونی ڕەخنەی ئایرۆنی

تەوەرەی دووەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لە بواری سیاسەتدا

تەوەری سێیەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لە زەمان

تەوەری چوارەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لە (بوون)

### باسی دووەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری كۆمەڵایەتیدا

یەكەم : لە بواری جیاوازی چینایەتیدا

دووەم : لە بواری گەندەڵی سیستەمی كۆمەڵایەتیدا

سێیەم: لە بواری كێشەكانی ئافرەتدا

چوارەم: لەبواری پشتگوێ خستنی مافی منداڵدا

پێنجەم: لە بواری هەندێك نەخۆشییە كۆمەڵایەتییەكاندا

### باسی سێیەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری ڕەوشت و خەوشە دەروونییەكاندا

تەوەری یەكەم: لە بواری ڕەوشتی شێخ و كۆلكە مەلایان

تەوەری دووەم: لە بواری ڕەفتاری قەرزداران

تەوەری سێیەم: لە بواری هەندێك خەوشە دەروونی و ڕەوشتییەكاندا

### لێكدانەوەی بوارەكانی ڕەخنەی ئایرۆنی

## باسی یەکەم
# ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری هزردا

ڕەخنەی ئایرۆنی پانتاییێکی بەرفراوان لەڕووبەری شیعری نوێی کوردی دەگرێتەوە، بە تایبەتی لە سالآنی نێوان(١٩٢٥-١٩٧٠) کە لە ڕووی بەکارهێنانەوە ببووە دیاردەیەك و لە لایەن زۆرینەی شاعیرانی کوردەوە پەیڕەو دەکرا، بە تایبەتی ئەوانەی جەختیان لەسەر ڕەگەزی (بیر) دەکردەوە و لە پێشەوەی ڕەگەزەکانی دیکەیان دادەنا، بۆیە لە ڕووی هزرییەوە پێوەرێکی ڕاستەقینە بوو بۆ ڕادەی هۆشیاری تاکی کورد کە خۆی لە کەسێتی شاعیرەکاندا دەبینییەوە، ئەوانەی هەڵوێستیان بەرانبەر ڕووداوە چارەنووسسازەکان وەردەگرت . لە لاییێکەوە ڕووبەڕووی پیلانگێڕی ناحەزانی کورد و چاوسوورکردنەوەی داگیرکەران دەهاتن و لە لاییێکی دیکەوە هەموو تواناکانیان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان تەرخان دەکردو بەوردی پەنجەی چارەسەرییان لەسەر خاڵە لاوازەکانی گەل دادەناو دەیانکردە ناوەڕۆکی بابەتی شیعرەکانیان. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بە پێویست زانرا لە چەند تەوەرێکدا، لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم جۆرە ڕەخنەیە بکۆڵرێتەوەو بوارەکانیشی لەڕووی سیاسی و زەمان و بوون بخرێنەڕوو:

### تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی دروستبوونی ڕەخنەی ئایرۆنی

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بابەتەکانی شیعری نوێی کوردی پتر لە دەوری دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دواکەوتنی گەل و دۆزینەوەی بنەماکانی ڕێچکەی ڕزگارکردنی ولآت دەسووڕانەوە، زۆربەی شاعیرانیش هەوڵیان دەدا پەیامە ڕاستەقینەکەیان لە ناوەڕۆکێکی تۆکمە و ئاساندا بە

وەرگر بگەیەنن، بە پێی ئاستی جەماوەر زمانی دەربڕینیان لە نێو وێنەی شیعری ڕوون و هونەرە ڕەوانبێژییەکانی سادەدا ڕێك بخەن. ئەم هەولآنە ڕۆژ بە ڕۆژ خەستتر دەبوون و بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئامانجدار دەچوون.

هاولآتیانیش پێویستیان بە دەنگێکی بەرز و ڕاستەقینە بوو، بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ئەو بارودۆخەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەگەر ڕووداوە پڕ مەینەتییەکانی ساڵی (١٩٢٥)، کە هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتبووەوە، بەپێی بنەما سیاسییەکانی ئەو سەردەمە شیبکرێنەوە، ئەوە لە ئەنجامدا واقیعێکی ئابووری ـ کۆمەلآیەتی ـ سیاسی دوو جەمسەری دروست کردبوو:

ئا- یەکەمیان، جەمسەری دەسەلآت بوو، کە شادەماری ئابووری ولآتی بەدەستەوە بوو، زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەت خەڵکی دەرەوەی کوردستان بوون. لە ڕووی سیاسیشەوە بە ڕێگەی فەرمانڕەواییێکی لەشکرییەوە ناوچەکە بەڕێوەدەبرا، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو دەسەلآتە لە خەڵکەوە نامۆ بوو.

ب- دووەمیان، جەمسەری خەڵك بوو، کە لە ڕووی ئابوورییەوە لە ژێر هێڵی هەژاریدا بوو، لە ڕووی کۆمەلآیەتییەوە پەرەی نەسەندبوو لە ڕووی سیاسیشەوە وەکو دیل سەیردەکرا، بۆیە ویستێکی پەراوێزکراوی هەبوو.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە، کە لە نێوان هەردوو جەمسەردا هاوکێشەیەکی لەرزۆك دروست بووبوو، ڕاگرتنی هاوسەنگییەکەیشی کارێکی ئاسان نەبوو، مێشکی شاعیرانی کوردی ماندوو کردبوو. لە ئەنجامدا دوو حاڵەتی نوێ سەریان هەڵدا:

ئا- حاڵەتی یەکەم، شاعیرانی کورد کەوتبوونە نێو دڵەڕاوکێیەکی هزری و بە زمانێکی ناجێگیرەوە هەست و سۆزیان دەردەبڕی، کە زیاتر بەرەو لایەنی ڕەخنەگرتنەوە دەشکایەوە.

ب- حاڵەتی دووەم، ئەوە بوو کە پانتاییێکی پڕ لە جیاوازییەکان دروست ببوو، بوارێکی گونجاو بۆ گەشەکردنی هەموو بۆچوونە ئایرۆنییەکانی ژیان ڕەخسابوو، لەوانە ئایرۆنی ئەدەبی.

هەموو هۆکارەکانی پەیدابوون و پەرەسەندنی نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، لە دەوری ئەم دووخاڵەی سەرەوەدا دەخولانەوە، کە یەکەمیان لایەنی ڕەخنەگرتن بووو ناوەرۆکی شیعری دەگرتەوە. دووەمیان خستنەڕووی جیاوازییەکان بوو، کە ئەویش تایبەت بوو بە شێوەی دەق. لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی هەردوو لایەندا ڕێبازێکی شیعری ڕەخنەیی ئایرۆنی ئامێز هاتەکایەوە. لەو سەردەمەدا و تا هەڵکشانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی پەیڕەکەرانی ئەم ڕێبازە زۆرتر دەبوو، تەنانەت هەندێك جار نە تەنیا هاوسەنگی لە نێوان ناوەرۆك و ڕووخساردا دەپاراست، بەڵکو جوانی ڕووخسار دەبووە قوربانی مانای ناوەرۆك و شاعیرانی کورد تا ڕادەیەکی دەستیان لە ئامانجی ڕاستەقینەی شیعریان بەردابووو کردبوویانە ئامرازی جێبەجێکردنی ئامانجێکی سیاسی - کۆمەلآیەتی و هۆی ئەم وەرچەرخانەش بۆ کاریگەری دوو لایەنی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١- **لایەنی خۆیەتی**،کە توانای هزری و دەربڕینی شێوازی شاعیر دەگرێتەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕادەی تێگەیشتنی لە چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕووداوە سیاسی و دیاردە کۆمەلآیەتییەکاندا دیاردەخات، ئەمانەش پەیوەستن بە لایەنی ژیری و دەروونی شاعیرەوە، لەوانە:

ئا- کاتێك شاعیر خۆی لەئاستێکی بەرزتر لەخەڵکی دیکە دەبینێتەوە، هەست بەسەرکەوتن و بەختەوەرییەك دەکات و بەزەردەخەنە و پێکەنینەوە باس لە نەگبەتی و نەزانینیان دەکات ، بەلآم ئەگەر مەبەست لەم باسکردنە چاکسازی و هۆشیارکردنەوەی خەڵك بێت، ئەوە لە هونەری ئایرۆنی نزیك

دەبێتەوەو خۆی وەکو ڕێپێشاندەرێکی جەماوەری دادەنێت، چاوڕوونییان بۆ دەکات.

ب ـ هەندێك جار شاعیر هەست بە ئازارێکی دەروونی دەکات، لەوانەیە ئەو ئازارەش لە ئەنجامی ناهاوسەنگی لەنێوان ئارەزووەکانی ئەوو پێداویستییەکانی کۆمەڵدا دروست بوو بێت ، کاتێك دەگاتە حاڵەتێکی هەست بزواندن و وورووژاندنی سۆزەکان ، تەقینەوەی بەهرەی دەربڕین دەست پێ دەکات و شاعیر ناچار دەبێت خۆ لە دواندنی ڕاستەوخۆ دوور بخات و پەنا بۆ شێوازی ئایرۆنی دەبات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەو ناحەقی قەبووڵ ناکات و خۆی بەدەستەوە نادات .

پ ـ هەندێك لەشاعیرو نووسەران، بە سروشتی خۆیانەوە کەسایەتییەکی کراوە و بەهرەیەکی خۆش مەعشەر و گاڵتەجاڕییان هەیە، شێوازی پێکەنین و تەوس ئامێز وەکو ئامرازێکی دەربڕین بەکاردێنن .... ئەمەش گرنگترین و کاریگەرترین هۆکاری دروستبوونی هونەری ئایرۆنییە لای شاعیران، ئەگەر هەر شاعیرێك ئەم تواناو بەهرەیەی نەبێت ، ئەوە هەموو هۆکارەکانی دیکە ئەنجامیان ئەوەندە کاریگەر نابێت.

**٢: لایەنی بابەتی**، ئەم لایەنە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەگرێتەوەو هەر یەکێکیان کاریگەری خۆی هەبووە، کە دەتوانین لەم چەند خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

**ئا- هۆکارە ناوخۆییەکان**، کە کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتی دروستبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیەو ڕاستەوخۆ کاریان لە شاعیران کردووە و ڕەنگیان لە نێو ناوەڕۆکی شیعرەکانیان داوەتەوە، لەوانە:

ــ شاعیر کە هەندێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت ، ئەوانەی شایستەی ڕێزگرتن نین ، بۆیە پەنا دەباتە بەر هونەری ئایرۆنی و لە ڕێگەی گاڵتە پێکردنەوە باس لەو جۆرە دیاردانە دەکات ، بەڵام مەبەستەکەی

خستنەڕووی ئەو ((واقیعە ڕاستەقینەیە کە بە دروستی هەیە، نەکو ئەوەی دیارەو دەبینرێت))[1].

ـ بە پێچەوانەی حاڵەتی سەرەوە، ئەگەر شاعیر هەست بە کەموکوڕی خۆی یان پاشکەوتنی گەلەکەی بکات و نەتوانێت بگاتە ئاستی کەسانی بە ڕواڵەت لەخۆپێشترو زیرەکتر، یانیش گەلەکەی توانای خۆڕزگارکردنی نەبێت ... ئەوە پەنا بۆ هونەری ئایرۆنی دەبات ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بسەلمێنێت کە بیروبۆچوونەکانی ئەویش پەسەندن ، یان گەلەکەشی شایستەی ژیانێکی باشترو سەربەخۆیە، چونکە خۆی هێزی بەرەنگاربوونەوەی تێدایەو گەلەکەیشی باوەڕی بە پاشەڕۆژ هەیە.

**ب- هۆکارە دەرەکییەکان**، جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە کەسێتی شاعیر و کۆمەڵی کوردەوە هەبوو، بارودۆخی نێونەتەوەیی و هەرێمیش پاڵنەرێکی دیکەی کاریگەر بوو، کە شاعیرانی کورد لە دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی لۆزان[2] بە تەواوەتی بێ ئومێد بوون لەوەی کە گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەرژەوەندی میللەتی کورددا دەبن. کێشەی کورد لە (سەردەمی سیڤەر)* ((دروشمی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی هەبوو، بەڵام لەدوای پەیمانی لۆزان بووەتە بەشێك لە کێشەی مووسڵ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کێشەکە لە

---

[1] Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary Terms, P.113, Par.3.

[2] پەیمانی لۆزان لە (٢٤) ی تەمموزی ساڵی ( ١٩٢٣) لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا بەسترا. بەندی (٣٨) و (٣٩) تایبەت بوون بە مەسەلەی کوردەوە./ بڕوانە: (د. فاضل حسین، مشكلة الموصل – دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية وفي الرأي العام، مصدر سابق، ص٣٨-٣٩).

* زاراوەیەکی سیاسیە گوزارشت لەو ماوەیە دەکات کە پەیمانی سیڤەر لە (١٠-٨-١٩٢٠) مۆرکراو لە بەندەکانی (٦٢،٦٣،٦٤ )چارەنووسی کورد تێدا دیارکرا بوو تا مۆرکردنی پەیمانی لۆزان لە (٢٤-٧-١٩٢٣) کە مافی کورد پەراوێزکرا.

چوارچێوەیەکی نێونەتەوەییەوە دەرهات و بەرەو چەند کێشەیەکی ناوخۆیی و لە چەند دەوڵـەتێکی تـازە پێگەیـشتووی ناوچـەکە چـوو))[1]. وڵات بـەپێی ڕەزامەنـدی نێودەوڵـەتی دابەشـکرا[2]، هـەمان زۆرداری سـەردەمی دەوڵـەتی عوسمانی دووبارە بـووەوە[3]. هـەوڵی خنکانـدنی هـەر دەنگێکـی ئـازادیخواز دەدرا، تەنانەت گەفو گۆڕیان لە مافە سەرەتاییەکانی خـەڵکی کوردسـتانیش دەکرد[4].

شاعیرانیش بـە پێـی ئاسـتی هـزری و توانـای هونـەری خۆیانـەوە خواسـت و ئاواتەکانی گەلەکەیان دەخستەڕوو، ڕەخنەیان لـە کەموکوڕییـەکان دەگـرت. کاری ڕەخنەگرتنیش لە کەشێکی وا ئـاڵۆزدا پێویـستی بـە چـەندین هونـەری ڕەخنەییەوە هەیە، لەوانە هونەری ئایرۆنی، کـە پێـوەرێکی ڕاسـتەقینەیە لـە نێوان مەبەستی شاعیر و هۆشیاری وەرگردا. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئـەم ئـەم بۆچوونەی سەرەوە بە پێویست زانرا ڕەخنەی ئایرۆنی لە بوارەکانی هـزری و کۆمەلآیەتی و دەروونی بخرێتەڕوو.

## تەوەری دووەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لە بواری سیاسەتدا

سیاســەت هونــەری بــەڕێوەبردن و بەســتنی پێوەندییەکانــەو لــە واتــا تایبەتییەکەشیدا (( بەو هەولآنە دەگۆترێ کە حکوومەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی

---

[1] م. س. لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧-١٩٢٣)، ت: د. عبدي حاجي، ط١، دار الرازي للطبع و النشر و التوزيع، بيروت١٩٩١، ص٢٧٩-٢٨٠.

[2] د. غانم محمد الحفو و د. عبدالفتاح علي البوتاني، الكرد و الاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٥٨، ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل ٢٠٠٥، ص١٤، ف٢.

[3] د. عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية التحررية الكردية ـ دراسات و وثائق، ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل٢٠٠٤، ص٦٨، ف٤.

[4] ئەمین کوردی، هاوارێکی تر بۆ عالەمی بەشەرییەت، ڕ: ژیانەوە ، ژ٣٢ ساڵ١ پێنجشەمە ٢٣ی تەمووز١٩٢٥، ل١.

کاروبـــاری ولآت و دیـــاریکردنی شـــێوه و نـــاوەرۆکی تێکۆشـــانی خۆیـــان دەیگرنەبەر و ئـەم هەولآنـە لـە دوو کـەناڵی نێوخـۆیی و دەرەکیـدا جێبـەجێ دەکرێ))[1]. بابەتەکانی ڕەخنەی ئـایرۆنی لـە شـیعری نـوێی کوردیـشدا، کـە لەبارەی سیاسەتەوە هۆنراونەتەوە، ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە بـە چـاوێکی سووك و گاڵتەجاڕییەوە خاڵە لاوازەکانی حوکمڕانی دەوڵەتیان لەسەر هەردوو ئاسـتی سیاسـەتی نێوخـۆیی و سیاسـەتی دەرەوەیـش هەڵدەسـەنگاند، بـە تایبـەتی ئەوانـەی مـافی گـەلی کوردیـان پـێ شـێل دەکـردو ئـازاری هەسـتی نەتـــەوەییان دەداو کێـــشەی خوێناویـــشیان لێ دەکەوتـــەوە. لـــە زانـــستی سیاسەتیشدا ((هەبوونی توندو تیژی بە بەشێك لە نەخۆشییەکانی سیاسەتی نـاوخۆیی دەوڵـەت دادەنرێـت ))[2]. دەستنیـشانکردنی هـەر نەخۆشـییەکی سیاسیش دەنگێکی یاخی بوونە، کە ئاراستەی سیستەمی حوکمڕانی دەکراو لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیەکی هۆشیارکەرەوە بـووە، کـە خـەڵکی لـە زیـان و ئەدگارەکانی ئەو جۆرە نەخۆشییانە ئاگادار کردۆتەوە.

نەبوونی دادپەروەری لە بەرنامەڕێژی دەسەڵاتی سیاسـیدا، ڕقـی جـەماوەر هەڵدەستێنێت، ڕۆشنبیرانیش هاندەدات کە ڕەخنە لەو بارودۆخە بگرن، بەڵام لەبەر زەبرو زۆری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حوکومڕانی نـەدەکرا ئـەو ڕەخنـە بەجێیانە لە چوارچێوەیەکی میدیایی ڕاستەوخۆدا بـدرکێنرێن، بۆیـە مـافێکی ڕەوای گەل بوو، کە ئۆرگانێکی نهێنی وا بدۆزنەوە کە بتوانێت پـەیامی خـۆی جێبـەجێ بکـات و لـە هـەمان کاتیـشدا خـۆی لـە سانـسۆر و بەدواداچـوون و چاوسوورکردنەوەی دەسەلآت بپارێزێت.

---

[1] زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێر٢٠٠٦، ل٣٩٩، پ٢.

[2] اوستن رني، سياسة الحكم، ج٢، ت: د. حـسن علـي الـذنون، مؤسـسة فـرانكلين للطباعـة و النـشر، بغداد ١٩٦٦، ص٣٠١، ف٣.

شیعر پانتاییێکی لەبار بوو، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستە، بە تایبەتی ئەو شیعرە ئامانجدارانەی کە بە ئاسانی لەگەڵ مێشکی بەرامبەر دەدوان و سۆزیان دەوروژان. لە ڕەخنەی ئایرۆنیدا وەکو کاردانەوەیەکی بەهێز هەندێك حاڵەتی سەلبی و ڕووداوی گەورەی نابەجێ ڕیسوا دەکران، چونکە ((کاتێك شیعر لەم جۆرە کێشانە دەدوێت، دەبێت بە ڕەنگە سۆزدارییەکان ڕەنگ بدات، یان کار بۆ ئەوە بکات کە ئەو ڕاستیانە بە ویژدانی مرۆڤایەتییەوە ببەستێتەوە))[1]، بە مەرجێك کە خۆی بە وردەکارییەکانی مێژووە نەبەستێت و ((شتەکان دەقاودەق نەگوازێتەوە، کە ڕاستەوخۆ خوێنەر بەرەو مەبەستێکی دەستنیشانکراو ببات، بەڵکو هەندێك لە ماناکەی بۆ ئاشکرا بکات و لایەنەکانی دیکەی لێ بشارێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر سۆزی بوروژێت و هەوڵی دۆزینەوەی بدات))[2]. شاعیرانی کوردیش بەپێی هێڵە گشتییەکانی مەعریفی و بەها جێگیرەکانی مرۆڤایەتی، بابەتەکانیان هەڵدەسەنگاندو لە شیکردنەوەو لێکدانەوەکانیاندا چالاك بوون و ڕەخنەیان لە بەرنامەو کارو لایەنە گرنگەکانی سیاسەتی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان دەگرت.

لە سیاسەتی نێوخۆییدا (( حکوومەتەکان بە هۆی گرتنەبەری هەوڵی ڕێکوپێك و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ماددی و مەعنەوی، کاروباری وڵات بەڕێوەدەبەن تا ئەندامانی کۆمەڵگا ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەڕێوەببەن))[3]، بەڵام هەوڵەکانی ئەو حکوومەتانەی ناوچە کورد نشینەکانی بەڕێوەدەبرد ڕێکوپێك نەبوون و پێچەوانەی ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵك بوون و کێشەی گەورە و قەیرانی ئاڵۆزیشیان بۆ دروست دەکرد. ئەم

---

[1] د. محمد مندور، الأدب و فنونه، ط٤، مطبعة نهضة مصر، القاهرة ٢٠٠٦، ص٣٦، ف٢.

[2] د. جابر عصفور، الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب، ط٣، المركز الثقافي العربي، بيروت١٩٩٢، ص٣٢٦.

[3] اهير محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٩، پ٣.

هاودژییەش دەبووە بابەتی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان، کە لەو سەردەمەدا شیعر سەرمەشقی جۆرەکانی بوو. (پیرەمێرد) هەست بەو هاودژییە دەکات و لە نێو وێنە ئایرۆنییەکانیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە نەتەوەی عەرەب دەگرێت. بۆ نموونە، لە ساڵی(١٩٢٥)دا لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان کە لە بەغداوە دێت، لە شیعرێکی ڕۆمانسیدا کە بە ئەندێشەوە گەشتێك بە کوردستاندا دەکات و هەواڵی سەرکەوتنی کورد لە دڵیدا جۆش دەخوات، بەڵام کە لە ڕەفتاری عەرەب ورد دەبێتەوە، دەگاتە ئەو باوەڕە کە ئەوانیش لە تورك و فارس باشتر نین و دوا دێڕەکانی شیعرەکەی بە ڕەخنەیەکی ئایرۆنی تەواوەوە کۆتایی دێنێت:

**وەختی لەوێ هاتمەوە ڕوومکردە دیجلە و بەغدا**

**کەچی خیلافی ئەمەل موشکیلات ئەبوو پەیدا**

**وەکو سەدای بێگانە جۆششی ئاوی دیجلە**

**بە عارەبی بانگی کرد ووتی: لاتجی وەحلە**

**وەختێ چاوم هەڵبڕی لۆزندەرێکی لنگ ڕووت**

**بە یابە ڕووی کردە من و عەتابەی ئەووت**

**تەمای بوو بێتە سەرم، تۆپزی لەدەس ئالآن**

**چاوی کەوت بە خەنجەری کوردی ڕایکرد تێی تەقان**[1]

لەدوا وێنەیدا شاعیر بەراوردێکی ئایرۆنی کۆمیکی لە نێوان تۆپزی عەرەب و خەنجەری کورد دەکات. خوێنەر لە کرۆکی مەبەستی شاعیر تێدەگات، کە تۆپز نیشانەی غەدرو دەستدرێژی کردنەو خاوەنەکەی ئامادەیە بیوەشێنێت. خەنجەریش نیشانەی بەرگری لەخۆکردنەو لە ناو کاڵاندایەو خاوەنەکەی وەستاوەو بەرانبەرەکەی بەنیازە پەلاماری بدات. ئەمە لە لایەکەوە، لە

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر ،سەرچاوەی پێشوو، ل٩١، دێش١-٤.

لاییکی دیکەیشەوە خوێنەر دەتوانێت بەراوردێك لەنێوان هەیبەتی خەنجەری کابرایەکی ئاشتیخواز و گاڵەگاڵی هێرشبەرێکی خاوەن تۆپز بکات. هەروەها دەتوانێت سێ شتی دیکەیش لێك بداتەوە:

ـ خەنجەر لە تۆپز ماقووڵترە، هەروەکو کورد گوتەنی لە (سەفەری دووردا خەنجەر هەڵگرتن سونەتە) بەڵام تۆپز هەمیشە نیشانەی شەڕانگیزییە.

– خەنجەر لە تۆپز بەهێزترە، یەکەمیان بە سەرفرازییەوە خۆی ڕاگرت و دووەمیانیش بە سەرشۆڕییەوە ڕایکرد.

– خەنجەر چەکێکە لەڕووی جوانییەوە تەواوکاری پۆشاك و تەدارەکی پیاو بووە، بەڵام هەڵگرتنی تۆپز لە بەهاو پایەی پیاو کەم دەکات و بەچاوێکی سووك سەیر دەکرێت.

جگە لەوەی کە ئەم بەراوردکردنانەی شاعیر لەڕووی هونەرییەوە ئایرۆنیکێکی بەهێزە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕەخنەگرتنێکە لە ڕەفتاری عەرەب کە دەیەوێت بە زەبری تۆپز کورد بتەپێنێت.

(زێوەر) یش ئەم بۆچوونەی سەرەوە لە هەڵبەستی (ماڵ جوێ کردنەوە)دا بەم شێوەیە دەردەبڕێت:

**یابە فەرزەن تۆ شای سەرزەمینی**
**ڕازیم بە بەشی خۆم و "مسکێنی"**
**(دیجلە و فورات) با هەر بۆ خۆت بێ**
**منیش (کوردستان) شاخی ڕەنگینی**[1]

شاعیر بێ ئومێد دەبێت کە دەوڵەتی عیراقی بتوانێت دادپەروەری سیاسی بەرقەرار بکات، شتێکی ئاسان نییە، بەو شێوەیە، کورد و عەرەب ڕێك بکەون، وا بە باش دەزانێت کە وەکو دوو برا ماڵیان جودا بکەنەوە:

[1] زێوەر، سۆزی نیشتمان (بەشی یەکەم لە دیوانی)، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٥٨، ل٣٥-٣٦.

قەت ڕێك ناكەوێ دەس لە مل یەك كەن
(حەنتووش حلاوی) و ڕەسووڵ (سیرین)ی
من لام باش نییە سواری شانم بی
وا عەرزت ئەكەم هەر بە شرینی
خورمای خۆت، بۆ خۆت میۆژم بۆ خۆم
﴿لكم دينكم و لي ديني﴾[1]

شاعیر لە وێنەیەكی ئایرۆنیدا، پێكەوە ژیانی كوردو عەرەب لە دوو گریمانەدا بەراورد دەكات:

ئا- لە حاڵەتی یەكەمدا: ئەگەر پێكەوە بژین ئەوە عەرەب سواری شانی كورد دەبێت و دەیچەوسێنێتەوە.

ب- لە حاڵەتی دووەمیشدا: ئەگەر جیاببنەوەو وەكو دوو برای هاوسێ پێكەوە بژین و هەر یەكێكیان بە بەشی خۆی ڕازی بێت، ئەوە لە

---

[1] مەحموود زێوەر دەڵێت: شاعیر ئەم شیعرەی ڕووبەڕووی مەلیك فەیسەڵی یەكەم لە شاری سلێمانیدا خوێندۆتەوە. بڕوانە: (دیوانی زێوەر، مەحموود زێوەر كۆی كردووەتەوە و پێشەكی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨، ل١٠١). ناكرێت پشت بەم زانیارییە ببەسترێت، چونكە سەرچاوەی ئەو بۆنە گرنگە دەستنیشان ناكات. سەرەڕای ئەوە كە ئەم شیعرە لەڕووی ناوەرۆكەوە نزیكە لەو بۆچوونانەی كە لەدوای دەرچوونی دەستووری عیراقی دەردەبڕدران. بۆ نموونە لە گوتاری بریكاری باوەڕپێكراوی ئینگلیزی لە عیراق كە لە ڕۆژی (٢٥ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦) و لە ئاهەنگی مۆركردنی (ڕێككەوتننامەی ئینگلیزی ـ عیراق)یدا خوێندرایەوە، تێیدا هاتووە:
( كورد كە عەرەب نییە لەوە زیاتر نییە كە ئۆسكوتلەندییێك ئینگلیز بێت ، ئەگەر بتانەوێت بیكەنە نیشتمانپەروەرێكی ڕاستەقینە نابێت بەو ڕێگەیەوە بێت كە ناچاری بكەن زمانی عەرەبی فێرببێت و دابونەریتی عەرەبی پەیڕەو بكات، بە كورتی نابێت هەوڵ بدەن تەعریبی بكەن، بەڵكو دەبێت هەموو دەرفەتێكی پێ بدەن و هانی بدەن كە كوردێكی ڕاستەقینە بێت...). بڕوانە: (عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، مج١، ط٥، منشورات مطبعة دار الكتب، بيروت١٩٧٨، ص٥٢-٥٦).

بەرژەوەندی هەردوو میللەتدایە. گرنگی ئەم بەراوردکردنە ئایرۆنییە لە دوو لایەنەو دەردەکەوێت:

- گوزارشت لە ڕادەی هۆشیاری شاعیر دەکات، کە پشت بە ئەزموون و ڕووداوەکانی مێژووییەوە دەبەستێت (ئەوانەی لە یەکەم پێوەندی و یەکتر ناسینی کوردو عەرەب لە سەردەمی پەیدابوونی ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە دەستییپێکرد تا سەرهەڵدانی کێشە گەورەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی) کە ساتو وەختێکی گونجاو بوو بۆ دەربڕینی ئەو بۆچوونە یەکلاکەرەوەیە، بە تایبەتی کە شاعیر ئەنجامی ئەو هەموو تێکەڵییە ئابوورییە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو جۆرە یارمەتییە سەربازییەکان لەنێو ئایەتێکی پەندئامێزی قورئانی پیرۆز کۆدەکاتەوەو بە تەکنیکێکی ئایرۆنی، کە قوفڵی قەسیدەیە شیعرەکەی پێ دادەخات.

- جورئەت نواندنێکی دەگمەن بووە، کە یەکێك لە ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە بتوانێت بە ڕاشکاوی ئەم هەڵوێستە وەربگرێت.

لە هەردوو حاڵەتدا (زێوەر) پەیامی خۆی لە ڕووی هونەرییەوە وەکو شاعیر و لە ڕووی هۆشیارییەوە وەکو هاوڵاتی بە گەلەکەی گەیاندووە. (حەنتووش) یش نازناوێك بووە و شاعیرانی کورد بۆ نەتەوەی عەرەبیان بەکاردەهێنا، چونکە لەنێو گەلانی دیکەی موسڵماندا ناوێکی نامۆ بووەو تەنیا عەرەبەکان بۆ ناولێنانی منداڵەکانیان بەکاری دێنن. (سەلام) ی شاعیریش کە لە ساڵی (١٩٣٣) بە ناحەق بۆ بەسرە گواسترابووەوە، لە بێزارییەوە دەڵێت:

**نامەوێ خورما خودایە بۆچی بەسرەم تووش ئەکەی**
**کوێر ببم لام چاکترە تۆ ڕووم لە ڕووی حەنتووش ئەکەی**
**من لە شاخا گەورە بووم و هەر بە سەربەرزی ژیام**
**تازە من فێری دەسیسەو حیلەو کڕنووش ئەکەی**(١)

---

(١) دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوەو پێشەکی: ئومێد کاکەڕەش، چ٢، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا١٩٩٢، ل٧٧، دێش١-٢./ چاپی یەکەمی ئەم دیوانە لە چاپخانەی تەمەدون،=

ئەم ئایرۆنییە کۆزمیکە، بەراوردکردنێکە لە نێوان ژیان بەسەربردن لە دوو شاری جیاوازدا، کە لەڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە خاڵە هاوبەشەکانیان کەمن، لە هەمان کاتیشدا ڕەخنەگرتنێکە لەو هەوڵانەی کە دەیانویست کورد لە نێو گەلانی دیکەدا بتوێننەوە. کورد نەیتوانی مافە سیاسییەکانی خۆی بەدەست بێنێت، بێ پشت و پەنا ماوەتەوەو تووشی چەندین جۆرە مەینەتی و ستەم بووە. (شێخ نووری شێخ سالّح) باس لە چۆنیەتی یاسادانانی ئەو سەردەمە دەکات و جێبەجێ کردنیشی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

**چۆن لای دڕندەکانی کەژو کێوی ڕووی جیهان**
**کوشتنی زەعیف حەلاڵە، بە قانوونی کێوییان**
**لای کۆمەڵی حکوومەتە خوێنخوارەکەی عیراق**
**خوێن ڕشتن و مژینی، حەلاڵە بە ئیتفاق**[1]

شاعیر لە دوو لایەنەوە ئامانجی خۆی دەپێکێت، یەکەمیان: یاسادانانی حکومەت بە شەریعەی دارستان دەچوێنێت. دووەمیانیش گاڵتەی بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو فەرمانبەرانە دێت کە یاساکە جێ بەجێ دەکەن.

(قانع) یش ڕەخنە لە قانوونی سەردەمی خۆی دەگرێت، چونکە نەیتوانیوە سیستەمی ژیان ڕێک بخات، تەنانەت دژی بەرژەوەندی خەڵکیش بووە. پێوەری شاعیر بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە لە بەراوردکردنێکی وردەوە هەڵدەقوولێت، کە قانوون و دادپەروەری لە دووتای یەك تەرازوودا هاوسەنگ دەکات. بە نەبوونی ئەم هاوکێشەیە قانوون دەبێتە سەرچاوەی مەینەتییەکان و کارەساتی گەورەش بەسەر میللەتدا دێنێت:

---

= بەغدا١٩٥٨چاپکراوە و شاعیر لە لاپەڕەی یەکەمیدا ئەم دێڕەشیعرە ئایرۆنییەی تۆماری کردووە. لە چاپی دووەمدا فەراموش کراوە:

**تۆ بڵێی ڕۆژێ بە لای کوردا فەلەك چەرخێ ئەدا      دەربخا نەجمی سەعادەت ڕاپەڕێ کورد ئەو دەمە**

[1] دیوانی شێخ نووری شێخ سالّح، ب١، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨، ل٤٤٧، دێش٣-٤.

**ناوی قانوون و عەدالەت وەك پلاوی خانەقا**

**ئیسمی بێ جسمن سەراسەر کردەیی شەیتانییە**[1]

شاعیر هەست بەوە دەکات کە قانوون و دادپەروەری لەنێو سیستەمی دیموکراتیدا جێگەیان دەبێتەوە، بەو پێیەی کە ((دیموکراتی ئەو حکوومەتەیە کە لە لایەن میللەتەوە پێك دەهێنرێت، بەڵام بەرپرسیارێتی بەردەوامبوونی ئەو دیموکراتییە دەکەوێتە ئەستۆی دەنگدەرانەوە. ئەمەش ئایرۆنی دیموکراتییە))[2]. (عەبدوڵڵا گۆران) بە دیدێکی ئایرۆنییەوە گومان لە چۆنیەتی جێبەجێکرنی ئەو هاوکێشەیە دەکات. ڕەخنە لە هەڵبژاردن دەگریت کە بنەمای سەرەکی دیموکراتیەتە. شاعیر باس لە لیستەیەکی ناوی دەنگدەران دەکات، کە ژمارەیەکی بەرچاو، ناوی مردووی لە گۆڕا ڕزیوی تیابوو، مردووەکانیش بەم شێوەیە قسە لەگەڵ کاندیدەکانیان دەکەن:

**نوێنەری هەڵبژاردەم!**<br>**هەرچەن مردووی یەك دوو سەدەم،**<br>**بەپێی لیستەی میری و موختار**<br>**وەك تووتی هاتوومە گوفتار،**<br>**خۆت و هاوڕێت هەڵئەبژێرم**<br>**بۆ پارلەمانتان ئەنێرم..**[3].

---

[1] دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چ٢، چاپخانەی دالاهو، تهران١٣٨٥ك، ل٢٦٠، دێش٦.

[2] Thomas R.Dye, The Irony of Democracy, Pennsylvania State University, USA 1970, P2, Par2.

[3] دیوانی گۆران (سەرجەمی بەرهەم) ، بر١، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کروەتەوە و ئامادەی کردووەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠، ل٣٨٤، دێش١-٦.

مردوو ئەركی خۆی جێبەجێ كردووە، دەنگی بە نوێنەری گەل داوە. لە بەرامبەریشدا داواییێكی ڕەوایان لێ دەكات، كە ئەوانیش وەك ئەو بێ دەنگ و بێ جووڵە بن. خوێنەر تێدەگات كە ئەندامی پەرلەمانیش هەر لە ڕیزی مردووەكاندایە، مردووش نە سوودی هەیە نە زیان، چونكە لەو ڕۆژگارەدا پەرلەمانتار زیاتر بە دامەزراندن بووە نەك بەپێی دەنگ پێدانی هاووڵاتیان. شاعیر لە شوێنێكی دیكەدا لەسەر زاری یەكێك لەو كەسانەی هەوڵ دەدەن بكرێنە پەرلەمانتار دەڵێت:

**بنووسە: بۆ پاشای مەزنی (بەغا)**
**نیشانەی دڵسۆزی بێ گەردی ئاغا:**
**دوو لۆری دیاریمان ئەوا خستە ڕێ**
**هیوایە بەڵێنی خۆی بێنێتەجێ!**
**ڕاسپێرێت كە لێرە جەنابی مدیر**
**لە نایب دانانا بمخاتەوە بیر،**[1].

لە میانی ئەم وێنە ئایرۆنییەوە، خوێنەر دەتوانێت مانا شاراوەكەی هەڵ بهێنجێنێت و لە شێوازی چۆنیەتی دەستنیشانكردنی نوێنەرانی گەلیش تێ بگات. ئەم حاڵەتەش ئەوەمان بەبیر دەخاتەوە كە لە سەردەمی حوكمڕانی دەوڵەتی عوسمانیشدا كە(( والییەكان فەرمانی دامەزراندنیان لە سوڵتان دەكڕی، بەڵێنیان دەدا كە ئەو بڕە پارەیە بدەن پێش ئەوەی بچنە عیراق))[2].

كاری دەزگەكانی بەڕێوەبردنی حوكمڕانی لە كوردستان بە شێوەیەكی ئاسایی ئەنجام نەدەدرا، شاعیرانیش لە پێشەوەی خەڵكەكە بوون كە كەموكووڕییەكانیان دەستنیشان دەكرد، بە تایبەتی كە هێزەكانی لەشكری

---

[1] دیوانی گۆران (سەرجەمی بەرهەم) ، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨١، دێڕ١-٦.
[2] أنستاس ماری الكرملي، خلاصة تأريخ العراق، البصرة ١٩١٩، ص٢٠٦.

دەکەوتنــە گیــانی هاولاٌتیــان و شــیرازەی ژیانیــان تێکــدەداو دەبوایــە سوپاسیشیان بکەن، گوایە ئەرکێکی نیشتمانی جێبەجێ دەکەن و ڕیزەکـانی خەڵك ڕێك دەخەن و ئاسایشی ولاٌتیش دەپارێزن. لـەم ڕووەوە (قـانع) گاڵتـە بە ڕەفتاری پۆلیس دەکات، کە چۆن بە نـاوی سـەروەری ولاٌت و سیـستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە غەدر لە هاولاٌتیان دەکەن:

**پۆلیس بە فیدای فیشەکەکەی شان و ملت بم**

**هەر خۆم بە فیدای قۆندرەکە و قاچ و قولت بم**

**قوربانی زکی برســـی و عینـوانــی زلـت بــم**

**دەس هەڵگرە لەم زوڵمە نەوا چەنگ و ملت بـم**

**ئاهی منی مەزڵووم، مەهاوە سەری شانت**[1]

لە کاتێکدا کـە هـاولاٌتی تکـا لـە پـۆلیس دەکـات، خوێنـەر چـەندین وێنـەی ئـایرۆنی لـەنێو دەربڕینەکانیـدا بـەدی دەکـات و لـە هـەمان کاتـدا خـەوش و هەڵەکانی پۆلیس و سیستەمی دەوڵەتیش دەستنیشان دەکرێن. پـۆلیس لـە حاڵـەتی غافڵبووندایـە و هەسـت پـێ ناکـات کـە خـۆی مەزڵوومـە و زوڵمـیش دەکات. لە ڕووخسارەوە ڕێکوپێکە، لـە ڕاستیـشدا برسـی و بـێ ویژدانـە. لـە دڵڕەقی و گەمژەیی خۆیـەوە دەسـتدرێژی دەکاتـە سـەر حورمـەت و مـوڵکی هاولاٌتیان. کەسی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز دەبوایە ڕێزی لێ بگرتایە، بەلاٌم بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی ڕاونـان و گـرتن دەبـوو و ئەزیـەت دەدرا. ئـەم جـۆرە پۆلیس و هەندێك لە فەرمانبەران دەبوونە داردەستی حکوومەت و دەکەوتنـە گیانی خەڵکی سڤیل و بێ دەسەلاٌت.

(قانع) گاڵتە بـە ڕەفتـاری ئـەم جـۆرە فەرمانبەرانـە دەکـات و تەوسـیان لێ دەدات، هــەروەکو لــەم ســێ دێڕەشــیعرەی خــوارەوەدا بــە ڕاشــکاوی لــە

---

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠، کۆ٢.

هەڵبەستی (وەسیەت)دا ئەم ئامۆژگارییە بە ڕۆڵەکەی ڕادەسپێرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر پێچەوانەی مەبەستەکەی تێ بگات:

**ڕۆڵە، گەر قاپی سەرا هات و نەبوو بۆ تۆی هەژار**
**باڵی لێهەڵماڵە چاپووك دێ بە دێ شاربەشار**
**کۆمەڵێ پێکۆبنێ، هەر یەك بە ناوی موستەعار**
**تا حکومەت پێت ئەزانێ و تۆش ئەخاتە ئیش و کار**
**چویتە سەر کورسی بزانە، پارە چۆن پەیدا ئەکەی**
**چۆن بە ناحەق کوردی بێ پشت و پەنا ڕیسوا ئەکەی**[1]

شاعیر گاڵتە بە هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی حکومەت دەکات، خوێنەریش پێکەنینی پێ دێت. (کامەران موکری) لە شیعری (دیواری سەوز)دا لەسەر زاری عاشقێکەوە دەڵێت:

**لە بیرمە دەستەی دڵ مردوو**
**خۆیان و کوتەکی ماندوو**
**دوای دارکاریی ئەوانی تر**
**هاتنە ویێزەم وەك ئاگر**
**ئەتوت دیوارێکی سەوزن**
**چاویان پشکۆ، دڵیان ئاسن**
**ترپەی پێی ولاخی سەرکێش**
**دڵی گەڕەکی خستە ئێش**[2]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٤، دێش٧-٩. / گەندەڵی حوکمڕانی لەو سەردەمەدا گەیشتبووەتە ڕادەیەکی وا، کە لە ناوبردنی خاڵێکی سەرەکی بووە لە داواکارییەکانی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کورد./ بڕوانە: مەعرووف چیاووك، کارەساتی (بارزان) ی زوڵملێکراو، و: ئەبو بەکر ساڵح ئیسماعیل، چ١،چاپخانەی خانی، دهۆك ٢٠٠٨، ل١٦٩، پ٢.

[2] دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین و پەراوێز لێدان: عەبدوڵلا عەزیز خالید، چاپخانەی (الثقافة و الشباب)، هەولێر١٩٨٧، ل١١٠، دێش٤-٧.

لـەم وێنـە ئایرۆنییـەدا شـاعیر ڕەخنـە لـە ڕەفتـاری حکوومـەت دەگرێـت، خوێنەریش دەزانێت دیواری سەوز سوپاو پۆلیـسن و ڕەفتـارە دڕندانەکـەیان لەگەڵ خەڵکدا گەواهیدەری جۆری حوکمڕانیان بووە.

سـەرانی دیـواری سـەوز لـە وردەکارییـەکانی ئـەم پەلاماردانـە ئاگـادارن و کارەکانیانیش بە پێی پلانێکی نەخشە بۆ داڕێـژراو جێبـەجێ دەکـەن، بـەڵام خەڵکـە هەژارەکـە خەبـەریان نییـە و لـەو بارودۆخـە بـێ ئاگـان و هـەموو شتەکانیش لەناکاو ڕوودەدەن، بۆیە بە ئاسانی دەبنە قوربانی.

(سیف القضات ـ سەیفی) یش ڕەخنە لە ڕەفتاری کاربەدەستانی حکوومەت دەگرێـت، لـە میـانی وەسـفکردنی کردەوەکانیـان خوێنـەر تێـدەگات کـە هەڵسوکەوتیان لەدەرەوەی هەموو یاسایێکە و زۆرداریيەکی لە ڕادە بەدەرە:

**لە خەڵکی دەدەن، کوانێ کڵاوت بۆچت لەسەرنا، شـەدەی بڵاوت**[1]

(نـاتیق) کاتێـك کـە قۆڵـچی ئیـستیهلاك بـووە، بێـزاری خـۆی لـەو پیـشەیە دەردەخات و بە جۆرێك باس دەکات، کە خوێنەر بزانێـت کارمەنـدانی میریـی چەند زوڵم و زۆرییان لـە خـەڵك کـردووە و کردەوەکانیـان چـەپەڵ و جێگـەی شەرمەزاری بووە:

**تووشـی مووسـایی و موسڵمان ببین لـەلامان وەك یەکـە**
**وەك مەگـەز فەرقـی نییـە نیـشـتن بـە پیـسی و پاکـەوە**
**شەو بە بێ خشپە و خشە، نەوعێ ئەچین بۆ بار و کۆڵ**
**قـەت سـەگی پـسپۆر وەها ناچـێ بـە بـۆنی لاکـەوە**[2]

---

[1] دیوانی سیف القضات، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، چ١، چاپخانەی سبز، تـەهران ١٣٦١، ل٧٩، دێش٢٠.

[2] نـاتیق (هەنـدێ لـە دیـوانی)، بەسەرپەرشـتی: ص. هـەژارەوە ، چـاپخانەی ڕاپـەڕین، چ١، سلێمانی١٩٧٠، ل١٧، دێش٥-٦.

ئـــەو دیموکراتییـــەی کـــوردیش هـــەوڵی بـــۆ پێکهێنـــانی دەدا، تووشـــی ڕکابەرییەکانی گەورە دەبوو، هۆکاری پەرەسەندن و لەناوچوونیشی دەبوونە وێنـەی شـیعری ئـایرۆنی ئـامێز. بـۆ نموونـە (ع. ح. ب ) لـەناوبردنی کۆمـارە ساوەکەی کوردستان لـە مـەهاباد بـۆ هۆکـارە ناوخۆییـەکان دەگەڕێنێتـەوە، چەندین حاڵەتی نالەبار دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر بیر لـە هاودژەکانیـان بکاتەوە، کە مەبەستی نادیاری شاعیرە لەم دەربڕینانەدا:

ئەوسا وابوو
بیرو ڕای خەڵکی ساوا بوو
لە سەرانسەری کوردستان
هاوڕێ، خوێنی هاوڕێی ئەڕشت
هەر بۆ ئافەرینێکی خان
جووتیار جووتیارێکی ئەکوشت
لەبەر ئەوە بوو دیموکرات
کەوت و نەگەیشتە ئاوات[1]

خوێنەر دەتوانێت مەبەستی شـاعیر لێـك بداتـەوە، کـە هـەموو مەرجـەکانی وڵاتێکـی ئـازادو شایستەی سـەربەخۆیی لـە کوردسـتاندا هـەن، بـەڵام لەبـەر تەسکی بازنەی بیرکردنەوەی خەڵکەوە، داگیرکەر توانیویەتی بـە پـارە هێـزو ویژدانیان بکڕێت و وڵاتیان لە دەست دەربێنێت.

(موفتی پێنجوینی) لـەکاتی لەناوچـوونی کۆمارەکـەدا خەفـەتبار دەبێـت و پێوەندییەکانی بـە خەڵکـەوە لـە بـەراوردکردنێکی ئایرۆنیـدا دەردەبڕێـت کـە خەم دایدەگرێت وگۆشەگیردەبێت و بـەرەو چـۆڵایی دەڕوات، بـەڵام خـەڵك وا دەزانێت بۆ سەیران دەچێت:

---

[1] ع. ح. ب (محەمەد شێخ حوسێن بەرزنجەیی)، ناسۆری دەروون، چاپخانەی (سلمان الأعظمي) بەغداد ١٩٦٨، ل١٥١، دێش ٣-١٠.

**ڕوو بە سەحرا سەر ئەنێم و قوڕ ئەپێوم پڕ بە دڵ**

**بێ خەبەر وا تێ ئەگەن من بێ خەمم سەیران ئەکەم**[١]

دەرەبەگایەتی سیستەمێکی حوکمڕانی پشتاوپشتەو لە دەسەڵاتی سەرۆك هۆزەوە پێك دەهات، کە بەگ و ئاغا و شێخ بوون و((دەسەڵاتێکی قانوونی و ئیداریی بێ سنووریان هەبوو، ئاغا لە هەموو کاروبارێکدا بۆخۆی بڕیاری دەدا، بەڵام ڕدێن سپی و پیاوماقووڵەکانی بەرەبابیش تەئسیریان لەسەر بڕیارەکانی ئاغا هەبوو))[٢]. کاریگەرییان لەسەر ((یەکلاکردنەوەی کێشە سنوورییەکانی نێوان دەوڵەتە نوێ دامەزراوەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی هەبووە))[٣]. شاعیرانی کوردیش خاڵە لاوازەکانی ئەم سیستەمەیان شیدەکردەوەو زۆر جاریش بە گاڵتەجاڕییەوە زیانی هەڵسوکەوتی سەرۆك هۆزەکانیان لە نێو وێنە شیعرییەکاندا هەڵدەسەنگاند و ڕەخنەیان لە هزر و کردەوەکانیان دەگرت، بە تایبەتی کە پێوەندییان بە هێزی داگیرکەرەوە، لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش بووە. لە نێوان هەردوو لایەندا میللەت زەرەرمەند بووە. (قانع) لەسەر زاری پشیلەیەکەوە، ناڕاستەخۆ ئەم بۆچوونە دەردەبڕێت:

**پشیلە: مشکی تەرەسباب، تۆزێ بفامە**

**شەئنی ئاغایی یەکجار گرانە**

**هەتا ئیستعمار ببێ لە مەیدان**

**ئاغا هەر ئاغاس، وەك جاری جاران**

**ئێوە و جوجەڵە و چۆلەکەی پاسار**

**بۆی حەلال کردووە، کاکی ئیستعمار**[٤]

---

١ دیوانی موفتی پێنجوینی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، ل٥٦، دێش٢.

٢ عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، و: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر٢٠٠٦، ل١٢٦، پ٢.

٣ د. فاضل حسين، مشكلة الموصل – دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية وفي الرأي العام، ط٣، مطبعة اشبيلية، بغداد١٩٧٧، ص٧٤، ف٤.

٤ دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤١-٥٤٢.

شاعیر لەم چیرۆکە شیعرییەدا کێشەیەکی زوڵم و زۆری دەگێڕێتەوە. لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە ڕەفتارێکی قێزەوەنی وەك چەوساندنەوە گەیاندۆتە ئەو پەڕی جوانی، بەلاَم بە هۆی بەکارهێنانی وشەی (ئیستعمار) گێڕانەوەکە لە وەسفکردنەوەیەکی سادەوە بەرەو هاوکێشەیەکی ئایرۆنی ئامێزی جۆری لەوچوونەوە بردووە، کە لە دیوی ناوەوەیدا، خوێنەر هەست بە سیستەمێکی دەرەبەگایەتی ڕێکخستووی ناوچەیی و بەستراو و پارێزراو بە سیستەمێکی فرەوانتر دەکات کە نەتەنیا لە کوردستان هەیە بەڵکو زۆربەی ناوچەکانی جیهانی گرتۆتەوە.

ئەو سیاسەتە نوێیەی نێونەتەوەیی کە لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا پەیڕەو دەکرا، لە بەرژەوەندی هەندێك میللەتاندا بوو وەکو عەرەب، بۆ هەندێك میللەتی دیکەیش سەرچاوەی کارەساتی دژوارو مەینەتی گەورە بووە لەوانە کورد، بۆیە شاعیرانی کورد هەستیان بەم لایەنە کردووەو هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەلەکەیان لەو بارودۆخە ئاڵۆزە ئاگادار بکەنەوە. (شێخ نووری شێخ ساڵح) لە چەند پرسیارێکدا هەندێك لە مەزلوومییەتی قوربانیانی کارەساتی (٦)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٠)ی شاری سلێمانی دەخاتە ئەستۆی (عصبة الامم)ەوە. خوێنەر کە وەلاَمی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەدۆزێتەوە، چەندین لایەنی بارودۆخی سیاسی کوردستان و کاریگەرییەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان تێدەگات:

**قەومی نەجیبی سام، ئەمە بێ عەدلی ئەوەڵی**
**ئاخۆ نیهایەتی چ بێ، ئەم لوتف و ڕەحمەتە؟**
**ئەی (عصبة الامم) وەسیی ئەقوامی ڕووی زەمین**
**بێ دەنگیی لەم مەزاڵیمە، شێوەی مورووەتە؟**[1]

---

[1] دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٧، دێڕ ٥-٦.

(ئەحمەد موختار بەگی جاف) بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە قەوارەیەکی بێ ناوەرۆك دەچوێنێت. بە چەند دەستەواژەیەکی ناسك و پڕ حورمەتەوە ڕەخنەی لێ دەگرێت و ناڕاستەوخۆ میللەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە، کە بە ئومێدی بەڵێنەکانی نەبن. ئەگەر ئەمڕۆش هێزی گەل لە توانایدا نەبێت، بەڵام ڕۆژێ دێت هەر ئەو دەتوانێت وڵات ڕزگار بکات:

**ئەو قەرارەی عصبەیە وا خەڵق ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**

**هەر قسەی ڕووتە قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە**[1]

(جەگەرخوین) لە شیعری (کۆما ملەتان)دا، گلەیی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات، چونکە لە ئەرکەکانیدا سستی دەنوێنێت و دەستی یارمەتی بۆ میللەتێکی ڕەسەن و خاوەن وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو کورد درێژ ناکات. شاعیر بە گومانەوە سەیری ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە دەکات و گاڵتەی بە کارەکانی دێت:

**خەلکێ ئەم کوشتن ئاڤێتن چەمان،**

**بەگلەر و پاشا د ناڤ مە نە مان،**

**کۆما ملەتان ئەمان و ئەمان.**[2]

(سەلام) یش لەساڵی (١٩٣١) بەم شێوەیە ڕەخنە لە کارەکانی (کۆمەڵی ئەقوام ـ عوسبەتولئومەم)[3] دەگرێت. شاعیر گاڵتەی بەو حاڵەتە دێت کە کورد چاوەڕێی بەڵێنەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بن:

**(عصبة الامم) کۆمەڵی گەورە**

**پڕ پێچ و پەنا بە فێڵ و دەورە**

---

[1] دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، چاپخانەی هەولێر، چ٢، هەولێر١٩٦٩، ل٣٤، دێش٦.

[2] جەگەرخوین، ئاگر و پرووسك (دیوانی یەکەم)، چ٤، چاپخانەی بەردان ماتباجلك، ستەنبۆل ٢٠٠٣، ل١٢٩، کۆ٥. (بە ڕێنووسی لاتینی).

[3] سەلام ئەم شیعرەی لە یەکەمین یادکردنەوەی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ داناوە.

**له دوور بە دوور بۆ حەقی کوردان**
**تەکانت ئەدا، خۆت دائەشرنگان**[1]

(شێخ نووری شێخ سالْح) لـه چـەند پرسـیارێکدا هەنـدێك لـه مەزلوومییـەتی قوربانیانی کارەساتی (٦)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٠)ی شاری سلێمانی دەخاتە ئەستۆی (عصبة الامم)ەوە. خوێنەر کـه وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە دەدۆزێتەوە، چەندین لایەنی بارودۆخی سیاسی کوردستان و کاریگەرییەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان تێدەگات:

**قەومی نەجیبی سام، ئەمە بێ عـەدلی ئـەوەڵی**
**ئاخۆ نیهایەتی چ بێ، ئەم لوتف و ڕەحمـەتـە؟**
**ئەی (عصبة الامم) وەسیی ئەقوامی ڕووی زەمین**
**بێ دەنگیی لـەم مەزاڵیمە، شـێوەی موروەتـە؟**[2]

(ئەحمـەد موختـار بـەگی جـاف) بڕیارەکـانی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بـە قەوارەیەکی بێ ناوەرۆك دەچوێنێت. بە چـەند دەسـتەواژەیەکی ناسـك و پـڕ حورمەتـەوە ڕەخنـەی لێ دەگرێـت و ناڕاسـتەوخۆ میللەتەکـەی ئاگـادار دەکاتەوە، کە بە ئومێدی بەڵێنەکانی نەبن. ئەگـەر ئـەمڕۆش هێـزی گـەل لـە توانایدا نەبێت، بەڵام ڕۆژێ دێت هەر ئەو دەتوانێت وڵات ڕزگار بکات:

**ئەو قەرارەی عصبەیە وا خەڵق ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**
**هەر قسـەی ڕووتە قسـەش ناچێتە ناو گیرفانەوە**[3]

---

[1] دیوانی سەلام، ئا: ئومێد کاکە ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧، کۆ١. / شاعیر یەکەمین جـار ئـەم شیعرەی لە گۆڤاری هاوار ژ٢٢ساڵی٢، شام ١ی تەموزی ١٩٣٣، ل٧ بە ناونیشانی ( بـۆ جڤاتـا ملەتان) بلاوکردۆتەوە.

[2] دیوانی شێخ نووری شێخ سالْح، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٧، دێش ٥-٦.

[3] دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، چاپخانەی هەولێر، چ٢، هەولێر١٩٦٩، ل٣٤، دێش٦.

(جەگەرخوین) لە شیعری (کۆما ملەتان)دا، گلەیی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات، چونکە لە ئەرکەکانیدا سستی دەنوێنێت و دەستی یارمەتی بۆ میللەتێکی ڕەسەن و خاوەن ولاتێکی دەوڵەمەندی وەکو کورد درێژ ناکات. شاعیر بە گومانەوە سەیری ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە دەکات و گاڵتەی بە کارەکانی دێت:

**خەلکێ ئەم کوشتن ئاڤێتن چەمان،**
**بەگلەر و پاشا د ناڤ مە نە مان،**
**کۆما ملەتان ئەمان و ئەمان.**[1]

(سەلام) یش لە ساڵی (١٩٣١) بەم شێوەیە ڕەخنە لە کارەکانی (کۆمەڵی ئەقوام ـ عوسبەتولئومەم)[2] دەگرێت. شاعیر گاڵتەی بەو حاڵەتە دێت کە کورد چاوەڕێی بەڵێنەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بن:

**(عصبة الامم) کۆمەڵی گەورە**
**پڕ پێچ و پەنا بە فێڵ و دەورە**
**لە دوور بە دوور بۆ حەقی کوردان**
**تەکانت ئەدا، خۆت دائەشرنگان**[3]

لەم ڕووەوە شاعیر بارودۆخی کوردستان ڕووبەڕووی پرسیارێکی گران دەکاتەوە، کە دەبوایە ئەو مەجلیسە وەلامی بداتەوە، بەلام مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە خوێنەر ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت:

---

[1] جەگەرخوین، ئاگر و پرووسك (دیوانی یەکەم)، چ٤، چاپخانەی بەردان ماتباجلك، ستەنبۆل ٢٠٠٣، ل١٢٩، کۆ٥. (بە ڕێنووسی لاتینی).

[2] سەلام ئەم شیعرەی لە یەکەمین یادکردنەوەی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ داناوە.

[3] دیوانی سەلام، ئا: ئومێد کاکە ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧، کۆ١. / شاعیر یەکەمین جار ئەم شیعرەی لە گۆڤاری هاوار ژ٢٢سالی٢، شام ١ی تەموزی ١٩٣٣، ل٧ بە ناونیشانی ( بۆ جڤاتا ملەتان) بلاوکردۆتەوە.

**مەجلسی ئەمن کۆمەڵ ئەبەستێ**
**بۆ ناوی کورد دەمی ئەبەستێ**
**وەجاخی کوێر بوو (عصبة الامم)**
**باقڵ وەك مریەم عیسای بوو بە دەم**[1]

بە گشتی شاعیرانی کورد ڕەخنەیان لە سیستەمی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەگرت و بە گاڵتەجارییەوە باسی پلانەکانی دەکردو پەیوەندییەکانیشی ڕەت دەکردەوە، چونکە دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەیان بوو. لەم بارەوە (قانع) دەڵێت:

**نیزامی عالەمی هێندە بەلاری دێتە بەرچاوم**
**ئەگەر سەد جارە پینەیکەن ئەپچڕێ و تازە نامێنێ**[2]

شاعیران هانی خەڵکیان دەدا، کە خۆیان لە سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان بپارێزن و بڕوا بە بەڵێنیان نەکەن و کۆمەڵەی نەتەوەکان ئامرازێکە بە دەستیانەوەو پلانەکانیان لە بەرژەوەندی گەلی کورددا نییە، (هەژار موکریانی) ئەم بۆچوونانە لە نێو وێنەیەکی ڕەخنە ئامێزی ئایرۆنیدا دەردەبڕێت:

**سەگ بە ڕێوی گوت کەی جێژنەتانە　　بێم بۆ دیدەنی و بێنم جێژنانە**
**وتی ئەو ڕۆژەی کە تۆ نابینم　　گەورەتر جێژنە لە ماوەی ژینم**[3]

هەندێك لە مادەکانی پەیمانی لۆزان پێوەندییەکی سەلبی بە چارەنووسی کوردستانەوە هەبوو، بۆیە کوردیش بە دوودڵییەوە دەیڕوانییە پەیمانەکانی نێو دەوڵەتە نوێ دامەزراوەکان و لە لایێکی دیکەیشەوەو لە نێوان ئەوان و دەوڵەتە زلهێزەکانی دیکەی دەستڕۆیشتوو لە دەڤەرەکەدا. (ئەسعەد

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢-١٧٣.
[2] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥، دێش٣.
[3] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦، دێش ٥-٦.

**مەحوی) لە وێنەیەکی ئایرۆنیدا ڕەخنە لە بەستنی پەیمانی (سەعد ئاباد)* دەگرێت و باس لە شێواندنی ڕوخساری جوانی کوردستان دەکات. خوێنەر لێی تێدەگات کە کورد لە وڵاتی خۆیدا بڕیار بەدەست نییەو پیلان بۆ لەناوبردنیشی ئامادە دەکرێ، مەبەستی شاعیر هۆشیارکردنەوەی جەماوەرەو لە غافڵبوون بە ئاگایان بێنێتەوە:**

**وەتەن، فەوتاوی پەشێواویتم دڵ بریناری نا تەواویتم**
**لە (سەعد ئابادا) قەرارمان درا بۆیە لە ئێران کوشتارمان کرا[(1)]**

**لە ڕۆژی (٢٩ی ئاداری ١٩٤٦)دا پەیمانێکی دۆستایەتی لە نێوان دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتی عیراق مۆرکرا، کە لە شەش پرۆتۆکۆڵ و دوو ڕێککەوتننامە پێکهاتبوو[(2)]. لەبارەی ئەم پەیمانەوە (هێمن موکریانی) لە شیعری**

* ئەم پەیمانە لەسەر داوای تورکیا لە ٨/تەمموزی/١٩٣٧ لە کۆشکی سەعد ئاباد لە تاران گرێدرا و وڵاتانی تورکیا، ئێران، عیراق و ئەفغانستان بەشدارییان تێدا کردو پەیمانی دۆستایەتی و دراوسێتییان بەست. بەندی حەوتەمی ئەم پەیمانە دەڵێ: هەموو لایەنێك لەو لایەنی باڵانەی کە ئەم پەیمانەیان بەستووە بەڵێن دەدەن کە هەر چەشنە کارێکی پێویست لە ناوچەکەیاندا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی نەهێڵن هەر بزاڤ، سەربزێوی، چەتەگەری و کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی یا ڕۆشنبیری سەرهەڵبدەن کە مەبەستیان تێکدانی ئاسایش بێت، لەهەر بەشێك لە خاکی ئەم لایەنانەی سەرەوە یا شوێنەکانی دیکە کە کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتی ئەم وڵاتانە هەبێت. ئەم پەیمانە بە یەکێك لەو پەیمانە هەرێمییانە دادەنرێ کە ئامانجەکەی لەناوبردنی شۆڕشی گەلی کورد بوو./ بڕوانە: ئازاد وەڵەد بەگی، فەرهەنگی ڕامیاری نیگا،(ئامادەکردن و وەرگێڕان):، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر٢٠٠٥، ل١٢٧، پ٢-٣.

[1] دیوانی ئەسعەد مەحوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣، دێش١٤-١٥.

[2] شاندی عیراقی لەباتی مەلیکی عیراق فەیسەڵی دووەم، نوری سەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیان و عەبدولئیلاه حافز ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران . شاندی توورکیایش لەباتی عیسمەت ئینینۆ ـ سەرۆکی کۆماری تورکیا، حەسەن سەقا، نوێنەری تەرابزوون و وەزیری دەرەوە وفرەیدوون ئارکن سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوە پێکهاتبوو. بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج٧، مطبعة دار الكتب، ط٥، بيروت ١٩٧٨، ص٤٧-٨٩. / لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو پەیمانانەی لە نێوان عیراق و تورکیاو ئێراندا مۆر دەکران پاراستنی ئاسایشی سنوورو لەناوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کورد بووە، بۆ نموونە پەیمانی بەغدا لەنێوان عیراق و=

(دەمەتەقــەی دوو خوێنمــژ!)دا بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ بــارودۆخی کوردستان باس دەکات و پێوەندی هەردوو دەوڵەتی عیراق و توورکیـایش بـە هاوکاری ئینگلیز شیدەکاتەوە، بە تایبـەتی کـە نـوری سـەعید هـەوڵ دەدات قەناعەت بە سیراج ئۆغلۆو بێنێت کە کێشەی کورد لەناوچووە، بـەڵام سـیراج بـڕوای پـێ ناکـات، بۆیـە شـاعیر بـاری دەروونـی سـیراج بـە شـێوەیەکی وا گاڵتەجاڕییـەوە دەردەبڕێـت کـە دەبێتـە جێگـەی پێکـەنینی خوێنـەرو بـەم شێوەیە کۆتایی بە دەمەتەقەکەی دێنێت:

سیراج ئۆغلۆو:

کوردی ئەو عەسرە هێندە شەیتانن     ئەمن و توو و چەرچل بەکەر دەزانـــن
وا لامەزهەبن کـــوردی ئـــەو دەورە     نە شێخیان مـاوە نە مـــەلای گـــەورە
عەشیرەتـەکان هەستان لە خـــەوێ     پشتیان لێك بەستووە ئازادییان دەوێ

نوری سـەعید:

کـــەوابێ بـــرا سـەڵا لـــە خۆمــان     مانگـــامان مـــرد و بـــڕاوە دۆمــان[1]

(قانع) لە شیعری (دەمەتەقێی "ن" و "س")دا ڕەخنە لەم پەیمانە دەگرێت و لە گفتوگۆیەکی گاڵتەئامێزدا، لایـەنی نـاوەوەی ئامـانجی هـەردوو دەوڵـەت باس دەکات، (ن) کە نوری سەعیدە دەڵێت:

---

=تورکیا لە (٢٦شوباتی ١٩٥٥) و دواتر بەشداربوونی بەریتانیا لە (٥نیسانی ١٩٥٥) و پاکستان لە (٢٣ی ئەیلوولی ١٩٥٥) و ئێران لە (٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥٥)، دواتر ئەمەریکاش وەکو چاودێر تێدا بەشداربوو./ بڕوانـە: ( شیرزاد زكريـا محمـد، أثـر حلـف بغـداد ١٩٥٥ علـى الحركـة التحررية القومية الكردية، ط١، مطبعة جامعة دهوك، دهوك٢٠٠٩، ص٢٧-٣٢).

[1] هێمن، دەمەتەقەی دوو خوین مژ! ( سیراج ئوغلۆ و نوری سـەعید)، گ: هـاواری نیـشتیمان، ژ:١ساڵی هەوەڵ ، چاپخانەی کوردستان ، مهابـاد ١خاکـەلێوە ١٣٢٥، کـە دەکاتـە ٢١ی مارسـی ١٩٤٦، ل٣٨، دێش٣-٦.

**به نانەسکی کارەکەرمان بێ**

**به شەو و به ڕۆژ بارەبەرمان بێ**[1]

دواتر(س) که (سیراج ئۆغلۆ) وەڵامی نووری سەعید دەداتەوەو دڵنیای دەکاتەوە که هۆکاری ڕزگاربوونی کورد لە ئارادا نییە. خوێنەر دەتوانێت بنەما هزرییەکانی پلانی ئەو هەردوو بەرپرسە بزانێت و مانا شاراوەکانی دەربڕینەکانیان لێك بداتەوە:

**س: پاشا مەترسە، تۆ لەسەر خۆ به**

**تازە نوێنەریان چووەتە بادکۆبە**[*]

**نوێنەری کوردان خان و ئاغایە**

**باسی ئازادی لا کاو و بایە**

**کورد هەتا ئاغا و خانی تیا مابێ**

**خاترت جەم بێ کە بە هیچ نابێ**[2]

لەمیانی دەمەتەقێی نێوان (نووری سەعید و سیراج ئۆغلۆ)دا شاعیر نیازی هەردوو دەوڵەت وا دەخاتەڕوو کە ئەو پەیمان و پرۆتۆکۆلانە بۆ لەناوبردنی کێشەی کورد بووە.

سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی ئەلمانیا و ئیتالیا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی میللەتانی ژێردەست هەبوو، لەوانە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان. شاعیرانی کورد بە قووڵی ڕەهەندەکانی ئەم کێشەیەیان شیدەکردەوە. (شاهۆ) لەو بڕوایەدا بوو، کە نازییەت خراپترین جۆری بیرکردنەوەی سیاسییە لە سەدەی بیستەمدا. ڕێبازەکەی دژی مرۆڤایەتییە، شاعیر نایەوێ کورد لەو بیرکردنەوەیە نزیك ببێتەوە:

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٨، دێش٤.

[*] بادکۆبە: مەبەست شاری (باکۆ) یە.

[2] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٨، دێش٧. / هەروەها گ: هەتاو، ژ: ١٥٧س١٩٥٩.

**نامەویٚ کوردێك بە خوێنی کوردەکان بـازی بکا**
**خۆی لە خۆی زوو زوو بگۆڕیٚ فیزو شانازی بکا**
**بۆ وەتەن چاکـەی نەوێـت بێگانەکـان ڕازی بکا**
**پـەیـڕەوی بیــری خــراپی کۆمــەڵی نازی بـکا**
**نامەویٚ کوردێکی وا کوردێکـی هاودەردم ئەویٚ**[1]

(پیرەمێرد) بە بۆنەی جەژنی نـەورۆزی سـاڵی (١٩٤٢) ەوە، کـە بەڕێکـەوت لەگەڵ جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) یەکیان گرتووە. شـاعیر لە وێنەیەکی ئایرۆنیدا ڕەبیعی عەرەب و نەوبەهاری کورد تێکەڵکێشی یەکدی دەکات و ڕەخنە لە شەڕ و شەڕکەران دەگرێت و بـەو هیوایەیـە کـە بـەئاگری ئەو جەژنە ئاگری شەڕ بکوژێننەوە:

**ئاگــری نەورۆزمـان کە کرایـــەوە**
**بەو ئاگرە ئاگری شەڕ کوژایەوە**
**ئاگری نەورۆزمان لە هیتلەر بەردا**
**خۆڵی مردوومان بێژا بەسـەردا**[2]

(بەختیار زێوەر) هۆکاری تێکچوونی باری ژیانی خەڵك لـە سـاڵی (١٩٤٣) و بێبەشـبوونیان لـە کـەیف و سـەیرانی جـاران، بـۆ ئایـدۆلۆژیای (فاشـیزم) و (نازیسم)ی دەگەڕێنێتـەوە، کـە دووبـەرەکییان نایـەوەو بەدەسـتی ئەوانـەوە جەنگی دووەمی جیهانیش هەڵگیرسابوو:

**یاخۆ بەهاری ساڵانی ڕابوردوو**
**کە ژن و پیاو لە سەیران بوون چوارشەموو**
**ژیانێکی خۆش و بە فەنتازی بوو**
**نە باسی (فاشیستی)و نە هی (نازی) بوو**[3].

---

[1] دیوانی شاهۆ، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣، کۆ٢.
[2] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣، دێڕ ٢-٣.
[3] دیوانی بەختیار زێوەر، کۆکردنـەوەی: مـەحموود زێـوەر، چـاپخانەی ( الزمـان)، بەغـدا ١٩٨٩ ، ل١٣٢-١٣٣.

شاعیر وا له خوێنەر دەکات کە، له ڕۆژانی پێش جەنگ و لە کاتی جەنگ و دواتریش وردببێتەوە، هەڵبەتە پێکەنینی بە هزری دروستکەرانی جەنگ دێت، که ژیان له خۆیان و له خەڵکی دیکەیش تێکدەدەن. دیوی دیکەی جەنگ ئاشتییە، ئاشتیش جیهانێکەو هەموو پێکهاتەکانی پێچەوانەی دەرهاوێشتەکانی جەنگن.

شاعیرانی کورد ئاگاداری ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهانی و کاریگەرییەکانی بوون لەسەر ڕێبازی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بە گشتی و بزاڤی ئازادیخوازیی کورد بە تایبەتی، لایەنەکانیان هەڵسەنگاندووەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان لە لایەنە سەلبییەکانیان گرتووە، هەوڵیان داوە خەڵکەکە لە زەرەر و زیانی ئەو جەنگە ئاگادار بکەنەوە و پێوەندییەکانیشی بە باری ئابووری و سیاسی کوردستانەوە بۆ ڕای گشتی شی بکەنەوە. کورد کە لە یەکەم جەنگی جیهانیدا بووبووە قۆچی قوربانی یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان، لەو باوەڕەدا بوون کە لە دووەم جەنگی جیهانیدا بتوانن مافی چارەنووسی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن. ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ گەلی کورد، بەلاّم شاعیران بە دوودڵییەوە سەیری ئەم هەلەیان دەکرد. بۆنموونە (ئەسعەد مەحوی) هەستی بەم کێشەیە کردووەو بە گومان بووە کە کورد ئەو ئامادەباشییەی تێدا بێت و بتوانێت بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە، بۆیە لە وێنەیەکی ئایرۆنی ڕەخنە ئامێزدا دەڵێت:

**ئەترسم ئەی وەتەن لەم جەنگەشا دیل و بێ بەش بین**
**وەکو دەوری جەهالەت هەر خەریکی حیلەو غەش بین[1]**

---

[1] دیوانی ئەسعەد مەحوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠، دێش١،

ئەم دوودڵییەی شاعیر گەیشتبووە ڕادەی ڕەشبینی، بە تایبەتی کە خۆی لە نێو گۆڕەپانی سیاسیدا کاری دەکرد و لەو کاتەدا (١٩٤٢) دەربەدەری ئێران بوو:

**دوورا کفنی حەسرەت بۆ هەموو کوردێ بە دەرزی غەم**

**کە تەقدیری ئەزەل (ئەسعەد) وەهایە بێ بەش بین[1]**

(پیرەمێرد) لە وێنەیەکی گاڵتە ئامێزدا، لە چوارەم ساڵی شەڕدا (١٩٤٢) ڕەخنە لە دیوی ناوەوەی مەینەتەکانی جەنگ دەگرێت، کە چۆن بووەتە هۆی گرانی و خەڵکی پەریشان کردووە:

**ئەمساڵ کنگر و گێلاخە باوە**

**چونکە گرانی و مردن لە ناوە[2]**

مژدەی وەستانی جەنگ خۆشی بە هەموو خەڵك بەخشی، کوردیش ئاهەنگی دەگێڕا بەبێ ئەوەی ئومێدێکی بە ئەنجامەکانی هەبێت، بەڵکو ترسی پەلاماردانی هێزی لەشکری دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ سەر کوردستان هەر لە ئارادا بوو، (أ.ب.هەوری) ڕەخنە لەو هاودژییە دەگرێت:

**خۆت هەڵتەکێنە ڕەنگینە کوڵت**

**کوا؟ لە دوور خۆشە دەنگی دەهۆڵت**

**کەس گوێ ناگرێ لە بۆڵەبۆڵت**

**واسیتەی پەستی بۆ شیو و دۆڵت[3]**

(بێکەس) گاڵتەی بە پێشکەوتنی عیلم دێت، کە بووەتە هۆی جۆشکردنی دووەم جەنگی جیهانی کە ئینسان عەقڵی خۆی بۆ لەناوبردنی ڕەگەزی خۆی بەکارهێناوە، هەرچەندە شاعیر ڕاستەوخۆ باس لە وێران کردنی هەردوو

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠، دێڕ٥.

[2] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣، دێڕ٩.

[3] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤، دێڕ٨-٩.

شاری ژاپۆن (هیرۆشیما) و (ناکازاکی) بە بۆمبای ئەتۆمی ناکات، بەڵام خوێنەر تێ دەگات کە مەبەستی لە مەینەتییەکانی جەنگە، کە لەوانەیە ئەوانەی لەشکەرکێشی دێننە سەر کورد بە خەتەرناکترین چەکی بەردەستیان وڵات وێران بکەن:

**تف لە عیلم و سەنعەت و صەد کارەبا**
**مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا**
**یادی تۆ ئێستا لە دڵ خەم لا ئەبا**[1]

(موفتی پێنجوینی) مەینەتییەکانی سەردەمی جەنگ لەگەڵ ڕۆژانی دوای جەنگ بەراورد دەکات. برسێتی و بێکاری گەلی کوردی بێزار کردبوو. کە جەنگ بە کۆتا هات، ڕەوشی گەلانی جیهان بەرەو باشی چوو، بەڵام بارودۆخی کوردستان خراپتری لێ هات:

**ئەو ڕۆژەی کە دیم گیرابوو بەرلین**
**کەوتینە شەوق و بەزم و هەڵپەڕین**
**بۆ ئەوەی وتمان بە خۆشی ئەژین**
**شەڕو شۆڕ نەما لەڕووی سەر زەمین**
**کە چی وا ئێستا خۆزگە بە پارین**
**هەموو سەرگەردان بێ ئیش و کارین**[2]

کورد بە ئومێد بوو شەڕ بەکۆتا بێت و بە خۆشی بژیت. شەڕ بەکۆتا هات و هیچ خۆشییەکی بۆ نەهاتەدی. ئەم هاودژییەی کە شاعیر لە نێوان هۆکار و ئەنجامدا دەیخاتەڕوو بووەتە کرۆکی ژیانێکی پڕ ئایرۆنی ئەو سەردەمەو ڕۆژانی دواتریش.

---

[1] دیوانی بێکەس، ئا: ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣، کۆ٢.
[2] دیوانی موفتی پێنجوینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤، دێش ٥-٧.

## تەوەری سێیەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لە زەمان

هاولاتی کوردی هەستی دەکرد کە ئەرکی قورسەو ڕەنجێکی زۆر دەکێشێت و لــە بەرانبەریــشدا مــافی خــوراوەو دەچەوســێتەوەو دادپــەروەریش لــە بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا نییە، جیاوازییــەکان زۆرن، سروشــت هاوســەنگی خــۆی لەدەســتداوە، ڕاســتییەکان شــێواون، بــەهابالاَکان فەرامۆشــکراون... هــۆی دروستبوونی ئەم هەموو خواری و خێچی و لاسەنگییەی دەخستە ملی فەلەك و چــەرخ و زەمــان و هێــزە میتافیزیکییــەکانی دیکــەی کــە بــە مەزنــدەی ئــەو کاریگــەرییان بەســەر ژیــانی خەڵکــەوە هەیــە. شــاعیرانی کــوردیش شــیعریان کردبووە ئامرازێك بۆ بــەرگریکردن لــە مافــە مرۆییــەکانی گەلەکــەیان. ژیــانی ســتەم و مەزلوومیــەتییان ڕەت دەکــردەوەو هۆکــارو ئەنجامەکانیــشی لــەنێو شــیعرەکانیان بــە شــێوەیەکی ســادەو پێــچراو بــە ڕامــانێکی قووڵــەوە دەهۆنییــەوەو خەڵکەکەشــیان لــە کــەموکووڕی و ســەلبیاتی ئــەو ســەردەمە ئاگادار دەکردەوە، ورەی خوێنــەریان بــەرزدەکردەوە، ویــستی گۆڕانکارییــان جــۆش دەدا. هــەوڵیان دەدا پرســیارە نــەمرەکان لــە مێــشکی خوێنــەردا بورووژێنن کە:

بۆچی زەمان ڕێك ناڕوات؟ مەبەست لە بوونی ئینسان چییە؟

بۆچی نوێنەرانی دادپەروەری لایەنگیری زۆڵم دەکەن؟

بۆچی هەنــدێك مانــدوو دەبــن و نانیــان نییــە بخۆن و هەنــدێك کارناکــەن و لەنێو نازو نیعمەتدا دەژین؟

خوێنەر دەتوانێت گەلێ وەلامی ئەو پرسیارانە لــەنێو بەرهەمــە شــیعرییەکانی ئەو سەردەمەدا بدۆزێتەوە، بــە تایبــەتی ئەوانــەی ڕەخنــەیان لــەم لایەنانــەی خوارەوە دەگرت:

- ڕێبازی نــوێی ناوچــەکە لەگــەڵ داواکارییــەکانی کــورد نــەدەگونجاو و دژی ئامانج و بەرژەوەندییە بالاَکانی دەسووڕایەوە. شــاعیرە نیــشتمانپەروەرەکان

نەفرەتیان لەو زەمانە دەکرد، کە سیستەمێکی وای هێنایەکایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوایان بە دادپەروەری کێشەکەیان لەق نەدەبوو، لە دروستی و ڕەوایەکەیشی دوودڵ نەدەبوون، لەوانە (ئەسعەد مەحوی) دەڵێت:

**چەرخی بەد چیت نەکرد، دایم، بەهۆزی کوردان**
**ناوونیشانت بە (با) داون لەسەر ڕووی جیهان**
**بەش بەشت کردووینەوە، بۆ میللەت و قەومی عەجیب**
**وەك (عروس) و (عارەب) و (فورس) و (شیمالی تورکەکان)**
**بوینە (گۆ)ی تەشەڕوع وا کەوتوینە دەس نادانەوە**
**هەم وەکو فتبۆڵ بەدەم نووکی شەقینی گۆڵەکان**[1]

(تیرێژ) بەبۆنەی لەناوچوونی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٢٥) لە باکووری کوردستانەوە، گلەیی لە زەمان دەکات کە چەرخ و فەلەکەکەی لە بەرژەوەندی کورددا نەسووڕایەوە. ئەم بێبەختییەی فەلەك لەگەڵ قەوارەی برینی کورد بەراورد دەکات. خوێنەریش دەتوانێت ڕووی ڕاستەقینەی ئەم هاوکێشەیە تێبگات کە غەدری داگیرکەر و پاشکەوتنی گەلی کوردە:

**ئەی فەلەك بێ بەخت و بێ دین**
**چ یە تە ل مە کین و ڕك**
**دل بوویە گۆلەك تژی خوین**
**تێ دژین گەشت و کەلك**[2]

– گلەییان لە ڕێڕەوی فەلەك و بەدبەختی خۆیان دەکرد، قەدەریان بە غەدارو چەرخیش بە هەڵخەڵەتێنەرو سپڵە ناودەبرد، کە پیاوی مەرد هەژار دەکات و ماڵ و سەڵتەنەتیش بە چاوچنۆکان دەبەخشێت. ئازیزان بێناز

[1] دیوانی ئەسعەد مەحوی ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤، دێش ١-٣.
[2] تیرێژ، خەلات، ڤەشانێن نشتیمان، ستۆکهۆلم ١٩٩١، ل٩٩، کۆ١. (بە ڕێنووسی لاتینی).

دەکـات و خۆنەناسـان بـەرەو پایەبـەرزی دەبـات، بـۆ نموونـە (خـادیم) بەخەفەتەوە پرسیار دەکات:

**ئەوانـەی عـالی (جـا) بـوون ئێـستە خـالی (جـا) و بـیٚ جـاهن**

**هــەزاران قەســر ئــەبینم مــن بەوێــرانی و ڕووخــاوی**

**فەلـەك بۆچـی بـە کـامی دۆسـتان جـاریٚ خـولیٚ نـادەی؟**

**بەچەپ سووڕانەوەت تاکەی بەڕاستی قەت نەسووڕاوی**[1]

(هەژار موکریانی) گاڵتەی بـەو بارودۆخـە سـەیرە دێـت، بـە سەرسـامییەوە دەڕوانێتە کار و کردەوەکانی فەلەك و چەرخی غەدار، کە چۆن چارەنووسی میللـەتی کـوردی خـستۆتە دەسـتی خـەڵکێکی دیکـەی زۆردار کـە لـە هـیچ ڕوویەکەوە لە کورد ئازاترو باشتر نین، شاعیر گاڵتـە بـە سـتەم و پیلانـەکانی فەلەك دەکات:

**دەك فەلەك تەختت وەرگەڕیٚ ئاگر لە بەختت هەڵگەڕیٚ**[2]

شاعیر هۆی ئەم نەفرەت لێکردنەش بۆ ئەو کـردەوە نالـەبارە دەگەڕێنتـەوە، کە کورد بە دەستی ناحەزانەوە هەموو شتی لەدەستداوە:

**کیٚ دی تەنانەت بە خەون ئازا وەبـن حیزان کـەون**[3]

(قانع) گاڵتەی بەم کردەوە سەیرە دێت، کە ئەم چـەرخە کۆنـە بـیٚ ئەمەکـەو وەفای بۆ کەس نییە، هەندێکیان سەرەوەی ژێردەکات و هەنـدێکی دیکـەیش بەرەو ژوور دەبات. دواتر لە وێنەیەکی ئایرۆنی ئامێزدا بەم شـێوەیە پیـشەی

---

[1] دیوانی خادیم ، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥، دێش ٦-٧.

[2] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥، دێش١٠.

[3] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، دێش ١٤.

فەلەك شیدەكاتەوە :

**گاهێ سەری لە هیچەوە، ئەیداتێ تەخت و تاج**
**گاهێ سەری لە تاجەوە، بە تەپڵی دڕاو ئەكا**
**كەبابچییەكی چ شۆخە، بەڵام دڵ ئەدا لە سیخ**
**قیمەی كەبابەكـانی، لە جەرگی بڕاو ئەكا[(١)]**

گاڵتەپێكردنی (كەمالی) بە فەلەك و كردەوەكـانی دەگاتـە ڕادەیـەكی وا كـە چەرخی زەمانەكەی ڕاستەخۆ دژی بەرژەوەندییـەكانی مرۆڤـەو ڕێبازەكەشـی پێچەوانەی ڕاستییە:

**ئەی فەلەك ئەی دوشمنی ئینسانی خاوەن عەقڵ و فام**
**بۆچی هەر حامیی كەرو گاو پیاوی بێ تەمكینی تۆ![(٢)]**

– شاعیر چارەنووسی خۆی ناداتە دەستی قـەدەرو بـڕوای بـە كاریگەرییـە نەرێنییـەكانی نییـە، هـەموو هەوڵـە دۆڕاوەكـانی بـۆ ئـەو زەمانـە بـەدە دەگەڕێنتەوە كە دەرفەتی پێ نەداوە سەربكەوێت.(ئەسـعەد مـەحوی) هـۆی بەختی نابەختەوەری میللەتی كورد بۆ دڵڕەقی چەرخی بەد دەگەڕێنێتەوە:

**كـوا حـەیاتی ئێمـە سـەیری ئـەم ژیانـە مردنـە**
**دەركـراوو بێكـەس و مـەهتوك و ڕووت و قوڕبەسـەر**
**بووینـە ژێـر پووكـاو وەڵ پیرێـژنێكی بـاوەژن**
**نـەحس و نەگریـسە بـەدایم دڵ ئەخاتـە پـڕ خەتـەر**
**بەسـیەتی ئـەی چـەرخی بـەد تاكـەی بەناكامـی بـژی**
**گوێرەكەت كردووە بە شاه و شاهت كردۆتن بە كەر[(٣)]**

---

[١] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤، دێش ١-٢.
[٢] دیوانی كەمالی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨، دێش٧.
[٣] دیوانی ئەسعەد مەحوی ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤، دێش ٣-٥.

(بێکەس) لە هەڵبەستێکی پێنج خشتەکیدا کە لەسەر غەزەلێکی مستەفا بەگی ساحێبقران(کوردی) دایناوە، نەفرەت لە زەمان و سیستەمە ناڕێکەکەی دەکات:

**تفوو لەم دەهرە پڕ قەهرە، لە خۆشی و سەروەت و بوونی**

**ئەوی دانایە بۆی نایە. سەفایە لای کەر و کوونی** (١)

(شێخ نووری شێخ سالح) دەڵێت:

**لە دەس زەمانە قوڕی کویێ بکەم بەسەر خۆما**

**بەمەقسەدیێ نەگەیشتم لە هەرچی تێکۆشیم** (٢)

لەم وێنە پێکەنین و خەمگینەدا، دوو لایەن بە خۆوە دەگرێت، لەڕووکەشی سەرەوەدا بێ ئومێدییەك دیارە، بەڵام لە ڕووی ناوەوەدا شاعیر یاخیبوونێکی بوێرانە دەنوێنێت، ڕەخنە لە زەمان دەگرێت، کە بووەتە ڕێگر لەبەردەمی و نەیهێشتووە پلانەکانی سەربگرن، خوێنەریش بەزەیی پێدا دێتەوە.

– شاعیران لەو بڕوایەدا بوون کە میللەتی کورد قوربانی دەستی قەدەرە. ڕابردووی پڕ بووە لە کارەسات و ئایندەی بەرەو ئاسۆیەکی نادیار دەڕوات، چونکە لەهەر هەنگاوێکدا مەینەتییەك چاوەڕێی دەکات. نازانێت ڕەنج و خەباتی بە فیڕۆ دەچێت، یان خۆی لەناو دەچێت. لەم ڕووەوە (خادیم) دەڵێت:

**بە گۆزەی ئەگوت وەستای گۆزەکەر**

**لەڕێی من و تۆ هەیە سەد خەتەر**

**نازانم سەنگی چەرخی پڕ جەفا**

**ئەتۆ ئەشکێنێ یا من لە پێشا** (٣)

---

١ دیوانی بێکەس، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨، کۆ٢.

٢ دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٠، دێش٧.

٣ دیوانی خادیم ، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦-١٠٧.

(بێکەس) ڕەخنە لە کاری زەمانە دەگرێت، کە چۆن دژایەتی کورد دەکات و هەمیشە چاوەڕێی هەلێکە کە ئەم میللەتە بەشخوراوە تووشی کارەساتێك بکات و مەینەتییەکی بەسەردا بێنێت:

**بەڵێ زەمانەی کەچ ڕەفتار**
**وا لێمان بۆتە دوژمنی خوێنخوار**
**دایم خەریکە و بۆ هەل ئەگەڕێ**
**زیانێ بدا لە کوردی هەژار**[1]

– شاعیر بیروڕای خۆی بە ڕاست و دروست دەزانێت. زەمان زوڵم دەکات. فەلەك هەڵەی تێکەوتووەو چەرخ بە خواری دەسووڕێتەوە، بۆیە سیستەمی ژیانیش تێکچووە. (دیلان) دەڵێت:

**دونیا سەیرە و سەیر شێواوە پۆی کێشان**
**قورس بۆ زەوی و سووکە ئەچێ بۆ ئاسمان..!**
**زەهر شیرە، مار ئەهێنن بۆ بێرە**
**" گا " لە شۆخی و خاوەن خەرمان بۆ گێرە..!**
**گورگ پاسەوان، شوان دانی لە گۆشت جیڕە**
**مر.. بۆ چەقەڵ مل درێژە بێ قیڕە..!**[2]

(قانع) نەفرەت لەو چەرخە دەکات کە قەت کارەکانی بە ڕاستی ڕێك ناخات:

**ئەی فەلەك! ڕاستۆ نەبی، بۆ ڕێك و پێکی دەورەکەت**
**گورگ ئەبێتە شوانی ڕان و دز ئەبێتە ئەولیا**
**نێرەگا جووتێ ئەبەیتە ڕیزی لوقمانی حەکیم**
**فەیلەسووفێکیش ئەخەیتە ژێر چەپۆکی ئەشقیا**[3]

---

[1] دیوانی بێکەس ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤، کۆ٣.

[2] دیوانی محەمەد ساڵح دیلان ، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالد، چاپخانەی (سومر)، بەغدا ١٩٨٧، ل٢٥٧، دێش ١-٣.

[3] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨ دێش ٨،ل٦٩ دێش ١.

– شاعیر پشت بە هێزی گەردوون نابەستێت، چونکە هێزێکی نادیارو نەزانراوە، وەکو بێگانە نامۆیە و بەرژەوەندی کەسیش ڕەچاو ناکات، ئەوەی خۆ بەدەستەوە بدات وەکو باراش دەیهاڕێت، (بێکەس) جۆری ڕەخنەگرتن لە زەمانە بە شێوازێکی دیکەی گاڵتەجاڕییەوە دەردەبڕێت، کە لە گفتوگۆیەکی کراوەدا، باس لە زوڵم و بێ سەلیقەیی خۆی بۆ شاعیر دەکات:

**فایقا تۆ بۆچ ئەناڵی بەسییە ئیتر قیژە قیژ**

**من وەفام بۆ کەس بووە وا تۆ خەریکی شیوەنی؟**

**سەد هەزار پیاوی نەجیبم خستە ژێر باری جەفا**

**چەند پیاوی بەسەروەت مایەوە خۆی و گونی**(١)

شاعیری خاوەن هەڵوێست ملکەچی هێزی چەرخی زەمانە نابێت و خۆ بەدەستەوە نادات، بۆ نموونە(کەمالی) بە تەواوەتی بڕوای بە هێزی زەمانە نەمابوو، لە وێنەیەکی ئایرۆنی هەڵبەزین و دابەزین ئامێزدا ڕەخنە لە زەمانەو ئەو کەسانە دەگرێت کە پشتی پێ دەبەستن:

**ئاشنایی قەت لەگەڵ ئەم دەهرەدا پەیدا نەکەی**

**ئەتکوژێ ئەم پیرەزاڵە شێتە کاری وا نەکەی**

**ئاسمان ئەتنێتە سەر تەختی شەهنشایی بەڵام**

**ئاخری ئەتخا ملت ئەشکێنێ پێی بڕوا نەکەی**(٢)

---

١ دیوانی بێکەس ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤، کۆ٢.

٢ دیوانی کەمالی ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤، دێش ١-٢.

**تەوەری چوارەم: ڕەخنەی ئایرۆنی لە (بوون)**

ئەو شاعیرە ڕەخنەگرانەی کورد کە لەدوای ساڵی (١٩٢٥)ەوە دەنگی ناڕازیبوونیان دەردەبڕی و مەرامیان دۆزینەوەی ڕاستییەکان بوو، دەبوایە بە قووڵی بیر لە (بوون) بکەنەوەو شتێك لە پرسە مێژووییەکانی وڵات و هەندێك لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەل بزانن، بۆ ئەوەی شارەزاییەك لە بارەی هۆکارە جوگرافییەکانی خاکەکەیان پەیدا بکەن و لە ڕەهەندە فەلسەفییەکانی بوونی گەلەکەیانیش تێبگەن. بەم پێیە شاعیری ڕەخنەگر ڕۆڵی تاك لە کۆمەڵ و ڕۆڵی کۆمەڵ لە (بوون)دا لێك دەدایەوەو هەڵوێستێکی یاخیبووییش بەرانبەر هەر کەچی و ناڕاستییەکەوە وەردەگرت.

لەنێو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزانەدا، شاعیرانی کورد لە دوو لایەنەوە بیروڕا ڕەخنەییەکانیان لەبارەی (بوون)ەوە دەردەبڕی و هۆکارو ئەنجامەکانیشیان لێك دەدایەوە:

١ـ ڕەخنە لە بوونی کەون (گەردوون) وەکو شوێن، شاعیران لەدوای ئەم پرسیارانە گەڕاون: کە چۆن و کەی ئەم کەونە دروست بووە و چی بەسەر دێت؟ بۆ نموونە (ڕەفیق حیلمی) لەم بارەوە پرسیارگەلێکی بنەڕەتی و ناسك دەوروژێنێت:

**لە ناو نەبووندا، بوونی ئەم گێتیانە**
**بە لای تۆوە ئاخۆ وەك من سەیرە یا نە؟**
**چۆن بڵێم کە وەستاوە ئەم کەونە بێ ستوون؟**
**ئەی چۆن بڵێم ستووندارە (کەونێکی نەبوون)**
**کێ بوو دروستی کردو، کەی دەستی پێ کرد؟**
**کەی لەناو ئەباو، ئەی بۆ کوێی ئەنێرێ**
**کارێکی گرنگی وا کەی و چۆن ئەزانرێ؟**[1].

---

[1] ڕەفیق حیلمی، پاش تەمووز، چاپخانەی (الرأي العام)، بەغدا ١٩٦٠، ل٣١، دێش ٤-٧.

له وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانەدا، چـەند ئایرۆنییـەکی هاوبـەش لـەنێوان شاعیرو خوێنەردا دروست دەبێت کە پێکەوە بیردەکەنەوەو پانتاییەکی لەبار بـۆ چـەندین پرسـیاری دیکـە خـۆش دەکـەن و لەهــەر ئەنجامێکـدا شـاعیر چاوەڕێی ئەم کۆتاییە دەکات:

**من ئەوەم لا سەیرە کە عەقڵەکەین* بە حەکەم**
**بۆ شتێ کە تێی ناگەین، نە زۆرو نە کەم**
**عەقڵی من، کە ئەڵێم جوزئێکم لەم (کەون)ە**
**چۆن لە (کل) تێ ئەگا؟ کە (کول) بێ بەم لەونە؟**
**ئایا من لەخۆم هێشتا، توانیومە تێ بگەم؟**
**کە پێم بکرێ و لافی زانایی لێ بدەم؟**(١)

(هەژار) ڕەخنە لە سروشت دەگرێت، کە هیچ خۆشی و شادییەکی بە کـورد نەبەخـشیوە، هــەموویان هــەر لــە تەمــەنی گەنجییــەوە پــیرن. ژیـان مانـای نامێنێت ئەگەر قۆناغی گـەنجێتی هــەردوو قۆنـاغی منـداڵێتی نـەفامی پاکانـە لەگەڵ قۆناغی پیریێتی دەردەداری پڕ مەینەت پێکەوە نەبەستێتەوە:

**کوردیش زۆر جوانن بەڵام ئەسیرن      لە دەس داگیرکەر بە جوانی پیرن**(٢)

(گۆران) یش لەدوای ڕێگەچارەیەکی گونجاو بـۆ ئـەم کێـشە دێرینـەی کـورد دەگـەڕێت، هــەوڵ دەدات لــە ڕێگــەی گیـانی مەولەوییــەوە بیدۆزێتــەوەو لــەو باوەڕەدایە کە ئینسان بە هێزی ویستەوە دەتوانێت زۆر کاری گەورە ئـەنجام بدات:

**خۆم بە خۆم ئەڵێم ! یاران من چیم کرد؟**
**بۆچ عومری جوانیم وەك پیر بەسەربرد؟**

---

١ سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢، دێش ٥-٧. / *دەستەواژەی (عەقلەکەین) بـەمانای (عــەقڵ ئەکـەین) دێت.
٢ هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١، دێش٨.

**منیش لە دایکی تەبیعەت زاوم،**
**بۆچ کردەوەی ئەو نابینیٚ چاوم؟**
**هەروا بەسەر چوو خەزانی پیریش،**
**کەچی ئەو زیاتر ئەکا ئارایش؟!**[1].

شاعیر نهێنییەکانی ژیان لە سروشت فێر دەبێت، ئەگەر لاسایی سەوزە گیای بکات، کە چۆن ئەو وزەی ژیانەوەی لە تیشکی خۆر وەردەگرێت، ئەویش وزەی ژیانەوەی خۆی لە خەندەی یار وەربگرێت :

**ئەی گیا سەوزەکەی دلٚ فەرەحاوی،**
**وەك تۆ سەرگەرمی سەودای هەتاوی!**
**منیش لەمەو پاش وایە بڕیارم:**
**تیژکی خۆر بیٚ لام نازخەندەی یارم،**
**تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم،**
**ئیتر واز بێنم لە ئاشنایی خەم**[2] .

**٢ـ ڕەخنە لە بوونی مرۆڤ وەکو زیندەوەر،** لایەنێکی بنەڕەتی بووە لەنێو بابەتە شیعرییەکانی زۆربەی شاعیرانی کورد، بە تایبەتی ئەوانەی فەلسەفەیەکی ڕوون و زەلاڵیان لە ژیاندا هەبووەو بۆچوونە فەلسەفییەکانیان لەم دوو پرسیارەدا کۆ دەکردەوە:

**. ئامانج لە بوونی ئینسانی کورد چییە؟**
**. ئەرك و مافی میللەتی کورد لەم جیهانەدا چین؟**

شاعیرانی کورد گەلێك لە بەرهەمەکانیان بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە تەرخان دەکرد. خۆیان لەدوای وەڵامەکان دەگەڕان و هەوڵیان دەدا نیشانەی پرسیارە گەورەکانیش لە مێشکی خوێنەردا بورووژێنن. لە ئەنجامی

---

[1] گۆران، سروشت و دەروون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩، دێڕ١-٣.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩، دێڕ٦-٨.

بەیەکگەیشتنی هەردوو لایەنیش لە خاڵێکی هاوبەشدا ڕەخنەیەکی ئایرۆنی دروست دەبووو بە جدی هۆکارو مەبەستەکانی دوو کەتواری جیاوازی لێك دەدایەوە، کە یەکەمیان ئەو کەتوارە ڕاستەقینەیە بوو کە هەیە، دووەمیانیش ئەو کەتوارە بووە کە دەبوایە هەبێت و ماف و ئەرکەکانی میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتە سەربەخۆوەکانی دیکەی جیهان تێدا بەرجەستە ببێت. ئەم جیاوازییەی کە لەنێوان کەتوارێکی سەپێنراو و کەتوارێکی دیکەی ونکراودا هەبوو، هۆکارێکی سەرەکی بوو کە ئینسانی کورد بە گشتی و شاعیری کوردیش، بەتایبەتی لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا بژیت، بۆ نموونە (نەبوون) لای (بێکەس) لە (بوون) ێکی ناڕێك باشترە:

**ئیلاهی بۆچ لە دونیادا بەشی من شین و گریان بێت**

**عەدەم لەم ژینە خۆشتر بوو عەریزەم خۆ نەدابوو پێت**[1]

خوێنەر مەبەستی شاعیر تێدەگات، کە بوون لە نەبوونەوە دروست بووە و هەردووکیان دوو کاری قودرەتی خوداییە. ئینسانیش بە سروشتی خۆی حەز لە بوون دەکات، چونکە بە پێی کات و شوێن دەتوانێت چالاکییەکانی خۆی تێدا ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر لەو چالاکییانە بێبەش کرا، ئەوە کات وشوێن بەهایان نامێنێت و لە نەبووندا بمێنتەوە باشترە. هەر بەم پێیە (شێخ نووری شێخ سالح) دەڵێت:

**هێند خراپەم دی لە دەس ئەهلی زەمانە، عاقیبەت**

**لەم وەزیفەی هاتنە دنیایە، ئیستیعفا ئەکەم**[2]

(ن. ئاری) ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەو بیرو بۆچوونانە دەگرێت، کە خەڵك لەسەر چاکەو خراپەکانیان دادگایی دەکرێن:

---

[1] دیوانی بێکەس، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩، دێش ١.

[2] دیوانی شێخ نووری شێخ سالح ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٣، دێش٣.

**هیچ پەروام نییە دادگایی ڕاستی**
**چاکەو خراپەم بە جووت و بە تاك**
**بێتــــە ژمـــارەو داوام لێ بکـــەن**
**کـردەوەکــانم لە خـــراپە و چـاك**
**پرسم پێ نەکرا کە دروست کرام**
**بۆیە ناترســـم جواب ئەدەم بێباك**[1]

(گۆران) بیرو باوەڕی لەبارەی بوون و نەبوونەوە لـە فەلـسەفەیەکی قوولّدا دادەڕێژێت و بە شێوازێکی سادەو ساکارەوە دەریدەبڕێت، بۆ نموونە گریـانی کۆرپە ساواکەی دەکاتە پرسیارو بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

**بەڵێ ڕۆڵەم! ئەگەر وەك من، کەمێ بەدبەختیی ئیدراکیش**
**لە تۆشــی ڕەش بکردایە نەوەك شــەو، ڕۆژی ڕوونـاکیش**
**هەقت بوو عەرش بلــەرزێنی بە ناڵـەی ڕۆحی پڕ ئێشـــت**
**لە ئەســتێری ســەما بڕژێنــی فرمێســکی دڵــی ڕێشــت**
**حەقت بوو ئەم هەموو گریـانی نا مەفهـووم و بێ مـــەعنا**
**زمانــی بســـگ و تــەقریـری شـکاتت بێ لەدەس دنیـــا**[2]

خوێنەر دەزانێت کە گریانی منداڵ سەرچاوەی تووڕەبـوونی شـاعیرە، بۆیـە لە هەڵچوونێکی سۆزداری هێمن و لەسەرخۆدا لە ناخەوە فەلسەفەی خۆی لـە ژیاندا دەردەبڕێت. باوك بەرانبەر بـە منـداڵی، دوو پـەیامی هەیـە، یەکـەمیان بایۆلۆجییە کە باپیر بە نەوەیەوە دەبەستێتەوە، دووەمیـانیش ئاکارییـە کـە هەموو شارەزایی خۆی و پێویستییەکانی لەبەردەستدا هەن بۆ خزمـەتکردنی منداڵ تەرخان دەکات. شاعیر لەو بڕوایەدایە کە زۆربەی باوکانی ئەم ڕۆژگارە

---

[1] (ن. ئاری) نەجمەدینی حاجی مەلا ڕەسووڵ ، هۆنراوەکانم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا ١٩٦٩، ل٤٣، دێش٢-٤.

[2] گۆران، سروشت و دەروون، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥، دێش ٣-٨.

جەخت لەسەر پەیامی یەکەم دەکەن و بایەخێکی ئەوتۆ بە پەیامی دووەم نادەن. (خادیم) کێشەی بوونی ئینسان لەم پرسیارەدا چڕ دەکاتەوە:

**نەمزانی منی بۆ هێنا دونیا**

**ئیشی چی پێم بوو لە بۆ کوێم ئەبا**[1]

(زێوەر) یش بارودۆخی کورد بەوە دەچوێنێت هەروەکو هێشتا لە (نەبوون)دان و نەهاتوونەتە جیهانی (بوون)ەوە، چونکە هیچ دەرفەتێکیان بۆ نەڕەخساوە کە چارەنووسی خۆیان دیار بکەن، بەڵکو بەردەوام لە ژیانێکی پڕ مەینەتی ودەردەسەری و کارەساتدا دەژین:

**ئەم کوردە "عەجەب ساحێبی" بەختێکی زەبوونن**

**هێشتاکو ئەڵێی . داخڵی سەحرایی . نەبوونن**

**نانێ بەدووسەد سینەیی سۆزان کە پەیا کەن**

**بێ بەهرە لەویشن بەمەسەل عەینی فروونن**

**بێ بەش لە هەموو (نیعمەت) و ئازادیی (عالەم)**

**پامالی جەفای دەهرن و مەنفووری عویوونن!**[2]

ئەم هزرەی شاعیرانی کورد لەبارەی هاوکێشەی (بوون) و (نەبوون)دا، بە تایبەتی کە نەبوون باشترە لە بوونێکی بێ کەڵك و زیانبەخش. ئەم بیرکردنەوەیە لەنێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیشدا بۆچوونێکی پەسەند بوو، وەکو بنەماییکی فەلسەفیش لەنێو بەرنامەی کۆمەڵە ڕۆشنبیری و سیاسییەکاندا جێگیر ببوو، لەنێو دروشمەکانی ڕاپەرین و شۆڕشەکانیشدا ڕەنگی دابوەوە، بۆ نموونە لە شۆڕشی کوردی عیراق لە ساڵی (١٩٦٣)ەوە

---

[1] دیوانی خادیم ، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨، دێڕ٣.

[2] زێوەر، سۆزی نیشتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦، دێڕ ٥-٧./ هەروەها: (گ: گەلاوێژ، (بەغدا) ژ١ ساڵ ١٠کانوونی دووەمی ١٩٤٩، ل٤٥، دێڕ ١-٣.

دروشمی ( کوردستان یان نەمان) بەرزکرایەوە. (أ. ب. هەوری) لە شیعرێکیدا چەمك و گوزارەی ئەم دروشمە لێکدەداتەوە:

**با بزانن گشت بە جارێ یەکسەر جیهان**

**ئـەم دروشـمەی کوردسـتانم یان نەمـان**

**ئاگــرێکــە پـــڕ پڵێســـە کڵپەســـێن**

**ڕێنوێنی قەومی کورد دوشمن سووتێن**[1]

(ن. ئاری) پێوەندییەکی جەدەلی لەنێوان ئەرکی خۆی وەکو تـاك وڕێبـازی گەل وەکو ئامانجێکی هەمیشەیی لەنێو ئەم دروشمەدا دروست دەکات:

**تێ ئەکۆشم بە بێ وچان**

**تا ئەچمە ڕیزی سەربەستان**

**دروشمی هەموو کاتێمان**

**هــەر کوردســـتانە یا نەمان**[2]

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ئەنجامی کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی دژی هێزە ســتەمکارەکانی بەرانبــەر دروســت بووبــوو، ئاســۆکانی مێــشکی کــوردی خستبووە نێو بازنەیـەکی تەسکەوەو باجەکەیشی بەقـەد قورسـایەتییەکەی کاریگـەر بـوو، دەبوایـە بدرێتــەوە. ئـەو کاریگەرییــەیش تـا دوا مــەوداکانی سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە بـەردەوام بـوو، بۆیـە لێـرەدا بـاس لـە چـۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکرێت.

---

[1] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ١٥٧، دێش ٤-٥.

[2] ن. ئاری، هۆنراوەکانم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨، دێش ٦-٧.

**باسی دووەم**

## ڕەخنەی ئایرۆنی لەبواری کۆمەڵایەتیدا

بابەتی هەر شیعرێك، یان خودییە کە گوزارش لە هەست و سۆزی تایبەتی شاعیر دەکات، یانیش بابەتییە کە گوزارش لە دەربڕینی شاعیر لەبارەی شتێکی دەرەکی دەکات کە پێی کاریگەر بووەو لە شێوازێکی هونەری ناسکدا ڕێکی دەخات. لە هەردوو حاڵەتیشدا ((ئەزموونی خودی شاعیر لە سنووری دەربڕینەکانیدا نامێنێتەوە، بەڵکو مۆرکێکی مرۆڤایەتی هەڵدەگرێت، تواناکانی بەرەو دەربڕینە سۆزدارییەکان دەبات. بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەندێشەو خەونەکانەوە، هەوڵ نادات شتەکان بە هەمان دۆخە سروشتییەکانیانەوە بگوازێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی کارکردن و ڕەنجکێشان و ماندووبوونەوە دەیانخاتە ژێر بیرکردنەوەیەکی قووڵ و لێیان ورددەبێتەوەو دەیانکاتە کەرەستەیەکی دەربڕین))[1]. ئەم تێکەڵییەش پێوەندییەکی ئۆرگانیك لە نێوان هەردوو حاڵەتی خودی و بابەتیدا دروست دەکات. ئەوەی لە بەرهەمەکانی شیعری نوێی کوردیدا بەدی دەکرێت زیاتر لە جۆری دووەم بووە، بە تایبەتی لە ماوەی نێوان (١٩٢٥–١٩٧٠)دا، کە ببووە دیاردەیەکی ئەدەبی سەرانسەری، دەکرێت هۆکارەکانیشی لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

- زۆربەی شاعیرانی کورد تا ڕادەیەکی وا نزیکی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان بووبوون، کە وەکو ئۆرگانێکی ڕاستەقینە جێگەی خۆیان لە نێو بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەیاندا گرتبوو. پابەندبوونیان بە کێشە هەنووکییەکانی ئەو سەردەمە، ئەرکێکی نیشتمانی بووەو پێچەوانەی ئەویش بە کارێکی نائاسایی و شەرمەزاری دەزانرا، زۆربەی شاعیرانیش ئەم

[1] د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار العودة، بيروت ١٩٩٧. ص٣٨١، ف٢.

بۆچوونەیان بەڕاشکاوی دەردەبڕی ( هەر وەکو لە باسی سێیەمی بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا ڕوونکراوەتەوە).

ـ لەبەر خەوش و کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ، هەندێك لە شاعیرانی ئەو سەردەمە زیانیان پێ کەوتبوو، تووشی سەرئێشە بووبوون، بۆیە زۆربەی بەرهەمەکانیان بۆ هەڵسەنگاندنی بارە جیاجیاکانی کۆمەڵ تەرخان کردبوو و بە گاڵتەجاڕییەوە ڕەخنەیان لێ دەگرتن، بۆ ئەوەی ناڕاستەوخۆ کار لە خوێنەر بکات و ئەویش هەوڵی نەهێشتنیان بدات. بۆ نموونە (قانع) دەستکورت و هەژار بووە، بۆیە زۆر بە قووڵی لە زیانەکانی چەوساندنەوە وردبووەتەوە. (دڵدار) یاساناس بووەو خۆی بە بەشخوراو بینیوە، بۆیە بە توندی بە گژ سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا چووە. (شێخ نووری شێخ ساڵح) بەردەوام ڕاونراوە و چاوی دەسەلاتی لەسەر بووە، بۆیە بە ڕاشکاوی باس لە ڕەفتارو بەدڕەوشتی کاربەدەستانی حکوومەت دەکات. (جەگەرخوین) زانای ئایینی بووە، بۆیە دژی هەڵسوکەوتی کۆلکە مەلا و هەر مشەخۆرێکی پیرۆزییەکانی گەل بووە[1].

ـ شاعیران بایەخیان بە هەڵەی تایبەتی کەسێك یان کێماسییەکانی تاکێکی دەستنیشانکراو نەدەدا، لەدوای ڕیسواکردنی خەڵك نەدەگەڕان، بەڵکو ڕەخنەیان لە کەموکوڕییە گشتییەکان و خەوشەکانی کۆمەڵ دەگرت، تەنانەت ئەگەر ڕەخنە لە لایەنێکی ڕەوشتی یان ئەدگارێکی ئاکاریشیان بگرتایە، ئەوە مەبەستیان خاوەنی خەسڵەتەکە نەبووە، بە قەد ئەوەی خەسڵەتەکە خۆی بێت، کە وەکو دیاردەیەکی گشتی لە نێو کۆمەڵدا

---

[1] لەو سەردەمەدا ئەم تایبەتمەندییە بابەتێکی گرنگ و دیاردەیەکی بەربلاوی کاریگەربووە. پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و فراوان هەیە.

تەشەنەی کردووەو زیان بە زۆرترین ژمارەی جەماوەر دەگەیـەنێت. بۆیـە بـە ڕێگەی هونەری ئایرۆنییەوە شیعرە ڕەخنە ئامێزەکانیان دەهۆنییەوە[1].

– شاعیرانی ئـەو سـەردەمە بیریـان لـە ئامـانجی گـەورە دەکـردەوە وەکـو (ئــازادی، ســەرخۆبوون، دادپــەروەری کۆمەڵایــەتی...)، هــەوڵیان دەدا لــە واقیعدا جێ بەجێی بکەن، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئومێدە شرینەکانی ئەوان و تاڵی دەوروبەردا هەبوو، بۆیە وێنە شیعرییەکانیان ڕەنگدانەوەی ئـەو بێبەشییە بوو، بە شێوەیەکی وا دەریان دەبـڕی کـە بـە ئاسـانی خوێنـەر لـە مەبەستیان بگات.

ــ ئـەو شـاعیرانەی لایـەنی خۆشـگوزەرانی کەسـێتییان ڕەت دەکـردەوە، مەبەسـتیان ئـەوە بـووە کـە نـاتوانن ژیـانێکی ئاسـایی لـە کۆمەڵگەکەیانـدا بەڕێوەببەن و لەگەڵ کەتوارێکی نالەباری پڕ کێشە و مەینەتدا بگونجێن. ئەم نەگونجاندنـەیش بـارێکی قورسـی خـستبووە سـەر شـانی شـاعیران، بۆیـە ملکەچـی ئـەو حاڵەتـە نـەدەبوون و بـە چـاوێکی سـووکەوە سـەیری ئـەو بارودۆخــەیان دەکـرد و نــەفس بــەرزییان نەیدەهێـشت بکەونــە نێــو داو و تەڵەکانی چەوسێنەر و داگیرکـەران، بـە گاڵتـە جاڕییـەوە بیروڕایـان لـەبارەی خەوش و کەموکووڕییەکانی کۆمەڵ دەردەبڕی.

ئەمەو چەندین هۆکاری دیکەی لاوەکیش هەبوون، کە پانتاییێکی لـەباری بـۆ شاعیران فەراهەم دەکرد، هانی دەدان کە بە دیدێکی چاکسازییەوە ڕەخنە لە کەموکووڕییەکانی کۆمەڵ بگرن و لە ڕێگەی جۆرەکانی هونـەری ئایرۆنییـەوە مەبەستەکانیان بخەنـەڕوو، کـە دەکرێـت لـە بـوارە جیاوازەکـانی چـینایەتی، گەندەڵی سیستەمی کۆمەڵایەتی، کێشەکانی ئافرەت، پشتگوێ خستنی مافی منداڵ، هەندێ نەخۆشییە بکوژەکانی کۆمەڵدا دەستنیشان بکرێن:

---

[1] ئەم حاڵەتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بووە، کە هونەری سـاتیر لـە شـیعری نـوێی کوردیـدا پاشەکشێ بکات و شاعیرانیش ئەوەندە بایەخ بە کەموورِییەکانی تـاك و خەوشـە تایبەتییـەکانی کەسی یان گرووپێکی دەستنیشانکراو نەدەن.

## تەوەری یەکەم: لە بواری جیاوازی چینایەتیدا

جیاوازی چینایەتی و پاشکەوتنی کۆمەڵ دوو دیاردەی پێکەوە بەستراون و زیاتر لەو هەرێمانەدا تەشەنە دەکەن، کە لەڕووی جوگرافییەوە لە ناوەندی دەسەڵاتەوە دوورن. مەترسی ئەو هەردوو دیاردەیە گەورەتر دەبێت کاتێك دەسەڵات ئەو هەرێمانە پەراوێز دەكات و تەنیا وەکو سەرچاوەیەکی دارایی و هێزی کار بۆ گەشەکردنی ناوەند و نەشونومای دەزگاکانی خۆی بەکاردێنێت.

ئەم هاوکێشە جوگرافی ـ ئابوورییە لە کوردستانیشدا تەشەنەی کردبوو، زۆربەی هەرێمەکانی گرتبووەوە، بە تایبەتی لە سالأنی یەکەمین جەنگی جیهانی و دواتریش بە ئالۆزی مانەوەو بەرەو خراپی دەچوون. جیاوازی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا گەیشتبووە ڕادەیەك کە دەوڵەمەندەکانی شار ـ هەر چەندە ژمارەیان کەم بوو ـ ژیانێکی خۆشیان دەگوزەراند و هەڵسووڕاندنی کار و چالاکییەکانی بازاڕیان بەدەستەوە بوو، خۆیان لە پلە و پایەیەکی بالأتر لە خەڵکی دیکەی هەژار دادەنا. لە دێهاتەکانیشدا، هەر دەرەبەگێك دەیتوانی هەموو ڕەنج و موڵکی ئەو خەڵکەی لە سنووری دەڤەرەکەیدا بوون لە بازنەی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیدا پاوان بکات.

شاعیرانی کورد هەستیان بە ئەنجامەکانی جیاوازی چینایەتی دەکردو لە هۆکارەکانیشیان دەکۆڵییەوە و لە نێو شیعرەکانیاندا دەریان دەبڕی. بە چاوێکی سووك ڕەفتارو کردەوەکانی دەوڵەمەندە کەدخۆرەکانی شار و دەرەبەگە ستەمکارەکانی زۆم و دێهاتەکانیان هەڵدەسەنگاندو بە شێوەیەکی وا ڕەخنەیان دەگرت، کە خوێنەر بە ئاسانی لە مەبەستیان تێ بگات و هاوسۆزی خۆیان بۆ چینی هەژارو ستەمدیدە نیشان بدەن. (محەمەد تۆفیق وردی) بەم شێوەیە ڕەخنە لەو جیاوازییە دەگرێت:

**ئەو کۆشکەی کەوا سەر لە ئاسمانە**

**بناغەی سینگی سەد هەزارانە؟!**

ئەو بادەی کەوا پێی سەرخۆش ئەبن

خوێنی دوو هەزار ڕووت و بیٚ نانە!

خوێنـیٚ لە کـولمەی زۆردار ئەیبینی

خــوێنی چەکــاوی ئــاوارەکـانە[1]

بە هۆی هەبوونی توخمەکانی ئایرۆنی وەکو دژیەك و پێداگری و ڕاستگۆیی و هاوسەنگی کردن لەنێوان دوو حاڵەتـدا و تێڕامـانی ورد، وزەیـەکی هونـەری تەواو بە دەقەکە داوە.

(بێکـەس) یـش لـە وێنەیـەکی ئـایرۆنی وشـەیی ڕەخنـە ئـامێزدا، هـۆی دواکەوتوویی میللەتی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ ناهاوسەنگی لە نێوان نەبـەردی جەماوەر و بیٚ کەڵکی گەورەکانی:

ئەم کوردە گوردە ئێستا کە بیٚ کەس و هەژارە

ملی بۆ شیری دوژمـــن خوار کەچـە و لـەبارە

قەومێکی هێندە نەبەردە یەکی بەشی هــەزارە

خوا گـەورەکانی بگریٚ بیٚ کەڵك وهیچ نـەزانە[2]

چەوسـاندنەوە ڕەفتـارێکی چـەپەڵ و بـیٚ حورمەتـە، بەتایبـەتی کاتێـك دەسەڵاتدارێك هێزو پایە و پلەی خۆی بە غەدر بەکار بێنێت و زوڵم لەهەژاران بکات یانیش لەوانە کە لە خۆی بێهێزترن. (پیرەمێرد) ناڕاستەوخۆ وەسفیان دەکات و لە وێنەگەلێکی ئایرۆنی وشەییدا ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییـە لێك دەداتەوە، کلیلی دۆزینەوەی مانا شاراوەکان دەداتە دەست خوێنـەرەوە کـە (بیٚ هێـزی)یـە. بـەپێی پێـوەری بێهێزییـەوە، خوێنـەری هۆشـیار دەتوانێت چەندین مانای دیکەی نادیار لێی هەڵ بهنجێنرێت، لەوانەیـە لـەدوا ئەنجامـدا

[1] محەمەد تۆفیق وردی، بانگی کوردستـان، چ١، چـاپخانەی ( سـلمان الأعظمـي )، بەغـدا ١٩٧٠، ل١١، دێش ١-٣.

[2] دیوانی بێکەس ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢، کۆ٥.

بـــەزەیی بـــە چـــینی هـــەژاردا بێتـــەوەو گاڵتـــەی بـــە ڕەفتـــاری باڵادەســـتە زۆردارەکانیش بێت، بـەڵام بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرییەك پـەنا دەباتـە بـەر وێنەی گاڵتەجارانەی خەم ئامێز، بۆئەوەی سەرنجی خاوەنەکـەی و هـەروەها خوێنەریش بۆ ئەم کێشەیە ڕابکێشێت:

**ئاغای تەماعکار هەر دەڵێ بیدە**

**کەر بە جۆ بمرێ ئەوسا شـەهیدە**[1]

شاعیر، خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە کـە هەڵمـەتی ئاغـای تـەماعکار، کـارێکی نەگریس و چەپەڵە، ئەویش بە ئاسانی مانا شاراوەکەی تێ دەگـات کـە ئەمـە ڕەفتاری مرۆڤێکی بیرمەندو بەڕێز نییە، ئەو ماڵە حەرامـە سـەری دەخـوات، چونکە وەکـو گوێدرێـژ نـەیتوانی هەڵسوکەوتی دروسـت بکـات، کـە پـارووی خۆش و چەور چاوی تاریك کردووەو زیان بەخۆ دەگەیەنێت.

لـەم ڕووەوە (جەگـەرخوین) هـەردوو لایـەنی کێـشەکە لـە نێـو وێنەیـەکی ڕەخنـەیی هۆشـیارکەرەوەدا بـاس دەکـات، یەکـەم جـار پێوەنـدی چـینی دەرەبەگایـەتی بـە چـینەکانی دیکـەوە، دواتـریش چارەنووسـی بـە هێـزی دەرەکییەوە. خوێنـەر لێـی تـێ دەگـات کـە مەبەسـتی شـاعیر ئەوەیـە حـەز دەکات دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان چینەکاندا فەراهـەم ببێـت، بـۆ ئەوەی چینی باڵادەست چینەکانی دیکە نەچەوسێنێتەوەو نەبێتە پارووییەکی خوراو بە دەستی نەیارانی میللەتەوە:

**ئـــەڤ کـــوری ژانـــا زراڤـــە کـــەتیە ناڤا هەســـتییا**

**بـــل ژ ســـەورا گـــوندیان قـــەت ژ وە رە نینـــە دەوا**

**هوون بەگ و ئاغا نە یانێ خوەدیێ ماڵ و گوند و زێڕ**

**لێ ل بەر دەســـتێن نەیاران هـــوون وەکی چێلەکـەوا**[2]

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣، دێڕ٢.

[2] جەگەرخوین، سەورا ئازادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣، دێڕ ٢-٣.

جیاوازی چینایەتی لە دێهاتەکان بە زەقی دیاربوو. (دڵدار) لە شیعرێکی حەوت بەشیدا باسی ژیانی توتنەوانێك دەکات، هەر لەو ڕۆژەی ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئاغاییێك دەبەستێت کە پارچە عەردێك بە کرێ بگرێت و پارەی توو و کەرەستەی ئیشکردنیش بە قەرز لێی وەربگرێت، تا ئەو ڕۆژەی بەرهەمەکە پێ دەگات. لەڕۆژی یەکلاکردنەوەی بڕی هەر تەرەفێك، توتنەوانەکە نە تەنیا بێبەش دەکرێت بەڵکو قەرداریشی دەکەن. لەم وێنەیەدا حەق و حیسابی ئیشکردن لەگەڵ عەولای توتنەوان دەکرێت:

**توتنەوان ووتی " بۆم بکەن حساو**

**بزانم وا زوو چۆن پارەم تەواو**

**وا بووە دوو مانگ هیچتان نەداومێ**

**"کێخوا ووتی " وەسەربانی چاو!**

**ئا... مەلا سەعید دەفتەرت دەرکە**

**سەیری بۆ عەولا چی هاتۆتە ناو؟"**[1]

لەدوای وەسفکردنی سەرو سیمای مەلا، شاعیر وەسفێکی وردی دەفتەری مەلای حیسابداری ئاغا دەکات، کە تۆماری درۆ و فێڵکارییە:

**مەلا دەفتەری لە باغەڵ دەرکرد**

**دەفتەر چ دەفتەر پەرپووت و گەچلاو**

**ئەرقامی زل زل خەتی خوارو خێچ**

**ئیملا فارسی بە کوردی نووسراو**

**نەم دی پەڕێکی بێ فێڵ نووسراو بێ**

**نەم دی وشەیەك ساغ و نەڕنراو**[2]

---

[1] عەبدولخالیق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپخانەی (دار آفاق عربية للصحافة و النشر)، بەغدا ١٩٨٥، ل٢٢٤، دێڕ١-٣.

[2] سەرچاوە ی پێشوو، ل٢٢٤، دێڕ ٦-٨.

لـه کۆتـایی دیدارەکـەدا شـاعیر بـە شـێوەیەکی وردەوە ئـەنجامی ئـەرکی هەریەکێکیان لە کێخواو مەلا و عەولای توتنەوان لێکدەداتەوە و خۆی هزر لـە سەدانی وەکو عەولاّی زۆڵملێکراو دەکاتەوە:

**مەلا دەفتەری ســـەرەو ژێر دەکرد**

**عـەولاّ مونتـەزیر مـل کـەچ و داماو**

**کێخوا سمێڵی مشت و ماڵ دەکرد**

**منیش بیر لەسەد (عەولاّ)ی ماڵ ڕماو**(1)

شاعیر لەم وێنـە ئایرۆنییـەدا ڕەخنـە لـە ڕەفتـاری دوو کـەس دەگرێـت کـە پیاوانی ئاغان، یەکێکیان (کێخوا) یە و ئەوی دیکە (مەلا) یە، هەڵسوکەوتیان گوزارش لە ڕەفتاری ئاغا و دەستوداری دەکەن کە چینی بالاّدەسـتە. هەوڵـە بێ سوودەکانی توتنەوانیش گوزارش لە ژیانی چەوساوەیی دەکات کە چـینی کرێکارە. لە میانی هەر حەوت بەشی شیعرەکەدا، خوێنەریش بـە ئاسـانی لـە جیاوازی نێوان چینی دەرەبەگ و چینی زەحمەتکێش دەگات.

هەبوونی جیاوازی چینایەتی، بە ڕای (قانع) پێوەندی بـە زەمەنـەوە هەیـە، لەوانەیــە پێکهاتــەکان بگــۆڕدرێن، بــە تایبــەتی ئەگــەر کۆمــەڵ ویــستی کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی هەبێت، بەلاّم لە کوردستاندا لەو پەڕی خراپیدا بووە، بۆیـە شـاعیر لـە هەڵبەسـتێکی پێـنج خـشتەکی کـە لـە حـەوت کۆپلـە پێکهاتووە دوو جار ڕەخنە لەو بارودۆخە دەگرێت:

- جیاوازی چینایەتی دیاردەیەکـەو لـە هـەموو کۆمەڵێکدا هەیـە و پێویـستە کۆنترۆڵ بکرێت، بەلاّم لە کوردستاندا بە بەرەڵایی ماوەتـەوە، هـەر وەکـو لـە کۆپلەی یەکەم و دووەمدا دەڵێت:

**برا بـڕوانــە لــەو جێیە هــەرایە**

**یەکێ ڕووتە، یـەکێ وەك پادشایە**

---

(1) عەبدولخالیق عەلائەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤، دێڕ ٩-١٠.

**یەکێ پێ خاوســە و یەك بێ کـەوایە**

**زەمانێ ســەیرە، دنیا سینەمایە**

**فیلمی پڕ لە جەورە وا لە کایە**[1]

شیعرەکانی قانع بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگدانـەوەی ژیـانی ڕۆژانـەی خـەڵك بوونــە، ڕێژەیــەکی زۆریــان بــۆ دیــاردەی جیــاوازی چــینایەتی و کێــشەی چەوساندنەوە تەرخانکرا بوون، بۆ نموونە، شیعرەکانی: نەگبـەتی کـە هـات، گلەیی لە ناو چاو[2] و (تۆڵەسەندن، هەرسێکمان، باسی نۆکەری پـیر، کـۆتر و ڕاوچی)[3]، کە هەموویان بە تەکنیکێکی ئایرۆنی هۆنراونەتەوەو بۆ مەبەسـتی ڕەخنەگرتن بەکارهاتوون.

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨، کۆ١.

[2] ڕۆژنامەی ژین، ژ ٦٧٦ ساڵی ١٩٤٢.

[3] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢-١٧٣، ل١٨٤-١٨٥، ل ٤٨٥-٤٨٧، ل ٤٩٢-٤٩٤.

## تەوەری دووەم : لە بواری گەندەڵی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا

شاعیرانی کورد بە پێی بەها باڵا نەگۆڕەکانی مرۆڤایەتی، هەروەها بەها باڵاکانی سەردەمیش[*] بارودۆخی کۆمەڵگەکەیان هەڵدەسەنگاند و دەیانکردنە ئامانجی داهاتوویان وهەوڵی جێبەجێکردنیشیان دەدا، چونکە ((لە چوارچێوەی کۆمەڵێکدا، ناتوانین لە ئینسان وەك بوونەوەرێکی ئادەمیزادی کاریگەر بکۆڵینەوە، ئەگەر بێتو بەهاکانی نەزانین. بۆیە پێویستە بەهاکانی لە شێوەیەکی ڕێکوپێکی ڕیزبەندکراوداو لە یەك جۆری تەواودا پۆلێن بکرێن، کە وامان لێ بکات ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆیانەی پێشبینی بکەین و وەك مەبەستێکی پراکتیکیش کۆنترۆڵ بکرێن))[1]. شاعیرانی کوردیش تێکەڵی کێشەکانی خەڵك دەبوون و لەنێو ئازار و مەینەتییەکانیان دەتوانەوە، بە قووڵی هەست بە خەوش و نەخۆشییەکانی کۆمەڵیشیان دەکردو ڕاو بۆچوونیان لەسەر بنیات دەنا، لەم بارەوە (کەمالی) دەڵێت:

**کاری دنیا ئێستە گۆڕاوە هەمووی تێ ئەفکرم**

**مەشقی نووسین هەر بە کوێر و غار بە ئەسپی شەل ئەکا[2]**

کاتێك خەوش و کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ دەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی بۆچوونە سوودبەخشەکان، کارە چاکەکان پاشەکشە دەکەن و بەها باڵاکانیش دەشێوێنرێن، بۆیە شاعیریش هەڵوێستێکی توند

---

* بەها باڵا نەگۆڕەکان کە گیانی ڕاستگۆیی دەپارێزن وەکو (وەفاداری مرۆڤێك بۆ مرۆڤێکی دیکە، دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێ، خۆبەختکردن..) بڕوانە: (البان ج. ویدجیري، المذاهب الکبری في التأریخ من کونفوشیوس الی توینبی، ت: ذوقان قرقوط، ط٢، دار القلم، بیروت١٩٧٩، ص٣٠٣، ف٢). بەها باڵاکانی سەردەمیش وەکو(خۆشەویستی نیشتمان، ئازادی، ڕێزگرتنی بەرانبەر، بیروباوەڕی ئایینی...).

[1] د. صلاح قنصوة، نظریة القیم في الفکر المعاصر، ط٢، دار التنویر للطباعة و النشر، بیروت ١٩٨٤، ص٨٧، ف١.

[2] دیوانی کەمالی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩، دێش٢.

بەرانبـەریان وەردەگرێـت و هـەوڵ دەدات ڕیسوایان بکـات، باشـترین ڕێگـەی دەربـڕینیش بـۆ ئـەم جـۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیـە شـێوازی گاڵتـەجاڕی خـەم ئـامێزە، کـە بـە هـۆی ئـایرۆنی چارەنووسـەوە دەتوانێـت بـێ سـەلیقەیی هاودژەکـانی کێـشەکە بخاتـەڕوو، لـە هـەمان کاتیـشدا سـەرنجی خوێنـەر بـۆ مەبەسـتەکانی ڕابکێـشێت و بـە شـێوەیەکی هونـەری بنـەماو ئەنجامـەکانی گەنـدەڵی کۆمەڵایـەتییان بـۆ ڕوون بکاتـەوە، بـە تایبـەتی ئـەم حاڵەتانـەی خوارەوە، کە لەو ماوەیەدا یەکجار بەربڵاوبوون:

کاتێك بـەها کۆمەڵایەتییـەکان تێـك دەچـن، کـەلتووری میللـی دەشـێوێت و بنەماکانی دابونەریتی خەڵکیش سست دەبن و شیرازەی ژیانیـان هاوسـەنگی خۆی لەدەست دەدات و هاودژەکانیش لە نێـوان لایەکانیـدا زۆر دەبـن، بۆیـە ئەو شاعیرانەی لـە کێـشەکانی خەڵکـەوە نـزیکن دڵگـران دەبـن و لـە ڕێگـەی شیعرەوە هەوڵ دەدەن بەهاکانی کۆمەڵ لـە ئاسـتێکی ئاسـاییدا بمێننـەوە و ئەوانەی تێکچوونە ڕاستی بکەنەوە. بۆ نموونە، دایکـی خوێنـدەوار و شـارەزا ئەرکەکانی خۆی و ناو خێزان و ناو کۆمەڵ بە باشی بەڕێوەدەبات، بـەلاَم لـە بـارودۆخێکی نالـەباری وەکـو سـالآنی لـەدوای یەکـەم جـەنگی جیهانییـەوە، زۆربەی دایکان نەخوێندەوار و کاڵەفام مابوونـەوە. (پیرەمێـرد) ڕەخنـە لـەم ناهاوسەنگییە دەگرێت:

| | |
|---|---|
| **تازە ئێمە تێگەیشتووین** | **دایکی چاکی خوێندەوار** |
| **نەسلی وا دێنێتە مەیدان** | **قەومـەکەی پێ بێتەکار**[1] |

شاعیر دەست لەسەر ئەم هاودژییە دادەنێت و بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ جیاوازی لە نێوان ئەوانەی ئەرك و بەرپرسێتی دایك دەزانن و ئەوانەی هێـشتا لـەم مەسـەلەیە تێنەگەیـشتوون، خوێنـەر دەتوانێـت هەڵوێـستی دروسـت دەستنیشان بکات.

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧، دێڕ٣-٤.

- پێوەری هەڵسەنگاندنی کارمەندان و بەرپرسان بەکارامەیی و لێهاتوویی ئەنجام نەدەدرا، بۆیە کەسانی هەڵپەرست و بێ هەڵوێست دەگەیشتنە پلە و پایەی بەرز و بەرژەوەندییەکانیان لە گەڵ پلانی داگیرکەرو کاربەدەستە بالآکان دەگونجاو تێکەڵ دەبوون و بەرژەوەندی گشتی لەناو دەچوو. شاعیران لەم حاڵەتە پەست دەبوون، گاڵتەیان بەو نەریتە دەهات و ناڕاستەوخۆ ڕیسوایان دەکرد، بەبێ ئەوەی باس لە کەسانێکی دەستنیشانکراو بکەن. (بێکەس) تێکچوونی ئەم بەهایە بە کارێکی بەدڕەوشتی دادەنێت، بۆ ئەوەی خوێنەری هۆشیار ئەو ڕاستییە تێ بگات، کە ناکرێت ئاست و پایەی کارمەندانی دەوڵەت تەنیا بە پێی نۆکەرایەتی و پانکردنەوەو ڕازیکردنی بەرپرسانی سەرەوەتر هەڵبسەنگێنرێت:

**ئەوەی خائینی موڵك و میللەتە**

**دائیم لە بەحری ناز و نیعمەتە**

**هەر وەتەن پەروەر غەرقی زیللەتە**

**خۆراك و خەوی دەردو میحنەتە**[1]

لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکاندا، بە چاوی گومانەوە سەیری کردەوەکانی دەستکورت و هەژاران دەکرێت، دارایی و سامانی دەوڵەمەندانیش کەموکووڕییەکانیان دادەپۆشێت. ئەم هاودژییە نیشانەی تێکچوونی بەهایێکی بالآی مرۆڤایەتییەو لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشدا تەشەنەی کردبوو. شاعیران هەوڵی ڕیسواکردنی ئەم دیاردەیەیان دەداو پەنایان بۆ ڕەخنەی ئایرۆنی دەبرد، بە بێ ئەوەی هەستی کەسێك بریندار بکەن خاڵە نەرێنییەکانی ئەم نەخۆشییە کۆمەڵآیەتییەیان بۆ خەڵك ڕوون دەکردەوە. (ع. ح. ب) بەراوردێك لە نێوان ڕەفتاری کاربەدەستێکی دەوڵەمەند و

[1] دیوانی بێکەس، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣، کۆ٣.

هەژارێکی بێدەسەڵات دەکات و جیاوازی جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتردا دەخاتەڕوو:

**ئەی کابرای سەر کورسیی گوێز**
**نیوە داپۆشراو بە مێز**
**مێزی قاقەز لەسەر پرش**
**وەك ڕوویی خۆت چرچ و ترش**
**ئاخۆ بەچیم ئەزانی**
**وا خراپ تێم ئەڕوانی**
**بە مرۆڤێکی مەهتووك**
**بازاڕی و بێ ئابڕوو سووك**[1]

شاعیر هەڵویستی کابراییێکی چینی باڵادەست، دەخاتە نێو لایەنی تەرازووێکی ناهاوسەنگ، چونکە لایەنی بەرانبەر کە هەژارێکی تێدایە، ئەوەندە سووکە تەرازووەکەی پێ ڕاست ناکرێتەوە:

**ئەمە چونکە شرۆڵم**
**پینەکراو پانتۆڵم**
**پێڵاو لە تۆزا نقووم**
**لەش چڵکن و ، قژ هاتووم**
**ئاخر ئەی گەورەی وڵات**
**بۆ ئەوە هاتوومە لات**
**منی ئاوارەی برسی**
**دادی ئەم حاڵەم پرسی**[2].

---

[1] ع. ح. ب ، ناسۆری دەروون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

ئەم دوو حاڵەتەی هاودژو لە بەراوردکردنێکی ناهاوسەنگدا، وێنە ئایرۆنییە وشەییەیەکان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا ڕێکدەخەن، بۆ ئەوەی دیوی ناوەوەی مەسەلەکە ڕوون بکرێتەوە.

- نەوەی کۆن شانازی بە دەسکەوتەکانی دەکات و چاوەڕێیە کە نەوەی نوێش ڕێبازەکەیان پەیڕەو بکات و بەرەو پێشەوەی ببات. بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەوانەوە، نەوەی تازەیش بیر لە گۆڕان دەکات و لەوانەیە گەلێك لە ڕەفتار و نەریتە کەونەکان پەسەند نەکات و بە شتێکی پێویستیشی نەزانێت. ئەم هاوکێشەیە لە کۆمەڵی کوردیدا لاسەنگ بووبوو، شاعیرانیش لە دوو لایەنەوە ڕەخنەیان لێی دەگرت. لە لایێکەوە کارەکانی نەوەی کۆنیان ڕەت دەکردەوەو گلەییان لە هەڵوێستیان دەکرد، کە بە ئەرێنی مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان نەکردووە و بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەو بارودۆخە سەختەی کە میللەت تووشی بووە. (هەژار موکریان)دەڵێت:

ئەو کوردەی ئێستا ژێر دەستە — بە خۆی نازانێ و بێ هەستە

هێندێکی سوورە و هێندێك شین — هێندێك تێنەگەیون چین!

زۆربەی نوقمی ڕیش و پرچە — پێت وایە ئامۆزای ورچە![1]

لە لایێکی دیکەوە، هانی نەوەی نوێیان دەدا، کە هەڵەکانی نەوەی ڕابردوو دووبارە نەکەنەوە و هەموو توانا هزری و جەستەییان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی کێشە سەرەکییەکانی میللەتەکەیان چارەسەر بکەن. (مەلا محەمەدی کۆیی) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە ململانێی نەوەکان دەکات، خوێنەر تێدەگات کە مەبەستی ئەوەیە کە نەوەی نوێ دەتوانێت جێگەی خۆی لەنێو شارستانیەتی سەردەمدا بگرێت و ئەوەی نەوەکانی پێشتر لەدەستیان دابوو، ئەوان دەتوانن بیگەڕێننەوە:

[1] هەژار موکریانی، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥، دێڕ١-٣.

**عونصورێکی لە فەوقی جەمعی ئومەم**

**صاحیبی حەزم و ڕەزم و بەزم و کەرەم**

**لاوەکـان قـەدری ئەصـلی خـۆ ئەگرن**

**پـیرەکـان بـا لـە زیـللەتـا بمـرن**(١)

بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە جاری وا هەبووە بە ناحەق نەوەی نوێ سەرزەنشتی نەوەی کۆنی کردووەو ڕێزی لێ نەگرتووە. (خادیم) لە وێنەیەکی بەراوردکاریدا پێوەندییە سەلبییەکەی لەنێوان هەردوو نەوەدا دەخاتەڕوو:

**وەزعی ئەهلی ئەم زەمانە هیچ لە جێگای خۆی نییە**

**هـەرچی ئەیبینی لە عالەم کردەوەی باشـی نییە**

**تەربیـەی مابەینی گەورەو گچکە شـیرازەی پسـا**

**مەسـخەرەی مندالە هـەرچی پیری حەفتا سالەیە**(٢)

خوێنەر مەبەستی شاعیر تێدەگات کە نەوەی ئێستا بێ ئاگایە و پێکەنینی پێ دێت، چونکە ئەم هەلوێستە گوزارش لە گەمژەیی خاوەنەکەی دەکات. لەهەمان کاتیشدا بەزەیی پێ دێت کە دەزانێت ئەم نەوەیە بێ گوناحە و بووەتە قۆچی قوربانی نەزانین و غافلبوونەکەی، بۆیە لەنێوان پێکەنین و ئازاردا خوێنەر بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە لایەنگیری قوربانییەکە بکات، ئەمەش سیمایێکی سەرەکی ئایرۆنییە. (شاهۆ) لەبارەی لەناوچوونی نەریتە باشەکان و زالبوونی نەریتە خراپەکانەوە دەلێت:

**حەق نەما مۆدەی بەسەرچوو (مروەت و ئینساف و عەدل)**

**ئـەو کەسـە مەقبـووله زولـم و ئیـفترا و بوختـان ئەکـا**(٣)

---

١ دیوانی مەلا محەمەدی کۆیی (دیاری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣، کۆ٢.

٢ دیوانی خادیم، ب٢، جەمال محەمەد محەمەد ئەمین ئامادە و ساغی کردۆتەوە، چاپخانەی (دار الحرية) ژمارە٢، بەغدا١٩٨١، ل١٥٩،دێش ١-٢.

٣ دیوانی شاهۆ، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٧، دێش٦.

شاعیر هەر سێ بنـەماکانی حـەقی بەرانبـەر هـەر سـێ بنـەماکانی ناحـەقی بەراورد دەکات و هاودژەکانیانیش دەستنیشان دەکات، کە چۆن سوود، یـان زیان بە خەڵك دەگەیەنن، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسـیارە ئەوەیـە کـە بۆچـی بنەماکانی ناحەقی پەسەندن و خەڵکەکە ملکەچی زیانەکانی دەبـن. لەوانەیـە خوێنەر تێ بگات کە ئەمە زەنگێکی ترسناکە لە بـواری تێکـچوونی بـەهاکانی کۆمەڵدا.

ـ تایەفەگـەری نەخۆشـییەکی کۆمەڵایەتییـە، چـەند ئامـانجێکی سیاسـیش هــەوڵی تەشــەنەکردنی دەدەن، بــۆ ئــەوەی بــە ڕێگەیــەکی ناڕاســتەوخۆ بیروبـاوەڕێکی دەستنیـشانکراو بەسـەر خەڵکـدا بـسەپێنن. ئـەم نەخۆشـییە خەتەرناکتر دەبێت کاتێك دوو بیرو باوەڕ یان زیاتر لە ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی تونـددا مـەیلی لـەناوبردنی یەکـدی دەدەن. لـە شـیعری نـوێی کوردیـشدا تایەفەگەری وەکو دیاردەیەك دەبینرێت بە تایبەتی کـە شـاعیران ڕەخنـە لـە ململانێی نێوان پەیڕەوکەرانی ڕێچکە ئایینزاکان دەگرن، یانیش بە ڕێگەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئـەو هەڵـەو کەموکوڕییانـەی کەوتونەتـە نێـو پرەنـسیپەکانی تەریقەتێك یان ئایینزایێك شیدەکەنەوە بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕاستییەکان تێ بگات و ئەوانەی پێوەنـدییان بـە مەسـەلەکەوە هەیـە ئاگـادار بکرێنـەوە. بـۆ نموونـە، ململانێـی ئـایینزایی (مەزهـەبی) لـە سـاڵی (١٥١٤ز)ەوە لـە نێـوان دەوڵەتی عوسمانی کە سوننە مەزهـەب بـوو، دەوڵـەتی سـەفەویدا کـە شـیعە مەزهەب بوو دەستی پێکرد[1]، بە تایبەتی کـە ((گەنجـە سـۆفییەکان لەسـەر شێوەی عەشیرەتگەری خزمەتیان لەنێو سوپای دەوڵەتی سەفەویدا دەکرد و لـە شـەڕی چـالدێراندا شکـستیان خـوارد))[2]. ململانێـی هـەردوو دەوڵـەتان

[1] د. عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠، پ٣.

[2] د. محمد السعيد عبدالمؤمن، الظواهر الادبية في العصر الصفوي، مكتبـة الانجلـو المـصرية، القـاهرة ١٩٧٨، ص٤٥، ف١.

کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی ئایینی خەڵکی کوردستانیش هەبوو، چونکە لە لایێکەوە دووبەرەکی لەنێو کورددا دروست کردبوو، لە لایێکی دیکەیشەوە هەردوو دەوڵەتی ناوبراو کوردیان وەکو ئامرازێکی ڕووبەڕووبوونەوە دژی یەکدی بەکاردەهێنا. ئەم دووبەرەکییە ببووە دیاردەیەك و لەنێو شیعری کوردیشدا ڕەنگی دابووەوە، بەتایبەتی لەنێو شیعری نوێی کوردیدا. بۆ نموونە (زێوەر) ئەو ئاژاوەیەی کە لەدوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە لە وڵاتدا پەیدابووبوو، دەیگەڕێنێتەوە بۆ لەڕێدەرچوونی ئەهلی سوننە لە ڕێبازە ڕاستەکەیان. شاعیر ڕەخنە لە پەیڕەوکەرانی دەگرێت و لە وێنەیەکی بەراوردکاریدا ئاگاداریان دەکاتەوە کە مەزهەبەکەیان وا تێکچووە وەکو مەزهەبی (شیعە)ی لێهاتووە:

**ئاشووب و بەلاّ و فیتنە وەکو تەرزە ئەبارێ**
**هەر جەردەیی و هەر دزی و کوشتنە ئێستا**
**فەرقێکی لەگەڵ (شیعە) نەما مەزهەبی سوننی**
**هەر گرتن و لێ بردن و تێ خستنە ئێستا**[1]

خوێنەر دەتوانێت لەمیانی ئەم دوو دێڕە شیعرەدا ئەو ڕاستییە هەڵنجێنێت کە زۆربەی خەڵکی کوردستان لە سەر دوو مەزهەبی هاودژ پەروەردە کرابوون، کە ئەگەر هەر یەکێکیان بنەماو ڕێساکانی خۆی لەدەستدا، ئەوە لە چاکە و ڕاستی بێبەش دەبێت و لە بنەماو ڕێساکانی مەزهەبی دیکە نزیك دەبێتەوە کە ئەو پەڕی خراپی و شەڕانگێزیی تێدا بەدی دەکرێت، کەواتە هەر لایەنێك تەنیا مەزهەبی خۆی بە ڕاست و دروست دەزانێت. زۆربەی شاعیرانی کورد لە ماوەی نێوان (١٩٢٥–١٩٧٠) دا موسڵمان بوون و پابەندبوونیان بە پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلامەوە هەبوو، ڕەخنەیان لە هەر حاڵەتێکی نائاسایی و نامۆ لە ڕێنماییەکان دەگرت و خەڵکیان لە زیان و

[1] زێوەر، سۆزی نیشتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣، دێش ٢-٣.

سەلبیاتی ئاگادار دەکردەوە. بۆ نموونە (مەلا محەمەدی کۆیی) ڕەخنە لەو شێخ و مەلایانە دەگرێت، کە خۆیان بە نوێنەری مەزهەبی سوننی دادەنێن و لە ڕاستیدا خزمەتی ئایین ناکەن، بەڵکو بە ناوی ئایینەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەسەڵات جێبەجێ دەکەن:

**تۆی شێخی ئەهلی سوننە و جەماعەت**

**بەو هەموو فێڵ و کەید و تەماعەت**

**هەروەکو پاپی بەهەشت دەفرۆشی**

**وەی قوڕت بەسەر گەلێ بێ هۆشی[1]**

خوێنەر تێدەگات کە مەبەستی شاعیر پێچەوانەی ئەوەیە کە دەگوترێت، پێی وایە کە مەزهەبی سوننی ڕێبازێکی خوداناسی پاکە، بەڵام کەسانێك بە ناوی ئەم مەزهەبە کار و کردەوەی نابەجێ دەکەن و ئەم جۆرە ڕەفتارانە نزیك ئەو شێوازەیە، کە پاپای مەسیحییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست پەیڕەوی دەکرد، کەواتە بە مەزندەی شاعیر مەزهەبی سوننی پاکتر و ڕاستره لە مەزهەبەکانی دیکە و ئایینی ئیسلامیش لە ئایینەکانی دیکە ڕاستره. شاعیران گاڵتەیان بە ڕێبازی حوکمڕانی دەوڵەتانی ناوچەکە دەهات، کە لە ناوەوە بۆگەنن و ڕێز لە قانون ناگرن و لە ڕێبازی ڕاستەقینەی ئایینیان لاداوە، بەڵام بۆ بەجێهێنانی مەرامەکانیان هەر بە ناوی ئایینەوە قسەیان دەکردو بە بیانووی یەکخستنەوەی مەزاهیبەکانەوە پەلاماری خەڵکی بێ پشت و پەنایان دەدا، بەتایبەتی میللەتی کورد، بۆ نموونە (ئەسعەد مەحوی) دەڵێت:

**حکوومەت گورگە ئەهلی بوو بە مەڕ حاڵی پەرێشانە**

**درۆ قانوونە حەق ون بوو مەزاهیب دینی ئێشانە[2]**

---

[1] دیوانی مەلا محەمەد کۆیی (دیاری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣، دێڕ ١- ٢.

[2] دیوانی ئەسعەد مەحوی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١، دێڕ١.

لــەبارەی هــزری مەرجەعییــەتی ئایینزاکانــەوە، زۆربــەیان لــە دەرەوەوە هاتوونەتـە کوردسـتان. (شـاکر فـەتاح) لـە وێنەیـەکی ئایرۆنیـدا بـەراوردێکی ڕەخنەیی لە نێوان دوو ئایینزادا دەخاتەڕوو:

**شافیعی عـارەبێکە لەو چۆڵە**

**حەنەفی کوردی شاخ و ناو دۆڵە**

**کورد ئەچـن ڕێی یەکەم ئەگرن**

**توخوا واز بێنـە با وەها بمرن!؟**[1]

خوێنەر ئەم هاودژییە لێکدەداتەوە و لە مەبەستی شاعیر تێـدەگات، ئەگـەر زۆرینــەی کـورد پــەیرەوی مەزهــەبی حەنــەفی بکردایــە، ئێـستە بـارودۆخی کوردستان بە ڕەنگێکی دیکە دەبوو.

تەریقەتیش لایەنێکی دیکەی هزری ئـایینی بـووە، کـە مێژوویـەکی دێـرین و دەوڵەمەندی هەبووە لە کوردستان. هەندێك لە شێخەکانی تەریقەت بوونەتـە ڕابەری نەتەوایەتی و ژیانیـان بـۆ خزمـەتی گەلەکـەیان تـەرخان کردبـوو، بـۆ نموونە شێخ مەحموودی حەفید لە تەریقەتی قادریدا یەکێك لەو شێخانە بووە کە ((سەودا سەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد ببـێ و ژیـان و خۆشـی خـۆی لەپێناوی دابنێ و سۆفیگەرییەکەی بۆ ئەو مەبەستە پـشت گـوێ بخـات))[2]. بە پێچەوانەیشەوە شێخ و موریدی تەریقەت هەبوونە وەکو مشەخۆر ژیـاون و ڕێنماییەکانی تەریقەتیان بۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بـەکارهێناوە، شـاعیرانیش خاڵە لاوازەکانیان* دەقۆستەوەو بە گاڵتەجاڕییەوە ڕەخنەیان لێ دەگرت و بە

---

[1] شاکر فەتاح (سەرجەمی بەرهەم ـ ٢)، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی: ئەحمـەد سـەید عـەلی بـەرزنجی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل٢٧٢، کۆ٥.

[2] د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هـەولێر٢٠٠١، ل٧٥، پ٣.

* لە باسی سێیەمی ئەم بەشەدا بە درێژی باسی خاڵە لاوازەکـانی ئـەم جـۆرە سـۆفی و دەروێـش و کۆلکە مەلایان کراوە.

نیازی چاکسازی و خستنەڕووی ڕاستییەکانەوە ناڕاستەوخۆ باسی هەموو حاڵەتە سەلبییەکانیان دەکرد. بۆ نموونە (مەلا محەمەدی کۆیی) ڕەخنە لە خووو ڕەفتاری لەڕێدەرچووەکانی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی دەگرێت:

**تەریقی قادری و نەقشبەندی**
**بەبای دا ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی**
**هەموویان بوونە سۆفی و پیرو دەروێش**
**بە بەرماڵ و سبحەو ڕشتەو ڕیش**
**هەموو بێ ئیش و بێ کارو تەوەزەل**
**ورگ پان و مل ئەستوورو سەلك زل**[(١)]

– لەنێو شیعری نوێی کوردیدا، شاعیران وەکو چاکسازێکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەیان لە دیاردەی تەمەڵی گرتووەو گاڵتەیان بە خەمساردی گەلەکەیان هاتووە، مەبەستیان شکاندن و سەرزەنشتکردن نەبووە، بەڵکو هۆشیارکردنەوەو بەخۆکەوتنەوەی کۆمەڵ بووە. خەڵکەکەیش ڕاو بۆچوونی شاعیریان لێکدەدایەوەو دەیانزانی ئامانجیان لەو گلەیی و تەوس لێدان و گاڵتەجاڕییە پێچەوانەی ئەو مانا ڕووکەشانەیە کە دەریدەبڕن، بۆ نموونە (زێوەر) تەمەڵی بە دیاردەیەکی دژی خواپەرستی دادەنێت:

**ئەمووت لە داخی (دەهر) ئەچمە کونجی (عابیدان)**
**زانیم تەمەڵ "عەدووی" خوا بوون گەڕامەوە**[(٢)]

---

[١] لە چاپی چوارەمی (دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، ل ١٢) دا، ئەم شیعرە بە ناونیشانی (قازانجی شێخەکانمان) هاتووەو لە دێڕەشیعری دووەمدا هەردوو وشەی (قادری) و (نەقشبەندی) ڕەشکراونەتەوەو شوێنەکانیان بە بۆشایی ماونەتەوە، بەڵام لە چاپی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددیندا دێڕەشیعرەکە بە تەواوەتی نووسراوەتەوە. / بڕوانە: عەبدولخالیق عەلائەدین، مەلای گەورەـ زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٩٤، ل١٠٤، دێش٢.
[٢] زێوەر، سۆزی نیشتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠، دێش٥.

خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی مانا نادیارەکانی دەربڕینی شاعیر تێ بگات، کە هەر کەسێك لە کێشەو ماندووبوونی ژیان ڕابکات، کاتەکانی تەنیا بۆ خواپەرستن تەرخان بکات، ئەوە گۆشەگیر دەبێت و کار و کاسبیش لەدەست دەدات، شاعیر ئەم حاڵەتە بە تەمەڵی دادەنێت، ئەگەر تەمەڵیش دوژمنی خوا بێت، ئەوە کەس لەسەر خۆ قەبووڵ ناکات لەو سەنگەرەدا ژیان بەسەرببات. لە شوێنێکی دیکەدا شاعیر ناڕاستەخۆ جەخت لەسەر ئیش و کەسابەت دەکات و مەرجی سەرکەوتنیشی بۆ دادەنێت:

**هەر کردەیی ڕاست، تۆ ئەگەیەنێ بە مەرامت**

**ناگاتە ئومێدی بە قسە، زۆر زلی تەنبەڵ**[1]

(ئەسیری) پەرێشانی و بەدبەختی گەلەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کات بەفیڕۆدان و خەبات نەکردنی نەوەی پێشتر و ئەمەی ئێستا تووشی بوونە باجی تەمەڵی و نووستنی ئەوانە دەدەنەوە. شاعیر گاڵتەی بەو کەسانە دێت کە هێشتا نەگەیشتوونەتە پلەی تێگەیشتنی گیاندارانی دیکەو بزانن کە گەورەترین بەربەستی پێشکەوتن تەمەڵییە:

**تەمەڵی و کەیف و گەڕان و چایخانان و قومار**

**خۆ پەریشانکردن و ڕێگەی تورەقی بەستنە**

**ئەم پەرێشانییەت کە ئیمڕۆ وا کەشەنگی کردووی**

**زادەی کاتی جوانیتان نەزانی و نووستنە**[2]

شاعیر تەمەڵی و جەهالەت لە یەك خانەدا دادەنێت، چونکە ئەوەی تەمەڵ بێت هیچ زانستێك فێر نابێت و ئەوەی بۆ زانستیش تێنەکۆشێت پێش ناکەوێت و خۆی تووشی نەگبەتی دەکات.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠، دێش٩.

[2] دیوانی ئەسیری، ئا: کوردستان موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢، دێش ٣-٤.

## تەوەری سێیەم: لە بواری کێشەکانی ئافرەتدا

خێزان لە کۆمەڵی کورددا (( یەکەیەکی ئابووری سەربەخۆیە، لە ژن و مێرد و منداڵەکانیان پێك دێت و ئەرکە ئابوورییەکانیان لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن))[1]. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی خێزانێکی بنەڕەتییە و ئەرکی سەرەکی دایك و باوك منداڵبوون و پەروەردەکردنیانە، بە شێوەیەکی کەمتر خێزانێکی ئاوێتەییە کە هەندێك لە خزمە نزیکەکانیانیش لە گەڵدا دەژین و لەهەردوو حاڵەتدا پابەندبوونیان بە داب و نەریتی دەوروبەر ئەرکێکی فەر و هەمیشەییە، چونکە ڕەسەنایەتی خۆیان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا دەبیننەوە. کاتێك هەڕەشە لەم ڕەسەنایەتییە دەکرێت و بنەماکانی دادپەروەریش لەق دەبن، شیرازەی خێزان تێك دەچێت و کێشە و گیروگرفتی گەورە دروست دەبن، وێڕای ئەوە زۆربەی خەڵکی کوردستان ژیانیان لەژێر هێڵی هەژاریدا بوو، هەژاریش هۆیەکی سەرەکییە بۆ تێکدانی شیرازەی خێزان و چەندین کێشەی گەورەیشی بۆ دروست دەکات. شاعیرانی کورد هەست بە مەترسییەکانی ئەو کێشانەیان دەکردو پەنجەی چارەسەرکردنیش لەسەر هۆکارەکانیان دادەنا، چونکە لەکۆمەڵێکی دواکەوتوودا – هەرچەندە – بە شێوەیەکی ساکارو سەرەتایی بەڕێوەبچێت، بەڵام چەندین کێشەی قیزەوەنی خۆی هەیە، کە شاعیران بە گاڵتەجاڕییەوە ڕەخنەیان لێ گرتووە، بۆ نموونە، زۆرجار کوڕ هەوڵ دەدات بە بیانووی خۆشەویستی و خواستن و ژنهێنان کچ هەڵبخەڵەتێنێ و بۆ مەبەستی ڕابواردن خۆی لێی نزیك بکاتەوە، (قانع) هۆیەکەیشی بۆ بیرکردنەوەی هەڵە لە پێکەوەنانی خێزان دەگەڕێنێتەوە:

---

[1] د. بدرخان السندي، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، ط٢، مطبعة حجي هاشم، أربيل ٢٠٠٧، ص١٢٦.

وا بنووسین، یا وەسـڵ بۆ یەکتری یا خاکـی گۆڕ!!

هەر کەسێ داوات بکا، بێسوودە خۆی ڕیسوا ئەکا

بۆ منیش ملکی بەهەشت پڕ بێ لە حۆر و بمدەنێ

گـەر دڵم بۆی ڕاچەنێ دووسـەد کەڕەت بێجا ئەکا

موختەسەر، بەم جۆرە فێڵە، کار ئەقەومێنـێ تەواو

ئەو کچـە بێچـارەیە تووشـی هەزار غەوغا ئەکا[1]

شاعیر لەم ڕەخنە ئایرۆنییەدا چەند ڕاستییەك دەخاتەڕوو، لەوانە:

– قـسەکانی کوڕەکـە ڕووکەشـی گفتوگۆیەکەیـە، بـەڵام ڕووی نـاوەوەی دەربڕینەکە گوزارش لە مەبەستێکی دیکە دەکات.

– کچەکە بێ ئاگایە و لە دۆخێکی غافڵبووندایـەو دەبێتـە قوربـانی پیلانـی کوڕەکە.

– خوێنـەری هۆشـیار بـەزەیی بـە حـاڵی قوربانییەکـە دێـت و لەوانەیـە پێکەنینیشی بە نەزانین یان گەمژەیی قوربانییەکە بێت.

– ڕەخنەی شاعیر زیاتر بەرەو ڕووی کچەکان دەکرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە داوو تەڵـە و هەڵخەڵەتانـدنی کوڕەکـان ئاگـادار ببنـەوەو بـە ئاسـانی نەبنـە نێچیری فێڵبازان.

(کامـەران مـوکری) ڕەخنـە لـە هەڵوێـستی ئـەو کـچانە دەگرێـت کـە خۆشەویستییان بەپارە دەگۆڕنـەوە، لـە دوو وێنـەی بەراوردکاریـدا دیمـەنێك دەخاتەڕوو کە پیاو بە خیانەتی دادەنێت وا دەزانێت پەشیمانی لەدوایە:

ئەوسا لە سەر پارەی مردوو

بگری، خۆزگەت بە ڕابردوو[2]

---

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥- ٥٦، دێش ١- ٢.

[2] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥، دێش١١.

ئافرەتیش بەپێچەوانەی پیاو بیردەکاتەوەو بە مافێکی خۆی دەزانێت کە تەنیا ئەو دەتوانێت بڕیارە چارەنووسسازەکانی خۆی دەستنیشان بکات، بەڵام پیاو وا دادەنێت کە لەو ساتەدا ژیانی ئافرەت بە مردن دەست پێ دەکات:

بڕۆ بۆ ژووری ئاوێنە
وەك تیمسالێك خۆت بنوێنە
تیمسالی مەڕمەڕی بێ گیان
ئەی قوربانی ساردی ژیان[1]

خوێنەر دیوی ناوەوەی کێشەکە لێك دەداتەوە، کە ڕەوشت بنەمای ڕاستەقینەی ژیانی ئینسانە. پارەو موڵك پاشکۆ و ئامرازن و خاوەنەکەی خەسڵەتە باشەکانی خۆی پێ ڕێك دەخات.
بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، کارێکی ئاساییە پیرەمێردێکی ڕیش سپی، بە بێ خۆشەویستی، کچێکی ناسك و نۆڵ بێنێت و بیکاتە پێخواردنی شەوێکی سوور. (کامەران موکری) بەراوردێك لەنێوان دوو حاڵەتدا دەکات، کە لە هەموو ڕوویەکەوە پێچەوانەی یەکترن:

نوێنی بۆ کرد، بە چوارچێوە
شەوگاری، لەگەڵ بڕێوە
گوڵی ئاواتی هەڵوەران
بەچی؟!! بە پارەی نەختێ نان!![2]

هەر هەمان پیرەمێرد کە لە ڕۆژی دووەمدا کچ و کوڕێکی گەنج دەبینێت، ڕق و قینی هەڵدەستێت، نەفرەت لەو بەدڕەفتارییە دەکات کە بەبێ شەرمی دوو دڵدار پێکەوە پیاسە دەکەن:

---

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦، دێش ٢-٣.
[2] هەمان سەرچاوە ، ل٦٩، دێش ٧-٨.

**کچ و کوڕێـک بە گــوزەرا**

**هاتـن، جلی جوان لەبەرا!!**

**دوو فریشتەی دڵـداری بوون**

**نەختێ بۆ گەشتی باخ ئەچوون**

**پیر، تفـێ کـردەوە، ئنجا**

**وتی: (ئای حەیا هەڵگیرا؟!!)**[1]

لەمیانی ئەم هەردوو دیمەنەی سەرەوەدا، خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی مانا شاراوەکانی هـەردوو ڕووداو لێك بداتـەوەو گاڵتـەی بـەو جیاوازییـە بێـت کـە پێچەوانەی ڕاستییە.

بە پێچەوانەی حاڵەتی سەرەوەیش، جاری وا هەیە پیرەمێردەکە ناتوانێت بە ئەرکی بایۆلۆژی هاوسەرگیری هەڵبستێت و ژیانی کـچێکی گـەنج دەکاتـە دۆزەخ. (زێوەر) بە گاڵتەجاڕییەوە باس لەو حاڵەتە دەکات:

**مەسئەلەی وەستا بیلال و بووکی تازەی بوو بە باو**

**وەختی پەردە پیرەزاڵە، وەختی مەجلیس نێرە پیاو**

**گوڵ کە ماڵی بولبولە زۆر حـەیفە کوند زەوتی بکـا**

**پیری هەشـــتا ساڵەکی چ بکا لە یاری مەســـتە چاو؟**[2]

ئــەوەی بــاو بــووە لــە کۆمــەڵی کوردەواریــدا، کــە مــاڵی کــچەکەش هــەر خوازبێنییەك پەسەند ناکەن و ئەوەی زیاتر سـەرنجی شـاعیرانی ڕاکێشاوە، چاوچــنۆکی خێزانــی کــچەکەیە بــۆ دەســکەوت و خۆدەوڵەمەنـدکردن، یـان خۆهەڵکێشان لەڕێگەی ئەو پێوەندییە خزمایەتییەوە کە لەنێوان دوو خێزاندا دەکرێت و پاشەڕۆژی کچەکەیان فـەرامۆش دەکرێـت. (کامـەران مـوکری) لـە ڕەخنەیەکی ئایرۆنیدا باس لەم حاڵەتە دەکات:

---

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠، دێش٢-٤.

[2] دیوانی زێوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤، دێش ١-٢.

خـوازبێنـی ئەوەنـده کـرا
تا هیچ کەس هیوای پێی نەما
باوکـی زاوایـەکی ئەویـست
زێـڕی بۆ بهێنـێ بەمسـت
حاجییەك بێ وەك خۆی..(دەسبڕ)
هـەر پارە، بوو، لەلای ئەو کوڕ[1]

لەبەر نەبوونی ئازادی و کەم دەرچوونی لە ماڵەوە، کێشەکانی ئافرەت تەنیا پێوەندییان بە کاروباری ناوماڵ و ئەندامەکانی دیکەی خێزانەوە نەبوو، بەڵکو دیاردەی بەدڕەوشتیش کێشەیەکی دیکەی خەتەرناك بووەو لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەبووە، هەر چەندە بە ئاشکرایی کارێکی باو نەبووە، یانیش وەکو پیشەیەکی دەستنیشانکراو نەدەبینرا، بەڵام شاعیران ئاماژە بە هەندێك لایەنی ئەم خەوشە کۆمەڵایەتییە دەکەن و بە وردی ڕوونی دەکەنەوە. بۆ نموونە، لەبارەی ڕەخنەگرتن لەو بەدڕەوشتییەی کە لە ژێر پەردەی ئایینەوە دەکرا، (مەلا محەمەدی کۆیی) ڕەخنە لە ڕەفتاری شێخێك دەگرێت کە لە ڕێی حەج دا لەگەڵ ژن و کچی مریدێکی خۆی ڕادەبوێرێ و تا دەگەڕێنەوە سکی هەردووکیان پڕ دەکات. شێخ لەترس و شەرمەزاری خۆی دەچێتە ماڵی مەلا فەندی[2] و مریدەکە بەم شێوەیە بۆچوونەکەی لەبارەی دەستدرێژی شێخ و بەدڕەوشتی خێزانەکەی دەردەبڕێت:

---

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢-١٨٣.

[2] ئەبو بەکر مەلا ئەفەندی (١٨٦٧-١٩٤٢) لە زانایانی هەولێر و ناودارەکانییەتی. دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی ئایینی، ئەرکی دەرس وتنەوەیان لە مزگەوتی قەڵات بینیوە، لەوانە: حاجی عومەری باوکی و ئەبو بەکری باپیری کە نازناوی کوچك مەلا بووە./ بڕوانە: (میر بەسری، ناودارانی کورد، و، لە عەرەبییەوە: عەبدولخالق عەلائەدین، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر٢٠٠٩، ل٢٣٥، پ٢).

**دێتە یادت کە بە شەو دەردەپەڕی**

**سەری قۆت سینەیی ڕووت پایی پەتی**

**وەکـو مایـن بەتەڵـەب دادەوەشـای**

**لات نەبـــوو ســـەبرو قـەرار و ڕەحـەتی**

**عاقبەت کەوتیە ژێر حەملەیی شێخ**

**بە دوو ســـەد حیلـە و مەکر و دەووتی**[1]

خوێنەر تێدەگات کە مریدەکە هەڵەی نـەکردووە کـە ژن و کـچەکەی لەگـەڵ جـەنابی شـێخی ناردوونەتـە حـەج، چـونکە مرۆڤـی بـاوەڕدار نیـازی پاکـە و خیانەت لە ئەمانەت ناکات، بەڵام نەفس نزمی شێخەکە و بەدڕەوشتی ژنەکـە ئاییـنیان کردووەتە ئامرازێك و لەژێر پەردەی ئەوەوە ئەو کەتنەیان کردووە.

- ڕەخنەگرتن لەو بەدڕەوشتی و دامێن پیسییەی، کـە بـە دزییـەوە دەکـراو دەچووە خانەی خیانەتی هاوسەرگیرییەوە. بۆ نموونـە پیـاوان بـە گومانـەوە سەیری ڕەفتاری هەر ئافرەتێکیان دەکرد، کە لەوانەیە ئەگـەر دەرفـەت بـۆی بڕەخـسێت دەسـت لـەکاری خـراپ نـەپارێزێت. ئـەم بۆچـوونە بـاوە لـە نێـو کۆمەڵدا زۆر کێشەی بۆ ئافرەت دروسـت کردبـوو. (کـەمالی) ئـەم حاڵەتـە لـە وێنەیەکی ڕەخنە ئامێزدا دەردەبڕێت:

**من لـەگەڵ تۆمـە ئەی برای گیانی**

**ئەگەر تۆ خـاوەن فام و ئینسـانی**

**هەجوی گەورەتر لە خۆت قەت مەکە**

**نەوەك باوکـت بێ تۆ پێی نـەزانی**[2]

دەربڕینی ڕاستەوخۆی شاعیر ئەوە دەگەیەنێت، کە دەبێت بـچووك ڕێـز لـە خۆ گەورەتر بگرێت، بەڵام خوێنەر مەبەستی ناڕاستەوخۆی شاعیر تێدەگات،

---

[1] دیوانی مەلا محەمەدی کۆیی (دیاری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨، دێڕ ٢-٤.

[2] دیوانی کەمالی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١، کۆ١.

که لەوانەیە بە شێوەیەکی ناڕەوا باوکی بێت و خۆی و کۆمەڵیش لێی ئاگادار نەبن و هۆی دروستبوونی ئەم گرێیەیش بۆ دایك دەگەڕێتەوە، کە ئافرەتە و هەمیشە گومانی لێ دەکرێت. (عەبدولڕەحمان بەگی بابان) بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی بەدڕەوشتی ژن دەکات:

**ژن بە جوانی و حوسنی ڕوو، جینسی لەتیفی ئادەمە**
**چوون بە هۆی حەیز و منالْ و شیرەوە خوێنی کەمە**
**فیکری دووربینی نییە، ئیشی هەموو واتە دەمە**
**نەفسی ئەممارەی بجووڵێ هەر لە عالەم بێ غەمە**[1]

ڕووکەشی دەربڕینی ئەم بۆچوونەی سەرەوە ئەوەیە کە شاعیر گرێی پێوەندی هەردوو ڕەگەز دەخاتەڕوو، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوەیە، کە هەندێ ژن بەپێی هەوەسی خۆی ڕەفتار دەکات و بەهاکانی ژیانیش بەهەند وەرناگرێت.

---

[1] دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان ، ئا: مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغدا ١٩٨٩، ل٧٢، دێش٩-١٠.

## تەوەری چوارەم: لەبواری پشتگوێ خستنی مافی منداڵدا

منـــداڵی کــورد لــە چــەند لایەنێکــەوە مافــەکانی پێــشێل دەکــرا، لــە بەخێوکردنێکی ڕێکوپێکەوە تـا پـەروەردەکردنێکی دروسـت. هـەر یـەك لـەم لایەنانە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی لێی دەکەوتەوە، وەکو:

ئا- ڕێژەیەکی زۆر لە خێزانانی کورد بە هۆی کـەم دەرامـەتی و هەژارییـەوە نەیانتوانی بە شێوەیەکی دروست پێداویستییەکانی منـداڵانیان دابـین بکـەن. (کامل ژیر ) لە هەڵبەستی (هـەژار لـە جـەژنا) و لـە میـانی پێداویـستییەکانی منداڵێکەوە، باس لەباری ژیانی خێزانێکی کوردی لێقەوماو دەکات:

جەژنانە ئەمڕۆ شـــەق و لێدانـە

**شـین و شــەپۆڕو خــەم و گریــانە**

**منالْ لە کام کاك داوای پارە کـات**

**کاك پێ بەسراوی کوت و زیندانە**

**یا لە کام باوك داوای پەلاس کات**

**باوکی بێ فرمـان. بێ ئاو و نـانە**

**ئەی لە کام دایك داوای والاْ کــات**

**دایکی بەسـەزمان چاو بـە گریانە**[١]

شاعیر ئەم چەند وێنەیەی سەرەوە دەخاتەڕوو، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر بـیر لـە حاڵەتێکی دیکە بکاتەوە، کە پێچەوانەی ئەو ڕەفتارەیە کە دەرحـەق منـداڵی کورد دەکرێت. لە جەژندا، منداڵ ماچ دەکرێت و لە لایەن ئەندامانی خێزانەوە دیاری پێ دەدرێت، بەڵام لەو کەتوارە نائاساییەدا منداڵ لە هەموو خۆشییەك بێبەش کرابوو. ئەم حاڵەتەش بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زۆربـەی خێزانـەکانی ئەو سەردەمەدا ڕوویدەدا.

---

[١] کامل ژیر، نازەنین، چاپخانەی (النور )، بەغدا ١٩٧٥، ل٥٠.

ب ـ ئەو منداڵانەی بێ دایك و باوك مابوونەوە، کەس نەبوو بەخێویان بکات لە هەموو مافەکانیان بێبەش دەبوون، چونکە هیچ شوێنێك نەبوو پەنای بۆ ببەن. (قانع) لە وێنەیەکی ئایرۆنی ڕەخنە ئامێزدا، داوا لە دەوڵەمەندان دەکات کە ڕووی خانووەکانیان باش بۆیاغ بکەن بۆ ئەوەی منداڵە بێکەسەکان کە شەوان لە کۆڵانان دەخەون لە بن ئەو دیوارە جوانانە بحەسێنەوە:

دەستی من داوێنی تۆ، دیوارەکەت باش بۆیە کە

با بە شەو سەرمای نەبێ منداڵی بن دیواری کورد[1]

پ ـ ئەو منداڵانەی دەبوونە پێخۆری پەلامارە لەشکرکێشییەکانی سەر کوردستان یان ئەو ڕەشەبگیرییانەی کە بە کۆمەڵ لە گوند و دێهاتەکان ئەنجام دەدران و هیچ حیسابێك بۆ منداڵ نەدەکرا، دەکوژران، لەگەڵ خێزانەکانیان زیندانی دەکران و لە کەمترین مافەکانی ژیانیش بێبەش دەبوون. (أ. ب. هەوری) ڕەخنە لە هێرشی میری بۆ سەر ناوچە کوردییەکان دەگرێت، لە وێنەیەکی ئایرۆنی ئامێزدا مەینەتییەکانی منداڵانی کورد بەم شێوەیە باس دەکات:

کێ دی بە بەهار لاوك و حەیران

هەر دایکەڕۆ بێ و بۆ باوك گریان

منداڵ لە دەشتدا نووزەی بێ بۆ نان

لاشەی ئەو بۆ گورگ شەو ببێ بە خوان[2]

شاعیر ئەم هەڵبەستەی لەدوای هێرشی سوپای عیراق بۆ سەر دەڤەرە کوردنشینەکانی لە بەهاری (١٩٦٢) هۆنیوەتەوە، بەڵام خوێنەر تێدەگات کە

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢، دێش٨.

[2] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥، دێش ٩-١٠.

ئـەم جـۆرە ڕەفتـارە پێـشتر و چـەند جـاریش لـە گـەلێك شـوێنی دیکـەی کوردستان ئەنجامدراون.

ج ـ شاعیران ڕای گشتی خەڵکیان لە نێو شیعرەکانیاندا ڕێك دەخست. (هۆگر گۆران) گاڵتەی بـەو قـسانە دێت کـە باسـی دادپـەروەری دەکـەن، چـاوەڕێ دەکات خوێنەران وەڵامی پرسیارە شاراوەکانی نێو ئەم دەقە بدەنەوە:

**وەختی خۆی زۆر گەڕان خاکی کوردستان،**
**نان نەبوو، چنك نەکەوت، نەبوو بۆ ئەوان..**
**ناچاربوون جێ بێڵن نیشتمانی جوان،**
**بەهەشتی سەر زەوی بەهەشتی بێ نان!..**[1].

چ ـ لە نێوەی یەکەمی سـەدەی بیـستەم، ڕێـژەی پـتری خـەڵکی کوردسـتان گوندنـشین بـوون. ئاسـتی ڕۆشـنبیرییان نـزم بـوو. زۆربـەی ئـەو ئافرەتانـەی ئەرکی دایکایەتی و پـەروەردەکردنی منـداڵیان لـە ئەسـتۆ بـوو نەخوێنـدەوار بوون[2]. ئەمەش کێشەیەکی پـەروەردەیی – فێرکـاری بـوو، کاریگـەریی لـە سەر لایەنی هزری و دەروونی و تەنانەت جەستەیی منـداڵ هـەبوو. (کامـەران مـوکری) لـەمیانی گفتوگۆیـەکی ئـایرۆنی ئـامێزدا، بـێ بەشـبوونی منـداڵێك و ناشارەزایی دایکێك دەخاتەڕوو، پاکانەیی منداڵەکەو دڵڕەقی دایکەکە بەراورد دەکات:

---

[1] هوگر گۆران، کۆمەڵە شیعرێك، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٥٩، ل١٢، کۆ٢.

[2] بۆ نموونە،( دێهاتی کـوردی ئێـران، وەکـو هـەموو حـاڵی کوردسـتان، پلـەی نزمـی خوێنـدەواری سروشتییە، پێش دامەزراندنەوەی کۆمەلایـەتی سـالانی (٦٠-٧٠) خـەڵکی دێهـاتی ئێـران بـە کۆمەڵ نەخوێندەواربوون... ناوچە دێهاتییـەکانی کوردسـتان تـەنیا (٥٠٪) ی قوتابخانـەیان بـۆ دابینکرابـوو.) . بڕوانـە: ا. م. مینتیـشاشڤیلی، کـورد - کورتـەی پێوەنـدی کۆمەلایـەتی – ئابووری، ڕۆشنبیری و گوزەران، و: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چ١، چاپخانەی خـانی، دهـۆك ٢٠٠٨، ل٢٥١، پ٢.

**دایـــەگیان شووشـــەکەم شـــکان**

**شووشـــــە، جوانـــە بـــچکۆلەکە**

**زرنـــگ کـــە، دام بـــە زەویـــدا**

**دەنگــی لێ هــات وەك چۆلەکە[1]**

دایکەکە بە تووڕەییەوە سەرزەنشتی کچەکەی دەکات و هـەوڵ دەدات لێـی بدات:

**دەك ڕۆڵە دەستت هەڵوەریَ**

**خوا، ئەم نازەت لێ وەرگریَ**

**ئا، ڕامەکە، چوختی نەفام**

**با نـەختـێ تاڵاوت بـەمـێ[2]**

منداڵەکە بە نازو نوزەوە کەتنەکەی دایکی بەبیردێنێتەوە:

**دایە من، شووشەکەم شکان**

**بەڵام، خۆ تۆ بەری بەیـان**

**بـــــە ناڕەوا ...**

**لە سەر کراس، سوخمەو کەوا**

**نایلۆنی تـــازە داهـاتوو**

**دڵی بـاوکی منت شـکان[3]**

ئەمە دوو حاڵەتە پێچەوانەی یەکترن، شکانی شووشـە لەلایـەن منداڵـەوە و کاریگەرییەکـــەی لەســـەر دایکەکـــە، شـــکانی دڵ لـــە لایـــەن دایکەکـــەوە و کاریگەرییەکـەی لەسـەر منداڵەکـە. خوێنـەری هۆشـیار دەتوانێـت ڕامـانی هەردووکیان لێك بداتەوەو مەبەستی شاعیر تـێ بگـات، کـە دەیـەوێت بڵێـت: پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکە، هونەرە، زانستە.

---

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦، دێش١-٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦، دێش٥-٦.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦، دێش١٠-١١.

## تەوەری پێنجەم: لە بواری هەندێك لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکاندا

شاعیرانی کورد تەنیا ڕێچکەی پیاهەڵدان و شانازی کردن بە قارەمانێتی میللەتەکەیان نەگرتووتەبەر، بەڵکو هەوڵی خستنەڕووی ڕاستییەکانیش لە ئەستۆی ئەواندا بووە کە بە شێوازێکی ئاسان و گاڵتەجاڕییەوە ڕەخنەیان لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان گرتووە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە زیانەکانیان ئاگادار بکەنەوە. بە تایبەتی کە هەندێکیان وەکو دیاردەیەکی سەلبی و قێزەوەن لەنێو کۆمەڵدا تەشەنەیان کردبوو، و هۆکارو ئەدگارەکانیان بۆ هەموو خەڵکەکە ڕوون و ئاشکرا نەبوون، لەوانە:

### ١ـ نەخوێندەواری و جەهالەت

لەبارەی نەخوێندەوارییەوە (أ. ب. هەوری) ڕەخنە لەو خوێندەوارانە دەگرێت کە ڕەفتاریان باش نییەو زیانیان بۆ دەوروبەر هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کات بەفیڕۆ دەدەن و خەریکی عارەق خواردنەوەو قومارکردن بوونەو ڕۆڵیان لە نەهێشتنی نەخوێندەواریدا نەبووە. خوێنەریش مەبەستی شاعیر تێدەگات کە خوێندەواری سەلبی یاخود ـ خوێندەواری گەمژەو بێ ئاگا- هۆکارێکی یاریدەدەر بووە بۆ بڵاوبوونەوەی جەهالەت لەنێو کورددا، شاعیر ناوی کەس نازڕێنێت، خۆی بە نموونە دێنێتەوە و ڕەخنە لە بێ هەڵوێستی خۆی دەگرێت وەکو خوێندەوارێکی ناهۆشیار:

**خوێندەواری گەل زۆری وەك من بێ**
**ئەبێ تا ماوە دیلی دوشمن بێ**
**خوا نانی دەبڕێت پێغەمبەریش دۆ**
**وەك کوردی لێ دێ ئەویش ڕەنجەڕۆ**[1]

(جەگەرخوین) لەبارەی خوێندەواری و خۆڕۆشنبیرکردنی تاکەوە دەڵێت:

---

[1] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨، دێش ٩-١٠.

**دیٚ چلۆ زەنگین ببی ئیٚ کۆ دوسـەد باجیٚ بدی**

**ئیٚ نەزان بی، دیٚ چلۆ ڕوونی ل ئەیوان و سـەرا**[1]

شـاعیر ڕەخنـە لـە بـارودۆخی کۆمـەڵ دەگرێـت و گاڵتـەی بـە هەوڵـەکانی نەخوێنـدەواران دێـت کـە بـیٚ فێربـوون و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتییان بتوانن بەرەو پێشەوە بچن. خوێنەریش بـە ئاسـانی مەبەسـتەکانی تێـدەگات کە نەخوێندەواری هۆکاری سەرەکییە لە پاشکەوتنی ئـابووری و ئـاڵۆزبوونی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و بێتوانـایی گـەل لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری خۆیدا.

**٢ـ برسێتی و هەژاری:**

لەبەر خراپی باری ئابووری ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لەژێر هێڵـی هەژاریدا بـوون، چـونکە ((ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان لـەنێودا دابەشـکراوە خۆیـان لـەباری ئابوورییـەوە بـە وڵاتـی پاشـکەوتوو دانـراون، بێجگـە لـە کوردسـتانی عـیراق، مەڵبەنـدە کـورد نـشینەکان لـە هـەر کـام لـەو وڵاتانـەدا ناوچەی پاشکەوتووی ئەم وڵاتەن))[2]، بۆ نموونە ئەگەر ((داهاتی کشتوکاڵی لە تورکیا (١٠٠) بێت ئەوە لە هەکاری (٤١) و لە بەتلیس (٤٨) و لە دیاربـەکر (٦٥) بـووە))[3]. بـەم پێیـە ژمـارەی هـەژاران زۆر بـووە. مرۆڤـی نـەدارو دەستکورتیش لە نێو کۆمەڵدا زەلیل و ئێسك قورسە، لە ناچارییەوە چاوی لە دەستی خەڵکی دیکە دەبێت، ئەگەر قـەرزاریش بێـت سـەری لیٚ دەشـێوێت و دوور نییە تووشی کێشەو خراپکاریش ببێت. ئەم حاڵەتە ببووە دیاردەیـەکی

---

[1] جەگەرخوین، ئاگرو پرووسك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧، دێش٢.

[2] د. عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤، پ٢.

[3] د. مجیـد جعفـر، كردسـتان- تركيـا ( دراسـة اقتـصادية اجتماعيـة سياسـية في تحـت التخلـف الاستعماري)، مصدر سابق، ص٢٥٤، ف٤. / الارقـام مقتبـسة مـن احـصاءات (منظمـة الدولـة للتخطيط ، ١٩٦٣، ٤٩).

بەربلاوی ترسناك لەكۆمەڵی كوردەواریدا. شاعیرانیش ڕەخنەیان لە هۆكارو ئەنجامەكانی دەگرت، بە تایبەتی ئەو هۆكارانەی كاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك و ئایندەی وڵاتدا هەبوو. بۆ نموونە، (دڵدار) لەمیانی گفتوگۆیەكی لە نێوان توتنەوانێك و ڕێبوارێكدا، ژیانی خێزانێكی هەژاری گوندنشین دەخاتەڕوو:

"سەلام عەلێك " هۆ كاكەی ئاودێر
" عەلەیكە سەلام " پیادەیی تەنیا
ووتم " تینوومە " ئاوی سارد ئەبێ
ووتی " نازانم ماومانە یان نا!"
بڕۆ ژێر كەپر لە نێو گۆزە
ئاوی تێدا بوو بیخۆوە... ئەمما
نەخۆشی لێنە، گەر تێنویان بێ
بە خێری باوكت، ئاویان پێ بدە!![1]

لەم دوو وێنەدا، كە گوزارش لە كەشێكی نائاسایی دەرەوەو ناوەوەی كەپرەكە دەكەن. یەكەمیان، ڕەنجكێشانی ئاودێرێكە كە بە بێ پشوودان كاری ئاودێری دەكات، تەنانەت ناتوانێت خزمەتی میوانێكیش بكات. دووەمیان، ئەو خێزانە نەخۆشەیە كە بێ چارەسەری ماونەتەوەو كەس نییە یارمەتییان بدات. بە پێچەوانەوە لەجیاتی ئەوان ئاو بە میوانەكە بدەن، میوان ئاویان دەداتێ.

بێكاریش هۆكارێكی دیكەی هەژارییە، كاریگەرییەكەشی بە دوو ڕێگەوە تەشەنەی دەكرد:

---

[1] عەبدولخالیق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩، دێڕ ٧-١٠.

– دەوڵەت ناوچە کوردنشینەکانی فەرامۆش دەکردو لە ڕووی ئابوورییەوە بایەخی پێ نەدەدا[1]، بۆیە هەلی کار یەکجار کەم بوو. (بێکەس) گاڵتەی بە ڕەفتاری دەسەلأت دێت و هۆکاری دواکەوتنی میللەتی کوردیش بۆ بێکاری دەگەڕێنتەوە:

**کوردە تا کەی بێ خەبەر بی؟ نوستنت بێ عارییە**
**واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆکە هەر بێ کارییە**
**سەیری ئەم قەومانە کە چۆن بوون و ئێستا بوون بەچی**
**حەیفە بۆ تۆ وا ئەسیری بوویتە عەبد و جارییە**[2]

ـ مرۆڤی بێکار، کاتەکانی زیاتر بە کارە بێ سوودەکانەوە بەسەر دەبات و حەزی داهێنانی تێدا نامێنێت. لەم بارەوە (دڵدار) دەڵێت:

**هەڵسە بێ کاری هەتا کەی بێ حقوق و بەندکراو**
**هەڵسە بێ کاری هەتا کەی هەی لە ژێر خاك داڕزاو**
**هەڵسە بێ کاری هەتا کەی (معرضي أهداف) ڕاو**
**هەڵسە، هەڵسە بەس لە دەورەی مەی مەکە غیرەت کەشی**[3]

خێزان هەبوون بێ بەخێوکەر دەمانەوە، کەسیان نەبوو بژێوی ژیانیان دابین بکات، شاعیران ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان لە دروستکەرانی ئەم بارودۆخە دەگرت، کە لەمیانی خستنەڕووی هاودژەکانی نێو بابەتەکە، یان بە بەراوردکردنی چەند وێنەیەکی ئایرۆنیدا، خوێنەر لە مەبەستەکانی تێدەگەیشت. بۆ نموونە (ع. ح. ب) ڕەوشی هەتیوێکی ساوای یەك ساڵی لە خێزانێکی بێ سەمیان و بێ بەخێوکەردا دەخاتەڕوو. هاودژەکانی لە نێوان برسێتی منداڵێك و فرمێسکەکانی دایکە میهرەبانەکەیدا بەراورد دەکات:

---

[1] جليلي جليل و آخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، مصدر سابق، ص١٦٣، ف٢.
[2] دیوانی بێکەس ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤، دێڕ١-٢.
[3] عەبدولخالیق عەلائەدین، دلدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥، کۆ٥.

ساوا، ساوا، ساوای هەتیو
یەك ساڵانەی باوك نەدیو
ئەمژێ چەرمی مەمكی ڕزیو
هەر ئەیمژێ، ئەم دیو، ئەو دیو
دەم تەڕ ئەكا ژەكی مەییو
كز كز بۆ دایكی ئەڕوانێ
دایكە لە دڵیایە ژانێ
ئاخ چ ژانێ، داخ چ ژانێ
سك هەڵ ئەگوشێ بۆ نانی[1].

لەگـەڵ هـەبوونی ڕێژەیـەكی زۆر لـە كەسـی نـەدارو هـەژاری قـەرزار، بـەڵام بازاڕیش لە خێرخوازان بەتاڵ نەبوو، كە بـە دڵخۆشـییەوە دەستپێـشخەرییان دەكـرد و بـەهانای بێكـەس و دەسـتكورتەكانەوە دەچـوون، بۆیـە شـاعیرانی كوردیش ڕەخنەیان دەگرت، بەڵام ملكەچی ئـەو بارودۆخـە نـەدەبوون و لـەو بڕوایـەدا بـوون كـە مرۆڤـی كـورد لـە نەخۆشـیی نـەداری گـەورەترە، بـە گاڵتەجاڕییەوە ڕەخنە لە هۆكارو ئەدگارەكانیشی دەگرت. (هەژار موكریـانی) بەم شێوەیە وەسفی مرۆڤێكی هەژار لە نێو بازاڕدا دەكات:

بۆ هەژار دیتنـی بـازاڕ دەردە        دەس كـە واڵایـە دەسی لێ بەردە[2]

شاعیر لە بەرانبەر وێنـەی ئـەو هـەژارەدا، وێنەیـەكی دیكـەی خـەڵكی بـازاڕی شاری مەهاباد باس دەكات كە نیشتمانپەروەرن و خۆیان بە كەس وكاری ئەو هەژارە داناو ویژدانیان قەبووڵی نەكرد بەدەست بەتاڵی بگەڕێتەوە ماڵ:

---

[1] ع. ح. ب، ناسۆری دەروون، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧-٥٨.
[2] هەژار، بۆ كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧، دێش ١.

**خەڵكی بازاڕە كە هەروا مەردن؟ گوڵی بەر دۆست و لە دوژمن بەردن؟**
**چاخی دژواری لە مەیدان دەچەقن؟ تای تەرازووی یەك و تێكڕا دەتەقن؟**
**هەر بە بێگانە دەكەن گالەی خۆش؟ دەردی سەرتیپە[*] تەماتەی بێهۆش؟[1]**

لەم وێنە گاڵتەجارییەدا شاعیر لە یەك كاتدا ڕەخنە لەدوو حاڵەت دەگرێت: یەكەمیان دیاردەی هەژارییە كە لە نێو میللەتەكەیدا بڵاوبووەتەوە. دووەمیانیش هەڵسوكەوتی داگیركەرانە كە دەیانەوێ بەڕێگەی برسیكردن و تۆقاندنەوە گیانی ڕكابەری لای مرۆڤی كورد لەناوبەرن. خوێنەریش مەبەستی شاعیر تێدەگات كە نەفس بەرزی مرۆڤی كورد لە دیاردەی هەژاریی و چاوسووركردنەوەی داگیركەران گەورەترە. لە شاری سلێمانیش خەڵكێكی هەژارپەروەر هەبوونە، بە پێی توانای خۆیان یارمەتی دەستكورت و هەژارانیان داوە. (موفتی پێنجوینی) خێرخوازیی ئەهلی سلێمانی لە كاتی تەنگانەو بڵاوبوونەوەی برسێتیدا لە قارەمانێتی سەركردە مێژووییەكانی كورد باشترو گرنگتر دادەنێت:

**كە من بمرم لە ژێر باری زەلیلی و بێ كەسی ئەمڕۆ**
**بە من چی دەبدەبەی شاهی سەلاحەدین وبابانی**
**بە بێ غایە و ڕیا موفتی بڵێ دایم هەتا ماوی**
**فەقیرپەروەر هونەروەر هەر بژی خەڵكی سلێمانی[2]**

---

* لەبارەی ئەو (سەرتیپ) ە هەژار موكریانی دەنووسێت: ساڵێك پەهلەوی (شای ئێران) سەرتیپ هۆشمەند ناوێكی نارده سابلاّغ كە بە زەبروزەنگی خۆی سەررەقی خەڵكی مەهاباد نەهێڵێ. ڕۆژێك سەرتیپ دێتە ناو بازاڕ. لەپڕ وەك باران توێكڵە شووتی و تەماتە ڕزیوی بەسەردا دەبارێ ، ئیتر سەرتیپ هەر ئەو ڕۆیشتنە ڕۆیشت و نەهاتەوە ، بەلاّم ناوی دەركرد بە سەرتیپ باینجان. / بڕوانە: (هەژار ، بۆ كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧، پەر٥).

[1] هەژار، بۆ كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، دێش ٣-٥.

[2] دیوانی موفتی پێنجوینی ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١، دێش ١٠-١١.

### ٣ـ نیفاق

نیفاق هەموو کارە ناپەسەندو ناڕێکەکانی وەکو ئاژاوەگێڕی و دووڕوویی دەگرێتەوە، کە بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا تەشەنەی کردبوو، شاعیران ڕەخنەیان لێ دەگرت و زیانەکانیشیان دەستنیشان دەکرد. (ئەسعەد مەحوی) ئەم نەخۆشییە لەگەڵ هەستی نەتەوەیی بەراورد دەکات و بە هاودژی یەکدی دادەنێت، بۆیە کاتێک خوێنەر گوێ بیستی ئەدگارەکانی ئەم نەخۆشییە دەبێت، بیر لە پرەنسیپەکانی هەستی نەتەوەییش دەکاتەوە:

**(هەر نیفاقە) بوو بەخۆرە و کەوتە عومری لاوی کورد**

**هەر نیفاقە: باعیسی مەهتوکی و بەدناوی کورد[1]**

لەمیانی خستنەڕووی زیانەکانی ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە، خوێنەری هۆشیار لە مەبەستی شاعیر تێدەگات، بە ئاسانی پێچەوانەی دەربڕینەکە لێک دەداتەوە و ڕووی شارەوەی شیعرەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوەو فرمێسکی حەسرەت بۆ قوربانییەکە دەبارێنێت، بە تایبەتی کە شاعیر ئەنجامەکانی ئەم نەخۆشییە دەخاتەڕوو و لەناوبردنی میکرۆبی نیفاق بە ڕزگاربوونی کورد دەبەستێتەوە:

**هەر نیفاقە: قەومی ئێمەی خستە دەستی ئەجنەبی**

**هەر نیفاقە: بووینە عەبدو کۆیلەو ڕووخانی کورد[2]**

(خادیم) هەبوونی نیفاق لەنێو کورددا بە شتێکی هەنوکەیی دادەنێت، کە لە ئەنجامی بارودۆخێکی ناهامواری ئێستەدا دروست بووەو میراتێک نەبووە کە لە باب و باپیرانەوە بۆ کورد بەجێمابێت. بەڵکو کە داگیرکەر هاتووە بێتفاقی دروست کردووە و لە بێتفاقیشییەوە نیفاق پەیدا دەبێت:

---

[1] دیوانی ئەسعەد مەحوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢، دێش ١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، دێش ٤.

چی بـوو ناڕێکی و نیـفاق و ناڕەزاییتان لەیەك
خزمەتی بێگانـەتان بۆتـە تـەقالید و شـیعار[1]

کەواتە لە بەرانبـەر بێتفـاقی، نیفـاق دروسـتبووە و هـەردووکیان تەواکـەری یـەکترن و هـاودژن لەگـەڵ دوو کـردەوەی دیکـەی کـە لـە مێشکی خوێنـەردا دەخولێنەوە ئەویش (یەکێتی) و(خۆشەویستی) ین. ئەم هاوکێشە ئاوێتەییـە بەرانبەر هاوکێشەیەکی دیکەی هاوشێوە دانراوە،کە لە ڕواڵەتدا هـەتککردن و ڕیـسوابوونن و لـە مێـشکی خوێنەریـشدا هاودژەکانیـان دەورووژێـن کە(شەرەفمەندی) و(سەربەرزیی) ین:

فکری ڕابـوردوو لە بـاب و جـەددو باپیرتـان بکەن
ئەم نیفـاقەی ئێوە بۆتان بوو بە هەتك و نەنگ و عار[2]

خوێنەریش لایەنی دووەمی کێشەکە لێك دەداتـەوەو پێچەوانەی ئـەم چـوار پرۆسەیە تێدەگات، کە سەربەرزی و سەروەری بەدەست نایێت ئەگـەر نیفـاق لەناونـەبرێت، نیفـاقیش لەناوناچـێت ئەگـەر یـەکگرتن نـەبێت، یـەکگرتنیش پەیـدانابێت ئەگـەر میللـەت خـۆ لـە دەسـتی داگیرکـەر ڕزگارنـەکات.کەواتـە شاعیرو خوێنەر لەم خاڵەدا یەکدی دەگرنەوە، کە مادام نیفـاق لـەنێو نـەوەی نوێدا دروست بووە، کارکردن بۆ لەناوبردنیشی دەبێت هەر ئەرکی ئەو نەوەیە بێت.

(أ. ب. هەوری) باس لەو بیروباوەڕە بـاوەی سـەردەمی خـۆی دەکـات، کـە مژدەی ئازادی کورد لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت و نایەڵێت کەسـی بێبـار و نیفاقکـار ڕێگە بۆ بێگانە خۆش بکات کە دەست بخەنە نێو کاروباری وڵات و شـیرازەی ژیانی گەل تێك بدەن:

---

[1] دیوانی خادیم ، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨، دێش ٢.
[2] دیوانی خادیم ، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨، دێش٤.

**ئازادیخــوازی ڕاســـتی خـۆرهـەڵات**
**نایەڵێت زۆردار هـەژار قــوت بــدات**
**نایەڵێت بیٚ بار هـەر ڕەنگ نۆکـــەریٚ**
**نامەی بەندەیی کورد بۆ کەس بەریٚ**[1]

دیوی دەرەوەی دەربڕینەکـە بۆچـوونێکی سیاسـییە و بـاس لـە حاڵـەتێکی خۆپاراستن لـە مەترسـییەکانی دەرەکـی دەکـات، بـەڵام لـە دیـوی نـاوەوەی شیعرەکە خوێنەر بیر لە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵ دەکات، کە نەهێشتنی نیفـاق و دووبەرەکی کلیلی چارەسەرکردنی نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییەکانـە. کۆمـەڵی تەندروستیش دەتوانێت سەروەری خۆی بپارێزێت.

[1] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣، دێش ٢-٣.

## باسی سێیەم

# ڕەخنەی ئایرۆنی لە بواری ڕەوشت و خەوشە دەروونییەکاندا

ئایرۆنی هەڵسوکەوتێکی دەروونییە پێش ئەوەی مەبەستێکی ئەدەبی بێت، چونکە لایەنە سۆزداری و ژیرییەکان دەگرێتەوە و گوزارشت لە جۆری دەربڕین و ڕەفتارەکانیش دەکات، بۆیە بە کرۆکی شارەزابوونی ئینسان دادەنرێت لە هەڵوێست وەرگرتن و چۆنیەتی بەستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەردا، بە تایبەتی کە خاوەنی ئایرۆنی دەرفەتێکی گونجاو وەردەگرێت و بۆچوونەکانی بەرانبەر بە شێوەیەکی گاڵتەجاری شی دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆ ئەو خاڵە لاوازانە ڕابکێشێت کە لە حاڵەتی ئاساییدا شاراوەن یانیش بە ئاسانی هەستیان پێ ناکرێت. لەم ڕووەوە گاڵتەجاڕی شێوازێکی پەسەندە لە هونەری ئایرۆنیدا کە مەبەستە سەرەکییەکەی دەرخستنی ڕاستییەکانە و لە چوارچێوە گشتییەکەیدا وەکو هونەرێکی ڕەخنەگرتن دەردەکەوێت. شاعیرانیش هەندێك لە خەوشە دەروونی و ڕەفتارە ناڕێکەکانی کەسانی نەفس نزم و بەدکرداریان دەستنیشان دەکرد، بە تایبەتی ئەو خەوش و کەموکوڕیانەی کە زیانیان بە کۆمەڵ دەگەیاند، وەکو خەوشە دەروونییەکانی هەندێك لە شێخ و کۆلکە مەلایان، هەروەها هەڵسوکەوتی ئەو دەستکورت و هەژارانەی کە لە ناشارەزایی خۆیانەوە بایەخیان بە ماڵداری و ڕێکخستنی کاروباری ژیانی کەسایەتی و خێزانی نەدەدا و تووشی قەرزو سەلەمکاریی دەبوون:

## تەوەری یەکەم : لە بواری ڕەوشتی شێخ و کۆلکە مەلایان

لەبەر پەیڕەوکردنی چەندین تەریقەی ئایینی و بەستنەوەی مزگەوت بە ڕێچکە مەزهەبییەکان و تێکەڵبوونی نەریتە میللییەکان بە ڕێنماییەکانی

ئایینی ئیسلامەوە[1]، سەرەڕای ئەوەش لەشکرکێشی بەردەوامیی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان کە ئایین و مەزاهیب و تەریقەیان وەکو ئامرازێکی فشاربەخش لە خۆبەهێزکردن و ململانێیەکاندا بەکاردەهێنا..لەو بارودۆخە ناهەموارەدا، ڕەوشێکی ئایینی لەبار بۆ گەلێك لە کۆلکە مەلاو فەریکە شێخەکان ڕەخسابوو، کە بەناوی ئایینی ئیسلامەوە خەڵکێکی هەژارو نەخوێندەوار بچەوسێنن و سامانێکی زۆرو دەسەڵاتێکی بەهێزیش بۆ خۆیان فەراهەم بکەن. شاعیرانی کوردیش کە زۆربەیان زانای ئایینی بوون، یانیش خوێندنیان لە حوجرەی مزگەفتەکانەوە دەست پێ کردبوو، دواتر هەندێکیان خوێندنی فەرمییان تەواوکردبوو، توێژێکی پێشکەوتووی کۆمەڵ بوون و شارەزاییێکی باشیان لە شەریعەو ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامدا هەبوو. لەڕێگەی شیعرەوە ڕەفتاری مەلاو شێخە لەڕێدەرچووەکان کە ئایینیان بۆ نان پەیداکردن بەکاردەهێنا ڕەت دەکردەوەو کردەوەکانیشیان ڕیسوا دەکرد. ململانێی هزری لە نێوان هەردوو لایەندا دروست بوو، بابەتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەش زۆر بوون، لێرەدا بە پێویست زانرا، کە هەندێکیان وەکو نموونە، لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

(هەژار) لەبارەی مەلایانی خراپ دەڵێت:

**بەرەژێر ببیەوە نوێژگەی سوور　　　زۆر مەلای لێن کە نەچووم بمبوورە**
**لەو مەلایانە یەکێ زل جاشە　　　خەرتەلە و چاوی لە پێنج شەش لاشە[2]**

(کەمالی) دەڵێت:

---

[1] لە ئەنجامی ئەم تێکەڵبوونە ئیسلامی ژیاری یان ئیسلامی کوردەواری دروست ببوو./ بۆ زیاتر بڕوانە: د. ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠، ل٤٣-٨٢.

[2] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢، دێش ٣-٤.

**له سۆفیم هێنده دیوه من، پیاو بوخل و تەمەع ئەصلا**
**نییه تـەبعم بەدەرس و وەعزو شێخ و خانەقا مائیل**[١]

(قانع) لەو بڕوایەدایه که تەمەع دەسکەوتێکی سەرنجڕاکێش و دڵگـیرە، هـەر زانایێك لە سەرەتای کارەکەیدا دەکەوتە بەر ئەم تاقیکردنەوەو کەم کەس بە سەرفەرازی لێی دەردەچێت:

**عالەمــی جاهــل ئەسـیری مفته خۆری مل قەوین**
**ئافــەرین بۆ خۆم به ئەمری مامه ڕیش پانم نەکرد**
**مودەتیٚ بیرم وەها بوو، بۆ مەعیشەت بێمه هەوڵ**
**ئاخری ناموس نەیهێشت، ئیشی شێخانم نەکرد**[٢]

خوێنەر تێدەگات که مەبەستی شاعیران لـه خـستنەڕووی ئـەم بۆچـوونانه، ئەوه نییه که دژی ئایین بن یاخود نەفرەت له تەکیەو خانـەقا بکـەن، بـەڵکو دەیانەوێ ئایین لەو ڕەفتاره ناشیرینانه که خزاونەته ناوی پاك بکرێتەوە.

ئەو شێخ و مەلایانەی دەرفەت به کەس وکارییان دەدەن که خراپه بکەن. (هەژار) لەبارەی شێخ محەمەدی زانای بەناوبانگی موکریانەوە دەڵێت:

**سەروەرێکت هەیه پێی دڵشادی     تا ئەوت ماوه له خەم ئازادی**[٣]

بەڵام لەبارەی برایەکەیەوە دەڵێت:

**سەد بری هێنده برای نەبوایه        پاك و بیٚ گورگه بۆ ئەم کۆگایه**[٤]

کەمالی دەڵێت:

**خەڵکی ئەمڕۆ وا لەسەر ئەوجی فەلەك جەولان ئەکەن**
**هــەر وەکــو ماسی له دەریادا سەفاو سـەیران ئەکەن**
**نەگبـەتی و بیٚ عـەقڵی داوێـن گیری ئــەم کــوردانەیه**
**بۆیه تازه حەز له زەرگ و تەپڵ و دەف لێدان ئەکەن!**[٥]

---

[١] دیوانی کەمالی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢، دێڕ٢.
[٢] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤، دێڕ٢-٣.
[٣] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣، دێڕ٦.
[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣، دێڕ١٠.
[٥] دیوانی کەمالی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢، کۆ١.

(قانع) یش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە دیاردەی دەروێشیی دەگرێت، کە پەیڕەکەرانی ئەم ڕێبازە زیاتر خەریکی حەی و حوب و دەف لێدانن و ئاگایان لە دەوروبەر نییە:

**دوێنێ دەروێشێ وتی: کەف بە دەف و دەف بە تەرەب**

**دەبە دەب دەب، دەبە دەب دەب، دەبە دەب**[1]

شاعیر ئەم بەزمە بە شتێکی خراپ دادەنێت، هەوڵ دەدات ڕێگەیەك بدۆزێتەوەو دەروێشەکە تێ بگەیەنێت کە کارەکەی سوودی نییە:

**دەفم هەڵگرت و بە حەی حەی دەسی شێخم ماچکرد**

**وتم لێدەن بە عموومی لە مقامی دەبە دەب**

**من و شێخ و ژن و دەروێش هەموو تێکەڵ بووین**

**شێخ لە فکری ڕەپی سووری، من و دەروێش دەبە دەب**[2]

(زێوەر) زانستی دین و زانستی دنیایی هاوسەنگ دەکات لەگەڵ خۆشەویستی خەڵك بۆ پێگەی مەلا:

**ئەی مودەڕیس عیلمی دین و فەننی دنیام پێ بڵێ**

**تا ڕەواجی بێ لە لای ئەم خەڵکە جوببەو مێزەرت**[3]

(بێکەس) ئەم بەراوردکردنەی لەنێوان مەلایانی هەڵگرانی زانست و کۆلکە مەلایان دەخاتە نێو ئەزموونێکی کرداری پەسەندکراوەوە، ڕەخنە لەو زانایانە دەگرێت کە خۆیان پێویستیان بە ڕێنماییکردنە، بۆ ئەوەی دەرفەت بە عیلم و هونەر بدەن و هەڵوێستێکی ئەرێنییان لە چاکسازی کۆمەڵدا هەبێت:

---

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣، دێش١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣، دێش ٥-٦.

[3] زێوەر، ڕ: ژین، ژ ١٠٨٣ی ساڵی ١٩٥١. / هەروەها: سۆزی نیشتمان (دیوانی یەکەم)، ل٢٤، دێش٦.

**ئـەوروپا پاپـای تەمـێ کـرد، دەسـتی دایـە عـیلم و فـەن**
**بێ تەلە و کەشتی دروست کرد، دائیمی هەر هەوڵ ئەدەن**
**قەومی ئیسـلامیش مـەلا گـەر بێت و زوو ئیسلاح نەکەن**
**دائیمەن مەحکوومی جەهلن سـووك و ڕیسوا و ناپەسـەن**
**ئــەی مـــەلا تـــۆ بـــی خـــودا لـــەم فیـــکرە کۆنـــە لابـدە**
**باسـی قەبــر و مـــار بگـــۆڕە، بێرە سـەر باسـی وەتەن**[1]

تێکچوونی باری ئابووری کاریگەری لە دابەزینی ئاستی فێربوون و زانستی خوێندنی حوجرەی مزگەفتان هەبوو، چونکە فەقێیان نەیانتوانی خوێندنیان تەواو بکەن و بە عیلمێ کەمەوە دەبوونە مەلاو سۆفی و شێخ و کێشەیان بۆ خۆ و بۆ خەڵکەکەیش دروست دەکرد. (ئەسیری) دەڵێت:

**سۆفییەك عیلمی نەبێ، دایم لە مەعنا بێ بەشە**
**سیحرە ئیستیدراجە، دیتت جاهلێ بفڕێ بەباڵ**[2]

(قانع) دەڵێت:

**بێ قـەزا بێ، مامـە سـۆفی تا بێ ڕیشـی پان ئەکا**
**قل بە فل حاڵیی بووە، چی ئیدعای ویژدان ئەکا؟**[3]

شێخ لە کۆمـەڵی کوردیـدا پلـەو پایەیـەکی ئـایینی و دونیاداریـشی هـەبوو، نموونـەی پرشـنگداری گـەورەیش لـە مێـژووی زانـستی ئـایینی و ئـەدەب و سیاسەتدا زۆرن، بە تایبەتی لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیـستەمدا، بـەڵام پەیڕەوکردنی سیستەمی پشتاوپشت لە وەرگرتنـی پلـەی شـێخاتیدا زۆرجـار کەســانی لاواز و ناشــارەزای هێناوەتــە پێــشەوە، کــە بوونەتــە جێگــەی

---

[1] دیوانی بێکەس ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦، کۆ٢.
[2] دیوانی ئەسیری ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨، دێش٢.
[3] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤، دێش١.

ناڕازیبوونی خەڵك و شاعیرە ڕەخنەگرەکانیش بە گاڵتەجاڕییەوە کەتن و کەموکووڕییەکانیان باسکردووە. (قانع) لەبارەی بەچکە شێخەکانەوە دەڵێت:

**کە شێخ وەفاتی فەرموو، گەیشتە جێی نیهانی**

**شێخزادە ئەو سەعاتە ئەبێتە غەوسی سانی***

**کەس نایە بۆ حیساب و کیتاب و ئیمتیحانی**

**چەسپاوی دەستی غەیبە، نەجمە و نیشانی شانی**[1]

خوێنەر لە مەبەستی شاعیر تێدەگات، کە دەیەوێت ئاستی نزم و بێ توانایی کەسێتی شێخ ڕوون بکاتەوە.خوێنەری هۆشیار پێکەنینی بەم کردەوە نابەجێیە دێت، بە تایبەتی کە ئەدگار و دەرخستنەکانی ئەم حاڵەتە لێك دەداتەوە و بیر لە پێچەوانەی ئەم نەریتە دەکاتەوە، کە دەبوایە شیاوترین کەس ببوایە جێنشینی شێخەکە. کاتێك خوێنەر ئەم هەردوو حاڵەتەی کە ئەوەی ڕوداوەو ئەوەی دەبوایە ڕووبدات بەراورددەکات، بە دروستی لە ڕەخنەی ئایرۆنی شاعیر تێدەگات. شاعیر ئەم حاڵەتە زیاتر ڕوون دەکاتەوەو بە شێوەیەکی کۆمێدیترەوە ئەم پەیڕەوە میراتگەرییە دەخاتەڕوو:

**وەك بێچووە سۆنە وانە، لەگەڵ لە هێلکە دەرچوون**

**ئەڕۆنە بەحری بێ پەی، گەر ئاوی لێڵە یا ڕوون**

**بێ کەسب و بێ نەسیحەت، ئوستادی عیلمی غەیبن**

**لەم مەدرەسە موهیمە بە دوو دەقیقە دەرچوون**[2]

(سەلام) ڕەفتاری شێخە فێڵبازەکان لەگەڵ پاشکەوتنی گەل بەراورد دەکات:

---

* وشەی سانی کە (ثاني) عەرەبییە بە (پانی) نووسرابوو، لێرەدا لەڕووی ڕێنووسەوە ڕاستکراوەتەوە.

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٤، دێڕ٥-٦.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٣٤٤، دێڕ ٧-٨.

**هەتــا شــێخی درۆو حیلە بمێنــێ**
**درۆیە کورد بجووڵێ حەق بسێنێ**[1]

(شاهۆ) لە شیعری ( نییە مەیلم)دا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسـی حیلـە و فێڵی سۆفی و دەروێشان دەکات، کە لە ڕواڵەتدا خۆیان بە مەردو خوداناس و جوامێر دادەنێن، لە ڕاستیشدا وانین:

**نییــە مــەیلم (بەتارونــەی) هـــەوای ئــاوازی (چــەنك) ناکـــــەم**
**وەکو (دەروێشی) ئەم دەوریشە خۆم شـێت و دەبـەنگ ناکـەم**
**وەکو ســۆفیش بـە مـەکرو حیلـە خـۆم فێـری جــەفەنگ ناکـەم**
**(مەلام) و ئـەهلی (تـەقوام) و بـە مـەی سـەججادە ڕەنـگ ناکـەم**
**لــە بــادەی ســــاقیی و (قیــژەی کچی) نــەرم و نیـانم چی!!**[2]

(دیلان) کاریگەری نووشتەی شێخ و ئاواتی خەڵکێك لە وێنەیەکی ئایرۆنیدا بەراوردەکات، ئەو کەسانەی بێ پشت و پەنا ماونەتەوە و لە توانایاندا نییە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، لە ناچارییەوە ڕوو لە شێخ و مەلای نووشتەنووس دەکەن:

**بە ساڵی جارێکیش پاراو**
**وەك ڕۆنی قاینەو سەراو**
**قوربانت بم.. حەیرانت بم**
**بۆ ڕاکشانی پاش نانت**
**هەر خۆم خەریکی ڕانت بم**
**ورد ورد من لە شێلانت بم**
**یا (شێخ) خۆم بە میوانت بم**
**خۆم ڕابەری فەرمانت بم**

---

[1] دیوانی سەلام ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠، دێش١.
[2] دیوانی شاهۆ ، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١، کۆ١.

**نوشتەیەکم بۆ بنووسە**
**بۆ ئەم زەوی چارەنووسە**[1].

(فانی) لە میانی خستنەڕووی هەڵسوکەوتی خۆیەوە پاکانەی خۆی لەو کارە نابەجێ و سەلبییانە دەردەبڕێت، کە هەندێك لە کۆلکە مەلاو سۆفی و شێخەکان بە ناوی ئایینەوە دەیکەن و نووشتەنووسینیان کردۆتە پیشەی خۆیان و خەڵکێکی ساویلکە و نەخوێندەواری پێ دەخافڵێنن. شاعیر ڕاستەوخۆ باسی خۆی دەکات، بەڵام خوێنەر تێدەگات کە مەبەستی چەندین حاڵەت و نەریتی ناشیرین و هەڵخەڵەتاندنە کە بوونەتە نەخۆشی ترسناك لەنێو کۆمەڵدا:

**من موعتەقیدی صۆفی و دەروێش و مەلا نیم**
**پاکی نیەتم لازمە وێنەی جوهەلا نیم**
**نانووسمەوە نووشتەی سووتانی پەری و دێو**
**دەربەستی حەقی نووشتە جۆبایی و کەوا نیم**[2]

گەلێك لەو سۆفی و دەروێشانەی کە پەیرەوکردنی تەریقەتیان کردبووە پیشەو بژێوی ژیانیان پێ بەڕێوەدەبرد، قژ درێژو ریش پان بوون، بایەخیان بە پاك و خاوێنی جەستەو جلوبەرگیان نەدەدا. شاعیرانیش ئەم هەڵسوکەوتەیان بە کارێکی پڕوپووچ داناوەو بیروڕایان بە شێوەیەکی وا دەربڕیوە، کە خوێنەرانیش لە خەوش و زیانبەخشی ئەم ڕفتارە تێ بگەن، چونکە ئەمە شێواندنی ڕێچکەی خوداپەرستییەو ئایینی ئیسلامیش پاکە و خەڵکی بۆ کار و کەسابەتی حەلاڵ هاندەدات. (بەختیار زێوەر) بە شێوەیەکی

---

[1] دیوانی محەمەد سالح دیلان ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤، کۆ٢.
[2] دیوانی فانی، بر١، کۆکردنەوەو ڕێکخستن: کەمال میراودەلی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٥، ل٢١، دێش١-٢.

ناڕاستەوخۆ ئەو کارە ڕەت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر پێچەوانەی ئەو ڕەفتارە پەسەند بکات:

**باوەڕ مەکە بە ڕیشی درێژ، پرچی گرژو لوول**
**ئیمانی پوختی مەتڵەبە ئەمری خوداو ڕەسوول**[1]

(موفتی پێنجوینی) ڕەخنە لە سەرو قژی دەروێشێك دەگرێت، کە لەبەر گەڕان و سواڵکەری و دەستکورتی بایەخ بە پاك و خاوێنی نادات:

**مێزەری چڵکن سەرە مل ڕشکن**
**پرچی بە دوولا پەخشان بوو وەك ژن**
**ئەسپێ وەك مێگەل پەنا مل کوڵکن**
**خەرمانی سوور بوو لە جۆو لە هەرزن**[2]

(قانع) نموونەیەکی ئایرۆنی لەبارەی کۆلکە شێخێك و مەلەوانێك باس دەکات، کە خوێنەر بە ئاسانی هەست بە جیاوازی لە نێوان خۆبایيبوونی شێخ و پاکانەیی کابرایێکی ڕێبوار دەکات و لە مەبەستی شاعیریش تێدەگات:

**شێخە نووشتانێ لەل* مەلەوانێ**
**بوو بوون بە هاوڕێ، لە بیابانێ**
**یاشێخ ڕووی تێ کرد، وتی بە کابرا**
**هیچت خوێندووە ئەی دەستە برا**
**کابرا ڕووی تێ کرد وتی یاشێخ گیان**
**هیچ خوێندەوار نیم،ماڵم بێ وێران**
**یاشێخ خۆی گیڤ کرد، بۆی هاتە وەڵام**
**وتی بە کابرا، هەی....ی نەفام**

---

[1] دیوانی بەختیار زێوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩، دێڕ ١.
[2] دیوانی موفتی پێنجوینی ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨، کۆ٢.
* لەل = لەگەڵ

**قابـلـت چییـــه؟ بێــیـتـــه نــزیــکـــم**

**لـه گفتــوگــۆدا بـی بـه شـەریکم[١]**

یاشـــێخ بـــەردەوام بـــوو و هونـــەرو کـــەراماتی خـــۆی بـــۆ ڕێبـــوارە نەخوێندەوارەکەی ئەژماردن و پلەو پایەی زانینی خۆی لە نوشتە نووسیندا خستنەڕووو وای دەردەخست کە خەڵکێکی غافڵبووی وەکو ئەم کابرایە نەخوێندەوارە دەبنە قوربانی حیلە و فێڵەکانی:

**مـــن زگی ژنـــی نەزۆك پـــڕ ئەکـــەم***

**بە دوعـــا مـــار و دووپشـــك قڕ ئەکەم**

**خێوی سەرکانی و جنۆکەی هەردان**

**هاڵـــی ناوزگ ژن، شـــــەوەی منـــاڵاَن****

**ژن لـــەلای مێردە خۆشەویس ئەکەم**

**یا بە نوشتەی ڕەش نەگریسی ئەکەم[٢]**

کاتێك هەردوو دەگەنە سـەر ڕووبارێـك، هەڵوێـستەکان پێـچەوانە دەبنـەوە، کـابرای نەخوێنـدەوار مەلەوانـە و شـێخیش مەلـەوانی نازانێـت، ئینجـا کـابرا سینگی دەردێنێت و بە لووت بەرزییەوە وەڵامی دەداتەوە:

**وتی: یاشێخ گیان کوانێ نوشتەکەت؟**

**کوا جنـۆکەکوژ، توشووی پشتەکەت؟**

**بە دوعا و نوشتە و حیلەی ناو دەفتەر**

**دەی خۆت نەجات دە، لە گێژی خەتەر[٣]**

لە بەراوردکردنی هەڵوێستەکاندا لە دوو شوێنی جیاواز و هەر یەکێك لە سەردەمێکدا ڕەخنەی ئایرۆنی چارەنووس گەیاندۆتە لوتکەی دەربڕین.

---

[١] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٨-٤٧٩.

* مەبەستی ئەوەیە کە بە زەبری نوشتە ژن دووگیان دەکات.

** ئەمانە ناوی وەهمی و کەرەسەی خەڵك پێخەڵەتاندنی شێخەکان بوون.

[٢] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٩، دێش٢-٥.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٠، دێش ٣-٤.

## تەوەری دووەم: لە بواری ڕەفتاری قەرزداران

لەبــەر کاریگــەری هــەردوو جــەنگی یەکــەم و دووەمــی جیهــانی و ئــەو لەشکرکێــشییەی کوردســتانی گرتــەوە و زۆرجــار شــەڕو کوشتاریــشی لێ دەکەوتــەوەو دەرفــەتی کــارکردنی بەڕادەیــەکی وا کــەم ببــوو، کــە دیــاردەی بێکاری بە شێوەیەکی فراوان بڵاو بووبووەو سەرچاوەی دارایی خەڵکەکــەیش بڕابوو و بژێوی ژیانیان پێ دابین نەدەکرا، لەبەر بێ پــارەیی ناچــار دەبــوون پــەنا بــۆ قــەرزو ســەلەمکاری ببــەن کــە وەکــو نەخۆشــییەکی کۆمەڵایــەتی و قەیرانێکی ئــابووری تووشــی زۆربــەی خێزانــانی کــورد ببــوو. ئــەم حاڵەتــەش کێــشەیەکی گــەورەی بــۆ خــەڵکی کوردســتان دروســت کردبــوو. شــاعیران هۆکارەکــانی ئــەم نەخۆشــییەیان لێــك دەدایــەوەو ئەدگارەکانیــشی شــی دەکردەوەو وەکو بابەتێکی ڕەخنە ئامێزیان دەخستەڕوو. بۆ نموونە (خادیم) بــە سەرســوڕماییەوە ئــەم حاڵەتــە هەڵدەســەنگێنێت و پرســیارێکی گــرنگ دەورووژێنێــت کــە میللــەتێکی پایەبــەرزو خــاوەن خــاکێکی دەوڵەمەنــدو سامانێکی زۆری وەکو کورد بۆچی دەست بۆ یارمەتی وەرگرتن پاندەکاتــەوە و پەنا بۆ قەرزاری دەبات:

> **ئێوە بوون جێی ئیفتیخارو ئێوەبوون جێی ئیعتیبار**
> **ئیفتیخارو ئیعتیبارت بوو بە جێگــەی عەیب و عــار**
> **وا لە تۆی ڕوودراوە ئەمــڕۆ دەوڵەمــەندی بــێ کــراس**
> **مڵکی خاس و ئیرسی خۆتە بۆتە جێگەی موستەعار**[١]

خوێنــەر تێــدەگات کــە کۆمەڵــە هۆکارێــك هــەبووە کــوردی گەیاندۆتــە ئــەم نەکبەتییە، کە خەڵکێکی بێگانە لەســەری زاڵبــووەو منەتباریــشی دەکــەن تــا شتێکی کەم و بچووك لە ماڵ و موڵکی خۆی پێ دەدەنەوە.

---

[١] خادیم (دیوان)، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨، دێش ٨- ٩.

(بێکەس) یش لەساڵی (١٩٢٧) ئەم حاڵەتە بە وردی لێك دەداتەوەو بەرانبەری سەرگەردان دەمێنێتەوە، هەرچەندە ناتوانێت گرێی ئەم نهێنییە بکاتەوە، بەلاّم بیر لە ئەنجامەکانی دەکاتەوە:

سێرێکی زۆر عەجیبە گەر تێ فکری بە دیققەت
مەحوی ولاّتت ئەکەن هێشتا مەمنوونی لێیان
خولاّسە کەس نەماوە تۆپی ئاگر نەدابێ
مەئموور: قەرزار و موفلیس، کاسب: حەزین و گریان
خوانەخواستە وەزعییەت بەم نەوعە بێ هەتا سەر
هەموو لەبەر بێ نانی بۆ سواڵ ئەچینە شاران[1]

بەپێی ئەزموونی (بێکەس) لە ژیاندا، دوو حاڵەتی سەرەکی لای هەر ئینسانێکی بێ پارە و قەرزار ڕوودەدەن:

١ـ حاڵەتێکی کەسایەتی تایبەتییە، کە ناتوانێت هاوسەنگی باری ئابووری خۆی ڕابگرێت، زۆرجار ئەو پارەیەی دێتەدەستی بەپێی پێویست و ژیرانە سەرفی ناکات و لەوانەیە بۆ کارێکی بێ سوود تەرخانی بکات وەکو قومارکردن و خواردنەوەو خۆشگوزەراندنێکی ڕەمەکی وەکو سینەماو شانۆ...ئەو جۆرە ئینسانانەش هەم ماڵ ودارایی لەدەست دەدەن هەم ڕەوشت و ژیری:

نازانم هەوڵی چی دەم، هەوڵی قووت و ئیدارە
یاخود بۆ پارەی تیاترۆ بکەومە ساختە لێدان
حاسڵی تووشی داوێ بووم نییە ڕێی نەجاتم
دائیم مەحزوون و موفلیس هەمیشە مات و حەیران[2]

---

[1] بێکەس (دیوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥-٥٦.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥، دێش ٤-٥.

٢- باری دەروونی کەسی قەرزار، کە ئینسانی بێ پارە و قەرزار ئێسك قورس و ڕەزا گران دەبێت و نزیکترین خزم و کەس وکاری لێی دووردەکەونەوەو پێوەندییە کۆمەلأیەتییەکانیشی سست و بێ بەها دەبن. شاعیر بە گاڵتەجاڕییەوە باسی پێگەی کەسانی قەرزار لەنێو کۆمەڵدا دەکات، تەنانەت ئەگەر هاتو فەرمانبەرێك بێت و مووچەیەکی دەستنیشانکراویشی هەبێت بە چاوێکی سووکایەتییەوە سەیری دەکرێت:

مەعاشی هەموو سەراپا قەرزە

دانەوەی قەرزیش دیارە کە فەرزە

هەروا تا ئەمرێ دوانزە مانگی ساڵ

موحتاج و لاتە لە حاڵەتی سواڵ

گیرفانی سووك و پاك و تەمیزە

قەرزار و موفلیس سووك و سەرحیزە[1]

(پیرەمێرد) باس لە سێ حاڵەتی دیکەی قەرزاری دەکات و بە شێوەیەکی هونەری ڕەخنەی لێ دەگرێت و خوێنەریش بە ئاسانی لە مەبەستی تێدەگات:

١ـ ئەوەی قەرزار بێت هەمیشە کەسانێکی بەزییوو لە لایەن خاوەن قەرزەکەوە ڕاودەنرێت، شاعیر ئەم پێوەندییە ناهاوسەنگەی کە لەنێوان قەرزارو خاوەن قەرزەکەدا هەیە دەخاتە نێو وێنەیەکی ئایرۆنیداو لەگەڵ پێوەندی دوو خۆشەویستدا بەراورد دەکات. ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان هەردوو حاڵەتدا هەیە، ڕەخنەیەکی ئایرۆنی ناڕاستەوخۆیەو لەنێوان لایەنەکانی هەردوو حاڵەتدا دروستبووە:

خۆزگە یار ئەبوو بە خاوەن قەرز لێم

بۆ هەرکوێ ئەچووم ئەهاتە سەر ڕێم[2]

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨- ٥٩.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥، دێش ٥.

٢ـ پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ماڵداری و قەرزکردندا هەیـە، ئـەوەی یەکەم زۆر بە زەحمەت دەتوانێت ماڵەکەی زیاد بکات، بەڵام ئەوی دووەم زۆر بە ئاسانی دەتوانێت قەرزەکانی زیاد بکات. ئەمـە هاوکێـشەیەکە بەسـادەیی دێتە پێش چاو، بەڵام ڕەخنەیەکی ئایرۆنی گـەورە هەڵـدەگرێت، بـە تایبـەتی ئەگەر ئەم هاوکێشەیە بە شێوەیەکی دیکـە پێـچەوانە بکرێتـەوە، کـە ئەگـەر ماڵدارەکە بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ماڵ و سامانەکەی نەکات ئـەوە بەرەبـەرە لـە کـورتی دەدات و خەفـەتی لەسـەردەخوات، بـەڵام ئەگـەر قەرزارەکـە بـە هۆشـیارییەوە بـیر لەگەڕاندنـەوەی قەرزەکـەی نـەکات ئـەوە ڕێژەکـەی زیـاد دەکات و زیانێکی زیاتریشی پێ دەگەیەنێت:

**ماڵدار ماڵی برد، من ڕەزای خوایی**

**ماڵ لە کورتیەو قەرز لە زیایی**[1]

٣ـ لـەڕووی هزرییـەوە، جیـاوازی لـە نێـوان ماڵداریکـەر و ماڵـداری نەکـەردا هەیە. ئەوی یەکەم ڕەنج دەکێشێت و ماندوو دەبێـت و باشـتر بیردەکاتـەوەو خوێندنـەوەی بـۆ ڕووداو شـێوازەکانی ئیـشکردن وردتـر و واقعـیترە، ئـەوی دووەم ئیـــشێکی ســـووك و ئاســـان پەیـــدا دەکـــات و بـــژێوی ژیـــانی پـــێ بەڕێوەدەبات، زۆرجاریش ڕێگەی خوداناسی دەگرێتەبـەرو قەناعەتیـشی بـەو شتە کەمەی دێتە بەردەستی هەیە:

**بێ دراو کوشتەی نوێژە**

**پارەدار زەینی تێژە**[2]

لـە ئـەنجامی هـەردوو حاڵەتـدا ئـەوەی پـارەدارە پلـە و پایـەیێکی بـەرزتر بەدەست دێنێت و بڕیارەکانیشی کاریگەرتر دەبن. (موفتی پێنجـوینی) ڕۆڵـی پارە لە پێچەوانەکردنی سیماو ئەدگارەکانی سروشتیدا باس دەکات، چونکە

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠، دێڕ٥.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٤، دێڕ٦.

دەتوانێت ئامراز و پێویستییەکانی گۆڕانکارییەکان دەستەبەر بکات، شاعیر چەندین بەراوردکاری دیکەیش لە شێوەی ئایرۆنی وشەییەوە ڕیز دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی ئەنجامی بەراوردکارییەکان تێ بگات:

**پارە تاریکی شەوی هەورو هەلاّ ڕووناك ئەکا**

**پارە پیاوی ترسنۆك ، بیّ ورە بیّ باك ئەکا**

**پارە پیری کەوتەو خوێن تیا نەماو چالاك ئەکا**

**پارە پیاوی هەرزە گۆ و نالەباریش چاك ئەکا**

**فەیلەسووفێك بێتە مەیدانی لە دەستی ڕائەکا**[1]

(دلّدار) لەبەر دەردی بیّ پارەیی هەست بە غوربەتێکی ڕوحی دەکات، بەتایبەتی کە خاوەن قەرزەکان داوای مافی خۆیان دەکەن، ئەویش ئەم نەکبەتییەی خۆی لە نێو ئایرۆنییێکی چارەنووسدا دەردەبڕێت:

**زرنگ و هۆڕی درهەم و پارە**

**بۆ من خەیالّی خەونی بەهارە!**

**درهەم بزانیّ لە جیّ یێ هەم**

**بەگوڕ ڕائەکا لەم چەم بۆ ئەو چەم**[2]

(مەلا مارفی کۆکەیی) لە چەند وێنەیەکی ئایرۆنیدا ڕەخنە لە حالّەتی دەستکورتێکی قەرزاری وەك خۆی دەگرێت، کە لە هەموو لایێکەوە داوای شت و کارئەنجامی لێدەکرێت:

**هەرچی فیکری لێدەکەم، ڕێگەی خەلاّسیم بۆ نییە**

**بەم چلەی زستانە، داوای تاو و ساوم لێدەکا**

**دەچمە مالّیّ مالّ و مندالّ ، دێن و دەورەم لێدەدەن**

**یەك تەمەننای قەندو چا . یەك نان و ئاوم لێدەکا**

---

[1] موفتی پێنجوینی (دیوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣، ك٢.

[2] دلّدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧، دێش ٤-٥.

**دەچمە مزگەوتیٚ، لەوێش، شەیتانی مەلعوون حازرە**

**ئیددیعـــای ئیســـــلام و ئیمـــانی نەمـــاوم لێدەکا...**

**ڕوو لە بازاریـش دەکەم، ئەم جارە ئەربابی تەڵەب**

**هەر کەسـیٚ تووشـم دەبیٚ، داوای دراوم لێدەکا[1]**

شاعیر بە ناوی کەسی یەکەمی تاکەوە قسە دەکات، بەڵام ئەمـە حاڵـەتێکی گشتی کۆمـەڵی کـوردەواری ئـەو ڕۆژگـارە بـووە، کـە مەینەتـەکانی جـەنگی دووەمـی جیهـانی تـەنگی پـیٚ چـنیبوو. (قـانع) لـە گفتوگـۆیێکی کـراوەدا، فلس[2]دەدوێنێت و لەسەر زاری ئەوەوە دەڵێت:

**ئێستەکانیٚ چۆن جەنابی من لە تۆ دوورم تـەواو**

**تــۆ لە ڕێوی گــەڕ خــراپتر لات و بـــیٚ عـەنواتری**

**خوانەخواستە دەفعەییٚ نەقشم ببینی تۆ بە خەو**

**جا ئەزانم چۆن لە گشت کەس، هار و بیٚ مەعناتری[3]**

لە ڕووکەشی ئەم دوو دێڕەشیعرەدا، شاعیر ئـەوە دەردەخـات کـە هـەژاری موفلیس هەمیشە ئازار و زیانەکانی ئـەو دەردە دەکێـشێت و نـەداریی وای لیٚ دەکات کە هەست بە بیٚ حورمەتی خۆی بکات و خەون بە پـارە و ژیـانێکی خۆش ببینێت. لە مانا نادیارەکەی ئەم شیعرەدا دەربڕینێکی دیکـەیش هەیـە کە مەبەستی ڕاستەقینەی شـاعیرە، ئـەویش ئەوەیـە کـە زیانـەکانی فلـس و پارەکـانیش بـۆ خاوەنەکـەی لـە زیانــەکانی بـیٚ پـارەیی و موفلیـسی بـۆ خاوەنەکەی کەمتر نییە.

ئـەم هاوکێـشەیە تـەنیا لای کەسـانی ژیـرو خێرخـوازو دەسـتپاك هاوسـەنگ دەبێـت، کـە لـە هـەردوو حاڵـەتی هـەژاری و دەوڵەمەندیـدا سـەنگ و ڕێـزو

---

[1] مەلا مارفی کوکەیی (دیوان)، کتێبفرۆشی سیدیان ، مەهاباد، ب. م ، ل٣٤، دێش ١-٤.

[2] فلس بچووکترین یەکەی دراوی ئەو سەردەمە بووەو ئەوەی ئەو فلسەشی دەسنەکەوتایە پیٚ دەگوترا (موفلیس).

[3] قانع (دیوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٨، دێش ٣-٤.

حورمەتی خۆی لەدەست نادات. (خادیم) لەم بارەیەوە هەردوو حاڵەت بە شێوەیەکی قووڵ لەنێو وێنەشیعرییەکانی هەڵبەستی(چەوتی دنیاو پارێز لێ کردنی)دا شی دەکاتەوە، کە هەردووکیان دەردو خەفەت بۆ خاوەنەکەی دروست دەکەن. تاکە چارەسەریش ئەوەیە کە، ئینسان قەناعەتی بە بەشی پێداوی خۆی هەبێت وخۆی لە کاری چاکە و نیازپاکی نزیك بکاتەوە بۆ ئەوەی لێبوردنی خودا بەدەست بێنێت و دڵی بە ڕەحمەتی پڕ ببێت، لە سەرەتاوە بەم شێوەیە باسی ئەوەی لەدوای کۆکردنەوەی پارەو ساماندا وێڵ و سەرگەردانە دەکات:

**تا دەوڵەتت بێ غەمت زیاد ئەبێ**

**تا ئیشت زۆر بێ ئێشت زیاد ئەبێ**[1]

ئەم دێڕە شیعرە مانایێکی زۆر هەڵدەگرێت، کە شاعیر هەندێك لە لایەنە سەلبییەکانی لەم چەند وێنە بەراوردکارییانەدا باس دەکات:

**یەك پارەت ئەخوا ئەیکا بە پلاو**

**لەڕێ ئەتگاتێ لێت ناکا سلاو**

**چەند تەعام ئەخوا ئەو بەماڵی تۆ**

**تۆش هەر غەم ئەخۆی وایە حاڵی تۆ**

**ئەو بەڕۆژ بە کەیف پێ ئەخولێتەوە**

**تۆش بەشەو لە غەم هەر ئەتلێیتەوە**

**یا لە لایێ تر قافڵەی تیجارەت**

**جەردە لێ ئەدا ئەیبا بە غارەت**

**یا زۆردار بە زۆر خۆی لێت ئەسێنێ**

**بەندی جگەرت بەوە ئەپسێنێ**[2]

---

[1] خادیم (دیوان)، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥، دێش٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥، دێش ٨-١٢.

بە بڕوای شاعیرەوە ئەم سێ حاڵەتە لە کۆمەڵی کوردیدا هەبوونە، بەتایبەتی حاڵەتی یەکەم کە قەرزدارەکە لەبەر دەستکورتی خۆی ناتوانێت قەرزەکە بداتەوە و سەرئێشەی گەورەیشی بۆ خاوەن پارەکەی دروست دەکردو خۆیشی تۆشی لێپرسینەوەو ئازاری دەروونی دەبوو.

شاعیر لە بەشی دووەمی شیعرەکەیدا باسی بارودۆخی هەژارێك دەکات، کە دەوڵەت و سامانی نییە و بە برسی دەمێنێتەوەو زۆر جاریش لە لایەن خەڵکێکەوە سەرزەنشت دەکرێ:

**دەردی گرانە حاڵی هەژاری**
**مەگەر وەك ئەو بێ نەخوێندەواری**
**بە زگی تێری بەسەد زگ برسی**
**کەس نییە جارێ لە حاڵت پرسی**
**موحتاجی دەستی نامەردان ئەبی**
**بۆ هەموو کارێ سەرگەردان ئەبی**[1]

ئەمە وێنەیەکی بچووککراوی چالاکییەکانی ئابووری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ بووە هەر لەدوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە تا ساڵی (١٩٧٠). دواتر تا ڕادەیەك گوشاری زوڵم و جەردەکاری لەسەر خوداپێداوەکان سستتر بوو، هەلی کاریش بۆ هەژارو بێ دەرامەتەکان هەندێك باشتربوو، ئەو بارودۆخە تازەیەش کاریگەری لەسەر شیعری کوردی هەبووو قۆناغێکی دیکەی پڕ گۆڕانکاری دەستپێکرا. باسکردنی ئەم خاڵەش تەنیا بۆ ئەوەیە، کە دوا سنووری ئەم لێکۆڵینەوەی پێ دەستنیشان بکرێت.

[1] خادیم (دیوان)، بر٢،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦، دێش ١-٣.

## تەوەری سێیەم: لە بواری هەندێك خەوشە دەروونی و ڕەوشتییەکاندا

لـە ئـەنجامی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، زۆرجـار تاکـەکان تووشـی خەوش و کەموکوڕییـەکانی دەروونـی دەبـن، لەوانەیـە بـە ئاسـانی لێ ڕزگـار نەبن، چونکە ئەمە حاڵەتێکی کەسییە و تـەنیا خۆیـان دەتـوانن ڕێگەچـارەی ڕاستکردنەوەیان بدۆزنەوە، بەڵام ئەگـەر خۆیـان ئـەم خەوشـانە پـەردەپۆش بکەن و لـە خـەڵکی دیکـە بشارێنەوە. ئـەوە ئـایرۆنی شـێوازێکی لـەبارە بـۆ دەستنیشانکردنی ئەدگارو ئەنجامەکانی بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو کەسە بدرێت و خەڵکی دیکەیش لە زیانەکانی بپارێزێت. (پیرەمێرد) ڕەخنە لـەو بارودۆخـە دەگرێـت کـە بەسـەر میللـەتی کـوردا هـاتووە و تاکـەکانی تووشـی خەوشـە دەروونـی و کەموکوڕییـە ڕەوشـتییەکان کـردووە. لـەو باوەڕەدا بـووە کـە میللەتی کورد سنووری نەخۆشییە جەستەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانی بەزاندووە، گیانیشی نەخۆش بووە، ئەمە مەترسیترین زەنگی نەهامەتییە کە میللەتێك تووشی ببێت:

**نە بەخوا قەومێ، گیانی نەخۆش بێ**

**سـەری تەزیبێ و سڕ و بێ هۆش بێ**

**لە ڕاستی زۆردار حەڵقە لە گۆش بێ**

**نـاوی نەمینــێ، با فـەرامۆش بێ** [1]

کۆمەڵ گیـانی نـەخۆش بێـت، کەواتـە زۆربـەی تاکـەکانی تووشـی نەخۆشـی دەروونی بوونە، هەندێك لەو نەخۆشـییانە تەشـەنەیان کردبـووو گەیـشتبوونە ڕادەیەك کە سەرنجی شاعیرانیان ڕاکێشابوو، ڕەخنەیان لێ دەگرت بۆ ئـەوەی خەڵکەکە لە زیان و نەهامەتییەکانی ئاگادار بکەنەوە، بۆیە هـەوڵیان دەدا لـە نێو بەرهەمەکانیاندا چەندین هەڵسوکەوتی ئەم کەسە نەخۆشانە دەستنیشان بکەن، وەکو:

---

[1] پیرەمێرد، توانجی میللەت، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ١٦٥٠ ساڵی١٩٦١.

– لەبارەی لووت بەرزییەوە، (کەمالی) لە وێنەیەکی ئایرۆنی کۆمیدیدا سەربوردەی کەرێك دەگێڕێتەوە، کە ڕۆژێك شێرێکی مردوو دەبینێت و بە هەر نەوعێ پێستەکەی دادەڕنێت و لەبەریدەکات و خۆی دەکاتە شێرو لە بارو بارکێشی ڕزگاردەبێت، بەلاَم ڕۆژێك لافی خۆبایبوون و لووت بەرزی لێدەدات و دەیەوێت خەڵکەکە بترسێنێت:

**ڕۆژێکیان ووتی لە دڵی خۆیا،**

**با نەعرە لێدەم لە دەشت و سەحرا**

**تاکو بترسن لە دەستم ئینسان**

**بەربووە زەڕە زەڕ کەری بەستە زمان**

**وەختێ زانییان خەڵقی کە کەرە**

**کەرێکی گەڕو پیس و بێ فەڕە**

**دەوریان گرت دایان ڕنی پێستی شێر**

**شەڵتەیان خستە سەر کەری بێ خێر**

**گڵیان پێ کێشا تا گیانی دەرچوو**

**نەتیجەی کیبرو مەغرووری وابوو**[1]

– لەبارەی خۆهەڵکێشانەوە، (قانع) لە وێنەیەکی ئایرۆنی چارەنووسدا، باسی پیاوێکی چەخماخساز دەکات، کە خۆی وا پیشان دەدات لە هەموو ئیشو پیشەیەك هۆستا و شارەزایە، بەلاَم لە ڕاستیدا وا نییە، چونکە هەر پیشەکارێك لە بواری ئیشی خۆیدا کارامەیی دەنوێنێت. ئەو چەخماخسازە سینگی دەرهێناو ویستی لاسایی پیاوێکی دۆم بکاتەوەو کلاَش دروست بکات، نەیزانی کە خۆی تووشی کێشەیەکی چارەنووسسازی گەورە کرد:

**دانیشت لە جێگەی پیری کۆماوە**

**تاکی کلاَشی هێنا بەم لاوە**

---

[1] دیوانی کەمالی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨، دێڕ ٧-١١.

شـفرەکەی هەڵگـــرت بۆ بڕیامـــانی
چـــۆن ئیشـــی نەبـوو، هیچ لێی نـەزانی
کاتیٚ شـــفرەکەی نـــایە ســـەر پەڕۆ
پەنجەی خۆی قرتاند، خۆی کرد ڕەنجەڕۆ
هەرچی هەوڵیدا دەستی سەقەت بوو
سەنعەتی خۆشی لە دەســـتی دەرچوو[1]

– لەبارەی تەماعکارییەوە، (بێکەس) لە سەربوردەیەکی ئایرۆنی بنیاتیـدا، باسـی تـەماعکاری دوو پـشیلەی جـووت و ڕێـك دەکـات، کـە کاتێـك سـەلکە پـــەنیرێك دەدەزن، تـــەماعکاری چـــاویان تارێـــك دەکـــات و هـــەر یـــەکێکیان دەیەوێت بەشە گەورەکـەی ببـات. دەبێتـە شـەڕو شـۆڕیان، تێـرو پـڕ لەیـەك دەدەن، ناچار دەبن کێشەکەیان دەبەنە لای مەیموونەکە:

مەیموون هەسـتا زوو بەزوو
هێنـایە پێش تــرازوو
پەنیری لــەت کرد بـەدەم
بەشـــیٚ زۆر و بەشـیٚ کەم
خستیە ئەم سەر و ئەوسەری
ترازووەکــەی هــەڵبـڕی
دەسـتی کرد بە کێشـانی
لایــەك گــرانی هــانی
مەیمــوون قەپاڵی لیٚ گرت
تا بەجـاریٚ کـەلی کـرد
ئەمجا بچووك بوو سەرکەوت
ئەوی تریشــیان داکەوت
لــەم پارووپـەك لەو پاروو

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤، دێش ٦-٩.

تا پـەنیری خوارد هـەموو
پشـیلەکان بەبـێ بـەش
مانەوە مـات و ڕووڕەش[1]

– لـەبارەی بەرتیلکارییـەوە، (شـێخ نـووری شـێخ سـاڵح) لـە ڕووداوێکـی ئـایرۆنی دراماتیکدا، باسـی کێشەیەکی یاسـایی قەسـابەکانی شـار دەکـات، هەموویان دەگیرێن و بۆ قورگرتنەوەو بەردکێشان ڕەوانەدەکرێن. ئەوانیش بە خۆدەکەونەوەو لە ڕێگەی بەرتیلەوە خانمی خێزانی پاشا ڕازی دەکـەن و لـە سزای پاشای شار ڕزگار دەبن:

خانم تەلـەفۆنی هــەڵگرت
پاشــای هێنایـە جرت و فرت
پێــی چۆنـت وت ڕێکــەوتن
خۆت چەندت ویست لێم وەرگرتن
قەسابیان بـردەوە سەرا
چوونــە ژووریێ بـۆ لای پاشا
ڕووی تێــکردن، وەکـو بـرا
وتی ئیشتان تەحقیق کرا[2]

بـەم شـێوەیە ڕەخنـەی ئـایرۆنی لـە نەخۆشـییە دەروونییـەکان و خەوشـە ڕەوشتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ سیمایەکی سەرەکی شـیعری نـوێی کـوردی بوو، چـونکە ڕەگـەزی بیرکردنـەوەی تێـدا زاڵ بـوو، شـاعیر جـەختی لەسـەر کێشە ئاڵۆزەکانی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هاوڵاتییـان دەکـرد، هـەوڵی دەدا لـە قووڵایی بیرکردنەوەیدا ڕاستییەکان بدۆزێتەوە، ئەو ڕاسـتییانەی پێوەنـدییان بە ویژدان و چارەنووسی خوێنەرەوە هەبوو. داهێنـانی شـاعیریش ئـەو کاتـە دەست پێ دەکات کە ڕاستییەك بدۆزێتەوەو نهێنییەکانیـشی بـە شـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ بەرانبەر بکاتەوە.

---

[1] دیوانی بێکەس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨-١٥٩.
[2] دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٨-٤٥٩.

## لێکدانەوەی بوارەکانی ڕەخنەی ئایرۆنی

لە میانی پۆلێنکردنی ئەو بابەتە چارەنووسسازانەی کە تایبەت بوون بە ژیان و ئایندەی گەلی کوردەوە، بنەماکانی سیستەمێکی نالەباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و پێوەندییەکانی تاکەکان گەڵاڵە دەبێت و لە هەمان کاتیشدا ئەو بابەتانە سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون بۆ بەرهەمەکانی شاعیرانی کورد کە وەکو ئامرازێکی چاکسازی و هۆکارێکی هۆشیارکردنەوەو شێوازێکی بەرگریکردن بەکاربهێنن، بۆیە ناوەرۆکی ئەو نموونە شیعرییانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕووو بەپێی پێویست شیکراونەتەوە، لە چەندین خاڵی هاوبەشدا لەگەڵ توخمەکانی هونەری ئایرۆنی یەکتر دەگرنەوە، لەوانە:

١ـ لە هەموو هاوکێشە ناهاوسەنگەکانی سیاسیدا، میللەتی کورد قوربانی بووە و لایەنی بەرانبەر چ دەوڵەت، یان چینێکی باڵادەست بوو بێت، دەستی وەشاندووە و پیلانیشی گێڕاوە. شاعیرانیش بە شێوەیەکی وا ڕووداوەکانیان خستووەتەڕوو، کە مەیلی خوێنەر بەرەو لایەنی لاواز و زوڵملێکرا بکێشێت.

٢ـ سەرەڕای ئەوە کە کورد قوربانی بووە، بەڵام قوربانییەکی بێ ئاگا و غافڵیش بووە لەو نەخشەکێشان و داوڕێستنانەی کە دژی ئەو دادەنران، بۆیە هەمیشە زەرەرمەند بووەو باجی غافڵبوونەکەیشی بە زیندان و دەربەدەری و ماڵوێرانی و لەسێدارەدان داوەتەوە.

٣ـ شاعیر بە شێوەیەکی وا ڕووداوەکان دادەڕێژێتەوە، کە خوێنەر بەزەیی بە قوربانییەکەدا بێت و گاڵتە بە کردەوە ناشرینەکانی ستەمکاران بکات. زۆرجاریش بە زەردەخەنەی حەسرەتەوە لە بێ ئاگایی قوربانییەکە دەڕوانێت، یان هەندێك جاریش پێکەنینی بە بەدڕەفتاری و دڵڕەقی لایەنە دەستوەشێنەکانەوە دێت، کەواتە گاڵتەجاڕییێکی خەم ئامێزبووە.

٤– شاعیر بۆ هەر کێشەیەك ئامانجێکی دەستنیشان کردووە، کە لە ئایندەدا لە بەرژەوەندی قوربانییەکەدا بێت و لەگەڵ ڕێڕەوی مرۆڤایەتیدا

بگونجێــت، وەکــو: ئــاوارەبوون چــاوەڕوانییە بــۆ گەڕاندنــەوەی مافــە زەوتکراوەکــان، زینــدانیکردن هەنگاوێکــە بــەرەو ئــازادی، لەســێدارەدان خۆشەویستییە بۆ ژیان...تد.

٥- هاوسەنگیکردنی ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعرەکە لەپێناو دەرخستنی ڕاستگۆیی ڕووداوەکەو ورووژاندنی هەستی خوێنەر بە شێوەیەکی وا کە بڕوا بە ڕەهەندە نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەکانی کێشەی هاوچەرخی گەلی کورد بکات.

٦- پێداگرتنی شاعیر لە سەر ڕاستی و ڕەوایی بابەتی هۆنراوەکەی، کە لە دەوروبەری خۆی وەریگرتووە، بەو مەبەستەی کە وەکو پەندێکی سوودمەند بە زیندوویی بمێنێتەوەو چەندین کلیلی بابەتی دیکەش بە خوێنەر ببەخشێت.

جگە لەم خاڵانەی سەرەوە، دەکرێت چەندین تایبەتمەندی لاوەکیی دیکەیش دەستنیشان بکرێن و بەپێی پێویست لەسەر هەر بابەتێکی ڕەخنەیی ئایرۆنی ئامێزدا پراکتیزە بکرێن.

## بەشی سێیەم

# تەکنیکەکانی ئایرۆنی و جێبەجێ کردنیان لە شیعری نوێی کوردیدا

### باسی یەکەم: تەکنیکەکانی ئایرۆنی

تەوەری یەکەم: ڕۆنانی تەکنیکی ئایرۆنی

تەوەری دووەم: تەکنیکی پرسیارکردن

تەوەری سێیەم: تەکنیکی قوفڵی قەسیدە (داخستن)

تەوەری چوارەم: تەکنیکی وێنەی هونەری

تەوەری پێنجەم: تەکنیکی دەقئاوێزان

تەوەری شەشەم: تەکنیکی ڕیتم

### باسی دووەم: پراکتیزەکردنی تەکنیکەکانی ئایرۆنی

تەوەری یەکەم: تەکنیکی ئایرۆنی قەسیدە

تەوەری دووەم: تەکنیکی قەسیدەی ئایرۆنی

تەوەری سێیەم: تەکنیکی کورتە شیعری ئایرۆنی ئامێز

تەوەری چوارەم: ڕۆڵی ئاماری ئەدەبی لە دەستنیشانکردنی ئاستی ئایرۆنیدا

باسی یەکەم

# تەکنیکەکانی ئایرۆنی

## تەوەری یەکەم: ڕۆنانی تەکنیکی ئایرۆنی

مەبەست لە تەکنیکە ئایرۆنییەکان، چۆنیەتی خستنەڕووی ئەو خەسڵەتە شیعرییانەیە کە شاعیرانی کورد لە ساڵانی (١٩٢٥-١٩٧٠) لە نێو دەقە ڕەخنەییەکانیاندا بەکاریان دەهێنا. شیکردنەوەی ئەو خەسڵەتانەش پرۆسەیەکی هاوبەش لە نێوان فۆرم و ناوەرۆکدا ڕێك دەخات، بەو پێیەی کە فۆرم ((تەواوکارییێکی دینامیکی دەستنیشانکراوەو مانای خۆی هەڵدەگرێت بە بێ ئەوەی پشت بە کۆمەڵێ پێوەندی دیکە ببەستێت))[1]. ئەگەر ئەم مەسەلەیە پتر ڕوون بکەینەوە دەتوانین بڵێین کە فۆرم ((هێزی دەربڕین و توانای نواندنی شتەکانە، یانیش وێنەکەیانە، کە هەست و سۆزەکان لە داهێنانی هونەرمەنددا پێك دەهێنێت))[2]. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەگەیەنێت کە شاعیر درك پێکردنێکی قووڵی هەیەو دەتوانێت بیرو بۆچوونەکانی لە میانی وێنەکردنەوەیەکی جواندا دەرببڕێت.

لەبارەی ناوەڕۆکی شیعریشەوە، ناکرێت بەپێی بۆچوونی کلاسیکییەکان پێناسە بکرێت و ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕوونکردنەوەی ڕۆنانی دەقی شیعریدا هەبێت. تەنانەت ((شیعری هزری (فەلسەفی) یش ناکرێت بەپێی بەهای ناوەڕۆکەکەیەوە لێك بدرێتەوە، بەڵکو بەپێی پلەی ڕێکخستن و هێزە هونەرییەکەیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت))[3]. بۆ ئەوەی درك بە پەیامی

---

[1] د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مطبعة الامانة، القاهرة ١٩٧٨، ص٤٨، ف٣.

[2] د. محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، دار العودة، بيروت ١٩٧٣، ص٢٨٧، ف٢.

[3] رينيه ويلك و أوستن وارين، نظرية الأدب، ت: محي الدين صبحي، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت١٩٨٧، ص١٢٩، ف١.

ڕاستەقینەکەی شیعر بکرێت و وەکو دیاردەیەکی پەیام گەیەنەر دابڕێژرێت، دەبێت وردەکارییەکانی پەیامەکەی و شێوەکانی گەیاندنەکەشی بەپێی بنەما ڕامانی و ستاتیکییەکانییەوە شی بکرێنەوە. ئەمە لە لایێکەوە لە لایێکی دیکەیشەوە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ((وشەی پەیام گەیەنەر چەندین ڕامان دەبەخشێت. لە پەیامێکی ڕووتەوە بەرەو مەبەستەکانی ئاکاری و چاکسازی و ئایینی وسیاسی دەڕوات، تا دەگاتە دواترین بانگەشە، کە لەوانەیە هونەرمەند بلاوکردنەوەی لە ئەستۆ بگرێت یانیش لەوێوە کارەکەی دەست پێ بکات))[1]. لە ڕووی بابەتی شیعریشەوە ((ناکرێت شاعیر ڕاستەوخۆ ڕاستییەکان وەربگرێت، بەڵکو دەبێت لە لایەنی هەستییەوە وەربگرێت و گیانێکی ستاتیکییان بداتێ و لەگەڵ ژیانی ئینسان و سۆز و ئارەزووەکانیشی تێکەڵ بکات))[2]. لەم جۆرە شیکردنەوەشدا ڕستە دەکرێتە تەوەری کارکردن و ((سوود لە جیاکردنەوەی ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانە قووڵەکەی وەردەگیرێت بۆ تێگەیشتنی هەندێك لە پێکهاتەکان کە لەوانەیە زیاتر لە مانایێك هەڵبگرن))[3]، بۆیە لەشیعردا ڕامانی وشە هەمان ئەندازەی ڕامانە فەرهەنگییەکەی وەرناگرێت، چونکە وشەکان هەر جارێك ((بە شێوەیەك ڕێك دەخرێن کە دەنگێك و مانایێکیان هەبێت و لە ڕووی جوانکاریشەوە هەر یەکێکیان چالاکییەکی پێ ببەخشرێت))[4]. ئەم چالاکییەش کە کاکڵی ئەدەبە بەپێی بۆچوونی هەندێك لە ڕێبازە

---

[1] د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الأدبي، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ١٩٨٣، ص١٨، ف٣.

[2] د. أحمد محمد عليان، جدلية العلاقة بين الفلسفة والأدب، دار المنهل اللبناني للطباعة و النشر، بيروت ٢٠٠٠، ص٦٢-٦٣.

[3] د. أحمد محمد ويس، الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية،ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، بيروت ٢٠٠٥،ص١٤٦، ف٣.

[4] رينيه ويلك و أوستن وارين، نظرية الأدب، مصدر سابق، ص١٤٧، ف١.

ئەدەبییەکانەوە وەکو سۆمبولیزم و بەرناسی و سوریالی تەنیا فۆرمی دەقەکە دەگرێتەوەو لە هەر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی، یان هەڵوێستێکی ئاکاری بەدەر دەکەن، بەڵام دواتر ئەم بۆچوونە گۆڕا و هەندێکی دیکە هاتن وەکو (مرۆڤپەروەرە نوێیەکان) لە ئەمریکا، کە بە توندی بەرپەرچی ئەوانی داوەتەوەو بانگەشە بۆ پابەندبوونی ئەدیب و ڕەوشتەکەی دەکەن. ڕیالیستەکانیش پتر لەمانە دەڕۆن و جەخت لەسەر پابەندبوونی ئەدیب بە فەلسەفەیەکی دەستنیشانکراو یان ڕەوتێکی سیاسی دیاریکراو دەکەن[1].

بەڵام ئەوەی زانایانی زمان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە ((ڕێکخستنی وشە لە ڕۆنانێکی ئاوێتەیی فرە ئاستدا بەهاییێکی ڕامانی یەکبوویی پێ دەبەخشرێت کە بتوانێت لەسەر ئەم ئاستە جیاوازانەدا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات))[2].

بەم پێیە ڕۆڵی وشە لەوەدا دەردەکەوێت کە ((بچووکترین یەکەی شێوازگەرایییە، یان کەرەسە بنەڕەتییەکەییێتی، کە هەمووومان کۆکین لەسەر ناونانی بە (واژە Lexie) واژەش بەوە دەستنیشان دەکرێت کە پێکهاتەیەکی دەنگییەو ڕێککەوتنێك لەبارەی دەرچوونی، یان وەرگرتنی لەگەڵ چەمکێکی دەستنیشانکراو یانیش نواندنێکی دەستنیشانکراودا هەیە))[3]. ئەم بۆچوونانەش بەرەو ئەو ڕاستییە دەچن، کە گەیشتن بە ڕامانی دەقەکە بە ڕێگەی دەرکەوتنی واژەکانەوە نابێت، بەڵکو بەپێی ئەو واتایانەوە دەبێت کە هەڵیدەگرن. لێکدانەوەی واتایەکانیش تێگەیشتنی دەقی شیعری ئاسانتر دەکات. بەو پێیەی کە ((لە شیعردا مەدلوولی وشە بە ئەندازەی مەدلوولی فەرهەنگی پێویست نییە. لە شیعردا دەلالەت کردنی وشە لەسەر ئاوێتەبوون

---

1 د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الأدبي الحديث، ط١، دار مجدلاوي للنشر، عمان ١٩٩٨، ص٤١، ف٢-٣.

2 د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مصدر سابق، ص٢٣٢، ف٢.

3 جورج مولينيه، الأسلوبية، ت: د. بسام بركة، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت١٩٩٩، ص١٩١، ف٢.

و ڕیزبەستن و میانە (السیاق Context)ەوە بەندە، لە بەکارهێنان و نەریتی ئاسایی، سەرپێچی و لادان ڤالأیەکی جوانکاری دەنوێنێت))[1]. بەم پێیە شیعر پتر جەخت لەسەر لایەنی خواستن دەکات و ((خواستنیش لە مانا گشتییەکەیدا ئەم سێ بەشەی ڕەوانبێژی دەگرێتەوە: خوازە (بە لێکچواندنیشەوە) و خواستنی گەیەنەر و درکە))[2]. ئەم بۆچوونەش دەمان گەیەنێتە ڕاستییەکی دیکەی پێویست بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی داهێنان لە شیعردا، ئەویش ئەوەیە کە لە نێوان مانا دەربڕاوەکان و مانا خوازراوەکاندا پانتاییەکی لەبار بۆ میکانیزمی ئەنجامدانی تەکنیکەکانی ئایرۆنی فەراهەم دەبێت و بە ڕێگەی چەند کردەوەیەکی کاریگەریشەوە ئاستەکانی هەر تەکنیکێك ڕێك دەخرێت، کە لە لادانێکەوە دەستپێدەکات. لادانیش ئاستێکی سەرەکییە لە تەکنیکی ئایرۆنیداو دەستنیشانکردنیشی ((بەپێی زاراوەی زمانناسە نوێخوازەکانەوە هەر گۆڕانکارییەك لە ڕیزبەندی پیتەکان لە نێو وشەداو وشەکان لە نێو ڕستەداو بەکارهێنانی ئەو وتانەی کە بە شێوەیەکی مەجازی و بۆ مەبەستێکی ڕەوانبێژی بەکاردێن دەگرێتەوە))[3]. لە ئەنجامی لادانیشدا مەودایێك لە نێوان مانا جیاکاندا دروست دەبێت. کەواتە لەو مەودایەدا ڤالأیەك یان کەلێنێك هەیەو ((بیرۆکەی مەوداو کەلێنیش لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی شیعرییەو گوزارشت لە جۆرێك لە گواستنەوەی لەناکاو و داشکەستنێکی ڕیزبەندی و بەردەوامبوون لە بیرکردنەوەکاندا دەکات، ئەمەش بوارێکی ئەرینی پتەو بەرهەم دێنێت، کە لەوەوە توخمە

---

[1] د. ئازاد ئەحمەد مەحموود ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٩، ل١٥٥، پ٢.

[2] د. أحمد محمد ويس، الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية، مصدر سابق، ص٧٢، ف٢.

[3] د. أحمد محمد ويس، الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية، مصدر سابق، ص٣٤، ف٣.

ئامادەبووەکان ئاماژە بۆ توخمە ونبووەکان دەکەن))[1]. کەواتە لادان لە دەقی ئایرۆنیدا سنووری مانا فەرهەنگی و ڕێزمانییەکان دەبەزێنێت و پێوەرێکە بۆ دەستنیشانکردنی هەر چەمکێك بتوانێت لایەنە دوورکراوەکان کۆبکاتەوەو ئەو کەلێنەی لە نێوانیاندا هەبوو بە ڕامانێکی دیکەی نوێ پڕ بکاتەوە. پڕکردنەوەی کەلێنەکانیش ئەرکی سەرەکیی شیعرە، کە لە دەرەوەی شتە زانراوەکاندا ئەنجامی دەدات. خوێنەریش هەوڵ دەدات بە پێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی لایەنە درکپێکراوەکان و ئەو لایەنانەی لە ناکاوەوە هەستی دەورووژێنن لە یەکدی نزیك بکاتەوە. کەواتە ((کەلێنەکان، یان نەگونجاندن لە نێوان دەق و خوێنەردا دەبێتە هۆی دروستبوونی کردەوەی گەیاندن لە پرۆسەی خوێندنەوەدا. ناکرێت تێبینی ئەم جۆرە کەلێنانەش بکرێت، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی بەرهەستی نەبێت))[2]. بۆیە کاری گەیاندن هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە لە نێوان پێکهاتەکانی دەقی شیعریدا هەن. کەواتە بە پێی قەوارەی کەلێنەکان ڕێژەی ڕوونی یان تەمومژاوی دەقەکە دەردەکەوێت. ئەم ڕێژەیەش ئاڵۆزتر دەبێت ئەگەر پێکهاتەکانی هەردوو لایەنی کەلێنەکە پێچەوانەی یەکدی بوون و لەسەر بنەمای هاودژییەوە ئاوێتە بن. ((هاودژیش لە دەقدا چ لە ڕووی فۆرم و چ لە ڕووی دیدگەیەوە بێت، بە دوو شێوە دەردەکەوێت. لە ڕووی فۆرمەوە ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە دەقەکە تووشی شڵەژان یان دژبوون دەبێت و خوێنەریش ڕاستەخۆ لە یەکەمین خوێندنەوەی دەقەکەدا تێبینی دەکات. لە ڕووی دیدگەیشەوە لە جیاوازی بۆچوونەکان و لەبەریەکچوونیانەوە

---

[1] وليد منير، النص القرآني من الجملة الى العالم، ط١، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، القاهرة١٩٩٧، ص٥٧.

[2] وليم راي، المعنى الأدبي من الظاهراتية الى التفكيكية، ت: يوئيل يوسف عزيز، ط١، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد١٩٨٧، ص٤٦، ف٣.

دەردەکەوێت. ئەمەش حاڵەتێکی بێ هاودژییە، چونکە دیار نییە و لە یەکەم خوێندنەوەدا نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە نێو قووڵاییەکانی دەقدا شاراوەتەوە و پێویستی بە یەکێك هەیە کە لە خوێندنەوەکەیدا تێی بگات))[1]. بەم شێوەیە هاودژی مەرجێکی سەرەکییە لە تەکنیکی ئایرۆنیدا و بە بێ هەبوونیشیی حاڵەتی گرژی دروست نابێت، کە دەبێت ((پاڵنەرە بەگژیەکداچووەکان لە دەروونی شاعیردا گرژ ببنەوە و ئەم گرژییەش لە خودی کارە ئەدەبییەکەدا ڕەنگ بداتەوە))[2]. هەر گرژییەکیش لە نێوان پێکهاتەکانی شیعردا دروست ببێت بەگەرمی سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ئەویش هەوڵ دەدات هەردوو لایەنی کەلێنەکە بە یەکدی بگەیەنێت، بۆ ئەوەی لە مانایەکی نوێدا یەکدی تەواو بکەن. ئەمەش مەرجی بە شیعربوونە. بەڵام ئەگەر هەردوو لایەنی کەلێنەکە هاودژبوون، ئەوە ململانێیەك سەرهەڵدەدات و ((ململانێیەکەش ئەو کەرەسەیە کە گرێچنی لەسەری بنیات دەنرێت کە لەوانەیە ئەو ململانێیە لە ناخی کارەکتەرەکەدا بێت. یانیش لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندا لە نێوان ئینسان و جیهانی سروشتیدا ئەنجام بدرێت))[3] و لە چەسپاندنی هەر ململانێیەکیش لە دەقدا ((دەکرێت نەخشە بۆ کەرتێکی زەمەنی لە مێژوودا بکێشرێت و هەموو جووڵانەوە شیکارییەکانی بنیاتگەرایی لە نێو ئەو کەرتە دەستنیشانکراوەدا بڵاو بکرێنەوە))[4]. بەپێی مەودا زەمەنییەکەیشەوە ((قەسیدەی ئایرۆنی دەوڵەمەندییەکی شیعریی گەورە بەخۆوە دەگرێت ئەگەر شاعیر توانیبێتی لەو کاتەدا بە جوانیی ساتە

---

[1] حسن حماد، المفارقة في النص الروائي، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة ٢٠٠٥، ص٧٠، ف٤.

[2] د. نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث – دراسة في مذاهب نقدية حديثة وأصولها الفكرية، ط١، مكتبة الأقصى، عمان ١٩٧٩، ص٦٦، ف٢.

[3] د. محمد آلتونجي، المعجم المفصل في الأدب، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٩٩، ص٥٨٤، ف٢-٣.

[4] جورج مولينيه، الاسلوبية، مصدر سابق، ص٩٦، ف١.

شیعرییەتێکی خێرا کە لە دۆخێکی شیعرییەتی هێورەوە بەرەو دۆخێکی شیعرییەتی ئایرۆنییەوە دەگۆڕێت بەدەست بێنێت))[1]. بەپێی ئەم ئاستانەی سەرەوە تەکنیکی ئایرۆنی پێکدێت، کە بە قۆناغەکانی لادان، کەلێن، هاودژی، گرژی، ململانێ، مەودای زەمەنی تێدەپەڕێت و شێوازی دەقەکە دەستنیشان دەکات. ئەوەی شێوازی ئایرۆنیش لە شێوازە ئەدەبییەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە دەرفەتێکی زۆر بە خوێنەر دەدات، کە لە مانای دەقەکە وردبێتەوەو بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی هەبوون و چۆنیەتییەکەی مەزەندە بکات و تێگەیشتنەکەیشی تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ مەبەستی شاعیر یەکدی بگرنەوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١-). بەم شێوەیە تەکنیك لایەنێکی بنەڕەتییە لە هونەری ئایرۆنیداو بە پێی کارامەیی شاعیر ڕۆڵی لە بنیاتی دەقە شیعرییەکەدا دەردەکەوێت. لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، لەم باسەدا ئەو تەکنیکە ئایرۆنییانەی کە لە شیعری نوێی کوردیدا بەکارهاتوون لە چەند تەوەرێکدا بخرێنەڕوو، کە گرنگترینیان تەکنیکی پرسیارکردن، قوفڵی قەسیدە، دەقئاوێزان، وێنەی هونەری، ڕیتم بوون.

## تەوەری دووەم: تەکنیکی پرسیارکردن

پرسیارکردن شێوازێکی ئاخاوتنی ئاراستەکراوەو بەپێی ئاستی پێگەیشتنی مێشکی قسەکەر ڕێك دەخرێت و ئامانجەکەیشی دەستنیشان دەکرێت، بۆیە وەکو ئامرازێکی هۆشیارکەرەوەی خود و لێکدانەوەی زانیارییەکانی دەوروبەریش بەکاردێت. بە پرسیارکردنی بەردەوامەوە ئینسان دەتوانێت کەسایەتییەکەی بدۆزێتەوەو خۆی لە ژیانی بەرکەنارکردن و پاشکۆیشەوە ڕزگار بکات.

---

[1] محمد صابر عبيد، العلامة الشعرية – قراءات في تقانات القصيدة الجديدة، ط١، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، اربد ٢٠١٠،
ص١٦٩، ف٤.

ئەو هاودژییانەی لە نێوان ئازادییەکانی کەسایەتی سەربەخۆ و لە نێوان خەوشەکانی کەسایەتی بڕوابەخۆنەبووندا دروست دەبن، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە و کارتێکردنەکانیشی باری هزری کۆمەڵ لە بازنەیەکی تەسکدا قۆرغ دەکەن. بەم پێیە تاکەکان ناتوانن بە ئاسانی هەندێك دابونەریتی کۆن ڕەت بکەنەوە، یان هەندێك شتی نوێی پێویست وەربگرن. لەنێوان هەر بوێرییەکی ڕەتکردنەوە و ئارەزووییەکی وەرگرتندا حاڵەتێکی ئایرۆنی دێتەکایەوە و چەندین پرسیاری دیکەی ڕەخنە ئامێز لەدوای خۆ بەجێ دێڵێت، چونکە ((هەڵبەست وەڵام نییە، بەڵکو پرسیارە لە نێو پرسیاردا، یانیش پرسیارێکەو لە پرسیارانیش تێدەپەڕێت))[1].

لەم ململانێیەدا ((ڕەخنەی ئەدەبی بە داخراوەیی دەمێنێتەوە و ناتوانێت خۆی لە کۆت و بەندەکان ڕزگار بکات و پێداویستییەکانی جووڵانەوەیەکی کاریگەر و تازەگەریش بە خۆوە بگرێت، ئەگەر لە مەودایێکی کراوەیی پرسیارکردنەوەدا نەڕوات. بۆ ئەوەی ببێتە هزرێك و جەخت لەسەر ئایرۆنییەکەی بکات، دەبێتە خودێك و بابەتێك، خوێنەرێك و خوێندنەوەیەك، بەستراوێك بە ساتێکی مەعریفییە مێژووییەکەیەوە و لەهەمان کاتدا هەوڵی تێپەڕاندنیشی دەدات))[2]. بەم شێوەیە پرسیارکردن تەکنیکێکی ڕەخنەییە، ڕەخنەگر ئیشی لەسەر دەکات و بە بنەمایێکی سەرەکی کارەکانیشی دادەنێت، چونکە ((هیچ بیرو باوەڕێك نییە پرسیار هەڵنەگرێت و گومانیشی لەسەر نەبێت، هیچ نەریتێکیش نییە بەرەو تواندنەوە نەڕوات، بۆیە ڕەگەزی مرۆڤایەتیش ئەو ڕاستیە دەدۆزێتەوە، کە دەبێت پەنا بۆ شیعر ببەین و ژیانمانی پێ شی بکەینەوە، خۆمان پتەوتر بکەین و هەبوونمانیش درێژتر

---

[1] أدونيس، الثابت و المتحول، ط١، دار العودة ، بيروت ١٩٧٨، ص٣١٣.

[2] د. جابر عصفور، نظريات معاصرة، ط١، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق١٩٩٨، ص١٦-١٧.

کەین))[1]. بۆیە شاعیریش بەپێی پێویست پشت بە وردەکارییەکان و شیکردنەوە دەبەستێت و ڕەخنە لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکاردێنێت، ڕەخنەگرتنیش جۆرێکە لە ورووژاندنی پرسیارەکان. تەکنیکی پرسیارکردنیش لە نێو شیعری نوێی کوردیدا زۆرە، تا ڕادەیەك کە جاری وا هەبووە، شاعیرێك بنیاتی هەڵبەستەکەی لەسەر تەکنیکی پرسیارکردن داڕێژتووە، کە ڕێژەیەکی زۆر لە دێڕەشیعرەکانی ئەو هەڵبەستە، یان هەر هەموویان لە پرسیارگەلێك پێك هاتووە. کەواتە تەکنیکی پرسیارکردنیش سیماییێکی تازەگەریی شیعری نوێی کوردی بووە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش چەند نموونەیەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەستنیشان دەکەین:

| ناوی شاعیر | ناونیشانی شیعر | ژ.دێڕەشیعرەکان | ژ.پرسیارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|---|---|
| بێکەس | یادی نیشتمانی کوردستان[2] | ٧ | ٨ | ١١٤,٢٨٪ |
| هەژار موکریانی | سەید کاکەجان[3] | ١ | ٢ | ٢٠٠٪ |
| قانع | ...بۆ چییە؟[4] | ١١ | ١٣ | ١١٨,١٨٪ |
| = | نەکەم چی بکەم؟[5] | ٧ | ٨ | ١١٤,٢٨٪ |

---

١ تيري إيجلتون، النقد و الايديولوجية، ت: فخري صالح، ط١، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة ٢٠٠٥، ص١٤٢، ف٣.

٢ دیوانی بێکەس، ئا: ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەتەوەو لێی زیاد کردووەو پاشکۆی بۆ داناوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٥، ل١٦-١٧.

٣ هەژار، بۆ کوردستان، چاپخانەی عیتانی، بیروت١٩٦٦، ل١١٢.

٤ دیوانی قانع ـ شاعیری چەوساوەکانی کوردستان ، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چ٢، چاپخانەی دالاهو، تەهران١٣٨٥، ل٢٢٤-٢٢٥.

٥ سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣-١٦٤.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جەگەرخوین | بێریا وەلات[1] | ٢٩ | ١٦٦ | ٪٥٧٢,٤١ |
| = | یار کۆ مێڤانی تە بی[2] | ٨ | ٩ | ٪١١٢,٥ |
| شێخ نووری شێخ ساڵح | شیوەنی مەحموود جەودەت[3] | ٦ | ٧ | ٪١١٦,٦٦ |
| سەلام | شێوەن[4] | ٥ | ٩ | ٪١٨٠ |

ئەم ڕێژە چڕە لە ژمارەی پرسیارکردندا پێوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان شاعیرو خوێنەردا دروست دەکات. شاعیر لەنێو ژانێکی پڕ ئازاردایە و خوێنەریش ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی قورس دەبێت. ئەوەی ڕێگە بۆ ئەنجامێکی هاوبەش خۆش دەکات بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون و ڕاستگۆ و وردبینە، کە لە کردنەوەی جوفرەکانی دەقدا یارمەتی خوێنەر دەدەن و دەتوانێت وەڵامێکی نزیك لە بۆچوونی شاعیر، یانیش هەر هەمان وەڵامی ئەو بدۆزێتەوە.

بەم شێوەیە هەر شیعرێك کە لەسەر تەکنیکی پرسیارکردن بنیات بنرێت، جۆرێك لە ڕەخنەشی تێدا دەبێت، بەڵام مەرج نییە هەر پرسیارکردنێکی ڕەخنەیی لەسەر بنەمای ئایرۆنی داڕێژرا بێت، بۆیە لێرەدا تەنیا باس لەو تەکنیکە شیعرییانە دەکرێت کە لەسەر بنەمای تەکنیکی پرسیارکردن دانراون و هەردوو لایەنی ڕەخنەیی و ئایرۆنیشی تێدا بێت:

---

[1] جەگەرخوین، ئاگرو پرووسك، چ٤، چاپخانەی بەردان ماتباجلك، ستەنبۆل ٢٠٠٣، ل٣٦-٣٨. (بە ڕێنووسی لاتینی).

[2] جەگەرخوین، سەورا ئازادی، چ٣، چاپخانەی بەردان، ستەنبۆل٢٠٠٣، ل٢١٩.(بەڕێنووسی لاتینی).

[3] دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ب١، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨، ل٣٤٥.

[4] دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوەو پێشەکی بۆ نووسینی: ئومێد کاکەڕەش، چ٢، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا١٩٩٢، ل٢١٤.

### ١- پرسیارکردنی درامی

شــاعیر لــە نێــو دەقــە شــیعرییە درامیەکانیــدا تــەکنیکی پرســیارکردن بــەکاردێنێت، بــۆ ئــەوەی ((هەڵوێــستەکانی پــێ دەربــبڕێــت، نەخاسمــە ئــەو هەڵوێــستانەی ڕەتکردنــەوەو یاخیبوونــەکان دەنــوێنن، یــانیش ڕەخنــە لــە کاروباری خەڵك دەگرن، بــە تایبــەتی ئــەو لایەنانــەی بــە نامۆیــان دەبینێــت و تــووڕەی دەکــەن و هەڵچوونەکانیــشی دەورووژێــنن))[1]. ئەگــەر هەڵوێــست وەرگــرتنیش ڕەخنــەگرتن بێــت کــە لــەنێو پرســیارکردندا دابڕێــژرێت ئــەوە شێوازێکی دراماتیك وەردەگرێت، چونکە (( پرسیار بە خــۆی دەمەتەقەیێکە لەگەڵ دەروونی خۆی، یان کەسێکی دیکەدا دەکرێت. بەم پێیە پرسـیارکردن و وەڵامدانەوەی بنەماییێکی سەرەکییە کە خەسڵەتی درامایی لە هەر کـارێکی ئەدەبیدا دەستنیشان دەکات، چ شیعر، یان چیرۆك، یان شانۆنامە بێــت))[2]. درامــاش واژەیــەکی دێرینــەو ئەگــەر گۆڕانکــاری زۆریــش بەســەر ماناکەیــدا هاتبێــت، بــەڵام لــە هــەموو ســەردەمێکدا ئــەو خەســڵەتەی تێــدا هــەبووە کــە ((هونەرێکی نواندنەوەی زیندووە ئاراستەی بیستن و بینین و سۆزو ئەندێشەو بــیری تەماشــەکەر دەکرێــت))[3]. کەواتــە جیــاوازی هەیــە لــەنێوان ئــەو پرسـیارانەی بــە شـێوەی درامــایی دەکــرێن و ئــەو پرسـیارانەی بــە شـێوەی گێڕانەوە لە نێو بابەتە ئەدەبییەکاندا دەخرێنــەڕوو. هەرچــەندە هــەردووکیان شێوازی گفتوگۆیان تێدایە. بەڵام ئەو لایەنانــەی گفتوگــۆی درامــایی جــەختی لەسەر دەکات ئەوەیە، کە جۆری هەڵوێست وەرگرتنی قسەکەران و چۆنیەتی بەئــەنجام گەیــشتنی بۆچــوونەکانیان دیاردەکــات. قــسەکەرانی نێــو درامــا

---

[1] د. سامح الرواشدة، مغاني النص ـ دراسات تطبيقية في الشعر الحديث، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت٢٠٠٦، ص٦٠، ف٣.

[2] عزالدين إسماعيل، كل الطرق تؤدي الى الشعر، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت٢٠٠٦، ص١٩٤، ف٤.

[3] جبور عبدالنور، المعجم الادبي، ط١، دار العلم للملايين، بيروت١٩٧٩، ص١٠٩،ع١، ف٥.

هاودژەکان بەرانبەری یەکدی دەکەن و هەوڵی سەلماندنی ڕاستییەك دەدەن کە لەنێوانیاندا بە تەواوەتی ڕوون و ئاشکرا نییە. بە پێچەوانەی گفتوگۆی گێڕانەوە کە پتر جەخت لەسەر گۆڕینەوەی هەواڵ و زانیارییەکان دەکات. بۆ نموونە (( سوکرات لە ڕۆشنبیرکردنی قوتابیەکانیدا پشتی بە شێوازی گفتوگۆ دەبەست، پرسیاری لێ دەکردن، گوێی لە وەڵامەکانیان دەگرت، هەڵەکانیانی ڕاست دەکردەوە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی دەبردن تا دەیگەیاندنە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستی بوو))[1]. ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەسەر بنەمایێکی دراماتیکی بەڕێوەدەچوو، چونکە لەنێو پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی هەردوو لایەندا بۆچوونە هاودژەکانیان بەرانبەری یەکدی دەکران و ڕاستییەکانیانیش هەڵدەبژارد. ئەمەش تەکنیکێکی ئایرۆنی بوو، کە سوقرات بەکاری دەهێنا. بە هەمان شێوەیش زۆرجار شاعیران بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو تەکنیکە لە نێو دەقەکانیاندا بەکاردەهێنن و لە میانی پرسیارو وەڵامدانەوەی جۆراوجۆردا ڕەخنە لە حاڵەتێك، یان ڕووداوێك دەگرن کە مەبەستیانە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆچوونەکانیان دەربڕن. هەر ئەم تەکنیکە هونەرییەیە کە لەنێو شیعری نوێی کوردیدا بەکارهاتووەو لێرەدا بە پێویست دەزانرێت جۆرو مەبەست و چۆنیەتی بەکارهێنانیان شی بکرێنەوە:

ئا- سەرتاپای دەق لە پرسیارو وەڵامەکان پێك دێت، کە لە نێوان دوو کەسدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن و دەبێتە بابەتی درامایێکی پڕ هاودژ و لە ئەنجامدا وەکو پرۆژەیەکی پێشنیازکراو دەخرێتە بەردەستی خوێنەران. بۆ نموونە (جەگەرخوین) لە درامایێکی (٣٤) دێڕەشیعریدا گفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان بەگێکی کورد و کەسێکی دیکەدا ساز دەکات کە کەسێکی هۆشیارەو

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل١٠٠، ئەس ١- ٢.

نوێنەرایەتی گەل دەکات. لە میانی پرسیارەکانیدا هەوڵ دەدات بەگەکەش لەو غەفڵەتەی تێی کەوتووە بە ئاگا بێنێت:

| | |
|---|---|
| **بەگم، چووبوو کوو؟** | **چووبوومە حەلەب.** |
| **ئیشێ تە چ بوو؟** | **ولۆ بێ سەبەب.** |
| **بێژە بەگێ من،** | **چ بێژم جانم.** |
| **کا وە چ کریە؟** | **قەت ئەز نزانم.** |
| **وە کەس نەدی قەت؟** | **چما دپرسی(!..)**[1] |

ئەو کەسەی شاعیر خۆی لە پشتی شاردۆتەوە و قسە دەکات، هەوڵ دەدات قوربانییەکە (بەگ) لە پلانەکانی دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێن ئاگادار بکاتەوەو لە میانی گفتوگۆیەکەیشیدا دەیەوێت هەموو گەلی کورد لەو هاوکێشانەی کە لە نێوان چین و توێژەکانی گەلی کورددا هەن لە لاییەکەوە و ئەوانەی لە نێوان کورد و گەلانی دیکەدا دروستبوونە لە لاییەکی دیکەوە ئاگادار بکاتەوە. لە کۆتاییدا شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئەوە دەخاتەڕوو، کە گەل هۆشیار بۆتەوە، بەڵام بەگەکە خۆی لەم مەسەلەیە گێل دەکات و نایەوێت ئەو ڕاستیانە بورووژێنرێن. لەم هاوکێشە لاسەنگەدا چەندین پرسیار بێ وەڵام دەمێننەوەو لەو پانتاییەدا حاڵەتێکی ئایرۆنی ڕەخنە ئامێز دروست دەبێت، چونکە گەل لە نێو کێشەکانی خۆیدا دەگریێت و بە ڕەفتاری بەگەکەیش پێ دەکەنێت:

| | |
|---|---|
| **ژ بۆ وە گۆتن** | **نە پڕ سەزا یە** |
| **هەڕە ئەزبەنی** | **هەڕە ئەزبەنی** |
| **ملەت، هەمی کورد** | **ب وە دکەنی.**[2] |

---

[1] جەگەرخوین، سەورا ئازادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩، دێش ١-٥.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ٥٠، دێش ٣-٥.

**هەروەها (گۆران) یش لە درامای (نق و جق)دا بینای شیعرەکەی لەسەر پرسیار دادەڕێژێت، کە دیالۆکی کارەکتەرەکان لەسەر ڕستەی پرسیار یانیش پرسیارئاسا ڕێك دەخات. لەنێو خستنەڕووی چەندین هاوکێشەی دژیەکدا ڕەخنە لە شێوازی بەڕێوەبردنی فەرمانگەیەکی دەوڵەت دەگرێت، کە گەندەڵی تێدا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە تەنیا لە بەرژەوەندی چینی باڵادەستی کۆمەڵدایەو هەژاریش تێدا قوربانییەکی هەمیشەییە:**

**هەژار: (سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی نق):**

**. قوربان کارم..؟**

**نق: (بێ سەر هەڵبڕین): . بە دەست جقە.(١)**

**پرسیارەکانی کابرای هەژار لەنێوان نق و جق دا بێ وەڵام دەمێننەوە. هەر یەکێك ڕەوانەی لای ئەوی دیکە دەکات. لە کۆتاییدا بە تکاو ڕجاکردنەوە دەگەڕێتەوە لای نق:**

**هەژار: قوربان، مەئمووری نق، کارم،**

**عەرزوحاڵەکەی پێرارم؟**

**نق: (سەرهەڵئەبڕێ .. قەڵەمەکەی دائەنێ .. جگەرەیەك**

**دائەگیرسێنێ .. پاڵی لێ ئەداتەوە):**

**– کوڕە، کابرا، نەموت بڕۆ**

**لای جقە عەرزوحاڵی تۆ؟!(٢)**

**تکا و ڕجاکردنی هەژارەکە سەرناگرێت و لەباتی ئەوەی ئیشەکەی بڕوێنن، سزای دەدەن و بەرەو بەندیخانەیش دەبەن:**

**هەژار: ( بە واق و ڕماوی چاوی گێڕا بە گشتیانا. لەبەر خۆیەوە):**

---

[١] دیوانی گۆران، بر١، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردوەتەوە و ئامادەی کردوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٠، ل٣٧٥، دێش ٦-٩.

[٢] هەمان سەرچاوە ، ل٣٧٥، دێش ١٤-٢٠.

حەی لە نق و جقی کارم

چەند گورج دەرچوون بۆ ئازارم!؟[1]

دیالۆگی کارەکتەرەکانی درامایەکە سادە و ئاساییە، باس لە حاڵەتێکی ڕۆژانەی کۆمەڵگە دەکات. شاعیر بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی دەیگێڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ مانا شاراوەکانی کێشەکە ڕابکێشێت، کە بۆچی ئەوانەی داوای مافی خۆیان دەکەن زیندانی دەکرێن؟ هەر ئەم پرسیارەشە کە، لە لایێکەوە ڕەخنەیەکی توند لە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگە حکومییەکانەوە دەگرێت و لە لایێکی دیکەوە بووەتە خاڵێکی هاوبەش لەنێوان دەربڕینی شاعیر و تێگەیشتنی خوێنەرداو حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست کردووە.

هەروەها (هەژار موکریانی) چەند دەمەتەقەیەکی ڕەخنە ئامێز لەسەر بنەمای دیالۆگێکی دراماییەوە و بە شیعر هۆنیوەتەوە، کە بەشێکی زۆری لەمیانی پرسیارکردن و گەڕان بەدوای وەڵامەکانیاندا پێکهاتووە، هەندێك لە ڕاستییەکان لە نێو قسەکانی کارەکتەرەکاندا دەزانرێت و ئەوەی دەمێنێتەوەش خوێنەر بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی لێکی دەداتەوە. لە هەردوو حاڵەتیشدا خوێنەر لە مەبەستی شاعیر دەگات. شاعیر ئەم شێوازەی بە ڕەنگێکی فراوان بەکارهێناوە، وەکو دەمەتەقەکانی بایز و پیرۆت[2].

ب ـ شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیدا پرسیارێك، یان چەند پرسیارێکی درامایی دەخاتەڕوو. لێرەدا سەرچاوەی پرسیارەکە گرنگ نییە، کە شاعیر خۆی دەکات یانیش لەسەر زاری کارەکتەرێکەوە دەردەبڕێت، بەڵکو ئەوەی پێویستە بزانرێت جۆری پرسیارەکەیەو چۆنیەتی داڕشتنەکەیەتی، کە لە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣٧٧، دێش ٢٠-٢٢.

[2] هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی (انتشارات هەژار)، سنندج ١٣٨٥ك، ل٥٢، ٨١، ٨٠، ٧٨، ١٣٨.

ڕووی هونەرییەوە لادانێکی تێدا بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر لە مانا نادیارەکەی وردبێتەوە، بە تایبەتی کە ڕەخنەیەکی ئامانجدەریش لە خۆوە بگرێت. بۆ نموونە (زێوەر) لە شیعری (کێ یە؟)دا، بەم پرسیارە دەست پێ دەکات:

**کێیە تا سەر لە فەزای دەرد و غەما بێ، مابێ**

**ئەوە هەر کوردە کە چاوی لە هەوا بێ، وابێ**[1]

شاعیر وەڵامەکەی ناواخنی گریمانەیەك دەکات، کە چەندین نیشانەی پرسیاری دیکە لێ دەکەوێتەوە و دەرفەت بە خوێنەر دەدات کە وەڵامەکانیان بدۆزێتەوە.

پ - لە ناوەڕاستی دەقە شیعرییەکەیدا، شاعیر پرسیارێك، یان پرسیارگەلێك دەخاتەڕوو، لە گفتوگۆییێکی کراوەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ڕاستی ناوەڕۆك و جوانی تەکنیکی شیعرەکەی ڕادەکێشێت، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامبوونی دەقەکەی. لە میانی ئەم ناوبڕەی پرسیار ئامێزیشدا، خوێنەر دەتوانێت بەراوردێك لە نێوان سەرەتا و کۆتایی شیعرەکەدا بکات و لەگەڵ وەڵامەکانی خۆی بۆ پرسیارەکانی ناوەڕاست لێك بداتەوە. خاڵە دژبووەکانی ئەم پرۆسەیە حاڵەتێك یان چەندین حاڵەتی ئایرۆنی دروست دەکەن. بۆ نموونە (سەلام) لە هەڵبەستی (ساقی نامە)دا، کە لە (٩) پارچە شیعر پێك دێت. لە (٥) پارچەی یەکەمدا بارودۆخی کوردستان لە کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەخاتەڕوو. لە پارچەی شەشەمدا چەندین پرسیار ئاڕاستەی خوێنەر دەکات، کە وەڵامەکانیان پاڵپشتێکی سەلمێنەرن بۆ ئەو بیرو بۆچوونانەی پێشتر خرابوونەڕوو:

**هەتاکەی کوردی بێ کەس وا زەلیلە؟**

**هەتاکەی بۆ ئەم و بۆ ئەو دەخیلە؟**

**هەتاکەی وا زەلیل و پەست و خوارە؟**

---

[1] زێوەر، کی یە، گ: گەلاوێژ، ژ ٨ س٩ ئابی ١٩٤٨، بەغدا، ل٣٥، دێش١.

**هەتاكەی بەرز ئەبێتۆ بۆ قەنارە؟**

**هەتاكەی خوێنی ئەم قەومە حەڵاڵە؟**

**لەبەرچی بێ دەنگ و خامۆش و لاڵە؟**[1].

ئەوەی لە تەكنیكی گفتوگۆی ئەم پارچە شیعرەدا بەدی دەكرێت ئەوەیە، كە لەهەر پرسیارێكی نیوەدێڕی دووەمدا هەندێك لە وەڵامی پرسیاری نێوەدێڕی یەكەمی تێدایە. بۆ نموونە كە پرسیار لە هۆكاری بێ كەسی و زەلیلی كورد دەكرێت، وەڵامەكە ئەوەیە، چونكە دەخیلی خەڵكی دیكەیە. ئەم وەڵامە دەبێتەوە پرسیارێك لەبارەی هۆكاری دەخیلبوونەكە، وەڵامەكە لەنێو پرسیارێكی دیكەدا دێتەوە، چونكە پەست و خوارە. ئەمەش دەبێتەوە پرسیارێكی دیكە و وەڵامەكەی ئەوەیە چونكە چارەنووسی لە سێدارەدانە. ئەمەش دەبێتەوە پرسیارێك و وەڵامەكەیشی لە پرسیاری دواتردا دێت، كە خوێنی حەڵاڵە و ئەمەش پرسیارێكە و وەڵامەكەی لە پرسیارێكی دیكەدایە كە بێدەنگ وخامۆش و لاڵە... بەم شێوەیە ئەم گفتوگۆیە تا دوا پرسیارو وەڵامدانەوەی ئەم پارچە شیعرە بەردەوام دەبێت:

**لەبەرچی تارو مارو دەربەدەربن؟**

**لەبەرچی پێ بە كۆت و قوڕ بەسەربن؟**

**خەتای چی بوو بڵێ ساقی قصووری؟**

**لەبەرچی ون كرا خاك و سنووری؟**

**لەبەرچی بەش بەشە ئەم لالەزارە؟**

**لەبەرچی كورد بە بێ لانەو هەوارە؟))**[2].

لەهەر سێ پارچەی كۆتاییدا بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ڕێگە بۆ خوێنەر خۆش دەكات، كە لە میانی كردەوەو ئاماژەكانی ساقییەوە قۆناغەكانی

---

[1] دیوانی سەلام ئا: ئومێد كاكەڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧، دێڕ١-٣.

[2] دیوانی سەلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧، دێڕ ٤-٦.

مێــژووی کــورد لــەنێو هاوکێــشەیەکی لاســەنگدا ڕوون دەکاتــەوەو بــە سەرسوڕماوییەوە بەراوردێك لە نێـوان چـاکەی کـوردو خراپـەی هاوسـێکانیدا دەکات. لە پارچەی شەشەمدا تـەرازووی چارەنووسـی میللەتەکـەی دەخاتـە بەر دەستی قـەدەر و بـە هـۆی ئەندێشەیەکی میتافیزیکییـەوە پلانێکـی پـێ ڕادەگەیەنرێت، بەڵام لـە جێبەجێکردنیـدا تووشـی ڕکابەرییـەکانی چینایەتی نـاوخۆیی و گـەفی دەسـتدرێژییەکانی دەرەکـی دەبێـت. لـەنێوان ئومێـدی سەرکەوتن و بێزاری داشکەستندا ململانێ بەردەوام دەبێت.

ج ـ شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەیدا بە شێوەیەکی وا پرسیارێك دەخاتـەڕوو، کە خوێنەر لە مەبەستی بگات، چـونکە لـەمیانی ئـەو هـەموو هاودژانـەی کـە لەنێو دەقەکەیـدا بـەراوردی کردبـوون پانتـاییێکی لـەباری بـۆ دەربڕینـی ئـەو پرسیارە فەراهەم کردبوو. بۆ نموونە (موفتی پێنجوینی) لە شـیعری (کـچانی پێنجوین)دا، کە لە (٩) چوارین پێکهاتووەو تێدا بێبەشبوون و مەغدووریـەتی کچانی پێنجوین لەبارەی مـافی خوێنـدن و ئازادییـە سـەرەتاییەکانەوە بـاس دەکات. لە دوا چواریندا ئەم پرسیارە لە خۆ دەکات، کە بەپێی پێگەی لەنێو کۆمەڵدا، ناکرێت بەم شێوەیە دەستی بخاتە نێو هـەموو کێشەکانی خـەڵك و کارو ئەرکی بەرپرس و کاربەدەستان هەڵبسەنگێنێت:

. موفتی . خەیاڵت پەرتەو بێ هۆشی
یا خـەو ئەبینی یاخـۆ سـەرخۆشـی
نە سـاقی مەجلیس نە بـادە نۆشـی
بۆچی بە تـەنها وا دڵ بـە جۆشـی؟[1]

[1] دیوانی موفتی پێنجوینی ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم مـوفتی، چ١، چاپخانەی (الشرکة العراقیـة للطباعـة والنـشر)، بەغـدا ١٩٩٠، ل١١٩، کـۆ٤. لـە دەقـی نێـو دیوانەکەدا نیشانەی پرسیار نەبوو، لێرەدا بە پێوست زانرا دابنرێت.

لـەم مەنەلۆگییـەی شـاعیردا، خوێنـەریش وا دەزانێـت کـە ئـەویش مـافی وەڵامدانەوەی هەیە، لەوانەیە هەر ئەمەش مەبەستی شاعیر بێت، کـە هـەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان تێ بگات و ڕاو بۆچـوونی خۆیشی لە هەڵسەنگاندنیاندا هەبێت.

چ - لـە تـەکنیکی پرسیارکردنیـشدا، هەنـدێك جـار شـاعیر بـە شـێوەیەکی ئاوێتەییـەوە بینـای دەقەکـەی پـێ دادەڕێـژت. سـەرەتای شـیعرەکە بـە پرسـیارێك دەسـتی پـێ دەکـرد و دواتـر لـە ناوەڕاسـتی دەقەکەیـشەوە پرسیارێکی دیکەی دەکرد. یانیش لـە سـەرەتاو لـە کۆتـایی دەقەکەیـدا بـە پرسیارێکی دراماییەوە دەقەکەی ڕێك دەخست. بۆ نموونـە (سـیف القـضات - حەسـەن سـەیفی) لـە شـیعرێکیدا کـە لـە (٢٢) دێڕەشـیعر پێکهـاتووە، بـەم دێڕەشیعرە دەست پێ دەکات:

**کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو**

**بژین و بچین و بۆ مە نەبێ قەت، خودان و خێو** (١)

شاعیر وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ناداتـەوە، بـەڵکو نـاوەڕۆکی شـیعرەکەی بـۆ بـەراوردکردنی هـاودژە جیاجیاکـانی کـورد لـە گـەڵ میللـەتانی دیکـەی پێشکەوتوو تەرخان دەکات. هـەروەها بـەراوردکردنێکی دیکـەی ناهاوسـەنگ دەکات لە نێوان بارودۆخی کوردستان وەکو لەو سـەردەمەدا هـەبووە لەگـەڵ بارودۆخێکی پێشنیازکراو کە دەبوایە هەبێت. لە دێڕەشیعری حەڤدەمدا، کـە نزیکە لە ناوەڕاستی شیعرەکە، بـە پرسـیارێکی دیکـەی دراماییـەوە ئاسـتی گفتوگۆیەکە بەرەو لای مێژووی دێرینی کورد دەبات، بۆ ئـەوەی خوێنـەر بـیر لە مانا نادیارەکانی پشت ئەم دەربڕینە بکاتەوە:

١ سیف القـضات، گ: هەڵاڵـە، ژ٢ س١، خاکـە لێـوەی ١٣٢٥ بەرامبـەر ١٩٤٦ز، ل١١، دێـش١. چاپخانەی بۆکان. / ئەم شیعرە کە لە دیوانەکەیدا هاتووە، نیشانەی پرسیاری بۆ دانـراوە. بڕوانـە: (دیوانی سیف القضات، گردەوەکۆیی قازی ئەحمەد، چ١، چاپخانەی سـبز، تـەهران ١٣٦١، ل٣٥، دێش١.

**کوان گوردی کوردەکان کە لە ترسیان دەلەرزی عەرز**

**کێ بوو لە شامێ شا بوو لە میسرێ ببوە خدێو؟**[1]

دواتر شاعیر چەندین هاوکێشەی دیکە دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی یارمەتی خوێنەر بدات کە لە مێژوو و بارودۆخی ئێستەی کوردستان تێ بگات، بەلاٌم ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، شاعیر دەرفەتێك بۆ خوێنەر فەراهەم دەکات، کە جیاوازییەکانی لەنێوان پرسیاری یەکەم و پرسیاری ناوەڕاستدا لێك بداتەوەو لە ئەنجامدا حالەتە ئایرۆنییەکەی بدۆزێتەوە. لە خالی دۆزینەوەشدا کرۆکی شیعرەکە دەستنیشان دەکرێت، کە ئەلقەی بەستنەوەیە لە نێوان تێگەیشتنی خوێنەر و مەبەستی شاعیردا.

لە حالەتی دووەمیشدا، کە شاعیر بنیاتی شیعرەکەی بە پرسیار دەست پێ دەکات و بە پرسیاریش کۆتایی پێ دێنێت. خوێنەر ناچار دەبێت ئەو جیاوازییەی لە نێوان وەلاٌمەکانی هەردووکیاندا هەیە لێك بداتەوەو جۆری ئایرۆنییەکەیشی بۆ ڕوون دەبێتەوە. بۆ نموونە (أ. ب. هەوری) لە هەلبەستی (بۆ لێلی دیجلە؟)دا، کە لە (١٥) دێڕەشیعر پێکهاتووە بەم پرسیارانە دەست پێ دەکات:

**بۆ لێلی دیجلە، دیجلە بۆ لێلی؟**

**پێم بلێ دیجلە تۆ بۆچی وێلی؟**

**پێم بلێ بۆچی ئاوا قوڕاوی؟**

**تۆ بۆ کام کۆستە وا قوڕ پێواوی؟**[2]

شاعیر چاوەڕێی وەلاٌمی دیجلە ناکات و خۆشی وەلاٌم ناداتەوە، بەلکو لە نێو چەند گریمانەیێکدا ئەگەری ئەو هەموو لێلی و وێلییەی بۆ چەندین

[1] هەمان سەرچاوە ، ل١١، دێش٩./ وشەی (گوردی کوردەکان) لە دیوانەکەدا کراوەتە (شێرە کوردەکان).

[2] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات - بەشێك لە بەرهەمەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر ٢٠٠٢.، ل١٦٣، دێش١-٢.

هۆکاری پێوەست بە کێشە و مەینەتییەکانی هەژار و لێقەوماوانی ئـەم وڵاتـە دەگەڕێنێتـەوە، بۆیـە لـە پـێش کۆتـایی شـیعرەکەدا خەفەتـەکانی خـۆی و پەرێشانی دیجلە لە هاوکێشەیەکدا هاوسەنگ دەکـات، لـە کۆتاییـشدا هـەموو هۆکارو ئەگەرەکان لە پرسـیارێکی دیکـەی وەڵام هـەڵگردا کۆدەکاتـەوە، کـە لەوانەیە لە هزری خوێنەردا نەجووڵابێتەوە:

کێ دی کە کاروان، نزیـك گەیشـتن

کاروانی، بکەونە، خوێنی یەك ڕشتن

لەگەڵ جەردەدا دەست تێکەڵ کـردن

کاروانی و ماڵیان بەدیـاری بـردن

چاکتر نیشـانەی بۆ نەمـان چـوونە

بەڵگەی سـەلمانی زۆر تـاوان بوونە[1]

ئەمە پرسـیارێکی ئاوێتەیـە و پێویستی بـە زیـاتر لـە نیـشانەیەکی پرسـە، خوێنەر دەتوانێت هەموویان لە یـەك بابەتـدا لێـك بداتـەوە و ئەنجامەکەیـشی لەگـەڵ پرسـیارەکانی سـەرەتای شـیعرەکە بـەراورد بکـات و لـە نێـو هاوکێشەیەکی ئایرۆنی هاوسـەنگدا مەبەسـتی شـاعیر لێـی هـەڵنجێنێت. ئـەم جۆرە پرسیارانە کە لە (( کۆمەڵـە وشـەیەکی هەڵبـژاردە پێـك دێـن و ئـەرکی خۆیان لە دەرخستنی شێوەیەکی پرسیاربەخـشدا دەبیـنن))[2] لـەنێو شـیعری نوێی کوردیدا زۆرن، کە هەندێکیان لـە نێـو گفتوگۆیەکانیانـدا هاوکێـشەیەکی ئایرۆنی دروست دەکەن. بۆ نموونە (ئەسعەد مەحوی) پرسـیارگەلێك دەکاتـە بابەتی گفتوگۆیەك کـە پرسـیارکەر دیـار نییـە و بـە شـێوەیەکی وا وەڵامیـان دەداتەوە، کە خوێنەر بتوانێـت لـەمیانی ئـەو حاڵەتـە نالـەبارەی کـە شـاعیر تێیکەوتووە لە بارودۆخی دەوروبەر تێ بگات:

---

[1] أ. ب. هەوری، هەمان سەرچاوە ، ل١٦٤، دێڕ١-٣.

[2] د. محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، مصدر سابق، ص٤٨٨، ف١.

شوکری بێ قەصری ئەکەم نەوەکو قصورم بێتە سەر
ڕوو لە ناکەس وەر ئەگێڕم ئەبمە پیاوت دەشت و شاخ
تەرکی عالەم بۆ نەکەم نەفرەت لە حاڵی مـن ئەکـەن
عالەمی هەستی سەراسیمەن بەبێ کەیف و دەماخ[1]

پێوەندییەکی جەدەلی هەیە لە نێوان هەبوونی کۆشك و سەراو نەبوونی کەمتەرخەمی لە ئەرکدا. لێرەدا شاعیر بە سوپاسگوزارییەوە دڵنیایی خۆی دەردەبڕێت کە ئەرکی هەڵبژاردووەو کۆشك و سەرای پشت گوێ خستووە، بەڵام تووشی گیروگرفت بووە لەگەڵ ئەوانەی نەفرەت لە هاوسەنگی ئەم هاوکێشەیە دەکەن و لە گرنگییەکەی تێ ناگەن، سەریان لێ شێواوەو بوونەتە قوربانی بی زەوقی و کاڵەفامی و تێنەگەیشتنیان.

**٢- پرسیارکردنی نکۆڵی**

شاعیر لەم جۆرە پرسیارکردنەدا نکۆڵی لە داواکاری، یان پرسیارەکانی بەرانبەر دەکات و بە پەسەندی نازانێت و لە وەڵامەکانیشیدا دیاردەخات کە بۆچوونەکەی دروستترەو ((بۆ پەسەندکردنی ڕاستییەکەشی پشت بەو ڕەگەزانە دەبەستێت کە ئەوانەی بەرانبەر ڕەتیان دەکردنەوە))[2]. بۆ نموونە (کەمالی) لە ڕێگەی پرسیارێکەوە نکۆڵی لە ڕێکوپێکی ڕەفتاری گەنجێکی کەم ئەزموون دەکات، کە لە گەمژەیی خۆیەوە گاڵتە بە پیرەمێردێکی بەساڵاچوو دەکات، شاعیریش لەسەر زاری پیرەمێردەکەوە و هەر بەو کەرەستەیەی کە گەنجەکە لە شێوازی پرسیارکردنەکەیدا بەکاری هێنابوو، دەیکاتەوە پرسیارێك و وەڵامی پێ دەداتەوە:

---

[1] دیوانی ئەسعەد مەحوی، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لەسەرنووسینی د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٤، ل٨١، دێش٢- ٣. / سەراسیمەن: سەر لێشێواون، سەرگەردان و وێڵن.

[2] د. سامح الرواشدة، مغاني النص، مصدر سابق، ص٦٣، ف٢.

**لاوێك پیرێكی پشت كۆماوەی دی**
**ورد ورد ئەگـــەڕا لاوەكـــە پرســـی:**
**چیت لێ ون بووە توخوا مامە گیان!؟**
**جـوابـی دایـەوە پیری قســـە زان:**
**وتـی چاوەكـەم بـۆچی نـازانـی**
**ونم كـردووە تەمـــــەنی جـوانی!؟**[1]

(قـانع) یـش لـە ڕێگـەی چـەند گریمانەیەكـەوە، پرسـیارگەلێك دەكـات، كـە تێیانـدا نكـۆڵی لـە ڕەفتـاری پیـشەدارانی دەوروبـەری خـۆی دەكـات. بـە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان لێ دەگرێت و هەر بە ڕەگەز و ئامرازەكانی ئەوانـــەوە بۆچـــوونەكانی خـــۆی دەســـەلمێنێت. بـــە ڕێگـــەی ســـەلماندنی بۆچـوونەكانی خۆیـشەوە كرداره خراپـەكانیان ڕەت دەكاتـەوەو لـە كۆتـایی خستنەڕووی هەر بۆچوونێكەوە پرسیارێك دەكات بـۆ ئـەوەی خوێنـەر هـەوڵ بـدات وەڵامـی بداتـەوە. دۆزینـەوەی وەڵامەكـەش دەبێتـە خـاڵێكی هاوبـەش لەنێوان بۆچوونی شاعیرو تێگەیشتنی خوێنەردا:

**خۆزگە من ڕۆژێ ئەبووم بە مەئموور**
**ئەهاتـن بـۆ لام، نزیك تا لـە دوور**
**ئیشیان پێم ئەبوو، لە چاك و خراپ**
**ڕام ئەكێشانە پای حەق و حیساب**
**ئاخۆ، ناوچاوم لەكەس گرژ ئەكرد؟**
**دەستی تەماعم بۆ هیچ كەس ئەبرد**[2]

---

[1] دیوانی كەمالی ، ئا: كەمال عەلی باپیر، چاپخانەی (دار الشؤون الثقافية العامة)، بەغـدا ١٩٨٦، ل١٨٦، كۆ١.

[2] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩١-٣٩٢.

شاعیر چەندین لە هاودژەکان لەنێو ڕەفتاری فەرمانبەرێکدا کۆ دەکاتـەوە وەکو: دادپەروەرە لـە بڕیارەکانیـدا یـانیش تەرازووەکـەی لاسـەنگ دەبێـت، پێشوازی لە خەڵکەکە دەکات یانیش خۆی لە هەڵسەگاندنی حـەق و حیـساب دەدزێتـەوە، لـە کـرداره خزمەتگوزارییەکانیـدا ڕووخـۆش و نـەرم و حەلیمـە یانیش ناوچاو گـرژ و تفتـە، دەسـتی پاکـە یـانیش چـاوی لـە مـاڵ و سـامانی خەڵکە. شاعیر لەم پرسیارگەلەدا خوێنەر سەرپشك دەکات لە جیاکردنـەوەی لایەنە باشەکان لە لایەنە خراپەکانی کەسێتی هەر فەرمانبەرێکەوە.

شاعیر لە گریمانەی دووەمیشیدا کە خۆزگە دەخوازێت بازرگان بوایـە، ئـەوە لەمیانی چەند پرسیارێکدا ڕەخنە لە ڕەفتاری بازرگانەکانی سـەردەمی خـۆی دەگرێت:

**ئاخۆ، هۆقەکەم قورس ئەبوو یا سووك؟**

**تەنەکەی دەخڵم، گەورە یا بچووك؟**

**میترم ڕووســووری لای یـەزدان ئەبوو؟**

**ئایـەرەم تەواو، یان نوقسـان ئەبوو؟**[1]

بەهەمان شێوە، ئەگەر شاعیر پزیشکیش بوایـە، ئـەوە لـەمیانی ئـەم چـەند پرسـیارەی خـوارەوەدا ڕەخنـە لـەڕەفتاری پزیـشك و حـەکیمانی سـەردەمی خۆی دەگرێت:

**بۆ ورد بوونەوەی نەخۆشـی هەژار**

**قەت وەرم ئەگرت درهەم و دینـار؟**

**ئەموت بە تادار دەخیل ئیسقانتــە**

**فریای خۆت کـەوە ڕۆژی نەجاتە؟!**[2]

---

[1] دیوانی قانع ، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٢، دێش٩-١٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٣، دێش ٨-٩.

[3] هەمان سەرچاوە ، ل٣٩٤، دێش ٥-٦.

ئەگەر شاعیر ئاغا بوایە، لەمیانی ئەم چەند پرسیارەی خوارەوە هەڵسوکەوتی ئاغا لەگەڵ خەڵکدا لە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەییدا باس دەکات:

**ئاخۆ هەژارم ئەبرده بێگار؟**

**یان ڕۆژنەڕۆژێ ئەمکێشایە دار؟**

**ئەموت بانگی کەن ئەو تووڵەبابە**

**ئیش و فرمانی بۆچی خرابە؟**[1]

ئەم جیاوازییانەی کە شاعیر مەزندەی دەکات و لەوانەیە لە واقیعدا ڕووبدەن، ئەو ڕاستەوخۆ باسی ناکات، بەڵکو بەشێوەی پرسیار ئاراستەی خوێنەرانی دەکات. لە میانی وەڵامەکانیاندا دوو مەبەستی شاعیر جێبەجێ دەبن: یەکەمیان، خوێنەران ڕاستییەکانی ڕەفتاری ئەو جۆرە کەسایەتییانە دەدۆزنەوە، کە لەوانەیە پێشتر بەڕوونی ئاگاداری نەبووبن و لە نێوان هەردوو حاڵەتی یەکەم و دووەمدا هاودژییە ئایرۆنییەکان دروست دەبن. دووەمیانیش شاعیر کەموکووڕییەکانی ئەو توێژ و چینانە ڕیسوا دەکات و بەم کارەش مەبەستی ڕەخنەیی خۆی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەپێکێت.

(دڵدار) لە نێو پرسیارێکی نکۆڵی لێکراودا بابەتێك دەخاتەڕوو، کە چەند پرسیار و وەڵامێکی دیکەیش هەڵدەگرێت و لە نێوان هەر یەکێکیاندا حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەبێت و هەمووشیان پێکەوە ڕەخنەیەکە لە وشکە سۆفییەك دەگیرێت:

**لە ئانی نەزعەتا بووم وشکە سۆفی هات و لێی پرسیم**

**"وەفات" چۆنە وتم "بالله" لەسەر عەینی وەفا ماوم**[2]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٤، دێش ٥-٦.

[2] عەبدولخالق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل٢٠٧، دێش٧.

جگــه لــه هاودژەکــانی نێــو ئــەم دەربڕینــەدا، کــە خوێنــەر دەتوانێــت جیاوازییەکانیان بەراورد بکات و ڕامانە نادیارەکانیشیان لێك بداتەوە، شـاعیر لە ڕێگەی تەکنیکی ڕیتمیشەوە، کە پشتی بە ڕەگەزدۆزی ناتەواوە بەستووە، دەتوانێت حاڵـەتێکی دیکـەی ئـایرۆنی لـە نێـوان هـەردوو وشـەی (وەفـات) و (وەفا)یدا دروست بکات.

## ٣- پرسیارکردنی هەڵهێنان

مەتەڵ هـەڵهێنان دەربڕینێکـی میللـی پرسـیار ئـامێزە و لایـەنێکی ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی دەگرێتــەوەو ((سـنووربۆدانانێکی کـورتی ڕووداوێـك یـا کەرەسە یاخود "مادە"یەکە بەڵام بە پێچەوانەی قسەی نەسـتەقەوە خـەڵکی ئـەم سـنووربۆدانانە بـە ئەنقەسـت لـە شـێوەیەکی نادیـار، یـا "تەماویـدا" دەرئەخەن و ڕاستی وتنی قسەکە ئەخەنە شێوەیەکەوە کە خەڵکی تر بیلێـت یا هەڵیبێنن))[1]، بۆیە زۆر جار بۆ زاخاوی مێشك، یان تاقیکردنەوەی ئاسـتی زانینی بەرانبـەر بـەکارهاتووە، لەهـەردوو حاڵەتیـشدا مەبەسـتی دانەرەکـەی هەڵسەنگاندن بووەو هەموو هەڵسەنگاندنێکیش لەسەر بنەماکانی ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوە ئەنجام دەدرێت. لایەنی هەڵهێنانیش لە بنیاتی شیعری نـوێی کوردیـدا وەك تــەکنیکی پرسـیارکردنی ڕەخنــەیی دروسـتبووە. هەرچـەندە لەڕووی هونەرییەوە جۆرێکـە لـە گێڕانـەوەی شـوێنی، چـونکە ((ئـەو شـتەی نادیارە دەخرێتە ناوەڕاستی بازنەیەکەوەو بە چەند جووڵەیەکی یـەك لـەدوای یەکدا لە دەوری دەسووڕێنەوە، بۆ ئەوەی بە جەوهەرەکەی بگـەن))[2]. بـەم شێوەیە مەتەڵی بە شیعر داڕشتوو، لە لایێکەوە توانـای هونـەری دانەرەکـەی

---

[1] د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی، چ٢، چـاپخانەی زانکـۆی سلێمانی، سلێمانی١٩٧٩، ل٢١٠، پ٢.

[2] د. صلاح فضل، اساليب الشعرية المعاصرة، ط١، دار الاداب، بيروت١٩٩٥، ص٩٣، ف٢.

دەردەخات. لە لایێکی دیکەوە پرسیارکردنێکەو هەڵهێنانیشی توانای هزری و زمانەوانی وەرگر پیشان دەدات. پێکگەیشتنی هەردوو لایەنیش لە خاڵی دۆزینەوەی وەڵامەکەدا، دەستنیشانکردنی لایەنی نادیاری ئایرۆنییە، بە تایبەتی کە لە ئایرۆنیدا ((خوێنەر (وەرگر) بە قەد ئەو تەبایی و گونجاندنەی لە ئاستەکانی دەقدا هەیە هەست بە جیاوازی و هاودژەکانیشی دەکات))[1].

ئەم حاڵەتەش لە مەتەڵ هەڵهێناندا بەدی دەکرێت. جگە لەمەش ئێمەی کورد ((هەندێ مەتەڵمان هەیە زۆر جوان و ڕێکوپێك و بە وەزن و قافیە و پڕ مەعنا، لە پێشەوە کوتوپڕ لە مەرام و مەعناکەی ناگەی، دوایی کە زانیت بە چی ئەڵێن فەرەحێك ئەخاتە دڵتەوە))[2]، بە تایبەتی لە دوای پەرەسەندنی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لەدوای یەکەم جەنگی جیهانی ئەم جۆرە پرسیارکردنە پتر گەشەی کردو شیعری نوێی کوردیشی گرتۆتەوە. بۆ نموونە (گۆران) کە لە ژمارە (١١٢٢ی ١٩٥٢/١١/٦)ەوە سەرپەرشتیی ڕۆژنامەی (ژین)ی گرتە دەست... یەکێ لە کارەکانی ((کردنەوەی گۆشەی (بۆ زاخاوی مێشك) بوو کە جۆرە مەتەڵێکی بە شیعر لە هەر ژمارەیەکدا بڵاو ئەکردەوە و لە ژمارەی پاشەوەشدا هەڵهێنانەکەی ئەخستەڕوو. زۆربەی ئەو مەتەڵانەی بڵاوی ئەکردنەوە ناوەرۆکێکی سیاسییان هەبوو، لەگەڵ مەبەستی خستنەکاری بیردا هۆشیارکردنەوەی خوێنەرەوانیشی لەبارەی سیاسییەوە مەبەست بوو))[3]. لە یەکێ لەو مەتەڵانەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەلایەنێك دەگرێت، بۆ ئەوەی خوێنەران لە هەڵهێنانەکەیدا ناو و زیان و سەلبییەکانی بزانن:

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل١٠١، پ٢.

[2] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ل٣٦٧، پ٢.

[3] دیوانی گۆران ، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٥، پ١.

**حەوتە مەتەڵم ژمارەی پیتی،**
**مژینی مانگای خەڵقە نەریتی،**
**پیتی سێ و پێنجی لەگەڵ شەشەمی**
**بۆتە هۆ لێمان داپچڕێ دەمی**
**حەوت و شەش و دوو لەگەڵ سێ بە ڕیز**
**شتێك نین چووبی بەلایا هەرگیز!**
**زیانداره وەك پێنج و شەش و حەوت**
**دەریالووشێکە بۆ چاڵاوی نەوت**
**گوێچکەی تاق کەوتووی وەك هیی کەر درێژ**
**کلکی کوت و مت مارێکی ژاڕڕێژ**
**چی یە ئەم دەعبا دڕندەو پیسە؟**
**پێنج بوایە پیتی ئەتوت ابلیسە!.[1].**

**خوێنەر دەبێت زۆر شت لێك بداتەوە تا بگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە (استعمار)ە، هەڵبەتە بە ڕێنووسی عەرەبی. ئەمەش مەبەستی شاعیرە کە ڕامانە ڕاستەقینەکەی لەو دیوی دەربڕینەکەیدایە. (ساڵح زەکی بەگی ساحێبقران)یش لە پێش (گۆران) مەتەڵێکی بە شیعر لە گۆڤارەکەیدا[2] بلاّودەکاتەوەو (بەختیار زێوەر)یش هەڵهێنانی مەتەڵەکەی بە شیعر هۆنیوەتەوەو بە ناوی ( محەمەد فائق) وەڵامی دەداتەوە[3].**

---

[1] دیوانی گۆران ، هەمان سەرچاوە، ل٥١٩، دێش٣-٨.
[2] گ: دیاری کوردستان، ژ ١، ڕۆژی ١٩٢٥/٣/١١.
[3] گ: دیاری کوردستان، ژ٣، ڕۆژی ١٩٢٥/٤/١٣. لە لایەن گۆڤارەکەیشەوە وەکو ڕێزلێنانێك لە دوای بلاّوکردنەوەی دەقی هەڵهێنانی مەتەڵەکەوە، ئەم ڕستەیەیان بۆی نووسیوە: (( "ئافەرین ڕووی بابت سپی بێ" {الولد علی سر أبیه}، ژمارەی یەکەم و دووەممانم بە پۆستەدا بۆ ناردی، ئابوونەی شەش= =مانگمان بۆ قەید کردی، خوا میسالت زیاد کا. بەرخوردار بی.)). ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە (مەحموود زێوەر) ئەم شیعرەی بۆ (زێوەر) گەڕاندووەتەوە. بڕوانە: ( زێوەر (دیوان)، سەرچاوەی پێشوو، پەراوێزی ل٩٥).

هـەروەها (زێـوەر) یـش مەتـەڵی هۆنیوەتـەوە و بـە شـیعر وەڵامـی مەتـەڵی شاعیرانی[1] دیکەیشی داوەتەوە.

جگە لەم مەتەڵانەی کە لـە ڕووی هونەرییـەوە تـا ڕادەیـەك قـورس بـوون و کردنەوەی جوفرەکانیان بۆ خوێنەری ئاسایی شتێکی ئاسان نـەبوو، هەنـدێك لە شاعیران شێوەیەکی ئاسـانتریان دەگرتەبـەر و یارمـەتی خوێنـەریان دەدا، کە وەڵامەکەشی هەر لە نێـو دوا دێڕەشـیعری دەقـی مەتەڵەکـەدا بدۆزنـەوە. ئەم شێوازەش زیاتر لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوەی قوتابیانی مەکتەب و نیمـچە خوێندەواران دەگونجا. بۆ نموونە (بێکـەس) پرسـیارەکەی بـەم شـێوەیە لـە مەتەڵێکدا دادەڕێژێت:

**بـۆ کەسـێکی ورد و وریـا و زیـرەك و سـاحێب عـەقڵ**
**هـەڵبهێنیٚ ئـەم سـوئالەم، هـەم بـدا جـوابی بـەدڵ**
**ئەسـپی بـیٚ ئێسقان و ڕۆحـم لا هەیـە، هـەم بـیٚ زوبـان**
**سـووك و خێرایـە لـە ڕۆیـین، مەحکـەم و گـورج و ڕەوان**
**ئەسـپی مـن دائیـم لـە غـارە، باکـی هیلاکـی نییـە**
**بیٚ خـەو و خواردن، وە بیٚ دەنگ، کاو و ئالیکی نییە[2]**

شاعیر بەردەوام دەبێت و لە هەر دێڕەشیعرێکدا بازنەی پرسیارەکان فـراوانتر دەکـات و زاخـاوی مێـشکی خوێنـەر سـیخناختر دەکـات، تـا دەگاتـە دوا دێڕەشیعری مەتەڵەکەو لە ناکاوەوە وەڵامەکەی دەخاتەڕوو:

**مـن مەتـەڵ زوو هـەڵدەهێنـم، هـەم ئەدەم جوابـت بەدڵ**
**(ئەسپە ئاسنینە)ی بە کوردی پێی ئەڵێن، یا (پاسکیل)[3]**

---

[1] زێوەر، سۆزی نیشتمان ، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٥٨، ل١٢٥.
[2] دیوانی بێکەس ، ئا: ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠، دێش١-٣.
[3] هەمان سەرچاوە ، ل١٧٠، دێش٦.

(پیرەمێرد)یش ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە خستنەڕوو و گەشەکردنی مەتەڵی شیعریداو لەم بارەوە دەڵێت: ((ئێمە کە مەتەڵمان کۆ ئەکردەوە لە ژێریشەوە ئەو مەتەڵە بۆچی بێژراوە ئەماننووسی، کە لێکمان دایەوە ئەوە تامی نەبوو، مەتەڵ وا باشە کە بۆی بگەڕێن و خۆیان هەڵی بێنن و بۆمان بنووسن))[1]. ئەمەش بەڵگەیەکە کە شاعیرانی ئەو سەردەمە لەو بڕوایەدا بوون، کە دەبێت خوێنەر هەوڵ بدات ڕامانەکانی شیعر لێك بداتەوە و کلیلی جوفرەی نهێنییەکانی بدۆزێتەوە. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لەم مەتەڵەدا خوێنەر تووشی پەشێوییەکی ئاڵۆز دەکات، بۆ ئەوەی پشت بە توانا هزرییەکەی ببەستێت و ئەنجامەکەیشی هەڵبهێنێت:

**زەوی سپی ، تووێی سیا**
**ئاودێری پیاو ، بێڵی گیا**
**تۆ تا دوی کەوی ئەو سەرەڕۆیە**
**ڕووی لێ وەرگێڕی ئەو لە دوی تۆیە**[2].

تەکنیکی ڕیتم جوانییەکی زیاتری بە فۆرمی مەتەڵەکەی داوە. خوێنەریش ناتوانێت بە ئاسانی وەڵامی هەموو گریمانەکانی چەندین پرسیاری نادیاری نێو مەتەڵەکە لێك بداتەوەو ئەنجامە ڕاستییەکەی بدۆزێتەوە. هەڵهێنانیشی (سێبەر)ە. لە نێو مەتەڵە زۆرەکانی (پیرەمێرد)دا ئەم مەتەڵەی خوارەوە زیاتر لە هەموویان پێوەندی بە هونەری ئایرۆنییەوە هەیە، چونکە وەڵامەکەیشی لایەنێکی گرنگی ئایرۆنی دەورووژێنێت:

**زیندوویە مردووی بردە قەراغ شار**
**ئەوی ناشت و خۆی لێ گرتە کەنار**

---

[1] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٩، پ٣./هەروەها بڕوانە: ڕ: ژین، ژ٨١٥ س١٩٤٦.

[2] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٧-٣٦٨.

زیندوویەکی تر هات مردوو بەرێ
مردوو زیندووی گرت بەچەرمە سەرێ[1]

لەم مەتەڵەدا ململانێیەکی توند لە نێوان زیندووەکان و مردووەکاندا هەیە، کە خوێنەر تووشی شۆك دەکات، بەڵام کە ئەنجامەکەی هەڵدەهێنێت، کە (فاقە، تەڵە)* هەست بە ئارامییەکی هزری دەکات. لە هەڵهێنانی مەتەڵەکەشدا، لەوانەیە خوێنەر زیاتر لەسەر ڕامان و کاریگەری ئەنجامەکەی بوەستێت، چونکە فاقە یانیش تەڵە وەکو ئامێرێکی ڕاوکردن گوزارشت لە کردەوەیەکی فرێودان دەکات. خاوەنەکەی هەوڵدەدات نێچیرەکەی هەڵخەڵەتێنێت و لە ناکاو پەلبەستی بکات. لەدوای ئەوەوە، کە کار لە کار ترازابێت، ئینجا قوربانییەکە ئاگای لە خۆ بێت. ئەم جۆرە چارەنووسەش دەقاو دەق لەگەڵ هونەری ئایرۆنی هاوجووت دەبێت.

لەمیانی خستنەڕوو و شیکردنەوەی جۆرەکانی تەکنیکی پرسیارکردنی ئایرۆنی لەنێو شیعری نوێی کوردیدا، بە تایبەتی لە نێوان سالآنی (١٩٢٥–١٩٧٠)دا. ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیرانی کورد ئەوەندە تامەزرۆی پرسیارکردن و گفتوگۆی درامایی پرسیار هەڵگر بوون، ئەوەندە مەیلیان بۆ ڕستەی گەیاندن و پێدانی زانیارییەکان نەدەچوو.

---

[1] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە ، ل٣٦٨-٣٦٩./ هەروەها : ڕ: ژین، ژ ٨١٥ ساڵی١٩٤٦.

* فاقە یان تەڵە لە ئاسن دروست دەکراو ڕاوکەران بۆ نێچیر گرتن بەکاریان دەهێنا.

تەوەری سێیەم:

## تەكنیكی قوفڵی قەسیدە( داخستن )

قوفــڵ دوا بەیتــە، كــە شــاعیر دەقەكــەی پــێ دادەخــات و پوختــەی مەبەســتەكانی تێـدا بەرجەسـتە دەكـات و هـەر لـەو كاتەیـشدا ((دوا شـتە دەخوێنرێتەوەو كاریگەرییەكی قووڵ بە ئەرێنی یانیش بە نەرێنی لە ویـژدانی وەرگردا بەجێ دەهێڵێت))[1]. مەرج نییە هەر قوفڵێكی شیعر ئایرۆنی دروست بكات، بەڵكو جاری وا هەیە ئایرۆنی نێو شیعرەكەیش تێكدەدات، بە تایبـەتی كـە((لـەباتی ئـەوەی هۆشـیاری خوێنــەر بــە ئـایرۆنی جـۆش بـدات، بـەرەو چــەقبوون و ئــارامی دەڕوات))[2]، بــەڵام لــە چــەندین حاڵەتیــشدا شــاعیر دەتوانێت قوفڵی هەڵبەستەكە بكاتە بەشێكی سەرەكی لە بنیاتی ئایرۆنیدا:

١ـ چەندین لە هاودژەكـان ڕیزبەنـد بكـات و دواتـر لـە یـەك ئەنجامـدا كـۆی بكاتەوە. كەواتە پێویستە هاودژەكان لە نێو دەقی شیعریدا هەبن بۆ ئـەوەی ئەنجامی ململانێیان لە دوا دێڕدا بگاتە لووتكە و چەندین پرسـیاری دیكـە لـە مێـشكی خوێنــەردا بورووژێنێـت نـەك وەڵامـی پرسـیارەكانی نێـو دەقەكـە بداتەوە. بۆ نموونە (زێـوەر) لـە هەڵبەسـتی (ورچـی خـەتیب و مـەیموون)دا، سەربوردەی ورچێك باس دەكات كە دەیەوێت ئامۆژگاری گیانـدارانی دیكـەی دڕندە بكات بۆ ئەوەی خۆیان لە شەڕانگێزی بپارێزن و لە هەڵمەت بردنە سەر یەكدیش دوور بكەونەوە. لە سەرەتاوە شاعیر چەندین هاودژ كۆدەكاتەوە:

**لەنــاو دڕنــدە و گیـانداری وەحشــی**
**نێرە ورچێكیان چووە سـەر كورســـی**
**خوتبەی دەست پێ كرد بۆ تێگەیاندن**

---

[1] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النـشر، بـيروت ٢٠٠٢، ص١٨٩، ف١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٨٩، پ٣.

**ئیشارەت ئەکرد بەدەست جوولاندن**
**بەڕاست و چەپدا خۆی هەڵئەسووڕان**
**بە دەنگێکی زل وەك گا ئەیبۆڕان**[1]

ورچ لەنێو قسەکانیدا دوو ئامۆژگاری دەکات، هەر یەکێکیان دوو هاودژی تێدایە، یەکەمیان (لادان لە ڕێی ئەدەبدا، لانەدان لە ڕێی ئەدەبدا). لە دووەمیانیشدا (ڕق خواردنەوە، ڕق ڕشتن):

**ئەی وت لە وەختی خەشم و غەزەبا**
**خۆتان لامەدەن لە ڕێی ئەدەبا**
**عیلم سیفەتی خوای بێ هاوتایە**
**ڕق خواردنەوە ئەمری خودایە**[2]

کاتێك ورچەکە سەیر دەکات کە لەنێو مەجلیسی وەحشییەکاندا مەیموونێك زۆر لاسایی ئەو دەکاتەوەو خۆی ڕادەوەشێنێ و بە جوانی دەستی دەجوولێنێت و ئەوانەی دەوروبەریش پێدەکەنن، ورچەکە قینی هەستاو پەلاماری مەیموونەکەی دا. خۆشی و پێکەنینی دانیشتووانی تێکداو کردیە شین و ئەوانیش بڵاوبوونەوەو بە بۆڵەبۆڵەوە:

**ئەیان وت ئێمە لەشەڕ دوور ئەکا**
**کەچی لەشەڕدا خۆی ڕەنجەڕۆ ئەکا**[3]

قوفڵکردنی هەڵبەستەکە بەم دێڕە شیعرە، هاودژییەك لەگەڵ بۆچوونەکانی ناوەڕۆکەکەی دروست دەکات. ئەنجامەکەیشی پێچەوانە دەکاتەوە، بۆیە بڵاوبوونەوەی گیانلەبەران کاردانەوەیەکی سروشتی بوو، بەرانبەر بە هەڵچوونی ورچەکەیان کردو تووڕەبوونێکی زۆریشی لێ کەوتەوە، چونکە

---

[1] دیوانی زێوەر، مەحموود زێوەر کۆی کردووەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥، دێڕ١-٥.
[2] دیوانی زێوەر، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، دێڕ٤-٥.
[3] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، دێڕ١١.

نەیانتوانی وەلأمی ئەو هەموو پرسیارانە بدەنەوە، کـە ڕەفتـاری ورچـەکە لـە مێشکیاندا دروستی کردبوو، بۆیە بەو شێوەیە ناڕازیبوونی خۆیـان دەربـڕی و شوێنەکەیان بەجێهێشت.

**٢ـ** نەبوونی پێوەندی لەنێوان ئەو هۆکارانەی لەنێو دەقدا دادەڕێژرێن و ئەو ئەنجامەی لە دوا دێڕدا دەخرێتەڕوو کە قوفڵی قەسیدەکەیە. ئەو هاودژییـەی لەنێوانیانـدا هەیـە ئایرۆنییـەك دروسـت دەکـات. شـاعیریش ئـەم تەکنیکـە ئایرۆنییە بۆ ڕەخنەگرتن بەکاردێنێت، بە تایبـەتی ((کـە هۆکـارە دەرەکـی و نێوخۆیی و بەرهەمهێنەرەکان تێکهەڵکێشی یەکدی دەکـات و لـەژێر چـەمکی (هۆکاربەنـدی ئاوێتـەیی)* بیـەوە ڕێـك دەخـات))[1]، بـۆ ئـەوەی لـە ئـەنجامی بەراوردکرنی بیرو بۆچوونە هاودژەکاندا جەدەلییەکی توند لـە نێـو دەقەکـەدا ڕەنگ بداتەوەو بە هزرێکی جیـاوازو ڕەخنـە ئـامێزەوە دابخرێـت. بـۆ نموونـە (پیرەمێرد) لە شیعرێکیدا (٩) بیری هاودژ بەیەکدییەوە ڕیزبەنـد دەکـات، کـە لەڕووی ڕۆنانەوە لەسەر بنەمای ڕستەی مەرجیی داڕێـژراون و هۆکاربەنـدێکی ئاوێتەیی پێك دێنن و هەموویان پێوەندییان بە خەڵکێکی ئاسـاییەوە هەیـە و باس لە کەرەسـتەکانی سـەرزەوی دەکـەن، بـەڵام لـەدوا بڕگـەدا بـە بیرێکـی جیاوازەوە، کە لەسەر بنەمای ڕستەیەکی ئەرێنییـەوە داڕێـژراوە کۆتـایی بـە شیعرەکەی دێنێت و بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە ناوەرۆکەکەی پێوەندی بە چینی باڵادەستەوەوە هەیە و باس لە ئاسمان دەکات:

---

*چـەمکی (هۆکاربەنـدی ئاوێتـەیی) پرۆژەیـەکی (ئـەگار مـۆران) بـووە، کـە ڕێبازەکـەی بـە جەدەلییەکانیشییەوە لەم شەش خاڵـەدا کـورت دەکاتـەوە: ١- هـەمان هۆکـار ئـەنجامی جیـاواز دروستدەکەن. ٢- هۆکاری جیاواز ئەنجامێك دروست دەکەن. ٣- هۆکاری بچووك ئەنجامی گـەورە دروست دەکەن. ٤- هۆکاری گەورە ئەنجامی بچووك دروست دەکەن. ٥- هەندێك هۆکار ئەنجامی پێچەوانە بەرهەم دێنن. ٦- ئەنجامی هۆکارە هاودژەکان هەمیشە شتێکی سەلمێنراو نین. (بڕوانـە: جورج طرابيشي، نظرية العقل، ط٢، دار الساقي، بيروت ١٩٩٩، ص٢٧٧، ف٢-٣).

[1] جورج طرابيشي، نظرية العقل، مصدر سابق، ص٢٧٧،ف١.

**قەت ڕێك ناكەون گەورەی ئەم شارە**
**تاریكایـــی شــــەو ئێـــوارە دیـــارە**[1]

پیرەمێـرد بـە دەسـتكارییێكی بـچووكەوە ئـەم دێڕەشـیعرەی سـەرەوە، دووبارە لەشیعرێكی دیكەیشیدا وەكو قوفڵی هەڵبەستەكەی بەكاردێنێت:

**تاریكایی شــــەو ئێــوارە دیارە**
**ئەڵێن خاكەكەی بەدە ئەم شارە**[2]

٣- شـاعیر لەڕێگـەی گۆڕانكارییـەكی ڕێزمانییـەوە پێوەندییـەكی چـالاك لەنێوان سەرەتای قەسیدەكەی و ئەو قوفڵەی پێی دادەخات دروست دەكات، كـە ئەوەنـدە بزێـو و ڕامـان بـەخش دەبێـت هـەر وەكـو گوزارەیـەك بێـت بـۆ نیهادێك یان بەركارێك بێت بۆ كارێك. ئەم پێوەندییە ڕۆڵێكی كاریگـەرتر بـە قوفڵەكـە دەدات و دەبێتــە دوا ئـەنجامی ئـەو هاوكێـشەیەی كـە پێكهاتــە دژیەكـەكانی دیكـەی شـیعرەكە هاوسـەنگ دەكـات. بـۆ نموونـە (فـانی) لـە قەسـیدەی (بـەیانی گرانـی و نـەزانی سـاڵی)دا دەسـتەواژەی (نـەزان) ی لـە ناونیشان و لە سەرەتاو چەندین جار لەنێو دەقدا بەكاردێنێت:

**ئەمە دەورانە یا ئاخر زەمانـــە تەمی غەم دێ هجومی بێ وچانە**
**گرانی بۆتە هـەم بەزمی نـەزانی چە بەزمێ بەزمی فەوتانی نەزانە**[3]

لەگـەڵ ئـەم دووبارەكردنـەوەی بـەكارهێنانی وشـەی (نـەزان) ی لـە چـەندین ڕستەی جیاجیادا، كە گوزارشـت لـە هاودژەكـانی ڕەخنـە ئـامێزیش دەكـەن،

---

[1] پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیـان، س٧ ژ ٣٢٤ ، سـلێمانی٢- حزیـران -١٩٣٢، ل٣، ئـەس٢، دێش٥.
[2] پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیان، ژ ٤٥٠لە ١٩٣٥/٨/٣
[3] دیوانی فانی، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦، دێش١-٢.

بەلاّم مانایەکەی تەواو نابێت هەتا دەگاتە کۆتایی و لە قۆفڵەکەیدا شاعیر مەبەستی خۆی لەو دەستەواژەیە دەردەخات:

**چە قەوما، قەومە بۆچی وا نەزانن    نەزانی گەر نەفەوتێنن زیانە**

**قەلەم بشکێنە (فانی) بدڕە دەفتەر    زەمانی شێتی یە، کەر پاڵەوانە**[1]

لە کۆتاییدا نەزانین دەبێتە تەوەری سەرەکی ناوەڕۆکی شیعرەکەو بە سەر شتە هاودژەکاندا زاڵ دەبێت.

٤- شاعیر هەوڵ دەدات لەمیانی قوفڵی قەسیدەوە مەبەستەکەی بگەیەنێتە لووتکەی ئایرۆنی، ئەویش بەهۆی دروستکردنی پرسیارەوە نەك خستنەڕووی وەلاّمەکان، ئەمە دوا پرسیاری شاعیرە بۆ ڕەتکردنەوەو ڕیسواکردنی هەموو وێنەکانی دیکەی نێو قەسیدەکە، تەنانەت ئەگەر یەکسەر مەبەستی شاعیریش ڕوون نەبێتەوە، بەلاّم کە خوێنەر ئەو پرسیارە لەگەڵ ناوەڕۆکی وێنەکانی پێشتر بەراورد دەکات و لێکیان دەداتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە مەبەستەکە سەلماندنی وەلاّمی ئەو پرسیارەیە کە خوێنەر دەیەوێت بیزانێت. بۆ نموونە (قانع) لە هەڵبەستی (ڕەشبەڵەك لە جەژنی لادێدا) وێنە جوانەکانی شایی و دیلانی کوردەواری بە شێوەیەکی پاناڕۆمایی دەخاتەڕوو:

**کوڕ و کچ لەویا تێکەلاّو ئەبن**

**هەموو بۆ سارای لامالاّن ئەچن**

**ئەو کچە جوانە و ئەو کوڕە قۆزە**

**دێننە کایە، جەژنە پیرۆزە**[2]

شاعیر لەمیانی ئەو (٣٨) دێڕەشیعرەدا کە باس لە هەموو وردەکارییەکانی جل و بەرگ و خشڵ و چەك و ئامێرە مۆسیقایی... دەکات و دیدو ڕازو نیازی بەشداربووەکانیش شیدەکاتەوە تا دەگاتە:

---

[1] دیوانی فانی، هەمان سەرچاوە، ل٢٠، دێڕ٤-٥.

[2] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤١، دێڕ ٩-١٠.

**بەم جۆرە بەزم و هەڵڵا و هەرایە**

**کاتــێ دەزانـــن عەسـرە و دوایــە**

**بەتاڵی ئەکەن ئەچنەوە بۆ مــاڵ**

**بۆ سەر ئیش و کار ناو ماڵ و منداڵ**

**شاباشی چاوەش، درەم و دینار**

**دائـەبارێـنن وەك هـــەوری بەهــار**[1]

لە دواییـدا مامـە ڕیش سـپییەك لـەو سـەری گونـدەوە دێـت. لـەو کـەیف و سەیرانە ورد دەبێتەوەو چەندین بیرو خەیاڵ لێك دەداتەوە و لە کۆتاییدا ئەم پرسیارەی خوارەوە دەکات، کە شاعیر هەڵبەستەکەیشی پێ دادەخات:

**بۆ تەنیا ڕۆژێك وا تەکان ئەدەن**

**ئاخو بۆ جەژنی سەربەستی چی بکەن؟**[2]

ئـەم پرسـیارە، ڕەخنەیەکـە لـەو کەسـانە دەگیرێـت کـە بەشـداری شـاییان کردووەو شاباشیان بە چاوەش داوە. ئەوانە دەستیان لەگەڵ ئـەو دەسـەڵاتە تێکەڵ کردووە کە ئازادییان لێ زەفت کردووە. ئەوانـە بـە ژیـانی ژێردەسـتیی ئەوەندە دڵیان خۆشە، ئەگەر ڕۆژێك سەربەست بن چی دەکەن! ؟.

هــەروەها (پیرەمێـرد) لـە قەسـیدەی (نەرۆزنامــەی نەسـرین و پــەروین)دا، باسی هاتنی وەرزی بەهار دەکات، هەموو وێنە جوان و دڵڕفێنەکانی گوڵزار و خوێنـدنی بولبـول و توانـەوەی بـەفر و ژیانـەوەی گـژ و گیـا و جووڵانـەوەی گەواڵــەکانی هــەور ڕێــز دەکــات، کــە هــەموویان لەگــەڵ سروشــتی بــەهار دەگونجێن و ئەوانەن باس دەکرێن کە خوێنەر لەگەڵیاندا ئاشـنایەو لەسـەری ڕاهاتووە، بەڵام لەناکاوەوە شاعیر دێتە سەر وێنەیـەکی پێـچەوانەی ئـەوان و حاڵــەتێکی هــاودژ دروســت دەکــات و ئایرۆنییەکــەی بــەرەو لووتکــە

[1] دیوانی قانع، هەمان سەرچاوە ، ل٣٤٤، دێڕ١-٣.
[2] هەمان سەرچاوە، ل٣٤٤، دێڕ٤.

هەڵدەکێشێت، بە تایبەتی کە خەم و گریان و بێزاری خۆی و گوڵی وەنەوشـە لێکدەداتـەوە کـە هـەردووکیان بـەهاریان پـێ خـۆش نییـەو بـەم وێنەیـە هەڵبەستەکەی دادەخات:

**وەنەوشە وەك من شین پۆشە    لە سوجدە دایە خامۆشـە**

**دڵـی بـۆ گریـان بە جۆشـە    بـەهاری لـە لا ناخۆشـە**

**بێزارە لـە نەغمـەی هوزار**[1]

شاعیر بە ڕووکەشـی بـەهار ڕازی نابێت و هـەموو جـوانی و خۆشییەکانیـشی ڕەت دەکاتـەوە. خوێنـەر تێـدەگات کـە ئەمـە ڕەخنەیەکـە لـەو کەسـانە دەگیرێت، کە بە هەندێ شـتی سـاکاری ڕووکـەش و جـوان هەڵدەخەڵـەتێن و درك بـە کێـشە ڕاسـتەقینەکانی کۆمـەڵ ناکـەن. بـەم شـێوەیە ڕوخـسار و ناوەرۆکی قەسیدەکە بە هۆی تەکنیکی قوفڵەکەوە هاوسەنگ دەبن.

٥- هەندێك جار شاعیر دەستکارییەکی بـچووك لـە سـەرەتای شـیعرەکەیدا دەکات و لە قوفڵی هەڵبەستەکەیدا دووبارەی دەکاتەوە بۆ ئـەوەی خـۆی لـە دووبارەکردنەوەیـەکی بێزارکـەر بپارێزێـت و لـەڕووی ڕامانیـشەوە سـەرەتا و کۆتایی هەڵبەسـتەکە تـەواوکاری یەکـدی بـن و بـە دوو لایـەنی هاوکێـشەیەك دابنرێن و لەسەر چەقی پێکهاتەیەکی ئایرۆنی ئـامێزدا هاوسـەنگ بکرێن. بـۆ نموونە (گۆران) لە شیعری (ئاخ! هەزار ئاخ)دا، سەرەتاکە بە هاوارێکی توندو ورە بەرزو مەودا بێ کۆتایی دەست پێ دەکات:

**ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ! تا قیامەت ئاخ و داخ.**

**من کە سنگم بەردە، تەبعم بەرزە، چەشـــنی شاخ و داخ،**[2]

شاعیر بنیاتی هەڵبەستەکەیشی لەسەر بنەمای چەندین پرسیاری بـێ وەڵام ڕێك دەخات، کە هەموویان پێکەوە ئایرۆنییەکی کۆزمیکی دروسـت دەکـەن و

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣، کۆ٦.

[2] گۆران، سروشت و دەروون، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٦٨، ل٦٩، دێش ١-٢.

ڕەخنەیەکی حەسرەتداری یاخیبوویی لە واقیعی نالەباری میللەتی کورد دەگرن، کە ڕەهەندەکانی بە فەرمانی خالیقەوە بەستراونەتەوە. بەم شێوەیە، ڕامانە ئایرۆنییەکانی شاعیر لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێنەوە و کۆتایەکەیشی جارێکی دیکە دەگەیەنێتەوە سەرەتایەکەی و پرۆسەکە هەر بەردەوام دەبێت:

**یا ئیلاهی حەققی خۆم داوا ئەکەم:**

**کوا نگین و تەختەکەم،**

**بۆ لە عەرشی دادپەروەر بۆ دڵی کوردی هەژار!**

**تاقە تیرێکی ستەم عەکس بکات و بێتەخوار؟**

**ئۆف، هەزار ئۆف، ئاخ هەزار ئاخ**

**خالیقی کوردی هەژار، ئاخ!**[1]

٦ـ هەندێك جار شاعیر دەستەواژەیەك لەقوفڵی قەسیدەکەیدا دووبارە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر هاودژییەکانی نێو دەقدا بکات کە جیاوازییەکانیان بەرەو حاڵەتێکی ئایرۆنی دەڕوات و خوێنەر وا تێدەگات کە هەموویان پێچەوانەی مەبەستی شاعیرن . بۆ نموونە (گۆران) لە هەڵبەستی (موحاکەمەی مام چەوەندەر)دا، بابەتێکی درامایی دەخاتەڕوو، کە تێیدا ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت و گاڵتەیشی بە ڕەفتاری ئاغا و کاربەدەستەکانی دادگا دێت کە ناتوانن تەرازووی چاکە و خراپی هاوسەنگ بکەن:

**- ناوت چی یە؟**

**- مام چەوەندەر ..**

**- لە کوێوە دێی؟**

**- لە دەشت و دەر ..**

---

[1] گۆران، سروشت و دەروون، هەمان سەرچاوە ، ل٧١، دێش ٣-٦.

– به چی هاتی؟
– به پشتی کەر ..
– کێ هانیتی؟
– لاله ڕەنجدەر ..
– چۆنی هانیت؟
–به دەردی سەر ..
– بۆ کێی هانیت؟
–ئاغای سێبەر ..
– ئاغا چی وت؟
– ئیللا گێزەر![1].

لەنێو ئەم هاودژە ئایرۆنییانەدا شاعیر گفتوگۆ درامایيەکەی دەگەیەنێتە ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو و تکای ڕەنجدەر کەڵکی نابێت و ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییەی کە ژێرخانی پیشەسازی بەهێز دەکات ڕەت دەکرێتەوە و بەرهەمێکی دیکەی لەو کەمتر پەسەند دەکرێت کە تەنیا خۆشییەکی کاتی تێدایەو ڕەنجدەری بێدەسەلات نەیهێناوە:

کەڵکی نەگرت
تکای ڕەنجدەر،
بەر شەقیان دا
دەستەی نۆکەر:
((ئیلا گێزەر ../ ئیلا گێزەر ..))[2].

دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (ئیلا گێزەر) لە قوفڵی هەڵبەستەکەدا، ڕامان لە دڵڕەقی ئاغا و دەستودایەرەکەی دەکات، کە چۆن ڕاو

[1] دیوانی گۆران، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٣، دێش ١-٧.
[2] هەمان سەرچاوە، ل٣٧٣-٣٧٤.

بۆچوونەکانیان لەسەر هەژارو بێ دەسەڵاتەکاندا دەسەپێنن، تەنانەت ئەگەر بەهەڵەشدا چووبن. خوێنەریش گاڵتەی بەم جۆرە هەڵوێستانە دێت، کە گوزارشت لە گەمژەیی ئەو جۆرە ئینسانانە دەکەن. لەوانەیشە شاعیر یەك وشە چەند جارێك لە قوفڵی هەڵبەستەکەیدا دووبارە بکاتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات کە لە پشت ئەو ڕامانانەی لە نێو دەقدا هاتوون ڕامانی دیکەیش هەن کە شاعیر نەیویستووە بیڵێت، بەڵکو لەم وشەیەدا کورتکراونەتەوە. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لە دوادێڕی هەڵبەستی (بۆ شەهیدانی ٢٤ی ئایاری ١٩٢٥)دا و لەو بەشەی کە بە شێوەی زەنگەنە هۆنیوەتەوە دەڵێت:

**ئاه جەو بۆنەوە خاسیش دەربردەن**

**سەرنەپای فرار شەهیدان کەردەن**

**ئۆف، ئۆف، ئۆف[1]**

دووبارەکردنەوەی وشەی (ئۆف) نیشانەی حەسرەتێکی قووڵی شاعیرە بەرانبەر ئەو کۆستەو ڕەخنەیەکی توندیشە کە لە دڕندایەتی هێزێکی زۆردار دەگیرێت. خوێنەریش دەتوانێت ئەم وشەیە وەکو کلیلی کردنەوەی جوفرەی هاودژەکانی نێو دەقەکە بەکاری بێنێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانەی کە بۆنەتە سەرچاوەی پەژارەیی خەڵك لە یەکدییان جیابکاتەوە. جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستی، زوڵم لە دادپەروەری، ژیان لە مردن، ئازادی لە بندەستی، دوژمنایەتی لە دۆستایەتی... ئەم جیاکردنەوەیەی خوێنەر دەیکات حاڵەتێکی ئایرۆنییە و پەسەندکردنی ڕەخنەیەکە کە لەسەر ڕاستی بنیاتنراوە. یانیش هەندێك جار شاعیر لەنێو قوفڵی قەسیدەکەیدا جێگۆڕکێ بە وشەیەك دەکات بۆ ئەوەی هەرجارێ مانایێك ببەخشێت و کاتێك خوێنەر هەردوو مانایان بەراورد دەکات و لەگەڵ هاودژەکانی نێو دەقدا لێکی

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥، کۆ٢.

دەداتەوە، حاڵەتێكی ئایرۆنی دروست دەبێت. بۆ نموونە (گۆران) لـە قـۆفڵی قەسیدەی (لە بنی بیرا)دا جێگۆڕكێ بە وشەی (بەركەوت) دەكات:

**ئەو نـــەوتەی مـــام كومپانیمـان**

**پوختەی سوودی خستە گیرفان!**

**ئێمەیش لە گەنجی ڕەنج و نەوت**

**ئاخمان بەركەوت، داخمان بەركەوت!..**[1]

شاعیر لە دەقەكەیدا یادەوەری كرێكارێكی بیری نەوت دەگێڕێتـەوە، ژیـانی لە هەژدە وێنەی هاودژدا كورت دەكاتەوەو لە كۆتاییدا لـەنێو هاوكێـشەیەكدا هاوسەنگیان دەكات، كە لایەنەكی ڕەنجی ئینسانە و لایەكـەی دیكـە سـامانی نەوتــە، بــەلاَم كرێكارەكــە لــە ئــەنجامی ڕەنجكێــشانەكەیدا تــەنیا (ئــاخ)ی پەشیمانی بەردەكەوێت و لە سامانی نەوتیش تـەنیا (داخ)ی جـەرگبڕی و بـێ حورمەتی بۆی دەمێنێتەوە. لە نێوان ڕەنجكێشان و پەشیمانیدا ئایرۆنییەكی بەهێز هەیە و لە نێـوان نـەوت و بـێ حورمەتیـشدا ئایرۆنییـەكی دیكـە بـەدی دەكرێت.

٧ـ گرنگـی قوفڵەكـە لـەو هەڵبەسـتانەدا پـتر دەبێـت، كـە لەسـەر بنـەمای دیدێكی درامایی داڕێژراون و زیاتر بە چیرۆك دەچن. بۆ نموونە (قەدری جان) لــە هەڵبەســتی (هەســنكەر)دا، بــە شــێوەیەكی درامــایی كــاری ڕۆژانــەی ئاسـنگەرێك دەگێڕێتـەوە كـە بـە تـەق و ڕەقـی چەكووچـەكەیەوە خەریكـە زنجیرێــك بــشكێنێت و چــاوەڕێی ئــەوەیش بــووە كــە خەڵكەكــە ئاگــاداری كارەكەی بن و لە مەبەستەكەی تـێ بگـەن. لـەم خاڵـە هەسـتیارەوە شـاعیر گرێـچنییەكەی ئـەم درامایـە دەگەیەنێتـە لووتكـە. خوێنـەریش چـاوەڕێی ئەنجامەكەی دەكات، بەلاَم هاودژەكـان لـە نێـوان دوو لایـەنی هاوكێشەیەكدا

[1] دیوانی گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤، دێش ١-٢.

ئالۆزتر دەبن، تا لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەو کەسانە دەگیرێت کە لە شکاندنی زنجیرەکەدا بەشدار نابن:

**بێ ئومێدی نەقەنجە، تو دەستێ خوە ڤەمالە**
**نە ئەز زێدە خوە بدم، نە تو بۆ من بنالە**
**یەکدەست ئەم ب ڕەپین کن، هەڤال دبە (ذو الجلال)**
**برا تۆڤا دیلییێ، ببە پۆلایی زەلال[1]**

لە قوفڵی قەسیدەکەشدا ماندووبوونی ئاسنگەرەکە و ناڵەناڵی شاعیر حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکەن و لەنێو پرسیارێکدا هاوسەنگ دەبن:

**ئەم ڤێ تۆڤا لاعنەتی، ژ سەری خوە بدەرخن**
**هنگی برا ببینن، یا ئەم گورن یا بەرخن.[2]**

ئەوەی کۆیلە بێت و لە ژێر نەفرەتی بندەستیدا مابێتەوە، ناتوانێت بە ئازادی بجووڵێتەوە، کەسایەتییەکەی لەدەست دەدات و دەبێتە ئەسیری ویستی خەڵکێکی دیکە، بۆیە چاکەو خراپەی دیارنییەو کەی توانی لەو دیل و ئەسارەتیەی ڕزگاربێت، ئەو کاتە ئەگەرەکان بەدەردەکەون و کاکڵی ڕاستەقینەی لە چ ئاستدایە: گورگە یان بەرخ، کە هەر یەکێکیان چەندین ئەدگار و سیمای هاودژی ئەوی دیکە لەخۆدەگرێت.

٨ـ هەندێك جار بێ ئومێدی و بێزارییەکی زۆر بە ناوەرۆکی قەسیدەکەوە دیارە. ڕەشبینی باڵی بە سەر بڕگەکانیدا گرتووە، بەڵام شاعیر هەوڵ دەدات شتێکی دڵخۆشکەر، یان کارێکی مژدە بەخش، یانیش تیشکێکی ئومێدهەڵگر لە کۆتایی هەڵبەستەکەیدا بخاتەڕوو و پوختەی ڕامانەکانی بابەتەکەی لە قوفڵەکەیدا کۆبکاتەوە. بۆ نموونە (سەلام) لە هەڵبەستی (مەلی گیرۆدە)دا،

[1] قەدری جان، هەسنکەر، گ: هاوار، ژ٧ س١، ١٩٣٢/٧/٢٥، چاپخانەی (الترقي – دمشق)، ل ٥، ئەس١، دێش١-٢.
[2] هەمان سەرچاوە ، ل ٥، ئەس١، دێش٣.

ڕۆژێکی پڕ ماندووبوونی مەلێك دەگێڕێتەوە، کە چۆن لەدوای دانەوێڵە دەگەڕێت بۆ بەچکەکانی بباتەوە، هیچی دەست ناکەوێت. لە گەڕانەوەیدا بۆ هێلانەکەی، دەبینێ لەسەر باڵەخانەیەك قەفەسێك هەڵواسراوەو مەلێکی تێدایە و ئاواز و نەغمەی بەرزکردۆتەوە. گفتوگۆییەکی درامایی لە نێوانیاندا دروست دەبێت. مەلی ماندوو حەز دەکات، بە میوانی قەبووڵ بکرێت بۆ ئەوەی دڵی بەو خواردن و نیعمەتەی ناو قەفەسەکەدا شاد بکات. مەلی ناو قەفەسیش ئامۆژگاری دەکات، کە ژیانی ئازادی دەرەوەی قەفەسەکە خۆشترە:

بچۆ بۆ چۆڵێ لە من بە تۆ دوور
زیخ و لم بخۆ مەیخۆ گەنمی سوور
تێکەڵ بە لەگەڵ مەل و مارو موور
دووربە لە پیاوی سەرکەشی مەغروور
ئەڵبەت دانەی ئەو بە بێ داو نابێ
شوێن دۆزی ئەوان بە بێ ڕاو نابێ[1]

لە ئەنجامدا مەلی ماندوو، و برسی پەلاماری هەندێ دەنکە گەنمی دەدات و ملی دەکەوتە داوێ، هەوڵ دەدات خۆی ڕزگار بکات، بەڵام بۆی نالوێت. شاعیریش بەم کۆپلەیە هەڵبەستەکەی دادەخات:

دەستێ هات گرتی تونگ ملی مەل
بێ سوود فرتەفرت بێ کەڵك پەلە پەل
خستیە ناو قەفەس بڕا ڕێی ئەمەل
هیچ چارەی نەما بێجگە لە ئەجەل
کە گیرۆدە بوو مەل بەدەستی غەیر
وتی (ئازادی ها یادت بەخەیر)[2]

[1] دیوانی سەلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩-١٧٠.
[2] هەمان سەرچاوە، ل١٧١، کۆ٢.

مەلی گیرۆدە دەبێتە قوربانی ململانییەکی توند لەنێوان حەزی ئەو بۆ ژیان کە هەندێك خواردن بۆ بەچکەکانی پەیدا بکات و لە نێوان مەترسی نەمان و لەناوچوون کە لە هەوڵێکی جەربەزەییدا خۆی تووشی کێشەیەکی گەورە دەکات. جگە لە هاودژە ئایرۆنییەکانی نێو ئەم درامایییە، کە گرێچنییەکی بەهێز دروست دەکەن. شاعیر هەڵبەستەکەی بە ئایرۆنییەکی وشەیی کۆتایی دێنێت، کە ڕەخنەیەکی توندە لەو کەسانە دەگیرێت، کە بە نەفامی و بێ پلانی بەهای ئازادی لەدەست دەدەن.

ئەم بابەتەی مەلی ناو قەفەس لە شیعری نوێی کوردیدا زۆر دووبارە دەبێتەوە. هەر جارێ بە شێوەیەك، بۆ نموونە (کەمالی) لە قەسیدەی (بازرگان و تووتی) باسی زیرەکی تووتییەك دەکات، کە بە ژیری خۆی توانیویەتی لە قەفەس ڕزگار ببێت[1]. لە هەڵبەستی (ڕازی بلبلێك)ی (کاکەی فەلاح ) یشدا، کە لە حەوت کۆپلە پێك دێت. لە شەش کۆپلەدا هەموو هاودژەکانی ململانێی لەنێوان ژیانی ئازادی و بندەستی دەخرێنەڕوو. ئەم ململانێیە سەرچاوەی هەموو کێشە و گرفتەکانی هەردوو لایەنن. بۆ نموونە لە یەکەم کۆپلەدا دەڵێت:

**با خاوەنم پارەدار بێ**
**یەکەم دەوڵەمەندی شار بێ**
**جێگەبەرزو پایەدار بێ**
**بە دەستەلات و زۆردار بێ**
**مادام قەفەز جێگەی منە**
**ئەو خاوەنەم لا دوژمنە**[2].

---

[1] دیوانی کەمالی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦-١٨٧.
[2] کاکەی فەلاح، سۆزی دەروون، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٦٢، ل٩، کۆ١.

بلبلەکە ئەم پێکەوە ژیانە، بە شتێکی بێ کەڵك دەزانێت و چێژیشی لێ وەرناگرێت، بەڵام لەدوا کۆپلەدا، شاعیر لە قوفڵی هەڵبەستەکەیدا، شێوەی ململانێیەکە بەرەو ئاقارێکی دیکە دەبات، کە بلبلەکە بە هیوای ئازادییەوە بەردەوامی بە ڕکابەرییەکەی دەدات:

**دیلێکـم، بەربوونم ئەوێ**

**لە قەفەز دەرچوونم ئەوێ**

**زاخـاوی دەروونـم ئەوێ**

**گەر چی قەفەز جێگەی منە**

**دڵ بـەو هیوایـە ڕۆشـنە**[1].

ئەم کۆڵنەدانەی بلبلەکە هەردوو گریمانەی سەرکەوتن و لەناچوون بەخۆوە دەگرێت، بەڵام ئەوەی مەزندە دەکرێت ئەوەیە، کە مەبەستی شاعیر و تێگەیشتنی خوێنەر لە یەك خاڵدا یەکدی دەگرنەوەو لەو باوەڕەدان کە گریمانەی یەکەم سەردەگرێت.

٩ـ لە هەندێك دەقە ئایرۆنییەکاندا، ئایرۆنی دیارنییە، بەڵام دەسەڵاتێکی فراوان بە خوێنەر دەدرێت، کە بە قووڵی بچێتە نێو بابەتی شیعرەکەوەو بە جوانی شی بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو هاودژەکانی دەقەکە لە یەك ڕاماندا کۆبکاتەوەو پوختەی ڕامانەکەیشی لە یەك ڕستەدا کورت بکاتەوە، کە لایەنی ئایرۆنییە ونبووەکەی دەنوێنێت و لە قوفڵی هەڵبەستەکەدا دەیدۆزێتەوە و وەکو پەندێك وەردەگیرێت و بۆ ماوەیەکی درێژ لە گوێیدا دەنگدەداتەوە. بۆ نموونە (عوسمان سەبری) لە هەڵبەستی (ڕۆڤیێ ژیر)دا، کە بە تەکنیکێکی ڕێکوپێکی دەق ئاوێزانەوە قەسیدەکەی هۆنیوەتەوە. بیرۆکەکەیشی لە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییەوە وەرگرتووە، کە ڕووداوەکانی لەبارەی هەڤاڵینی

[1] کاکەی فەلاح، هەمان سەرچاوە ، ل١٠، کۆ٤.

(شـێرو گـورگ و ڕێـوی)ێـك دەسـووڕێنەوە. ڕێـوی ڕێبـەرە و ڕێگـەی نێچیرکردنیش پیشانی شێرو گورگ دەدات:

**وی چاڤ دا بوو دەڤی شێر گـوری گۆت: هۆ کەریٚ نێر**

**بـدە پێـش مـە زوو بلڤ مە ژ تە ناڤیٚ چۆل و چیڤ**

**هایدیٚ جیکـی ب نێچیـر وەلیٚ ئەمـر دکـە مـیر**[1]

ڕێوی برادەرەکانی بـەرەو چـۆڵ و دەشـتایێك دەبـات، ڕانەمـەڕێك دەبیـنن. دەبێتـە نەڕەنـەڕی شـێر و سـەگەکان ڕادەکـەن و شـوانەکەش خـۆی دەشارێتەوە. شێر بە گورگ دەڵێت: بـڕۆ دوو مـەڕ بێنـە؟ گـورگ دوو کـاوڕی تـەڕ دێنێـت. شـێر پێـی دەڵێـت: دابەشـیکە؟ گـورك سـەرك و دڵ و سـی و گورچـیلە بـۆ شـێر دادەنێـت، گوشـتیش بـۆ خـۆی. شـێر تـووڕە دەبێـت و دەکێشێتە ناو دەمی:

**ڕەپ بوو دێلا گوریٚ زەر، هەردوو چاڤان بازدا دەر.**[2]

شێر بە ڕێوی دەڵێت: تۆ وەرە دابەشیکە؟ ڕێوی هـەردوو لاشـە گوشـت بـۆ شێر دەبات و دەڵێت هەناو و ڕیخۆڵەش بۆ من بەسە. شێر زۆر کەیفی هـات و بە ڕێوی دەڵێت: لە کویٚ فێری ئەم عەقڵ و ژیرییە بووی. ڕێوی دەڵێت:

**چاڤێن گور یێن زیق و چەپ دێلا وی یا هشـك و ڕەپ**

**بـەلا بـــر ژ دەریٚ مــن پڕ عەقل خست سەریٚ من**[3]

شاعیر لەم دوو دێڕەشیعرەدا هـۆی تووشـبوونی قوربانییـەك و ڕزگـاربوونی قوربانییەکی دیکە لە وێنەیەکی ئایرۆنیدا بـەراورد دەکـات و شـیعرەکەی پـیٚ دادەخات. خوێنەریش بە ئاسانی دەتوانێت ئەو جیاوازییەی لـەنێوان هـەردوو

---

[1] ئۆسمان سەبری، ڕۆڤیٚ ژیر، گ: هاوار، ژ ٢٩، ١٠ حزیران ١٩٤١، چاپخانا سـەباتیٚ – شـام، ل٨، دێش١٥-١٧.

[2] هەمان سەرچاوەو، ل٨، دێش٤٠.

[3] هەمان سەر چاوە ، ل ٥٧- ٥٨.

هەڵوێستدا هەیە لێك بداتەوەو پوختەی ئەنجامەکەیشی وەکو پەندێك وەربگرێت.

١٠ـ لە ڕێگەی بەراوردکردنی جووڵە و ئەرکەکانی قوربانییەکەی نێو دەقەکە لەگەڵ ئەو جووڵە و ئەنجامەی خاوەنی ئایرۆنی لە قوفڵی قەسیدەکەدا دروست دەکات، دەتوانرێت ئاستی ئایرۆنی لەو دەقەدا دەستنیشان بکرێت. ئەمەش تەکنیکێکی ئاڵۆزە و وەستایی شاعیر دەردەخات. بۆ نموونە ئەگەر کارەکانی نێو دەقەکە گوزارشت لە جووڵانەوەی ژیانی قوربانییەکە بکەن و قوفڵی قەسیدەکە لە دۆخێکی چەقیوو وەستاودا بوو، ئەوە بەراوردکارییەکی هاودژ لە نێوان هەردوو لایەندا پەیدا دەبێت. بە پێچەوانەیشەوە، ئەگەر دەربڕینەکانی نێو دەقەکە چەقیوو وەستاو بوون و جووڵەیەکی نائاسایی لە قوفڵی قەسیدەکەدا هەبوو، ئەوە هەمدیسان ئایرۆنی دروست دەبێت. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم بۆچوونەش بە پێویست دەزانرێت ئەم ڕێسایە لەسەر چەند قەسیدەیەك پراکتیزە بکرێت:

ئاـ لەبارەی بەردەوامبوونی جووڵانەوەی کارەکانی نێو دەق و وەستانیان لە قوفڵی شیعرەکەدا، (موفتی پێنجوینی) لە هەڵبەستی (ئامۆژگاری کوڕەکەم)دا، وانەیەکی ئاکاری ـ کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە بۆ خوێنەران پێشنیاز دەکات، کە دەبێت ئینسان لە هەڵبژاردنی ڕێبازی ئایندەی ژیانیدا ئازاد بێت. باشترین ڕێگەش بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژەکەی ئەمەیە:

**ئەگەر خاوەندی عەقڵ و کەماڵی**
**بچۆرە مەکتەب هەتا بیستساڵی**
**بۆ ئەوە نەچی ببی بە مەئموور**
**بە ڕەنجی شانی خۆت ئەبی ڕووسوور**
**سنعەتێکی وا کە بە فەن بکرێ**
**کەڵکی شەرەفی شاریشت بگرێ**[1]

[1] دیوانی موفتی پێنجوینی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦، دێش ٤-٦.

ئەم ئامۆژگارییەی شاعیر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە کاتی خۆیدا بە قسەی گەورە پیاوانی ئەوسای کردبوو. نەچووبووە مەکتەب گوایە دژی ئایینەو ئاکاری ئینسان تێك دەدات:

منْ کە نەفسی خۆم وەها دواکەوتم
بە لێفەی جەهل و نەزانی خەوتم
خەتای خۆم نەبوو گەورەی زەمانم
نیشانی نەدام ڕێگەی ژیانم
هەرچی پێ وتم ئەسبابی خەو بوو
ڕۆژی ڕووناکم لا نیوە شەو بوو[1]

لەبەر بڕوابوون بە بیری پاشکەوتوو و قەناعەت هێنان بە ژیانێکی سەرەتایی و دوور لە زانست و بە هەڵە تێگەیشتن لە ئایین، تەمەنی هەمووی بە فیڕۆ دەچێت:

سی ساڵ دانیشتم بەم خەیاڵەوە
دڵ پڕ لە دەردو ئاه و ناڵەوە
تا نانم هەیە بەرگم دڕاوە
دەستم لە کەسب و سنعەت بڕاوە
نە پارەم هەیە نە هێزی ئەژنۆ
نە کارم پێك دێ بە پینە و پەڕۆ[2]

لە نێو ئەم هەموو هاوکێشە ئاڵۆز و پڕ جووڵانەوەدا، کە شاعیر لە ناوەرۆکی دەقەکەیدا ژیانی سەردنیا و هەڵسانەوەی ئینسان لە ڕۆژی قیامەتدا لێك دەداتەوە. لە قوفڵی شیعرەکەدا سەرسووڕمانی خۆی لە نێو پرسیارێکی وەڵام نەویستدا دەکاتە پەندێکی جێگیر و هەروەکو

[1] دیوانی موفتی پێنجوینی، هەمان سەرچاوە، ل٢١٦، دێش ٨-١٠.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧، دێش ٦-٨.

خۆبەدەستەوەدانێك بێت. تێنەگەیشتنەکەیشی لە نێو دوو گریمانەی پێچەوانەی یەکتردا بەراورد دەکات:

**نازانم دنیا کە کەس نەویستە**

**بۆ لای هەموو کەس هەر خۆشەویستە**[1]

ئەم جیاوازییەش لە نێوان جوولانەوەی کابرای فریودراوی نێو دەقەکە و شڕبوون و دەستداهێلانی لە دوا دێڕەشیعردا حالەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات، کە خوێنەر هەستی پێ دەکات و بەراوردیان دەکات.

ب ـ لەبارەی چەقبەستنی جوولانەوە و وەستانی کارەکانی ئینسانێك لە نێو بڕگە و جومگەکانی دەقە شیعرێکدا، کە ملکەچی هەموو فەرمان و دەستێوەردانێکە کە بەرانبەری دەکرێت. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لە شیعرێکیدا باسی مەینەتییەکانی میللەتی کورد دەکات، کە لە سالی (١٩٤٧)دا تووشی ببوو، بەلام دەستەوەستان مابووەتەوە و هیچ جوولەی نەدەکرد :

**هەرچی پێشمان کەوت، کێشاینیە ژێر بار**

**لە ئێمەی ڕوو دا، چە گورگ و چە سوار**

**بەردێکین لەناو قۆچەقانیدا**

**ئەگەڕێین بەدەور سەری خانیدا**

**کەچی فڕێمان ئەدەن لە گۆترە**

**تا دوورتر بڕۆین، لایان خۆشترە**[2]

لەدوا دێڕەشیعردا کاردانەوەیەکی توندی دەبێت، کە پێچەوانەی بێدەنگی و دەستەوەستانی پێشترە:

---

[1] دیوانی موفتی پێنجوینی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٧، دێش ١٠.

[2] ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١، دێش ٣-٥.

ئێمــه لــه خاکی عیراقـــا ئـەژیـن
له شوێنی باو باپیر چۆن دەرچین[1]

ئەم جوولانەوەیەش هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگ لە نێوان هەڵوێستی یەکەم و هەڵوێستی دووەمدا دروست دەکات، کە پێچەوانەی یـەکترن. خوێنـەریش بـە ئاسـانی ئـەو جیاوازییـەی لـە نێوانیانـدا هەیـە بـەدی دەکـات و لـە مەبەسـتە شاراوەکەی شاعیریش تێدەگات.

[1] هەمان سەرچاوەی، ل١٥١، دێش٧.

**تەوەری چوارەم:**

## تەکنیکی وێنەی هونەری

شاعیر وێنەی هونەریی وەکو تەکنیکێك لە ڕەخنەی ئایرۆنیدا بەکاردێنێت، چونکە ((هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵی خۆی هەبووە لە شیعرداو گرنگییەکەیشی پتر دەبێت کاتێك باس لە ئایرۆنی دەکات، چونکە زیاتر لە شتە پەتی و بیرو چەمکە ئایرۆنییەکانی دیکە، خۆی لە مێشکی خوێنەر نزیك دەکاتەوە))[1]. بەم پێیە ئەو ڕەخنە ئایرۆنییەی بە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە دەکرێت لە دەربڕینێکی کورتدا مەبەستەکانی دەپێکێت، کە لەوانەیە لە ڕێگەی تەکنیکێکی دیکەوە کارێکی ئاسان نەبێت، چونکە وێنە ((پشت بە خەیاڵ دەبەستێ و هەندێك شت کۆ دەکاتەوە کە لە واقیعدا کۆ نابنەوە و یەکیەتی لە نێوان دژەکاندا دروست دەکات و شتە لەیەك دوورەکان نزیك یەك دەخاتەوە))[2]، کە ئەمەیش لەگەڵ بنەماو تایبەتمەندییەکانی ئایرۆنیدا هاوجووت دەبێت و شاعیرانی کوردیش بە چەندین شێوەی جیاجیا تەکنیکی وێنەی هونەرییان لە ڕەخنە ئایرۆنییەکانیاندا بەکار هێناوە، لەوانە:

١ــ کاتێك شاعیر سیمای داڕمانێکی دەروونی لە وێنەیەکی شیعریدا بەرجەستە دەکات، بەڵام لە بنەڕەتدا گوزارشت لە خەفەتێکی قووڵی خۆی دەکات و مەبەستیشی لە خستنەڕووی ئەو وێنەیە ئەوەیە، کە دەیەوێت ئەو دۆخە ڕەت بکاتەوە. بەپێی تێگەیشتنی خوێنەریش لەو هاودژییەی کە لە نێوان شاعیرو دۆخەکەدا هەیە ڕەخنەی ئایرۆنی دروست دەبێت. بۆ نموونە (حەمدی) شیعری (وەڵامی نیشتمان) بەم وێنەیە دەست پێ دەکات:

---

[1] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٢٠٤، ف١.

[2] د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠- ١٩٩١)، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٠١، پ٢. (نامەی دکتۆرای بلاۆکراوە ).

دەستی زاڵم کەوتم و نەم ما هـــەوای گوڵ عەنبـەرم
گوڵ شکا بازاڕی، خوێنی بلبلیش کـــەوتە ســـەرم
هەر کە تۆقی زاڵمی دی قومری ڕووحـی هەڵفـــڕی
سەرووی بێ چارە، وتی وا چاکە سوجدەی بۆ بەرم[1]

لەم وێنە شیعرییەدا، شاعیر ڕەخنـە لـە ئینگلیـزی داگیرکـەر دەگرێـت، کـە بنەماڵە خانەدانەکانی کوردی ناچـار کـردووە کڕنووشـی بـۆ ببـەن. هـەروەها باسـی شـاعیرە عاشـقەکانی ئـازادیش دەکـات، کـە توانیویانـە لـە دەسـتیان ڕابکەن و ڕێگـەی ئـاوارەیی هەڵبـژێرن. شـاعیر خـۆی بـە قـومری دادەنێـت و یەکێك لە هەڤاڵەکانی بە سەروو، ((سەروو کە چاوی کەوت کـە زۆردار تـەوقی کردە ملی قومری و قومریش سەری لووتی خۆی ڕەش کرد و دای لە شـەقەی باڵ و وڵاتی بەجێهێشت، سەروو کڕنووشی بۆ ئـەو زۆردارە بـرد. ئـەم وێنەیـە ئیشارەتە بە ڕووداوێك لە نێوان حەمـدی (شـاعیر) و عیـزەت بـەگی وەسمـان پاشـای جـاف کـە بـوو بـە ژێـر دەسـتەی ئینگلیـز و حەمـدیش وڵاتـی بەجێهێشت))[2].

٢ـ شاعیر وێنەی هونەری بۆ ((لێکچواندنێکی بەرەواژی بەکاردێنێت بۆ ئەوەی خوێنەر جەخت لەسەر لەوچوو بکات نەك لێچوو))[3]، چـونکە لێـچووەکە پـتر ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە ناچـار دەبێـت سـەرلەنوێ وێنەکـە دابڕێژێتـەوە. ئـەم ئاڵوگۆڕییەی خوێنەر دەیکات کردەوەیەکی ئایرۆنییەو خۆی لە دروستکردنیدا بەشدار دەبێت. ئەمـەش لایـەنێکی تـەکنیکی وێنەکەیـە، لایـەنی دووەمیـشی لەسەر توانای شاعیر ڕادەوەستێت کە چۆن لەپێناو مەبەسـتێکی ڕەخنەییـدا

---

[1] دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ صاحیبقران، چ١، چاپخانەی ئەسعەد، بەغـدا ١٩٥٧، ل٨٠، دێـڕ١-٢. / گوڵ عەنبەر، یاخۆ گوڵ عومەر: مەبەستی وڵاتی شارەزوورە./ بڕوانە: (سەرچـاوەی پێـشوو، هەمان لاپەڕە، پەر ١).

[2] دیوانی حەمدی، جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢، پەر ٣.

[3] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٢٠٨، ف٦.

بەکاری هێناوە. بۆ نموونـە (مـوفتی پێنجـوینی) لـە هەڵبەسـتی (ناسـاندن)دا باسی بایەخنەدان بە زمانی کوردی دەکات:

**ـ ضـرب المثـل ـ هـەبوو لە ناومـان**

**ئەمانخوێندەوە ڕوون ئەبوو چاومان**

**عەرەبی گەوهـەر تورکی زۆر هونـەر**

**فارسی شـەکەر کوردی (....) کـەر[1]**

شاعیر ڕەخنە لەو کوردانە دەگرێت کە وەکو ناحەزانی کورد بیردەکەنـەوەو زمانی نەتـەوەکانی دیکـەیان لا شـیرینتر و بـەنرخترەو لـە ڕێگـەی ئـەم وێنـە شیعرییەی خوارەوە، ئەو کێشەیە لـەنێو پرسـیارگەلێکی پـڕ بگـرەو بـەردەدا دەورووژێنێت و هەڵکێشانەکەی بەرەو لووتکەی ئایرۆنی دەبات:

**ژیشك بێچوی خۆی لا شل و نەرمە**

**کە چی بێچوی من مشاری سەرمە[2]**

خوێنەر ناچار دەبێت کە جەخت لەسەر لەوچـو بکـات کـە بێچوی ژیشکەو خۆی تیژو ڕەقە، بەڵام سیفەتی نەرم و نوڵی دراوەتیێ، کە چی بێچوی مـرۆڤ نەرم و نۆڵە و سیفەتی تیژو بڕەڕی هەیە، بۆیە دەبێت خوێنەر نـەرم و نیـانی مرۆڤ بە تیژو ڕەقی ژیشکەکە بگۆڕێتەوە، ئینجا بیر لـەوە بکاتـەوە کـە وەکـو مشار سەری ماکەکەی دەبڕێت.

٣ـ وێنـەی شـیعری کاریگەرییـەکی زۆری هەیـە لـە دروسـتکردنی ئـایرۆنی، کاتێـك بـە نەخـشەیەکی کاریکاتێرییـەوە وێنەیـەك دروسـت بکـات، کـە هاودژییەکانی ناوەوەی هاوکێشەیەکی ئـایرۆنی پێك بێـنن، ئـەو جیاوازییـەی لـەنێوان هـەردوو لایەنـدا هەیـە جێگـەی پێکـەنین و گاڵتـەپێکردن بێـت، ناوەرۆکەکەیشی ئەوەندە قـووڵ بێـت کـە ڕاسـتەوخۆ ڕەخنـە لـە دیاردەیـەك

---

[1] دیوانی موفتی پێنجوینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٦٩.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل١٦٩، دێش٢.

بگرێت و هەڵوێستێکی نیاز پاکی بەرانبەر بنوێنێت. بۆ نموونە (جەگەرخوین) لە وێنەیەکی کاریکاتێریدا باسی کارەساتەکانی ڕابردوو و مەینەتییەکانی ئێستای میللەتی کورد دەکات، بابەتی وێنەکە ڕوونە، بەڵام قووڵ و پڕ ڕامانە، وەسفکردنەکەی پێکەنیناوی و گاڵتە ئامێزە. لە لایەنی یەکەمی وێنەکەدا شاعیر باسی ئەو کوردانە دەکات کە ڕێبەرو خاوەن دەسەڵات بوونە، چ ئەوانەی وڵاتەکەیان بەجێهێشتبوو، و دەوڵەتیان لە دەرەوەی کوردستان دامەزراندبوو، وەکو ئەیوبییەکان لە میسرو شام[1]، چ ئەوانەی یارمەتی میللەتانی دیکەیان دابوو کە دەوڵەت پێك بێنن وەکو ئەبو موسلمی خورەسانی لە بەغدا[2]، چ ئەوانەی دەوڵەتیان لەسەر خاکی کوردستان پێك هێنابوو وەکو دۆستەکی و مەروانییەکان لە میافارقین[3]... ئەم هێزو دەوڵەتانە هەموو لەناوچوون و نەوەکانیان بێ ماڵ و سامان و بێ پشت و پەنا ماونەتەوە، گێژو وێڵ بوونەو دوژمنیش وەکو سەگ ڕاویان دەنێت:

**ئەگەر پیر و ئەگەر میر و ئەگەر بەگ،**
**چ ئەیووبی، چ مەروانی، چ بەرمەك.**

**هەمی چوونە، بەلێ ئەم مانە نێچیر**
**ژ خوە دژمن ل پەی مە هەر وەکی سەگ**[4]

[1] محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بر٢، نوێکردنەوەی ڕێنووس و هەڵەچنی: نەوروز حسێن، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٧٣-١٤٠.

[2] محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بر١، نوێکردنەوەی ڕێنووس و هەڵەچنی: نەوروز حسێن، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠،، ل٩٣-٩٤،

[3] عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، ط١، مطبعة اللواء، بغداد . ١٩٧٢./ هەروەهابڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١-٦٠.

[4] جەگەر خوین، ئاگر و برووسك، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨، دێش١-٢.

شـاعیر لـه لایـەنی دووەمـی وێنەکەیـدا باسـی ئێـستای کـورد دەکـات، دەکوژرێن، تالآن دەکرێن، ئاوارە دەبن، هەتك دەکرێن و وەکو حاجی لەقلەق لەو دەشت و چۆلآنە ڕادەکەن:

**دژیـن ئەم هـەر ل سـەر شـاخ و زناران**

**کـەڤر بالیفە بۆ مــە، قــادە دۆشـەك.**

**ب لێدان گەهـ، ب کوشـتن گەهـ ب تالان**

**ل چۆلان ئـەم دبازن حـەجی لـەگلـەگ.**[1]

لـەم هاوکێـشە ئایرۆنییـەدا، شـاعیر لـە لایێکـەوە ڕەخنــە لـەو میللەتانـە دەگرێت، کە چەندین ساڵە بەناحەق زوڵم لە کورد دەکەن، لە لایێکی دیکـەوە ڕەخنە لە کوردیش دەگرێت، کە لەو ماوەیەدا بەخۆنەکەوتوونەتەوەو ڕێگـەی ڕزگاربوونیان نەدۆزیوەتەوە.

٤ـ هەندێك وێنەی هونەری ئەوەندە ترسناکن، کە کار لە خوێنـەر دەکـەن و تا ماوەیەکی زۆر لە یادی ناکات، چونکە گوزارشـت لـە هاوکێـشەیەك دەکـەن کـە لایەنـە ڕووکەشـەکەی حاڵـەتێکی مەترسـیدار و قێـزەون پێـشان دەدات. لایەنی ناوەوەیش سۆزی خوێنەر بە ڕادەیەکی وا دەورووژێنێت، کە هاوخەمی خـۆی بـۆ دیـار بخـات و لایەنگیریـشی لێ بکـات. کەواتـە ئـەم جـۆرە وێنـە هونەرییانــە کــەلێنێکی گــەورە لــەنێوان ئــەوەی مرۆڤایەتییــە و ئــەوەی نامرۆڤایەتییە دروست دەکەن. بۆ نموونە (قانع) لە هۆنراوەی (ئـەبوو عـەلای مەعەڕی)دا باس لە هەڵسوکەوتی ناوبراو لەبارەی خۆشەویستی ژیان دەکات، کە مـافێکی ڕەوای هـەموو گیانلەبەرانـە، بۆیـە هـیچ گۆشـتێکی نـەدەخوارد. کاتێك نەخۆش دەکەوێت و لەسەر مردنە، حەکیمەکە ئامۆژگـاری دەکـات کـە پێویستی بە گۆشتی سوورۆ هەیە، دەبێت بخوات. خزمەتکارەکـە دەسـتوبرد کەڵەشێرێك سـەردەبڕێت و سـووری دەکاتـەوەو بـۆی دێنێـت. ئەبووعـەلا لـە

---

[1] جەگەر خوین، هەمان سەرچاوە ، ل٢٨، دێش٣-٤.

خواردنەکە ورد دەبێتەوەو ناخوات. سفرەخوانێکی وا بـە شـێوەیەکی گشتی دیمەنێکی جوان و بۆنێکی خـۆش و تـامێکی چـێژدار دەبەخـشێت، بـەڵام کـە (قانع)ی شاعیر هەڵوێست و بۆچوونەکەی ئەبووعەلا لە بەرانبەر ئەو خواردنـە لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەبڕێـت، وێنەیـەکی ترسـناك دروسـت دەبێـت و بۆنی مردنی لێ دێت و خوێنەر بێزی لێ دەبێتەوە:

**ڕوانـی بە گۆشـــتا و زار زار گریـان**

**ئاهــی ئەکێشـا لـە جــەرگی بوریان**

**وتی: ئەی فەقیر بۆچی هار نەبووی؟**

**یا هەر وەکو شێر یا ڕەشمار نەبووی**

**تا کەس نەوێرێ دەستت بۆ بێنــێ**

**یــا لەنــاو ڕۆنــا هــەڵتقــرچێنـــێ**[1]

لەمیانی ئەم وێنە ترسناکەدا خوێنەر بیر لە ژیـانی کەسـی بـەهێز و خـاوەن دەسەڵات دەکاتەوە و لەگەڵ ژیانی کەسێکی دیکەی هەژارو بێ پـشت و پـەنا بەراوردی دەکات. یەکەمیان یەك جار دەمرێت، چونکە خـۆی ئـازادە و بڕیـار لەسـەر شـێوەی ژیـانی خـۆی دەدات. دووەمـیش هـەموو ڕۆژێ چـەند جـار دەمرێـت، چـونکە چارەنووسـی بەدەسـتی خـەڵکێکی دیکەیـە. بۆچـوونە ڕەخنییەکەی شاعیر چڕتر دەبێت ئەگەر خوێنـەری کـورد بـیر لـە بازنەیـەکی فراوانتر بکاتەوە و فکری بۆ گەلەکەی بڕوات کە لە بـێ دەسـەڵاتییەوە چـەند جار بووەتە قوربانی و تووشی کوشـتارو قـەتلوعام بـووە، چـونکە کوشـتن و سەربڕینیان بە پێی بیروبڕوای بکوژەکان کارێکی ڕەوابووە. بەم پێیە شـاعیر توانیویــەتی جیاوازییــەك لــە نێــوان هەڵوێـستێکی مرۆڤایــەتی پــڕ ڕێــزو خۆشەویـستی (کـە خزمەتکارەکـە کردوویـەتی) و هەڵوێـستێکی نامرۆڤایـەتی

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢٤، دێش٢-٤.

(که ئەبووعەلا لێکی دەداتەوە) دروست بکات و حاڵەتی ئایرۆنی بگەیەنێتە لووتکە.

(أ. ب. هەوری) یش لە هۆنراوەی (نەورۆزە)دا، کە وەسفی سروشتی ولآتەکەی لە بەهاردا دەکات، دیمەنی گوڵاڵە سوورەکانی تەنیشت کەوییە بەفرەکان بە لێوی سووری ناسك ئەندامێك دەچوێنێت، بەڵام کە دێت باسی کرێمی لێوی کچەکە دەکات:

**کرێمی سووری لێوی بزاوی**

**خوێنی برینی برای کوژراوی**(١)

ئەمە وێنەیەکی ترسناکە، چۆن دەبێت خوشکێك لێوی بە خوێنی براکەی سوور بکات؟ یان مرۆڤێك دەم و لێوی بە خوێنی مرۆڤێکی دیکە سوور بێت؟! ئەوەی شارەزایی لە مێژووو بارودۆخی کوردستاندا هەبێت، دەزانێت کە ئەو کچە مرۆڤخۆر نییە، بەڵکو وەکو زۆر ناسك ئەندامانی دیکە، کە ئەو کرێمە سوورەی لە لێویان دەیدەن لە خوێنی ڕژاوی برا شەهیدەکانیان دروست کراوە. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەردوو حاڵەتدا هەیە: یەکەمیان ئەو پەڕی دڕندایەتییەو دووەمیانیش لووتکەی خۆشەویستییە. ئەو مەودا فراوانییەی کە لەنێوان هەردوو بۆچوونیشدا هەیە حاڵەتێکی ئایرۆنی قووڵ دروست دەکات. ئەوەی ئایرۆنییەکەیشی بەرەو لووتکە دەبات ئەوەیە، کە شاعیر لێوی کچەکەی لە دۆخێکی بزێودا وەسف دەکات، ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوە کە لە وێنەیەکی وەستاوەوە بکرێتە وێنەیەکی جووڵاو. لە ڕووی ڕامانیشەوە ڕەخنەیەکی توند لەو دڵڕەقانە دەگیرێت کە بە کوشتنی گەنجانی کورد دڵی خوشکەکانیان دەسوتێنن.

٥- ئەو وێنە هونەرییانەش ((ئایرۆنی دروست دەکەن، کە شاعیر لە حاڵەتە ئاسایی و زانراوەکانەوە دەردەچێت و ئەوەی خوێنەر مەزندەی دەکات و

١ أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨، دێش٩.

لەسەری ڕاهاتووە دەشکێنێت))[1]، بە تایبەتی کە لە دژبوونێکەوە یەکسەر بەرەو دژبوونێکی دیکە دەڕوات و کەلێنێکی فراوان لەنێوان هەردووکیاندا دروست دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕووبەڕووی حاڵەتێکی ئایرۆنی بێت. بۆ نموونە(پیرەمێرد) دەڵێت:

**خوێندنی شەوە، ڕۆژ ئەکاتەوە**
**پەردەی تاریکی لائەباتەوە[2]**

ئەوەی خوێنەر لەسەری ڕاهاتووە، ئەوەیە کە خوێندن ڕووناکییە و هەمیشە بە خۆر دەچوێنرێت و وەکو کاتیش بە ڕۆژ دەبەسترێتەوە، کە تاریکی شەو ڕادەماڵێت، بەڵام لەم وێنەیەدا شاعیر ڕامانی کردەوەی (خوێندن) پێچەوانە دەکاتەوەو لە حاڵەتی ئاساییەوە دەیگۆڕێت و بەرەو کردەوەیەکی دیکەی دەبات، کە بە شەو ڕووناکی بەرهەم دێنێت، بۆ ئەوەی ڕۆژی تاریک ڕووناک بکاتەوە. ئەم جیاوازییەی کە لە نێوان ڕووناکی شەوو تاریکی ڕۆژدا هەیە، حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات و خوێنەریش مەبەستی شاعیر تێدەگات، کە دەیەوێت ڕەخنە لەو ژیانە دواکەوتوویەی گەلەکەی بگرێت، کە بە هۆی نەخوێندەواری و هەژارییەوە ڕۆژیان بووەتە تاریکەشەو.

هەروەها لە شیعری (ڕۆژی ئازادی)ی (نەسرین فەخری)دا، خوێنەر بەپێی ناونیشانی شیعرەکە مەزندەی ئەوە دەکات کە شاعیر باسی ئاهەنگی خۆشی و بەختەوەری و خۆشەویستی دەکات، بەڵام کە دەقەکە دەخوێنێتەوە، ڕووبەڕووی حاڵەتێکی پێچەوانەوەی ئەو چاوەڕوانییە دەبێتەوەو دەبینێت شیعرەکە هەمووی ڕکابەری و خۆئامادەکردنە بۆ شەڕو هاندانی خەڵکە بۆ تۆڵەسەندن:

---

[1] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٢٠٦، ف٥.

[2] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی ، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩، دێش١.

که بانگی کرد قەومی نەبەرد

لە خەو هەستن

بەسە نووستن

هەستن، بگرن

ڕێی سەرکەوتن

بەجیٚ ماوین بە بیٚ سەروەر

بیٚ پشتیوان و بیٚ ڕابەر

ڕۆژمانە با لە دەست نەچیٚ

بکەین دوژمن

ئەنجن ئەنجن

ئەوسا ئەزانن چییە کورد! [1].

ئەو جیاوازییەی لە نێوان ناونیشان و ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەیە حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات، چونکە ڕامانی ناونیشانەکە لە وێنە شیعرییەکانی نێو دەقەکەدا ڕەنگ ناداتەوە. لە نێوان هەردوو مانایاندا خوێنەر هەست بە کەلێنێکی گەورە دەکات. بۆ پێکەوە بەستنەوەی دژبوونەکانی هەردوو لایەنی کەلێنەکەش چەندین مانای دیکە لێك دەداتەوە، کە هەموویان لە سەر چەقی هاوکێشەیەك کۆبکرێنەوەو جەخت لەسەر ئەوە بکەن: ئازادی نابەخشرێت، بەڵکو وەردەگیرێت.

٦ـ بە تێکەڵکردنی ڕاو بۆچوونی جودا لەنێو وێنەی هونەریدا حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات و خوێنەر نیگەران و دوودڵ دەکات، کە ڕاستی لە کامیاندا بدۆزێتەوە، چونکە هەندێك جار دژیەکن و ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوەو جاری واش هەیە تەواوکەری یەکترن و بۆ یەك مەبەست کاردەکەن.

---

[1] د. نەسرین فەخری، دیوانی پێشبینی، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ٢٠٠٥، ل٨٢-٨٣./ هەروەها بڕوانە: گ هیوا، تەموزی١٩٥٨.

بۆ نموونە (فانی) لە هۆنراوەی (ئەسراری دڵ)دا، ڕووی پرسیار لەبارەی شێواوی شاری دڵ و خەباتی گەلی کورد ئاراستەی دۆستێکی خۆیی ڕۆشنبیر دەکات، کە یارمەتی بدات بۆ ئەوەی لایەنە ئاڵۆزەکانی ئەو هاوکێشەیە ڕوون بکرێنەوەو هاودژەکانیانیش دەستنیشان بکرێن:

**ئەی مەلا با پێت بڵێم ئەسراری دڵ      تا بزانی چۆنە حاڵی زاری دڵ**

**تۆش بڵێ ناحەق نییە هاواری دڵ      تێکەڵە وەك کاری کوردان کاری دڵ**

**بۆیە وا شێواوە ئەمڕۆ شاری دڵ**[1]

شاعیر بە تێکەڵکردنی ڕامانەکان، خوێنەر دەخاتە نێو گومانێکەوە کە بە ئاسانی نەتوانێت بگاتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە، بەڵکو دەیخاتە بەردەم پرسیارگەلێکی ئاڵۆزدا: کە ئایا دڵێکی ساف و بێگەرد دەتوانێت کێشەکانی کورد چارەسەر بکات، یانیش کوردێکی تێگەیشتوو دەتوانێت سەرلێشێواوییەکانی دڵ ڕێك بخاتەوە. سەلماندنی گریمانەیەکی بەم جۆرە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە چەندی لێکدانەوەکانی خوێنەر پتر بن ئاستی ئایرۆنیش بەرز دەبێت و لە هەموو حاڵەتێکیشدا جۆری ڕەخنەگرتن لە تاکی کورد چڕتر دەبێت، چونکە نەیتوانیوە لە بازنەی حەز و ئارەزووەکاندا دەربچێت و لە ئاستی بیرکردنەوەیەکی هۆشیاردا کێشە سۆزداری و هزرییەکانی چارەسەر بکات.

٧- شاعیر دوو هاودژ لە یەك وێنەدا بەکاردێنێت. لایەنەکانیان پێچەوانەی یەکترن، بەڵام کەلێنێکی فراوان لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت لەمیانی ئەو فەزایەوە لە بێگوناحیی قوربانییەکە وردبێتەوە و بیروڕاکانیشی لە گەڵ بۆچوونەکانی شاعیردا یەك بگرنەوە، چونکە وێنەیەکی

[1] دیوانی فانی، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣، کۆ١./ لە پەراوێزی (١)ی هەمان لاپەڕەدا هاتووە، کە (مەلا مەبەست "مامۆستا مەلا حسنی مەرگەیە" کە دۆستێکی نزیکی "فانی" بووەو لەبەر ئەوەی ئەو تاکە ڕۆشنبیرو تێگەیشتوویە بووە لەو کاتەدا. فانی لە زۆر هەڵبەستیا ڕوو دەکاتە ئەو).

دیکەی بەڵگەدار دەخاتەڕوو و دەرفەتی هەڵبژاردنیش بە خوێنەر دەدات کە لایەنی ڕاست و دروست هەڵبژێرێت. بۆ نموونە (خادیم) لەم وێنەیەدا حاڵەتێکی فرە هاودژ دەخاتەڕوو، کاتێك ڕۆڵی ئینسانێکی پەشێو لە هاوسەنگ کردنی هاوکێشەیەکی وەکو ئەوەی لەنێوان زوڵم و میهرەبانیدا هەیە دیاردەخات. لە بەراوردکردنی هەردوو لایەندا حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات. لە ڕێگەی ئەو بەراوردکردنە ئایرۆنییەشەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ڕەخنە دەگیرێت لەوانەی زۆڵم دەکەن و ئەوانەی پەسەندیشی دەکەن:

**ڕەحم بە گورگان زوڵمە لە مەڕان**

**خۆت بپارێزە تا دەکرێ چارت**

**موقابیل کوفرە زوڵم بۆ بەشەر**

**مەچۆ بە لایا بە ئیختیارت**[1]

شاعیر لە نیوە دێڕەشیعری یەکەمدا وێنەیەکی ئایرۆنی بەهێز دەخاتەڕوو، هاوکێشەیەکی پڕ لە هاودژەکان بەراورد دەکات: (بەهێز × بێهێز) ، (زۆڵم × میهرەبانی) ، (سوودبەخش × زیانبەخش) ، (کوفر × باوەڕی)...، بەلاّم کاتێك هەوڵ دەدات ڕامانی ئەو هەموو هاودژانە شی بکاتەوە، خۆی لە پلانێکی بیرکردنەوەی ئایرۆنی نزیك دەکاتەوە. لە بەرانبەریشدا لە سۆزی شیعر دووردەکەوێتەوەو مۆرکێکی فەلسەفی بە وێنەکەی دەدات، کە خوێنەر بەو هەموو بەراوردکارییانە سەرسام دەکات و بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێشکیدا دەزرنگێنەوە.

(پیرەمێرد) یش لە وێنەیەکی هاوشێوەدا، هەردوو لایەنی هێز و بێهێزیی بەراورد دەکات. ڕێوییێك، کەروێشکێك ڕاو دەکات. خۆشیی سەرکەوتنێکی گەورە دەیگرێت، کە بە ئاسانی بەسەر کەروێشکەکەدا زاڵ بووە، هەرچەندە

---

[1] دیوانی خادیم ، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦، دێش٦-٧.

خۆی گیانلەبەرێکی لاواز و بێهێزە و لە لایەن زۆربەی گیانلەبەرەکانی دیکەوە ڕاودەنرێت، بەلاّم ئەوەی ڕێوییەکەی کردۆتە قارەمان بێهێزیی کەروێشکەکەیە:

ڕێوی کەروێشکی بە زەوی دادا
پێی قیت بووەوە و سمێڵی بادا
کەرویشك پێی گوت: هێندە ئازا نیت
حیزیی من بوە بە پاڵەوانیت[1]

ئەمە یاسایێکی ژیانە، بێهێز هەمیشە دەبێتە قوربانی و بەهێزیش تافی خۆباییبوونێکی بێ مانا لەسەر سەری نێچیرەکانی لێدەدات. خوێنەری هۆشیاریش مەبەستی شاعیر تێدەگات، کە ئەو میللەتانەی لەسەر سەری کورد بوونەتە قارەمان و کوشتن و گرتنی ئەم میللەتە هەژارو ستەمدیدەیان بۆ خۆ حەلاڵ کردووە، بەلاّم لە لاییێکی دیکەوە خۆیان نێچیرن بە دەستی دەوڵەتە زلهێزەکان و گاڵتە بە چارەنووسیان دەکرێت و لە زۆر دەرفەتیشدا کارەساتی خراپتریان بەسەرهاتووە.

---

[1] کاکەی فەلاح، گاڵتە و گەپی پیرەمێرد، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٧٠، ل٧٨.

**تەوەری پێنجەم:**

## تەکنیکی دەقئاوێزان

دەقئاوێزان لە شیعردا جۆرێکە لەیەکتربڕین و تێکهەڵچوونی دەقەکان، کە شاعیر بە چەندین شێوازی جیاجیا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، گرنگیی کارەکەیشی لەوەدا دەردەکەوێت، کە ((چەند پێگیری بە دەقی پێشتر کردووە، وەك خۆی وەریدەگرێت، یان لێی یاخی بووە، یانیش تەنیا کردوویەتی بە پەیکەربەندێك و بیرە تازەکانی تێ ئاخنیون)).[1] لە شیعری نوێی کوردیشدا، شاعیران زۆر جار ئەم تەکنیکەیان بەکارهێناوەو ڕۆڵێکی گرنگیشیان پێی داوە، بە تایبەتی، کە ڕەخنەیان لە واقیع گرتووەو لە بۆچوونەکانیانیشدا پشتیان بە هونەری ئایرۆنی بەستبوو، لەوانە:

١ـ شاعیر تەکنیکی دەقئاوێزان بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی لە دەربڕینەکانیدا ئازاد بێت، بۆ نموونە کەسایەتییەکی مێژوویی هەڵدەبژێرێت و لەسەر زاری ئەوەوە قسە دەکات. خوێنەر تێدەگات، کە مەبەستی شاعیر واقیعی ئێستایە. ئەم جیاوازییەی لە نێوان ئەو دەقەی کە دەگوترێت و ئەوەی خوێنەر تێیدەگات ئایرۆنییەکی بەهێز دروست دەکات، نەمازە کە لەو فەزایە فراوانەدا دەرفەتێکی زۆر بۆ ڕەخنەگرتن فەراهەم دەبێت. بۆ نموونە (جەگەرخوین) شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی لە ساڵی (١٩٤٢)دا بە شیعر هۆنیوەتەوەو لە (٤٥) بەش پێکهاتووە، کە هەموویان پێکەوە (٧٢٤) دێڕەشیعرن. شێوازی داڕشتنی شیعرەکەش، هەر لە سەرەتاوە کەسی یەکەم ـ لەوانەیە شاعیر بێت ـ قسە لەگەڵ میر و بەگ و پادشاکانی کوردی نێو شەرەفنامەی شەرەفخان دەکات، بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە باسیان دەکات زۆربەیان پێوەندییان بە سەردەمی حوکمڕانی ئەوانەوە نییە، بەڵکو شاعیر داوایان لێ دەکات جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەرحوکم و چارەنووسی

---

[1] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٢١٥، ف١.

میرنشینەکانیان ببینن. خوێنەر تێدەگات، کە مەبەستی شاعیر خستنەڕووی چارەنووسی میللەتی کوردە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. بەم شێوەیە لەگەڵ بەگەکانی (ساسوون)[1] دەدوێت:

**خدر بەگ ڕابە سەر خوە شاهێ ساسوون**
**ب جارەك ئەو بنەفش و ناز و بەیبوون**
**هەمی بەل بوونە باییز و بهارە**
**بەلێ چبکم ل بەر پۆزێ نەیارە**[2]

شاعیر لەگەڵ خدر بەگی شاهی ساسوون دەدوێت، بەڵام خوێنەر تێدەگات، کە قسەکانی ئاراستەی ڕێبەرو گەورە پیاوانی کوردی سەدەی بیستەم دەکات، هانیان دەدات، بەڵکو غیرەتیان بجوولێت، مافی کورد بگەڕێننەوە، چونکە خۆشیی پاییزو جوانی بهاریان لەدەستدایە. دواتر شاعیر بەراوردێك لە نێوان میرانی ئەو سەردەم و گەورەکانی ئەم سەردەمە دەکات، ڕەخنە لەهەردوو دەستە دەگرێت، نە ئەو باش بوون نە ئەم ڕێکن:

**موحەمەد بەگ نە هوون چێ بوون نە ئەم چێ**
**ژ بۆنا مە وە ڕێ کرنە شیڤەڕێ**
**بەلێ سووچی وە یە ئەم تەڤ د ئارن**
**سەراسەر ئەم دگەل هەڤدی نەیارن**[3]

---

[1] خانەدانی ساسوونی و میرەکانی بدلیسی پشتی پێشویان کیسرابوون و لە یەك هێشو چنابوون و لەدوارۆژدا لێك جیابوونەوە. یەکەم کەسیش لە بنەماڵەی بەگانی ساسوون کە ناوی دەرکردبوو میر ئەبوبەکر بوو، کە دوو کوڕی زۆر بەکردەوەو ئاکار چاکی بووەو ناویان: خدر بەگ و عەلی بەگ بووە. خدر بەگ لەپاش مەرگی میر ئەبوبەکر کرا بە جێ نوشین./ بڕوانە: شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، چاپخانەی نعمان، نەجەفی پیرۆز ١٩٧٢، ل٣٨٠-٣٨١.

[2] جەگەرخوین، شەرەفنامەیا مەنزووم، چ٢، چاپخانەی بەردان ماتباجلك، ستەنبۆل ٢٠٠٣، ل٥٧، دێش٣-٤. (بە ڕێنووسی لاتینی).

[3] جەگەرخوین، شەرەفنامەیا مەنزووم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨، دێش١١-١٢.

شاعیر دەقە مێژووییەکەی شەرەفنامە ناگوازێتەوەو باسی کارو کردەوەکانی میرانی ساسوون ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووداوەکانی سەدەی بیستەمی دەبەستێتەوەو لەمیانی کەسایەتییەکانیانەوە ڕەخنە لە کوردی سەردەمی خۆیشی دەگرێت. خوێنەر تێدەگات کە ئەم بەراوردکرنە لە نێوان سووچداری میرانی ساسوون و دووبەرەکیی ئێستە بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەو ئاگالەخۆبوونی نەوەی نوێیە، کە ئەگەر نەخشەو پلانی تۆکمە بۆ پاشەڕۆژی وڵاتەکەیان دانەڕێژن، بە هەمان ڕێگەی باپیرە گەورەکانیان خانومانیان لەدەست دەدەن.

(قانع) لە ڕێگەی ڕووداوێکی مێژووییەوە، باسی پێوەندییەکانی گەورە پیاوانی کورد دەکات، کە چۆن هەوڵی لەناوبردنی یەکدییان داوە. شاعیر هۆکاری ئەم نەخۆشییە ئاراستەی میرانی بابان دەکات، بەڵام خوێنەر مەبەستی تێدەگات، کە باسی خیانەت و دووبەرەکی کورد دەکات، لەمیانی ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕوویدابوون:

**بە فیت و ماڵی عوسمانلی لە خوێنی ئاردەڵانیدا**
**سەری نینۆکی سوور بوو لەشکری میرانی بابانم**
**ئەسەف دارێك ئەبێتە کلکی تەورو داری تر ئەبڕێ**
**بە ئەم دەردە گرفتارە سەراسەر خاکی کوردانم**[1]

لەم چوارینەدا شاعیر سوودی لە دوو دەق وەرگرتووە. یەکەمیان مێژووییە کە باس لە پێوەندییەکانی هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەلان دەکات.

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٣، کۆ٤٠/ (دلدار)یش دەقی ئەم پەندە تێهەڵکێشی شیعری (ئەی کورد) دەکات، کە لە ساڵی (١٩٣٦) هۆنیوەتەوە:

**دەمی (بیور) عەدوی (دارە) بەڵام کلکی ئەویش دارە**
**بە هۆی کوردە ئەتۆ غافڵ کە وا ئیمڕۆ شکانراوی**

بڕوانە: عەبدولخالیق عەلائەدین، دلدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١، دێش٦.

دووەمیانیش دەقی پەندێکی پێشینانە. شاعیر هەردووکیان لێکدەدات و لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی دەبەستێتەوە و دەقێکی نوێ دادەهێنێت و مانا نادیارەکەیشی ئەوەیە، کە داوا لە دەوروبەر دەکات ئەم دەردە کوشندەیە بنبڕ بکەن، بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێت.

٢ـ شاعیر ڕۆڵی کەسایەتییەکانی نێو شیعرەکە ئاڵوگۆڕێکی وا پێ دەکات، کە لە ڕێچکەی ئاسایی خۆیان دەربچن و جێگۆڕکێ بە ئەرکەکانیشیان دەکات بۆ ئەوەی مانایەکی نوێیان پێ ببەخشێت و خوێنەریش لە دۆزینەوەیدا بێزار نەبێت، چونکە ((ئەو تیل نیشانەی کە لە زەینیدا (خوێنەر) هەڵدەقوڵێ زیاتر دەقەکەی ڕوون دەکاتەوە))[١]. بۆ نموونە (قانع) لە شیعری (کار کەناری میکاییل)دا، بە شێوەیەکی وا گۆڕانکاری لە کارو ئەرکەکانی کارەکتەر و هەڵسووڕێنەکانیدا دەکات، کە خوێنەر بە ئاسانی لێی تێ بگات. ڕووداوەکانی کۆن و نوێ وا تێکەڵ دەکات هەروەکو لە دەوروبەرێکی فیزیکییەوە وەرگیراوبن:

**ڕۆژێ میکائیل[٢] وتی بەخوا**

**چاکی، چلۆنی؟ ئاغام ، مەرحەبا[٣]**

پێشتر شاعیران نەدەوێران، یانیش لە خۆشەویستییەکی ڕادەبەدەرەوە، تەنیا سیفاتە پیرۆزەکان و ناوە جوانەکانی خودایان لەکاتی پاڕانەوە و ستایش کردندا بەکار دەهێنا، بەڵام لە شیعری نوێی کوردیدا پەیڤە پیرۆزەکانیشیان دەکردە کەرەستەی وێنە شیعرییەکان و لە نێو دەستەواژە

---

١ د. کەمال مەعرووف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چ١، چاپخانەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٦٠، پ٣.

٢ میکائیل ـ گوایە ئەو فریشتەیە کە ڕزق دابەش دەکات. ناوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿من كان عدواً لله و ملائكته و رسله وجبريل و ميكال فإن الله عدو للكافرين﴾. سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٩٨).

٣ دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٠، دێش ١.

ئایرۆنییەکاندا بەکاریان دەهێنا، هەروەکو لەم شیعرەی سەرەوەدا، کە شاعیر سوودی لە دەقە ئایینییەکان وەرگرتووە و لە نێو ئەندێشەکەیدا سیناریۆییەکی دروست کردووە. فریشتە میکائیل لە حەزرەتی باری تەعالادا دەفەرموێت:

**ئەمساڵ چەند هەزار مناڵی گەدا**

**لە ملکی عــەدەم هێناوتە دنیـا**

**هەرچی ئەگەڕێم هەمار و قوژبـن**

**ڕزقیان ئەسڵەن، نییە لە لای من[1]**

شاعیر تەکنیکی پرسیاری (بێ نیشانە پرس) بەکاردێنێت. ئەم جۆرە پرسیارانەش وەڵامیان لەنێو خۆدا هەڵدەگرن. فریشتە قسە دەکات، بەڵام لەبەرامبەریدا هیچ وەڵامدانەوەیەك نییە، چونکە بەپێی ئیمانداری خۆی وەکو موسڵمانێك، شاعیر بڕوای بەوە هەیە، کە ئەو سەرەی خودا بیدات، ڕزقیشی دەدات. هەروەها ئەو مافەش بەخۆی نادات کە قسە لەجیاتی خودا دروست بکات، بۆیە فریشتەکە بە گلەییەوە ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی ئەم کێشەیە دەدات:

**بەخێویان نەکەی، لە تۆ ناپرسن**

**لە گوڕەی شێخ و مەلات ناترسن[2]**

لەدوا پرسیاریدا فریشتەکە تووڕە دەبێت و نایەوێت بەرپرسیارییێتی ئەرکێك وەربگرێت کە ناتوانێت جێبەجێی بکات و تێیدا گوناحبار بێت. پلە باڵایەکی بێ دەسەڵات ڕەت دەکاتەوە. نزمیی و بەرزیی پلەکە گرنگ نییە. ئەوەی تەمەنای دەکات ڕێژەی پێشکەش کردنی خزمەتی ئەو پلەیە:

---

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٠، دێش٢-٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٠، دێش٤.

ئـەوە كليلـی هەمـاری چۆڵـت

ئەوە حيسابی دەف و كەشكۆڵت

پياوەتيت ناكەم، نەڵێی مەلەكە

ئەبم بە بەردەست كەريم ئەلەكە[1]

خوێنەر دەتوانێت لە بەراوردكردنی هەردوو لايەنی هاوكێشەكەدا حاڵـەتێكی ئايرۆنی بەدی بكات، كە قوربانييەكان چەندين منداڵن و ئاگايان لە هيچ نييـە و لـە غەفڵـەتێكی تـەواودا دەژيـن. خـاوەن ئايرۆنييەكـەش كـە شـاعيرە ململانێيەكی توند لە نێوان دوو هێزدا ساز دەكات. يەكەميان هێزێكی ڕەهايـە و دووەميانيش مەلەكێكە كە بە فەرمانی ئەو دەجووڵێتەوە. شـاعير كێشەكە دروست دەكـات. بـۆ ئـەوەی ململانێيەكـە گـەرم بێـت و خوێنـەر بـە ئاسـانی هەسـت بـە ئەنجامەكـەی بكـات، كـە ويـستی بڕيـاردەر و ئـازادی بـيرووڕا و خۆشەويستی ئەركی تێدا بەدی دەكرێت.

٣- جۆرێكی ديكەی دەقئـاوێزان هەيـە، كـە شـاعير بـە ڕاشـكاوی پـشت بـە دەقێكی دی دەبەستێت، تەنانەت هەندێك بڕگەی تەواويشی لێ وەردەگرێـت، بەڵام بە شێوەيەكی وا تێكەڵكێشی يەكدی ناكـات، كـە دەقـە كۆنەكـە لـەنێو دەقە نوێيەكەدا بتوێتەوە، بەڵكو تەنيا لەڕووی فۆرمەوە تێكەڵكێشی يەكـدی دەبن و لەڕووی ڕامانەوە جياوازی لە نێوان دوو حاڵەتدا دروست دەكـەن. بـۆ ئەوەی ئايرۆنييەكی ڕەخنە ئامێز بێتەكايەوەو خوێنەريش لە دەقـە نوێيەكـە بگات، دەبێت شارەزايی لەو زانستە يان ئەو لايەنـە مەعريفييـەدا هـەبێت كـە پێوەندی بە دەقە كۆنەكەوە هەيە. بۆ نموونـە (بـەختيار زێـوەر) لـە شـيعری (موعەلليم)دا، كـە جيـاوازی لـە نێـوان دوو كـردەوەی فێربوونـدا دەكـات، لـە يەكەميـدا خەريكـە تـەواو بێـت و لـە ئـەوی ديكەشـدا هێـشتا دەسـتی پـێ

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل٤٧٠، دێڕ ٥-٦. / كەريم ئەلەكە، كابرايەكی زۆر دەوڵەمەن و جوامێر بووە و يارمەتی هەژارانی داوە لە شاری سلێمانی.

نەکردوە. بۆ دەربڕینی ئەم دوو حاڵەتەش پشت بە دەقی سوورەتی (فاتیحە) دەبەستێت، کە دەستپێکی هەموو کارێکی باشە. هەر کارێکی باشیش بە(ئامین)ە کۆتایی دێت. شاعیر دەستکاری سوورەتی فاتیحەی نەکردووەو وشەکانی (فاتیحە) و (ئامین)یش لە ڕووی فۆرمەوە بوونەتە بەشێك لە بینای دەقە نوێیەکە، بەڵام لە ڕووی ڕامانەوە، وەکو کلیلی کردنەوەی جوفرەکانی دەق دادەنرێن. خوێنەریش، بە تایبەتی ئەگەر موسڵمان بێت، لەمیانی دەقی (فاتیحە)ەوە لە دەقە نوێیەکە دەگات:

**موعەللیم خوێندنم با هەر موتالای حوسنی لەیلا بێ**

**سعووباتی حیسابی نازەنینم ئێستە حەل نابێ**

**لە دەرسی عەشقی ئەودا ئێستاکە مەشغووڵی ئامینم**

**کەچی لای تۆ ئەبێ دەرسم لە نووکی فاتیحادا بێ**[1]

٤ـ شاعیر دەستکاری دەقێك دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعی دەوروبەرەکەیەوە یەکتر بگرنەوە بە بێ ئەوەی بایەخ بە ڕاستی ڕووداوەکانی نێو دەقە کۆنەکە بدات و لەوانەیە وێنەی کارەکتەرەکانیشی بشێوێنێت لە پێناو دروستکردنی حاڵەتێکی ئایرۆنی، بۆیە دەبێت خوێنەریش ئەو توانایەی هەبێت کە جوفرەکانی دەقە نوێیەکەی بکاتەوەو بەپێی دەستکارییەکانی شاعیر لێی تێ بگات. بۆ نموونە (قەدری جان) ڕووداوەکانی سەردەمی دێرین و بارودۆخی دەوروبەری خۆی پێکەوە دەبەستێتەوەو وەکو حاڵەتێکی تێکەڵاو دەیخاتە بەر دەستی خوێنەر:

**مووساو مریدێن وی**

**هەمی**

**بێ پر و بێ گەمی**

[1] دیوانی بەختیار زێوەر ، کۆکردنەوەی: مەحموود زێوەر، چاپخانەی ( الزمان)، بەغدا ١٩٨٩، ل١٥١، ل٦٧، دێش١-٢.

ژ وێ دەریایێ دەرباس بوون
ژ جەور و جەفایێ خەلاس بوون
فرعەون ل ور فەتسی
مووسا ل سەر ڕەقسی
نەمروودێ بچیك
مە ب ئاگر دترسینە
پڤ مەشکا ڤالا
ئەی کەڤنارەیێ سالا
باوەڕیا دلێ مە
تاقەتا ملێ مە
ژ ئیمانا ئیبراهیم پێترە،
نەکێمترە.....[1].

لەم شیعرەدا، هیچ بایەخێك بە شوێن و سەردەمی کارەکتەرەکان نادرێت، بەڵکو جەخت لەسەر بابەتی ڕکابەرییەکانی دوو لایەنی ناو هاوکێشەیەك دەکرێت. لایەنی یەکەم کە مووسایەو توانیویەتی بەسەر ئاودا باز بدات و لایەنی دووەم کە فیرعەونی ڕکابەرییەکەیێتی ببەزێنێت. بە هەمان شێوە، ئیبراهیم پێغەمبەریش بە هێزی باوەڕەوە لە نێو ئاگری نەمرووددا نەسووتا و خۆی ڕزگارکرد. کەواتە ڕکابەرییەکی توند لە نێوان هێزی دەسەڵات و هێزی باوەڕدا هەیە، کە یەکەمیان پشت بە زۆڵم دەبەستێت و دووەمیانیش تەرەفداری ڕاستییە. ئەم ململانێیەش تا ئێستە بەردەوامەو شاعیر خوێنەری سەرپشك دەکات لە هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هاوکێشەکەدا هاتوون، کە ئەمڕۆ هێزی دەسەڵاتی نەمروودی بچووك لاوازتر بووەو هێزی

[1] قەدری جان، بەگی ئاخر زەمان، گ: روناهی (بەغدا)، ژ ٥-٦ س١، شوات و ئادار- ١٩٦١، ل٣٣، کۆ٢-٣.

باوەڕی گەلی کورد گەورەتر بووە. خوێنەر مەبەستی شاعیر تێدەگات و لە گەڵیدا هاوڕا دەبێت، کە دەسەلاّت قوربانییەکی سەر وشکە، چونکە بێ ئاگایە لە کاریگەری هێزی باوەڕی گەل. ئەمەش ئاستێکی ئایرۆنی ڕەخنە ئامێزی بەرز دروست دەکات.

٥ـ شاعیر دەقێك دەگۆڕێت و بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەیبات، کە پێچەوانەی ڕامانە کۆنەکەی بێت، بۆ ئەوەی حالەتێکی ئایرۆنی دروست بکات. بۆ نموونە دەقێك کە بۆ ستایشی یەکێك تەرخان کرابێت، ئەو دێت بۆ شتێکی دیکە دایدەڕێژتەوە کە شایستەی ڕێزگرتن نەبێت. بۆ نموونە چەندین شاعیر شوین پێی (نالی) کەوتوون و هەر یەکێکیان هەڵبەستێکی لەسەر قاڵبی قەسیدەی (عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ)[1] هۆنیوەتەوە. هەرچەندە ئەم قەسیدەیە لە لایەن شاعیرانی دیکەیشەوە دەقئاوێزان کراوە، لەوانە (حەریق) کە لە ڕووی ڕوخسارەوە وەکو ئەوەی نالییە، بەلاّم لە ناوەڕۆکدا عیشقی کوڕ بە ڕاست دەزانێ و هێرش دەباتە سەر عیشقی کچ و بەم دێڕە قەسیدەکەی دەست پێ دەکات:

**عیشقت کە حەقیقی بێ، تاڵب مەکە ئیللا کوڕ**
**هەم حەزرەتی لەولا کوڕ هەم یووسفی والا کوڕ**[2]

بەپێی ئەم شیعرەی سەرەوە (( ئەگەر حەریقی لە ڕێگەی تەسەوفەوە لای وابێ عیشقی کوڕ دەرکەیەکە بۆ چوونە ناو عیشقی خوایی و ناوی ناوە عیشقی حەقیقی و لەم ڕێیەوە کەوتە بەرهەڵستیی ڕایە دروست و سروشت کردەکانی (نالی)، ئەوا (ئەدەب) لە ڕووی (دوو لایەنیی) خۆشەویستییەوە جاڕی بۆ دەدا: ئایا خۆشەویستی کامەیە؟ حەقیقییە یان مەجازییە؟ خۆ هەر

---

[1] دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەرس ـ فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم پیاچوەتەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل١٥٧- ١٦٣.

[2] د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بر٤، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل٤٤٥، پ٣.

دوو هـەر عیـشقە!))[١]. (ئـەدەب) لـە دەقئاوێزانەکەیـدا ڕامانـە قوولـەکانی شـیعری (نـالی) سـەرلەنوێ ڕیـز دەکاتـەوەو وێکـچوونی ڕوخـسارو جیـاوازی ناوەڕۆك بەم شێوەیە بەراورد دەکات:

**بۆ عیشقی مەجازیی تۆ بۆ مەحرەمی ڕازی تۆ**

**شەوگاری درازی تۆ، ئەعلا کوڕ و ئەحلا کـچ**[٢]

ئەم هەردوو قەسیدەیە لە ڕووی ڕوخسارەوە لە سەر هەمان قـاڵبی شـیعری داڕێـژراون، کـە لەسـەر بـەحری هـەزەجی ئـەخرەبی موسـەممەنە: (مفعـول مفاعیل مفعـول مفـاعیلن) و سەرواشـیان یەکـە. لـە ڕووی ناوەڕۆکیـشەوە بـە جیاوازییەکی کەمەوە باسی عیشقی مەجازی و حەقیقی دەکەن، کە بابەتێکی زۆر هەسـتیارەو لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـشەوە ئـاڵۆزە، ئـەویش دڵـداری لـە دوو لایەنیدایە. (نالی) سـنوورێکی بـۆ بۆچـوونەکانی خـۆی دەستنیـشان کردبـوو، بـەڵام (حـەریق) و (ئـەدەب) بـە هـیچ سـنوورێکی کۆمەڵایەتییـەوە پابەنـد نەبوونەو بـە دیـدێکی تەسـەوفی پاکـەوە خۆشەویـستی لێـك دەدەنـەوە. بـە

---

١ عەبدولڕەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێر٢٠٠٦، ل٨٦، پ٤.

٢ دیوانی ئەدەب، یادگاری عەبدوڵڵا بەگی مصباح الدیوان، چ٣، چاپخانەی هـەولێر، هـەولێر١٩٦٦، ل٢٩، دێش٣. / پێوستە بوترێت، کە لە چاپی بەغدای سـاڵی (١٩٣٩)، ڕێکخـەر و کۆکـەرەوەی دیوانەکە: بەشیر موشیر، ئەم دێڕەشیعرەی بەدەستکارییەوە لە کۆتایی قەسـیدەکەیدا بـەم شـێوەیە دووبارەی کردۆتەوە:

**بۆ عیشقی مەجازی تۆ بۆ مەحرەمی ڕازی تۆ        شـەوگاری درازی تۆ ئەحلا کوڕ و ئەعلا کچ**

جێگۆڕکێ لە نێوان هەردوو وشەی (ئەحلا) و (ئەعلا)دا مانایەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێچەوانە دەکاتەوە. (چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٣٩، ل٤١)./ لـە چـاپی هـەولێری سـاڵی (٢٠٠٥)دا، بیروڕاکانی (نالی) و (ئـەدەب) لـەم قەسـیدەیەدا بـەراوردکراون و شـیکراونەتەوە، بـەڵام هـەردوو دێڕەشیعری یەکـەم و دووەمـی پەڕانـدووە. (دیـوانی ئـەدەب عەبـدوڵڵا بـەگی میـصباح دیـوان، کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوەو فەرهەنگ: محەمەدی حەمە بـاقی، چ١، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥، ل٤٤٤-٤٥٢).

پێچەوانەی ئەوانەوە (قـانع) هـەمان ڕێچکەی دەقئـاوێزانی ئـەو قەسـیدەیەی (نـالی) گرتۆتەبـەر، بـەڵام جیـاواز لـەوان دەقئاوێزانەکـەی وەکـو تـەکنیکێکی ئـایرۆنی بـۆ مەبەسـتی ڕەخنـەگرتن و خـستنەڕووی بۆچـوونەکانی خـۆی بەکاریهێناوە، بۆیە پێویست بە بەراوردکردن و شیکردنەوە دەکات. (نالی) کچ لە پلەیەکی بەرزتر لە کوڕ دادەنێت، لە دنیادا ڕێك و جوان و سوودبەخشترن و لە بەهەشتیشدا سەرکردەو خاوەن ماڵن، بەڵام کوڕ پتر بۆ کاری پاسـەوانی و کرێکاری دەشێت. خوێنەر دەتوانێت چەندین وێنـەی دیکـەی هاوشـێوەیش هـــەڵبهێنجێنێت و لـــە هەموویانیـــشدا تـــەرازووی بەراوردکردنەکـــەی لـــە بەرژەوەندی کـچدا بێـت. بـە پێـچەوانەوە (قـانع) لـە دەقەکەیـدا کـوڕ ڕیـسوا دەکات و هیچ پلەیەکی بۆ دانانێت و بە شایستەی ڕێزگرتنیشی نازانێت:

**کوڕ بە بێ شك هەوری تاڵە، هەر وەکو پەروینە کچ**

**کوڕ وەکوو خاشاك و خارە سۆسەن و نەسرینە کچ**

**بۆ نەخۆشی دەردی ئاشـق، دوکتەری شـافی کچە**

**کوڕ وەکوو هەنگی دڕندە و شانەیی هەنگوینە کچ**[1]

(جەگەرخوین) یش لە شیعری (کەچ)دا، سوود لە دەقی (نـالی) وەردەگرێـت و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هـەروەکو (نـالی) بـیر دەکاتـەوەو لـە ڕووی هونەرییـەوە هەمان سەرواو هەمان پاش قافیە بەکاردێنێت، بەڵام گیانی کێشە شـیعرێکی خۆماڵی دەکاتەبەر. لە بۆچوونەکانی (قـانع) دوور دەکەوێتـەوە. بـاوەڕی بـە خۆشەویستی یەك لایەن هەیە، بۆیە لە سەرەتای شیعرەکەیدا بە پیرۆزی کـچ و تاقانە خۆشەویستییەکەی دەست پێ دەکات:

**کەس دۆستا مەگرن ژ بل دۆستا کەچ،**

**فرقـان و تـــەورات و ئاڤێـســتا کـەچ.**

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢، دێش٤-٥.

**سەد ڕەمز و ئایەت و ئیشارەتن،**

**گرێبەند و دەرزی و ڕستا کەچ.**[1]

شاعیر بە دیدێکی سۆفییانەوە سەیری کچ دەکات و وەکو هەر سێ کتێبەکە، بە شتێکی پیرۆزی دەزانێت، چونکە ئەوانیش لەڕووی ڕێزمانییەوە لە ڕەگەزی (مێ) نە و لەڕووی کاریگەرییەوە بە سەرچاوەی جوانی و چاکی و ڕاستیش دایاندەنێت. لەم سۆنگەیەوە خوێنەر ناچار دەبێت بەراوردێك لەنێوان کچ و کوڕدا بکات، کە یەکەمیان لە پلەیەکی یەکجار باڵادایە و ئەوی دووەمیش کەسێکی ئاساییەو لە خزمەتی کچدایە. ئەم جیاوازییەی لە نێوان هەردووکیاندا هەیە حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات:

**دنیا هەژیا و تەڤ ل هەڤ کەت،**

**گاڤا کو ب نازداری هەستا کەچ**

**جەگەرخوین دینە گاڤانێ هرچا،**

**بکر دۆست و دا گورپەرەستا کەچ**[2]

خوێنەر هەست بەوەش دەکات کە ئەمە ڕەخنەیەکە لە کوڕ دەگیرێت، چونکە لە جیاتی ئەوەی بە ڕێزو حورمەتەوە مامەڵە لەگەڵ کچدا بکات زۆر جار کێشەیشی بۆ دروست دەکات.

٦ـ شاعیر سوود لە دەقی شاکارێکی ئایرۆنی ئامێز وەردەگرێت، کە لە لای خوێنەرانەوە بەرناس و زانراوە، ڕووداوێکی، یان دەستەواژەیەکی سەرەکی ئەو دەقە لەنێو دەقەکەیدا بەکاردەهێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی وا دایدەڕێژێتەوە کە ڕەخنەگرێکی شارەزا یان خوێنەرێك لە ئاستێکی بەرزدا نەبێت نەتوانێت هەست بە کاریگەرییەکەی بکات. بۆ نموونە (کامەران موکری) لە شیعری (پەنجەی تەزیو)دا، وەسفی بەفر بارینی ئێوارەیەك

---

[1] جەگەرخوین، ئاگر و پرووسك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤، دێڕ١-٢.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠٤، دێڕ ٨-٩.

دەکـات، کـە چـۆن هـەموو ڕووەك و گیانلەبـەرەکان ترسـی سـەرمایان لێ نشتووە، خـەڵك بـۆ ماڵـەکانیان دەچـن، مـەل بـۆ هێلانـە، ڕووەکـیش لـە بـێ ئومێدییەوە خـۆ بەدەسـتەوە دەدەن.. تـەنیا (هیـوا) نـەبێت، کـە منـداڵێکی شەش حەوت سـاڵانەیە، بـێ کـەس لـە کۆڵانـان ماوەتـەوەو لـەپاڵ دیوارێکـدا دائەنیشێ:

**ئەندامی ورد، لەشی، گەردن**

**هەموو لەگەڵ یەك ئەلەرزن**

**دوای هەناسەیەك دەسگێڕان**

**لە کون و قوژبنی گیرفان**

**نەختێ شقارتە دەردێنێ**

**یەك یەك دایان ئەگیرسێنێ**"[1].

شاعیر گرێچنی گێڕانەوەکەی دەگەیەنێتە خاڵێکی هەستیار، کە چۆن خەڵك لەبەر ئاگردانی ژوورەکاندا ناحەسێنەوە، ئەم منداڵەش لـەپاڵ دیوارێـك خـۆی بە گڕی دەنکە شقارتەیەك گەرم دەکاتەوە:

**لە بەر تیشکی گڕی بچووك**

**مناڵی برسی ئێسك سووك**

**دائەنیشێ تا دوا دەنك**

**ئەگرێ، بۆ پەنجەیی ناسك**

**سەر ئەنێتە سەر لەپی دەس**

**ئەنوێ بەسەزمانی بێ کەس!!**[2].

لـە داگیرسـاندنی دەنکـە شـقارتەکانی کـچێکی بـێ کـەس و لـە شـەوێکی بەفرانبارینــدا، خوێنــەر دەزانێــت کــە ئــەم دەقــە لــە چــیرۆکی (کــچە

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١، دێش٢-٤.
[2] هەمان سەرچاوە ، ل٤١، دێش ٥-٧.

کبریتفرۆشـەکە)ی نووسـەری دانیمـارکی (ئاندەرسـەن) وەرگـێڕاوە، کـە چیرۆکێکی بەناوبانگەو وەرگێڕاوەتە سەر زۆربەی زمانانی جیهان، لەوانـە بـۆ زمانی کوردی[1]. بابەتی ئەم چیرۆکەی ئاندەرسەن ویژدانی جیهـانی هەژاند، چـونکە ڕەخنەیـەکی تونـد بـوو لـەو خەڵکـە دڵڕەقـە دەگـیرا کـە بایـەخیان بەمافەکانی منـداڵ نـەدەدا. ئـەوەی هـەبوونی پێوەنـدی لـەنێوان هەڵبەسـتی (کامەران موکری) و چیرۆکی (ئاندەرسەن) پتر پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیـە، کە (بشاریێ سەگمان) چیرۆکە وەرگێڕاوەکەی لە دهۆکەوە بۆ گۆڤاری ڕۆناهی ناردووەو مێژووی (٨ی ئەیلوولی ١٩٤٣)ی لەسەر داناوە، کەواتـە سەرچـاوەی ئەم چیرۆکە لە دەڤەرەکە هەبووەو شتێکی ئاسـاییە کـە ڕۆشـنبیرێکی وەکـو کامـەران مـوکری لێـی ئاگـادار بـوو بێـت. لـەبارەی شـیعرەکەیش وەکـو گەواهیدەرێك دادەنرێت لەسەر بارودۆخی منداڵە بێنازەکـانی کوردسـتان، بـە تایبەتی کە شاعیر ئەم شیعرەی لـە سـاڵی (١٩٥٧) لـە نێـو کۆمەڵـە شـیعری (دیاری)دا بڵاوکردۆتەوە[2].

٧ـ شاعیر ناوی چەند دەقێك دەستنیشان دەکات و ناوەڕۆکیان لە دەقێکـی نوێدا چڕدەکاتەوەو لێکدەداتەوەو هەر یەکێکیان وەکو ئایرۆنییـەکی وشـەیی دەخاتەڕوو. دواتر جیاوازییەکانیان بەراورد دەکات و ئاستی ئایرۆنییان بەرەو لووتکە دەبات، کە خوێنەریش وەکو شاعیر دەتوانێت ڕامانە جوداکانیان ڕێك بخـات و لـە یـەك مەبەسـتدا کۆیـان بکاتـەوەو جیاوازییەکانیـشیان

[1] بشاریێ سەگمان، کەچکا کبریتفرۆش، گ: ڕۆنـاهی، ژ١٩ لـە ١ی چـریا پێـشین ١٩٤٣، چـاپخانا تەرەقییێ ـ شام، ل١٨-١٩. / هەروەها ئـەم چـیرۆکە لـە نێـو دەقـە هەڵبـژاردە کوردییەکانیـشدا دەستنیشانکراوە، کە لە کتێبی (ئانتۆلۆژییا تەکستێن کوردی)دا بڵاوکراوەتەوە. کە ئۆرژینالی ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٥٩) لە لایەن زانکۆی ئوپسالا - سوێد بڵاوکرابووە. بڕوانە: (ستك ویکانـدەر، ئانتۆلۆژییا تەکستێن کوردی، چاپخانەی مارت ، ستانبول ١٩٩٦، ل١٧٦- ١٧٩. (بە ڕێنووسـی لاتینی). هەروەها جیرۆك لە گۆڤاری (هیڤیا وەلیێت، ژ٢ گولانن١٩٦٤) دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

[2] کامەران، دیاری، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٥٧. / چاپی دووەمـی ئـەم کۆمەڵـە شـیعرە لـە دیوانیدا بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٨٧، ل٢٧-٨٧.

هەڵبسەنگێنێت. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لە شیعرێکیدا چوار پەندی لە کتێبە پیرۆزەکانی خودا ڕیزبەند دەکات کە ئایرۆنییەکی وشەیی ئاست بەرز دروست دەکەن، ئەوەی بتوانێت لە هەر چواریان تێ بگات و لە یەك کاتیشدا پێڕەویان بکات، ئەوە کیمیای گەشەکردنی هەموو کارە چاکەکان بەدەست دێنێت. لە لایێکی دیکەوە ڕەخنەیەکی توند لەو کەسانە دەگرێت، کە ناتوانن تەرازووی هەر چوار پەندەکان لە یەك ئاڕاستەدا هاوسەنگ بکەن:

**تەورات وتوویە قانع بی تێری**
**زەبوور وتوویە بێدەنگ بی شێری**
**ئینجیلیش ئەڵێ: تۆ دەرکەنار بە**
**لە دڵەخورپەی دنیا ڕزگار بە**
**قورئان فەرموویە پشت بە خوا بەستە**
**ئەتخاتە ڕێی ڕاست ئەوسایە بەستە**[1]

شاعیر ئەم پەندانە لەسەر زاری کەسی سێیەمەوە ئاراستەی کەسی دووەم دەکات، دواتر پەندێکی دیکە لەسەر زاری کەسی یەکەمەوە - لەوانەیە خۆی بێت - بە هەمان شێوە بۆ کەسی سێیەم ئاراستە دەکات:

**دوژمن بە چاکە ئاشت ئەبێتەوە**
**سەهۆڵ بە ئاوی گەرم ئەتوێتەوە**[2]

شاعیر ئەم پەندەیشی بۆ ئەوە هێناوەتەوە، کە خوێنەر هەست بە دوو لایەنی پەندەکان بکات و هەوڵ بدات هاوسەنگییەك لەنێوان جیاوازییەکانیاندا دروست بکات و بە هۆی لێکدانەوەی مانا دیارەکانیانەوە بگاتە هەندێك ڕامانی دیکەی نوێ، کە لەو دیوی ڕستەکاندا شاراوەن.

---

[1] پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیان، سلێمانی - ژ ٣٩٣ لە ١٢- شوبات -١٩٣٤، ل٢، ئەس٢، دێش ٢-٤.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٢، ئەس٢، دێش٥.

تەوەری شەشەم:

## تەکنیکی ڕیتم

ڕیتم پێگەیەکی گرنگی لە ڕەخنەی شیعردا هەیە، گرنگیەکەیشی لەوەدا دەردەکەوێت کە ((لە کۆسیستێمەکانی ئاخاوتن پێکدێت. بەدەربڕینێکی دیکە، لەبەر ئەوەی (واتا)، بنیاتی قووڵی ئەو کۆسیستێمانە پێك دەهێنێت، ڕیتم دەبێت بەناوکی (واتا)، یان وەکو بزووتنەوەی (واتا) خۆی دەنوێنێت))[1]، کە هەردوو ئاستی دەرەوە و ناوەوەی شیعر دەگرێتەوە و ئەگەر ڕیتم لە ئاستی دەرەوەدا پتر جەخت لەسەر کێش و سەروا بکات، ئەوە ((ڕیتمی ناوەوە لە ئەنجامی لێکچوونی یەکە دەنگییەکان و ڕۆنانە دارشتنییەکان و زاوزێکردنی وشەکان لە یەکتری کە لێکچوونێکی ڕیتمبەندی نەوازەییان هەیە بەرهەم دێت))[2]. بەم پێیە ڕیتم پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بەو هەموو توخم و بەها و یاسایانەوە هەیە کە دەقی شیعری دروست دەکەن و لە دوو لایەنەوەش بەشداری دەکات: یەکەمیان لە پێکهێنانی بنیاتی شیعردا، دووەمیانیش لە دەستنیشانکردنی ڕوئیای شیعردا. ڕوئیای شیعریش دیدگەی شاعیر لە ئاراستەکردنی ڕامانی شیعرەکەی دیار دەکات. ڕامانی شیعریش بە شێوەی جیاجیا پێوەندی بە ئایرۆنییەوە هەیە. ئەو ئایرۆنییەی پێوەندی بەم لێکۆڵینەوەوە هەیە، ئەوەیە کە بنەمایەکی ڕەخنەیی بەخۆوە بگرێت، وەکو:

١- کە ڕیتمی هەڵبەستەکە دەبێتە ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزی شاعیر، ئەوە ناچار دەبێت کە بایەخێکی زیاتر بە مۆسیقای ناوەوە بدات، بۆ ئەوەی ئازادییەکی پتری بۆ فەراهەم ببێت و بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر

---

[1] د. محەمەد بەکر، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٦٩، پ٣.

[2] د. ناصر شبانة، المفارقة في الشعر العربي الحديث، مصدر سابق، ص٢٣٢، ف٤.

دیـدو بۆچـوونەکانی بکـات نـەك سـەرگەردانی موسـیقای دەرەوە بێـت و بایـەخێکی زۆر بـە کـێش و سـەروا بـدات. بـۆ نموونـە (قـانع) لـە قەسـیدەی (لاسـایی کردنـەوە)دا بـە ڕێگـەی تـەکنیکی ڕیتمـەوە دەچـێتە نێـو ڕامانـە شاراوەکانی شیعرەکەیەوە، بۆ ئەوەی دیدێکی مانادار بە ڕیتمی هەندێك وشە بدات، کە لە زمـانی شـیعرەوە دوورن، بـەڵام لـەم قەسـیدەدا هاتوونەتـە نێـو زمانی شیعرو بە جوانی جێگەی خۆیان کردۆتـەوەو دەرفـەتی تێڕامـانیش بـە خوێنەر دەدەن کە بیر لە مانا نادیارەکـانی دەقەکـە بکاتـەوە. لـەنێوان ئـەم بەراوردکردنەدا کەلێنێك دروست دەبێت کە حاڵەتێکی ئایرۆنی پێك دێنێت:

**کوردینە! ڕۆژی شـادییە، هەموو دەبێنە هات وچـوو**

**وا دەردی دڵ شوکور نەما شادی بکەن بەزوو بەزوو**

**چۆن شادییێ لە خۆشی دڵ وەك جۆشی مەنجەڵ بێتە کوڵ**

**زوڕنا بە عاعا عاعاعا، دەهۆڵ بە بوو بەبوو بەبوو**[1]

شاعیر بەردەوام دەبێـت لـە ڕیزکردنـی شـێوەی گـۆکردنی دەنگـی چـەندین پیشەکار و ئارەزوومەند، هەروەها گیانلەبەرو ئامێری مۆسیقا، کـە هـەموویان شادی سروشتی کوردستان دەردەبڕن، بەڵام دڵی کورد خۆش ناکەن. شـاعیر ئەم ڕیتمەی بۆ گاڵتەپێکردن، ڕیسواکردنی بارودۆخەکە بـەکارهێناوە، کـە لـە سەرەوە ئاساین و لە ژێرەوە ئەو مانایە نابەخشن کـە سـۆزی مرۆڤـی کـورد بورووژێنن. بۆ ئەوەی دەرفەتێکی تێڕامانی زیـاتریش بـە خوێنـەر بـدات، کـە دەنگەکان پۆلێن بکات و ماناکانیانیش لێك بداتەوە، ناخۆشـترین دەنگـی دوو لە گیانلەبەران و بێ کەڵکترین دوو ئینسان باس دەکات:

**لەق لەق بە لەق لەق لەق لەق و هێ هێ هێ کەرە بە هێ هێ هێ**

**قانع بە هەی هەی هەی هەی و سۆفی بە هوو هوو هوو هوو**[2]

---

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤-٢١٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥، دێش ١١.

خوێنەریش لە میانی ڕیتمی شیعرەکەوە تێدەگات کە خراپترین دوو کەس لە نێو کورددا (قانع)ی شاعیرو سۆفی خانەقایە. یەکەمیان لە روح سووکی و خۆبەکەم زانینەوە، دووەمیانیش لە ئیسك قورسی و خۆبایی بوونەوە. ئەمەش ڕەخنەیەکی توندە شاعیر لە سۆفییەکانی ئەو ڕۆژگارەی دەگرێت.

٢ـ ئەو وشەو دەستەواژانەی چەند جارێك لە نێو شیعرێکدا دووبارە دەکرێنەوە، گرژییەك لە ڕیتمێکی هەمە ڕەنگدا دروست دەکەن و ڕۆڵێکی سەرەکیش لە هاتنە کایەی حاڵەتێکی ئایرۆنیدا دەگێڕن. (پیرەمێرد) ئەم جۆرە ڕیتمانە لە پەندە شیعرییەکانیدا بەکاردێنێت. بۆ نموونە:

**دوای تەنگانەیی زۆر ئازادییە**

**"ش"ی شین زۆر جار "ش"ی شادییە**[1]

خوێنەر ناتوانێت هەڵوێستەیەکی تێڕامانی لە دووبارەکردنی ئەم (ش)نانەدا نەنوێنێت و دیدێکی ڕەخنەییشی لە بەرامبەریان وەرنەگرێت. یانیش لەم دێڕەشیعرەدا، کە لە بەکارهێنانی ڕەگەزدۆزییەوە ڕیتمێکی هاوشێوەی یەکتری دروست دەکات و لەنێوان هەردووکیاندا حاڵەتێکی ئایرۆنی گەڵاڵە دەبێت، کە خوێنەر ناچار دەکات بەراوردیان بکات:

**ئەوەی کە ناخوا و پارە زۆرکەرە**

**گرد کردنەوەی پارە زۆرکەرە**[2]

دووبارەبوونەوەی ڕیتمی دەستەواژەی (پارە زۆرکەرە) و هەر جارێك بە مانایێکی جوداوە، کە پێچەوانەی یەکترن، ڕەخنەیەکی توندە لە عاشقانی پاوانکاریی دەگیرێت بە گشتی و لە چاوچنۆکەکان بە تایبەتی کە هیچ بەهایێك بۆ ڕێزگرتنی ئینسان دانانێن.

---

[1] پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیان، ژ ٣٧٣ لە پێنجشەمە ١٠-ئاغستۆس-١٩٣٣، ل٢، ئەس٢، دێش١.

[2] پیرەمێرد، ڕ: ژیان، ژ ٤٢٥ لە ٥-١-١٩٣٥.

(کاکـەی فـەلاح) لـە کۆپلەیـەکی ڕەخنـە ئـامێزدا بـەراوردێك لـەنێوان دوو ئەگەردا دروست دەکات، ئەگەری ڕاستەقینەی ژین کـە سـەرداریيەو ئەگـەری شێواندنی ژین کە ئینسان سەرداریيەکەی لە دەست دەدات و بـە ناچـاریيەوە ملکەچی بارودۆخێکی نالەبار دەبێت. ئەمە هاوکێشەیەکی ئالۆزەو بۆ ئـەوەی لایەنەکانی هاوسەنگ بکرێت، شاعیر پەنا بۆ تەکنیکی ڕیتم دەبات. لە جـووت مۆرفیمێکی یەکە دەنگییەکانی هاوتـادا، هاودژییـەکی تونـد لـەنێوان هـەردوو لایەندا دروست دەکات، کە پەشێوی خوێنەر دەڕەوێنتەوەو هـەر کەسـێك لـە ململانێی ژیاندا بەرەو لایەنێك دەڕوات کە هەر یەکێکیان بـاجی خـۆی هەیـەو بە جۆرێکی جیاوازەوە جێگەی شانازییە:

**هەندێکیش ئەڵێن: ژین (سەردار) ییە**
**کـەچ کردنـی مل هـۆی ناچـارییە**
**ملـی ڕێ بگـرەو بـڕۆ بـۆ بـەرزی**
**یا (سەردار) ییە، یا سەر (دار) ییە**[1]

لەم کۆپلەیەدا چەندین جیـاوازی ئاوێتـەیی هەیـە، کـە هەنـدێکیان هونـەری پارادۆکس بە خۆوە دەگرن و هەندێکی دیکەیش بەرەو هونـەری ئایرۆنییـەوە دەچن. ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە کە ئەو شیعرانەی هاوکێـشە ئـامێزن و لـە هەر لایەنێکیشیدا بۆچوونی پێچەوانەی یەکدی هـەبن. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە جەخت لە سەر لایەنی ئایرۆنی دەکرێت. بۆ نموونە هـەبوونی کـاری داخـوازی لــە نیــوە دێڕەشــیعری ســێیەمدا، شــاعیر خوێنــەری ڕووبــەڕووی دەستپێـشخەرییەکی ئەزموونگـەرایی دەکـات، کـە پێویـستە لـە هـەنگاوی یەکەمدا خۆی لەو بۆچوونەی کە لە دێڕەشیعری یەکەمـدا هـاتووەو دۆخێکـی ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆی تێدایە ڕزگار بکات. لە هـەنگاوی دووەمیـشدا ڕێگـەی سـەرفرازی بگرێتەبـەرو لـە ئەنجامـدا مـافی ڕەنـج و زەحمەتکێـشییەکەی

[1] کاکەی فەلاح، لەگەڵ شەپۆلەکانا، چاپخانەی (سلمان الأعظمي)، بەغدا ١٩٦٧، ل٦٣، کۆ١.

وەردەگرێت، ئەویش، یان ژینێکی سەربەستە یانیش مردنێکی مەردانەیە لە پێناو خۆشەویستی ژیاندا. ئەمانەش هەردووکیان دژیەك نین و یەك ئامانجیان هەیە کە سەرفرازییە. ئەوەی چاوەڕوانی لە هەڵوێستی خوێنەریش دەکرێت ئەوەیە کە لەگەڵ شاعیردا هاوڕا دەبێت، کە پێویستە ئەو ئینسانەی بەرەو لووتکە دەڕوات جۆرە جەربەزەییێکیش بنوێنێت و توانای خۆبەختکردنیشی هەبێت. لێرەدا خوێنەر مەبەستی شاعیر تێدەگات کە هەر دەستکەوتێکی مادی بێت یان مەعنەوی بەهای خۆی هەیەو دابینکردنیشی جورئەتی دەوێت و تەنیا ئەوانەی گیرۆدەی خۆشەویستی ژیانن ئەو ڕێگەیە دەگرنەبەر. ئەم جووتبوونەی لە نێوان دەربڕینی شاعیر و تێگەیشتنی خوێنەردا حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات و لە هەمان کاتیشدا ڕەخنەیەکە لەو کەسانە دەگیرێت، کە ناوێرن خۆیان لە قەرەی ئەو ئەزموونە بدەن.

باسی دووەم

## پراکتیزەکردنی تەکنیکەکانی ئایرۆنی

لە میانی خستنەڕووی تەکنیکەکانی ئایرۆنی لە نێو شیعری نوێی کوردیدا سێ شێوەی سەرەکی بەدی دەکرێن، کە ڕۆڵیان بەپێی قەوارەی شیعرەکە دەستنیشان دەکرێت:

ـ یەکەمیان، ئایرۆنی قەسیدەیە، یاخود ئەو شێوەیەیە، کە پەیوەستە بە تەکنیکی ئایرۆنی لە بەشێکی قەسیدەدا، یانیش چەند جارێك لە ڕستەی جیاجیادا، شاعیر پەنای بۆ دەبات. لەوانەیشە خۆی هەستی بەم حاڵەتە نەکردبێت و پێویستی شیعرییەتی بابەتەکە پاڵی پێوە نابێت کە ئەم تەکنیکە بەکاربێنێت. ئەم جۆرە تەکنیکەش بە ڕێژەیەکی زۆر لەو بەشانەی شیعری نوێی کوردیدا بەکارهاتووە، کە بۆ ڕەخنەگرتن تەرخان دەکران.

ـ شێوەی دووەمیش، قەسیدەی ئایرۆنییە یاخود ئەوەیە، کە فۆرمی هەڵبەستەکە هەمووی بەپێی تەکنیکی ئایرۆنی بنیات نراوەو سەرجەم بەشەکانیشی بە وشەو دێڕەشیعرو کۆپلەکانەوە بەشداری لە ململانێی هاودژە سەرەکییەکانی نێو دەقەکەدا دەکەن. هەرچەندە ئەم جۆرە تەکنیکە لە نێو شیعری نوێی کوردیدا زۆر نین، بەڵام ئەوانەی هەن بە دیدگەیەکی ڕەخنەیی و هەستێکی پەنگخواردووی پەیوەست بە تواناکانی شاعیرەوە داڕێژراون.

ئەم هەردوو شێوەیەی سەرەوە قەسیدەی ئاسایی دەگرێتەوە، لە مێژووی ئەدەبی کوردیشدا ژمارەی دێڕەکان جۆری شیعرەکە لە ڕووی ڕوخسارەوە دەستنیشان دەکات. ئەم بۆچوونە جیاوازییەکانی لە نێوان زاراوە شیعرییەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تا ڕادەیەك زاراوە شیعرییەکانی

ڕۆژاواییەکانیش لە یەکتر نزیک دەکاتەوە، چونکە هەموویان لە چەند خەسڵەتێکی هاوبەشدا یەکتر دەگرنەوەو لە چەند سیماییێکی دەگمەنیشدا تایبەتمەندی خۆ دەپارێزن[1].

- شێوەی سێیەمیش، پەیوەستە بە کورتە قەسیدەی ئایرۆنی ئامێز، کە تەنیا لە یەك (فەرد) یان (چوارین) یان (کۆپلە) پێکدێت. شاعیر هاودژەکانی بابەتێك تێدا چڕ دەکاتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەی سەرەوەش بە پێویست دەزانرێت کە بۆ هەر شێوەیەك لە شێوەکانی تەکنیکی ئایرۆنی چەند نموونەیەك پراکتیزە بکرێن و دواتر بە نموونەیەکی پراکتیزییەوە ڕۆڵی ئاماری ئەدەبی لە دەستنیشانکردنی ئاستی ئایرۆنیشدا بخرێتەڕوو:

## تەوەری یەکەم: تەکنیکی ئایرۆنی قەسیدە

شاعیر کە لە دیدگەیەکی بابەتیانەوە ڕەخنە لە ڕووداوێك، یان حاڵەتێکی نائاسایی دەگرێت، ناچار دەبێت کە مامەڵە لەگەڵ هاودژەکانیش بکات. بە مەبەستی دەرخستنی چاکەو ڕێکوپێکی یەکێکیان لەسەر ئەوی دیکە، هەوڵدەدات شتە جیاوازەکانیشیان بەراورد بکات، بۆیە لە دێڕەشیعرێك یانیش لە کۆپلەیەکی هەڵبەستدا هونەری ئایرۆنی بەکاردەهێنێت، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش بە پێویست دەزانرێت هەندێك لەو حاڵەتانە دەستنیشان بکرێن، وەکو:

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

د. اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، ط٢، دار الأندلس للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت ١٩٨١، ص٧٥-٨٠.

د. عبدالعزيز عتيق، في النقد الأدبي، ط١، دار النهضة العربية، بيروت د . ت، ص ١٧٢-٢٠٠.

د. شوکریە ڕەسوول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر ١٩٨٩، ل٢٧-١١٩.

١ـ شاعیر لە نێو بابەتە ڕەخنەگرتنەکەیدا لە هەندێك شوێندا پەنا بۆ شیکردنەوەیەکی فەلسەفی دەبات، کە هەوڵدەدات لەمیانی بەراوردکردنی دوو شتی ئەبستراکتدا ڕاستییەك بسەلمێنێت. ئەم پرۆسەیەش حاڵەتێکی ئایرۆنی لەو بەشەی هەڵبەستەکەدا دروست دەکات. بۆ نموونە (خادیم) لە هەڵبەستی (لە خۆبایی بوون لە سیفاتی مرۆڤایەتییەوە دوورە)دا بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ ئامۆژگاری خوێنەر دەکات. بۆ پەسەندکردنی بۆچوونەکانیشی پەنا بۆ بەراوردکردنێکی فەلسەفی دەبات، کە خوێنەر دەخاتە بەرامبەر هاوکێشەیەکی چاوەڕوان نەکراودا. باسی شتێکی پێچەوانەی بابەتی خۆی دەکات، کە ئەویش خۆبەکەم زانینە. خوێنەر ناچارە هەردوو لایەنی جیاواز بەراوردی یەکدی بکات، بەڵام پێش ئەوەی کە ئەنجامەکەی دەستنیشان بکات، ڕووبەڕووی هاوکێشەیەکی دیکەیش دەبێتەوە، کە خۆبەکەم زانین بە نیشانەی زانین و تێگەیشتن دادەنێت، خۆباییبوونیش بە پێچەوانەی ئەوەوە نیشانەی نەفامی و جەهالەتە. ئەم هاوکێشە جیاوازە خوێنەر دەخاتە نێو بەخۆداچوونەوەیەکی قووڵدا:

**خۆت لە هەموو کەس بەکەم بزانە**

**ئەمە نیشانەی عیلم و عیرفانە**

**لە نووری چاوت فێربە ئەمینی**

**عالەم دەبینی خۆشی نابینی**[1]

لە بەردەوامبوونی بەراوردکردنی جیاوازییەکانی نێو هاوکێشەکانی سەرەوەدا، شاعیر بۆچوونێکی قووڵی دیکە دەخاتەڕوو، کە ئەوەی لایەنی خۆبەکەم زانین لە هاوکێشەی یەکەمدا هەڵبژێرێت، دەتوانێت لە هاوکێشەی دووەمیشدا لایەنی زانین و عیرفان دەستنیشان بکات. کاتێك هەردووکیانیش بەدەست دێنێت، دەتوانێت لە ڕووناکی چاوییەوە فێری وانەیەکی ڕەوشت

[1] دیوانی خادیم ، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣، دێڕ٣-٤.

بەرزی ببێت، کە کردەوەکانی خۆی و خەڵکی دیکە بە شێوەیەکی پاك و بێگەرد هەڵبسەنگێنێت.

هەر لەم ڕووەوە (بێکەس) لە هەڵبەستی (خەیاڵی ژێر لێفە)دا پەشێوی کابرایێکی خەمخۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو. لە نێو ڕازە تووڕەبووەکانیدا، ڕەخنە لە نەریتێکی کۆمەڵایەتی دەگرێت، کە ژیانی ئاسایی هاوسەرگیری لە هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگدا بەرەواژی دەکرێت، لە باتی ئەوەی گەنج بە گەنج بدرێت و پیریش پیر بێنێت، پێچەوانەی ئەم حاڵەتە ڕوودەدات، بە خورتی کچی گەنج لە پیرەمێرد مارە دەکرێت:

**جوانیٚ لە پیریٚ گەر مارە بکریٚ**

**بیٚ شك زەربەیە لە ئەخلاق دەدریٚ**[1]

شاعیر لە ئەنجامی پێڕەوکردنی جیاوازی یەکەمەوە هاوکێشەیەکی دیکەیش دێنێتەکایەوە، کە ئەنجامەکانی زۆر تاڵتر و مەترسیدارترن و پێوەندییان بە هەڵوەشاندنەوەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ناشیرین کردنی بەها باڵاکانی مرۆڤایەتییەوە هەیە. لە بەراوردکرنی جیاوازییەکانی نێوان هاوکێشەی یەکەم و دووەمیشدا، خوێنەر ڕووبەڕووی دووڕیانێکی هەستیار دەبێت و لە پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی قووڵدا، ناچاردەبێت ئەنجامەکانی هەردوو هاوکێشەی سەرەوە لێك بداتەوەو چەندین گریمانەی سەلبی لێی بهەڵنجێنێت، کە هەموویان مانا نادیارەکانی دەقەکە پێك دێنن..

٢ ـ شاعیر لە ئاسۆ فراوانییەکانیدا، بە گومانەوە سەیری هەندێك ڕاستییەکانی دەوروبەر دەکات و بە پێی دیدگەیەکی تایبەتی هەڵیدەوەشێنێتەوەو سەرلەنویٚ دەیخاتەوەڕوو، کە لەوانەیە ڕامانێکی پێچەوانەوەی پێشتر بدات. جیاوازیش لەنێوان هەردوو ڕاماندا حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات، چونکە کاتێك خوێنەر گوێبیستی ئەو ڕامانە نوێیە

---

[1] دیوانی بێکەس، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣، دێش٨.

دەبێـت، یەکـسەر بـیر لـە ڕامانـە کۆنەکـەی دەکاتـەوە کـە پێـشتر لەسـەری ڕاهاتبوو و بـە شـتێکی ڕاستیـشی دەزانێـت. هـەردووکیان بـەراورد دەکـات و گومانێکیشی بۆ دروست دەبێت، کە کامیان دروستە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕەخنەگرتنێکە لەو بیرە دەگرێـت، یـانیش وەکـو ئـامرازێکی ڕەخنـەگرتن لـە بابەتێکی فراوانتر دەگرێت. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لەبارەی پێوەنـدی شـێخ و سـۆفیەکانەوە لــە کۆمــەڵی کوردەواریــدا. لــە شــیعری (شــێخ و ســۆفی)دا ڕەفتارێکی ئاسایی ئەو توێژە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

**شێخ چاو لە دەستی سۆفی نەفامە**

**ئەیشزانێ ئەوەی ئەیخوا حەرامە**[1]

ئەم بۆچوونەی شاعیر، بە تایبەتی لە ڕۆژگارێکی وەکو ساڵی (١٩٤٧)دا، بە پێـچەوانەی ئـەو بیروباوەڕانـە بـوو کـە خـەڵك لەسـەری ڕاهـاتبوون و پلـەی شێخایەتی لە پیرۆزییەکانی هەرە باڵای کۆمەڵ دادەنا. شاعیر باس لـەو پلـەو پایەیە ناکات، بەڵکو لە دیدگەیەکی تەسکەوە ئاماژە بـۆ سەرچـاوەی بـژێوی ژیانی شێخ دەکات، کـە لـە ڕەنـج و زەحمـەتی سـۆفی نەفامـەوە دێـت. ئـەم بۆچوونەی شـاعیر دۆزینەوەیـەکی گـەورە بـوو، چـونکە لـە لایێکـەوە پـەردە لەسـەر نهێنییـەکی شـاراوە لادەداو لـە لایێکـی دیکـەوە گومـان دەخاتەسـەر پیرۆزی پێوەندیێکی جـێگیرو ڕەگـداکوتاو لـە نێـو کۆمەڵـدا. لـە ڕێگـەی ئـەو گومانەشەوە، خوێنـەر دەتوانێـت سـەرەداوەکانی ئـەو نهێنییـەی کـە شـاعیر ئاشکرای کردبوو لە ڕاستییەکی نوێدا کۆبکاتەوەو بۆچوونەکانیـشی لـەبارەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سـەرلەنوێ لێـك بداتـەوەو بـیر لـە ئـەنجامی هاوکێـشەیەکیش بکاتـەوە، کـە تـای تـەرازووی ئـەو نەخۆشـییە لەگـەڵ تـای خوێنـدەواری و زانـست هاوسـەنگ دەبێـت. ئـەم هاوسـەنگییەش حاڵـەتێکی

---

[1] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی ، بر٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢، دێش١.

ئایرۆنی دروست دەکات، سەرەڕای ئەوە کە بۆچوونی شاعیر لە دیدگەیەکی ڕەخنە ئامێزەوە هەڵقوولاوەو ناڕاستەوخۆ ئاراستەی پێوەندییەکانی نێوان شێخ و سۆفی دەکات.

٣ ـ هەندێك جار شاعیر دەگاتە خاڵێکی لاوازو هەست دەکات کە دەربڕینەکانی تەنیا گوزارشت لە لایەنێکی کێشەیەك دەکەن و لە سنووری گێڕانەوەیەکی وشکدا ماونەتەوە. ئەم حاڵەتەش لەڕووی هونەرییەوە لاسەنگییەك لە بینای دەقدا دروست دەکات و لە ڕووی دیدگەی شیعریشەوە بێ دەسەڵاتی و خاوبوونەوەیەکی پێوە دیارەو پێویستی بە ململانێییەکی دوو لایەنی یان زیاتری هەیە. شاعیر هەوڵ دەدات دوژمنێك یان ڕکابەرێکی توندڕەو و دڵڕەقی وەهمی دروست بکات، بۆ ئەوەی لایەنەکانی ململانێی سەرەوە لە نێو گرێچنییەکی توندو تۆڵدا هاوسەنگ بکات و یارمەتی خوێنەریش بدات، کە بە ئاسانی هەردوو لایەنی لاوازو بەهێزی هاوکێشەکە بەراورد بکات و جیاوازییەکانیانیش لێك بداتەوە. بۆ نموونە (گۆران) لە هەڵبەستی (بێشکەی منداڵ)دا، باس لە ڕەنج و شەونخونی دایك و باوکێك دەکات، کە چۆن لە پێناو بەخێوکردنی منداڵەکەیان ماندوون و زەحمەت دەکێشن:

**دایك دای ڕەنج، بۆ منداڵ دای،**
**بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام،**
**بۆ شیرینی گڕوگاڵ دای..**[1].

شاعیر لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام دەبێت، کە لە ڕووی هونەرییەوە سستییەك بە ڕوخسارەکەی دەبەخشێت. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە تاك دیدگەیی پێوە دیارە. ئەوەی ڕاستی بێت لە واقیعێکی وەکو کۆمەڵگەی کوردەواری، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا پەروەردەکردنی

[1] دیوانی گۆران ، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٦، کۆ١.

منداڵ ئاسان نەبوو، بۆیە شاعیر لە ناوەڕاستی شیعرەکەیدا کۆپلەیەک دێنتەوە کە کاریگەری شوێن پەنجەی دوژمنێکی دڕندەی نەناسراوی پێوە دیارە:

**ئای ئەو ماڵە چەن بێ باکە:**
**کە لە بارووت و لە بۆمبا**
**ژێر بێشکەی مناڵیان پاکە!**[1].

شاعیر هاودژییەک لە نێوان ئەم کۆپلەیەو هەر چوار کۆپلەی دیکەی هەڵبەستەکەدا دروست دەکات، کە حاڵەتێکی ئایرۆنی لێ دەکەوێتەوەو لە هەمان کاتیشدا ڕەخنەیەکی توند لە دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە دەگرێت، کە بە هێزی ئاگرو ئاسنەوە بەرببوونە گیانی هاوڵاتیانی سڤیل و ژیانیان لێ تاڵ کردبوو.

٤ ـ شاعیر لە میانی دەربڕینەکانیدا مانای قسەیەکی نەستەق، یان ناوەڕۆکی پەندێك یانیش نەریتێکی چەسپاو بە بەرەواژییەوە سەرلەنوێ دادەڕێژتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر ناچار بکات، کە هەردوو مانایان لێك بداتەوەو ئەو جیاوازییەی لە نێوانیانیشدا هەیە بزانێت. تێگەیشتنی ڕاستییەکانیش لە ڕێگەی هاودژەکانەوە کرۆکی هونەری ئایرۆنییە، کە شتێکی پێویستە بۆ هەر دەقێکی سەرکەوتوو. بۆ نموونە (ئەسیری) لە شیعری (نە کوردستان وەکو جارانە نە من)دا ئەو نەریتەی کە کوردی موسڵمان لە سەری ڕاهاتوون و بەرامبەر سەکۆی مزگەوتەوە گوێ لە بانگی نوێژو گوتاری مەلا دەگرن، دەیگۆڕێت و قەوارەی مزگەوت گەورە دەکات کە هەموو دنیا دەگرێتەوەو چیاش دەکاتە گونبەدێك و لە زووەوە بانگی کوردی لە سەردراوە:

**مەلا باسی بەهەشت بۆ دەخوێنێ**
**وەرە من پێت نیشاندەم بێیە سەر ڕا**

---

[1] دیوانی گۆران ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٦، کۆ٤.

**چیاش گونبەدی مزگەوتی دنیـا**

**لە بانی بانگی کوردی زوو بوو درا**[1]

ئەم وێنە شیعرییە کە دوو لایەنی پڕ لە جوانی و پاکانە بەخۆوە دەگرێت، حاڵەتێکی ئایرۆنیش دروست دەکات و تێدا ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە هێشتا بۆیان ڕوون نەبووتەوە کە خۆشەویستیی وڵات و شرینیی زمانی دایک باشترین ئامرازن کە ئینسان خودای پێ بناسێت.

هەروەها (مەلا محەمەدی کۆیی)یش لە شیعری (شۆخی کوردی)دا، باسی خۆشەویستی یارو شاری کۆیە دەکات، بەڵام لە دێڕە شیعرێکیدا کە دەڵێت:

**چ داغ و ئاگرێکی دا بە جەرگم**

**بە کوڵمی سوور و خاڵی لا جوەردی**

**بەشەو دیتم لە دەرگای خۆی و فەرمووی**

**فسبحان الذي أسرى بعبدي**[2]

لەم وێنەیەدا، کە عاشق بە شەو گەیشتۆتە بەر دەرگەی و پێی وتراوە (فسبحان...) خوێنەر یەکسەر بیر لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەکاتەوە ﴿**سبحان الذي أسرى بعبده ليلاً من المسجد الحرام الى المسجد الأقصى الذي باركنا حوله لنريه من آياتنا إنه هو السميع البصير.**﴾[3] و لە میانی ڕامانی ڕووداوی ئیسرای پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لە مانای شیعرەکەیش دەگات. ئەمەش ئاستێکی ئایرۆنی بەرز دروست دەکات لە نێوان ئەو مانایەی شاعیر دەریبڕیوەو مانا نادیارەکەی، کە خوێنەر هەڵیدەهێنێت.

٥ ـ لە میانی دەستکاری کردن لە فۆرمی دەقیشدا، دەکرێت ئایرۆنی دروست بێت، بە تایبەتی کە وشەیەك یانیش دەستەواژەیەکی نوێ بەکاربێنرێت کە

---

[1] دیوانی ئەسیری، ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، ل١٩٥، دێش٧-٨.

[2] دیوانی مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩، دێش٥-٦.

[3] القرآن الكريم، سورة الاسراء (١٧)، آية ١.

**پێشتر له شیعردا بەکارنەهاتووەو خوێنەریش وا لەسەری ڕاهاتووە کە تەنیا لە پەخشاندا بیستوویەتی، بەڵام کە شاعیر مۆرکێکی شیعری پێ دەدات و بە وەستایەتییەوە دەیخاتە نێو دێڕەشیعرێکەوە، کاریگەرییێکی زیاتری لە وشە شیعرییە مۆڵەت پێدراوەکانیش[1] دەبێت، بەتایبەتی کاتێك ئەرکێکی ڕەخنەگرتنیشی پێدەدات. بۆ نموونە (زێوەر) لە هەڵبەستی (پاڕانەوە و سکالاّ)دا خۆ بەکەم دەزانێت و دان بە گوناحەکانیدا دەنێت و لەبەر هەندێك هۆی گەورە کە نایەوێت باسیان بکات خۆی بە شەرمەزار دەزانێت:**

**ئێستە سواری ئەسپی نەفسم بۆ چەپ و ڕاست لنگ ئەدەم**
**ڕۆژی ئاخر صاحێبی سەیارەی پەنچەر منم[2]**

**بە پێی زانیاری ئێمە، وشەی ( پەنچەر) یەکەم جارە لە شیعری کوردیدا بەکاردێت و لەوانەیە هەندێك لەو باوەڕەدا بن کە ئەم وشەیە بۆ شیعر ناشێت، بەڵام شاعیر بە شێوەیەکی وا لە نێو دێڕەشیعرێکدا مەزراندوویەتی، کە لە ڕووی هونەرییەوە جوانییەکی پێ دەبەخشێت و مانایەکی پڕ بە پیستی خۆیشی پێ دەدات. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە خوێنەریش بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم وشەیە لە زمانی ئاسایی خەڵکدا بەکاردێت و پێشتر لە زمانی شیعردا نەبیستووە. جیاوازی لە نێوان ئەم هەردوو بیرکردنەوەی خوێنەردا حاڵەتێکی ئایرۆنی بەو بەشەی هەڵبەستەکە دەبەخشێت. ئەمەش**

---

[1] ئەم بۆچوونە تا ئەم ساڵانەی دوایشدا لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا باو بووە، بەڵام بە پێی ڕێبازە نوێیەکانی ڕەخنە بایەخ بە جۆری وشە نادرێت، بەڵکو ئەو مانایە گرنگە کە وشە لە ڕێچکەی مانای ڕستە و دواتر لە ڕامانە گشتییەکەی دەقدا دەیبەخشێت. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بۆچوونی یەکەم بڕوانە:
ـ ولیم راي، المعنى الأدبي من الظاهراتیة الى التفکیکیة، مصدر سابق، ص٢١٥. / لەبارەی بۆچوونی دووەمیش، بڕوانە: (د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەری ئەدەب، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠).

[2] دیوانی زێوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١، دێش٣.

لایەنی هونەری لە مەبەستی شاعیر دەپێکێت. لە ڕووی ڕامانیشەوە خوێنەر ئەو ڕاستییە تێدەگات، کە شاعیر ئامادەباشی خۆی بۆ کێشەیەك دەکات، کە لەوانەیە لە ئایندەدا تووشی بێت، بەڵام مەبەستە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە بیر لە پاشەڕۆژی خۆیان ناکەنەوەو لە کاتی قەومانیشدا دەست بەتاڵ دەمێننەوە.

٦ـ هەندێك جار شاعیر بۆ سەلماندنی بۆچوونێکی خۆی پشت بە چەند گریمانەیەك دەبەستێت و ڕێگە بۆ چەند ئەنجامێکیش خۆش دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر بەراوردیان بکات و ئەوەی لە هەموویان ڕاستترە پەسەندی بکات. بۆ نموونە (هەژار) لە دوو دێڕەشیعری هەڵبەستی (خەیاڵ ئەکەن)دا، ئەم ئازادییە بۆ خوێنەر فەراهەم دەکات و دەرفەتی هەڵبژاردنیشی پێ دەدات:

زەوی دەگۆڕێ و دەگەڕێ        هەردەم دێنێتە ڕووپەڕێ
لەو چەرخ و خول و گەڕانە        سووڕێکیش بەشی کوردانە[1]

لە ئەنجامی جیاوازی شوێن و گۆڕینی زەمەندا، دەرفەتی ژیان بۆ هەموو میللەتان بەرقەرار دەبێت. خوێنەر تێدەگات کە هەر میللەتێك دەتوانێت یەکێك لەو گریمانانە هەڵبژێرێت. بەمەش حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەبێت. کاتێك شاعیر جەخت لە سەر ئەوەیش دەکاتەوە، کە دەبێت یەکێك لەو سووڕانەوانەش بەشی کورد بێت، ئەوە ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆیە لەو کەسانە دەگرێت کە نایانەوێ کورد بەشێکی هەبێت. ئەمەش یەکێك لەو هاوکێشە ئاڵۆزانەیە کە کورد پێوە دەناڵێت.

٧ـ هەندێك جار ئایرۆنی لە بەشێکی هەڵبەستدا وەکو ئەندێشەیەکی ناڕوون دەردەکەوێت، کە هەندێك لە خوێنەران ناتوانن بە ئاسانی لایەنەکانی بەراورد بکەن و جیاوازییەکانیشی لێك بدەنەوە، ئەگەر ئەم کارەشیان بۆ بلوێت ئەوە

[1] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢، دێش١٥-١٦.

چەند ئەنجامێکی لێڵ و تەماوییان لا دروست دەبن، کە هەندێکیان بە تەواوەتی ڕەت دەکەنەوەو لە هەندێکی دیکەیشیان نیگەرانن کە بنچینەیەکی ڕاست و دروستیان هەبێت. بەپێچەوانەیشەوە لەوانەیە لای هەندێك خوێنەری دیکە ئەم جۆرە ئایرۆنییە بە داهێنانێك دابنێن. بۆ نموونە (قانع) لە بەشێکی هەڵبەستی (خەونێك لە دەروونما)دا بەراوردێك لەنێوان روخساری بەهەشت کە لە مێشکی مەلا و شێخەکانی ئەو ڕۆژگارەدا هەبوو، و لە نێوان ئەو وێرانی و داڕمانەی لە وڵاتەکەیدا هەیە دەکات:

**پرسیم لە پیاویٚ زادەی ئەو جێیە**

**کاکەگیان ئەمە خێڵە یان دێیە؟**

**وتی: قوڕبەسەر، ئەمە جینانە**

**جێی مەلا و دەروێش، سۆفی و شێخانە**

**وتم: خۆ بەهەشت، خۆشی مەشوورە**

**ئەمە بۆ وێران، وەك شارەزوورە؟**[1]

لە نێو ئەم گفتوگۆیە دراماییەدا، حاڵەتێکی ئایرۆنی هەیە، کە گومان دەخاتە سەر چەندین هاوکێشەی ئاڵۆز، کە خوێنەری هۆشیار دەتوانێت مانا شاراوەکانیان لێك بداتەوە، کە ئەو بەهەشتەی لە مێشکی مەلا و دەروێش و سۆفی و شێخەکانی ئەو سەردەمەدا هەبوو وەکو دەروونیان سادە و ساکار و بێ گریٚ و کێشە بوو، بەڵام سەرەتایی و سیس و بیٚ فەڕ و بەرەودان بوو. شاعیر کە لە ڕێگەی دەروونی ئەو کەسایەتییانەوە وەسفی بەهەشت دەکات. لە هاوکێشەیەکی دیکەدا دەگەڕێتەوەو بەهەشتی ئەوان لەگەڵ شارەزوور بەراورد دەکات، کە لای ئەوەوە هەردوو وەکو یەك وێرانن، بەڵام لە بنەڕەتدا وا نییەو خوێنەریش لە مەبەستی شاعیر تێدەگات کە بەهەشت لە ڕووی جوانی و خۆشییەوە تەواو و بیٚ کەموکوڕییە، کوردستانیش لەو پەڕی

---

[1] دیوانی قانع ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٥، دێڕ٩-١١.

جــوانی و خۆشــیدایه. وێنــەی بەهەشــت لــە مێــشکی کۆڵکــە مــەلا و نەخوێندەواراندا گۆڕاوەو وا ناشرین دیارە، هەروەکو ئەمڕۆ وێنەی شـارەزوور کــە ڕەمــزە بــۆ وڵات بــە دەســتی زۆرداران و دوژمنــانی شارســتانیەتەوە تێکچووە. جگە لەم مانا پێچەوانەیانەش، ڕەخنەیەکی توند لـە مێشکی ئـەو کۆمەڵـە خەڵکـە دەگرێـت کـە بوونەتـە هـۆی شـێواندنی دیمـەنی بەهەشـت و وێرانکردنی وڵات.

## تەوەری دووەم: تەکنیکی قەسیدەی ئایرۆنی

قەسیدەی ئایرۆنی بە پێچەوانەی ئایرۆنی قەسیدەیە و خاڵی جیاکـەرەوەی لە نێوانیانیشدا ئەوەیە، کە شاعیر لە ئایرۆنی قەسیدەدا بە ئاگایی یانیش بـە بێ ئاگاییەوە لە بەشێکی قەسیدەدا ئایرۆنی بەکاردێنێت، بەڵام لە قەسیدەی ئایرۆنیـدا بـە هۆشـیارییەکی تـەواوەوە هـەر لـە ناونیـشانی قەسـیدەکەوە تـا دەگاتە قوفڵەکەیشی ئایرۆنی بەکاردێنێت و لە جۆرو ئاستەکانیشی ئاگادارە. ئاگادارە لەو هەموو حاڵەتە هاودژ و لادان و جیاوازو گرژی و خاوبوونەوەکانی نێو دەقدا و بـە شـێوەیەکی هونـەری بـەراوردیان دەکـات، بۆیـە خوێنـەریش زەحمەتێکی زۆر دەکێشێت تـا هـەموو هاوکێـشەکان لـە نێـو مێـشکی خۆیـدا هاوسەنگ دەکات و لە نێو گوتارێکی ڕوونـدا لێـك بداتـەوە. ئـەم هەڵوێـستەی خوێنەر تێگەیشتنێکی نوێ بۆ دەقەکە دروسـت دەکـات، بۆیـە لـە زۆر خـاڵی هاوبەشـدا لەگـەڵ بۆچـوونەکانی شـاعیردا یەکـدی دەگرنـەوەو لـە چـەندین دووریانیشدا لەیەکدی جیادەبنـەوە، دوور نییـە هەنـدێك جـاریش لـە تونێڵـە تاریکەکانی زماندا خۆی ون بکات. لە ئەنجامدا، خوێنەر ناچـار دەبێـت خـۆی بگەیەنێتە ئاستی شاعیر و لە مەبەستی تێ بگـات و تـا ڕادەیـەکیش چـێژ لـە جـۆرە ئایرۆنییـە جیاکـانی هەڵبەسـتەکە وەربگرێـت. لێـرەدا بـە پێویـست دەزانرێت، کە دوو نموونە دەستنیشان بکـرێن، کـە هـەر یـەکێکیان جـۆرێکی ئایرۆنی دەخاتەڕوو:

**١ـ كاری پێچەوانە**

قەسیدەی (کاری پێچەوانە)ی (أ. ب. هـەوری)، کـە لـە (٢١) دێـڕە شـیعری جووت سەروا پێکهاتووە، نموونەیەکە لە قەسیدەی ئایرۆنی، چونکە هـەر لـە ناونیـشانەکەیەوە سـیمای ئـایرۆنی پێـوە دیـارەو پرسـیارێك لای خوێنـەری دروست دەکات، کە ئەو کـارە چییە شـاعیر دەیـەوێت لەگـەڵ پێـچەوانەکەی بەراوردی بکات. ڕەنگە لە یەکەم هەنگاودا بیری بۆ چەند هاودژێك بڕوات، کـە لـە لایـەوە ئاشـنا بـن و پێـشتریش بـیری لێ کردبێتـەوە، بـەڵام لـە یەکـەم دێڕەشیعردا ڕووبەڕووی دژیەکێکی سەد لەسەد پێچەوانەی یەکدی دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە دوو کابرای بە ڕواڵەت ئیـشنەکەر، یەکـەمیان سـۆفییە کـە زیـاتر خـەریکی خوداپەرسـتییەو کـەمتر مـەیلی بـۆ کەسـابەت دەڕوات. دووەمیـانیش عـەرەق خۆرێکـە کـە زیـاتر وەخـت بـە فـیڕۆ دەدات و بـیر لـە سوودی خۆی و بەرژەوەندی خێزانەکەی ناکاتەوە.

هەردووکیان (سـۆفی، عـەرەق خـۆر) بـۆ یـەك ڕێگـا دەچـن (بـەرەو بـازاڕ)، هـەمان کـار ئەنجامـدەدەن (تـرێ کـڕین)، بـەڵام مەبەسـتیان جودایـە. ئـەم سەرەتایەش هاوکێشەیەکی گرنك و ئـاڵۆز دروسـت دەکـات، کـە ئامرازێـك بـۆ جێبـەجێ کردنـی چـەند مەبەسـتێك بـەکاربێت، نـەك لـە جێبـەجێکردنی مەبەستێکدا پەنا بۆ چەند ئامرازێك ببرێت:

**سۆفی و عەرەق خۆر بۆ ترێ کڕین**

**بۆ سرکە و شەراب هەستان و ڕۆیین**[١]

ئـەم دوو کابرایـەی بـیروڕا جیـاواز، توانـاو شـارەزاییان بـۆ ئیـشێکی بەرهەمهێنەر کۆکردۆتەوە و بە نیـازی پەیـداکردنی کەرەسـەی دروسـتکردنی سرکەو عەرەقن، بە تایبەتی کە لە سەردەمی شاعیردا پیـشەسازی عـەرەق و سرکە دروسـتکردن لـە زۆربـەی شـارەکانی کوردسـتان و تـا ڕادەیـەکیش لـە

[١] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١، دێش ١.

گونده دێرینەکانی دەڤەرەکەدا هەبووە. ئەوەی ئەم پیشەیە پتر خۆماڵی و بەرەو پسپۆڕی دەبات، ئەوەیە کە هەردووکیان خاوەن ڕەزی ترێ نین و لە بازاڕ دەیکڕن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شارنشین بوونە. لە ڕووی دیدگەی دەربڕینەوەش، کارەکە زیاتر بەرەو ئامانجێکی ئابووری دەچێت. لە ڕووی هونەریشەوە کۆکردنەوەی دژیەکەکانەو حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات:

**دوای ئەوەی هەر کەس بەخەیاڵەوە**

**باری دایە پێش هاتە ماڵەوە**[1]

ئەندێشە بنەمایێکی سەرەکییە لە ئایرۆنیدا، شاعیریش لێرەدا دەرگەی ئەندێشەیان دەخاتە سەرپشت و هەر یەکێکیان بەرنامە چاوەڕوانەکەی بە ئومێدەوە دەخاتەڕوو:

**عەرەق خۆر ئەیوت مادام بێ پارەم**

**ئەیکەم بە شەراب بۆ ئەم بەهارەم**

**سۆفیش هاتەوە زوو بەدەستوبرد**

**داوای لەگەن و تەشت و کووپەی کرد**

**بژاردیان هەموو خەڵکی ئەو ماڵە**

**کردیانە کووپەی کۆنی چەند ساڵە**[2]

ئەوەی هەردوو کابرا مەزندەیان دەکرد و لە ئەندێشەیاندا نەخشەیان بۆ دەکێشا، لە ماڵەوە جێبەجێیان کرد و بە شێوەی ئامرازە سەرەتاییەکانی دەزگایەکی بچووکەوە دەست بەکاردەبن و یاریدەدەرەکانیانیش هەر ئەندامانی خێزانەکانیانن. بەم شێوەیە بابەتی هەڵبەستەکە نزیکی واقیع دەبێت، لایەنێکی چالاکییەکانی خێزانی کوردەواریش لە خۆوە دەگرێت، کە

[1] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١، دێڕ ٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٨١، دێڕ ٤-٦.

زۆر جـار مانـدووبوونیان زۆرەو دەسـتکەوتیان کەمـە، یـانیش بـە زیـانێکی زۆرەوە بەسـەریاندا دەشـکێتەوە، هـەر وەکـو بـە سـەر ئـەو دوو خێزانـەدا هاتووە:

**کە چی پاش ئەوەی ماوە بەسـەرچـوو**

**سرکەی مام سۆفی بە شەراب دەرچوو**

**شـەرابی کـابـــراش بـــوو بە ســـرکە**

**کفر ئەحمەد ئازای وەرە دەنگ مـــەکە**[1]

شاعیر دەیەوێت چەندین بۆچـوون و چـەمکی ژیـانی ڕابـردوو بخزێنێتـە نێـو دەقەکەیەوە، بۆ ئـەوەی مـۆرکێکی سـەردەمیانەی پـێ ببەخـشێت، پـەنا بـۆ ئاقڵمەندیی کفر ئەحمـەد دەبـات کـە پەنـدە فەلـسەفییەکانی و سـەربووردە ئەنتیکـەکانی لەسـەر زاری خـەڵکی بـە زینـدوویێتی ماونەتـەوە. لـە ڕێگـەی گێڕانەوەیەکی هێمنیشدا هەوڵ دەدات دەربڕینی کارێکتەرەکانی لە کـەتواری خۆیانـەوە هـەڵبقوولێت و پـشت بـە زمـانێکی سـادە ببەسـتێت، بۆیـە زمـانی شیعرەکەی لە نێوان کەلەپوورو سەردەمدا تێکەڵ دەکات:

**عەرەق خۆر سرکەی کردە دەرکۆڵان**

**ئەهات و ئەچوو، ورد ورد ئەی بۆڵان**

**سـۆفیش گاڵـــی دا شـەراب بڕژێنن**

**پیاوی تـەمێ کرد کووپە بشـــکێنن**

**بـەمە چیرۆکـی کفر ئـەحمــەدی پــیر**

**تازە بووەوە و هـاتـەوە بـــەر بیـــر**[2]

هەردوو کابرا هەست بە شکستێکی ئـابووری دەکـەن و هـەر یـەکێکیان بـە شـێوەیەکی جیـاوازەوە بـێ ئومێدییەکـەی دەردەبڕێـت. جووڵـە و ڕەفتـاری

---

[1] أ. ب. هەوری، هەمان سەرچاوە ، ل٨١، دێش٧-٨.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٨١-٨٢.

عـەرەق خۆرەکـە نیـشانەی هـستیریاییێکی دەروونـی پێـوە دیـارەو هـەموو کاردانەوەکەیشی لە چەند قسەیەکی بێ مانـادا کۆدەکاتـەوە کـە کـەس لێـی تێناگات و تـەنیا بۆڵـە بۆڵێکـەو ملکەچـی قـەدەر دەبێـت و خـۆ بەدەسـتەوە دەدات.

سۆفییەکەش تووڕە دەبێت و لـە حاڵـەتێکی هەڵچوونی تونـددا دەسـەڵاتی خۆی بەکاردێنێت و ئەمر دەفەرموێت کە شەرابەکە بڕێـژێنن و کووپەکەیـشی دەشکێنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سۆفییەکە لەو باوەڕەدایـە کـە نـە تـەنیا شـەرابەکە حەرامـە، بـەڵکو ئـەو ئامرازانـەی لـە دروستکردنیـشیدا بەکارهاتوون حەرامن و دەبێت لەناو ببرێن، بـۆ ئـەوەی نـە ئـەو و نـە کەسـی دیکـەیش بـەکاریان نـەهێنێت. لـەم ئەنجامـەدا حاڵـەتێکی ئـایرۆنی دروسـت دەبێت کە خوێنەر بە ئاسانی لە مەبەسـتی شـاعیر تێـدەگات. دەتـوانین لـەم دوو حاڵەدا کورتی بکەینەوە:

ــ سـۆفی و عـەرەق خـۆر دوو کەسـایەتین و هـەر یـەکێکیان ڕەمزێکـە بـۆ توێـژێکی کۆمـەڵ. ئـەم جـۆرە کەسـانە (توێـژە کۆمەڵایەتیانـە) لـە حاڵـەتی تووشـبوونی شکسـت و نـسکۆ هێنانیانـدا توانـای هەسـتانەوەو دووبـارە خـۆ ڕێکخستنەوەیان نییە. ئـەم حاڵەتـەش گوزارشـت لـە جـۆری ئـایرۆنی تراژیـک دەکات.

ـ دیارە هیچ پێوەندی و هاوکـاری لـە نێـوان ئـەو دوو کەسـەدا نـەبووە. بـە پێچەوانەوە ئەگەر ئاگایان لە یەکدی هەبوایە، ئەوە کارەکە زۆر ئاسان دەبوو و بەرهەمـەکانیان ئـاڵوگۆڕ دەکـردو هـەردووکیان سـوودمەند دەبـوون. ئـەم حاڵەتەش گوزارشت لە جۆری ئایرۆنی قەدەر دەکات.

شاعیر لە دوا دێڕەشیعری ئەم بەشـەی قەسیدەکەدا، جـەخت لەسـەر ئـەم دابڕانەی لە نێوان توێژو چینەکانی کۆمەڵدا هەیە دەکات، لەو باوەڕەدایە کـە حاڵەتێکی نوێ نییە، بەڵکو لە مێژەوەیـە ڕەگـی لـە نێـو کۆمەڵـدا داکوتـاوە،

بۆیە یەکسەر بە چیرۆکێکی کفر ئەحمەد[١]ەوە دەبەستێتەوەو لە سەرەتاوە پێناسەیەکی کورتی کەسایەتییەکەی دەکات:

کفر ئەحمەدێك بوو لە کوردی پێشین
مادی پەرست بوو، بەڕەڵا لە دین
مەشهوور بوو ناوی ئەو بە کفر ئەحمەد
فەیلەسوفێ بوو گەلێك خێرەومەند[٢]

ئەو ڕووداوەی پێشتر، کە گرتنەوەی ترێ بوو، لە لایەن دوو کەسەوە ئەنجام درابوو، هەر یەکێکیانیش لە کارەکەیدا کێشەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەوە کفر ئەحمەد یەك کەسەو کێشەی لەگەڵ دوو شت (گیانلەبەر)دا هەیە. دەیەوێت ئەوەی کەڵکی هەیە بمێنێت و ئەوەی بێ کەڵکە بمرێت و بۆ ئەم مەبەستە دوعا دەکات:

حەقی بە دەست بوو کفر ئەحمەدی کۆن
دوعای کرد بۆ ژی مانگاکەی بۆ ڕۆن
بە سۆز و بە کوڵ لاڵەی کردە خوا
کەرەکەی بمرێ با کاکەی نەخوا[٣]

---

١ کفر ئەحمەد یان کفرەحمەد، بیرمەندێکی نەناسراوی میللی کوردە و ڕەنگە سەربووردەکانی ((لە ڕوخساردا سادەبن و نەنووسرێنەوەو بلاوبوونەوەیان بەناو خەڵکداو لە لایەن خەڵکی سادەوە گێرانەوەیان دیمەنێکی سادەیان داوە بەو قسانە، بەلاّم لە جەوهەر و مانای قووڵدا، زۆر لە قسەی حەلاج و فەیلەسووفە متصوفەکانی تری موسڵمان ئەچێت کە بەو ڕێگەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوون)). بڕوانە: (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠-١٩١). لە ڕووی هونەریشەوە زۆربەی قسەو سەربووردەکانی کفر ئەحمەد پشت بە ئاستێکی بەرزی ئایرۆنی دەبەستن. / بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( شاکر فەتاح ، پێکەنین پرشنگ دەدات لە ژین، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٦، ل٣٩-٤١) کە دەقی ئەو چیرۆکەیشی تێداپە کە شاعیر سوودی لێ وەرگرتووە و شیعرەکەی لەسەر هۆنیوەتەوە.

٢ أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢، دێش ٤-٥.

٣ سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢، دێش ٦-٧.

کفر ئەحمەد کەسێکی پراگماتیکییە و پێچەوانەی کەسایەتی هەردوو کابرای پێشترە، چونکە جەخت لەسەر ئەو شتانە دەکات کە لە ساتێکی دەستنیشانکراوی ئێستادا سوودی هەیەو ئەو شتانەی بێ سوود بوونە هیچ بەهاییێکیان بۆ دانانێت، بۆیە دوعا دەکات مانگاکەی بمێنێت، چونکە ڕۆن دەدات. حەزیش دەکات کەرەکەی بمرێت، چونکە ئیشی پێ نییە، بەڵکو زیانی پێ دەگەیەنێت و کاو ئالفەکەی دەخوات. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پێویستی بە بەرنامەیەکی تێرو تەسەلە، بەلام کفر ئەحمەد هیچ پلانێکی لەبەر دەستدا نییەو ناجووڵێتەوەو تەنیا پشت بە هێزی خوا دەبەستێت، کە کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات:

**بەیانی بینی مانگا مـــردووە**

**زەڕەی نێرەکەر دنیای گرتووە**[1]

ئەوەی ڕوویداوە بە پێچەوانەی حەزی کفر ئەحمەد بووە، گیانلەبەری بەکەڵك ڕۆیشت، ئەوەی بێ سوودیش بوو بۆی ماوەتەوە. ئەمە پرسیارێکی گەورەیە و خاوەنەکەی پەرێشان کردووەو ناتوانێت بە ئاسانی وەلامەکەی بدۆزێتەوە، چونکە ئەم هاودژییانە لە حەزی ئینساندا شتێکی خۆڕسکین و ئاکامێکی ئەرێنی یان نەرێنییان هەیە. لە هەر یەکێك لەم دوو حاڵەتانەشدا خاوەنەکەی بە پێی کاریگەری ئاکامی ڕووداوەکە کاردانەوەیەکی جیاواز لەوی دیکە دەبێت:

- یەکەمیان، بێ ئومێدییەکی ڕەشبین خاوەنەکەی دادەگرێت و ناچاری دەکات ملکەچی ئەو قەدەرە بێت کە تووشی بووەو لە ئەنجامیشدا یان بەرەو ناموبوونێکی گۆشەگیر دەڕوات، یانیش لە نێو ملکەچییەکی هێوردا دەستەمۆ دەبێت.

[1] أ. ب. هەوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢، دێش ٨.

ــ دووەمیــان، ناڕازیبوونێــك وا پیــشان دەدرێــت، کــە خاوەنەکــەی بــە تووڕەییــەوە ئــەو ئاکامــە ڕەت دەکاتــەوەو دەســت بــۆ ئــەو هێــزە دەســەڵاتە داناهێڵێت، بەڵکو هەڵوێستێکی توندی بەرانبەر وەردەگرێت وکردەوەکەیشی بە شتێکی نادروست دەزانێت و لێی یاخی دەبێت.

کفــر ئەحمــەد کەوتۆتــە نێــو گێــژاوی حاڵــەتی دووەمــەوە، کاردانەوەیــەکی نالۆژیکی دەنوێنێت، بە گژداچوونەوەیەکی تونـدەوە بەرامبــەر بــە جەلالــەتی خــوا ڕادەوەســتێت و فەرمانەکەشــی بــە کــارێکی نــاڕەوا دادەنێــت، بــە پێچەوانەیــشەوە هەوڵــدەدات ڕەواییــەتی بۆچــوونەکەی خــۆی بــەکردەوە بسەلمێنێت:

**کفــر ئەحمــەد ڕایکـرد بە هەڵــەداوان**

**کوێرێکی هێنا دوو دەست بە گۆچان**

**کاتێ دەستی دا کوێر لە کلك و ســەر**

**مانگــای مردوو دی زیندوو نێرەکەر**[1]

کفر ئەحمــەد لــەو بڕوایەدایــە، کــە بەڕێگــەی بــەراوردکردنی هاودژەکانــەوە، توانیویــــەتی هەڵەیــــەکی گــــەورەی قــــەدەری دەستنیــــشان بکــــات. لــــە لێکدانەوەکەیـشیدا تــەنیا پــشت بــە هەســتەوەری بینینــی بەســتووە. ئــەم هاوکێـشە ئالۆزەیــەش بــە ڕێگــەی هەســتەوە هاوســەنگ نابێت، بــە تایبــەتی هەستی بینین، کــە تــەنیا ڕوخساری شــتەکان دەبینێـت. بــەڵام ئــەم کابرایــە سوورە لە سەر ئەوەی کە بۆچوونەکەی ڕاستە:

**ئەوســا کفر ئەحمــەد ڕووەو ئاسمان**

**ســەری هەڵبڕی وتـــی ئەی یـــەزدان**

**چاوی تواناییـت مێرووڵەی باریـك**

**لە وەردی ڕەشـدا لە شــەوی تاریــك**

---

[1] أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢، دێش ٩-١٠.

**دەبینێت تــەواو ئــەیدەیتیٚ لــەوەڕ**

**کەرەکەت نەدی، نەت بیست زەڕەزەڕ**[1]

هەر لەسەر بنەمای هەستەوەری( بیـنین)ەوە، دوو جیـاوازی دیکـە بـەراورد دەکات و بە دوو لایەنی هاوکێشەیەکی دادەنێت، کە بـەپێی بۆچـوونی خـۆی پێویستە وابێت. لـەم جیاوازییـەدا حاڵـەتێکی ئـایرۆنی دروسـت دەبێـت، کـە کەرەکە تێدا دەبێتە قوربانی. بەڵام لە بنەڕەتـدا وانییـە، چـونکە ئەمانـە دوو شــتی جیــاوازن و پێوەنــدییان پێکــەوە نییــەو هــەر یــەکێکیان حاڵــەتێکی سەربەخۆیە و لە نێـو خۆیـدا ئاسـتێکی ئـایرۆنی دروسـت دەکـات. یەکـەمیان (مێرووله) گیانلەبەرێکە لەدوای خواردن دەگەڕێت بۆ ئەوەی ژیانی بـەردەوام بێــت، ئەگــەر دەســتنەکەوێت لــە برســاندا دەمرێــت. دووەمیــانیش لەبــەر کێشەیەکی فەسلەجی ، جەستەی لەکاردەکەوێت، ئەگـەر چارەسـەر نـەکرێت گیــان لەدەســت دەدات. ئــەم ململانێیــەی نێــوان ژیــان و مــردن حاڵــەتێکی ئایرۆنییەو کفر ئەحمەد تێدا دەبێتـە قوربـانی، چـونکە لـە غەفڵەتدایـە و بـە تەواوەتی لـە ڕاسـتی مەسـەلەکە بیٚ ئاگایـە، بـەڵام لـە هـەر یـەکێك لـەو دوو حاڵەتەی سەرەوەیشدا، کە هەر یەکێکیان حاڵەتێکی ئـایرۆنی تـەواوی لـەخۆ گرتووە، لـە لەوانەیـە یەکەمیانـدا مێرووڵـە ببێتـە قوربـانی و لـە دووەمیـشدا کەرەکە، کە بە ڕاستیش ڕوویداوە. خوێنەر لە مەبەسـتی شـاعیر تێـدەگات و پێکەنینیشی بە ڕەفتاری کفر ئەحمەد دێت.

---

[1] أ. ب. هەوری، سەرچاوەی پێـشوو، ل٨٢، دێـش ١١-١٣. / جگـە لـە (أ. ب. هــەوری) شـاعیرو نووسەری دیکەیش لە نێو شیعرەکانیاندا ئاماژە بە کەسایەتی کفرەحمەد دەکەن و وەکو ڕەمزێکـی رکابەری و سووربوون لەسەر قسەی حەق لە قەڵەم دەدەن. بۆ نموونە (پیرەمێرد) دەڵێت:

**کفر ئەحمەد تا مرد قسەی لە خوا کرد**

**بەو حــەقە لای حـەق ئیمـانی دەربرد**

ڕ: ژیان، ژ٣٧٣ لە ١٠/ ١٩٣٣/٨، ل٢، ئەس٢، دێش٣.

ئـەم هەڵبەسـتە گوزارشـت لـە هۆشـياری شـاعير دەكـات، كـە لـە ڕێگـەی دەقئاوێزانێكـەوە توانيويـەتی بينـای دەقەكـەی لەسـەر هونـەری ئـايرۆنی دابڕێژێت و هاودژەكانی نێو ڕووداوەكانيش لە ململانێيەكی توندا هاوسـەنگ بكات، كە ڕاستەخۆ واقيعی كۆمەڵی كوردەواری ئـەو سـەردەمە تێدا ڕەنگی داوەتەوە.

**٢ـ گوارەی گوێی يار**

قەسيدەی (گوارەی گوێی يار)ی (پيرەمێرد) يش جۆرێكی ديكەی هەڵبەسـتی ئايرۆنييە، كە لەسەر كێشی خۆماڵی (٥×٥) برگەيی بنيات نـراوەو پـشتی بـە جووت سەروا بەستووەو زمانە شيعرييەكەيشی ئاسان و پـەتی و ڕەوانـەو بـە شێوەيەكی ڕێكوپێك تەكنيكـەكانی لادان و ڤـالآيی و كـەلێنی پڕەوكـردووە. شـێوازی گێڕانـەوەيی بـەكار هێنـاوە، بۆيـە دەتوانرێـت دێڕەشـيعرەكانی بەسەريەكەوە بخوێنرێنەوە. ئـەوەی ئەنـدازەی بنيـاتی دەقەكـەی تێكـداوەو مۆسيقای ناوەوەی ناسەقامگير كردووە، ديدگەی شاعيرە، كە لەسەر بنەمای بينـاكردنی وەهـم و دارمـانی وەهـم دايڕێـشتووەو پانتـايێكی فراوانـی بـەم دواليزمە داوە، كە چەند جارێـك هـاودژی لـە نێـوان هەڵوێستەكانی شـاعيردا دروست دەكات. بۆ هەڵسەنگاندنی لايەنەكانی ئەم هاوكێشەيەو بەراوردكردنی يەكە ڕامانييەكانی دەقەكە، بە پێويست دەزانرێت لەم چەند هەنگاوەدا كورت بكرێنەوە:

**پەيدابوونی وەهم:**

لە ناونيشانی هەڵبەستەكەوە وەهمێك پەيدا دەبێت، كە ديار نييە شاعير چ مەبەستی بەو گوارەيە هەيە. سەرەڕای ئەوەيش ناونيشانەكە خۆی بووەتە بەشێك لە يەكەمين دێڕەشيعری هەڵبەستەكەو دووجار دووبارە بۆتەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەقەکە هەمووی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە. مەبەستەکەش ئەوە نییە کە گوارەکە نیشانەی پێوەندییەك بێت لەنێوان دوو خۆشەویستدا. یانیش وەکو خشڵێکی گران بەها کڕرا بێت و بە دیاری پێشکەش بکرێت، بەڵکو شاعیر بەو وەهمەوە دەژێت، کە تاکێکی گوارەکەی دۆزیوەتەوەو وەکو کلیلێك بۆ کردنەوەی دەرگەی خەونەکانی بەکاری دێنێت:

**گوارەکەی گوێی یار..........**

**تاکێکم دەست کەوت، لە گوارەی گوێی یار**

**لەچاوم هەڵسوو، بەدڵەی پڕ جەخار**

**ڕووناکی بەخشی، بە دوو دیدەی تار**[1]

شاعیر هێشتا بە دیداری یارەکەی بەختەوەر نەبووە. بێبەشە لە قسە خۆشەکانی خۆشەویستەکەی. گوێی لە ڕازو نیازی نەگرتووە. لە ڕێگەی ئەو تاکە گوارە دۆزراوەیەوە دەیەوێت گفتوگۆیەك لەنێوان خۆی و تەرەفی دیکەدا دروست بکات، کە لایەنی بەرامبەر بێ ئاگایە لەم پێوەندییەو لەوانەیشە دڵی لەلای کەسێکی دیکە بێت:

**هێز کەوتە جەستەی، جەفا کەشیدەم**

**کەوتەوە سەرخۆی، ڕووی ڕەنگ پەڕیدەم**

**هیوای زیندەگی، تازە کردمەوە**

**خەفەتی لە دڵ، لابردمەوە**[2]

شاعیر لەسەر ئەم وەهمە بەردەوام دەبێت و هەموو هێزەکەی لە بۆشاییێکەوە وەردەگرێت، کە هیچ بنەماییێکی نییە. جیهانێکی پڕ جۆش و خرۆشی دروست کردووەو وا دەزانێت هەموو شتی بەدەست هێناوە، لە

[1] ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥، دێش٤-٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٢٠٥، دێش ٦-٧.

ڕاستیـشدا هێـشتا هـەنگاوێکی واقیعـی دیارنییــەو تــەنیا لەگــەڵ گوارەکـە دەدوێت:

**گەیمــە پایــەی شەوق بە کامەرانی**

**شام بە ســـەپانی خـۆم نەدەزانــی**

**وەك دەواگاهــیێ، ئەمنایە ســەر دڵ**

**گا بۆنم ئەکرد، وێنەی خونجە گوڵێ**[1]

لەنێو ئەم خۆشییەدا، شاعیر بۆ دیداری یار حەسرەت دەکێـشێت. گومـانێکی بۆ دروست بووە، کە ناتوانێت بچێتە لای. دیتنی ئاسان نییە. ئەم پەرۆشـییە ئەزیەتی دەدات، بۆیە لە دڵییەوە نزیکی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی زامـەکانی پـێ سارێژ بکات. جاری واش هەیە وەکو گوڵ بۆنی دەکات، چونکە لە بۆنی بسك و ئەگریجەی یار بێبەشە. لێرەدا هەست دەکـات کـە خۆشەویـستییەکەی بـێ بنەمایەو بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات.

**داڕمانی وەهم:**

وەهمەکەی شاعیر دروستی کردبوو، لە واقیع دووربوو، بـە کـردەوەش هـیچ بنەماییەکی ڕاستەقینەی نەبوو. بەپێچەوانەوە، هاودژییەکی توند لە نێوان ئەو خۆشەویستییەی کە شاعیر لەسەر وەهمێکی بێ بنەما دروسـتی کردبوو، لـە نێوان بێ ئاگایی کچەکەدا هەبوو. لەم حاڵەتەشدا خوێنەر لـە پـێش شـاعیردا هەست بە داڕمانی ئەم جۆرە خۆشەویستییە دەکات. شـاعیر بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەخۆ سـەرنەکەوتنی خـۆی ڕادەگەیـەنێت، کاتێـك دەزانێـت نـە تـەنیا کچەکە ئاگای لێ نییە، بەڵکو گوارەکەشی لێی بێزار بووە:

**من بەم کەیفەوە، ئەو مات و غەمگین**

**بێ زەوق، بێ شـەوق، کز و ماتـەمین**[1]

---

[1] ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠٥، دێش ٨-٩.

لـەم وەرگەڕانـەدا، چـەندین هـاودژ پەیـدا دەبـن، کـە هـەموویان پێکـەوە حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکەن:

- لایەنی یەکەم بە کەیفە، بەڵام لایەنی دووەم بێدەنگ و خەفەتبارە.
- هەردوو وشەی (زەوق) و (شەوق) لەڕووی فۆرمەوە هاودژییـەکی ڕیتمـدار دروست دەکەن، ئەمەش تەکنیکێکی ئایرۆنییەو لـە ڕووی ڕەوانبێژییـەوە ڕەگەزدۆزییەکی ناتەواو پێك دێنێت.
- لە ڕووی ڕامانیشەوە (زەوق) و (شەوق) جیاوازییان هەیـە. هـەردووکیان لـە دەروونێکــی ســاف و بــێ کێــشەوە هەڵــدەقوڵێن، بــەڵام یەکــەمیان کاریگەرییەکەی لەسەر خودی خاوەنەکەی هەیەو دووەمیانیش کاریگەری لە بەرامبەرەکەی دەکات.
- لایەنی یەکـەم کەیفەکـەی بـە بـۆنکردن و ماچـکردن دەردەبڕێـت. لایـەنی دووەمیش زیزبوونەکەی بە بێـدەنگی نوانـدن و خەفـەتباری دەردەخـات، بۆیە کردەوەی (مات)ی بێ زەوقی دروست دەکات و ئەوەی بێ زەوقیش بێــت کــز دادەمێنێــت. کــردەوەی (غــەمگین)یــش، بــێ شــەوقی لێ دەکەوێتەوەو ئەوەی بێ شەوقیش بێت ماتەمینی پێوە دیارە.

**دووبـارە بیناکردنەوەی وەهم:**

شاعیر سەرلەنوێ دارِمـانی وەهمەکـە بینـا دەکاتـەوە. ناتوانێـت ڕاسـتەخۆ کچەکە ببینێت. بە هۆی ئەندێشەیەکی گەییەوە برەو بە خەونەکانی دەدات و گوارەکەی دەکاتە خوازەو دەیدوێنێت. خۆی پرسیارەکان ڕێك دەخات و هەر خۆی وەڵامەکانیان دادەڕێژێت و یەکەم پرسیاریشی لـەبارەی پەڕۆشـی یـارە

[1] ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بر١،سەرچاوەی پێــشوو، ل٢٠٥، دێش ١٠.

(گـواره)کەیـەو دەیـەوێت وەڵامەکـەی ئەوەنـدە کاریگـەر بێـت، کـە بتوانێـت گومانەکانی پـێ بڕەوێنێتەوە:

**لێم پرســی توخــوا، ڕاستم پـێ بڵـێ**
**بۆ چ وا دەروونت، بە قوڵپ ئەکوڵـــێ**
**وتی، عومرێکم لە بناگوێی سەرف کرد**
**ســەر ســەرەنگرێ، چــەندێکم دەربرد**
**لەســای زولفیــدا، لەنجــە و لارم بوو**
**لـە بناگوێیــدا شـــەو قەرارم بــوو**[1]

وەڵامدانـــەوەی گوارەکـــە نیـــشانەی زیندووکردنـــەوەی وەهمەکەیـــە. هەڵـسەنگاندنی هۆکارەکـانی داڕمـانی پێـشتریش بەڵگــەی گەشــەکردن و بەرەوپێشبردنی جیهانێکی بیناکراوی نوێیە:

**ڕۆژێ بە گێچەڵ، زولف ئالأبووە مـن**
**بەری نەئەدام، لێم بوو بووە دوژمـن**
**دەستی برد لە دەست زوڵفم دەرێنێ**
**نەمزانی جووڵەم گوێچکەی دێشینێ**
**کە ڕایکێشابووم، گوێی داتلێشابوو**
**بــەو ئــازارەوە ، دڵــی ئێشـابوو**[2]

لــە ئــەنجامی لێکدانــەوەی بنــەماو خەســڵەتەکانی وەهمــە نوێیەکــە، دەردەکـەوێت کـە ناتوانێـت لەسـەر پــێ بوەسـتێت و مەرجـەکانی ژیـانیش بەخۆوە هەڵناگرێت، بۆیە بەو ئومێدەوە پێوەندییەکە بەردەوام دەکـات، کـە لە دوورەوە خۆشی بوێت:

---

[1] ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦، دێش ١- ٣.
[2] هەمان سەرچاوە ، ل٢٠٦، دێش ٤-٦.

ئەو شاد بوەوە، بە وەسڵی دولبەر
منیش بەڕۆڕۆ ڕۆژ ئەبەمە سەر
بەڵام نامەوێ وەسڵ حاسڵ بێ
نەوەکا بەوەسڵ عەشقم زایل بێ[1]

ئەم دەقە بە وشەی گوارە دەست پێ دەکات، کە خشڵێکی بەها گرانی کچێکە و ئەوەی بەرانبەر بە ئاسانی بەدەستی دێنێت، کە بەڕێکەوت دۆزیویەتییەوە، بەڵام ناتوانێت بە دیداری کچەکە شاد بێت، یانیش هەر هیچ نەبێت دڵی بۆ خۆی ڕابکێشێت. لە یەکەم وشەدا هاوکێشەیەك لە نێوان سامان و خۆشەویستیدا دروست دەبێت، کە خاوەنەکەی هەوڵ دەدات هاوسەنگی بکات. ئەم ململانێیە لە یەکەم ڕستەوە دەست پێ دەکات تا دوا ڕستەی دەقەکە بەردەوام دەبێت، کە بە وشەی (زایل بێ) بە کۆتایی دێت. کەواتە لە نێوان هەردوو وشەی (گوارە) و (زایل بێ) مەودایێکی درێژ هەیە، کە چەندین جار خاوەنی دەقەکە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی سامانەوە پڕی بکاتەوەو بە دیداری خۆشەویستەکەی شاد بێت، بەڵام لەبەر هۆیێك لە هۆیەکانەوە بۆی نالوێت. لە نێوان هەر هەوڵێکی بەدەستخستن و داشکەستنیشدا حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەبێت.

[1] ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠٦، دێڕ ١٠.

## تەوەری سێیەم: تەکنیکی کورتە شیعری ئایرۆنی ئامێز

ئەم جۆرە دەقێکی شیعرییەو لە هەڵبەستی ئاسایی کورتترە، بەو پێیەی کە لە ئەدەبی کوردیدا هەڵبەست لە ڕووی ڕوخسارەوە ((دەکرێ بە دوو بەشەوە، یەکەمیان "لیریك"، دووەمیان "ئیپیك"(ئێپۆس). لیریك بە پارچە شیعرێکی کورت و قەوارە بچووك دەووترێ، ئەمە تاك (فرد)، چوارین (رباعیە)، دوو بەیت، پارچە (قیتعە)، غەزەل، قەسیدە و گەلێ شتی تریش دەگرێتەوە. هەرچی "ئێپۆس" یشە بە شیعرێکی درێژ و قەوارە گەورە دەووترێ))[1]. ئەمە بابەتێکی هونەریی ئاڵۆزە و لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، کە لێرەدا بە کارێکی پێویست نازانرێت بوارێکی پتر پێ بدرێت و شیکردنەوەکەیشی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ناوەرۆکی ئەم نامەیە دروست ناکات.

ئەوەی پێوەندی بە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەوە هەبێ، تەکنیکی شیعرە، کە لە نێو شیعری نوێی کوردیدا ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، چ بە شێوەیەی تاك (فرد) یان (چوارین) یانیش هەر کۆپلەیەکی شیعری سەربەخۆ بێت، کە بۆ مەبەستێکی دەستنیشانکراو هۆنراوەتەوە، بە تایبەتی کە جەخت لەسەر ئەم لایەنانەی خوارەوە دەکەن:

١ـ ئەم جۆرە دەقانە کورتن، بەڵام بە دەربڕینێکی چڕ و دەستەواژەیەکی خەستەوە بارکراون، بۆیە زمانە شیعرییەکەی پترین ڕامان لەنێو کەمترین وتەدا کۆدەکاتەوە، کە بوارێکی زۆر بۆ بەراوردکردنی هاودژییەکان و لێکدانەوەی ململانێیەکان دەڕەخسێنێت. لە هاوکێشەکانیاندا حاڵەتێکی ئایرۆنی دێتەکایەوە. پانتاییەکی لەباریش بۆ ڕەخنەگرتن و ئاماژە ئاراستەکراوەکان فەراهەم دەبێت. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لە تاکە فەردێکدا

[1] د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بر١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل١٦١، پەر١-٣.

نەخشە پلانێك بۆ كۆكردنەوەی چەند دژیەكێك دادەنێت و مۆركێكی ڕێنماییكەرەوەی پێ دەدات:

**زینهار لە تكا مەچۆ بۆ تكا**

**كە كەوتیە تكا ئابڕوت تكا**[1]

دەستپێكردنی ئەم كورتە شیعرە بە وشەی هۆشیاركردنەوە (زینهار) نیشانەی ئەوەیە، كە شاعیر دەیەوێت بەرامبەرەكەی لە زیانی حاڵەتێك ئاگادار بكاتەوە، كە ئەگەر ڕوو بدات ئەوە زۆر شت لەدەست دەدات، بۆیە لە دۆخی فەرمانی داخوازیدا دەردەبڕێت و جێبەجێكردنیشی دەكاتە نیمچە ئەركێك، چونكە كاتێك ئینسان دەكەوێتە نێو كێشەو كارەساتەوە پێویستە گیانی ڕكابەری لە كەسایەتییەكەیدا هەبێت. وشەی (تكا) چوار جار بەكارهاتووەو هەرجارێ بە مانایەكی جیاواز یانیش بۆ مەبەستێكی جیاواز، كە هەموویان پێكەوە ڕیتمێكی وا دروست دەكەن كە خوێنەر لە بەراوردكردنیاندا هەست بە حاڵەتێكی ئایرۆنی دەكات و جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی بە تكا دەچێت و داوای تكا دەكات و لە نێوان ئەوەی بە تكا دەچێت و تكا لە كەس ناكات. بە تكا چوون مانای گریانی بە كوڵ دەدات كەواتە خاوەنەكەی لێ قەوماوەو تووشی گرفتێكی گەورە بووە. لەم حاڵەتەدا دەبێت تكا لە كەس نەكات و بۆ كەسیش نەپاڕێتەوە، بەڵكو لە پێناو مافەكانیدا تێ بكۆشێت، چونكە ئەو ئینسانەی كەوتە بەر تكاكردن و پاڕانەوە هەموو شتێك لەدەست دەدات و لە لایەن خەڵكی دیكەیشەوە بەركەنار دەكرێت.

٢ـ لە قەسیدەی كورتدا، شاعیر هەندێك جار ژمارە و ڕێژە بیركارییەكان بەكاردێنێت، بۆ ئەوەی شتە جیاوازەكان بەراورد بكات و قەوارەو كاریگەرییەكانیان بەوردی دەستنیشان بكات. بۆ نموونە (كامەران موكری)

---

[1] محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

له شیعرێکی کورتدا به ناونیشانی (ژیان و تەمەن)، پێوەرێك بۆ خۆشەویستی وڵات دادەنێت، که خاوەنەکەی لە ڕێگەی دڵسۆزییەوە دەینوێنێت. ڕادەی دڵسۆزییەکەیشی به جۆری تێکۆشانەکەیەوە دەبەسترێتەوە:

**ژین له لای دڵسۆز هەر تێکۆشانه**
**هەوڵه بۆ خاکی ئەم کوردستانه**
**خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن**
**تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن**
**(ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد)**
**(له چوار پێنج ساڵی تێپەڕی ئەکرد!!)**[1]

هەر له ناونیشانی هەڵبەستەکەوە، حاڵەتێکی ئایرۆنی دەست پێ دەکات، که خوێنەر دەتوانێت دوو لایەنی هاوکێشەیەك بەراورد بکات، بەڵام مەودا زەمەنییەکانیان به ئاسانی هاوسەنگ ناکرێت، چونکه تەمەن سنووردارە و کۆتایی دێت، بەڵام ژیان بەردەوامە و دوا وێستگەی دیار نییە. کەواتە تەمەن شتێکی کەسییەو ژیان شتێکی گشتییە. هەردوو پێکەوە ئەنجامی نوێ دێننه کایەوەو کاری لەناکاو و ڕادەبەدەریش بەرهەم دێنن، بۆیە بەپێی مەودای تەمەنی هەر کەسێکەوە، بەشێك له ژیانیش بۆ ئەو پاوان دەکرێت. لەسەر ئەم پانتاییە تواناو ئاقڵمەندی و داهێنانی خاوەنەکەی دیار دەبێت. شاعیر هەوڵدەدات پێوەرێك بۆ ئەم هاوکێشانە دابنێت. پێوانەکان ئاڵۆزن، چونکه بەراوردکردنی شته جێگیرو جووڵاوەکان له لایێکەوەو کۆکردنەوەی تواناکانی تاك لەگەڵ پێوەندییەکانی کۆمەڵدا له لایێکی دیکەوە ئاستێکی بەرزی ئایرۆنی دروست دەکەن. خاوەنی ئایرۆنیش وەکو ڕەخنەگرێك هەوڵدەدات قوربانییەك نێچیر بکات. تاکی کورد بە ئاسانی دەکەوێته نێو داوەکانی ئایرۆنییەوە. هۆی سەرەکی ئەم داشکەستنەش بێ توانایی تاکی کوردە له

[1] دیوانی کامەران موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

گۆڕەپانی تێکۆشاندا. لەوانەیە خوێنەریش لەگەڵ شاعیردا هاوڕا بێت، بە تایبەتی کە ئەم بێ توانابیە بە خاڵێکی لاوازی میللەتی کوردیش دابنرێت. شاعیر بە ڕێگەی ڕەخنەی ئایرۆنییەوە گەیشتۆتە قووڵایی کێشەیەکی سەرەکی میللەتەکەی، بە زمانی ژمارە، دەربڕینەکانی بە وزەیەکی شیعری باردەکات. لە نێو کەلێنە زۆرەکانی ڕامانەکانیاندا دەرفەتێکی لەبار بە خوێنەر دەدات، کە ئەویش بەشداری لە چالاکییە بیرکارییەکاندا بکات و ڕاستییەکانیش هەڵبژێرێت. بۆ نموونە یەکێك لەو چالاکیانە ئەوەیە، کە لە هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگدا چەندین هاودژی ڕکابەری یەکدی دەکەن و لە لێکدانەوەیەکی ورددا خوێنەر دەتوانێت تەمەنی ئینسانی کورد بە ژمارەیەکی خەملێنراو دەستنیشان بکات، کە بە شێوەیەکی گشتی تێکڕای ساڵەکانی لەنێوان (٥٠–٦٠) ساڵ مەزندە دەکرێت، بەلاّم ئەوەی شاعیر دەستنیشانی دەکات ڕێژەیەکی ترسناکە، بە زەنگڵی ئاگادارکردنەوە دادەنرێت، ئەویش ئەوەیە کە دڵسۆزترین ئینسانی کورد تەنیا (٤–٥) ساڵ لە تەمەنی بۆ تێکۆشان لەپێناو ڕزگاربوونی ولاّتدا دادەنێت. لە دەرەوەی زمانی ژمارە و دەرخستنی ڕێژەکانەوە، مەبەستی شاعیر لە لایەنی شاراوەی دەربڕینەکانیدا ئەوە دەگەیەنێت کە گلەیی لە دڵسۆزانی گەلەکەی دەکات و ڕەخنەیەکی توندیش لەوانە دەگرێت، کە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ولاّت کار دەکەن.

٣ـ شاعیر لە یەك دێڕەشیعردا، دوو حاڵەت بەراورد دەکات، کە هەر یەکێکیان دژیەکی تێدایە و بەرامبەر حاڵەتی دووەمیش هاودژە. لە هەمان کاتیشدا هەوڵدەدات ئەوەی باشترە جێگەی خۆی لە نێو کورتە هەڵبەستەکەدا بگرێتەوە. بۆ نموونە (أ. ب. هەوری) لە چوارینێکیدا بەراوردێك دەکات لە نێوان ئەوانەی هەژاران دەچەوسێننەوە و ئەوانەی لایەنگیرییان دەکەن، دواتر ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە پارووی نان لە گەرووی

هەژارەوە دەردێنن، بۆ ئەوەی خۆیان تێر بن، بەڵام ئەو وەکو ئەوان بە بەشە کەمەکەی ڕازییە و چاوی لە بەری ڕەنجی کەسێکی دیکە نییە:

**ئەو ڕۆژە ناسیم ڕاست و چەپی خۆم**

**زوو تێگـــەیشـتم پێچـــەوانەی تـــۆم**

**تۆ بەشـی هـەژار ئەفرێنی بۆ خـــۆت**

**من هەر وەك ئەوان ڕازیی نان و دۆم**(1)

لەم هاوکێشە گەرمەدا شاعیر ململانێی چینایەتی دەکاتە چـەقی هۆشـیاری ئینسان. کردەوەی چەوساندنەوە سیمای ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەردوو لایـەن بوو. کاریگەریی ئەم ڕکابەرییە لە نێـو گـەلانی ژێردەسـتدا گـەرمتربوو، بۆیـە ڕۆشنبیرانی کوردی ئـەو سـەردەمە بـە شـێوەیەکی گشتی لایـەنگیری چـینی هەژارانیان دەکردو بە پێوەرێکی نیشتمانیشیان دادەنا.

٤ـ هەندێك جـاریش شـاعیر دوو شـتی پێـچەوانەی یەکـدی دەخاتـەڕوو، کـە خوێنەر دەزانێت یەکێکیان لەوی دیکـە باشـترە، بـەڵام شـاعیر بەشـێوەیەکی وای دەخاتەڕوو کە ئەگەر هەردووکیان نەبن هێشتا باشـترە. بـیری خوێنـەری بەرەو هونەری هەڵبژاردن دەبات، کە کامەیان باشـەو ڕێـژەی زیـانی کامـەیان کەمترە و سوودەکانی هەبوونیان یان نـەبوونیان چـەندە؟ بۆ نموونـە (شـێخ نووری شێخ سالح) لە تاکە شیعرێکدا خوێنەر سەرپشك دەکات لە هەڵبژاردنی ئەم دوو بۆچوونەدا:

**وەکو قەولت لەگەڵ خوا کردووە، هەرگیز دەسێ نەگـــری**

**ئەویشت خۆ لەدەس دێ وەك سەگێ لاقی کەسێ نەگری**(2)

ئەو کەسەی نایەوێ یارمەتی کەس بـدات، سروشـتێکی بەدڕەوشـتی هەیـەو پێچەوانەی ئـەو کەسـانەیە کـە ڕەفتـارێکی مرۆڤدۆسـتانەیان هەیـەو دەسـتی

---

[1] أ.ب. هەوری ، بەرهەمی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥-١٦٦.

[2] دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠١.

هەژار و لێقەوماوان دەگرن. شاعیر دەرفەتی هەڵبژاردن بە خوێنەر دەدات کە هەردوو حاڵەتان بەراورد بکات و ئەوەی لەگەڵ بۆچوونەکەی دەگونجێت دەستنیشانی بکات. بە لێوردبوونەوەیەکی سەرپێیشدا، دەتوانێت لە مەبەستی شاعیر بگات، کە لە میانی ڕەفتاری کەسی خراپەوە کە قسە لەسەر کراوە، دەکرێت لە ڕەفتاری کەسی باشیش تێ بگات و چاکە و خراپی هەردووکیان هەڵبسەنگێنێت. ئەمە لە لاییکەوە لە لاییکی دیکەوە دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە لەگەڵ هاوکێشەیەکی دیکەیش بەراورد بکات، کە ئەوەی ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا لەسەر بنەمای دەستگرتن و دەستنەگرتن بکات، ئەوە پێویستە ڕێگەی چەوت نەگرێتەبەر بۆ ئەزیەتدانی خەڵك.

٥ـ کاتێك بینای وەهمێك و دواتر هەڵوەشاندنەوەکەی لە هەڵبەستێکی کورتدا ئەنجام دەدرێت، شاعیر هەوڵ دەدات بە هۆی وشەی (بەلام ـ لێ) ئەو وەهم و هەڵوەشاندنەوەیە یەکلایی بکاتەوە. بۆ نموونە (د.کامیران عالی بەدرخان ١٨٩٥ـ ١٩٧٩) لە هەڵبەستی (ما چمان دچی)دا وەهمێك دروست دەکات و لەدوای دارمانی ئەو وەهمە، دووبارە وەهمێکی دیکە دروست دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ئایرۆنییەکی ڕۆمانسیدا ڕێکی بخات. بە هۆی وشەی (لێ) هەردوو کردارەکە لێك جیادەکاتەوەو دووەمیان دەچەسپێنێت:

**دلکەتی مە، دیلم ئەز، دۆتمیر و فەرمانداری تو!**
**سال و هیڤ هەردەم تو یی، هەم ڕۆڤەژین هەم ڕۆهلات،**
**دیلم ئەز، دیلا وەلاتی، ئەز ژی قوربانا تە مە،**
**گەڤرە یە هێڤین و ژن، لێ گەڤرەتر ئال و وەلات!..**[1]

---

[1] د. کامیران عالی بەدرخان، ماچمان دچی، گ: هاوار، ژ٣ س١، چارشەمب ١٥حزێران١٩٣٢، ل٥ ئەس١.

له دووباره بیناکردنەوەی جیهانی ئومێدەکاندا، ژیانی دیلی و ئەسارەتی بەجێ دێڵێت و جەخت لەسەر گەورەیی هیواو خەونەکانی ئینسان دەکات، بە تایبەتی کە هیوا بە پاشەڕۆژ هەبێت و ڕێز لە ژن بگیرێت، بەڵام ئەوەی هێشتا لە هەردووکیان گەورەترە ئاڵا و وڵاتە، لەم ئایرۆنییە ڕۆمانسییەدا شاعیر سەروەری وڵات لە سەرەوەی هەموو کار و ئەرکەکان دادەنێت. خوێنەریش لە مەبەستی شاعیر دەگات، کە بۆچی ئاڵا و وڵات دەبێت یەکەم ئامانجی هەر کوردێك بێت، چونکە لەو سەردەمەدا (سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم) هەموو گەلانی ناوچەکە پەرۆشی سەلماندنی پێناسەی نەتەوەیی خۆیان بوون و کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆییان دەکرد.

٦ــ شاعیر ئایرۆنییەکی ڕەخنە ئامێز لە نێو وێنەیەکی شیعریدا کۆدەکاتەوەو وەکو شیعرێکی سەربەخۆ دەخاتەڕوو. ئەم تەکنیکەش توانای خاوەنەکەی پێشان دەدات کە بە ئەندێشەیەکی گەییوەوە بەراوردێك لە نێوان دوو شت یان دوو کردەوە یانیش دوو ڕووداو دەکات و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێکەوە دەیانبەستێتەوە، بۆ ئەوەی گوزارشت لە مەبەستێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو لایەندا بکات. بۆ نموونە (پیرەمێرد) لەم تاکە بەیتەدا دەڵێت:

**لەناو، ئەو ئاوە جوانەی، تەرزی، تەرزە**

**دڵی (بی)و(مانگ)و(شاعیر) هاتە لەرزە**[1]

بە هۆی تەکنیکی ڕیتمەوە، خوێنەر هەست بە ئایرۆنی وشەکانی (تەرزە) و (تەرزی) و (لەرزە) دەکات، کە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە جیاوازییەکی ڕەگەزدۆزییان هەیە. لە ڕووی مانایشەوە، خوێنەر دژیەکەکان ـ کە سێ دڵی

---

[1] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بر١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦، دێش٧.

لەرزۆکن ـ کۆدەکاتەوەو لە بەراوردکردنیاندا کە (بی) لە ناو ئاودایەو (مانگ) بە ئاسمانەوەو دڵی شاعیریش لەسەر ئەرزە ئایرۆنییەکی ئاست بەرز دروست دەبێت. کاتێك خوێنەری کورد لەم وێنە جوانەیە ورد دەبێتەوە، یەکسەر فکری بۆ مەینەتییەکانی میللەتەکەی دەچێت، کە چۆن ئەم وڵاتە وەك بەهەشتەی لێ کراوەتە دۆزەخ. هەر لەبارەی شێواندنی جوانی وڵاتەوە (قانع) لە تاکە شیعرێکدا ئەم وێنە ئایرۆنییە دەکێشێت:

**ڕۆژگار شێواوترە، یا زوڵفی تۆ، یا کاری من**

**خونچە تەنگە، یا دەمی تۆ، یا دڵی بیماری من**[1]

٧ـ لە کورتە شیعردا هەندێك جار شاعیر هاوکێشەیەك دروست دەکات، کە لایەنی یەکەم وەکو هۆکارێکی چالاك دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر لایەنی دووەمەوە دەبێت و دەرهاوێشتەکەیشی بە ئەنجامێکی ئەرێنی دادەنێت. لە لێکدانەوەی هەردوو لایەنیشدا هاوسەنگییەك لەنێوان کردەوەکانی هۆکارو دەرهاوێشتەکانی ئەنجامدا ڕێك دەخات. بۆ نموونە (هەژار موکریانی) لە هەڵبەستێکی تاك بەیتیدا بە ناونیشانی (بەسری)[*]، ئەم هاوسەنگییە لە نێوان هۆکارو ئەنجامەکەیدا دروست دەکات:

**لەو بەرەت "بەسری" دەسی دز ببڕە      لەو سەرەت ئارەقی ماندوو بسڕە**[2]

(بەسری) کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد، زۆر جار دز و جەردەی لێ دەبێت. لێرەدا وەکو خوازە بەکارهاتووە، ڕەمزێکە بۆ وڵاتی کورد، تەکنیکی لادانی دروست کردووەو ئەو کەلێنەی لە نێوان ڕامانە دەربڕاوەکەو ڕامانە نادیارەکەیدا حاڵەتێکی ئایرۆنی دروست دەکات، کە مەبەستی شاعیر تێیدا بەدی دەکرێت. لەو سەردەمەدا ناحەزان تەنگیان بە وڵات چنیبوو و

---

[1] دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٨، دێش ٣.

[*] بەسری کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد، زۆر جار دز و جەردەی لێ دەبوو.

[2] هەژار، بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

نیشتمانپەروەرانیش ڕێبازی خەباتیان گرتبووەبەرو ململانێیەکی توند لە نێوان هەردوو لایەندا دەستی پێ کردبوو. شاعیر پلانی ئەو ڕێبازە لەم وێنەیەدا دەردەبڕێت، کە بە لەناوبردنی دزو ڕێگر و گەندەڵەکان وڵات پاك دەکرێت و میللەتیش پشووی ئاسایش و هێمنی هەڵدەکێشێت.

لە چوارینە شیعرێکدا (سەلام) بازنەی ئەم کێشەیە فراوانتر دەکات و لایەنی یەکەمی هاوکێشەکە، کە هۆکارەکەیە بە شێوەیەکی توند و هێرشبەرەوە باس دەکات. لایەنی دووەمیش کە دەرهاوێشتەکەییتی بۆ خوێنەر بەجێ دێڵێت، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی بەپێی تێگەیشتنی خۆی لێك بداتەوە، کە لەوانەیە لە مەبەستی شاعیر نزیك ببێتەوە:

**تف لە شێخ و تف لە ئاغا تف لە بەگ**

**تف لە جەردە تف لە دز خۆزگەم بە سەگ**

**بەچکەدز هەر دز ئەبێت و بەچکە گورگ گورگ ئەبێ**

**گیا لەسەر تۆوی دەرێ یاخو لەسەر بنجە لەڕەگ**[1]

شاعیر لەم چوارینە شیعرەدا، ڕاستەوخۆ بەراوردێك لە نێوان پێنج گرووپی دیاری کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی و لە نێوان سەگدا دەکات. سەگ بە ئەمەکە و پارێزگاری لەو شتە دەکات کە پێی سپێردراوە، بەڵام بە بۆچوونی شاعیر هەر سێ گرووپەکەی یەکەم بێ ئەمەکن و لە ئەنجامدانی بەرپرسیارییەکانیانیشدا دەستپاك نین. هەردوو گرووپی دووەمیش بە بێ ئەوەی ئەرکێکیان هەبێت، چاویان لە ماڵ و موڵکی خەڵکەو هەر دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێت دەستی بەسەردا دەگرن. شاعیر لێکدانەوەی بەراوردکردنەکەی لەنێوان ئەوان و سەگدا بۆ خوێنەر بەجێ دێڵێت. ئەم جیاوازییەش ئاستێکی بەرزی ئایرۆنییە.

---

[1] دیوانی سەلام ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

لــــەڕووی هونـــەری ڕوخـــساری شیعریـــشەوە، دوو تـــەكنیكی ئـــایرۆنی بەكارهێناوە. یەكەمیان تەكنیكی ڕیتمە. لە دووبارەكردنەوەی وشەكاندا، (٤) جار وشەی (تف) ی بەكارهێناوە و وشەی (دن)یش (٣) جار دووبارە بۆتەوە، (٢) جـار وەكـو وشـەی سـەربەخۆ و جـارێكیش وەكـو بەشـێك لـە وشـەیەكی لێكدراو بەكاری هێناوە.

لە تەكنیكی دووەمیشدا، ڕەگەزدۆزی ناتەواویش لە نێـوان وشـەی (بـەگ) و وشەی (سەگ)دا بەكارهێناوە. بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وشە باركراوەكانییەوە لە ڕامانە دەربڕینەكەیەوە لابدات و بەرەو دیاردەیـەكی هـەرە ئـاڵۆز و بـەربڵاوی سەردەمی خۆی بڕوات، كـە ئـەویش دزی و جـەردەیی بـووە. شـاعیر بـە نـاو قووڵایی دیاردەكەدا شۆڕ دەبێتەوەو سەرچاوەكانیشی دەستنیـشان دەكـات. بانگەشە بۆ گرتن و لەناوبردنی چـەند ڕێگـرو جـەردەوانێكی چـەكدار ناكـات، بەڵكو سیستەمی دەرەبەگایەتی و داروودەستەكانی ڕیسوا دەكات، كە لەسـەر چـەندین ئاسـتی جیاجیـای ئـابووری و كۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ڕۆشـنبیریدا كـــردەوەی دزی ئـــەنجام دەدەن و بووەتـــە نـــەریتێكی ئـــەوان و نـــاتوانن دەستبەرداری بن.

تەوەری چوارەم

## ڕۆڵی ئاماری ئەدەبی لە دەستنیشانکردنی ئاستی ئایرۆنیدا

لە ڕێگەی ئاماری ئەدەبییەوە دەتوانرێت زۆر لایەنی وردی فۆرمی دەقەکە دەستنیشان بکرێن و چەندین بۆچوونی شاراوەی نێو دیدگەی شاعیریش شی بکرێنەوە. لە بەراوردکرنی ئەو هاودژانەی لەنێو پێکهاتەکانی فۆرمی دەقدا، یانیش بەهۆی ئەو ڕامانانەی لەنێو دیدگەی شاعیردا پێچراونەتەوە دەتوانرێت ئاستی ئایرۆنی بزانرێت و تا ڕادەیەکیش ئەو سەرەداوانە بدۆزرێنەوە، کە هەردوو لایەنی مەعریفی و ستاتیکی دەق بەو ڕەهەندانەوە دەبەستنەوە، کە بە سرت و ڕەوانی دەبنە ((سەرچاوەی وشەکان و هزری شاعیر و واقیعی دەوروبەریش تێدا ڕەنگ دەداتەوەو یارمەتی ڕەخنەگریش دەدەن کە بگاتە کاکڵی کارەکەی بە مەرجێك کە لە خوێندنەوەی دەقەکەدا پشت بە زانیاری و تواناکانی خۆی ببەستێت))[1]. ئەم بۆچوونەش ((کێشەیەکی شێواوی پەیوەست بە فەرهەنگی شیعرییەوە چارەسەر دەکات، کە دەیگوت هەندێك لە وشەکان خاسیەتە شیعرییەکانی تێدایە و هەندێکی دیکەیش لێی بێبەشن، ئەمەش کەموکوڕییەکی گەورە بوو لە درك پێکردنی خاسیەتە زمانییەکانی شیعردا))[2]. بۆ دەستنیشانکردنی زمانی شیعری لە ڕەخنەی ئایرۆنیدا ناتوانین پشت بەو ڕێبازە ڕەخنەییەوە ببەستین، کە بە پێی وشە شیعرییەکان و وشە ناشیعرییەکان یانیش وشە پەتییەکان و وشە ناخۆماڵییەکان لە زمانی شیعری دەکۆڵێتەوە، چونکە ئەم پێڕەوکردنە نە تەنیا هیچ تیۆرێکی ئەدەبی بەکارناهێنێت، بەڵکو خۆی لە هیچ تیۆرێکی زمانەوانیش نزیك ناکاتەوە. بەپێی ئاگاداری ئێمە لە کاری ڕەخنەگرانی

---

[1] عبدالرزاق بن عمر، الاحصائيات المعجمية مدخلاً الى النقد الادبي، بحث منشور في كتاب تحولات الخطاب النقدي العربي المعاصر، الخاص بوقائع مؤتمر النقد الادبي الحادي عشر لكلية الآداب - جامعة اليرموك، أربد ٢٠٠٦، ص٥٨٩، ف٢.

[2] د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مصدر سابق، ص٣١٠، ف٢.

کوردو ئەوانەی لە ئەدەبی بەراوردکاریش دەکۆڵنەوە هێشتا هیچ هەوڵێك لەم بارەوە نەدراوە کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی لێکسیکۆلۆژییەوە* ئاستی ئایرۆنی لە دەقی شیعریدا هەڵبسەنگێنرێت، بۆیە بە پێویست دەزانرێت کە بە پێی ئامارە لێکسیکۆلۆژییەکانی تایبەت بە ڕەخنەی ئەدەبی لە زمانی شیعری یەکێك لە هەڵبەستەکانی شیعری نوێی کوردی بکۆڵرێتەوەو بە شێوەیەکی زانستی ڕێبازە ئەدەبییەکەی دەستنیشان بکرێت و پلەبەندی ئاستەکانی هونەری ئایرۆنیش تێدا پراکتیزە بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەڵبەستی (کولیلکێن عەزێب)[1]ی (کامیران بەدرخان) مان هەڵبژارد، کە لە حەوت دێڕەشیعر پێکهاتووەو لە ڕووی لیکسیکۆلۆژییەوە کۆی وشەکانی بە (ناو) و (کار) و (ئامراز)ەکانەوە (٨٨) وشەیە و بەم شێوەیەی خوارەوە جێگەیان لەنێو دەقەکەدا گرتووە:

| دێڕەشیعر | ناو | کار | ئامراز | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٩ | ١ | ٣ | ١٣ | ١٤,٧٧٢٧٢٧٪ |
| دووەم | ١٠ | ٠ | ٢ | ١٢ | ١٣,٦٣٦٣٪ |

* وشەی لێکسیکۆلۆژی لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، لە (لێکسیکۆس - وشەکانی زمان، وشەی فەرهەنگی)، و (لۆگۆس - زانست). بەم جۆرە وشەی لێکسیکۆلۆژی بە مانای ـ زانستی وشە ـ دێت. / بڕوانە: ( د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، گ: کۆڕی زانیاری کورد، بر٢ ب٢، بەغدا ١٩٧٤، ل٨١.

١ د. کامیران عالی بەدر- خان، کولیلکێن عەزێب، گ: هاوار، ژ١٥چلیێ پاشیێ (ت٢) ١٩٣٣، ل٢، ئەس٢./ هەروەها ئەم هەڵبەستە لە دووەم کۆمەڵە شیعرەکەیشیدا چاپکراوە، بڕوانە: (کامیران بەدرخان، کولیلکێن عەزێب، چ١، چاپخانەی گولەن ئۆفسەت، ستەنبۆل ١٩٩٨، ل٤٤). ( بە ڕێنووسی لاتینی).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سێیەم | ٧ | ٣ | ٤ | ١٤ | ١٥,٩٠٩٠٩١٪ |
| چوارەم | ٥ | ٢ | ٣ | ١٠ | ١١,٣٦٣٦٪ |
| پێنجەم | ٩ | ١ | ٢ | ١٢ | ١٣,٦٣٦٣٪ |
| شەشەم | ١١ | ٠ | ٣ | ١٤ | ١٥,٩٠٩٠٩١٪ |
| حەوتەم | ٨ | ٣ | ٢ | ١٣ | ١٤,٧٧٢٧٢٧٪ |
| کۆی گشتی | ٥٩ | ١٠ | ١٩ | ٨٨ | ١٠٠٪ |

بۆ ئەوەی ئامارەکە بە وردی ئەنجام بدرێت، لێرەدا تەنیا کارەکان هەڵدەبژردرێن. ڕۆڵیان لە بنیاتی شیعرەکەداو پێوەندییان بە هونەری ئایرۆنییەوە دیار دەکرێت، کە سەرجەم ژمارەیان بە هەر دوو دۆخی ڕابردوو و ڕانەبردووەوە (١٠) وشەیە و دەتوانرێت ژمارەو ڕێژەی هەر دۆخێك بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

| دێرەشیعر | ژمارەی کار | کاری ڕابردوو | کاری ڕانەبردوو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ١ | ٠ | ١ | ١٠٪ |
| دووەم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| سێیەم | ٣ | ٣ | ٠ | ٣٠٪ |
| چوارەم | ٢ | ٠ | ٢ | ٢٠٪ |
| پێنجەم | ١ | ١ | ٠ | ١٠٪ |
| شەشەم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| حەوتەم | ٣ | ٣ | ٠ | ٣٠٪ |
| کۆی گشتی | ١٠ | ٧ | ٣ | ١٠٠٪ |

ناونیشانی هەڵبەستەکە (کولیلکێن عـەزێب) گوزارشـت لـە کەشـێکی ئومێـد بەخش و بۆنخـۆش دەکـات، بـەڵام کەوتۆتـە نێـو دۆخێکـی ئـازار ئـامێزەوە. خونچەکان نیشانەی گەشانەوەو سەرەتای ژیانێکی نوێیەو هەنگاوی یەکـەمی هەر لەدایکبوونێکیش بە ژانێك دەست پێ دەکـات و ئازارەکانیـشی نیـشانەی کـارو خەباتێکـە، نـەك دەرهاوێـشتەی ئـێش و نەخۆشـییەکان. ناونیـشانی هەڵبەسـتەکە دەروازەیەکـە بـۆ چـوونە نـاو بابەتەکـەی، کـە تـەنیا بـە لێـوی خەونەکان خۆشەویستییەکەی ماچ دەکات، ئەوەی کە ڕەگەکانی لە قـووڵایی ناخی داکوتاوەو ئومێدیان بە جیهانێکی نوێیە:

**ئەز بەس تە ماچ دکم، ب لێڤێن خەونێ**

**هەڤینا تە کوورە، هێڤیا دنێ**

ماچکردن قووڵترین دەربڕینی خۆشەویستییە کە شاعیر هەڵیبژاردووەو تێـدا کاردەکات و دۆخی ئێستاو بەردەوامبوونیشی پێی داوە. جـوانی و ئـەڤینی و خـەون پێکـەوە کراونەتـە پرۆسـەیەکی ڕێکوپێـك و بـەرەو جیهـانی هیـواو ئومێدەکان دەبات. دروستکردنی ئەم وەهمە مافێکی ڕەوای هەر کەسێکە کە لـە سـات و کاتـەکانی بـێ ئاگاییـدا خـەونی پێـوە ببینێـت. ئـەم بۆچـوونە گوزارشـت لـە پـەیڤی یەکـەمی ناونیـشانی هەڵبەسـتەکەی دەکـات کـە کولیلکەکانن و پەیڤی دووەمیشی لە دێڕەشیعری دووەمـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، کـە ئـەو جیهانـەی پـڕ لـە جـوانی و خۆشەویـستی بـۆنی ئـازارێکی چاوەڕواننەکراوی لێ دێت:

**برووسکێن چاڤێن تە، وەك گەوهەرێن عەجێب**

**چاڤێن تە زەلال، کولیلکێن عەزێب**

پێکهاتەی ئەم دێڕەشیعرەی سەرەوە هیچ کردەوەیەکی تێدا نییـەو شـاعیر دەستی لەو کارە هەڵگرتووەو تـەنیا وەسـفی چـاوەکانی یارەکـەی دەکـات و تیشکەکانی بە بەردە بەهاگرانەکان دەچوێنێت، داشکەستنێك بەم وەسـفەوە

دیاره کە ئەو چاوە زولاڵ و درەوشاوانە وەکو خونچەکانی ئازار ئەرکی خۆی لە جوانی و خۆشەویستیدا نابینن. لە دێڕە شیعری سێیەمدا ئەو کارەی شاعیر پێشتر بە دڵگەرمییەوە ئەنجامی دەداو دواتر لە هەڵوێستێکی پڕ حەسرەتدا لەدەستی دەدات، ئێستا هاتووە خەون بەو ڕابردوویەوە دەبینێت و لە نێو دیمەنێکی خەفەتباردا دەیگێڕێتەوە:

**ماچا شێرین، کو لێڤا تە ب من دا**

**ئەز بریندار کرم و ب من ڤە دا**

ئەم دڵدارە هەڵخەڵەتێنراوە هۆکاری داشکەستنەکەی خۆی بۆ پیلانێکی زۆردەستی و حاڵەتێکی پەنگخوراوی پڕ فریودان دەگەڕێنتەوە، کە ئێستا لێی پەشیمان بۆتەوەو بەڵێنەکانیشی لە گەڵیدا جێبەجێ نەکردوون، بۆیە ئەویش بە هیمەت و ورەیەکی بەرزەوە لە هەوڵی سەرلەنوێ بیناکردنی خەونێکی دیکەدایە، کە بێبەشبوونی جاران بۆی قەرەبوو بکرێتەوە. بە بوێرییەوە پەنجەی لێپرسینەوە ئاراستەی ئەنجامدەرانی پێشتر دەکات و جەخت لەسەر دووبارە گەڕاندنەوەی ژیانێك دەکاتەوە، کە شوێنی کارو خەباتی جارانی تێدا ببووژێتەوەو ڕووناکی بە شوێنە پیرۆزەکانیش ببەخشێت:

**چرا دشەوتە، زمانەکی زێر**

**هەر پێ ڕوهنی دبە، نمێژگاه و دێر**

پلانیش بۆ ئەم هەڵسانەوە دانراوەو پاڵپشتی تەواویشی بۆی دەستەبەرکردووە، کە ئەمجارە لایەنی بەرانبەریش لە سەرخستنی پرۆسەکەدا بەشداری دەکات، بەڵام بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو بە دیارییەکی ڕەنگ جوان و بۆن خۆشەوە هانی ڕێڕەوی خەونەکانی ئەو دڵدارە بەزیوەی داوە:

**بۆ تهنیا دلی، لێڤا ته کانی**

**ژ خەونا چاڤێ رە، ته سۆرگول ئانی**

تواناکانی دڵدارەکەو پاڵپشتی بەرانبەرەکەیشی، بەشی ئەوە ناکەن کە پەیامی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. چۆك دادەنێت و بۆ نائومێدییەکانی جاران دەگەڕێتەوەو خەفەت بۆ زۆر شت دەخوات کە لە دەستی داون و زۆر زەحمەتە بۆی بگەڕێتەوە. تەنیا بە خەون ئەو هەموو شت و موڵك و دەسەڵاتەی پاوان کردبوو:

**دلێ من مزگەفتا بێدەنگی یە، سار**

**هاڤینا من بێ سه، ڕێلێن من بێ دار**

دارمان گەیشتۆتە ئەو پەڕی هیلاکی و بێ دەسەڵاتی. ئەو دڵدارەی پێشتر خەونی بە جیهانێکی پڕ دەسکەوت و خۆشگوزەرانییەوە دەیبینی، ئەمڕۆ ئەو شوێنە پیرۆزانە خامۆش بوونەتەوە. ئەو دارستانانەی کە بە بەهەشتی سەرزەمین دادەنان، ئەمڕۆ بە خەفەت و بێزارییەوە پەردەپۆشکراون. لە کۆتاییدا دڵدارەکە هیچی پێ نامێنێت و پاکانەی خۆی لە بەرانبەر ئەو هەموو نەهامەتی و مەرگەسات و زۆردەستییە ڕادەگەیەنێت:

**مەحفووورا مرنێ من ب کەن ڕاچاند**

**ژینێ ئەز خاپاندم، من کەس نە خاپاند**

قوربانییەکە کە دڵدارێکی دڵشکاوە هەموو شتێکی لەدەستداوە، ئەوەی بۆی ماوەتەوە چەند یادگارێکی جارانن و هەموو تواناکانی لەوەدا کۆ دەکاتەوە کە ئاوڕ لە ڕۆژانی ڕابردوو بداتەوە. بۆ ئەوەی بۆشاییەکی گیانی و مادیش پڕ بکاتەوە، باس لەو ڕێبازە دەکات، کە بە ماچی خۆشەویستی دەستی پێ کردبوو و بە خۆبەختکردنێکی مەردانەوە کۆتایی پێهێنا. دوا ئامانجیشی ئەوە بووە کە خۆی لە پێناو خەونەکانیدا بکاتە پردێك و هەموو ئومێدیشی ئەوە بووە کە ڕابردووەکەی لە چوارچێوەیەکی پیرۆزدا بمێنێتەوەو نەبێتە هۆکارێکی سەرەکی یانیش هۆکارێکی یاریدەدەر کە سنووری ئازادی و حورمەتی کەسی دیکە ببەزێنێت.

لەمیانی (١٠) وشەی (کار) بە هەردوو دۆخی ڕابردوو و ڕانەبردووەوە، کە بە شێوەیەکی ئەندازەییەوە لەنێو دێڕەشیعرەکانیدا دارشتبوون، هەروەکو لە خشتەی سەرەوەدا دەستنیشان کرابوون. دەتوانرێت ئاستەکانی ئەم شیعرە لە ڕووی ڕامان و دیدگەی شیعرییەتەوە بپێورێت:

١- دەستپێکردنی شیعر بە کارێکی ڕانەبردوو، هەوڵدانێکە بۆ جێبەجێ کردنی پلانێك کە لە مێشکی خۆیدا خەونی پێوە دەبینێت.

٢- بە نەبوونی کارێکی ئەکتیڤ لەنێو بینای دێڕەشیعرێکدا، کاریگەری دەربڕینەکانی بەرەو پێگەیەکی پاشکۆیی دەبات و ڕستەکانیشی دەبنە شوێنکەوتووی حاڵەتێکی ڕابردوو، یانیش باسکردنێك بۆ ڕوونکردنەوەی ئاسۆیەکی داهاتوو، بۆیە لە هەردوو حاڵەتدا گوزارشت لە دەستەوەستانێك دەکەن، کە بە خەفەتبارییەوە بەرانبەر ئەو کارانەی کە بەدەست نەهاتوون فرمێسکی پەشیمانی ببارێنێت و بۆ ئەو وەهمەی کە ئومێدەکانی لەسەر بیناکرابوون هەڵبوەشێنێتەوە.

٣- پەنابردن بۆ بەکارهێنانی کاری ڕابردوو لە دێڕەشیعرەکانی دواتردا، جەختکردنە لەسەر خەونبینین بەو جیهانەی کە ئومێدی بۆ دەکرا بێتە دی.

٤- گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی کاری ڕانەبردوو، هەوڵدانێکی دیکەیە بۆ سەرلەنوێ بیناکردنی ئەو وەهمەی نەتوانرابوو دروست بکرێت.

٥- کۆتایی هاتنی وێستگەکانی گەشتی شاعیر لە نێو ڕستە وەسفییەکان و پشتبەستن بە کاری یاریدەدەر یان ڕابردوو یانیش ڕانەبردووی نەرێنی، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو جیهانەی دەیویست دروستی بکات خەونێکەو بێ جێبەجێکردن لە مێشکیدا دەمێنێتەوە.

بەم شێوەیە دیدگەی شاعیر لە خەونە خۆشەکانیەوە بەرەو ڕابردوو دەڕوات. بۆ ئەوەی قارەمانێتی و ڕەسەنایەتییەکەی لە ڕەگە مێژووییەکانیدا بدۆزێتەوە. ئەمەش تەکنیکێکی هونەری ئایرۆنی ڕۆمانسییە.

# ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان کراون:

١- گوتاری ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری کوردیدا ئەوە بووە، کە بە دیدگەیەکی فەلسەفییەوە هۆکارو نیشانەکانی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان لێك بداتەوەو هۆیەکانی پاشکەوتنی ئابووری دەستنیشان بکات و خەوشەکانی بەڕێوەبردنی سیاسیش بخاتەڕوو. ئەم پرۆسەیەش خۆی لە خۆیدا هاوکێشەیەکی پێویست بوو، توانیویەتی لە ئاستێکی بەرزدا پاشکەوتنی کۆمەڵ و ژیریی هەڵبژاردەی گەل هاوسەنگ بکات.

٣- لە ئەنجامی شیکردنەوەی بوارەکانی ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا، دەکرێت بنەما فەلسەفییەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەستنیشان بکرێن و سیما بنەڕەتییەکانی گوتاری هزری کوردیش شی بکرێنەوە، ئەو گوتارەی کە ویستێکی یاخیبوویی پەسەند دەکردو هەموو شێوەکانی داگیرکردن و چەوساندنەوەی ڕەت دەکردەوەو بە نیازێکی پاکەوە شاعیران تواناکانیان بۆ سەرخستنی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلەکەیان بەگەڕدەخست و بە پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە پابەندبوون. بە دیدێکی نوێ سەیری مەسەلەکانی ژیان و مردنیان دەکردو بەهای ئازادی بە ئەڵقەی بەستنەوەی هەردووکیان دادەنا.

٣- شاعیرانی کورد لە ڕەخنە ئایرۆنییەکانیاندا، نەکەوتوونەتە ژێر دەمارگیری یانیش پابەندبوونێکی سیاسی تەسك. داگیرکردنی وڵات لە هەر شوێنێکی جیهان بوایە ڕەتیان دەکردەوە، چەوساندنەوەش لە هەر لایەنێکەوە ئەنجام بدرایە ریسوایان دەکرد. خۆیان بە نەریتە ملییەکانەوە نەدەبەست و بە ئایدیۆلۆجییە دەرەکییەکانیشەوە پابەند نەدەبوون، بۆیە

بەرهەمەکانیان لە گوتارێکی چاکسازیدا دەسووڕانەوەو بۆ ماوەی پتر لە نیو سەدە داینەمۆی هزری نەتەوەیی کوردبوون.

٤- لە شیعری نوێی کوردیدا، ئاگاداربوون لە وردەکارییەکانی ژیانی سەردەم پێوەرێکی سەرەکی بوو لە ڕۆشنبیری شاعیردا. ڕادەی ڕۆشنبیرییەکەیشی لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی خەوش و کەموکوڕییەکانی نێو کۆمەڵدا بەدەردەکەوت، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو، کە شیعرییەت ئامرازێك بێت بۆ ئامانجێکی ڕەخنەیی.

٥- لە شیعری نوێی کوردیدا زیاتر ئایرۆنی قەسیدە بەکارهاتووە، کە وێنەیەکی هونەری یانیش کۆپلەیەك لەنێو شیعرێکدا دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی کەمتر قەسیدەی ئایرۆنی بەکارهاتووە، کە دەقەکە هەمووی لەسەر ئایرۆنی بنیات نرابێت.

٦- ڕێگەی تەکنیکی ئایرۆنییەوە ئاستی شیعرییەتی قەسیدە دەپێورێت. بە پشت بەستن بە ئاماری ئەدەبی تایبەت بە ئایرۆنییەوە، دەکرێت جۆری (ژانری) شیعرەکەش دەستنیشان بکرێت. بۆ نموونە لە شیکردنەوەی هاودژییەکانی نێوان دروستکردنی وەهم و داڕمانی لەهەر دەقێکدا، کە لە تەکنیکی ئایرۆنی ڕۆمانسیدا بەکاردێت، دەبێتە پێوەرێك کە ڕێبازە ئەدەبییەکەی پێ دەستنیشان بکرێت، کە ڕێبازی ڕۆمانسییە. بەهەمان شێوە لەبارەی ئایرۆنی تراژیکییەوە لە دەستنیشانکردنی ڕێبازی کلاسیکیدا.

٧- تەکنیکی پرسیارکردن بە هەر سێ جۆری درامی و نکۆڵی و هەڵهێنانەوە پانتاییێکی فراوانی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا گرتۆتەوە. ئەم شاڵاوەی پرسیارکردنەش نیشانەی پەرۆشی شاعیرانی کورد بووە بۆ گەڕان بەدوای ڕاستیدا. هەوڵەکانیان لەم بارەوە ئەوەندە چڕ بووە، تا ئەو ڕادەیەی کە خۆیان لە وەڵامدانەوەکان دوور دەخستەوە بۆ ئەوەی ڕاستی بزر نەبێت و شیعریش نەشێوێنرێت.

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی:

### ئا- سەرچاوەی نموونەکان (دیوان)


١- أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر ٢٠٠٢.

٢- ئەحمەد حەمدی بەگ صاحبقڕان (دیوان) ، چ١، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٥٧.

٣- ئەحمەد موختار بەگی جاف (دیوانی) ، چاپخانەی هەولێر، چ٢، هەولێر١٩٦٩.

٤- ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر١٩٨٤.

٥- ئەحمەدێ نالبەند، باغێ کوردا، بر١، کۆمکرن: تاها مایی، چ١، چاپخانا خەبات، دهۆك ١٩٩٨.

٦- ئەحمەدێ نالبەند، باغێ کوردا، بر٣، کۆمکرن: تاها مایی،چ١، چاپخانا خەبات، دهۆك ١٩٩٨..

٧- ئەخۆڵ، ئەحمەد دەرویش عەبدوڵلا (دیوان) ، چ١، چاپخانەی ( الادیب البغدادیة)، بەغدا ١٩٨٤.

٨- ئەدەب، عەبدوڵلا بەگی مصباح الدیوان (دیوان) ، چ٣، چاپخانەی هەولێر، هەولێر١٩٦٦.

٩- ئەدەب ـ عەبدوڵلا بەگی میصباح دیوان (دیوان)، کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوەو فەرهەنگ: محەمەدی حەمە باقی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.

١٠- ئەسعەد مەحوی (دیوان) ، کۆکردنەوەو ئامادەکردن و لەسەرنووسینی: د. عەبدوڵلا ئاگرین، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٤.

١١- ئەسیری (دیوان) ، ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، پێداچوونەوەو بەراورد: ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٦.

١٢- ئەوڕەحمان بەگی بابان (دیوان)، ئا: مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغدا ١٩٨٩.

١٣- بەختیار زێوەر (دیوان) ، کۆکردنەوەی: مەحموود زێوەر، چاپخانەی ( الزمان)، بەغدا ١٩٨٩.

١٤- بێکەس (دیوان)، ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەتەوەو لێی زیادکردووەو پاشکۆی بۆ داناوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.

١٥- پیرەمێردی نەمر (دیوان)، محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، چاپخانەی (العاني)، بەغدا ١٩٧٠.

١٦- پیرەمێرد (دیوان بر١)، پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ئا: ئومێد ئاشنا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠١.
١٧- پیرەمێرد(دیوان بر٢)، پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ئا: ئومێد ئاشنا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠١.
١٨- پیرەمێرد (دیوان ـ سەرجەم پەندەکان بر١-٣)، فائق هوشیارو ئەوانی دیکە، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧.
١٩- پیرەمێرد، گاڵتە و گەپ، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٧٠.
٢٠- تیرێژ، خەلات، ڤەشانێن نشتیمان، ستۆکهۆلم ١٩٩١. (بەرێنووسی لاتینی).
٢١- جەگەرخوین، شەرەفنامەیا مەنزووم، چ٢، چاپخانەی بەردان ماتباجلك، ستەنبۆل ٢٠٠٣. (بەرێنووسی لاتینی).
٢٢- جەگەرخوین (دیوان -١-)، ئاگرو پرووسك، چ٤، ستەنبۆل ٢٠٠٣. ( بەرێنووسی لاتینی).
٢٣- جەگەرخوین (دیوان-٢-)، سەورا ئازادی، چ٣، چاپخانەی بەردان، ستەنبۆل٢٠٠٣.(بەرێنووسی لاتینی).
٢٤- خادیم (دیوان) ، بر٢، جەمال محەمەد محەمەد ئەمین ئامادە و ساغی کردۆتەوە، چاپخانەی (دار الحریة) ژمارە /٢، بەغدا١٩٨١.
٢٥- دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد (دیوان)، ئا: عەبدولخالیق عەلائەدین، ، چاپخانەی (دار آفاق عربیة للصحافة و النشر)، بەغدا ١٩٨٥.
٢٦- زێوەر (دیوان) ، مەحموود زێوەر کۆی کردووەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨.
٢٧- زێوەر، سۆزی نیشتمان، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٥٨.
٢٨- سەلیمێ هیزانی، یووسف و زولەیخا، ڤەوژارتن و بەرهەڤکرنا: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر٢٠٠٤.
٢٩- ڕەشید نەجیب (دیوان)، ئا: ئومێد ئاشنا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠١.
٣٠- ڕەفیق حیلمی، پاش تەمووز، چاپخانەی (الرأي العام)، بەغدا ١٩٦٠.
٣١- سەلام (دیوان)، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی: ئومێد کاکەڕەش، چ٢، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا ١٩٩٢.

٣٢- سيف القضات (ديوان)، گردەوەكۆیی- قازی ئەحمەد، چ١، چاپخانەی سبز، تەهران١٣٦١.
٣٣- شاهۆ (ديوان بر١)، كۆكردنەوەو رێكخستنی: محەمەد ئەمين كاردۆخی، چ١، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی١٩٧٦.
٣٤- شاهۆ (ديوان بر٢)، كۆكردنەوەو رێكخستنی محەمەد كاردۆخی، چ١، چاپخانەی كامەرانی، سلێمانی ١٩٨٠.
٣٥- ع. ح. ب (محەمەد شێخ حوسێن بەرزنجەیی)، ناسۆری دەروون، چاپخانەی (سلمان الأعظمي)، بەغداد ١٩٦٨.
٣٦- قانع ـ شاعيری چەوساوەكانی كوردستان (ديوان)، كۆكردنەوەی: بورهان قانع، چ٢، چاپخانەی دالاهو، تەهران١٣٨٥.
٣٧- فانی (ديوان بر١)، كۆكردنەوەو رێكخستنی: كەمال میراودەلی، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی ١٩٧٥.
٣٨- كامەران موكری (ديوان)، پێشەكی نووسين و پەراوێز لێدان: عەبدوڵلا عەزيز خاليد، چاپخانەی (الثقافة و الشباب)، هەولێر١٩٨٧.
٣٩- كاكەی فەلاح، لەگەڵ شەپۆلەكانا، چاپخانەی (سلمان الأعظمي)، بەغدا ١٩٦٧.
٤٠- كەمالی (ديوان)، ئامادەكردن و ساغ كردنەوە و پێشەكی نووسينی: كەمال عەلی باپير، چاپخانەی (دار الشؤون الثقافية العامة)، بەغدا ١٩٨٦.
٤١- گۆران (ديوان بر١)، محەمەدی مەلا كەريم كۆی كردوەتەوەو ئامادەی كردوەو پێشەكی و پەراوێزی بۆ نووسيوە، چاپخانەی كۆڕی زانياری عيراق، بەغدا ١٩٨٠.
٤٢- گۆران، سروشت و دەروون، چاپخانەی كامەران، سلێمانی ١٩٦٨.
٤٣- گۆران، نووسين و پەخشان و وەرگێڕانی، ئا: ئومێد ئاشنا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٢.
٤٤- مەلا مارفی كۆكەیی (ديوان)، كتێبفرۆشی سيديان، مەهاباد ب- م.
٤٥- مەلا محەمەدی كۆیی (ديوان)، دياری، چاپخانەی هەولێر، چ٤، هەولێر ١٩٦٩.
٤٦- مەلا محەمەدی كۆیی ـ بەسەرهات و ژيانی ، ئا: عەبدولخاليق عەلائەدين، چاپخانەی (القضاء)، نەجەف ١٩٧٤.
٤٧- مەلای گەورە ـ زانا و ئەديب و شاعير، ئا: عەبدولخاليق عەلائەدين، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر ١٩٩٤.

٤٨- محەمەد تۆفیق وردی، بانگی کوردستان ، چاپخانەی (سلمان الأعظمي)، چ١، بەغدا ١٩٧٠.
٤٩- محەمەد سالْح دیلان (دیوان) ، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵلا عەزیز خالد، چاپخانەی (سومر)، بەغدا ١٩٨٧.
٥٠- موفتی پێنجوینی (دیوان)، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، چ١، چاپخانەی (الشرکة العراقیة للطباعة والنشر)، بەغدا ١٩٩٠.
٥١- نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس ـ و فاتح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم پیاچوەتەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.
٥٢- شێخ نووری شێخ سالْح (دیوان بر١)، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوەو لەسەری نووسیوە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨.
٥٣- (ن.ئاری) نەجمەدینی حاجی مەلا ڕەسووڵ،هۆنراوەکانم، چاپخانەی(دار الجاحظ)، بەغدا ١٩٦٩.
٥٤- هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی (انتشارات هەژار)، سنندج ١٣٨٥ك.

**ب - کتێب:**

١- ئازاد ئەحمەد مەحموود (دکتۆر)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٩.
٢- ئازاد وەڵەدبەگی، فەرهەنگی ڕامیاری نیگا، (ئامادەکردن و وەرگێڕان):، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر٢٠٠٥.
٣- ا. م. مینتیشاشڤیلی، کورد- کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی — ئابووری، ڕۆشنبیری و گوزەران، و: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك ٢٠٠٨.
٤- ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤ .
٥- ئیبراهیم ئەحمەد شوان(دکتۆر)، سۆفیگەری، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر٢٠٠١.
٦- ئیمانۆییل کانت، دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار، و: د. حەمید عەزیز، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٧- ئیحسان عەلی عەبدولکەریم، فەرهەنگی جاف، چ١، سلێمانی ٢٠٠١.
٨- بەدران ئەحمەد حەبیب ، فەرهەنگی زاراوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٠.
٩- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکاری زاراوەی ئەدەبی، ب١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر ٢٠٠٤.
١٠- بوکنەر ب. تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ـ ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین، و: لە فارسیەوە: حەمە کەریم عارف، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك ٢٠٠٨.
١١- تیری ئیگلتۆن، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.
١٢- حوسێنی خەلیقی(دکتۆر)، کۆمەڵناسی کوردەواری، ب٢، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا ١٩٩٢.
١٣- حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.
١٤- حەمە ڕەشید قەرەداغی(دکتۆر)، فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی ـ کوردی، چ١، دەزگای چاپ و نەشری إحسان، ب. ش ٢٠٠٩.
١٥- دڵشاد عەلی (دکتۆر)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٧.
١٦- ڕەشاد میران (دکتۆر)، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٠.
١٧- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بر١، چاپخانەی (التعلیم العالي)، هەولێر ١٩٨٨.
١٨- زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش،(ئامادەکردن)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٦.
١٩- سەردار ئەحمەد حەسەن (دکتۆر)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٤.
٢٠- ستك ویکاندەر، ئانتۆلۆژییا تەکستێن کوردی، چاپخانەی مارت، ستانبۆل١٩٩٦.(بە ڕێنووسی لاتینی).
٢١- شاکر فەتاح ، پێکەنین پرشنگ دەدات لە ژین، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٦.
٢٢- شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، چاپخانەی نعمان، نەجەفی پیرۆز ١٩٧٢.

٢٣- شەعبان چالی ، شێوازی شیعری جزیری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٨.
٢٤- شەفیق قەزاز (دکتۆر)، فەرهەنگی شارەزوور (کوردی ـ ئینگلیزی)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٠.
٢٥- شوکریە ڕەسووڵ (دکتۆر)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی (التعلیم العالي)، هەولێر١٩٨٩.
٢٦- عەبدولڕەحمان قاسملو (دکتۆر)، کوردستان و کورد- لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، چ٢، و: عەبدوڵلا حەسەن زادە، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠٠٦.
٢٧- عەبدولڕەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٦.
٢٨- عەبدوڵلا یاسین ئامێدی، پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا جەنگی گێتیی یەکەم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٣.
٢٩- عەبدولستار تاهیر شەریف (دکتۆر)، قامووسی دەروونناسی ـ ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی، چ١، چاپخانەی (علاء)، بەغدا ١٩٨٥.
٣٠- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (دکتور)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٩.
٣١- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (دکتۆر)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر١٩٨٩.
٣٢- قەناتی کوردۆ (کوردۆییێڤ)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردیی، هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی و ساغ کردنەوەو وشە لێکدانەوە: شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.
٣٣- کامیران سلێمان بۆتی، فەرهەنگا کامیران/کوردی ـ کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.(بە ڕێنووسی لاتینی).
٣٤- کەمال ڕەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی، چ١، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠.
٣٥- کەمال مەزهەر(دکتۆر)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب١، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٥.
٣٦- کەمال مەعرووف (دکتۆر)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چ١، چاپخانەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٣.

٣٧- کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٨- گیو موکریانی ، فەرهەنگی مهاباد، چ١، چاپخانەی کوردستان، هەولێر١٩٦١.
٣٩- لۆرانس پیرین، شیعر چییە؟، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، ب.ش ٢٠٠٨.
٤٠- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.
٤١- مارف خەزنەدار،(دکتۆر)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقیة للدعایة و الطباعة)، بەغدا ١٩٨٤.
٤٢- مارف خەزنەدار(دکتۆر)،
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر٢٠٠١.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٣.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٤.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٥.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٦.
٤٣- مەسعود گولی، فەرهەنگا گولی ـ فارسی ـ کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٢.
٤٤- مەعرووف چیاووك، کارەساتی (بارزان) ی زوڵملێکراو، و: ئەبو بەکر ساڵح ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك ٢٠٠٨.
٤٥- محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلدی دووەم، نوێکردنەوەی ڕێنووس و هەڵەچنی: نەورۆز حسێن، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠.
٤٦- محەمەد بەکر (دکتۆر)، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.
٤٧- محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چ١، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر٢٠٠٨.
٤٨- میر بەسری، ناودارانی کورد، و: لە عەرەبییەوە: عەبدولخالق عەلائەدین، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر٢٠٠٩.
٤٩- هەژار، هەنبانە بۆرینە ـ فرهنگ کردی ـ فارسی (ئ تا س)، انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران، چ١، تهران١٣٦٨.

**پ ـ گۆڤار**

١- ئۆسمان سەبری، ڕۆڤیێ ژیر، گ: هـاوار، ژ ٢٩، ١٠ حزیـران ١٩٤١، چـاپخانا سـەباتێ - شام.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف (دکتۆر)، لێکـسیکۆلۆژی زمـانی کـوردی، گ: کـۆڕی زانیـاری کورد، بر٢، ب٢، بەغدا ١٩٧٤.

٣- بشارێ سەگمان، کەچکا کبریتفرۆش، گ: ڕۆناهی، ژ١٩ /١ ١٩٤٣، چـاپخانا تـەرەقیێ ـ شام.

٤- زێوەر، کی یە، گ: گەلاوێژ، ژ ٨ س٩ ئابی ١٩٤٨، بەغدا.

٥- سیف القضات، گ: هەلاڵە، ژ٢ س١، خاکە لێوەی ١٣٢٥ بەرامبەر ١٩٤٦ز.

٦- فـانی، حـورِ بـژی، گ: نیـشتمان ، مهابـاد، ژ:٢ س١ خـەزەل وەری ١٣٢٢ کـە دەکاتـە ١٩٤٣ز.

٧- قانع، دەمەتەقێی "ن" و "س"، گ: هەتاو، ژ: ١٥٧س١٩٥٩.

٨- قــەدری جــان، هەســنکەر، گ:هــاوار، ژ٧ س١، ١٩٣٢/٧/٢٥، چــاپخانەی (الترقــي — دمشق).

٩- قەدری جان، بەگی ئـاخر زەمـان، گ: رونـاهی ـ بەغـدا، ژ ٥-٦ س١، شـوات و ئـادار-١٩٦١.

١٠- کـامیران عــالی بــەدرخان(دکتــۆر)، ماچــمان دچــی، گ: هــاوار، ژ٣ س١،چارشــەمب ١٩٣٢/٦/١٥.

١١- کامیران عالی بەدر- خان (دکتۆر)، کولیلکێن عـەزێب، گ: هـاوار، ژ١٥چـلیێ پاشـێ ١٩٣٣.

١٢- موحسین ئەحمەد عومەر (دکتۆر)، فەنتاستیك، گ: ڕامان ژ١٣٢، ٢٠٠٨/٥/٥.

١٣- نەجات حەمید ئەحمـەد، پێکـەنینێك لـە ئـازار شـیکردنەوەیەکی تیـۆری وپراکتیکـی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، (هەولێر) ژ٩-٢٠٠٥.

١٤- هێمن، دەمەتەقەی دوو خوین مژ!، گ: هاواری نیشتیمان، ژ:١ ساڵی هەوەڵ، چاپخانەی کوردستان، مهاباد ١خاکەلێوە ١٣٢٥، کە دەکاتە ٢١ی مارسی ١٩٤٦.

١٥- گ: دیاری کوردستان، ژ ١، ڕۆژی ١٩٢٥/٣/١١. هەروەها: ژ٣، ڕۆژی ١٩٢٥/٤/١٣.

١٦- گ: گەلاوێژ (بەغدا)، ژ١ س١٠ کانوونی دووەمی ١٩٤٩.

١٧- ڕۆیا سەدر، تەنزی سـوقراتی، و: ج. قەقنـەس، گ: کـاروان، (هـەولێر)، ژ١٨٠ ئـاداری ٢٠٠٤.

**ج ـ ڕۆژنامەکان**

١- ئەمین کوردی، هاوارێکی تر بۆ عالەمی بەشەرییەت، ڕ: ژیانەوە ، ژ٣٢ ساڵ١ پێنجشەمە ٢٣ی تەمووز١٩٢٥.

٢- پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیان، س٧ ژ ٣٢٤ ، سلێمانی٢- حزیران -١٩٣٢.

٣- پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیان، ژ ٣٧٣ لە پێنجشەمە١٠- ئاغستۆس-١٩٣٣.

٤- پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیان، سلێمانی - ژ ٣٩٣ لە ١٢- شوبات -١٩٣٤.

٥- پیرەمێرد، ڕ: ژیان، ژ ٤٢٥ لە ٥-١-١٩٣٥.

٦- پیرەمێرد، پەندی پێشینان، ڕ: ژیان، ژ ٤٥٠لە ١٩٣٥/٨/٣.

٧- پیرەمێرد، ڕ: ژین، ژ٨١٥ س١٩٤٦.

٨ ـ پیرەمێرد، توانجی میللەت، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ١٦٥٠ ساڵی١٩٦١.

٩ـ زێوەر، ڕ: ژین، ژ ١٠٨٣ی ساڵی ١٩٥١.

**ج ـ نامەی ئەکادیمی**

١- حسێن ئوسمان ئەبدولڕەحمان، ڕۆلێ "پارادۆکس" ێ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا " کرمانجیا سەری"وەك نموونە،(نامەی ماستەر)، کۆلیژا ئاداب، زانکۆیا دهۆك، ٢٠٠٧.

**بەزمانی عەرەبی**

**ئا ـ کتێب**

* القرآن الكريم.

١- أحمد عتمان (الدكتور)، الادب اللاتيني و دوره الحضاري، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب، كويت ١٩٨٩.

٢- أحمد عتمان(الدكتور)، الشعر الأغريقي ـ تراثاً إنسانياً و عالمياً، مطابع الرسالة، الكويت ١٩٨٤.

٣- أحمد محمد الحوفي ، الفكاهة في الأدب ـ أصولها و أ نواعها ، ج١، مطبعة الرسالة ، القاهرة د.ت .

٤- أحمد محمد عليان (الدكتور)، جدلية العلاقة بين الفلسفة والأدب، دار المنهل اللبناني للطباعة و النشر، بيروت ٢٠٠٠.

٥- أحمد محمد ويس (الدكتور)، الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت ٢٠٠٥.

٦- أحمد بن الملا محمد الزفنگی، العقد الجوهري في شرح ديوان الجزيري، مطبعة الصباح،ط٢، د.م، ١٩٨٧.
٧- أدونيس، الثابت و المتحول، ط١، دار العودة ، بيروت ١٩٧٨.
٨- إ. ا. رتشاردز، مباديء النقد الأدبي، ت: مصطفى بدوي، المؤسسة المصرية العامة للتأليف و الترجمة و الطباعة و النشر، القاهرة ١٩٦٣.
٩- ارثر بولاد ، الهجاء ، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد١٩٧٩.
١٠- أرسطو، الخطابة، ت: د، عبدالرحمن بدوي، مطابع الرسالة، بغداد ١٩٨٠.
١١- أفلاطون، الجمهورية ، ت: حنا الخباز، مطبعة بابل، بغداد ١٩٨.
١٢- اسعاد عبدالهادي قنديل(الدكتور)، فنون الشعر الفارسي، ط٢، دار الأندلس للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت ١٩٨١.
١٣- البان ج. ويدجيري، المذاهب الكبرى في التأريخ من كونفوشيوس الى تونيي، ت: ذوقان قرقوط، ط٢، دار القلم، بيروت١٩٧٩.
١٤- أنستاس ماری الكرملي، خلاصة تأريخ العراق، البصرة ١٩١٩.
١٥- اوستن رني، سياسة الحكم، ج٢، ت: د. حسن علي الذنون، مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشر، بغداد ١٩٦٦.
١٦- بدرخان السندي (الدكتور)، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، ط٢، مطبعة حجي هاشم، أربيل ٢٠٠٧.
١٧- حسن حماد، المفارقة في النص الروائي، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة ٢٠٠٥.
١٨- ت. س. أليوت، فائدة الشعر و فائدة النقد، ت: د. يوسف نور عوض، دار القلم، بيروت ١٩٨٢.
١٩- تيري إيجلتون، النقد و الايديولوجية، ت: فخري صالح، ط١، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة٢٠٠٥.
٢٠- ت. ي. أپتر، أدب الفنتازيا مدخل الى الواقع، ت: صبار سعدون السعدون، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٩٠.
٢١- حسني عبدالجليل يوسف (الدكتور)، المفارقة في شعر عدي بن زيد ـ الموقف و الأداة، ط١، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الأسكندرية ٢٠٠٩.
٢٢- خالد سليمان (الدكتور)، المفارقة و الادب — دراسات في النظرية و التطبيق، ط١، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان ١٩٩٩.

٢٣- جابر عصفور (الدكتور)، الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب، ط٣، المركز الثقافي العربي، بيروت١٩٩٢.
٢٤- جابر عصفور (الدكتور)، نظريات معاصرة، ط١، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق ١٩٩٨.
٢٥- جابر أحمد عصفور (الدكتور)، مفهوم الشعر ـ دراسة في التراث النقدي، المركز العربي للثقافة و العلوم، ١٩٨٢.
٢٦- جبور عبدالنور(الدكتور)، المعجم الأدبي ، ط١، دار العلم للملايين ، بيروت ١٩٧٩.
٢٧- جليلي جليل و آخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ط١، ت: د. عبدي حاجي، دار الرازي للطباعة و النشر والتوزيع، بيروت١٩٩٢.
٢٨- جورج أوريل، مزرعة الحيوان، ط٣، دار و مكتبة الهلال، بيروت ١٩٩٢.
٢٩- جورج لوكاش، الرواية التأريخية، ت: د. صالح جواد الكاظم، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت١٩٧٨.
٣٠- جورج مولينيه، الاسلوبية، ت: د. بسام بركة، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشرو التوزيع، بيروت١٩٩٩.
٣١- جورج طرابيشي، نظرية العقل، ط٢، دار الساقي، بيروت ١٩٩٩.
٣٢- د.س . ميويك ، المفارقة ، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد١٩٨٣.
٣٣- د. سي. ميويك، المفارقة و صفاتها، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، (موسوعة المصطلح النقدي١٣آ)، مج٤، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت١٩٩٣.
٣٤- ديڤد ديتشس، مناهج النقد الادبى بين النظرية و التطبيق، ت: محمد يوسف نجم، مؤسسة فرنكلين للطباعة و النشر، دار صادر، بيروت١٩٦٧.
٣٥- ربحي كمال (الدكتور)، التضاد في ضوء اللغات السامية، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت١٩٧٥.
٣٦- رينيه ويلك و أوستن وارين، نظرية الأدب، ت: محي الدين صبحي، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت١٩٨٧.
٣٧- سامح الرواشدة (الدكتور)، مغاني النص - دراسات تطبيقية في الشعر الحديث، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ٢٠٠٦.
٣٨- س. ناى جوزيف، مفارقة القوة الأمريكية ، ت: محمد توفيق بجيرمي، مكتبة العبيكان، الرياض٢٠٠٣.

٣٩- س. و. داوسن، الدراما و الدرامية، ت: جعفر صادق الخليلي، ط٢، منشورات عويدات، بيروت - باريس ١٩٨٩.

٤٠- س. و. داوسن، الدراما و الدرامي، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨١.

٤١- سهيل ادريس(الدكتور)،المنهل الوسيط، قاموس فرنسي- عربي، دار الآداب، ط١٤، بيروت٢٠٠٩.

٤٢- شلتاغ عبود شراد (الدكتور)، مدخل الى النقد الأدبي الحديث، ط١، دار مجدلاوي للنشر، عمان ١٩٩٨.

٤٣- شيرزاد زكريا محمد، أثر حلف بغداد ١٩٥٥ على الحلاكة التحررية القومية الكردية، ط١، مطبعة جامعة دهوك، دهوك٢٠٠٩.

٤٤- صلاح فضل (الدكتور)، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مطبعة الامانة، القاهرة ١٩٧٨.

٤٥- صلاح فضل(الدكتور)، أساليب الشعرية المعاصرة، ط١، دار الاداب، بيروت١٩٩٥.

٤٦- صلاح قنصوة (الدكتور)، نظرية القيم في الفكر المعاصر، ط٢، دار التنوير للطباعة و النشر، بيروت١٩٨٤.

٤٧- عبدالرحمن بدوي، ربيع الفكر اليوناني، ط٥، وكالة المطبوعات - الكويت، دار القلم - بيروت١٩٧٩.

٤٨- عبدالواحد لؤلؤة، البحث عن معنى ـ دراسات نقدية، دار الحرية للطباعة، بغداد١٩٧٣.

٤٩- عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، ط١، مطبعة اللواء، بغداد ١٩٧٢.

٥٠- عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية ، مج١،ج١، ط٥، مطبعة دار الكتب، بيروت ١٩٧٨.

٥١- عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، مج٣، ج٧، ط٥، مطبعة دار الكتب، بيروت ١٩٧٨.

٥٢ ـ عبدالسلام المسدي (الدكتور)، الاسلوبية والاسلوب، ط٥، دار الكتب الجديدة، بيروت ٢٠٠٦.

٥٣- عبدالعزيز عتيق (الدكتور)، في النقد الأدبي، ط١، دار النهضة العربية، بيروت د . ت .

٥٤- عبدالفتاح علي البوتاني (الدكتور)، الحركة القومية التحررية الكردية ـ دراسات و وثائق، ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل٢٠٠٤.

٥٥- عدنان خالد عبدالله، النقد التحليلي التطبيقي (الدكتور)، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد١٩٨٦.
٥٦- عزالدين مصطفى رسول (الدكتور)، أحمدي خاني شاعراً و مفكراً فيلسوفاً و متصوفاً، ط١، مطبعة الحوادث، بغداد١٩٧٩.
٥٧- عزالدين إسماعيل، كل الطرق تؤدي الى الشعر، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت٢٠٠٦.
٥٨- علي جواد الطاهر (الدكتور)، مقدمة في النقد الأدبي، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ١٩٨٣.
٥٩- علي درويش (الدكتور)، دراسات في الأدب الفرنسي، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة١٩٧٣.
٦٠- علي مروة، طرائف الشعراء و الأدباء، ط٢، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت ٢٠٠٥.
٦١- غانم محمد الحفو (الدكتور) و د. عبدالفتاح علي البوتاني، الكرد و الاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٥٨، ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل ٢٠٠٥.
٦٢- فاضل حسين (الدكتور)، مشكلة الموصل — دراسة في الدبلوماسية العراقية — الانكليزية — التركية وفي الرأي العام، ط٣، مطبعة أشبيلية، بغداد١٩٧٧.
٦٣- فخري أبو السعود، في الأدب المقارن و مقالات أخرى، إعداد: جيهان عرفه، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٩٧.
٦٤- كمال مظهر أحمد(الدكتور)، إنتفاضة عام ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ط١، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت ٢٠٠١.
٦٥- كليفورد ليچ، المأساة، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي، مج١، ط٢، دار الرشيد للنشر، بغداد١٩٨٢.
٦٦- لاسل ابر كرومبى، قواعد النقد اللأدبي ، ت: د. محمد عوض محمد ، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد د.ت .
٦٧- لطيف زيتونى (الدكتور)، معجم مصطلحات نقد الرواية، دار النهار للنشر، ط١، بيروت٢٠٠٢.
٦٨- لويس عوض (الدكتور)، دراسات عربية و غربية، دار المعارف بمصر، القاهرة١٩٦٥.
٦٩- مجدي وهبة و كامل المهندس ، معجم المصطلحات العربية في اللغة و الأدب ، دار الكتب العلمية ، بيروت ١٩٧٩.

٧٠- مجيد جعفر (الدكتور)، كردستان- تركيا (دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية في تحت التخلف الاستعماري)،مطبعة اميرال، بيروت١٩٩٠.
٧١- محمد السعيد عبدالمؤمن (الدكتور)، الظواهر الادبية في العصر الصفوي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة ١٩٧٨.
٧٢- محمد العبد(الدكتور)، المفارقة القرآنية، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة ١٩٩٤.
٧٣- محمد صابر عبيد، العلامة الشعرية – قراءات في تقانات القصيدة الجديدة، ط١، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، اربد ٢٠١٠.
٧٤- محمد فتوح أحمد(الدكتور)،الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر، ط٢،دار المعارف،القاهرة ١٩٧٨.
٧٥- محمد غنيمي هلال (الدكتور)،النقد الادبي الحديث،ط٥، مطابع سجل العرب، القاهرة ١٩٧٢.
٧٦- محمد النويهي ، ثقافة الناقد الأدبي، مطبعة لجنة التأليف و الترجمة و النشر، القاهرة ١٩٤٩.
٧٧- محمد التونجي (الدكتور)، المعجم المفصل في الأدب ، ج٢ ، دار الكتب العلمية ، بيروت ١٩٩٩.
٧٨- محمد محمد حسين(الدكتور)، الهجاء والهجاءون في الجاهلية،مطبعة أحمد نجم، الاسكندرية١٩٤٧.
٧٩- محمد مندور (الدكتور)، في الأدب و النقد، دار نهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة ١٩٧٣.
٨٠- محمد مندور (الدكتور)، الأدب و فنونه، ط٤، مطبعة نهضة مصر، القاهرة ٢٠٠٦.
٨١- م. س. لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧-١٩٢٣)، ت: د. عبدي حاجي، ط١، دار الرازي للطبع و النشر و التوزيع، بيروت١٩٩١.
٨٢- م. روزنتال و ب. يودين، الموسوعة الفلسفية، ت: سمير كرم، دار الطليعة للطباعة والنشر، ط٣، ١٩٨١.
٨٣- مجموعة مؤلفين، المنجد في الاعلام، ط١٢، دار المشرق، بيروت ١٩٨٦.
٨٤- ميجان الرويلي (الدكتور) و د. سعد البازعي، دليل الناقد الأدبي، ط٤، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء ٢٠٠٥.
٨٥- ناصر شبانة (الدكتور)، المفارقة في الشعر العربي الحديث (أمل دنقل، سعدي يوسف، محمود درويش نموذجاً)، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت٢٠٠٢.

٨٦- نبيلة إبراهيم (الدكتور)، فن القص في النظرية و التطبيق، دار قباء للطباعة - مكتبة غريب، القاهرة د . ت.
٨٧- نجوى صابر، النقد الأخلاقي ـ أصوله و تطبيقاته، ط١، دار العلوم العربية للطباعة و النشر، بيروت ١٩٩٠.
٨٨- نصرت عبدالرحمن (الدكتور)، في النقد الحديث — دراسة في مذاهب نقدية حديثة و اصولها الفكرية، جمعية عمال المطابع التعاونية، ط١، عمان١٩٧٩.
٨٩- هانز ميرهوف، الزمن في الأدب، ت: د. أسعد رزوق، مطابع سجل العرب، القاهرة ١٩٧٢.
٩٠- وليد منير، النص القرآني من الجملة الى العالم، ط١، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، القاهرة١٩٩٧.
٩١- ويليام. ك. ويمزات و كلينث بروكس، النقد الأدبي ـ تأريخ موجز، ت: د. حسام الخطيب و محي الدين صبحي، المجلس الأعلى لرعاية الفنون و الآداب و العلوم الإجتماعية، دمشق ١٩٧٤.
٩٢- وليم راى، المعنى الأدبي من الظاهراتية الى التفكيكية ، ت: د. يؤئيل يوسف عزيز، ط١، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد١٩٨٧.
٩٣- وليم ايغلتن الابن، جمهورية مهاباد - جمهورية ١٩٤٦ الكردية، ت: جرجيس فتح الله، ط٢، مطبعة وزارة التربية، أربيل١٩٩٩.
٩٤- يوسف ضياء الدين باشا الخالدي المقدسي، الهدية الحميدية في اللغة الكردية، حققه و قدم له: د. محمد موكري، ط٢، بيروت١٩٧٨.

## ب ـ البحوث المنشورة:

### * في الكتب:

١- إلين فانثام، النقد اللاتيني في العصر الامبراطوري المبكر، ت: ماجدة النويعمي، بحث منشور في موسوعة كمبريدج في النقد الأدبي (١- النقد الآدبي الكلاسيكي ) ، تحرير جورج كينيدى ، ت: منيرة كروان و آخرون ، المجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة ٢٠٠٥.
٢- ج. ر. ف. فيراري، أفلاطون و الشعر، ت: السيد عبدالسلام البراوي، بحث منشور في موسوعة كمبريدج في النقد الأدبي (١- النقد الآدبي الكلاسيكي ) ، تحرير جورج كينيدى ، ت: منيرة كروان و آخرون ، المجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة ٢٠٠٥.

٣- عبدالرزاق بن عمر، الاحصائيات المعجمية مدخلاً الى النقد الادبي، بحث منشور في كتاب تحولات الخطاب النقدي العربي المعاصر، الخاص بوقائع مؤتمر النقد الادبي الحادي عشر لكلية الآداب ـ جامعة اليرموك، أربد ٢٠٠٦.

*** في الدوريات:**

١- أمل نصير، المفارقة في كافوريات المتنبي ـ قراءة في نصوص مختارة، مجلة أبحاث اليرموك، مج١٥، ع ٢، ١٩٩٧، جامعة اليرموك، اربد.

٢- بسام قطوس (الدكتور)، المفارقة في متشائل أميل حبيبي ـ الوقائع الغريبة في إختفاء سعيد أبي النحس، مجلة جامعة دمشق مج١٠/ع ٣٩-٤٠.

٣- خالد سليمان، نظرية المفارقة، مجلة أبحاث اليرموك، اربد، مج٩، ع٢.

٤- سيزا قاسم ، المفارقة في القص العربي المعاصر، مجلة فصول، مج٢/ ع٢، يناير- فبراير- مارس ١٩٨٢، القاهرة.

٥- نبيلة إبراهيم، المفارقة، مجلة فصول مج٧ع٣-٤، القاهرة ١٩٨٧.

٦- هاشم العزام (دكتور)، المفارقة في رسالة التوابع و الزوابع ـ دراسة نصية، مجلة جامعة أم القرى لعلوم الشريعة و اللغة العربية و آدابها، مج١٦،ع٢٨، شوال١٤٢٤هج.

**الرسائل والأطاريح الأكاديمية**

١- ابتسام عبدالستار محمد، النقد الإجتماعي الساخر في الشعر العراقي الحديث ١٩٠٠-١٩٥٨، (رسالة دكتوراه) ، كلية الآداب — جامعة بغداد ١٩٨٩.

٢- إلهام مكي عبدالكريم المواشي، المفارقة في الشعر العربي المهجري الشمالي ـ شعر الرابطة القلمية أنموذجاً- ، (رسالة ماجستير)، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد ٢٠٠١.

٣- تغريد ضياء مشفي الفخري، المفارقة في مقامات العصر العباسي، رسالة ماجستير، كلية ـ الآداب الجامعة المستنصرية، بغداد ٢٠٠٣.

٤- صالح محمد عبدالله محمد، المفارقة الروائية — الرواية العربية نموذجاً، (اطروحة دكتوراه)، جامعة الموصل، ٢٠٠١.

٥- محمد إبراهيم خالد الخوجة ـ المفارقة في أدب الجاحظ ـ البخلاء نموذجاً، (رسالة ماجستير)، كلية الاداب ـ جامعة اليرموك، اربد ٢٠٠٢.

٦- هيثم محمد قاسم عبدالوهاب، المفارقة في شعر أبي العلاء المعري ـ دراسة تحليلية في البنية والمغزى، (رسالة ماجستير)، كلية الآداب ـ جامعة اليرموك، أربد ـ الاردن ٢٠٠٠م.

## به زمانى ئينگليزى

1-A.S.Hornby , Oxford Advanced Learner's Dictionary of CurrentEnglish,2003.

2- Alexander Pope,The Rape of the Lock, Pennsylvania State University's ECS 1998.

3-Anne K. Mellor, English Romantic Irony, Harvard University Press, 1980.

4-Academic American Encyclopedia, 11, 279.

5-D.C. Muecke, Irony, 1st ed., London, 1970.

6-David Ellison, Ethics And Aesthetics In European Modernist Literature – From the Sublime to the Uncanny, Cambridge University Press,UK, 2004.

7-Claire Colebrook, Irony, Routledge, New York 2003.

8-J.A . Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books , 1997.

9-Julie Scott Meisami and Paul Struey ,Encyclopedia of Arabic, literature,Vol.1,London1999.

10- Kernerman English Multilingual Dictionary(Beta version) 2000-2006 K Dictionaries Ltd.).

11- Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary terms,New York 1998.

12-Lilian R. Furst, Fictions of Romantic Irony, Harvard University Press,1984.

13-M.H.Abrams , A Glossary of Literary Terms, 1999 .

14- Norman Knox , The Word Irony and It's Context 1500-1755 , Duke University Press , 1961.

15- Oliver Goldsmithe, The Deserted Village, 1770.

16- S.H.Steinberg Cassell , Cassel's Encyclopedia of literature, London 1953.

17- Saleh Saadalla, Sela Din's English-Kurdish Dictionary ,1998.

18-Thomas R.Dye, The Irony of Democracy, Pennsylvania State University,USA,1970.

19-William Harmon ,A Handbook to Literature, New Jersey 2003.
20- Webster's Thirt New International Dictionary of English, Vol.2, U.S.A 1966.

## سایته ئەلەکترۆنییەکان

1- Jennifer Jones and Laurie Kaplan, Examples of Irony in Everyday Life.\ www. Cvco.org\ education\etohc\ irony, 24-06-2008.
2-Laurence Perrine. / Wapedia-Wiki, 27-03-2010.
3- Plato, The Republic, http://www.idph.net, 17-11-2009.

## به زمانی تورکی

1- Zana Farqini,Türkçe-Kürdçe Sözlük,Stenbol 1992.

## به زمانی فارس

١ـ دیوید دیچز، شیوه‌های نقد ادبی، ترجمه‌ء: محمد تقی صدقیانی و د. غلامحسین یوسفی، چ٥، انتشارات علمی، تهران ١٣٧٩.
٢- علی محمد حق شناسی و...، فرهنگ معاصر هزاره ـ انگلیسی ـ فارسی، جلد اول، چ٦، واحد پژوهش فرهنگ معاصر، تهران١٣٨٥.

## پاشکۆی ژماره (١)

### گواستنەوەو شیکردنەوەی ڕۆڵ و پەیامەکان ئایرۆنی سیاقی کۆمەڵایەتی ـ ڕۆشنبیری



## پاشکۆی ژمارە (٢)

## ناوو نازناو و مێژوو و شوێنی لەدایکبوونی ئەو شاعیرە کوردانەی کە ناویان لەم لێکۆڵینەوەدا هاتووە

١- ئا. ب. هەوری (١٩١٢-١٩٧٩)
ئەبوبەکر شێخ جەلال شێخ تەها(سلێمانی).
٢- ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٧)
ئەحمەد کوڕی ئەلیاس (بایەزید).
٣- ئەحمەدێ نالبەند (١٨٩١- ١٩٦٣)
ئەحمەد ئەمین (بامەرنێ — ئامێدی).
٤- ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٨- ١٩٣٥)
ئەحمەد موختار وەسمان پاشا
کەیخوسرەو بەگی جاف ( هەڵەبجە).
٥- ئەحمەد هەردی (١٩٢٢- ٢٠٠٨)
ئەحمەد حەسەن بەگ عەزیز بەگ (سلێمانی).
٦- ئەخۆڵ (١٩١١- ١٩٨٨)
ئەحمەد دەروێش عەبدوڵڵا (سلێمانی).
٧- ئەسعەد مەحوی (١٨٩٨- ١٩٧٦)
ئەسعەد مەلا خالید محەمەدی مەحوی(سلێمانی).
٨- ئەسیری (١٨٩٥- ١٩٦٢)
عەبدولخالیق سەید حوسێن ئەفەندی (کەرکووك).
٩- بەختیار زێوەر(١٩٠٨- ١٩٥٢)
فایەق مەلا عەبدوڵڵای زێوەر(سلێمانی).
١٠- بێکەس (١٩٠٥- ١٩٤٨)
فایەق عەبدوڵڵا بەگ کاکە حەمە (سلێمانی).
١١- پیرەمێرد (١٨٦٧- ١٩٥٠)
تۆفیق مەحموود ئاغای هەمزە
ئاغای مەسرەف (سلێمانی).

١٢- تیرێژ (١٩٢٣- ٢٠٠٢)
نایف حەسۆ (عاموودا).
١٣- جەگەرخوین (١٩٠٣- ١٩٨٤)
شێخمووس حەسەن محەمەد مەحموود(ماردین).
١٤- جزیری (١٥٦٧- ١٦٤٠)
مەلا ئەحمەدی کوڕی محەمەدی (جزیرێ)
١٥- حەریق (١٨٥٦- ١٩١٦)
ساڵح نەسروڵڵا (مەهاباد).
١٦- حەمدی (١٨٧٨- ١٩٣٦)
ئەحمەد فەتاح بەگ ئیراهیم (سلێمانی).
١٧- خادیم (١٨٩٥- ١٩٧١)
عەبدوڵڵا محەمەد مەولوود (کۆیە).
١٨- دلدار (١٩١٨- ١٩٤٨)
یونس مەلا ڕەئووفی مەلا مەحموود(کۆیە).
١٩- دیلان (١٩٢٧- ١٩٩٠)
محەمەد ساڵح مەلا ئەحمەد دیلان (سلێمانی).
٢٠- ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨- ١٩٦٠)
ڕەفیق ساڵح عەبدوڵڵا (کەرکووك).
٢١- زێوەر (١٨٧٥- ١٩٤٨)
عەبدوڵڵا محەمەد مەلا ڕەسووڵ (سلێمانی).
٢٢- سەلام (١٨٩٢- ١٩٥٩)
سەلام شێخ ئەحمەد عەبدولکەریم (هەلەبجە).
٢٣- سیف القضات (سەیفی١٨٧٦- ١٩٤٤)
حەسەن میرزا قاسمی (مەهاباد).
٢٤- سەلیمی هیزانی ( سەدەی هەژدەیەم )
سەلیم سلیمان هیزانی (هیزان)
٢٥- شاکر فەتاح (١٩١٤- ١٩٨٨)
شاکر فەتاح ئەحمەد حاجی مستەفا( سلێمانی)
٢٦- شاهۆ (١٨٨٢- ١٩٧١)

حەسەن مەلا عەبدولقادر (بیارە).
٢٧- ع. ح. ب (١٩٢٣- ٢٠٠٠)
محەمەد حوسێن بەرزنجی (چوارتە ـ سلێمانی).
٢٨- عەبدولڕەحمان بەگی بابان (١٨٨٠- ١٩٦٧)
عەبدولڕەحمان ئەحمەد بەگ خالید (سلێمانی).
٢٩- عوسمان سەبری (١٩٠٥- ١٩٩٣)
عوسمان سەبری ( ئامەد).
٣٠- فانی (١٩١٠- ١٩٧٣)
مەمەند ڕەسووڵ ئاغا میراودەلی (پشدەر).
٣١- فەلامەرز (ڕەشید نەجیب ١٩٠٦- ١٩٦٨)
ڕەشید مەحموود ئاغا هەمزە ئاغا (سلێمانی).
٣٢- قانع (١٨٩٨- ١٩٦٥)
محەمەد شێخ عەبدولقادر دۆڵاشی (مەریوان).
٣٣- قەدری جان (١٩١١- ١٩٧٢)
عەبدولقادر محەمەد عەزیزخان (ماردین).
٣٤- کاکەی فەلاح (١٩٢٨- ١٩٩٠)
محەمەد محەمەد ئەمین قادر(سلێمانی).
٣٥- کامەران موکری (١٩٢٩- ١٩٨٦)
محەمەد ئەحمەد تەها(سلێمانی).
٣٦- کامل ژیر (١٩٣٤ـ ....)
کامل نیزامەدین جەلال(سلێمانی).
٣٧- کامیران بەدرخان (١٨٩٥- ١٩٧٩)
کامیران ئەمین عالی بەدرخان پاشا(تەرابلوس).
٣٨- کەمالی (١٨٨٦- ١٩٧٤)
عەلی باپیر ئاغا چراغ (سلێمانی).
٣٩- گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢)
عەبدوڵڵا سلێمان بەگ عەبدوڵڵا (هەڵەبجە).
٤٠- مەلا مارفی کۆکەیی (١٨٧٤- ١٩٤٥)
مارفی براهیم عەزیز پەربلاو( مەهاباد).

٤١- مەلا محەمەد کۆیی (١٨٧٦- ١٩٤٣)
محەمەد مەلا عەبدوڵلا جەلی زادە(کۆیە).
٤٢- محەمەد تۆفیق وردی (١٩٢٥- ١٩٧٥)
حەمەد تۆفیق وردی (کۆیە).
٤٣- مەدهوش(١٩١٩-١٩٩٤)
محەمەد عەلی محەمەد ساڵح قوربانی (سلێمانی).
٤٤- موفتی پێنجوینی (١٨٨١- ١٩٥٢)
عەبدوڵلا مەلا کەریم (پێنجوین).
٤٥- ناتیق (١٨٦٨- ١٩٦٧)
مەلا کەریم وەسمان ئاغا (سلێمانی).
٤٦- ن. ئاری (١٩١٠- ١٩٦٨)
نەجمەدینی مەلا ڕەسووڵ دێلێژە (سلێمانی).
٤٧- نالی (١٨٠٠- ١٨٧٣)
مەلا خدر ئەحمەد شاویس (سلێمانی).
٤٨- نەسرین فەخری (سلێمانی)
نەسرین فەخری (١٩٣٦- ......)
٤٩- هەژار (١٩٢٠- ١٩٩١)
عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (مەهاباد).
٥٠- هۆگر گۆران (١٩٣٨؟- .... )
هۆگر عەبدوڵلا سلێمان بەگ (هەڵەبجە).
٥١- هێمن (١٩٢١- ١٩٨٦)
محەمەد ئەمین سەید حەسەن (مەهاباد).

## هذا الكتاب

يشغل النقد الآيروني مساحة شاسعة في الشعر الكردي الحديث. وبدا خلال سنوات ما بين (١٩٢٥– ١٩٧٠) سمة أساسية في قصائد معظم الشعراء الذين أجمعوا بين ما كان يخال في وجدانهم من عواطف جياشة و ما إبتلى به مجتمعهم من مآسي. مما حدا بهم أن يتوغلوا في أعماق الأحاسيس وترتفع صرختهم بعنفوان لتسخر من القدر وتتهكم بما لا يليق بالوطن. ما كان يعيه الشاعر ويعبر عنه فنياً في بعده الفكري الموجه، صار أداة مطواعة لولادة مثل هذا النقد داخل النصوص الشعرية وإنتعاشه بشكل سلس وسليم، مما يستحق أن يتابع من خلال هذه الكتاب الموسوم بـ (النقد الآيروني في الشعر الكردي الحديث ١٩٢٥–١٩٧٠):

– في المقدمة تطرق الكتاب إلى أسباب إختيار هذا الموضوع وحدود بحثه والهدف منه وتشخيص مشكلته مع إيضاح المنهج المتبع في معالجتها وسرد مختصر لمحتواه العام.

– خصص التمهيد لمناقشة الآراء المتعلقة بالآيرونية مصطلحاً ومفهوماً مع ذكر بعض تلك الآراء التي تم طرحها في الأدب الكردي لحد الآن.

– القسم الأول: يبحث عن الجانب النظري للآيرونية و علاقته بالنقد الأدبي ويتكون من ثلاثة مباحث:

المبحث الأول: يتناول تأريخ ظهور الآيرونية عبر مراحل تطورها في محوريها الفلسفي و النقد الأدبي.

المبحث الثاني: يتناول عناصر الايرونية و تحديد بعض مكوناتها و خصائصها التي تميزه عن الفنون الأدبية الأخرى.

المبحث الثالث: يدور حول دور الآيرونية في تطوير الشعر الكردي الحديث وتثبيت أسسه الفنية.

– القسم الثاني: تمت فيه دراسة النواحي التي مورس فيها النقد الآيروني ويتكون من ثلاثة مباحث:

المبحث الأول: حول الناحية السياسية وعلى المستويين الداخلي والعالمي وبتداعياتهما المختلفة وكذلك نقد الدهر والوجود.

المبحث الثاني: حول الناحية الإجتماعية وفي جوانبها المتعلقة بالفوارق الطبقية وفساد النظام الإجتماعي ومسائل المرأة وكذلك إهمال حقوق الطفل.

المبحث الثالث: خصص للنقد الآيروني حول بعض النقائص السلوكية والنفسية للفرد.

القسم الثالث: تمت دراسة الجوانب الفنية للنقد الآيروني في الشعر الكردي الحديث و يتكون من مبحثين:

المبحث الأول: خصص للتقنيات الأدبية التي مارسها الشعراء الكرد في نقدهم الآيروني منها: التساؤل بأنواعه الدرامي و الإنكارى والإستنتاجي وقفلة القصيدة والصورة الفنية والتناص والإيقاع.

المبحث الثاني: خصص لدراسات تطبيقية حول القصيدة الآيرونية وآيرونية القصيدة والإحصاء الأدبي.

وفي الختام تم عرض الإستنتاجات التي توصل اليها الكاتب ومن ثم ذكر أهم المصادر والمراجع التي أعتمد عليها في البحث.

# Abaut this book

Ironical criticism occupies a large space in Modern Kurdish poetry. It started in (1925-1970). The common feature in the poems of most poets is the emotion inspired by the catastrophes of society. This made them penetrate into the feeling, and raise their shout to mock fate and be ironical towards what is unsuitable for the homeland. What the poet was aware of and artistically expressed in the intellectual, guide lined dimension, this is worth follow-up through our dissertation entitled (Ironical Criticism in Modern Kurdish Poetry (1925-1970).

- In the Introduction, the reasons why the subject was chosen, the limitations of the dissertations, the purpose, the identification of the problem and clarification of the method, as well as a summary of the general contents.
- The Preparatory part discusses the views related to irony as a term and idea, including the opinions put forward in Kurdish Literature so far.

**Part One:**

This part deals with the theoretical part and its relation with the literary criticism. It comprises three sections:

1. The Appearance of Irony and its development philosophically and critically.
2. The elements of irony, its components, and distinctive features.
3. The role of Irony in the evolution of modern Kurdish poetry.

**Part Two:**

It studies the areas of ironical criticism, consisting of:

1. The political side internally and internationally. Also, the criticism of time and existence.
2. It is about the social side and class distinctions, corruption, the conditions of women, and the rights of children.
3. Irony about behavior and personal conduct.

**Part Three:**

The artistic sides of ironic criticism were studied in modern Kurdish poetry, including:

1. The literary techniques practiced by Kurdish poets such as: rhetorical questions; dramatic, negative, and conclusive. Also, the end of the poem, the artistic image, inter textuality, and tempo.
2. Practical studies on the ironical poem, and the literary statistics.

This dissertations ends with the final results. The sources are also included in the end.